پرۆژەی تیشک 6



دیدارو پەیڤین

دۆزی کورد

لە نێوان بیری نەتەوەیی و ئاینییدا

ئامادەکردن:

ئارام عەلی سەعید

دۆزی کورد

لە نێوان بیری نەتەوەیی و ئایینییدا

دیدار و پەیڤین

ئامادەکردنی:
ئارام عەلی سەعید

ناوی کتێب: دۆزی کورد لە نێوان بیری نەتەوەیی و ئاینییدا

ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید

ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٨٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)

بابەت: دیدراو پەیڤین

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٩

دیزاین: ئارام شوانی

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشک)، ژمارە (62)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:

www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە:

info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

پێشكەشە بە:

- هاوڕێ و هاوسەری ڕاستەقینەی ژیانم (ڕێناس جاف)

- كوڕە چاوگەشەكەم كاكە (میرباد)

- دایك و باوكی خۆشەویستم كە لەگەڵ سەختی و نەهامەتییەكانی ژیانماندا پێیانگەیاندم

- هەموو كوردێكی هۆشیار بە مەسەلەی نەتەوەكەی

بەشداربووان


مەسعود عەبدولخالق


د. حەکیم ئەحمەد


سەلام ناوخۆش


د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی


حوسێنی مەدەنی

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

نەك هەر جێی خۆیەتی بەڵكو زۆر پێویستیشە بۆ ئەو میللەتانەی كە لەڕووی سیاسیی، یا ئابوری، یا زانستی و رۆشنبیری، وەیا كۆمەڵایەتییەوە لە دوای میللەتانی ترەوەن لێكۆڵینەوە لەسەر هۆكارەكانی ئەو دواكەوتنەیان بكرێ ، كوردیش وەكو یەكێك لەو میللەتانەی كە لە هەموو ئەو ڕووانەوە لە دوای میللەتانی دەوروبەریەوەتی ، بەتایبەت لە ڕووی سیاسییەوە، كە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی نیشتمانێكی بەرفراوان و حەشیمەتێكی زۆرە كەچی تاكو ئێستا خاوەنی قەوارەیەكی سەربەخۆو تایبەت بە خۆی نییە ، جێی خۆیەتی ئاوها پرسیارێك لە ناوەندە سیاسیی و ڕۆشنبیری و تەنانەت جەماوەرییەكانیشدا بوروژێت و خەڵكی بپرسن بۆچی ئێمەی كورد تاكو ئێستا نەبووینەتە خاوەنی قەوارەیەكی سەربەخۆی خۆمان، لە كاتێكدا كە میللەتانی دونیا بەگشتی ودەوروبەرمان بەتایبەتی هەموو خاوەنی قەوارەو كیانی سەربەخۆی خۆیانن؟

ئەوەی سەرنج دەدرێت لە كوردستاندا ئەوەیە كە تاكو ئێستا ئەو شتانەی دەوترێت دەربارەی دواكەوتوویی میللەتی كورد –بەتایبەت لە ڕووی سیاسییەوە– زۆربەیان شتی سەرپێیی و ڕووكەشین و لەدەرئەنجامی لێكۆڵینەوە نین ، بەڵكو زۆرێكیان دەرهاویشتەی باكگراوندێكی ئایدیۆلۆژی تایبەت یا پەرچەكرداری تایبەتن و لە نەزانی و دەمارگیرییەوەسەرچاوەیان گرتووە! دەتوانم بڵێم تاكو ئێستا لێكۆڵینەوەیەك و توێژینەوەیەكی زانستی بێلایەنانەی بابەتییانە لەسەر ئەم پرسە نەكراوە، لێرەوە ئێمە لە پرۆژەی تیشكدا بە پێویستمان زانی دەستپێشخەرییەك لەم بوارەدا بكەین و وەكو بەركولێك بۆ ئەم مەسەلەیە هەوڵ بدەین سەرەتا دیدو بۆچوونە جیاوازەكان بخەینە ڕوو، بەهیوای ئەوەی سەنتەرەكانی لێكۆڵینەوە توێژینەوەی چڕوپڕترو زانستییانەتری لەسەر بكەن و

هۆكارەكان دەست نیشان بكەن و ئەو فاكتەرانە بخەنە ڕوو كە ڕۆڵیان هەبووە لە دواكەوتنی میللەتی كورد لەو هەموو بوارانەداو بكرێنە پرۆژەیەك و بخرێنە بەردەستی سیاسەتمەدارو بەرپرسانی میللەتی كورد بۆ ئەوەی لەسەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانە نەخشە بۆ دوارۆژی كورد بكێشن و ئەو هەڵانە دووبارە نەكەنەوە كە پێشینانی كورد كردوویانە.

دیارە دەستنیشان كردنی ئەو فاكتەرو هۆكارانە بایەخ و گرنگییەكی زۆریان هەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لەداهاتوودا، هەروەكو چۆن دكتۆرێك ناتوانێت چارەسەری نەخۆشێك بكات بێ زانینی نەخۆشییەكەی، بەهەمان شێوە كورد ناتوانێت و بەبێ زانینی هۆیەكانی دواكەوتوویی و ژێردەستەیی هەنگاوی ڕاست بنێیت بۆ داهاتووی خۆی . لێرەوە پێویست دەكات لەسەر ئەوانەی لەسەر ئەم مەسەلەیە دەنووسن، یا لێكۆڵینەوە دەكەن دووربن لە هەموو دەمارگیری و پەرچە كردارو هەڵوێستی لەوەبەرو ئامادەكراو، زۆر زانستییانە لێكۆڵینەوە بكەن لەسەری بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار و بەرپرسانی كورد سوودی ئیجابی لێوەرگرن بۆ داهاتوو، چونكە ئەگەر ئەو زانیارییانە هەڵەبن دەرەنجامەكانیش بە دڵنیاییەوە هەڵەدەبن و لەزەرەری كورد تەواو دەبن، ئەو كاتە تاوانی یەكەم دەكەوێتە ئەستۆی ئەو توێژەرو لێكۆڵەرەوانە، بەهەمان ئەو شێوەیەی كە بەرپرسیارێتی بەكارهێنانی دەرمانی هەڵە بۆ نەخۆشێك لەلایەن دكتۆرێكەوە كە بە پشت بەستن بە تاقیگەی هەڵە نووسیویەتی بەشێكی زۆری دەكەوێتە ئەستۆی ئەو تاقیگەیەی ئەو ئازمایشە هەڵەیەی كردووە ، بەرپرسیارێتی هەر هەنگاوێكی هەڵە كە لەلایەن سیاسەتمەدارو بەرپرسانی كوردەوە بە پلەی یەكەم دەكەوێتە ئەستۆی ئەو توێژەر و لێكۆڵەرەوانە.

ئەمڕۆ لە وڵاتاندا سیاسەتمەداران بڕیاری خۆیان لەسەر ڕۆشنایی ئەو توێژینەوەو لێكۆڵینەوانەوە دەدەن كە سەنتەرەكانی توێژینەوەو لێكۆڵینەوە پێشكەشیان دەكەن ، ڕاستی و هەڵەی بڕیارەكانیان بەپلەی یەكەم وابەستەیە بە وردی و

ڕاستی ئەو زانیارییانەی ئەو سەنتەرانە پێشکەشیان دەکەن ، بەرپرسانی کوردیش پێویستە لەسەر ڕۆشنایی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی بڕیاربدەن و هەنگاو بنێن ، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە پێش هەموو شتێك هەوڵبدەن ئەو جۆرە سەنتەرو بنکانە بکەنەوە کە ئەم پرسانە بە شێوەیەکی زانستییانە تاووتوێ دەکەن . ئەو سەنتەرانەش پێویستە هەڵگرانی هەموو پسپۆری و بیروبۆچوونەکانی تێدا بێت بۆ ئەوەی لە هەموو گۆشە نیگاکانەوە تەماشای ئەو پرسانە بکرێت نەك قۆرخ بکرێت بەسەر ئەو لایەنانەی کە لەیەك گۆشەنیگاوە بۆ شتەکان دەڕوانن یا دەمارگیرانە یا بەپەرچە کردار مامەڵە لەگەڵ شتەکان دەکەن.

ئێمە لێرەدا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ پێنج کەسدا کردووە ، سێیان کوردی کوردستانی باشور و دووشیان کوردی کوردستانی ڕۆژهەلات و چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کردوون و لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ بۆچوونەکانی هەندێکیاندا نین، بەلام وەلامەکانیان وەکو خۆیان بێ دەسکاری و زیادو کەم بلاوکردۆتەوەو خوێنەرمان کردۆتە دادوەر و دەتوانێت بڕیاربدات کام لەوانە زانستیترو بابەتییانەتر نووسراون، ئەمانەی لێرەدا بلاوکراونەتەوە دیدو بۆچوونی لایەنە جیاوازەکانن و دەکرێت بکرێتە بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەو چاوەڕوانی کۆمێنت و ڕای خوێنەرانین بۆ ئەوەی بۆ بەشەکانی تر سودیان لێوەرگرین و لەگەڵ خەڵکانی تری پسپۆرو شارەزا وتووێژی زیاتری لەسەر بکەین و وەکو لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و بەکەڵك و ئیجابی بیخەینە بەردەستی خەڵك و بەرپرسان و بتوانین لەئەنجامدا بەیەك دیدی تۆکمە و ڕاست دەربچین و هۆکارەکان بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە بخەینەروو.

خوا هاوەڵ و یاریدەدەر بێت بۆ خزمەتی زیاتری میللەت و راستی.

پرۆژەی تیشك

٢٠٠/٢/٦

وتەیەکی کورت و پێویست

نێوەندی عەلمانیەتی کوردی هەروەکو لە زۆربەی بوارە جیاوازەکانی تردا کەوتۆتە گێژاوو گەندەڵی بڕستی لێبڕیوە، بە هەمان شێوە لە ڕوانگە فیکریی و مەعریفییەکەشەوە تیۆریزەکردنی چەمك و پێدراوەکان بە سەقەتی وێنا دەکات، یەکێك لەو بابەتانە ڕوانینە بۆ مەسەلەی دین و دەوڵەت و پیرۆزی و بەها مرۆییەکان.

کورد لە مێژە دەوڵەت و جوگرافیا و سنورو خاکی دەستنیشانکراوی سەربەخۆی خۆی نییە وەکو گەلانی دی، ئیدی ڕەهەندەکانی ئەم نەبوونە پێوەندی بە خۆیەوە هەبێت یان نەیارانی نەیانخواستووە بەو مرادە بگات! بەدبەختیەکەش لەوەدایە کە تێکڕای پێوەندی و ئاڵوگۆڕەکانی لەگەڵ دەوروبەر مەسەلەی ئاین ڕۆڵی ئەکتیڤی تیا بینیوە بە تایبەتی ئاینی ئیسلام، چونکە هەموو دەسەڵاتە سەردەست و فەرمانڕانەکان مۆرکی دین و نەخشی پیرۆزییان پێوە دیار بووەو زۆر جار بەناوی دین و هەندێ کاتیش بەناوی دەسەڵاتی چینایەتییەوە چەوسێنراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا زێڕینترین سەردەم و گەشترین قۆناغی مێژوویی کە دەسەڵاتی ناوچەیی کوردی لە شێوەی میرنشین و حوکمی خۆبەڕێوەبەریدا لە سنووری جوگرافیای خۆیدا بوویەتی سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ئیسلام بووە.

ئالێرەوە کورد کێشەیەکی نەبووە بەناوی کێشەی ئاینی و چەوساندنەوەی ئاینی و ستەمی دینییەوە، هەموو لاپەڕەکانی مێژووی تەی بکەی ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێك لەو کورتە دەسەڵاتانە لە نێو نەبراوە بەناوی ئەوەوە کە دەبێت بە زەبری شمشێر یان بەناچاری تەسلیم بە ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلام یان هەر دەسەڵاتێکی دی ببن ، ڕەهەندی نەتەوەو نەتەوایەتیش یان ئامادەگی بوونی هەر جۆرێك لە فیکری ناسیۆنالیستانە و هەستی نیشتمان پەروەرییانە پەیوەست بووە بە قۆناغ و بارودۆخی سەردەمە مێژووییەکانیەوە کە خودی خۆیان نەیانتوانیوە دەستبەرداری ڕەهەندە فیکریی و بۆچوونە گشتییەکانیان بن، کەواتە پێوەرەکان بۆ کات و سەردەمەکان دەگۆڕدرێن و جیهانبینی و خوێندنەوەی تایبەتی هەڵدەگرن، گرفتی ناسیۆنالیست و عەلمانییەکانی ئێمە لەوەدایە بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ لە ڕابردوو دەڕوانن، بێئاگان لەوەی کە هێندەی تیۆریزەکردنی میژوویی

کورد لـە سـەردەمانی تایبەتیـدا کەشـێکی ڕەخساو بەرجەستە دەکات هێنـدەی گەڕانەوەو ئیشکردن لە سەر ئەرشـیفدۆزی مێـژوویی سـادەیی و سـاویلکەیی ئەوانـە نیشان دەدات، چونکە پێداگیری لە سەر بۆچوونێکی لەو شـێوەیە هێنـدەی بـەرەو پـاش گەڕانـەوەو خولانـەوەی تیایـە نیـو هێنـدە نامانگەیەنێتـە ئـەوەی کـە پێـی دەوترێ گۆڕانی ڕەوڕەوەی مێژوویی و بەرەو پێشڤە چوون.

چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی گـیرۆدەی ئـەوەبووین کە کۆمەڵێك نەخوێندەوارو نەشارەزاو تێنەگەیشتوو نە لە مێژووی سیاسـیی کـوردو نە لە ئیسلام لە مامۆستاو دکتۆری بێبـەهرەو هەنـدێ خوێنـدکاری نـەزان قـسەیان لەسـەر دیـن و ئیـسلام و تاوانبـارکردنی بـە لاوازی هەسـتی نەتەوایـەتی و ڕووح کێشانی کورد دەکرد سەبارەت بە خەمی نەتـەوەیی، لـەو چـوار سـاڵەدا بـەردەوام ڕاپـۆرت و نووسـینی بێنـاوەرۆك و نقڵکـراو لـە هەنـدێ سەرچـاوەوە ڕاسـتەوخۆ لـە لایـەن هەنـدێ لـە مامۆسـتا ئایدۆلۆژیـستە سیاسـییە ئاراسـتەکراوەکانەوە بـە ئەدەبیاتی حزب بە خوێندکاران دەنووسرا و ناوەرۆکەکەی بۆنی دژایەتی ئیـسلامی لێ ئـەهات وئیـسلام و سیاسـەتی ئیـسلامییان بـە تێکـەڵی وێنـا دەکـردو نـەبوونی فاکتەری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی لـە سەرئیـسلام دەکرێتـە مـاڵ، لەگـەڵ هـەموو ئەمانـەدا کـاتێ بـاس لـە دیرۆکـی سیاسـیی کـورد دەکـرا نەئـەتوانرا ڕۆڵـی پیـاوانی دیـنی و فـەرمانڕەوایانی ئیـسلامیی لـە باسـەکاندا نـەکرێت بـە حـوکمی وابەستەبوونی هاوژیانی و دراوسێیەتی و هاوئایینی و شـتی دی، لـەم دیدگایـەوە بـە پێشکەشکردنی داوایەك لە پرۆژەی (تیـشك) هـەوڵی هێنانـە دی ئـەو خەونەمـدا لـە ڕێگـای گفتووگـۆی لیکۆڵینـەوەوە لەگـەڵ کۆمـەڵێك مامۆسـتاو کەسـایەتی پـسپۆڕو شـارەزا لـە مـەڕ ئـەم بابەتـە تـا لـە چوارچـێوەی کتێبێکـی ئامـادەکراودا بیخەینـە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئارام عەلی سەعید

سلێمانی

١١ی ئەیلوولی ٢٠٠٨ی زایینی

١٢ی ڕەمەزانی ١٤٢٩ی کۆچی

نووسەرو لێكۆڵەر، مەسعود عەبدولخالق



لە كوردستانیش هەروەك چۆن لایەنە عەلمانیەكان دەیانەوێت بە ئامرازی سۆشیالیستی و شیوعی و لیبرالی دەوڵەتێك بۆ كورد دروست بكەن، ئاواش لایەنە ئیسلامییەكان دەیانەوێ بە ئامرازی ئاییندیانە دەوڵەتێكی كوردستانی دروست بكەن.

ـ ساڵی ١٩٥٧ لە بناری قەرەچووغ لە دایك بووە
ـ قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردووە
ـ ١٩٨٠ ـ ١٩٨١ زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە
ـ لەدوای دەرچونی لەزانکۆ چووەتە ڕیزی شۆڕشی نوێ
ـ ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جیهانی بەریتانی وەرگرتووە
ـ ئێستا خاوەنی ئیمتیازی دەزگای ڕاگەیاندنی (ستاندەر)ە

سایکۆلۆژیەتی پرسیارەکانی ئامادەکار:

ئەوەی دەمەوێ تۆماری بکەم پێش وەڵامی پرسیارەکان ئەوەیە ئەو کۆمەڵە پرسیارە لە سۆنگەو دەروونێك هەلقوڵاوە کەبەشی هەرە زۆری مێژووەکەی بە هەڵە نووسراوەتەوە، ئەو پرسیارانەش کاریگەری واقعی ئەو هەڵانەی بە خەستی پێوە دیارە.

بەو تەرازووە چەوتەش دەیانەوێ مێژوو هەڵسەنگێنن، لە ڕاستیدا داگیرو دابەشی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەردەوامی ئەو مەینەتیە عەیاری ئەقلی کوردی تێکداوە، ناکەوێتە سەر ستاندەر، شکست و بێ ئومێدی لە کرۆمۆسۆمەکانی تاکی کورد گیربووە، ئەوەش ڕەنگیداوەتەوە سەر کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی و فیکری و هونەری و فەرهەنگی و.. هتد.

بۆیە کاتێ پرسیاریش ئاڕاستە دەکرا بە زەقی ئەو دەردەی پێوە دیارە، لە سۆنگەی شکستەوە ئەو پرسیارانەی لا دروست دەبێ بۆ واقعی ئێستا ومێژووش، ئەو دەردە ناگەڕێتەوە بۆ(پرۆژەی تیشك)، بەڵکو ئەو دەردە لەسیستمی ئایدیۆلۆژیای کوردو پرۆگرامی خوێندنوسیستەمی سیاسی وفکری بە ڕوونی دەردەکەوێ، هەر بە نموونە لە پرسیارێکدا هاتووە: مێژووی دوورو درێژی کورد

وابووە سەرکردەو دەسەڵاتداری میرنشین و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کەسانی ئاینی بووینە، ئایا بۆچی نەیانتوانیوە بیر لە پڕۆژەی قەوارەیەك بۆ کورد بکەنەوە؟ ئەو پرسیارە لەو (بەناو) ڕێسا مێژوویییەوە دێت کە لە پڕۆگرامی خوێندن و مێژوونووسانی کورد وا هاتووە گوایە: کورد هەزاران ساڵە دەچەوسێتەوە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر گوایە سەرکردەی ئایینی میللەتانی تر خەمیان لە قەوارەیەکی سیاسیی نەتەوەیی خواردووەو کوردیش نەیخواردووە بۆیە لە سەدەی بیستەم کورد نەگەیشت بە دەوڵەت، نازانن ئەو خەمە لە ئەوروپا لە سەدەی (١٩) دەستی پێکردووەو لە ڕۆژهەڵاتیش لە سەدەی (٢٠)، لەگەڵ زۆر هەلوەستەی تر، تەقەلا دەدەین لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکان هەڵوەستە لەسەر لایەنی سایکۆلۆژییەتی پرسیارەکانیش بکەین.

+ دەوڵەتداری چییە؟ پێناسێکی گشتی یاسایی هەیە چوارچێوەکانی دەوڵەت دەستنیشان بکات؟ فەلسەفەکەی چییە؟

مەسعود عەبدولخالق: پێناسی دەوڵەت بریتییە لە (دیاردەیەکی سیاسیی و یاسایی، دەزگای هەرە باڵایە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاك و کۆ) بڕوانە: قانون الدولی العام، هةروةها د. وهبة الزحيلي، ص٦٣٠٤.

فەلسەفەی دەوڵەت :

وەك ڕوونە خێزانوتاك پێویستی بە کەرەستەی گشتی و تایبەت هەیە، تایبەتیەکان دەکەوێتە چوارچێوەی موڵکیەتی تایبەتی، بەڵام گشتیەکەی بێ خاوەنە، ئەگەر دەزگایەکی باڵا نەبێ پارێزگاری لە ماف و سامان و کەرەستەی گشتی نەکا ئەوا کەس و کۆمەڵە بەتواناکان هەڕەشە دەخەنە سەر موڵکی گشتی، جا چ بە پاوانکردنی چ بە تێکدانی بێ یان نا! بۆیە دەزگایەکی باڵای وەك دەوڵەت پێویست دەکا، بەتایبەتی لە سەردەمی گەشەی کۆمەڵگە خەڵکی پێویستی بە یەکتر و بە موڵکیەتی گشتی زۆر زیاتر بووە. بۆیە بوونی دەوڵەت زۆر خەستتر دەبێ، لەگەڵ زۆر لای تری ئیجابی دەوڵەت کەوا جێگرەوەی نەبێ، بەڵام هەندێ سەلبیاتیشی هەیە، لەوانە دەبێتە هێزێك لە دەست دەسەڵاتداران بۆ زاڵبوون، لەو ڕووەوە بەشێك لە فەیلەسوف و زانایان پێیانوایە دەوڵەت زیاتر سەلبیە، وەك

ئایینی تاوی و زۆر مەدرەسەی تریش، لە هەمووان توندتر مەدرەسەی مارکسییەتە پێیوایە دەوڵەت دەزگایەکە بۆ چەوساندنەوەی چینی زەحمەتکێشان، بۆیە بڕیاریداوە لە کۆمەڵگەی شیوعیەت دەوڵەت پێویستی نەمێنێ، هەروەك لە سەرەتای کۆمەڵگەش نەبووە، هەڵبەتە بەڕای مارکسییەت هەرچی سیستمی سەرمایەدارییە پێی وایە دەوڵەت پێویستە، بەلام شەرعیەت دەداتە چینایەتی و بنەمای (دەست تێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری بازاڕ)، ئەوەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەوڵەمەندی زۆر دەوڵەمەندو هەژاری زۆر هەژار لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەو لە جیهانیش، هەرچی سیستمی سیاسیی ئیسلامییە دەوڵەت بەپێویستی و سپاردە دەزانێ و دامەزراندنی دەوڵەتی دادپەروەر بەشێکە لە بڕوا.

بەو شێوەیە لە قوولایی مێژوو دەسەلاتی بالا لەشێوەی ئیمپراتۆریەت، شاهەنشاهی، خیلافەت، حکومەت، میرنشین، سەریهەڵداوە.

لەکۆنەوە کە کۆمەڵگە پەرش و بلاو بوو، بۆ هەر شارێك دەوڵەتێکی پێویست بوو کە لە ئەدەبیاتی یۆنانی بە (دەوڵەتی شار) ناودەبرا، لە کتێبی (کۆماری ئەفلاتۆن) و (ریسالە سیاسیە ـ ئەرستۆ) بەدرێژی باس لەوە دەکات شانبەشانی دەوڵەت و حکومەتی بچووك دیسان بەپێی فەلسەفەو هاریکاری مرۆڤایەتی دەزگایەکی بالای سەرووی دەوڵەت و حکومەت لەسەر ئاستی جیهانی پێویستە بۆ پاراستنی ئاشتی و بەرژەوەندی بالای بەشەرییەت لە پارێزگاری ژینگەو رووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتی و کۆمەلایەتی و تەندروستییەکان و لەگەڵ زۆر ئەرکی تر، جا ئەو دەزگایە نەبوو، بۆیە ئیمپراتۆرەکان ئەو بانگێشەیان دەکرد، بەلام لەم سەردەمە ئەو دەزگایە خۆی لە (نەتەوە یەکگرتووەکان) دەدۆزێتەوە.

+ ئەو بنەما یاساییانە کامانەن کە هەبوونی دەوڵەت دەست نیشان دەکەن ؟

مەسعود عەبدولخالق: بنەما یاساییەکانی دەوڵەت: بنەمای یاسایی لە پێویستی سیاسیی دێت، پێناس و ئەرکی یاسایی دەوڵەت جیایە لەگەڵ سیاسیی، ئەرکی یاساییەکەی بریتیە لە نوێنەرایەتیکردنی میللەتەکەی، واتە شەخسیەتێکی یاسایی

حسابە، بۆیە (موسوعە علم الاجتماع) پێناسی یاسایی دەوڵەت بەو شێوەیە دەکات:

(دەوڵەت بریتییە لە یاسا و یاساش دەوڵەتە)، کەواتە دەوڵەتی هاوچەرخ هەم پارێزەری یاساییە بۆ ناوەخۆ و پابەندیشە بە یاسای نێودەوڵەتی بۆ دەرەوە.

ئەزموونی دەوڵەتی یاسایی (یاخود دەوڵەتی مەدەنی، یان دەوڵەتی هاوچەرخ) دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕێکەوتنی ویستڤالیا (١٦٤٨ز)، لەگەڵ گەشەی بیری نەتەوەیی و وەرچەرخانی کشتوکاڵ بۆ پیشەسازی و دەرەبەگایەتی بۆ بۆرجوازی ئیمپراتۆریش بۆ دەوڵەت گۆڕا، یەکەم جار دەوڵەتانی(بەریتانیا، فەڕەنسا، هۆڵەندا، ئیسپانیا) دروست بوون، بەپێی پێوانەی سەردەم لە سنور و هەرێم و میللەتێکی دیاریکراو و مەسەلەی سەروەری و پابەندی بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی یاسایی وەك (شەخسیەتی یاسایی)، لەدواییدا بەرەبەرە دەوڵەتەکانی تریش لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی هاوچەرخانە دروست بوون، لە هەموویان کاریگەرتر دروستبوونی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە (١٨٧١ز) لەسەر دەستی (بسمارك)، تا سەدەی بیستەم هیچ بستە خاکێك لەسەر زەوی نەما بێ خاوەن و سەروەری، لە دەوڵەتی هاوچەرخ سنوری هەر وڵاتێك بە سنوری وڵاتە دراوسێکەی کۆتایی دێت، ئەو دەوڵەتە لەوسنورەی خۆی بەرپرسیارە، بەپێچەوانەی سەردەمی ئیمپراتۆریەکان سنور بریتی بوو لەو تیلمەخاکەی لەژێر پۆستاڵی دوا سەربازی جەنگاوەریدا بوو.

دەوڵەتی هاوچەرخ بەو ڕێگەو ئامرازانە دروست بوون:

١- میراتی ئیمپراتۆریەتێك بووە وەك تورکیا، روسیا، ئێران ...تاد.

٢- لەرێی دۆزینەوەو ئاوەدانکردنەوە، وەك وڵاتانی هەردوو کیشوەری ئەمریکا و ئوستراليا.

٣- لەرێی شۆڕشی رزگاری وەك ئەمریکا و جەزائیر و وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقای... تاد.

٤- لەرێگای یاسایی وەك لیبیا و کەنەدا.. تاد.

٥- لەڕێگای ئینتیداب، وەك عێراق سوریا.. هتد.

مەرج و كۆڵەكە یاساییەكانی دەوڵەتی هاوچەرخ:

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی هەر وڵاتێك ئەو سێ كۆڵەكەو توخمە یاساییانەی خوارەوەی لێ سازابێت، ئەوا شایستەی بوون بە دەوڵەتیان هەیە: (هەرێم، گەل، دەسەڵاتی سیاسیی)

هەندێ شارەزای یاسایی (دان پێهێنانی نێودەوڵەتی - الاعتراف الدولي)بە كۆڵەكەی چوارەم پۆلێن دەكەن.

هەرچەندە دەوڵەت لە فەلسەفەی ئیسلام و عەلمانی هاوچەرخ لێك جیایە لەرووی سەرهەڵدان و ئەرك و ئامانجدا، بەڵام ئیسلامیش لەو سێ كۆڵەكەیە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ یەك دەگرێتەوە، بەجۆرێك كە دەوڵەتی پێغەمبەر ﷺ هەرێمەكەی (مەدینە) و دەوروبەر بوو، گەلەكەی (ئەنسار و موهاجیر) و خەڵكی تری مەدینە بوون، دەسەڵاتی سیاسیی و یاساكانیشی شەریعەت بوو، پابەندیش بوو بە رێكەوتننامەو نەریتە گشتییەكان، هەندێ زانای ئیسلامیی مەرجی پێنجەمیشی هەیە بۆ بوون بە دەوڵەت و دەڵێ (بەیعەت)یش كۆڵەكەیەكە، هەروەك دەوڵەتی مەدینە دوای دوو بەیعەت ئینجا دروست بوو، مەبەستیان لێی دەوڵەت لە ئیسلامدا مەدەنیەو لەسەر بنچینەی پەیماننامەی كۆمەڵایەتی دروست دەبێ، سیۆكراتی نییە، لە سیستمی عەلمانیدا هەرێم بریتییە لە نیشتمانی نەتەوەیەك و گەلەكەشی نەتەوەكەو دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەتەكەشی لەسەر ئەو بنچینە دروست دەبێ، كەواتە لەناوەڕۆكدا لەگەڵ روانگەی ئیسلام لێكجیان بەجۆرێك نیشتمان لە ئیسلامدا (دار الاسلام)ە و نەتەوەش لە ئیسلام (أمة)یەو دەسەڵاتەكەشی (شەریعەتە)، یەكەمجار ئەو مەرجە یاساییانەی نێو دەوڵەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەت لە (١٩٢٩ز) پەیڕەوكرا.

رواڵەتە یاساییەكانی دەوڵەتی هاوچەرخ:

دەوڵەتی هاوچەرخ خاوەنی ئەم نیشانانەی خوارەوەیە:

١– سنورێکی دیاریکراوی هەیە .

٢– سەروەری هەیە .

٣– دەستورێکی هەیە .

٤– هەمیشە دەسەڵاتەکانی قەزایی و جێبەجێکردن و یاسادانانی لێك جیاکراوەتەوە.

٥– هەڵبژاردن و ئازادی دیموکراسی و موعارەزەی یاسایی و دەستگۆڕی دەسەڵاتی تێدایە.

٦– حکومەت و دەوڵەت لێك جیان، دەوڵەت شەخسیەتی یاسایی دەنوێنێت و بەرپرسە لەو هەرێمە (کە بە سنورە نێودەوڵەتیەکە دیاریکراوە)و ئەو میللەتەی لەسەری دەژی، نەك حکومەت.

٧– ئەندامیشە لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

لەدوای یەکەم ئەزموونی دەوڵەتی ئیسلامیی (١٩٧٩ز) کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە پێش هەموو ئەو رواڵەتانەی سەرەوەی لێهاتووەتە دی.

+ ئایا دەوڵەت تەنها لەسەر بنچینەی نەتەوە بنیات دەنرێ، یاخود کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش هەیە لە نێوان هەندێك نەتەوەی جیاواز بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ؟

مەسعود عەبدولخالق: کاتی خۆی دەوڵەت بریتی بوو لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکان، بەڵام دوای ئەوەی سیستمی ئیمپراتۆری گۆڕا بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ کە لە سەدەی (١٨) دەست پێدەکات و دوا چوار ئیمپراتۆریەکانی (نەمسا و ئەڵمانیا و عوسمانی و روسیا) لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨ز) گۆڕان بۆ دەوڵەتی کۆماری هاوچەرخ، لە سەرەتادا کاریگەرییە نەتەوەییەکانی بوونە بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ، هەریەکە لە جێگرتنەوەی سیستمی عەلمانی لەجیاتی دەسەڵاتی کەنیسە و پیشەسازی لەجیاتی کشتوکاڵی و شار لە جیاتی لادێ و بۆرجوازی لەجیاتی دەرەبەگ و یاسا لەجیاتی ئایین (مەبەست ئایینی مەسیحییە).

هەموو ئەوانە فاکتەری گرنگ بوون بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخ، هەموو ئەوانەش سەرەتاکەیان دەگەڕێتەوە بۆ رێکەوتنی ویستڤالیا (١٦٤٨ز)، بەو شێوەیە تا سەرەتای سەدەی بیستەم سەرتاسەری جیهان بووە دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی–عەلمانی. بەڵام هەر دەوڵەتێك بە دەروازەیەك لەوانە دروست بووە، هەر بەنموونە لە ئەڵمانیا لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، لە ئیتاڵیا لەسەر بنچینەی مێژووی هاوبەش، لە فەڕەنسا لەسەر بنچینە نیشتمانی (پاتریۆتی)، لە روسیا لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی ماددی هاوبەش.

دەوڵەتی نیشتمانی و دەوڵەتی نەتەوەیی:

ئەو دوو چەمکە لێکجیان، دەوڵەتی نەتەوەیی (وەك موسوعة العربية العالمية G-B-Encyclopedia) پێناسی کردووە، بریتییە لە جووتبوونی سنوری دەوڵەت بە سنوری نەتەوە، لێرەدا پەیوەندی خەڵك بریتییە لە هاونەتەوەیی (Nationalism)، نموونەش وەك دەوڵەتی عەرەبی سعودی، سۆماڵ، بەڵام دەوڵەتی نیشتمانی ئەوەیە لە چوارچێوەی وڵاتەکە خەڵکی تری رەگەزی و ئایینی جیا لە نەتەوە سەرەکییەکە هەبێ، پەیوەندی خەڵکی لەجیاتی هاونەتەوەیی دەبێتە هاوولاتی (هاونیشتمانی) و واش لە دەستور تۆمار دەکرێ. واتە لەسەر بنچینەی (Patriotic)ی. بەرای من یەکەم جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە لە شۆڕشی رزگاری ئەمریکی ساڵی (١٧٧٦ز) هاتووە، چونکە لەگەڵ ئینگلیز یەك رەگەز و نەتەوە بوون، کەچی لە نیشتمان لێك جیابوون و نیشتمانیەکەش لەوێ زاڵبوو بەسەر نەتەوەییەکەو ئەو شۆڕشەی لێهاتەدی و یەکەم دەوڵەتی نیشتمانی هاوچەرخ لەوێ دروست بوو بە سەرۆکایەتی (جۆرج واشنتۆن)، بەرەبەرە جیهانی شارستانی رووی لەو جۆرە دەوڵەتە کرد بەتایبەتی لەدوای شکستی دەوڵەتی نازی ئەڵمانی و فاشی ئیتالی و ڤالانژیسی ئیسپانی کە زادەی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون، لەژێر سایەی چەمکی دەستووری هاوولاتی کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان تارادەیەکی چاك چارەسەر بووە، جگە لە کێشەی ئێرلەنداو باسك و کورسیکا.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە رۆژنامەیەکی وەك (لاند ئۆگ فۆلك)ی حزبی شیوعی دانیمارك گوزارش لەو وەرچەرخانە دەکا، ئەو ناوە بەمانای نەتەوەو

نیشتمان دێت، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا دەوڵەتەکان لەسەر بنچینەی نەتەوەیین، واتە دەوڵەتی نیشتمانی نین، (ئەگەرچی واش بانگێشە دەکرێ)، بۆیە کێشەی نەتەوەیی و ئیسنی و تایفی زۆری لێ سەرهەڵدەدا، لە دەستوری تورکیا (Ana Yasa) لە ماددەکانی ٦٣-٦٨ باس لەو جۆرە ئینتیمایە دەکاو تەنها باسی تورك دەکا بێ ئەوەی بۆ جارێکیش باسی کوردو عەرەب وچەرکەسی تیابێ، لەسەر ئەو بنچینەیەش ناوی (تورکیا) هاتووە، لەکاتێکدا لە دەستوری ئێرانی ئەو جۆرە داکۆکیە لەسەر رەگەزی فارس ناکاتەوەو بە تەواوی مانا دەوڵەتی نیشتمانیە لەگەڵ جیاوازی (تایفیەکەی)، ئەگینا ئوستانێکی بەناوی کوردستانە و بەناوی بلوج و.. هتد.

لەژێر سایەی تەواوی دەوڵەتی نیشتمانی مافی کەمە نەتەوەو ئیسنی چارەسەر دەبێ، کە تیایدا هەموو لایەك لە بەرژەوەندی باڵای ئەو وڵاتە هاوبەش دەبن، بەڵام کێشەی نەتەوەی فراوانی پێ چارەسەر نابێ، بۆیە بیرۆکەی (تەوافوق) و دەوڵەتی فیدراڵی و دواییەکەشی (مافی چارەی خۆنووس) هاتە کایەوە.

+ ئایا ئایین یان ئایدیۆلۆژیا لەمپەرە لەرێگای دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ گەلان و نەتەوەی جیاواز لە سەر خاکێکی دیاریکراو؟

مەسعود عەبدولخالق: ئەمە یەکێکە لە پرسیارە (شلۆقەکان)کە بەپێی گوتاری چەوتی ئێستای کوردستان دروست بووە، ئەگینا لەمێژوودا ئایین یەکێ بووە لە دەروازەکانی دروستبوونی دەوڵەت، کوردن چایلد دەڵێ:(تا٣٠٠٠پ ز هەر دەزگایەکی سیاسی یان دەولەتی هەبووبێ هەر ئاینی بووە) ،کەواتە یەکەم دەسەڵات و دەوڵەت لەسەر ئەم زەمینە لە ئایینەوە هاتووە، تەنانەت بەشی هەرە زۆری شارستانیە کۆنەکانیش یان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرهەمی پێغەمبەرێکن یان درێژکراوەی ئەوەن، تەنانەت مەدرەسەی یۆنانی و ئیمپراتۆریەتی رۆمیش لەو رێسایە بەدەر نین، هەریەکە لە فیساگۆرس و ئەنگلامیدس تەلەبەی حەزرەتی سلێمان و ساڵح بوونە (بڕوانە: الملل والنحل)، هەروەها دامەزرێنەری رۆمیش دەگەڕێتەوە بۆ (رۆمیۆ بن عیسۆ بن ئیسحاق نەبی)، (بڕوانە: الصحاح)، ئیتر ئەو دەوڵەتانەی هەبوونە لەمێژوو بەشی زۆری

وابووە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆمان هەر لە (راشدین، ئومەوی، عەباسی، ئەیوبی، عوسمانی، سەفەوی) تا دەگاتە میرنشین و دەوڵەتە کوردیەکانی خۆشمان، قوتبوونەوەی ئەو پرسیارە لەوە دێت کە واهات کۆتایی دەسەڵاتی کەنیسە لە ئەوروپا بووە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن، بەڵام هەر لەدوای ماوەیەك جارێکی تریش وڵاتانی ئەوروپا (جگە لە فەرەنسا) لە دەستور ماددەی تایبەتیان سەبارەت بە کارایی رۆڵی ئایین تۆمارکردەوە هەر بە نموونە: لە ماددە (١) و (٤٧)ی دەستوری یۆنان، ماددەی (١) و (٢)ی دەستوری دانیمارك، ماددەی (١٢)ی نەرویج، ماددەی (٤)ی سوید، بەو شێوەیە(بڕوانە: مەوسوعەی جودی)

لە قۆناغی نوێشدا شۆڕشەکانی ئایینی وەك: خەتابی لە مەغریب، شێخ عەبدولقادر لە جەزائر، عومەر موختار لە لیبیا، مەهدی لە سودان، .... تا دەگاتە شۆڕشی بیستی عێراق و (١٩١٩ز)ی شێخ مەحموود و (١٩٢٥ز)ی شێخ سەعید و (١٩٢٧ز)ی ئیحسان پاشا و (١٩٤٦)ی قازی موحەممەد و (١٩٦١ز)ی مەلا مستەفا، .. هەمووی تەقەلای دروستکردنی دەوڵەتێکی هاوچەرخ بوون لە ڕێی ئایینی، هەر بە شۆڕشی ئایینی شاهەنشاهیەتی ئێران گۆڕا بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ لە (١٩٧٩ز)، تەنانەت ئاینی وەك یەهودیش دەولەتی پێ لەعەلمانیەت چاکتردروست دەکرێ ئەوەتا دەولەتی ئیسرائیل ئاینیە ، ئێستاش تەقەلای بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی وەك کشمیر، چیچان، خوارووی فلیپین، فەلەستین، بزووتنەوەی سەرکردەی ئاینین دەیانەوێت دەوڵەتی مۆدێرن دروست بکەن، لە کوردستانیش هەروەك چۆن لایەنە عەلمانیەکان دەیانەوێت بە ئامرازی سۆشیالیستی و شیوعی لیبرالی دەوڵەتێك بۆ کوردستان دروست بکەن، ئاواش لایەنە ئیسلامییەکان دەیانەوێ بە ئامرازی ئایینیانە دەوڵەتێکی کوردستانی دروست بکەن.. ئیتر بۆچی ئایین رێگرە لە دروستکردنی دەوڵەتی هاوچەرخ، کوا نموونەیەکی پێچەوانە نییە! رەنگە لەرووی فیقهیەوە کێشە هەبێ وەك لە پێشوو باسمان کرد، هەرێم لە ئیسلامدا (دار الاسلام)ە و گەلیش (ئوممەتە).. لەوەوە خیلافەت دروست دەبێ، ئەوەش بەلایەنی کەمەوە جارێ بوونی نییە ، بۆیە بەپێی

دیفاکتۆ هەریەکە وڵاتێك بۆخۆی دروست دەکا و وا دروستیش کراوە، ئیتر بۆ کوردیش نەك حەرامە یان حەڵاڵ، بەڵکو پێویستە دەوڵەتێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست بکا بە هەموو پێوەرێکی یاسایی و شەرعی ڕێپێدراوە.

+ هەر سەبارەت بەو وەڵامە بەشێك پێیانوایە حوکمی ئیسلامی لەماوەی چواردە سەدەدا شتێکی وای پێشکەش بە کۆمەڵگە نەکردووە، بەڵام دەولەتی مۆدیرن بەو ماوە کورتەی شتی زۆری پێشکەش کردووە؟هەر بۆیەش دەڵێن کێشەی کورد ئەگەر بەئاین چارەسەر بکرابایە هەر لەئەسلدا سەری هەڵنەدەدا؟

مەسعودعەبدەلخاق: سەبارەت بە بڕگەی یەکەم وەڵامێکی دوورو درێژی دەوێ بەڵام هەر بەو پرسیارە کۆتایی دێنین ئاخۆ کام لە بەندەکانی یاسای نێو دەولەتی ئیجابی ڕەگێکی ناچێتەوە سەر ئەزموونی ئەو ١٤ سەدەیە ،زیاتر لەوەش هەموو بنەما مافە مرۆیی وحقوقیەکان لە سەر بنچینەی ئاینی ئیسلام وا دەخەملێن ،سەبارەت بە بڕگەی دوەمیش زۆر ڕوونە ئەوەی پرسیارەکە دەکاو ئەوەی ڕاشی وایە لەبنەچەی کێشەی نەتەوەیی نەگەیشتووە،ئەگینا زۆر ڕوونە تا خەلافەتی عوسمانی مابوو(ئەگەر بەناویش بێت)ئەو کێشەیە سەری هەڵنەدا واتە بەرهەمی ئەو نییە وەك لەپێشووتریش باسمان کرد زادەی سەردەمی عەلمانیەتە بۆیەش دەبێ دڵنیا بین کە بە عەلمانیەت چارەسەر نابێ.

+ پرسیارێکی تریش هەیە دەڵێن: ئاینی ئیسلام ڕۆلی نەبینیوە لەیەکخستنەوەی میللەتی کورد هەروەك ئیستاش ئەو ڕۆڵەی پێ نابینرێ؟

مەسعود عەبدولخالق :هیچ گومانی تیانییە ئەو پرسیارە پێچەوانەیە ،چ لە مێژوو چ لە ئێستا تەنها بە ئاین میللەت یەکدەخرێ،ئەگینا بە عەلمانیەت هەر پەرتەوازەو شەڕی براکوژی و دەست ڕاکێشانی هێزی بێگانە بووە بۆ سەر وڵاتی خۆ،لە (شەرەفنامە) قسەیەکی زۆر گرنگ و سادە دەبینی دەڵێ:کورد تەنها لە کەلیمەی شەهادە یەك دەبوون ،مانای چییە ئەوە؟مانای وایە ئەگەر بە بەهای عەشایەری و دەڤەری و کوردانەو هەرچی بایە هەر ئیختیلاف و برا کوژی بووە تەنها بەناوی ئاین یەکدەخران، کەم تر گرنگی بە قسەیەی شەرەفنامە دراوە هەق وابوو نامەیەکی دکتۆرای لێ بێتەوە،ئێستاش هەروایە، ئەوەی گورز لەو یاسایە

دەدا ئەوەیە کە دەبینین لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان یەك نین و زیاتر پاساو بەوگۆتانە دەدا.

+ تاچەند کورد شتێکی هەبووە بەناوی (کێشەی نەتەوایەتی) لە مێژوودا؟ یاخود ئەو مەسەلەیە لەم دواییەدا سەریهەڵداوە ؟

مەسعودعەبدولخالق: نەك کورد هیچ میللەتێك لەم جیهانە لەپێش سەدەی (١٨) کێشەیەکی بەناوی نەتەوەیی نەبووە، کێشەی چینایەتی و عەشایری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئایینی هەبووە، بەڵام کێشەی نەتەوەیی نەبووە، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە سەردەمی ئینتیمای نەتەوەیی نەبووە ، یەکەم جار لە ئەوروپا سەریهەڵداو ئینجا لەکۆتایی سەدەی (١٩) بۆ سەرەتای بیستەمیش چەمکی نەتەوەو نەتەوایەتی وئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی هاتە جیهانی ئیسلامیی، بەهەمان شێوەش کورد کێشەی جیاجیای هەبووە، جاری وابوو زوڵمی لەسەر بووە و چەوساوەتەوە، جاری واشبووە ئەوخەڵکی چەوساندۆتەوە،یان خۆی چەوساندۆتەوە، بەڵام بەهیچ رووکارێك چەوساندنەوەی نەتەوەیی نەبووە، دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆر و سەڵتەنەت و میرنشین، هیچی بەناوی نەتەوەی سەردەست نەبوو تا چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کێشەی نەتەوەیی لێ بێتە دی، ئەوە لەناو عەرەب و تورك و ئەوانیتریش نەبووە هەروەك پێشتر باسمانکرد، ئەوەی ئێستا هەندێ بۆچوون و سەرچاوە دەبینرێ گوایە رەگی (عروبە) دەگەڕێنرێتەوە بۆ زەمانی ئاشوری و بابلی، یاخود بۆ سەردەمی پێغەمبەر(دخ) یان زیاتر لە هەمووان بۆ سەردەمی ئومەوی دەگێڕنەوە، هەموو ئەو تەقەلایانە بەرهەمی دوای سەدەی بیستەو لە ئەنجامی (مراجعة كتابة التأريخ) نووسراونەوە، هەروەك ئەو موراجەعەی (ئیتیحادو تەرەقی) و تەیاری تۆرانی دەسەڵاتدار لەناو عوسمانی لەسەرەتای سەدەی بیست کردی، ئەگینا کوا لە مێژوودا لەپێش (جۆرج ئەنتۆنیۆس) کە کتێبی (يقضة الأمة العربية –له١٨٧٦)ی داناو زاراوەو وشەیەك بەناوی (الأمة العربية، الوطن العربي، أمتي العربي والإسلامي) نەبووە، هەتا ئومەویش کە هەردوو زاراوەی (مەوالی و شعوبی) لە ناخیدا سەریهەڵدا، رەهەندی دەسەڵات عەرەبی نەبوو بەڵکو وەك (ئیبن خەلدون) وردتر دەستنیشانی کردووەو

دەڵێ قورەیشیانی بووە، عەرەب ئەوکات بەو مانایە بووە نەك نەتەوە، هەر خودی عەرەب لەو سەردەمەدا مانای رەچەڵەك و نەتەوەی نەداوە زیاتر مانای عەشیرەتەکانی دەرەوەی شار وەك وەسفی خاوەن بەها، ئەوانەی لە جەزیرە لە دەرەوەی شار نیشتەجێ بوون یان گەرۆك و بەدەوی و ئەعرابیان پێ وتراوە، جا هەر ئایین و نەتەوەیەك بووبن. بەڵام لەلای شاریەکان و دواییش لە قورئان بە نەفام وەسف کراون.

ئیتر هەموو لایەك وابوونە، دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ناوچە بەناوی نەتەوەیی نەبووە، نە لە شێوەو نە لە ناوەرۆك، تەنانەت دەسەڵاتی ئیسلامیی جیا لە ئیمپراتۆریەکانی تر (مەرکەزیەتی عیرقی) نەبووە بۆیە دەبینین ئەو دەسەڵاتە دەستگۆڕی پێکراوە لەناو عەرەب بۆ ناو فارس بۆ ناو تورك بۆ ناو کورد بۆ لای تر.

سەرەتای کێشەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی کوردایەتی کە بەپێی هەموو سەرچاوەکان بۆ (١٩٠٨ز) دەگەڕێتەوە، لەپاش ئینقلابی ئیتحادییەکان، (موحەممەد ئەمین زەکی بەگ) لەکتێبی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)و (ساطع الحصری) لەکتێبی (محاضرات فی نشوء القومیة) دەڵێن: ئێمە هەستمان بەوە نەدەکرد ئینتیمای نەتەوەییمان چییە تا ئیتیحادییەکان لەدوای (١٩٠٨ز) وروژاندیان بەوەی کە خۆیان بە ناسنامەی تورکی گوزارش کرد و فەرهەنگ و نەریتی عوسمانییان گۆڕی، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە گۆڤاری (مەشروتیەت)ی شەریف پاشا دەبینین تا (ژ:٤١)ی ساڵی (١٩٠٢ز) باسی کوردی تێدانییە، لەدواییدا ئینجا کێشەی کورد و ناوی کورد و کوردستانی کەوتە نێو.

هەموو ئەوانەو زۆر زانیاری تریش لەگەڵ بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسی و بەریتانی، روسی و ئەرمەنی..، تەواو جووت دەبێ لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کوردایەتی.. بەهەمانشێوەش لەدوای ئەو مێژووەش کێشە سەریهەڵدا بەناوی: کێشەی کورد، کێشەی عەرەب، کێشەی نەتەوەیی تر.. ئەگینا ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە سروشتی ئەو کێشمەکێشەی نێوان کورد و

عوسمانی، كورد و تەتەر و مەغۆل و كورد و فارس، هەروەها عەرەب و عوسمانلی، عەرەب و مەغۆل و فارس و عەرەب و مەملوك و.. تاد، سروشتەكە نەتەوەیی نەبووە، هەروەها راپەڕین و دروستكردنی كیان و میرنشین و دەوڵەتەكانیش لەو ئەنجامە نەبووە، بۆیە تا شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٢٥ز) ناتوانرێ بە تەواوی بزووتنەوەو راپەڕینەكان لە تۆمارگای كوردایەتی پۆلێن بكەی،یان ئەگەر زۆردوور كەوینەوە لە واقیع وپشت بە بەڵگەنامەكانی بەریتانی ببەستین دەیگێڕنەوە بۆ راپەڕین وداواكاریەكانی كە خۆی لە میرنشینی بۆتان بەرجەستە كرد لە دەوری ساڵانی١٨٨٠ز،(بڕوانە:بەلگەنامەی ژ:٢٣- رۆژی ١/١٠/١٨٨١ - FO66/441)، هەربۆیەش دەسەڵاتێكی كوردی لەو (٦٤) دەسەڵاتە ناوێكی كورد یان كوردستانی پێوە نەبووە، جیاوازی كێشەی كورد لەگەڵ كێشەی نەتەوەكانی تر ئەوە بوو، نەتەوەكانی تر لەگەڵ سەرهەڵدانی كێشەكە بە دەوڵەت گەیشتن، كەچی كورد لەگەڵ سەرهەڵدانی بە مەینەت گەیشتن، جا زۆرجار میللەتانی تر ئەو كێشەیەو پرۆژەی نەتەوایەتیان بە فەلسەفە قووڵ دەكەنەوە بۆبنی مێژوو، كەچی كورد بە نەزانی ئەو مەینەتیەی وا قووڵ دەكاتەوەو خزمەت بە پرۆژەی داگیركەر دەكا، ئەو تەقەلایە چەوتە مێشك و ستاندەری بیركردنەوەی كوردی تێكداوە، پێویستی بە چاككردن هەیە.

+ بەبۆچونی تۆ دوور لە تێڕوانینێكی كلاسیكیانەو سەرپێیانە، بۆ تاوەكو ئێستا كورد نەبووەتە خاوەنی كیان و قەوارەی خۆی؟ لەكاتێكدا لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیاتر لە (٤٠) ملیۆن كەسە بە هەموو پارچەكانیەوە لە ژمارەی دانیشتوانی نەرویج و سوید و فنلەندا زیاترە؟

مەسعود عەبدولخالق: هەر ئەو پرسیارە كتێبێكی سەربەخۆی دەوێ، هەوڵدەدەین هەندێ پێشەكی و راستكردنەوەی بۆ بكەین.

١- بەپێی سایكۆلۆجیەت و فۆنەتیكی پرسیارەكە وا دەردەكەوێ كە لەمێژووەوە تائێستا كورد نەبووەتە خاوەنی دەسەڵات و كیانی خۆی، بەڵام وانییە، تاوەكو ئێستا كورد بووەتە خاوەنی قەوارەو كیانی سەربەخۆی خۆی، سەرجەم (لەدوای ئیسلام) بەپێی مەردۆخی كورد (٦٤) میرنشین و دەوڵەتی

هەبووە، کەچی هەموو عەرەب بەپێی د.سیار الجمیل (بقایا الجذور التكوین العربي الحدیث) تەنها (٦٣) میرنشین و دەوڵەتیان هەبووە، لەو عێراقە هەر نەیانبووە جگە لە هەندێ دۆخی دەگمەن لە بەسرەو فوراتی ناوەڕاست، ئەو میرنشینانەی موسڵیش عەرەب نەبووە، ئەو پرسیارە زادەی دوای سەدەی بیستەمە کە لەوێڕا لە کاروان بەجێما.

٢- بەپێی یاسای نێودەوڵەتی هەرێم و گەل حسابی پانتایی و ژمارەی دانیشتوانی بۆ ناکرێ، لەکاتێکدا یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئۆسترالیا ئەوەندە گەورەن و دەوڵەتی فاتیکانیش رووبەرەکەی ناگاتە کیلۆمەترێك و (١٠٠٠) کەس (هەمووش پیاون- لەکاتێکدا بەپێی (قانون الدولی الخاص) گەل بریتییە لە نێرو مێ.

بۆیە زۆری و کەمی بەو رادەیە کاریگەری یاسایی نییە بەڵام کاریگەری سیاسی و فشاری ویژدانی هەیە.

٣- لەراستیدا یاسای نێودەوڵەتیش دادگەر نییە، تائێستاش لائیحەیەك نییە وەك بەند و ماددە یاسای نێودەوڵەتی لێ نووسرابێتەوە، زیاتر ئەو بڕیارانە دەگرێتەوە کە وڵاتە زلهێزو سەرکەوتوەکان لە کۆنگرەو رێکەوتننامەکان دایان رشتووە یاخود لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە، بۆیە یاسای نێودەوڵەتی لە گەڵ یاسای دادگەرو شەریعەتی ئیسلامیی لێك جیان.

یاسای نێودەوڵەتی وەك(هۆبز و بروتوکولات حكماء صهیون) وەسفیان کردووە هێز دروستیان کردوون، لەپاش رووداوە ترش و تاڵەکان خەملێون، ئینجا زیاتر سزای لەسەر هەژار و بێهێز جێبەجێ دەکرێ و پاداشیش بۆ هێزدار، لەگەڵ زۆر بەراوردی تر- بۆ زیاتر لەو بەراوردانە بڕوانە: (مەوسوعەی جودی- ماددە: یاسا)

بۆیە یاسای نێودەوڵەتیش بانێك و سەد هەوایە، هەر بەپێی ئەو کۆلکە یاساییانە دەبووایە کورد دەوڵەتی هەبووایە، کەچی دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بووە بەبێ ئەوەی مەرجێکی یاسایی لێ سازابێت لە هەرێم و گەل و دەسەڵاتی سیاسیی و تاد، تەنانەت دەقی دانپیاهێنانی (نەتەوە یەکگرتووەکانیش) بەپێی

بڕیاری ژمارە (١٨١) لە (١٩٤٩/٣/١١ز) گاڵتەجاڕییە دەڵێ: چونکە ئیسرائیل دەوڵەتێکی ئاشتی پەروەرە، بۆیە دانی پێ دەنێین. کەچی لەوەتەی دروست بووە لە (١٩٤٨ز) هەر خەریکی شەڕە، خودی دەوڵەتی عێراقیش کە لە (١٩٢١ز) دروستکرا بەپێی لائیحەی ئینتیداب کە لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە پەرەگرافی (٤)ی ماددەی (٢٢) دەرچوو، ئەگینا ئەویش هەرێمێکی دیاریکراوی نەبوو، گەلەکەشی نە مواسەفاتی یاسایی هەبوو نە دەسەڵاتی سیاسیشی هەبوو، لەسەررووی هەمووان (خاوەن سەروەری) خۆشی نەبوو، بەڵکو داگیرکراو بوو زۆر بەوردی ئەو بنەما یاساییانەی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە ریسالەی (الاسلام والعلمانية وأثرهما في نشأة الدولة العراقية الحديثة) بخوێنەوە.

لەراستیدا لەیاسای نێودەوڵەتی زیاتر (دیفاکتۆ ـ أمر الواقع) دەخوا، جا ئێستا دێینە سەر وەڵامی پرسیارەکەو هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی و ئەو وەڵامانەی لەلایەن مێژوونووس و یاساناسان و سیاسەتمەدارانی کورد بەو شێوەیە کۆی دەکەینەوە، گوایە ئەوانە بووە:

١– داخراوی کوردستان.

٢– عەشائیری.

٣– نەبوونی شاری گەورە.

٤– رێکنەکەوتن لەگەڵ زلهێزەکانی سەردەم.

٥– کەوتنی لەنێوان فارس و عوسمانلی.

٦– نەسازانی مەرجە یاساییە سەردەمیەکان.

٧– هەبوونی سامانێکی زۆری ژێرزەوی و سەرزەوی.

٨– پارچەپارچە بوون و دابەشکردنی بەسەر وڵاتەکانی دەوروبەردا.

٩– درەنگی سەر هەڵدانی هەستی نەتەوەیی !!

لەگەڵ زۆر هۆکاری تر دیاریکراوە، بەڵام (بەڕایە سادەکەی خۆم) ئەو هۆیانە بەتەنهاو دواهۆ نین! رەنگە یاریدەدەر بووبن، بەڵام هۆی یەکلاکەرەوە نین، چونکە میللەتانی تر لەو شێوازە بوونەو بووشن بە دەوڵەت، ئەگەر بەکورتی لەسەر هەر هۆیەك شتێك بووەستین:

١- بەشی زۆری لە مێژووناسی کورد و غەیرەکورد و مونەزیرەکان هۆی نەبوونی کورد بە دەوڵەت بۆ ئەو هۆکارانە دەگێڕنەوە دەڵێن کورد چواردەوری بە دوژمن دراوەو هیچ لایەك ناکەوێتە سەر دەریا، بۆ ئەوەی دەرگای کراوە بێت لێی.

هەڵسەنگاندنی ئەو بۆچوونە: لەپێش مەینەتییەکەی واتە لە سەرەتای سەدەی بیست چواردەوری دوژمن نەبوو، ئەگەر عوسمانی و فارسی بە دوژمن حساب بکەین خۆ عێراق و سوریا و ئوردن دروست نەببوون، ئینجا ئەوکاتی کە ئەو دەوڵەتانە دروست بوون و کورد لێی بێبەشکرا فارس و عوسمانی هەر دەسەڵاتیان نەمابوو، بەریتانیا و فەڕەنسا زیاتر لەناوچەکەبوون، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش چەندین وڵاتی تر هەیە ئاوا پێوە دراوە و بووە بەدەوڵەتیش لەوانە : مەنگوڵستان، ئازەربێجان، ئەڵمانیا، وڵاتانی ئەفریقا، زۆری تریش بەتایبەتی ئەرمینیا لەگەل کورد پێکەوە بڕیاڕیان بۆ دەرچوولەسیفەر ،مادەی کورد ٦٢ و٦٣ و٦٤ بوو مادەی ئەرمینیاش لە مادەی ٨٨ تامادەی ٩٣،ئەویش وولآتێکی داخراویش بوو بە دەولەت ، کەواتە ئەو هۆیە بنچینەیی نییە.

٢- هەندێ بۆچوونی تر هەیە هۆی نەگەیشتنی کورد بۆ دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگەکەی گوایە زۆر خێڵەکی و دواکەوتە بوونەو هەردەم دژ بە یاساو شارستانی بوونە.

هەڵسەنگاندن: بوونی دەسەڵاتی کوردی بەو فراوانییەی لە میرنشین و دەوڵەت و لە دەسەڵاتی ئەیوبی و دوای دەسەڵاتی کوردی بەسەر شام و بەغدا و زۆر شوێنی تر دەسەلمێنێ کە کورد ئەزموونی دەسەڵاتی سیاسیی و پابەندی بە یاسا بە تایبەتی یاساکانی (شەریعەت) تا ئەو رادەیە پابەندی یاسای شەریعەت ببووە نەریت و رای گشتی، بەڵام راستە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیش بووە، دیسان ئەوانەی زۆر خێڵەکی (مەبەست لێرە ئەوانەی دەرەوەی شارە کوردییەکان) تارادەیەکی چاك توخمی مەدەنیان لێ بەدی دەکرێ بەهۆی ئایینەکەیان لە لێبوردەیی و بەهاناهاتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی گشتی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ژینگە و...هتد، دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەی (تا ئێستای) کوردی باشور چاکتر بوونە، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە کەمینەکان دەبینین

جوو، گاور، دیان) لە کوردستان نەك لە شارەکان لە گوندەکانیش ژیاون، موڵك و سامانیان پارێزراوە، بەپێی راپۆرتی (عصبە الامم) ساڵی ١٩٢٥ز-ی ویلایەتی موسڵ وا پیشان دەدا کە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی مەسیحی و کورد لە کوردستان نموونەییەو دەگمەنە، بەپێچەوانەوە ئەگەر عێراق بەنموونە وەرگرین و بووە دەوڵەتیش بەپێی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیەکانی (حەنا بەتاتۆ)، (د.علی وەردی)، (فۆرستەر)، دەبینین کۆمەڵگەکەی نەك هەر خێڵەکیە، بەڵکو بەدەویشە، (٣٥٪) بەدەوی، (٤١٪) دەشتەکی، (٢٤٪) شارستانی، شارستانییەکەش زۆربەی غەیرە عەرەب بوون. خەڵکی ناو شاری بەغدا (بە نموونە) بەشی زۆری عەرەب نەبوونە، سێ نوێنەریان لە مەبعوسان بۆ هەڵبژێردرا لە (١٩٠٠ز) تەنها یەکیان عەرەب بوو بەناوی (مەحمود ئالوسی)، دووەمیان کورد بوو بەناوی (ئیسماعیل حەقی بابان)، سێیەمیان یەهودی بوو بەناوی (ساسون حقیل)، رێژەی بازرگانان لە (٩٥٪) یەهود بوون.

خەڵکی ناو بەغدا (بەپێی ئاماری ١٩٠٨ز) بریتی بوو لە (١٥٠,٠٠٠) کەس، (٥٣,٠٠٠) یەهودی بوون، جگە لە کورد و فەیلی و مەسیحی، بۆیە شەممە پشووی بازاڕ بوو لەجیاتی هەینی، ئینجا کۆمەڵگەیەك بوون زۆر دژی یاسا و دەسەڵات، کەچی بە بڕیاری بەریتانی بوون بە دەوڵەت، لەوانەش خراپتر ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە گرووپەکانی (ئینتیداب) پێکهاتبوو لە (A، B، C)، گرووپی (A) هەرە چاکەکەی بوو کە عێراقە.. ئەگینا کە دەگەیشتە گرووپی (C) ئەو وڵات و میللەتانە بوون هەر هیچیان لەبارەی دەوڵەت و یاسا و شارستانی نەزانیوەو ئەزموونی پێشینەیان نەبووە، ئینجا دەوڵەتیان بۆ دروستکردوون، هەر خودی فەلسەفەی ئینتیداب مانای فێرکردنی دەوڵەت بەڕێوەبردن، خاڵێکی گرنگ هەیە تائێستا مێژوونووس و سیاسەتمەدارانی کورد بەکاریان نەهێناوەو دەیسەلمێنێ کە کورد زیاتر لە میللەتانی دەوروبەر (بەتایبەتی عەرەب) ئامادەی دەوڵەت بەڕێوەبردن بووە، ئەوەبوو لە دەقی رێکەوتننامەی سێڤری (١٩٢٠ز) وردبینەوە کە پێکهاتووە لە (٣٣٢) ماددە، دەبینین کوردستان لە ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) پێش میللەتانی تر هاتووە (جگە لە ئەرمەن نەبێ)، کەچی عێراق لە ماددەی

(٩٤،٩٥،٩٦) هاتووه، ئەوەی کوردستانیش بەبێ ئینتیداب واته خۆیان ئامادەییان تێدابوو، له هەمووی زەقتر ئەوکاتی دەسەلاتی شێخ مەحمود له ئاستی نێودەولەتی حسابی بۆ دەکرا، بۆیه دەولەتی عوسمانی بەرەسمی ناسی و دانی پیاهێنا، پێویستی به ئینتیداب نەبوو، لەو بارەیەوە (ئەسیری) شاعیر دەلێت:

باسی ئەحوالی ولاتانی ئەمریکا بۆ دەکەی
باسی مازی و حالْ و ئیستقبالی سۆرانی بلێ
چەند حوکمدارت له بەدلیس و بۆتان بووه
گەر بەوه عیلمت نییه پاشای بابان بلێ.

زۆر بەلگەی تریش هەیە، کەواته ئەو خالەش هۆی بنچینەیی نییه .

٤– بەشێکی تر پێیانوایه نەبوونی شارێکی گەورە وەك مەلبەندێکی بازرگانی و رۆشنبیری و مەدەنی هۆیەکە له نەبوونی دەولەت بۆ کورد.

هەلسەنگاندن: راسته شاره کوردیەکان له ئاستی ئەسفەهان و بەغدا و ئەستەمبۆل نەبووه، بەلام شاری بازرگانی و رەوشەنبیری و مەدەنیشی هەبووه، لەوانه دیاربەکر، سلێمانی له کۆنەوەش کوردستان هێلی بازرگانی بووه لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا، ئەگەر بەوردی (سینۆهە) بخوێنیتەوه دەبینین نەوتی ئەو ناوچەیه لەو سەردەمه گەیشتۆته میسری فیرعەونەکان، ئینجا بازرگانی بەرەو بەغداو کەنداویش هەبوو له دیاربەکرەوە تا بەسره، کەچی له ئوردەن، کوێت، قەتەر، ... کوا شاری وا گەورەی هەبووه کەچی بوون به دەولەت.. کەواته ئەو هۆکارەش بنچینەیی نەبووه.

٥– باسێکی زۆری تر پێشکەشکراوه گوایه سەرۆکه کوردەکان بەهۆی هەستی ئایینیەوه لەدژی دەولەته زلهێزەکان وەستاون و هاریکاری ئەوانیان رەتکردۆتەوه، تا ئەو رادده‌یه دەلێن تەوقەکردنیشیان به گلاو زانیوه، ،یاخود دەلێن ئەو پیاوه ئاینیانەی کوردستان لەمپەر بووینه له بەر دەم تەبشیریەت بۆیه لەو تۆلەیه بۆیه کورد نەبوو به دەولەت .

هەڵسەنگاندن: ئەو خاڵە زۆر دوورە لە توێژینەوەی ئەکادیمی، چونکە خودی سروشتی ئیسلام وانییە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ تا عوسمانییەکانیش پارێزگارییان لە هاریکاری و ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە بەهۆی پابەندی بە رێکەوتننامەکان، لەوانەش پێغەمبەر لەگەڵ یەهودی و نەسرانی، هارون ئەلڕەشید لەگەڵ شارلەمانی فەڕەنسی، عوسمانی لەگەڵ فەڕەنسا.

دەگەڕێینەوە سەر سەرکردە کوردەکانیش کە زیاتر لەدوای شێخ عوبەیدوڵڵا دەست پێدەکا، خودی دیکۆمێنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی، فەڕەنسی، روسی، کە زۆربەیان لامانە یەکەیەکە بە شرۆڤەوە لە (ستاندەر) بڵاوی دەکەینەوە، پیشانی دەدا کە هەموو سەرکردە کوردەکان نامەیان نووسیوە بۆ ئەو زلهێزانەو ئامادەی هاریکاری بوونە، بەڵام سیاسەتی ئەوان وابووە کورد دەسەڵاتی نەبێ، تەنانەت لە وەزارەتەکەی شێخ مەحمود وەزیری مەسیحی هەبوو (کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی بوو مەسیحی بوو)، ئینجا مێجەرنۆئێل و مێجەرسۆن هەر لە کوردستان لەلای شێخ مەحمود بوون بەو هیوایەی (لۆرانس) چی بۆ عەرەب کرد نوئێل ئاوا بۆ کورد بکا، کەچی نەیانکرد، تەنها لەلای من زیاتر لە (٥٠٠) بەڵگەنامەی جیاجیای بیانی باس لە تەقەلای پەیوەندی و نامەگۆڕینەوەو تەلەگراف بۆ بەرپرسانی بەریتانی و فەڕەنسی و روسی و هەتا ئەمریکیش هەیە لەلایەن سەرکردە کوردەکانی وەك: شێخ عوبەیدوڵڵا، سەید رەزا، شەریف پاشا،.. تا دەگاتە مەلا مستەفا .

بەپێچەوانەوە زۆربەی جار ئەو هاریکارییە بووە سەرخواردنی دەسەڵاتی کوردی، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە هەڵسووکەوتی موحەممەد پاشای گەورە، کە گوایە دەڵێن بە فتوای مەلای خەتێ دەوڵەتەکەی تێکشکاوە، راستیەکەی ئەوەیە لەنێوان فەڕەنسا و بەریتانیادا شکستی هێنا، هێرشێکی بردە سەر فارس و دوایی فەڕەنسا ئیقناعی کرد کە هاوکاری موحەممەد عەلی پاشای میسر بکا بۆ هێرشکردنە سەر عوسمانی و خەریکبوو بە هەردوولا ئەستەمبۆلیش بگرن، ئینجا بەریتانیا هاتە وەڵام و ئەوەی قەبووڵنەکرد میراتی عوسمانی کە بەرەو نەخۆشی

بوو ببێتە موڵکی فەڕەنسا، بۆیە ئەو پەلامارانەی پێ ڕاگرتن و موحەممەد عەلی گێڕایەوە میسر و موحەممەد پاشای گەورە بەتەنها بۆ عوسمانی ماوەو لەناویبرد.

ئەو ئەزموونە لەگەڵ شۆڕشی شێخ سەعید (١٩٢٥ز)و ئیحسان پاشای (١٩٢٧ز) کراو نەك بەریتانیا و فەڕەنسا، هەتا خودی روسیا و لینینیش کە چەپیە کوردەکان زۆر شانازی پێوە دەکەن، یارمەتی ئەتاتورکیدا لە دژی کورد، ئەزموونی کۆماری مهاباد (١٩٤٦ز)و شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١– ١٩٧٥ز) بەروونی و پێچەوانە دەردەکەوێ. کەواتە ئەو خاڵەش هۆی بنچینەیی نییە.

٦– کەوتنی کوردستان لەنێوان فارسی و عوسمانی.

هەڵسەنگاندن: مێژوونووسە کوردەکان پشتیان بە هەندێ رۆژهەڵاتناس بەست بۆ دیاریکردنی ئەو هۆیەو لە پرۆگرامی خوێندنی باڵاو ناوەڕاست وایان تۆمارکردووە گوایە شەڕی چاڵدێرانی (١٥١٤ز) یەکەم دابەشی کوردستان بووە، راستیەکەی وانییە، ئەگەر کوردستان بەمانای سیاسیی هەبووبێ (پێشموانییە هەبووبێ تا کۆتایی سەدەی ١٩) ئەوا لەپێش ئەو مێژووەش دابەشبووە، ئینجا ئەو رووداوەی چاڵدێران خۆ هەر کوردی دابەشنەکردووە، بەڵکو تورك و عەرەب و فارس و زۆری تری دابەش کردووە، ئەو دابەشیە بە رێکەوتن نەبووە، بەڵکو بریتی بوو لە سنوری سەربازی کە لە کەنداوەوە دەستی پێکرد تا دەریای رەش، (تۆما بوا) لە کتێبی (تأريخ الاكراد) بەروونتر باسی ئەو روداوە دەکات و ئەو تیۆرە رەت دەکاتەوەو جەنگی چاڵدێران وەك سەرجەم جەنگەکانی سەردەمی خۆی لەنێوان دوو ئیمپراتۆریەت پۆلین دەکات و بەس، ئەگینا راستیەکەی ئەوەیە لە رێکەوتننامەی سایکس–بیکۆ (١٩١٦ز) بۆ یەکەمجار کوردستان و ناوچەکە بەنهێنی دابەشکراو لە دەوروبەری ساڵی (١٩٢٠ز) رێکخراوە سیاسیی و سەرکردە کوردەکان پێیانزانی و نامەی ناڕەزایی ئەو دابەشییان بەرزکردەوە– بڕوانە: (دەقی نامەی کۆمیتەی ئیستقلالی کورد لە ساڵی ١٩٢٠ز لەلایەن سورەییا بەدرخان مۆرکراوە بۆ وڵاتانی هاوپەیمانانی نووسیوە)، خۆ ئەرمینیا و ئازەربیجان و عێراقیش کەوتبووە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەوەو بوونە دەوڵەتیش،

بەپێچەوانەوە گەلێ جار میرنشین و دەوڵەتە کوردییەکان سوودیان لەو جیۆپۆلیتیکە وەرگرتبوو، کەواتە ئەو هۆکارەش بنچینەیی نەبووە.

٧– هەندێك لە یاساناسانی کوردی نوێ زیاتر پشت بە هەندێ زانیاری چەوتی پارێزەری نێودەوڵەتی دەبەستن و گوایە لەسەروبەری سەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخ کوردستان مەرجە یاساییەکانی لێنەهاتبووە دی، هەر زۆر بەکورتی وەڵامی دەدەینەوە، چونکە پێشتر شتێکمان لێ باسکردبوو، مەرجە یاساییەکان بریتی بوون لە هەرێمی دیاریکراوی خاوەن ناسنامەو گەلێکی رێکخراوو دەسەلاتێکی سیاسیی، هەڵبەتە لەو رووەوە کوردستان ئامادەسازی یاسایی چاکتر هەبوو لە وڵاتانی دەوروبەر، ئەگەر لەوە دەست پێبکەین وەك بەڵگەنەویست، دەبینین بە سەدان دیکۆمێنت پێشانی ئەوە دەدەن کە سەرکردە کوردەکان، میللەتی کورد، هۆزەکان، لایەنە سیاسییەکان، سکاڵاو داواکارییان بۆ هاوپەیمانان، کۆنگرەکانی ئاشتی، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکردۆتەوە بۆ بوون بە دەوڵەت، بەڵام یەك سکاڵاو داوای وا لە عێراقی عەرەبی بەدیناکرێ ئاوا بەرزیان کردبێتەوە، چونکە میللەت و سەرکردەو هەرێمیان شایانی دەوڵەت نەبووەو ئیرادەی بوون بە دەوڵەتیان نەبووە، کەچی خەڵکی کورد ئیرادەی بوون بە دەوڵەتیان هەبووە، ئەوە وەڵامیشە بۆ بەشێکی تر کە هۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردستانی بۆ نەبوونی ئەو ئیرادەیە دەگێڕنەوە.

هەرچی مەرجە یاساییەکانە باسمانکرد هەر بوونی سنورێکی دیاریکراو بۆ کوردستان هەروەك لە ماددەی (٦٣)ی سێڤر هاتووە بەرەسمی جگە لەوەی لە ئینسکلۆپیدیاکانیش هاتووە، ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرێمی کوردستان بەو ناسنامەیەوە لە وڵاتانی دەوروبەری وەك سوریا و عێراق و تورکیا رەسەنترە (جگە لە ئێران)، هەر خودی خەملێنی وشەی کوردستان لە سەدەکانی (٩–١٠) لەسەر زاری سوڵتان سەنجەر و رەنگە لەپێش ئەویش هەبووبێ، لەساڵی (١٣٣٩ز) کەوتە سەر نەخشەی ئیبن مستەوفی هەر بۆیە بە سەرەتای ناوی جوگرافی و دوای ئیداری و ئینجا سیاسی بەڵگەیەکی سیاسیی و یاسایی ئەوەندە بەهێزە نموونەی زۆر کەمە لەجیهان، گەلەکەشمان باسکرد چۆن ئیرادەی بوون بە دەوڵەتیان

هەبووەو مێژووی سیاسیشیان پڕە لە نموونەی دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆ، لەوکاتیش کە دەوڵەت دروست دەبوو لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨ز)، ئەوا دەسەڵاتی سیاسیی کورد هەبوو شێخ مەحمود بوو، سمکۆ بوو، کەواتە مەرجەکانی لەو وڵاتانەی ناومان هێنان زیاتر سازاوتر بوو (ئەگەر تورکیا و عوسمانی یەکسان نەکەین کە یەکسان نین). جگە لەوانە حکومەتی شێخ مەحمود شەرعیەت و هێزی یاسایی هەبوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەپێی بروسکەی عەلی ئیحسان پاشا بەناوی عوسمانلی لە (٣٠ی تشرینی یەکەم ١٩١٨ز) دانی پیاهێنابوو، دوایی بەریتانیاش دانی پیاهێنا بەپلەی حوکمدار، بۆیە لەپێشتریش وتمان کە دەوڵەتی کوردستان پێویستی بە سیستمی ئینتیداب نەکردووەو لەسەرووی ئینتیداب بووە، مێژووی بەڵێندان بەکورد بۆ بوون بە دەوڵەت زۆر لەپێش ئەرمەنیش بووە، بەڵێنەکانی ئەرمەن لە کۆنگرەی بەرلین ماددەی(٨٠)ی ساڵی(١٨٧١ز) بوو، کەچی ئەو بەڵێنە بەپێی سەرچاوەی (د.علی محمد صلابي– الدولة العثمانية)، هەروەها چەندین بەڵگەنامەی تری فەرەنسی و بەریتانی دەسەلمێنێ، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی (١٩)، بۆیە ئەو هۆکارانەش نەك هەر بنچینەیی نەبووە، بەڵکو لە هەموویان دوورترە لەراستی.

٨– بەشێك لە مێژوونووس و ئابووریناس کە بە فیکری مارکسی کاریگەر بوون، پێیانوابوو ئەو سامانە زۆرەی سەرو ژێر زەوی وایکرد کورد دابەش و داگیر بکرێ و نەبێتە دەوڵەت.

هەڵسەنگاندن: راستە کوردستان سامانی زۆرەو هەموو لایەك چاویان لە خێروبێری بووە، بەڵام سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی سیستمێکی جیهانی نوێ دارێژراو سیستمی ئیمپریالیزمی راستەوخۆش گۆڕا بۆ رێکەوتننامەو ئینتیداب و مۆرکردنی گرێبەستی کۆمپانیا، بەڵام ئەو هۆکارە بۆ دوای دابەشیەکە کاریگەری هەیە، وەك دەبینین چۆن کەرکووك تەعریب کرا بۆ ئەو مەبەستە، وەختێك گرنگی نەوت هاتە گۆڕەپان کە سەردەمی سیستمی نوێی جیهانی هاتە کایەوە، لەلایەن ئەڵمانیا پێش سەدەی بیست گرنگی نەوت بەدی دەکرێ، هەر بۆ زانیاری یەکەمجار گرنگی نەوتی

کوردستان (خانەقین) لەلایەن (معجم البلدان)ی (یاقوتی حەمەوی) باسکراوە نەك وەك هەندێ مێژوونووس دەیدەنە پاڵ زانایانی ئەڵمان لە سەدەی (١٩)، بەڵام بەریتانیا کە نفوزی لە ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بەهێز بوو ئەوکاتی ماکینەکانی بە خەڵوز ئیشی دەکرد دوایی لەسەرەتای سەدەی بیستەم بوو بە نەوت، لەکاتی دابەشیەکەی (سایکس-بیکۆ)ش ویلایەتی موسڵ کەوتە سەر بەشی فەرەنسا، هەر بەو هۆیەوە بەریتانیا تەقەلای لەگەڵ (کلیامنسور)ی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسادا لە کۆنگرەی (سان ریمۆ ١٩٢٠ز) تا ویلایەتی موسڵ بگێڕێتەوە سەر بەشی بەریتانیا بە مەرجی خۆی رێکەوتن، ئیتر لەو سەودایە ئەو بۆچوونە بەهێز دەکا کە گوایە بەهۆی سامانەوە کوردستان پارچە پارچە کرا، هەر لە کۆنگرەی قاهیرەی (١٩٢١) کە عێراقی لێ دروستکرا پاساوی هەرە بنچینەیی هەریەکە لە: (مس بیل) و (برسی کۆکس) لە بەرامبەر پێشنیارە چاکەکانی (چەرچڵ) ئەوەبوو: ئەگەر داهاتی کوردستان لەو عێراقە نوێیە جیابکرێتەوە ئەوا عێراق مقەوماتی ئابووری خۆی نابێ، بەڵام هەموو ئەو تاوتووێیە ئەوە ناگەیەنێ کە کوردستان پارچەپارچەکراو نەگەیشتە دەوڵەت بەو هۆیە، خۆ هەمان سامان درا بەعێراق و بوو بە دەوڵەتیش، ئینجا وڵاتانی کەنداو هەمووی لەسەر بنچینەی نەوت بوونە دەوڵەتی سەربەخۆ، کەواتە هۆکارەکە پێچەوانەیە، دڵنیام ئەگەر کوردستان سامانی نەوتی نەبووایە مێژوونووسەکانی خۆمان بەلایەکی تردا دەچون و دەیانگوت: خوا کوردی لە سامان بێبەشکرد، بۆیە وڵاتێکی زلهێز نەهات تەماحیان تێ بکاو بمانکات بە دەوڵەت ئەوکاتی نەبوونی سامان دەبووە هۆیەکی مەعقولی نەبوونمان بە دەوڵەت، کەواتە ئەو خاڵەش نەك هۆکاری نەبوونی دەوڵەتە بەڵکو بە پێچەوانەوە خاڵی یارمەتیدەرە.

٩- بەشێکی تر پێیانوایە پارچەپارچەکردنی کوردستان و دابەشی بەسەر حکومەتەکانی دەوروبەر هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردییە.

وەڵام: دەبێ بەوردی زنجیرە رووداوەکانی مێژوو رێزبکەین، لەکاتی بێبەشکردنی کورد هێشتا دابەش نەکرابوو (دابەشیەکە مانای مەینەتی و نەگەیشتنی کورد بە دەوڵەت)، بۆیە دابەشیەکە پەیوەندی بە بەردەوامی

مەینەتیەکە هەیە نەك بەرپاکردنی مەینەتییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وڵات هەیە خراپتریش پارچەپارچە ببوو، لەوانە ئەڵمانیا لەپاش جەنگی سی ساڵەو رێکەوتنی ویستڤالیای (١٦٤٦ز) ببووە (١٣٠٠) میرنشینی جیاجیا کەچی (بسمارك) توانی لەساڵی (١٨٧١ز) کۆیان بکاتەوەو دەوڵەتی ئەڵمانیا دروست بکا.

١٠– بەشێکی تر دەڵێن نەبوونی کورد بە دەوڵەت لەلایەن رۆژئاواوە لە رقی صەلاحەددین بووە.

هەڵسەنگاندن: ئەی بۆ عەرەبیان لە تۆڵەی موحەمەد(د خ) و عەباسی و ئومەوی لەدەوڵەت بێبەش نەکردووە، با تورکیایان لە رقی عوسمانی دروست نەکردبایە، هەڵبەتە ئەوەش نییە.

١١–بەشێکی تر مەینەتی کورد بۆ درەنگی پێگەیشتنی هەستی نەتەوەیی دەگێڕنەوە.

وەڵام: ئەوەیان هەر پێچەوانەیە چونکە زۆربەی داڕێژەرانی عەلمانیەتی نەوەی یەکەمی عوسمانی کورد بووینە ئەوەتە لە کۆی چوار لە دروست کەرانی ئیتحادو لتەرەقی لە سالی ١٨٨٩کورد بووینە (د عەبدوڵڵا جەودەت وئیسحاق سکوتلی)،ئینجا بە پێی بەڵگەنامەی بەریتانی دەریدەخا لە ساڵانی پەنجاکان شێخ عوبەیدوڵڵا هەستی دەوڵەتێکی سەرانسەری کوردستانی هەبووە ،ئەو کاتە نە تورك و نە عەرەب ئەو هەستەیان هەر نەبووە.

بەشێکی تر دەڵێن لەبەر کوشتارەکەی ئەرمەنی ..ئەوەی بە ڕەسمی پێی هەستا (ئیتحادوئەلتەرەقی) بووکەچی تورکیای لێ دروستکرا بە پێی ڕێکەوتنامەکانی سێڤر و لۆزان.

کەواتە ئەوهۆیانە هۆی بنچینەیی و کۆتایی نییە، ئەی کەواتە ئێستا پرسیاری بنچینەیی لە زانستی کوردایەتی ئەوەیە: هۆی چی بوو ئێمە نەبووین بە دەوڵەت؟

ئەوەش بەکورتی وەلامەکەیەتی (بەرای خۆم):

ئەوەی لەسەرەوە بۆمان دەرکەوت بەڕوونی دەری دەخات مێژوو بەرپرسیار نییە لە مەینەتی کورد و نەگەیشتنی بە مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت، واتە ئەو مێژووەی ئێستا لە پرۆگرامی خوێندن دەیخوێنین ئەوە غەدر لە کورد دەکا،

نەك مێژوو غەدر لە کورد بکا، بەگشتی فاکتەری مێژوو ئەو رۆڵەی نە بە سلبی و نە بە ئیجابی بۆ کورد نەبینی، ئەگەر بە(گریمان) دان بەوەش بنێین کە کورد لە مێژوودا دەسەلاّتدار نەبووە هەروەك عەرەبی عێراقی هەر لە هەموو مێژوودا خاوەنی دەسەلاّتی سیاسیی نەبووە، خۆ ئاشکرایە عەباسیەکان عەرەب بوون، بەلاّم عێراقی نەبوون، لە پاش ئەوانیش دەسەلاّتە جۆربەجۆرەکانی تەتەر و مەغۆل و سەلجوق و مەملوك و...تاد، نەك عێراقی بەڵکو عەرەبیش نەبوون، کەچی عەرەبی عێراق بوون بە دەوڵەت.

پێش ئەوەی راستەوخۆ بێینە سەر وەلاّم پێویستە بە وردی لەسەر رێکەوتننامەی (سایکس–بیکۆ ١٩١٦ز) بووەستین لەگەڵ مەبەستەکانی:

ئەو رێکەوتنە بەرەنجامی کارو چالاکییەکی زۆری ولاّتانی زلهێزی وەك فەڕەنسا و بەریتانیا و روسیا بوو تا گەیشتنە ئەو رێکەوتنە کە لە (١٦/٥/١٩١٦ز) مۆرکرا دوای دوو ساڵ لە جەنگی جیهانی، هەر ساڵێك دوای ئەوەش (بەڵێنی بەلفۆر) درا، ئەو رێکەوتنە پێکهاتبوو لە (١٢) ماددە میراتی عوسمانی دابەش دەکا بەشێوەیەك کە جارێکی تر ئوممەی ئیسلامیی یەکنەگرنەوەو خیلافەتیش زیندوو نەبێتەوە، چەند ولاّتێکی دەستکردی واش دروست بکەن کە جێی ئیسرائیلی داهاتوو بە سانایی ببێتەوە، ئەوانە ئامانجی سەرەکی بوو لەپێناو ئەو ئامانجانەو بەپێی هەردوو بەرژەوەندی رۆژئاواو ئیسرائیل ناوچەکە دابەشکراوە، لەسەر بنچینەی رەگەزی و ئایینی و جوگرافی و شارستانی و تایفی نەبووە، هیچ بنچینەیەکی سروشتی و بەشەری بەدیناکەی جگە لەو دوو تەرازووە، جا ئەو دوو تەرازووە چۆنی خواستبێ وای بۆ کراوە، کەواتە نهێنیەکانی دابەشی کوردستان لەنێو ئەو دوو نهێنیەدایە کە کەمتر توێژەرەوانی کورد بەلایدا چوونە، ئەگەر ئەو سەردەمەی کە مەینەتی کورد دروستبووە لە دابەشیەکەی و لکاندنی بەو ولاّتانەی دەوروبەر زۆر بە ئاسانی لایەنەکانی بەرپرس لەو کێشەمان بۆ دەردەکەوێ، ئاخۆ کام مەدرەسە بوو؟ عەلمانی بوو یان ئیسلامیی؟ ولاّتانی تەوەر یان هاوپەیمانان، عوسمانی بوو یان رۆژئاوایی؟ ولاّتانی تازە چییان لە ئەستۆدایە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ستراتیژییانە لەپێشدا ئەو ماوە زەمەنییە دیاری دەكەین كە كوردستانی پێ دابەش كرا:

١- لەكۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانی جێبەجێ كرا كە دەكاتە دوای (١٩١٨ز).

٢- لەوكاتە بوو كە هاوپەیمانان بەسەر وڵاتانی تەوەر (كە عوسمانی بەشێك بوو لێی) زاڵبوون.

٣- لەو كاتە بوو بیری عەلمانی جێی بیری ئیسلامیی گرتەوە.

٤- لەوكاتە بوو كە بیری نەتەوەگەری بووە بنچینەی دروستكردنی دەوڵەتی هاوچەرخ لەجیاتی ئیمپراتۆریەتەكان.

٥- لەوكاتە بوو كە ئاشتی جیهانی و (وفاق الدولی) بەو نەخشەیە دروستكرا.

كەواتە بەڕوونی دەردەكەوێ مەینەتی كورد لەساڵی (١٩٠٨ز) دەست پێدەكاو لەساڵانی (١٩١٦ز) خەست دەبێتەوە تا لە ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٥ز) دروست دەبێ.

لایەنە بەرپرسەكان لێی:

ئێستا بەكورتی و ڕاشكاوانە دەردەكەوێ لەنێوان عوسمانلی و توركیای نوێ، مەدرەسەی عەلمانی و ئایینی، وڵاتانی تەوەر و هاوپەیمانان، دیارە كێ لێی بەرپرسیارە.

سێ تەوەرەی جیهانییە:

١- وڵاتانی ڕۆژئاوا كە خۆی لە ڕێكەوتننامەكانی (سایكس-بیكۆ ١٩١٦ز) و هەرەدواییش لە لۆزانی (١٩٢٣ز) دەنوێنێت.

٢- عەلمانیەتی ئیقلیمی و ئەو وڵاتانەی كە دروست بوون لەسەر ئەو بنچینەیە لە پێشەوەیاندا بزووتنەوەكەی مستەفا كەمال ئەتاتورك و دروستبوونی توركیا بەو دەستور و ڕەوتە، ئینجا عێراق و سوریا.

٣- عەلمانیەتی كوردیش بەشێك لەو بەرپرسیاریەتیە هەڵدەگرێ، چونكە بەبەڵێنەكانی ئەتاتورك هەڵخەڵەتاو پاڵپشتی پرۆژەی توركیای نوێیان كرد لەدژی دەسەڵاتی سوڵتان، هەرچەندە بەشی زۆری ئەو عەلمانیە كوردپەروەرانەش دڵسۆز و ماندوونەناس بوونە.

لەگەڵ كۆمەڵێك هۆكاری تر كە لە پێشتر وەك (هۆكاری نابنچینەیی) باسكران، بەڵام كەمتر باسی رۆڵی ئەرمەنیش كراوە كە بووەتە هۆی ناشرینكردنی وێنەی كورد لە ئەوروپا، هەرچەندە لە دواساتەكانی لایەنە سیاسییەكانی ئەرمەن هاتنەوەو هاوپەیمانییان لەگەڵ كورد كرد، بزووتنەوەی (تاشناقی) ئەرمەنی و (خۆیبوون)ی كورد هاوپەیمانییان بەست، نوێنەری ئەرمەنی (بوغز پاشا) لەگەڵ شەریف پاشای كورد پێكەوە نوێنەرایەتی هەردوو كێشەیان كردووە.

بەڵام لەكاتێكدا بوو كە دەرفەتە زێڕینەكان لەدەست چووبوو، هەریەكە لەو تەوەرانە چیرۆكی خۆی هەیەو درێژەكەی لە دەرفەتێكی تایبەتی بە دیكۆمێنتەوە باسیان دەكەین.

مەدرەسەی قاهیرەی موخابەراتی بەریتانیاش بە پێچەوانەی مەدرەسەی هیندی و حكومەتی مەركەزی بەریتانی لایەنگیری ئەو (٣) مونەزیرە بەریتانیەی دەكرد بۆ ئەوەی عێراق بەو قەبارەو سنوورە دروست بكرێ، لە كۆنگرەی قاهیرەی (١٩٢١ز) هەموو ئەوانە زۆر بە خەستی داكۆكیان لە بۆچوونەكانیان كرد و پێشنیارەكەی چەرچڵیان ساردكردەوە كە داوای كردبوو جارێ كوردستان بەند بێت بە ماددەكانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی سێڤر.

ئێستا دەكرێ لیستێكی پیاو چاك و پیاو خراپ بەرامبەر كورد دیاری بكەین، بۆ ئەوەی خەلكی كوردستان بزانن كێ دۆستیان بووەو كێ دوژمن.

لە باشەكان: مێجەر نوئیل، مێجەر روس، چەرچل، ئەدموند لبندی، ئەرسەر فرنج، (مەدرسەی ئەهلی قاهیرەی بەریتانی، كالسورن، سیولی، ریشارد ویب، هادی پاشا، سولتان محمد واحدالدین، فرید پاشا، آ شیرازی، توینبی ـ مێژوونوس).

لە خراپەكان: (ویلسون، برسی كوكس، مس بیل، مارك سایكس، جورج بیكۆ، مەدرسەی بەغدای بەریتانی، ئیتیحادو تەرەقی، ئەتاتورك، لینین، ستالین، مەلیك فەیسەڵ، حزبی فەتاتی عەرەبی، ماكماهون، كلایتون، مێجەرسون، لچمان، لونكرینك، مێجەر ئارهی، مێجەر راندل، نوێنەرەكانی بەریتانیا لە ئێران، جۆن رابك، توماس جوهلەر، لۆرد كیرزۆن)، لەگەڵ زۆر پیاو خراپی تر لەوانەش نەوەی

یەکەمی عەلمانیەتی کوردی وەك (برنجی زادە، حەسەن خەیری، زولفی بەگزادە،ئەلب كۆك..) ئەوانە لە دروستکردنی مەینەتی کورد بەر پرسیارن.

ئەگەرە پێچەوانەکان:

بەکورتی کۆمەڵێك ئەگەری دەگمەن و بێ نەخشە کۆبوونەوەو مەینەتی کوردیان دروستکرد، بەرای من ئەو سەرەنجامە بە نەخشەو پلان نەبوو، زیاتر ڕەوتی ڕووداوەکان وای سوڕاند، هەرچەندە دیکۆمێنتەکانی بەریتانی و فەرنسی بە ڕوونی دەیسەلمێنن کەهەر لە سەرەتای سەدەی (١٩) لە دژی سەرهەڵدانی کورد وەستاون بۆیە ئەگەر ئەو (ئەگەرانەی) خوارەوە بەجۆرێکی تر بووایە زنجیرەی ڕووداوەکان ئەو ڕەوتەی نەدەگرت کە مەینەتی کوردیان دروستکرد ڕەنگە کوردیش بەمافی خۆی دەگەیشت، وا هەندێك لەو ئەگەرە پێچەوانانە تۆمار دەکەین:

١- ئەگەر جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵنەگیرسابایە، ئەگەر هەڵگیرسا ئەڵمانیا و وڵاتانی تەوەر سەرکەوتوو بوونایە لەوانەش عوسمانی ئەوا کورد وای بەسەر نەدەهات.

٢-ئەگەر بەریتانیا نەهاتبایە عێراق و ئەگەریش هات لەلای فاو نەهاتبایە لەلای کوردستان بەرەو عێراق بچووبایە، جۆرە سەرەنجامێکی تری دەبوو.

٣- بەریتانیا تەنها بەسرەی بگرتبایەو بەگوێی حکومەتی هیندی بکردبایەو بووەستایە، یاخود بەرگرییە هاوبەشەکەی شێخ مەحموود و شیعەو عوسمانلی لە شوعێبە سەرکەوتوبووایە.

٤- تەنانەت ئەگەر دەقی ڕێکەوتننامەی (سایکس-بیکۆ)یەش جێبەجێ بکرابایە هەرچەندە زۆر خراپیش بوو، بەڵام لەو دۆخەی دوایی کە لە (سان ریمۆ) و کۆنگرەی قاهیرە هاتەدی باشتر دەبوو.

٥- شۆڕشەکانی بیست لە خواروو سەرکەوتوو بووایە.

٦- حکومەتی ئەنقەرە بەسەر حکومەتی ئەستەمبۆل زاڵ نەبووایە، لە خوارووش حکومەتی بەغدا بەسەر حکومەتی کەربەلا زاڵ نەبووایە.

٧- کۆنگرەی سان ریمۆ نەکراباو سێڤر نەگۆڕابا بە لۆزان.

٨– ئەتاتورك بەسەرسوڵتان زاڵ نەبووایەو کوردە عەلمانیەکان و عەشائیرەکان پشتگیری ئەتاتورکیان نەکردبایە.

٩– شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧ز) نەکرابایە.

١٠– فیکری عەلمانی و دەوڵەتی هاوچەرخ بیری نەتەوەگەری نەهاتبایە ئەو ناوچەیە.

لەگەڵ زۆر ئەگەری تر ئەوا کورد ئەو مەینەتیەی بۆ دروست نەدەبوو، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەگەرە پێچەوانەکان دەبینی سەرجەم زاڵبوونی عەلمانی بەسەر ئاییندی وایکردووە ئەو مەینەتیە دروست بێ، کەچی ئەوساو ئێستاش بەشی زۆری کورد بەو هەنگاوانە خۆشحاڵن.

+ له وەڵامی ئەو پرسیارە چەند پرسیارێکی تر دروست بووە ،چەندە راستەدەڵێن مەلای خەتێ و ئەلمانیا هاریکاری سوڵتان مەحمودیان کرد بۆ ڕووخانی میرنشینی سۆران و پاشای کۆرە؟سەلاحەددین له خزمەتی عەرەبدا بووە، شیخ ئیدریس لەخزمەتی سوڵتان سەلیم بووەو ئەو نەیهێشتووە کورد سەربەخۆ بێت؟

مەسعود عەبدولخالق: ئەوانەی ئەوجۆرە گوتارەیان هەیە پسپۆر نین ،هەرگیز نابینی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بالا ئەو ڕایەی هەبێت،ئەو ڕایە زیاتر بازاڕییە و لە ناخێکی شکست خواردوو هەڵدەقولێ نازانی هۆیەکەی چییە،ئەگینا کەی ئەلمانیا لەو شکستەی میری سۆران بەشدار بووە ،وەك لە سەرو باسمان کرد کەوتە نێو موناقەسەی فەرەنسی و بەریتانی و بە دیکۆمێنتی بەریتانی لای من هەیە،ئیتجا ئەو ڕۆڵەی کە بۆ مەلای خەتێ بە تۆمەت دانراوە دەرکەوتووە ناوی (دیفید ود)ە و بەریتانیە زۆر دوورە لە مەلای خەتێ ، بڕوانە ئەو بابەتەی پ ی سەلام ناوخۆش لە ستاندەر بەناوی: سێکوچکەی ستەم).

+ گەر وایە و ژمارەی دانیشتوان ڕەچاو ناکرێت، دەبینین ڕووبەری کوردستان (٥٠٠,٠٠٠)کم٢ زیاترە کە لە روبەری هەریەکە لە وڵاتەکانی بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سویسرا، دانیمارك، زیاترە، بۆچی ئەم روبەرە فراوانە دەوری نەبینیوە لە بونیادی کیانێکی سیاسیی بۆ کورد؟

مەسعود عەبدولخالق: لەرووی یاساییەوە لەپێشتریش باسمانکرد فراوانی وتەسکی رووبەری هەرێم توخمێکی یەکلاکەرەوە نییە، ئەو وڵاتانە کیانی سیاسی سەربەخۆن و رووبەریشیان چەندە بچووکە وەك: دەوڵەتی فاتیکان باسمان کرد، وڵاتی بەکترن رووبەرەکەی تەنها (٥ کم٢)، کۆماری (نرۆ) رووبەرەکەی (٢٢کم٢)، دەوڵەتی میدیا رووبەرەکەی (٥ کم٢)، (لیخنشتاین) و (میرنشینی مۆناکۆ) زۆر نموونەی تر.. تەنانەت دەوڵەتی ئیسرائیل لەساڵی (١٩٤٨ز) کە دروست بوو رووبەری هەرێمی بە ناسنامەیەکی ئیسرائیلی زۆر کەم بوو، زۆربەیان بە هەرێمی عێراقیشەوە مەرجە یاساییەکانی نەدەهاتە دی، کە بریتییە لە :

١- ئەو هەرێمە موڵکی خۆیان بێ.

٢- گەلێکی دامرکاوی(نیشتەجێ) لەسەر بێ نەك رەوانە.

٣- سنورێکی روون و ئاشکرای هەبێ.

هەموو ئەوانەش لە هەرێمی کوردستان سازابوو، کەچی بۆی دەرنەچوو، بەڵام رووبەری وا فراوانی وەك کوردستان کە زیاترلە (٥٠٠,٠٠٠کم٢) دەبوو بۆ ئەوەی ئەو فشارە جوگرافی و سیاسییە هەمیشەییە دروست نەکاو کورد نەبێتە دەوڵەت لە رێکەوتنی (سایکس-بیکۆ ١٩١٦ز)و کۆنگرەی قاهیرە (١٩٢١ز)و لۆزانی (١٩٢٣ز) دابەشیان کرد و تائێستاش بەردەوامە.

بەڵام ئەو پانتاییە فراوانە لە مێژوودا رۆڵی خۆی بینیوە لە بەرپاکردنی دەسەڵاتی سیاسیی جیاجیا و فراوان، دەشبێ بزانین تا سەردەمی دوایین خیلافەتی عوسمانیش ئەو رووبەرە فراوانە مابوو، هەروەك لە دوا نەخشەی عوسمانی ساڵی (١٨٩٣ز) هەروا بەفراوانی مابوو، لەدوای ئەوان و هاتنی وڵاتانی هاوچەرخ و عەلمانی نەتەوەگەری ئینجا کوردستان هەم بەش بەش کرا هەم وا بچووك دەبێتەوە، بۆیە ئیستا ئەو رووبەرە فراوانە راستەوخۆ ئەو قووڵاییە ستراتیژیە پێکناهێنێ، هەربۆیەش هەر کۆکردنەوەیەکی ئەو وڵاتانە، یان داگیرکردنی یەکیان لەلای ئەویتر ببێتە کۆکردنەوەی دوو پارچەی کوردستان لە خزمەتی ستراتیژی بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەو تیۆرە ستراتیژیە لە جەنگی عێراق

و ئێران وا وەرنەگیرا.ئەوەی سەروو وەلأمیشە بۆ هەر یەکێك کەدەڵێ صەلاحەددین خزمەتی عەرەبی کردووە .

+ زۆرێك لە ناسیونالیستەکوردەکان پێیانوایە بەحوکمی ئەوەی مێژووی ئیسلام لە کوردستان ریشەیەکی قووڵی هەیەو حزوری سیاسیی بەردەوام بووە رۆحیەتی ئایینەکە فاکتەری نەهێشتن و کوشتنی هەستی نەتەوایەتی و فیکری بووە؟

مەسعود عەبدولخالق: لەراستیدا ناسیۆنالیستە کوردەکانی ئێستا جاران زیاتر چەپڕەو بوون و دژی ناسیۆنالیستی بوون، وا لەبیرمە لە (ژ:٢)ی گۆڤاری (کوردایەتی) ساڵی (١٩٨٣ز) کە لەشاخ لەلایەن (ی.ن.ك) دەردەچوو وتارێك وەلأم بۆ من نووسرا تیایدا بیروبۆچونی منی بەدواکەوتە پۆلێنکردبوو لەبەرئەوەی گوایە بیروبۆچوونی من لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ناسیۆنالیزمیە، ئیتر پێوەرەکانی ئەوکاتی زیاتر چینایەتی و ئایدیۆلۆژیای مارکسی و سۆشیالیستی بوو، هەتا سروودی (ئەی رەقیب)یش گۆڕا بۆ سروودی (ئینتەرناسیۆنال)، ماوەیەکی چاکیش رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) بوو، (دەنگی شۆڕشی عێراق)و عێراقچی و ئێرانچی..زاڵتر بوو، هەموو حیزبە کوردستانیەکانی سەرتاسەری کوردستان عەلمانییەکی مارکسی توند بوون، ئەوەی هەرە نەرمەکە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئەویش دروشمی رووخانی ئیمپریالیزم بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بوو، تەنانەت لە دواساتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقیش لە کۆنگرەی (٩) لە ماددەکانی(٥) و (٦)ی پەیڕەووپرۆگرام هاتە سەر ڕاڕەوی مارکسی، پاساوی هەموو ئەو هەنگاوانە ئەوەبوو کە سەردەمی بیری ناسیۆنالیستی و دەمارگیری نەتەوەیی نەماوە. لەسەر دیوارەکان دەنووسرا (کوردایەتی شەرمەزارییە)، لەگەڵ زۆر ڕاستی تر، کەچی ئەمڕۆ دیسان لەو مەدرەسەیە شکستیان هێناوە چوونەتەوە ئەوسەر و تەرازووەکەی کوردایەتیان پاوەنکردووەو بەو تەرازووە مزایەدەیەکی وەك پێشتر دەکەن و لەگەندەڵیش نقوم بوونە، بۆیە ئەو ڕووانگانە ژەنگاوین و خودی ئەو پرسیارانەی لای ئەوان دروست دەبێ و ئاڕاستە دەکرێ لە پرسیاری (شەڕی پارتیزانی) دەچێ، لێرە پرسیارێك

دەکا پێچەوانەی دوێنێیەتی، پێچەوانەی بەشێکی تری خۆیەتی، لەلایەك دەڵێن میللەتانی تر سوودیان لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە بۆخۆیان کەچی لەولایە دەڵێن ئایین لەخۆ دوورخەنەوە، چونکە گیانی نەتەوەیی دەکوژێ، هەر لەلایەن مونەزیرە ناسیۆنالیستەکان دان بەوە دەنێن کەمەرجی نەتەوایەتی بریتییە لە: مێژوو، نیشتمان، ئایین، بەرژەوەندی هاوبەش، زمان، .. کەواتە ئایین فاکتەری وشیاری و یەکخستنە، هەر ئایین بووە یەکەم شارستانی و یەکەم دەوڵەتی دروستکردووە، ئینجا ڕەگی ئەو جۆرە پرسیارانە لە کەللەو مێشکێك هەڵدەقوڵێ کە زانیارییەکانی دروست نین، ئەوانە وا تێگەیشتوون کە ئومەوی و عەباسی بەمیرات ئەو (٢٢) دەوڵەتە عەرەبیەیان بۆ عەرەب بەجێهێشتووە، عوسمانیش تورکیای بەمیرات بەجێهێشتووە، کوردیش بێ میراتە، بۆیە لەناکاو هێرشێك دەکەنە سەر سەلاحەددینی ئەیوبی و شێخ سەعید و شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ مەحموود وشیخ عەبدولقادر و قازی موحەممەد و مەلا مستەفا. !

کەچی ئەو زانیارییانە هەمووی هەڵەیەو حوکمەکەش لەسەر ئەو سەرکردانە زوڵم و نەفامیە، ئومەوی و عەباسی بەناوی عەرەب حوکمیان نەکردووە، هەروەك ئەیوبی بەناوی کورد نەبووەو عوسمانی بەناوی تورك نەبووە، ڕۆم بەناوی غەجەر نەبووە، دەوڵەتی رۆستەمی مەغریبیش بەناوی فارس نەبووە، تاریقیش بەناوی بەربەر نەبووە، ئەوانە پەیوەندی بە قۆناغی خۆی هەیە کوا لەو سەردەمە بیری نەتەوەیی و دەسەڵاتی نەتەوەیی، نەك بۆ کورد بۆ هیچ میللەتێك، ئایینەکان مرۆڤایەتین جیاوازی لەسەر بنچینەی ئینتیمایە ستوونییەکانی وەك بنەماڵەو عەشیرەت و نەتەوە ناکەن، هیچ فەلسەفەو مەدرەسەیەکیش بوێری ئەوە ناکا سەروەری بەو ئینتیمایانە بکەن جگە لە بزووتنەوەکانی فاشی و نازی و بەعسیەت کە هەموویان بەهیلاك چوون، لەهەمانکاتدا بەو تەرازووە مرۆڤایەتیە ئایین ڕۆڵی بنچینەیی هەبووە لە دروستبوونی هەرچی دەسەڵاتێکی کوردییە. کام میرنشین و

ده‌وڵه‌تی كوردی هه‌بووه له‌سه‌ر شه‌ریعه‌تی ئیسلامیی نه‌ڕۆیشتبێ له: ئاڵاكه‌یان، سكه‌كه‌یان، دوعای ڕۆژی هه‌ینی، ده‌ستوریان [1].

خۆ تا (ژ.ك ١٩٤٢ز)، دواییش (حدكا ١٩٤٦ز) و دوا سه‌ركرده‌ی ئایینی مه‌لا مسته‌فا (١٩٧٥ز) هه‌موو شۆڕش و ڕاپه‌ڕین و كیانه‌كان زانای ئایینی بوون.

له‌پاش هه‌موو ئه‌وانه‌ش ئه‌وجا ده‌گه‌ڕێمه‌وه سه‌ر پرسیاره‌كه‌و ده‌ڵێم كێ وڵاتانی عه‌ره‌بی و توركیای دروستكردووه؟ زۆر به ڕاشكاوانه وڵاتانی عه‌ره‌بی له‌لایه‌ن داگیركه‌رانی به‌ریتانی و فه‌ڕه‌نسی و به‌پێی ڕێكه‌وتننامه‌كان بۆیان دروستكرا، (جگه له جه‌زائیر)، وڵاتانی عه‌ره‌بی ئاسیا باسمانكرد له (سایكس–بیكۆ)..تاد، ئه‌وه‌ش به پێچه‌وانه‌ی تێگه‌یشتنی ناسیۆنالیستی كورد چاكه نه‌بووه له‌گه‌ڵ عه‌ره‌ب، به‌ڵكو پارچه پارچه كراون و ناشرین كراون، بۆیه زانایانی ئایینی و پێشه‌وایانی عه‌ره‌ب شۆڕشیان له‌دژی ئه‌و هه‌نگاوه كرد هه‌ر له مه‌غریب تا عێراق، كه بریتی بوو له شۆڕشه‌كانی عه‌بدولكه‌ریم خه‌تابی له مه‌غریب، عه‌بدولقادر جه‌زائیری و ئیبن بادیس له جه‌زائیر، عومه‌رولموختار له لیبیا، بزووتنه‌وه‌ی مه‌هدی له سودان، تاده‌گاته شۆڕشی (١٩٢٠ز) له عێراق، به‌ڵام ڕۆژئاوا به‌سه‌ر ئه‌و شۆڕشانه‌دا زاڵبوو، ئینجا ئه‌و پلانه وێرانكه‌ره‌ی به‌سه‌ر عه‌ره‌ب سه‌پاند، ئه‌وه سزابوو نه‌ك پاداشت، كوا ئه‌وه چ په‌یوه‌ندی به عه‌باسی و ئومه‌وی هه‌یه، كوا ده‌سه‌ڵاتی عه‌ره‌ب له عێراق له‌مێژوودا بڕۆ بۆ هه‌شت سه‌ده، به‌هه‌مان شێوه‌ش توركیای نوێ چ په‌یوه‌ندیه‌كی به عوسمانی هه‌یه، مه‌گه‌ر پێچه‌وانه‌ی یه‌كتریش نه‌بن، توركیای نوێ میراتگری عوسمانی نییه، هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی یاسایی به‌ده‌سته‌وه نییه، به‌ڵكو به پێچه‌وانه‌وه توركیای نوێ له‌سه‌ر بنچینه‌ی مادده‌ی (١٢)ی بنه‌ماكانی ویلسۆنی سالی (١٩١٨ز)و به‌پێی مه‌رجه‌كانیسیفه‌ری ١٩٢٠و لۆزانی (١٩٢٣ز) دروستبووه له‌دژی عوسمانی، بۆیه‌ش ڕه‌گو ڕیشه‌ی یاسایی و سیاسیی و جوگرافی توركیای نوێ ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌نقه‌ره نه‌ك

---

[1] بۆیه‌ش لێره به ده‌وڵه‌تیان ناو ده‌مه‌ن (نه‌ك میرنشین)، چونكه خاوه‌نی ئه‌و كۆمه‌ڵگه یاسایی و سیاسیی و ئابوورییانه بوونه كه ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخی له‌سه‌ر دروست بووه، سه‌ره‌ڕای هه‌رێمێكی فراوان زۆرجاریش گه‌یشتۆته به‌غدا.

ئەستەمبول، کێشەو شەڕی نێوانیشیان زۆر دوورودرێژە، لێرە مەودای ئەو باسە نییە، ئەگینا بەڕوونی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەردەکەوێت.

لە پاش هەموو ئەو ڕاستیانەش بۆ گەڕانەوە بۆ کرۆکی پرسیارەکە، خۆ ئێستاکوا بزووتنەوەی رزگاریخوازی بە پێشڕەوایەتی عەلمانی نەماوە، تەکنۆلۆجیای سەربازی داگیرکەر وا گەشەیکردووە مەگەر بە ئیسلامییەکان نەبێ ئەو بەرگرییە ناکرێ، هەرچەندە ناسیۆنالیستە عەلمانیەکانیش رۆڵی خۆیان بینیوە.

بە کورتی قۆناغەکانی بەرگری نیشتمانی لە رۆژهەلات بەچوار قۆناغ ڕەتبووە:

١- لە سەرەتا (کۆتایی سەدەی ١٩) بیری ناسیۆنالیزمی لەرێی لیبرالەکانەوە دروست بوون کە لەگەلٚ رۆژئاوا نزیکبوون بە هەرجۆرێك بێت و هەندێ دەوڵەتی نەتەوەییان دروستکرد.

٢- لەدوای ئەوان ناسیۆنالیستەکان بەرگری داگیرکەریان کرد و کۆمەڵێك نەتەوە لەسەر دەستیان ڕزگار بوو تا پەنجاکانی سەدەی بیست.

٣- لەگەلٚ گەشەی تەکنۆلۆجی سەربازی داگیرکەران لەتوانای تەیاری ناسیۆنالیزمی نەما بەرگری بکا پێوستی بە تەیارێکی بەهێزترە لە ئایدیۆلۆژی، ئەویش مارکسی بوون، ئەوەش کۆمەڵێك دەستکەوتی هەبوو لە رزگارکردنی ڤێتنام و کەمبۆدیا و ئانگۆلا و نیکەراگواو زۆر وڵاتی ئەفریقی تر.

٤- لەگەلٚ گەشەی زیاتر تەکنەلۆجیای داگیرکەر لەسەدەی نوێدا ئێستا ئەو بەرگرییە بە فیکری مارکسیش ناکرێ، بە ئایدیۆلۆژیایەکی بەهێزتری وەك ئایینی دەکرێ، بۆیە ئێستا بەدەگمەن (بزووتنەوەیەکی وەك پەکەکە)، ئەگینا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نوێ هەمووی ئایینین، بڕوانە چیچان، فەلەستین، مۆرۆ، کشمیر، خوارووی لوبنانو ...تاد. تەواو بە پێچەوانەوە ئێستا تەیاری عەلمانی و ناسیۆنالیستی لە جیهانی ئیسلامیی دیمەنی زۆر ناشیرین بووە، بەشی زۆریان خەریکی سەوداو گەندەڵی و دیکتاتۆر بازین، بۆیە لە کوردستان و وڵاتانی تریش دەبینین فاکتەری ئایینی مایەی بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانییە نەك عەلمانی و ناسیۆنالیستەکان، کوا ئەو رۆڵەی ناسیۆنالیستەکان بۆ پتەوکردنی ئینتیمای

کوردایه‌تی، جگه لەوەش ئەو ناسیۆنالیستیه عەلمانیانەی عەرەب و تورك دوژمنی هەرە سەرسەختی چارەنووسی کوردستانن، بەپێچەوانەوە لایەنە ئیسلامییەکانی ولاتانی داگیرکەر زۆر لەوان باشترن، هەرچەندە پێویست بوو زۆر باشتریش بن و ئەوانیش ڕەخنەیان لەسەرە ئەگەر پرسیارەکە ڕوو لەوانیش بێت.

+ گەروایە ئیسلام ڕێگربووە لەبەردەم لاوازکردنی ئەو هەستە خۆڕسکەدا بۆچی لەپاش رووخانی دەوڵەتی (ماد) و بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان کورد نەیتوانیوە لەو ماوە زەمەنیەدا قەوارەیەکی هاوشێوەی ئەو دەوڵەتە دروست بکات؟

مەسعود عەبدولخالق: باوەڕناکەم کەسێکی ئەکادیمی بە مەسئولیەت بدوێ بڵی ئیسلام ڕێگر بووە جگە لە قسەی بازاڕی، ئینجا دەبێ لەسەر سایکۆلۆجیەتی ئەو پرسیارە بووەستین هەستی نەتەوەیی خۆڕسك نییەو ئەزەلی نییە، زیاتر کاردانەوەو وروژاندنە، نەك هەستی نەتەوایەتی، بەڵکو ئینتیمایەکی نووستوو بە وروژاندن و خیت خیتە دەبزوێ، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵە خەڵکێك دابەش بکەی بۆ دوو گروپ (أ) و (ب) و لایەکیان وا بوروژێنێ چ بە شانازی و مەدح چ بەزەم، جۆرێك لە دەمارگیری و هەست بۆ گرووپەکەی دەبێ، هەستی نەتەوایەتی ئەوەندە قووڵ نییە لە مێژووی ئەوروپا لە سەدەی (١٨-١٩) دەست پێدەکا لە کتێبەکانی (گۆپینۆ و هیگل و مازینی و...)، لە بزووتنەوەکانی ناپلیۆن و هەنگاوی یەکخستنەوەی ئەڵمانیا لە ١٨٧١ز لەسەر دەستی (بسمارك) بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و دواییش بیری نەتەوەیی، دوایی هەر لەرێی ئەوروپییەکان هاتە نێو عوسمانی و ئینجا (ئیتیحادو تەرەقی) لە (١٨٨٩ز) لەسەر ئەو بنچینەیە دروست بوو، لەنێو عەرەبیش هەریەکە لە (نەجیب عازوری و ناسیف یازجی و بنەماڵەی بستانی و جۆرج ئەنتۆنیۆس و ساتع الحصری و میشیل عەفلەق و هەندێکی تر) ئەو ڕۆڵەیان بینیوە، یەکەم کۆمەڵەش بە ناوی (الجمعیة السوریة) بوو لە ساڵی (١٨٥٧ز) لەسەر دەستی (بوترس بوستانی و ناسیف یازجی) دروست کرا، خۆ کوردیش لەوانە لەپێشتر کەوتە ئەو کارە، ئەوەتا (د. عەبدوڵڵا جەودەت) و (د. ئیسحاق سکوتلی) هەردوولایان کورد بوون و ئەوان (ئیتیحاد تەرەقی)یان

دروستكرد له (١٨٨٩ز)، زیاتر لهوهش كوردهكان پێشڕهوی تورك بوون بۆ زیندوكردنهوهی ههستی نهتهوایهتی تورك له دژی عوسمانی، یهكهم كهس ئهوهی پیتی لاتینی هێنا ناو عوسمانیش ههر كورد بوو (د. عهبدوڵلا جهودهت) بوو، زۆر به دهگمهن توركێك دهبینیهوه خاوهنی ئهو بهرنامه (دامهزرێنهرهی) بیرو ههستی توركایهتی و تۆرانی بووبێ. ئهگهر بڕوانینه ئهو ناوانه: (ئهنوهر پاشا، تهڵعهت پاشا، جهمال پاشا، ئهلب كۆك، مهحموود پاشا، نامیق پاشا، تادهگا مستهفا ئهتاتورك) تورك نین، خودی ئهتاتوركیش له بنهماڵهی (ریس)ی یۆنانییه، زۆربهی مونهزیری تۆرانی به رهچهڵهك یههودین، مونهزیری عروبهش زۆربهی مهسیحی شامن، ئهوانهش بهرنامهو نهخشهی تایبهتی ههیه ئهگهر به وردی بنواڕینه رێكهوتنهكانی جیهانی ههر له (كارلوفیجه ١٦٩٩ز)، تا دهگاته كۆنگرهی (پاریس ١٩٠٢، ١٩١٣ز و سایكس بیكۆ و...تاد)، ئینجا بهوردی سهرنج بدهینه (پرۆتۆكۆلات حكماو صهیون).. بهشێوهیهكی ئهكادیمی دهردهكهوێ، ئهوهی لهپشت وروژاندنی ههستی نهتهوایهتی تورك و عهرهب بوو رۆژئاواو یههودی بووه نهك خۆیان، ههر ئهوانیش عهرهب و توركیان گهیانده ئهو جۆره دهوڵهتانه، كهواته ئهو نهخشه سیاسییهی ئێستا دووره له ئیسلام و بهرههمی ئهو نییه، ئهوه لهلایهك و لهلایهكی تر لهپێش ئهو مێژووه واته پێش سهدهی (٢٠) وڵات و كیان و میرنشین لهسهر بنچینهی ههستی نهتهوهیی دروست نهبووه تا كوردیش دروستی بكات، دهوڵهتی (ماد)یش چ پهیوهندی به ههستی نهتهوایهتی كورد نهبووه، كوا دهوڵهتێك یان ئیمپراتۆریهتێك لهو سهردهمی تا نزیك سهدهی بیست لهسهر بنچینهی ههستی نهتهوایهتی دروست بووه، بۆیه هیچ لهو ئیمپراتۆریهتانهی پێش ئیسلام، (له ماد، ئاشوری، سۆمهری، .. تا دهگاته ئومهوی و عهباسی و فاتیمی و ئهیوبی و عوسمانی) موڵكی میللهتێك نین، لهو سهردهمی پهیوهندی سیاسیی و یاسایی نێوان ههرێم و گهل و دهسهڵاتی سیاسیی نهخهملێبوو، ئهو پهیوهندییه دهگهڕێتهوه بۆ (تهواوهن ساڵی ١٩٢٩ز)،[٢] ئهوكاتی دهتوانرا سهركردهیهك بێت

[2] بڕوانه: ١– الاسلام والعلمانية وأثرهما في نشأة الجولة العراقية..

٢– القانون الدولي في الإسلام..

لەسەر خاکی میللەتێکی تر دەوڵەت دروست بکا، هەروەك عوسمانی لە تۆران ڕاهاتن لە ئەنادۆڵ و ڕۆملی دەوڵەتیان دروستکرد، ئەیوبی لە کوردستان ڕا چوون دەوڵەتیان لە شام و میسر و جەزیرە دروستکرد، (ئەسکەندەری مەقدۆنی لە بابل، موحەممەدی کوڕی ڕۆستەمی فارس چوو لە مەغریب دەوڵەتی دروستکرد..)، ئا بەو شێوەیە بوو، بۆیە ناسنامەی ئەو دەوڵەتانە روون نییە بەپێی ناسنامەی ئەو سەردەمە، هەربۆیەش ناکۆکی زانستی هەیە لەسەر ساغکردنەوەی ناسنامەیان، لەکاتێکدا (د. ئەحمەد سوسە) ئاشوری و کلد و سۆمەری بە بناغەی عەرەب لە عێراق دەژمێرێت، (عەبدوڵلا ئۆجەلان)یش بە کورد، کەچی نەوەیان ماوە نە عەرەبن و نە کورد، هەر ئێستاش نەوەی ماد کیانێکی بچووکن لە خوارووی چین، تەنانەت گەلێ دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتەکان مەرج نەبووە لەو میللەتە بێت، (ئەردەشێر و کەریم خانی زەند) کورد بوونە ئیمپراتۆریەتی فارسیان دامەزراندوە، قاجاریەکان تورك بوونە.. بەو شێوەیە، بە دەگمەن نەبی ئەو جۆرە مێژووی کاریگەری لەسەر نەخشەی جیهانی سیاسیی نوێ نییەو فاکتەری نەبوونی دەوڵەتی کوردی کەمتر پەیوەندی بەو جۆرە چالاکیە سیاسییە مێژووییە هەیە، سایکۆلۆجیەتی ئەو پرسیارە وای لێدەخوێندرێتەوە کە گوایە هاتنی ئیسلام بووبێتە هۆی ئەوەی کورد نەبووەتە خاوەنی کیانی سیاسیی و دەوڵەت، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە لە پێش ئیسلام کورد دابەشکرابوو لەنێوان ڕۆم و فارس هەر جارەی لایەك دەهاتن و داگیریان دەکرد، بەتایبەتی فارس کوردستانی کردبووە مەیدانی بەدڕەوشتی و جۆرە ڕاڕەوێکی بەدڕەوشتی مانی و مەزدەکی وای لێ بڵاوکردبۆوە کەس خاوەنی خاووخێزانی خۆی نەبوو، سیستمی شەوی یەکەمی بووکێنی دەبووایە بەلای کێخواکانی سەر بە کیسرا ڕەت بێت، بەو شێوەیە کوردستان داگیرکرابوو لە بارێکی سەختی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی بوو پەرێشانی ڕزگارکەرێك بوو، بۆیە وا هاریکاری سوپای ئیسلامیان کرد، ئەو سوپایەی کە پێکهاتبوو لە سوپای (الحمرا)ی سەر بە (دێلم)ی کورد کە لە قادسیە بەدواوە سەرکردایەتیی وەرگرت لە خوارووی بەغدا تا (ئیقلیمی الجبال - کوردستانی ئێستا)، کورد لەدوای ئەو مێژووەو بووە خاوەنی کیان و دەوڵەتی

خۆی و بووە خاوەنی زاناو شارستانی و فەرهەنگ، ئەگینا بەشی هەرە زۆری کورد و عەرەب و تورك میللەتی بەدەوی و رەوەند بوونەو خاوەن شارستانییەت نین، هەرچی نەریت و کولتوور و فەرهەنگی چاکە بۆ ئایینەکە دەگەڕێتەوەو فەرهەنگی پەلامارو ڕێگری و زۆرداری بۆ بەهای رەسەنی ئەو میللەتانە دەگەڕێتەوە.

بێجگە لە هەندێ ماوەی مێژوویی کەم نەبێ کوردستان داگیرنەکراوە تا سەرەتای سەدەی (١٩) کە سیستمی لامەرکەزی هەڵگیرا لە سەردەمی عوسمانی لەلایەن نامیق پاشاو مەدحەت پاشاو هەندێ کەسانی تری غەرب پەروەر، ئەگینا ڕێکەوتننامەکەی شێخ ئیدریسی بەدلیسی و سوڵتان سەلیم کە لەساڵی (١٥١٤ز) بەسترابوو– لەگەڵ هەندێ پێشێلکاری لە هەردوولا – بەکاربوو تا ئەوساتی،کەواتە سەلماندنی ناوێ ئیسلام ڕێگربێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و پەیوەندییەکی بەو فەترە مێژووییەی نێوان هاتنی ئیسلام و دەوڵەتی ماد نییە، تەواو بە پێچەوانەوە لەگەڵ کزبوونی ئیسلامیی سیاسیی لەسەدەی (١٩) دوای لەناوبردنی بەیەکجاری لە (١٩٠٨ز) تاکو (١٩٢٤/٣/٣ز) لەو فەترەیەش مەینەتی کورد دروست بوو.

+ مێژووی دورودرێژی کورد وابووە سەرکردەو دەسەڵاتدارەکانی میرنشین و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کەسانی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانە نەیانتوانیوە تەنانەت لەژێر کاریگەری ئایینیشدا بێت، بیر لە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بکەنەوە کە میللەتەکەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك رزگار بکەن؟

مەسعود عەبدولخالق: دووبارە دەبێ لەسەر باری دەروونی زەمینەی ئەو پرسیارەی لێ هەڵقوڵاوە بووەستین، کە دەڵێن دابەشی و بێبەشکردنی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئاوا ستاندەری عەقڵی سیاسیی کوردی لەرزۆك کردووەو زۆر بە زەحمەت لێقل دەبێ، مەبەستمان ئەوەیە بە پێچەوانەی ئەو پرسیارە کورد لەمێژووی سیاسیی خۆی کەمتەرخەم نەبووە، تا سەدەی (٢٠) وەك میللەتانی تر بووە، با نموونە بە عەرەبی عێراق بهێنینەوە کە بوونە دەوڵەت، کوا لەپێش ساڵی (١٩٢١) دەوڵەتی عێراقی– جگە لە نموونەی میرنشینی بچووك لە بەسرەو (فوراتی ناوەڕاست) دروست بووە بە لاوازی، ئەگینا کوا کیان و بوونی

سیاسیی عەرەب، هەر ژێردەستەی فارس و تورك و كورد و مەملوك بوونە، تەنانەت داود پاشا كە لەدایكبووی تەفلیسە لە جۆرجیا و بە فرۆشراوی هێنرایە بەغدا وەك بەندەیەك بۆ كڕین و فرۆشتن، لە بەغداش چەند جار كڕاو فرۆشرا، ئینجا ئەوە لە بەغدا بەسەر عەرەب بووە حوكمدار، كوا لە كوردستان نموونەی وا هەیە، خەڵكی تر نەیانتوانیوە بێن لە كوردستاندا حوكم بكەن، زانایان و سەركردەی كوردی ئایینی ئەركی خۆیان بێ كەموكوڕی لەو ڕووەوە بینیوە، چ لە میرنشین دروستكردن چ لە دەوڵەت لە ئیمپراتۆریەتی وەك ئەیوبیش، كوردستانیان پاراستووەو بە دەسەڵاتی خۆیان، تا نیوەی سەدەی (١٩)ش دوا میرنشین (بۆتان) بوو لەژێر فەرمانداری بنەماڵەی بەدرخان، ئیتر كاتێ ڕۆڵی ئایین و خیلافەتی ئیسلامیی و زانای ئایینی كەم بووەوەو نۆرەی عەلمانییەت و بیری نەتەوەیی و هێزەكانی هاوپەیمانان هات ئینجا كورد كەوتە مەینەتی.

لەو پرسیارە وادەردەكەوێ كە خەڵكی تر لەسەر ئایینەكانی عەرەب و تورك و چەركەس و ئەوان ئەو ئیشەیان بۆ میللەتی خۆیان كردبێ، كوا یەك نموونەی وا نییە، باسی وڵاتانی عەرەبمان كرد چۆن دروست بووە لەسەردەستی ئیمپریالیزم، تەنانەت توركیاش لەسەر دەستی كەسە ئایینی و سوڵتانەكانی عوسمانی دروست نەبووە، توركیا بەرهەمی ماددەی (١٢)ی بنەماكانی ویلسۆن (١٩١٨ز)و مەرجەكانی سیفەرو لۆزانی (١٩٢٣ز)و سیناریۆیەكی ئاڵۆزی نێوان ئەتاتۆرك و هاوپەیمانان بووە، نەك بەرهەم و درێژكراوەی عوسمانی بێت، لە عێراقیشدا شۆڕشی بیست بە سەركردایەتیی زانایانی ئایینی وەك (أ.محمد شیرازی، محمد شەهرستانی) و سەركردەكانی تر، ئەوانە بوون، ئەویش وەك شۆڕشە ئایینیەكانی ئەم دواییەی كوردستان سەركەوتوو نەبوو تا بڵێین عێراقی نوێ لە بەرهەمی ئەوانەیە، نەخێر زۆربەی شۆڕشەكانی ئایینی لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەجیهانی ئیسلامیی شكستی هێنا، ئینجا ئەو نەخشە سیاسییە لەسەر كەلاوەی ئەوان دروست بووە نەك لەسەر بینای ئەوان، واتە ئەو خاڵە پەیوەندی بە مەینەتی كوردەوە نییە.

كەواتە:

١- ئەو مێژووەی ئێستا بۆ کورد دەنووسرێتەوەو بڵاو دەکرێتەوە، نەك هەر دورە لەڕاستی، بەڵکو گەلێ زیان بەخشیشە بۆ دۆزی کورد.

٢- هەندێ ڕاستی تێدایە بەڵام وای لێ هەڵبژێردراوە کە دیوە ڕووناکەکانی فەرامۆشکراوە.

٣- بەکورتی و ڕاشکاوی لەگەڵ هاتنی عەلمانیەت و هەڵمەتەکانی ئیمپریالیزمی و نەخشەی مەزنی دەولەتی ئیسرائیل ئەو کێشەیە دروست بوو.

٤- سەرەتای مەینەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەترەی ١٩٠٨- ١٩١٦- ١٩٢٤ز.

٥- دەروازەکانی سەرکەوتن و رزگاربوونی کورد ئەو هەنگاوە پێچەوانانەیە کە لەو فەترەیە ڕوویاندا.

هەر لەوانەش بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی کوردی لێ دەتاشرێ.

+ ڕاستە لەگەل سەرهەڵدانی دەسەڵاتی عوسمانی کورد توشی نوشستی بووە ؟

مەسعود عەبدولخاق :دەبێ بزانین کە ئێمە باسی چاکەی عوسمانی و خەلافەتەکانی تر دەکەین بە نسبیەت ئیستاوە باشە ئەگینا ئەوانیش بەشی زۆریان دەسەلآت خواز بوون، برای یەکتریان کوشتووە لەپێناو دەسەلآت،چۆن تەماحیان لە کوردستانیش نەبووە، بەلآم ئەو تەماح و داگیرکاریانە شێوازی نەتەوەگەری نەبووە،کاتێ سیستمی مەرکەزی لەلایەن لائیکیەکانی وەك نامیق پاشا و مەدحەت پاشا لەکۆتایی سەدەی ١٩بە سەر عوسمانیدا چەسپا، ئەوا کیانە سیاسیەکانی کورد وعەرەب وچەرکەس وهەتا ئیمارەتی تورکمانی لە ئەنادۆلیش تێك چوو، کوردیش لەکاتی دەسەلآتا وابووە ،سەرەڕای هەمووئەوانەش بەگشتی سەردەمی خەلافەت وسەردەمی عەلمانیەت بەراورد ناکرێ،وەك لەو خشتەکە بەراوردەی خوارەوە دەردەکەوێ،دەریش دەکەوێ کەهاتنی عوسمانی نوشستی نەبووە ،بەڵکو هاتنی عەلمانیەت و ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی بووە نوشستی بۆ کورد.

خشتەی بەراورد بۆ کێشەی کورد هەڵوێستی خەلافەت و عەلمانی تۆرانی

دەسەڵاتی ئەنقەرە ی عەلمانی(ئەتاتورك)(لەکۆتایی سەدەی ١٩ تا٢٠٠٥ن)	دەسەڵاتی خەلافەت لە ئەستەمبۆل(سەدەی ١٣ تا١٩٠٨)
١–بیرێکی عەلمانی نەتەوەگەری تۆرانی.	١–بیرێکی ئیسلامیی عوسمانی بە لاوازی.
٢–بنەماکانیان دژ بە ئیسلام و کورد بوو	٢– دژایەتی کوردی تیا نەبوو.
٣–رێککەوتنی سیڤەر و مادەکانی ٦٢ و٦٣ و ٦٤ بە مەرگی تورکیای نوێ ژمێرکردوە	٣–سیڤری مۆرکرد
	٤–رێککەوتنی دووبەدوو ی نێودەوڵەتیشی مۆرکردبوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان
٤–هیچ رێکەوتنێکی مۆرکراوی نەبوو لەگەڵ کورد، هەر بەڵێنی زارەکی بوو.	٥–چالاکی سیاسی و رۆشنبیری حزبی هەموو لە ئەستامبۆل بوو
٥–بواری هیچ چالاکیەکی سیاسیی و رەوشەنبیری کوردی نەدەدا.	٦–بەشداری لۆزان نەبوو تەنها لەسێڤر بەشداری کرد
٦–لۆزانی هێنایەدی.	٧–لەگەڵ کەوتنی ئەستەمبۆڵ هەموو حزب و رۆژنامە و ناوەندە کوردیەکانی لێ داخرا
٧–دوای هەموو کوردی قڕکرد.	
٨–سەرەنجام ئەنقەرە سەرکەوت و میللەتی کورد کەوتە ئەو مەینەتیە تا ئێستا.	٨–هەتا خەلافەت مابوو کورد سەربەخۆ بوو، ئەگەر خەلافەت سەرکەوتبایا ئێستا کوردستان لەرێزی میللەتان بوو.
٩–ناو وزمانی کوردو کوردستانی قەدەغە کرا	٩–نەك ویلایەت هەتا ئیالەتیش بە ناوی کوردستان بووە[3].
١٠–بە تیکڕایی تا خەلافەت مابوو سەرجەم کورد خاوەنی ٦٤دەوڵەت و	١٠–لە سەردەمی عەلمانی نەك هەر

[3] بڕوانە نەخشەی عوسمانی سالی ١٨٩٣– ویلایەتەکانی بەشی ئاسیا .

میرنشین وکیانی سیاسیی بوو. ١١–سنوری کوردستان وەك خۆی گەورە بوو	کیانی سیاسی،بەلکوبە هاوولاّتی پلە ٢و٣ وکیمیایی وئەنفال دەکریّ. ١١–سنوری ئیستای کوردستان نیوە بووە .

+ هەندێك دەلێن چۆن شیخ ئیدریس لە سەدەی ١٦و مەلای خەتی لە سەدەی ١٩وئاواش شیخ عبدالقادر لەسەدەی ٢٠بوە هۆی شکستی کورد بە هاریکاری لەگەلّ کمال ئتاتورك ؟

مەسعود عەبدواخالق: ئەوە جۆرە گوتارێکە زادەی هاوسەریەتیەکی بێ مارەیی نێوان فیکری مارکسی و فکری تەغریبیە بۆ کورد دروست بووە،کۆن و سکرابیش بووە ،سەردەمێك بوو دەبوایە هەرچی هەیە لە مل ئاینی بپێچی،لەسەر ئەو بنچینەیە ڕەخنەی بێ بناغە لە تەواوی مێژووی کوردو سەرکردە ئاینیەکانی وەك عوبەیدوللاّ و شیخ سەلام وشیخ سەعید و شیخ مەحمودو قازی و بارزانی گیراوە.

لەوەو پێش باسی شیخ ئیدریس ومەلای خەتێمان کرد،ئەوەی زۆر زولّمە لە شیخ عبدالقادرە چونکە تەواو بە پێچەوانە ئەو لە دژی ئەتاتورك بوو،خۆشی سەرۆکی ئەنجومەنی دەولّەتی عوسمانی لە ئەستەمبولّ بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە پێویستە هەلّوەستەیەکی خێرا لە ناکۆکی سولّتان و ئەتاتورك و هەلّویستی کوردی بکەین :

لەساڵەکانی ١٩٢٠بەدواوە دوو حکومەتی دژ بەیەك لەنێو عوسمانی دروست بوو،یەکیان عەلمانی لە ئەنقەرە بە سەرۆکایەتی ئەتاتورك ،ئەوی تریش لە ئەستەمبول بەسەرکردایەتی سولّتان موحەممەد واحدالدین ،هەلّویستی سولّتان ئەوەیە کەلە خشتە بەراوردەکەی سەروو ڕوونمان کردۆتەوە ،هەروەها هەلّوێستی ئەتاتورك و ئەنقەرەش لە هەمان خشتەدایە،...لە نێو کورد دابەشیەکیش پەیدا بوو،عەلمانیە کوردەکانی وەك (حسن خەیری و برنجی زادە و زولفی بەگزادە و ئەلب کۆك و رەفیق حیلمی و...) لایەنگیریەکی بەتوندی ئەتاتورکیان کرد،هەرچی شیخ عبدالقادرو شیخ سعید وسعید نەورەسی ..)پێیان وابوو ئەتاتورك فێلّە لەکوردی دەکاو ئەو دەسکەوتانەی لە ئەستەمبۆل وسولّتان هاتبووە دی

لەباردەبا،تەنانەت شیخ عەبدولقادر بە عەلمانیە كوردەكان دەڵێ : ئـەوە سـوڵتان خەریكە سەربەخۆیی دەدا مەچنە بەرەی ئـەتاتورك ئەگـەر بـەریتانیا ڕاست دەكا بەئەندازەی سولّتان ئەو مافەمان پێ دەدا لەگـەلی ڕێك دەكـەوین،بۆ زیاتر سـەیری ئەو بەلگەنامانەی بەریتانی بكە :

دكتۆر حەكیم ئەحمەد، مامۆستا لە زانكۆی صەلاحەددین



بە درێژایی قۆناغە مێژووییەكان سەلمێنراوە ڕۆحیەتی ئاینی ئیسلام، هەمیشە فاكتەرێكی هاندەر بووە بۆ بزواندنی فیكر نەك چەقاندنی، بە مەرجێك ئەم فیكرە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بووبێت.

ـ له سالّی ١٩٦٦ له‌دایکبووه .

ـ قۆناغه‌کانی سه‌ره‌تایی و ناوه‌ندی وئاماده‌یی له کۆیه تەواو کردووه .

ـ ١٩٩٦ بڕوانامەی ماستەری له زانکۆی صه‌لاددین، به‌شی مێژووه‌رگرتووه

ـ ٢٠٠٣ بڕوانامه‌ی دکتۆرای له مێژووی کورد له سەردەمی ئیسلامدا له زانکۆی صه‌لاحه‌ددین وه‌رگرتووه

ـ سه‌رپه‌رشتی و تاووتوێی چەندان نامه‌ی ماسته‌ری زانکۆکانی صه‌لاّحه‌دین و سلێمانی و دهۆکی کردووه .

ـ ئێستاش مامۆستایه له به‌شی مێژوو له کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سه‌لاحه‌دین .

ـ ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه‌ی مێژوونووسانی کوردستان بووه که له ١٩٩٢ز له هه‌ولێر دامه‌زرابوو.

ـ ده‌سته‌ی دامه‌زرێنه‌ری کۆمه‌ڵه‌ی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستانه .

ـ ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی گۆڤاری (مێژوو)ه له هه‌ولێر.

سـەرەتا دەبێـت ئـەوە بـزانین كـە خوێندنـەوەی مێـژوو و حوكمـدان لەسـەر ئاراستەو ڕووداوەكانی و لێكدانـەوەیان بـە ئاراسـتەیەكی دیـاریكراو بـە شـێوەیەك كە خزمەت بە بیرو بۆچوونی یاخود تێڕوانینی تایبەتی كەسێك یان لایەنێك بكـات لە ڕووی تیۆرییەوەو زارەكیانە كارێكی ئەوەندە ئەستەم نییە كە نـەكرێت، بـەڵكو ئاسانیشە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەم بـڕو ژمـارە زۆرەی گێڕانـەوە (ریوایەتـە) مێژووییەكان كە لەناو سەرچـاوە جـۆراو جۆرەكانـدا هـاتوون و زۆر جـاری وا هەیـە پێچەوانەی یەكترن و دژ بەیەكن.

مەبەست ئەوەیە كاتێك كەسێكی (نەتەوەیی) یان (ماددی) یان، دەیەوێت ئاراستەی لێكدانەوەی ڕووداوە مێژووییەكان بە وردو دروستییەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕووانگەی ئایدیای تایبەتی خۆیەوە لێكبداتەوە كە ناودەبرێت بە (تێڕوانینی پێشوەختە بۆ مێژوو) كە حوكم و بڕیاری پێشوەختەو ئامادەكراو (جاهز)ی لەسەر بنیاد دەكرێت، ئەوا بە ڕاستی مێژوو بە هۆی دەوڵەمەندی و بەرفراوانیەكەی بە بەریەوە هەیەو بۆ كەسی (مەبەستدار) دەلوێت ئەم كارە بكات.

بەڵام نابێت ئەو ڕاستیەمان لەبیر بچێت كە هەر كەسێك، ڕۆشنبیرێك، نووسەرێك، مێژووناسێك، ئاوا بیربكاتەوەو هەوڵبدات بۆچوونێكی (هزری)ی پێشوەخت (سۆزدرانە) بسەپێنێت بەسەر ڕووداوە مێژووییەكان لە هەر سەردەم و قۆناغێكدا ڕوویاندابێت، بەتاڵكردنەوەی مێژوو لە جەوهەرو ڕاستیەكەی و ئەوكات توێژینەوەی مێژوویی لەسەر بنچینەو بنەما زانستیەكان هیچ نرخ و بەهایەكی نامێنێت، بەڵكو مێژوو دەبێتە ماددەیەكی ئایدیۆلۆژی، سیاسیی یان ڕاگەیاندكاری و بۆ چەندین مەبەستی دوور لە ڕاستی بەكاردەهێنرێت كە لە حەقیقەتدا ئامانج لە مێژووناسی ئەوە نییە !

ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە قسەكردن لەسەر مێژوو بە شێوەیەكی ڕەها هەڵەیەكی تری گەورەیە كە زۆر كەس تێیدەكەون بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، نا بەڵكو كارەساتە كاتێك كەمترین بوار بۆ (ڕێژەیی)مێژوو بهێڵێتەوە،

کە لە پەراوێزێکی بەرتەنگدا خۆی بنوێنێت، کەچی لە ڕاستیدا پەراوێزی ڕەهایی لە مێژوو و لێکدانەوەی مێژووییدا زۆر بەتەنگترە نەك بە پێچەوانەوە.

دیارە (ڕەهاییانە) ڕوانینە مێژوو دەمارگیری لێدەکەوێتەوە کە ڕێگرو بەربەستە لەبەردەم تێگەیشتنی ڕووداوە مێژووییەکان و هەرسکردنیان و لێکدانەوەیان بە شێوازێکی زانستیانەو تەندروستانە، هەروەها بەربەستە لەبەردەم گەیشتن بە ڕاستیە مێژووییەکان، یاخود هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لێیان.

بە واتایەکی تر ئەم دەمارگیرییەی کە زادەی تێڕوانینی پێشوەختەی ڕووداوەکان و ڕەهاییانە ڕووانینە لە مێژوو، دەبێتە هۆی دروستکردنی تارماییەکی گران و باڵدەکێشێت بەسەر هەر ئاسۆیەکی ڕوونی دەرکەوتنی ڕاستییەکان.

دەرەنجامیش ئەم جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوانە هیچ خزمەتێك نە بەرەوتی زانستی و نە بەرژەوەندی نەتەوەیی و تەنانەت مرۆڤایەتیش ناکات، جگە لە تێرکردنی کۆمەڵێك حەزو ویست و نەزەواتی دەروونی سۆزداری کورتبینانە، کە نەك بۆ ئەمڕۆ، بەڵکو بۆ ئایندەی میللەت و کۆمەڵگەش زێدە مەترسیدارە. یەکێك لە خاڵە هەرە نێگەتیڤەکانی ناو کەسایەتی کوردی ئەوەیە کە شکست و نسکۆکانی دەخاتە ئەستۆی کەس و لایەنی تر و زۆر بە ئاسانی پاساویان بۆ دەدۆزێتەوە. بێگومان زەحمەت نییە هۆکاری گشت نەخۆشی و کەموکورتیەکانت بگەڕێنییەوە بۆ (وەهم)ی هۆکاری دەرەکی و بۆ خۆشت بۆی دەرچیت.

بەڕاستی نەهامەتی و نوشوستیەکانی کورد هەر لە دێرزەمانەوە تاکو ئەمڕۆ زۆرن، زۆرجاریش جەخت دەکرێتەوە لەسەر فاکتەری جوگرافی، سیاسیی، دەوروبەر...هتد، کەچی فاکتەری خودی (ذاتی) فەرامۆش دەکرێت یان بچووك دەکرێتەوە.

ڕاستە هەریەك لەم فاکتەرانە کەم یان زۆر ڕۆڵی خۆی بینیوە، بەڵام فاکتەری هەرە گرنگ خودیەکەیە کە پەیوەستە بە پێکهاتەو بونیادی دەروونی-

کۆمەڵایەتی– ئابووری تاکی کورد وەتاکو ئەمڕۆش ئەم فاکتەرە ئامادەگی تەواوی هەیە و ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت.

+ زۆرێك لە ناسیۆنالیستە کوردەکان پێیانوایە ئیسلام بە حوکمی ئەوەی مێژووی ئامادەگی بوونی لە کوردستاندا ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و حزوری سیاسیی بەردەوام بووە ڕۆحیەتی ئایینەکە فاکتەری نەهێشتن و کوشتنی هەستی نەتەوایەتی و فیکریی بووە بەبەردەوامی لە بەردەم تاکی کورددا کە هەرگیز لە بیری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا نەبێت، بەڵگەی مێژوویمان لەم بارەیەوە هەیە؟ گەروایە، ئایا ئیسلام ڕێگر بووە لە بەردەم لاوازکردنی ئەو هەستە خۆڕسکەدا کە کورد نەتەوەیەکی موسڵمان بووە ؟

دکتۆر حەکیم: دیارە ئایینی ئیسلام وەکو ئاینێکی ئاسمانی و دوایین پەیامی خودایی، ئامانجی تەواوکاری ئایینی و پەیامەکانی پێش خۆی بووەو تەنها بریتی نییە لە چەند بەندوبارو تقوسێکی موجەرڕەد کە هیچ پەیوەندی بە لایەنی ژیان و ژیارەوە نەبێت، بەڵکو کاتێك سەیری تێکستە ئایینیەکانی ئیسلام دەکەین چ ئەوانەی لە قورئان هاتووە و چ ئەوانەش لەسەر زمانی پێغەمبەر گێڕدراونەتەوە بە فەرموودەی ڕاست (صحیح) ناودەبرێن، دەبینین گوزارشت لە سەرجەم حاڵەتە ماددی و مەعنەویەکانی تاك و کۆمەڵگا دەکەن و بوارە جیاجیاکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و...هتد دەگرێتەوە، تەنانەت ئەرك و فەریزە ئایینییەکانیش لە نوێژو ڕۆژو و زەکات و حەج... بۆ ئەوە دانراون کە ڕەنگبدەنەوە لەسەر واقیعی تاك و کۆمەڵگە واتا بەیەك بەستنەوەی هەردوو ژیانی دونیاو دواڕۆژ، هەرکاتێك ئەمە ڕوویندەدا، ئەوا فەلسەفەی ئیسلام نەهاتۆتەدی و بە ئاقارێکی تردا بردراوە، لە لایەکی تریشەوە ئیسلام وەك ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیرو کۆگیر چەندین نەتەوەو زمان و ڕەگەزی لەخۆوە گرتووە کە بە پێی تێکستی قورئانی پێغەمبەرەکان وابەستەی (برایەتی ئایینی) کۆیان دەکاتەوەو دەبنە پاڵپشتی یەکترو باری یەکتری سووکدەکەن و لە خۆشی و ناخۆشیدا بەیەکەوەن، کەواتە سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان کۆمەڵێك و کۆمەڵێکی تری کە بە هۆی جیاوازی زمان یاخود جوگرافیا یان هەر شتێکی تر

حزووریان دەبێت، لە ڕێگەی ئەم ئایینەوە دەپووکێتەوە و سووك دەبن، بەڵام نەك بەو مانایە کە (نەتەوە)و (میللەت)و (ڕەگەز)و (زمان) ڕەتبکرێتەوەو بە فەرمانێکی ئایینی (ئاسمانی) هیچ حیسابێکیان بۆ نەکرێت، چونکە ئەم ئاخاوتنە تەواو پێچەوانەی تێکستەکانە وەك ئەو ئایەتە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾، **هەروەها ئایەتی** ﴿إن في اختلاف السنتكم وألوانكم لآيات..)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بوونی چەندین میللەت و هۆز و کۆمەڵی جیاواز ویستێکی خوداییەو و ڕەتکردنەوەی پێچەوانەی ئەم ویستەیە، هەروەها ئەمە دەگەیەنێت کە پەروەردگار بوونی چەندین نەتەوەو زمان و ڕەنگ و ڕەگەز بە یەکێك لە بەڵگەو نیشانەو ئایەتەکانی گەورەیی و بە توانایی زاتی خۆی دادەنێت، جا سڕینەوەیان و پەراوێزخستنیان لەژێر هەر پەردەیەك بە هەر پاساوێك بێت قەدەغەو حەرامە.

هەروەها لە فەرموودەیەکدا هاتووە: (خيركم المدافع عن عشيرته مالم يأثم) واتا: باشترینتان ئەوانەن کە بەرگری لە قەوم و کەسوکارو ئەو کۆمەڵەیە دەکات کە ئینتیمای بۆی هەیە (نەك ئینتیمای ئایینی) بەڵکو (ڕەگەزی و ڕەچەڵەکی) بە مەرجێك لەسەر حەق بێت نەك ناحەق.

کەواتە دەکرێت بەپێی یاساکانی ئیسلام کە لە ڕووی واقیعی مێژووییشەوە سەلمێنراوە، نەتەوەو کۆمەڵەو ڕەگەزە جیاجیاکان بەیەکەوە بژین و تایبەتمەندی خۆیان بپارێزن لەڕووی داب و نەریتو شێوازی ژیانیان، بەڵام هەموویان لەژێر یەك چەتر کە ئایینی ئیسلامە کۆببنەوە و لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینیەوە هەموو ئەندامانی ئەم کۆمەڵ و نەتەوانەوە، بە پەیوەندی برایەتی ئیمانیەوە گرێ دەدرێن و تەواوکەری یەکترن و هاوکاری یەکترن لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئایینی ئیسلام ئاینێکی جیهانی گشتگیرو (ئومەمیە)، بەڵام لە هەمانکاتیشدا داندەنێت بە تایبەتمەندیەکان بە مەرجێك پێچەوانەی بنەما چەسپاوو نەگۆڕەکانی ئیسلام نەبن کە دیاریکراون.

لە لایەکی تریشەوە ڕۆحیەتی ئایینی ئیسلام کە بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکانی سەلمێنراوە، هەمیشە فاکتەرێکی هاندەر بووە بۆ بزاوندنی فیکر

نەك چەقاندنی، بە مەرجێك ئەم فیکرە لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بووبێت، نەك بردنی بە ئاقارێکی نادیارو ئەفسوناوی و گوماناوی، هەر بۆیەش موسڵمانەکان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە بە تایبەتی لە ماوەی حوکمڕانی عەباسیەکان بە شێوەیەکی کراوە مامەڵەیان لەگەڵ پاشماوەی بەرهەمە ژیاریەکانی نەتەوەکانی پێش ئیسلامدا کردووە لە کولتوری فارسەکان و هیندیەکان و سریانەکان و گریکەکەکان و ڕۆمەکان و زۆر لە بەرهەمەکانیان وەرگێڕا سەر زمانی عەرەبی و لە فەوتان پاراستیان، کە دواتر جارێکی تر لە سەردەمی ڕێنیسانس، ئەوروپیەکان گەڕانەوە سەریان و کردیان بە سەرچاوەی بووژانەوەیان لە هەموو ڕوویەکەوە.

پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ئیسلامیی تێدا دەرکەوت، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەردەمی ململانێی ئایینی بوو، هەردوو جەمسەر لە ژێر چەتری هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلامدا لە ڕکابەریدا بوون، دیارە هەڵمەت و پەلامارەکانی خاچدروشمەکان کە چەندەها میللەت و ڕەگەزی ئەوروپی بەشداریان تێداکردو هێرشیان هێنایە سەر جیهانی ئیسلامیی (ڕۆژهەڵات) لەژێر دروشمی (خاچ) بوو، موسڵمانانیش بە کوردو تورك و عەرەبەوە کە ڕووبەڕووی ئەم پەلامارانە بوونەوە کە ماوەی نزیکەی دوو سەد ساڵی خایاند لەژێر دروشمی (لا إله الا الله محمد رسول الله) بوو، لەبەر ئەوە چاخەکانی ناوەڕاست بە (چاخەکانی باوەڕ) ناودەبرێت هەروەکو مێژوونووسی بەناوبانگی میسری سەعید عەبدولفەتاح عاشور لە کتێبی (الحركة الصليبية) باسی دەکات.

جا بە ڕاستی ئێمە تاوەکو لە ئایدیاو بیروباوەڕو لایەنی هزریی کۆمەڵێك و سەردەمێك بەگشتی تێنەگەین ناتوانین ڕووداوە مێژووییەکان لێکبدەینەوە، چونکە هەر ئەم هزرەیە کە ڕووداوەکە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبات، بۆیە هەندێك دەڵێن: (مێژوو، سەراپای مێژووی هزرە)، چونکە هەر هزرو شێوازی بیرکردنەوەیەکە ڕووداوە مێژووییەکان دروست دەکات.

کەواتە هەروەك پێشتر باسمانکرد ئیسلام بە هیچ شێوەیەك ڕێگر نەبووە لەبەردەم لاوازکردنی ئەو هەستە (فطري)یە (خواڕسکە)، بەڵکو داوای پاراستنی کردووە، بەمەرجێك سنوور نەبەزێنێت و هەستی تاکەکانی نەتەوەیەکی تر بڕوشێنێت یان پەراوێزیان بکات.

دەوڵەتی (ماد)یش خۆ دەوڵەتێك نەبووە لەسەر بنچینەی (نەتەوەیی) دامەزرابێت، بەڵکو ئیمپراتۆریەتێکی بەرفراوان بووە کە چەندین نەتەوەو میللەت و کۆمەڵی بەخۆوە گرتبوو، ئیتر لە دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتەو تاوەکو گەیشتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان، حاڵەتێکی نەهاوشێوەو نە زۆر بچووکتریش دووبارە نەبۆوە بەڵکو مێژووی کورد لەو ماوەیە زۆر لێڵاوییە و ئەگەر نەڵێین هەر بە تەواوی نادیارە.

ناسیۆنالیزم بە مانا تازەکەی و لە ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی، بە ئەوروپاوە پەیوەستە، چونکە گوزارشتێکی سیاسیە بۆ گەلاڵەبوونی نەتەوە ئەوروپیەکان و هەروەها بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکانیان. وە هزری ناسیۆنالیستی لە ئەوروپا بێنەو بەردەیەکی گەورەی لە نێوەندەکانی هزرمەندە ڕۆژئاواییەکان نایەوە، بۆ چەند بەشێك پۆلێنکرا وەك: ناسیۆنالیزمی خێر و ناسیۆنالیزمی شەڕ...هتد، لەلایەکی تریشەوە بە چەند ئاراستەیەکدا گەشەیسەند، ئەوەبوو جارێك بە دیموکراسیەوە گرێدراوە، جارێکی تریش بە نیشتمانییەوە، هەروەها بە بیرۆکەی (نەتەوە)شەوە. تەنانەت کۆمەڵناسی ناودار (جان جاك ڕۆسۆ) لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، بە هەمان دید دەیڕوانییە ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەری بێ جیاوازی، ئەمە پێش ئەوەی زاراوەی ناسیۆنالیزم وەك بەکارهێنانێکی توندوتۆڵ بێتە ئاراوە.

(ڕۆسۆ) بە شێوەیەك ڕەوتی نیشتمانێتی ناسیوە کە گونجاندویەتی لەگەڵ ئاکاری ڕەوشتی، مەبەست لە چالاکی سیاسیی و یاساکەی لە تیۆرەکەیدا بە گەورەزانینی دەوڵەت نەبووە، بەڵکو میللەت بووە بەم شێوەیەی کە ویستی گشتی دیاری دەکات.

ناسیۆنالیزمی سەردەمی ڕۆشنگەرایی بە گشتی عەقلانی بوو زیاتر لەوەی سۆزداری و هەڵچوونی پێوەدیار بووبێت. سەرەڕای بەرزی دەنگی (نیشتمانی) ڕۆسۆ.

بەڵام جۆرێکی تر لە ناسیۆنالیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم سەریهەڵدا، کە لەسەر بناغەیەك لە کولتورو داب و نەریتەکان دامەزرا و لە هەمانکاتدا هزرو بۆچوونی ڕۆسۆشی چووە ناوەوە، ئەوەبوو ڕۆسۆ توانی گەشەبدات بە هاودژی لە نێوان سەرەتایی (بەرایی) و دروستکراو (البدائي والمصطنع) کەچی پێشینەی زیاتری بە یەکەمیاندا. ئەم بیرۆکەیەش هەڵقۆزرایەوەو لەسەر دەستی ناسیۆنالیستە ڕۆمانتیکیە ئەڵمانە بەراییەکانی وەك: هیردر و فیختە، بەسەر نەتەوەدا جێبەجێکرا، ئەوانە پێیانوابوو کە نەتەوە (سروشت) دروستی کردووە، هەر بۆیەش شتێکی پیرۆزە. (بڕوانە: هوراس دافیز، القومية نحو نظرية علمية معاصرة، ترجمة: سمير كرم، بيروت، ۱۹۸۰، ص٤٤—٤٥).

کەواتە ئەوروپا لە سەدەی هەژدەهەم بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی ناسیوە، چونکە ناسیۆنالیزمەکانی ڕۆسۆ و هیردەر و فیختە بڵاوبۆتەوە. بەڵام دیارە بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا کتوپڕ سەریهەڵنەداوە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ سەدە لە سەردەمی ڕۆژئاوایی نوێ لە نێوان سالآنی (۱۵۰۰—۱۸۰۰ز)، و لە ماوەی شۆڕشی فەڕەنسیدا پتەوو توندوتۆڵ بوو.

بیری ناسیۆنالیزم دووچاری ڕەخنەیەکی توند بوویەوە لەلایەن چەندین سیاسەتمەداری هزرمەند، وتراوە کە ئەم بیرە پێچەوانەو دژە لەگەڵ ڕەوشت، چونکە هەروەك وەسف کراوە (ئامانجێکی نێو نەتەوەیی نییە یان ڕەگەزپەرستییە یان نامرۆڤایەتییە یان ناجیهانییە)، هەروەك (مۆریی کرانستۆن) دەڵێت: ناسیۆنالیزم ناتوانێت شێوازێکی جیهانی وەربگرێت، چونکە ڕەهەندی ڕەوشتی تیانییە کە وادەخوازێت هەموو ئایدۆلۆژیەکان هەیانبێت.

هەروەها (باربرا وارد) دەڵێت: ناسیۆنالیزم وەلامێکی تێروتەسەلی نییە بۆ کێشەو گرفتەکانی هاریکاری مرۆڤایەتی، چونکە سروشتە جەوهەرییەکەی وا

ده‌خوازێت كه‌ خه‌ڵكانی تر له‌ ده‌ره‌وه‌ی خۆی جێ بهێڵێت. (بڕوانه‌: هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل٦٢).

هه‌ندێكی تریش واده‌بینن كه‌ ناسیۆنالیزم پاساوێك بووه‌ بۆ فراوانخوازی، چونكه‌ كاتێك فه‌ڕه‌نسیه‌كان له‌ كۆتایی سه‌ده‌ی هه‌ژده‌هه‌م پره‌نسیپی ناسیۆنالیستیان خسته‌ ناو سیاسه‌ته‌ ئه‌وروپیه‌كان، ده‌ستیانكرد به‌ خه‌باتگێڕی له‌ پێناو ئه‌م پره‌نسیپه‌، جه‌نگه‌كانی ناپلیۆنیش گشتیان جه‌نگانێك بوون له‌ پێناو پره‌نسیپێك.(هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل٦٢).

(برنتون) ئه‌م بۆچوونه‌ پشت ڕاستده‌كاته‌وه‌ و ده‌ڵێت: (خۆرئاوا له‌ لێكدانه‌وه‌ی ئه‌م بیرۆكه‌یه‌ زیاده‌ڕۆییه‌كی به‌خۆیه‌وه‌ بینی كه‌ له‌م چه‌ند سه‌رده‌مه‌ ناسیۆنالیسته‌ خۆی ده‌نوێنێت، كه‌وا كۆمه‌ڵه‌یه‌كی ناسیۆنالیستی بۆ سه‌روه‌ری به‌رزده‌كاته‌وه‌و كۆمه‌ڵه‌كانی تریش بۆ ئاستی كۆیلایه‌تی داده‌به‌زێنێت، یان ئه‌م بیرۆكه‌یه‌ ده‌یه‌وێت سه‌راپای زه‌مینی نیشته‌جێ بكرێت به‌یه‌ك كۆمه‌ڵه‌ی هه‌ڵبژارده‌ و له‌ناوبردنی كۆمه‌ڵه‌كانی تر، دیاره‌ حاڵه‌تی ئه‌ڵمانی كه‌ له‌ بیروباوه‌ڕی نازیه‌ت گه‌یشته‌ ئه‌وپه‌ڕی دیارترین و به‌ناوبانگترین شێوه‌ی جێبه‌جێكردنی ئه‌م بیرۆكه‌ ناسیۆنالیسته‌یه‌.(كليرنس برنتون، أفكار ورجال: قصة الفكر الغربي، ترجمة: محمود محمود، القاهرة، ١٩٦٥، ص٥٢٤).

مێژوونوسی ئینگلیزیش ئاڕنۆلد تۆینبی پشتگیری له‌م ڕایه‌ ده‌كات و وا وه‌سفی ناسیۆنالیزم ده‌كات كه‌ بریتییه‌: (له‌و كرمۆڵه‌ تۆقێنه‌ره‌ی ڕه‌وشی سیاسیی كۆمه‌ڵگه‌ی خۆرئاوایی مۆدێرنمان ژه‌هراوی ده‌كات، ئه‌وه‌ ئاینێكی قه‌ڵپ و نه‌خۆشه‌..). (هوراس دافيز، المرجع السابق، ص٦٢).

به‌ڕاستی هه‌ڵمه‌تی ڕه‌خنه‌ی ئاراسته‌كراو بۆ هزری ناسیۆنالیستی نه‌ له‌ ناوه‌وه‌ی خۆرئاواو نه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی كپ نه‌بۆوه‌، ئه‌م هه‌ڵمه‌ته‌ش له‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرتبوو كه‌ په‌یدابوونی ده‌وڵه‌ته‌ ناسیۆنالیسته‌كان هۆكاری بنه‌ڕه‌تی هه‌ڵگیرسانی هه‌ردوو جه‌نگی جیهانی بوو. چونكه‌ په‌یوه‌ندییه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌كان له‌ نێوان ده‌وڵه‌ته‌ ناسیۆنالیسته‌ جیاجیاكاندا هه‌روه‌كو (نانزمور گنتاو) جه‌ختی له‌سه‌ر ده‌كاته‌وه‌ له‌ ڕاستیدا ململانێیه‌ له‌ پێناو هێزو ده‌سه‌ڵات له‌ ڕێگه‌ی

بەکارهێنانی هێزو لە پێناو هێزی زیاتر.(بڕوانە: كليم صديقي، الحركة الاسلامية قضايا وأهداف، ترجمة ظفر الاسلام خان، لندن، ١٩٨١، ص٤٧).

سەرەڕای ئەوەش هەرچەندە (هوراس دافین) لە میانەی بەرگریکردنی لە بیرۆکەی ناسیۆنالیستی بۆچوونی مارکسیەکان وفوزەوییەکان (الفوضويون) و ڕاستڕەوەکان و ئەوانیتری ڕەتدەکردەوە و لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نەبوو کە دەڵێت: (دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان هۆکاری شەڕ هەڵگیرسان بوون)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەنجام دان بەوە دادەنێت کە (ناسیۆنالیزم زیاتر دیاردەیەکی هاوشانی جەنگەکانە، نەك هۆکارێك بێت بۆ بەرپابوونیان). (المرجع السابق، ص٦٠).

کەواتە بیرۆکەی ناسیۆنالیزم– بە گوێرەی ئەم بۆچوونەی پێشوو– هەرچەندە تەنها هاوشان و هاوکاتی جەنگەکانە، نەك هۆکاری سەرەکی بەرپابوونیان، بەڵام بنچینەی دروستبوونی نەتەوەو پەیدابوونی دەوڵەتە ناسیۆنالیزمەکەیەتی کە بە لای جیابوونەوەو تایبەتمەندی و ململانێ لەگەڵ نەتەوەکانی تردا دەچێت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانی.

ئەمە پێش وێنەی هزری ناسیۆنالیزمە کە سەرچاوەکەی ئەوروپیە، بەڵام ئایا لە کەیەوە هزری ناسیۆنالیزم لای میللەتانی ئیسلام سەریهەڵدا و سەرچاوەکانی هزری ناسیۆنالیزمی تورکی چین؟

بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تا ڕادەیەکی زۆر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ناسۆنالیزمی کوردیمان بۆ بە دیاردەخات.

سەرەتا بابزانین ئایا تورکە عوسمانیەکان خۆیان لە نەتەوەکانی تری ژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانی جیادەکردەوە؟ لەڕاستیدا واقیعە مێژووییەکان ڕوونی دەکەنەوە کە تورکە عوسمانیەکان پێش نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم هیچ ڕەوت و مەیلێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزییان نەبووە. بۆ ماوەی نۆ سەدەی یەك بەدوای یەك لەژێر سایەی ئیسلام دەژیان و ئینتیمایان بۆ بیروباوەڕی ئایینی پێش هەموو شتێکی تر بوو، تەنانەت دانیان بەتورکبوونی خۆشیاندا نەدەنا، واتا شانازییان پێوەنەدەکردو خۆیان پێی هەڵندەکێشا. زمانی تورکی لە سەردەمی

سەلجوقیەکان لە دیوان و فەرمانگەکان بەکارنەدەهێنرا، هەروەها زمانی ئەدەب و زانست نەبوو، بەڵکو زمانی عەرەبی و فارسی بوو.(بڕوانە : قیس جواد العزاوی، الدولة العثمانية، بیروت، ٢٠٠٣، ص١٢٥).

لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم مێژوونووسی ئەمریکی لوثروب ستودارد وەسفی سالانی پێش سەرهەڵدانی هزری ناسیۆنالیزمی تورکی دەکات و دەڵێت: (سێ تا چوار دەیە بەر لە ئێستا هیچ شتێك لە ئارادانەبوو کە ئەم بزاڤە ناسیۆنالیزمەی پێوەدیاربێت، وئارمینوس ڤامبری پێی ڕاگەیاندم کاتێك بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٥٦ز سەردانی قوستەنتینیەی کرد، وشەی تروکلەك (تورك) هاو واتای وشك و ڕەقی و دواکەوتوویی نەزانیبوو، هەرواش دەژمێردراو لای خەڵکی باوبوو. وەکاتێك هەڵدەستام بە تێگەیاندنی خەڵك سەبارەت بەم مەترسیە گەورەیەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەهەمبەر بنەچەی ڕەگەزەی تورك (کە لە ئەدەرنەوە تاکو باسفیك بڵاوبوونەوە، وا بەرسڤیان دەدامەوە: توخوا وازمان لێبێنەو نەمانخە ڕیزی قرغیزو تەتەرەکان...).(بڕوانە: ستودارد، حاضر العالم الاسلامي، ترجمة: عجاج نويهض، بيروت، ١٩٧٣، مج٤، ص١١١).

جا ئەگەر ئەمە وێنەی گشتی هزری ناسیۆنالیزمی تورکی بێت، ئەدی لای عەوامی خەڵك دەبێ حاڵی دەسەلاتی سیاسیی چۆن بووبێت؟ ئایا هەستکردن بە ئینتیما بۆ نەتەوەی تورك هەبوو؟ تیۆرداڕێژی هزری ناسیۆنالیزمی عەرەبی (ساطع الحصري) لەم بارەیەوە دەڵێت: تورکبوون لە نەریتی پیاوانی دەوڵەت و نووسەرانی هاومانای سادەیی و عەوام بوو، تەنها بە مانای خەڵکی بازاڕو کەسانی سادەو کرچ و کاڵ بەکاردەهات، تەنانەت هەندێك مێژوونووس کاتێك ناچار دەبوون وشەی (تورکەکان) بەکاربێنن هاوماناکەیان دەنووسی بەتەنیشتیەوە کە دەستەواژەی (بێ ئیدراك) بوو واتا کەسانی نەفام و ناحاڵی و دوورە عەقڵ) (ساطع الحصري، محاضرات في نشوء الفكرة القومية، بيروت، ١٩٨٥، ص٩٢).

هەروەها دەڵێت: (عوسمانییەکان زۆر دووربوون لە هەستکردن بە ناسیۆنالیزمی تورکی)(هەمان سەرچاوە، ل٩٣).

هەروەها ئینسكلۆپیدیای ئیسلامیش جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە (تاوەكو سەدەی نۆزدەهەم توركەكان هیچ ڕەوت و مەیلێكی ناسیۆنالیستیان نەبووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە (تورك) لە لایان مانای كەسێكی دێنشینی زبرو توندوو دارگران (ئێسك قورس) بوو).
), p. ١٩٣Encyclopedia of Islam, Tome IV, (paris, ١
.(٠٩٢٧

لەم گەواهیدانانەی (ستودارد و الحصری و ئینسكلۆپیدیای ئیسلام بەبێ هیچ گومانێك ئەمە دەردەخات كە توركەكان چەند دووربوون لە هەر مەیل و ڕەوتێكی نەتەوەیی یاخود ڕەگەزیی یا هەر ئینتیمایەكی تری نائیسلامیی. بەڵام حاڵ بەم شێوەیە بەردەوام نەبوو، ئەوەبوو ئەم بایەخپێدانە كتووپڕەی كە لەم ماوەیەدا لە ئەوروپا سەریهەڵداو فرەیی ئەم نووسین و لێكۆڵینەوانەی كە گرنگیان بە ڕەگەزی تورك دەدا لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیەوە، دواتر لەم ناوەندانەی بە پەرۆشەوە هزری خۆرئاوایان بە گشتی بە پەرۆشەوە قۆزتەوە، جێگەی خۆی گرت و بەریگرت.

هەر لەبەر ئەوەش هەروەكو ستیوارد دەڵێت: سەیر نییە كە سەرهەڵدانی ڕەوتە ناسیۆنالیزمەكان و تەماعكارییە نیشتمانییەكان لە ناو میللەتانی موسڵمان، لە سەرەتادا لە ماوەی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەم لێڵی و تەماوی پێوەدیارەو ڕوون نیە. بۆیە بیروباوەڕی دەمارگیری ڕەگەزیی تاوەكو نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە ئاشكرا دیارنەكەوت، هەروەها گیانی ئەم دەمارگیرییە ڕەگەزیە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لە ڕیفۆرمخوازە توركەكانیش دەركەوت بە هۆی فرچككگرتنیان بە بنەماو بۆچوونە خۆرئاواییەكان و بەهەند هەڵگرتنی و وەرگرتنی زۆرێك لە هزرو بیروڕا ئەوروپاییەكان دەربارەی ڕەگەزایەتی، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دەمارگیری ڕەگەزی لایان بەر لە میللەتانی تری موسڵمان(ستوارد،سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩)

دیارە بە دواداچوونی سەرەتاكانی سەرهەڵدانی هزری ناسیۆنالیزمی توركی، زەرورەتێكە بۆ تێگەیشتنی هۆكارو چۆنیەتی سەرهەڵدانی هزری ناسیۆنالیستی

کوردی لە ڕەنگدانەوەو کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی تورکە کە لەناو منداڵدانی دەوڵەتی عوسمانی و بە هۆکاری دەرەکی (ئەوروپی) لە ڕووی تیۆری و پراکتیکیەوەو بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو سەریهەڵدا.

لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئەوە دەسەلمێنن کە هزری ناسیۆنالیزمی تورکی بەرهەمی دەستی ڕەگەزناسانی خۆرئاواو جوولەکەکانە. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم ڕەگەزناسە خۆرئاواییەکان دەستیاندایە بایەخدان بە تورکەکان. هاوکات –یان لە چەند کاتێکی لێك نزیك– چەندین لێکۆڵینەوە لە چەندەها وڵاتی ئەوروپی: فەڕەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا، ڕوسیا، ئینگلتەرا، دەرکەوتن کە سەرنجیان بۆ گرنگی ڕەگەزی تورکی ڕادەکێشا. لەساڵی (١٧٥٦ز) مێژوونووسی فەڕەنسی (گ. دێغین)، کتێبێکی دانا لەسەر مێژووی گشتی هون و تورك و مەغۆل و تەتەرە خۆرئاواییەکان. دواتر ئەم کتێبە بووە یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی هزری ناسیۆنالیستی تورکی و بوو بە ئیلهام بەخش بۆ نەوەی یەکەم لە ناسیۆنالیستە تورکەکان، کە ڕێنماییکردن بۆ یەکیەتی ڕەگەزی لە نێوان هون و تورك و مەغۆل و تەتەرەکانی نیشتەجێی ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئاسیاو ئەوروپا. هەروەها گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە ئەم بنچینە مێژووییانەی ئاشکرا کرد کە دەکرێت پرۆژەی ناسیۆنالیستی تورکی لەسەر دابمەزرێت. دوای ئەوە بە تێپەڕبوونی کات نیشانەکانی پرۆژەی ناسیۆنالیستی تورکی زیاتر ڕوون دەبۆوە، بە تایبەتی کاتێك جوولەکەیەکی ئینگلیز بە ناوی (دێڤید لوملی) کتێبێکی دانا بە ناوی ڕێزمانی تورکی کە تیایدا بنەماو ڕێساکانی ئەم زمانەی دارِشت ئەو زمانەی کە لە دیدی نووسەران و مێژوونووسانی شارەزا زمانی ئەدەب یان شیعر نەبوو، ئێستا لەسەر دەستی (لوملی) بوو بە خاوەن ڕێساو ڕێزمانی چەسپاو.

دوای دانانی ئەم کتێبە ئاشکرابوو کە بوونی مێژوو و زمان بۆ تورك پێویستیان بە ئینتیما بۆ نەتەوەیەك و نیشتمانێك هەیە تاوەکو ببنە بناغەو ئامانج –لە هەمان کات– بۆ یەکبوونی میللەتانی هون و مەغۆل و تەتەرو تورك، هەرواش دەرچوو، ئەوەبوو لە ئەدەبیاتی خۆرئاوایی ناوەکانی (نەتەوەی تۆران)و

(ناسیۆنالیستی تۆرانی) سەریانهەڵدا. هەندێك دەڵێن بۆ یەکەم جار (تۆران)و (تۆرانیزم) لە نەمسا لە ساڵی (١٨٣٩ز) دەرکەوت کە مانای وەسفی نیشتمانێکی نموونەیی کە هەموو تۆرانیەکان بگرێتەخۆ دەگەیاند.

بەڵام وەك بەکارهێنانێکی جوگرافی، فیردەوسی کە لە سەدەی دەیەمی زاینی ژیاوە، لە شاکاری (شاهنامە)، تۆماریکردووە کە دەڵێت: (تۆرانیەکان نەتەوە بەربەریەکانی باکور پێکدەهێنن (مەبەستی تورك و چینیەکانە کە هەر لە کۆنەوە بارێکی قورس بوونە لەسەر هەرێمی ئێرانی خاوەن شارستانی). دواتر چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی تر لە ئەوروپا دەرکەوتن کە جەختیان لەسەر هەمان مەبەست دەکردەوەو لەسەر زمان و مێژوو و ئەدەبی تورانی و تورکیان دەنووسی.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی جوولەکەی نەمساوی (ئەرمینیوس ڤامبەری) بکەین کە مامۆستایەکی زانکۆی بودابست بووە، بە تەواوی نازانرێت —هەروەك (هرتزل) لە یادداشتنامەکانی دەڵێت— کە ئایا زیاتر تورك بووە یان ئینگلیز. بە زمانی ئەڵمانی چەندین کتێبی داناوە، زۆر بە باشی دوانزە زمانی زانیوە، باوەڕی بە پێنج ئایین هێناوە، کاهین بووە لە دوانیان، پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەبووە، هەر ئەویش سوڵتانی ڕازیکردووە کە پێویستە چاوی بە هرتزل بکەوێت وەك سەرۆکی جوولەکەکان، ئەمەش لە ئایاری (١٩٠١ز) ئەنجامدرا. (صبری جرجس، تاریخ الصهیونیە، بیروت، ١٩٨١، ج١، ص١٦٥).

جا ئەم پیاوە بە جلی دەروێشێکی تورکی هەموو لایەکی ئاسیای ناوەڕاست گەڕا و ئەنجامی گەشتەکەشی کتێبێك بوو بە ناوی (گەشتی دەروێشێکی لاو لە ئاسیای ناوەڕاست). کە لە میانەی ئەم کتێبەو دواتریش تیۆرە تایبەتیەکەی خۆی دارشت کە داوای پێویستی دروستبوونی یەکێتیەکی نەتەوەیی تورکی دەکرد و ناوی نا (پان تورکیزم) کە هەر لە دەریای ئیجەوە درێژبێتەوە تاوەکو سنووری چین. لە ڕاستیدا ئەم یەکێتیەش گوزارشتی لە بەرژەوەندیە زیندووەکانی بەریتانیا دەکرد، هەر بۆیە زوو پشتگیری لێکرد بەم پێیەی دژ بە

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و قەڵەمڕەوی ڕوسیا بوو. بەڵام دواتر هەڵوێستی ئینگلتەرا گۆڕانی بەسەرداهات بە هۆی گۆڕانی بەرژەوەندیەكانی.

(ڤامبری) بەردەوام بوو له بانگهێشتەكانی وێڕای ئاراستەكردنی چەندەها ڕەخنەو توانجی توند بۆ ئیسلام و ئەژماركردنی وەك كۆسپی بنەڕەتی له پێش دروستبوونی یەكێتی توركەكان، و دەیگوت ئیسلام پێچەوانەی نیشتمانپەروەرییە و (نیشتمانی نییە، بۆیە زەحمەتە نیشتمانەكان بە گوێرەی ئیسلام بنیات بنرێن). لەبەر ئەوە ئامۆژگاری ناسیۆنالیستە توركەكانی دەكرد كە پێویستە واز لە ئیسلام بهێنن، چونكە كەسایەتی نەتەوەییان لێ دادەڕنێت. هەر ئەم بۆچوونەش بوو دواتر له نێوەندەكانی هەڵبژاردەی عەلمانی توركی دەنگیدایەوەو پشتگیری لێكرا بە تایبەتیش لەلایەن ناودارانی هزری ناسیۆنالیستی توركی وەكو: (چیا و كوك ئالب و یوسف ئاكشور و ئەحمەد غایف و خالیدە خانم و زۆری تر).

ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە بۆچوونەكانی ناسیۆنالیستە توركەكاندا دەركەوت و لە قۆناغی دواتر لە ڕۆژنامەو بڵاوكراوەكانیان كە دژ بە دەسەڵات لە دەرەوەی وڵات دەریان دەكرد گوزارشتیان لێدەكرد، ئەمە پێش سەردەمی مەشروتیەش ساڵی (١٩٠٨ز) كە گەیاندنی ساڵانی دواتر بوو بە ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت، و بونیادی كۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی دەوڵەتی لاوازكرد و نەتەوەكانی لێكترازاند، تەنانەت دواتر بووە هۆی وێرانی ئیمپراتۆریەت و كۆتاپێهاتنی.

ڕۆژهەڵاتناسی گەورە (برنارد لویس) دەڵێت: (بەر لە گەیشتنی هزری خۆرئاوایی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بیرۆكەی ناسیۆنالیزم هیچ بوونێكی نەبوو، تەنانەت تاكو سەرەتای سەدەی بیستەم، توركەكان و عەرەبەكان هەستیان بەوە نەكردووە كە بۆ یەك نامۆبن، عەرەبەكان ئەوەیان قبوڵ بوو كە بەشێك بن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە هۆی ئایینی هاوبەش كەچی توركەكان شانازیان بە عەرەبەكانەوە دەكرد و كولتور و زمانی عەرەبیان بە یەكێك لە نیشانەكانی گەشەكرن و پێشكەوتنی دەزانی).

لە لایەکی تریشەوە بە هۆی نەبوونی جیاوازی نەتەوەیی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتانە عوسمانیەکان و میللەتانی ژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانی زۆر بە لایانەوە ئاسایی بوو کە لە چەندین ماوەو قۆناغی جیاجیای مێژووی عوسمانی کورد ڕابەرایەتی ڕوحی دەوڵەتی عوسمانیان پێ سپێردرابێت کە لە پایەی (شیخ الاسلام)ی دەست ڕۆیشتوو بەرجەستە دەبوو، کە لە ماوەی پچڕ پچڕدا بەدەست خانەوادەی بەدلیسی و ئامێدی و حەیدەرییەوە بوو، هەروەها ڕابەرایەتی تەریقەتە سوفیەکان (قادری و نەقشبەندی). (د.عثمان علي، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة).

لەڕاستیدا بڵاوبوونەوەی هزری ناسیۆنالیستی تورکی بە خێراییەکی بەرچا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی لە سەرووی هەموویانەوە ئەو شکستیانەی عوسمانییەکان لە ئەوروپا ڕووبەڕووی بوونەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە، ئەم سەرکەوتنانەی بزاڤە ناسیۆنالیستە ئەوروپیەکان بەدەستیان هێنا. سەرەڕای ئەو دەستکەوتانەی سیستمە ناسیۆنالیستە ئەوروپیەکان هێنایانەدی لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکان و چەسپاندنی دەستورەکان کە مافی زۆری بۆ میللەت دەستەبەرکرد، ئەمە لەکاتێکدابوو کە عوسمانییەکان بەدەست ستەم و دکتاتۆریەت و چەوساندنەوە دەیاننالاند. پێش ئەمانەش گشتی ئەم فشارە ئەوروپیە زۆرەی خرابووە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەست تێوەردانی بەردەوامی بۆ نێو کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی دامەزراوە مۆدێرنەکان هەر لە ساڵی (١٨٣٩ز)ەوە، هەروەها لە ڕێگای فەرمانگەکانی پۆستەو گەیاندن کە دەوڵەتە ئەوروپیەکان لە ناو ئیمپراتۆریەتیش کۆنترۆڵیان کردبوو، بۆ دابەشکردنی بەربڵاوی ڕۆژنامە ناسیۆنالیستەکانی دژ بە دەوڵەت بەکاریان دەهێنا، هەروەها بۆ هەموو چاپکراوەکانی میسرو ئەوروپا.

لە لایەکی تریشەوە (ساطع الحصري) ئاماژە بە دەرکەوتنی ڕەوتێکی ترسناک دەکات لای ناسیۆنالیستە تورکەکان لە ئەنجامی کاریگەری نووسینە خۆرئاواییەکان بەسەریانەوە، ئەویش ئەوەبوو کە نووسراو و دانراوە

ناسیۆنالیسته خۆرئاواییه‌كان هه‌میشه جه‌ختیان له‌سه‌ر مێژووی تورك به‌ر له ئیسلام ده‌كرد، جا چه‌ند نووسه‌رێك چه‌ندین ته‌وه‌ره‌یان له‌م كتێبه ئه‌وروپیانه ده‌رهێنا كه ئه‌وه ده‌سه‌لمێنن توركه‌كان پێش ئیسلام له ڕووی شارستانیه‌وه زۆر پێشكه‌وتووبوون و هه‌رچی په‌یوه‌ست بوو به مێژووی تورك به‌ر له ئیسلام و به‌ده‌ر له ئیسلام له‌م كتێبانه‌یان ده‌رده‌هێنا.

ڕه‌گه‌زناسه خۆرئاواییه‌كان له پرۆسه‌ی په‌یوه‌ستكردنی هزری ناسیۆنالیستی توركی هه‌ر له سه‌ره‌تاوه به قۆناغی پێش ئیسلام، سه‌ركه‌وتن، هه‌ر ئه‌وه‌ش مه‌به‌ست بوو تاكو ڕۆژگاری ئه‌مڕۆش كاتێك نووسینه ئه‌وروپیه‌كان بۆ نموونه باس له پێكهاته‌كانی كولتوری تورك بكات، ئه‌وا یه‌كسه‌ر به‌ر له هه‌موو شتێك په‌نا ده‌به‌نه به‌ر مێژووی تورك به‌ر له ئیسلام، واته قۆناغی پێش گه‌یشتنیان به ئه‌نادۆڵ.

شایه‌نی باسه زۆربه‌ی سه‌رانی هزری تورانیزم تورك نه‌بوون، بۆ نموونه: (ئه‌حمه‌د ڕه‌زا)ی سه‌رۆكی بزاڤی (الاتحاد والترقی) نیوه‌ی چه‌ركه‌س بوو و نیوه‌كه‌ی تری نه‌مساوی (مه‌جه‌ری)، (ئه‌نوه‌ر پاشا) كه یه‌كێك بوو له دیارترین سه‌ركرده‌كانی ئیتحادو ته‌ره‌قی پیاوێكی پۆڵۆنی بوو بۆ ماوه‌یه‌ك ئیسلام بوو بوو، دواتر هه‌ڵگه‌ڕایه‌وه. (جاوید پاشا) و (عه‌مانویل قه‌ره‌سو) كه دوو بوون له سه‌ركرده باڵاكانی ئیتیحادو ته‌ره‌قی و پۆستی گرنگیان پێ سپێردرابوو وه‌ك وه‌زاره‌تی دارایی، له بنه‌چه‌دا ده‌گه‌ڕانه‌وه سه‌ر جووله‌كه‌كانی (دۆنمه). (ته‌لعه‌ت پاشا) كه وه‌زیری ناوخۆو وه‌زیری جه‌نگ بوو له ده‌وڵه‌تی عوسمانی و یه‌كێك بوو له بناغه‌كانی سێ كوچكه‌ی سته‌م و داپڵۆسین له ده‌وڵه‌تی عوسمانی، بولگاریه‌كی به بنه‌چه قه‌ره‌ج بوو.

هه‌روه‌ها (ضیاء كوك ئه‌لب) كوردی دیاربه‌كری، خۆی كردبوو به تورك و كه‌وتبووه ژێر كاریگه‌ری هزری سۆسیال دیموكراسی و فه‌لسه‌فه‌ی دوركهایم، به‌رنامه‌دارێژی هزری ناسیۆنالیستی نادینی توركی بوو و (عصمت أینونوی) ده‌سته‌ڕاستی مسته‌فا كه‌مال كه پێشه‌وای بزاڤی ناسیۆنالیستی بوو لای توركه‌كان و سه‌رسه‌خترین دوژمنی ئیسلام بوو، كوردێك بوو خۆیكرد به تورك.

له ڕاستیدا به جووڵهخستنی ڕهوتی ناسیونالیزم لای تورکهکان، ڕق وقینهیهکی زۆری له بهرامبهر کوردو عهرهبهکان دروستکرد.

سهرهنجام سیاسهتی "پهرتکهو زاڵ به" سهریگرت و ئهو ئامانجهیان هاتهدی که لهناوبردنی خهلافهی عوسمانی و نانهوهی ڕق وقین و دوژمنایهتی له نێوان میللهتانی موسڵمان بوو. بهڵام ئهم قسهیهمان ئهوه ناگهیهنێت که دهسهڵاتی عوسمانی ههمیشه نوێنهرایهتی ڕاستهقینهی ئایینی ئیسلام و شهریعهتی کردووه و لێی لانهداوه، بهڵکو به پێچهوانهوه لادانێکی زۆری پێوه دیاربوو له ئیسلام و جێبهجێکردنی ڕاوێژو دادپهروهری و ههروهها ههرسکردنی مافی تاکی موسڵمان و بهههدهردانی سهروهت و سامانی (ئوممهت) له پێناوی بهرهژهوهندی و تێرکردنی ههوهس و ئارهزووهکانی سوڵتانهکان، له سیفهته دیارهکانی ئهم دهوڵهته بوو، بهڵام سهرهڕای ههموو نهخۆشیهکان و خاڵه نێگهتیڤهکانی دهوڵهتی عوسمانی لهبهرئهوهی نوێنهرایهتی گهلانی موسڵمانی دهکرد که خاوهنی هێزو وزهیهکی زۆری لهبن نههاتوون له ههموو ڕوویهکهوه، خۆرئاوا سووربوو لهسهر لهناوبردنی له ڕێگهی ترازاندنی بنهماکانی بوونی به چاندنی هزری نادینی و ناسیۆنالیزمی تورکی که دواتر ئهم تۆوه سهرجهم میللهتانی ناو دهوڵهتی عوسمانی گرتهوه به تایبهتیش عهرهب و کورد.

ههروهك مێژوونووسی کورد موحهممهد ئهمین زهکی بهگ باس دهکات: تاوهکو تورك داوای تورکایهتی نهکردو عهرهب داوای عهرهبایهتی نهکرد، مهسهلهی نهتهوایهتی لای کورد بوونێکی نهبوو. واته بوونی کورد لهناو ئهو واقیعهی خهریکه مۆدێلێکی هزری مۆدێرن بهخۆیهوه دهبینێت، پاڵی به کوردهکانیشهوه نا که لاسایی ئهم مۆدێله بکهنهوه و بیر له بنهچهو ڕهگ و ڕیشهی مێژوویی خۆیان بکهنهوه، ههروهها زیندووکردنهوهی کولتوری کۆنی خۆیان و بوونی قهوارهیهکی نهتهوهیی که سهرجهم کوردهکان بگرێتهخۆ که چوارچێوهی جۆگرافی مێژوویی ههبێت، به زهرور بزانن. دیسان لێرهشدا نووسینه خۆرئاواییهکان ڕۆڵی ئهکتیڤی خۆیان بینی له ڕهواجدان بهم باسه.

کەواتە مەسەلەی ناسیۆنالیزم و کێشەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات لەمێژ نییە سەریهەڵداوە، بەتایبەتی بە نیسبەت کوردەوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم نەهاتۆتەکایەوە، سەرهەڵدانیش هەروەك باسکرا پەیوەست بووە بەو هەلومەرجەی خۆرئاواییەکان لە ڕۆژهەڵات (لە سنوری دەوڵەتی عوسمانی) هێنایانە ئاراوە، سەرەتا ئەم هزرە ناسیۆنالیزمە لای تورکەوە دەستی پێکرد دواتر عەرەبی گرتەوە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئینجا کوردەکانیش کاتێك بینیان گەمارۆدراون بە دەوروبەرێکی ناسیۆنالیستی و هەرنەتەوەیەك بانگهێشت بۆ خۆی دەکات و داوای سەربەخۆیی دەکات لە چوارچێوەیەکی (نەتەوەیی)، کوردیش ناچاربوو هەمان ڕێباز بگرێتەبەر..و ئیتر کێشەی نەتەوایەتی سەرهەڵبدات، و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی بۆ بدرێت و چیتر کورد لەلایەن نەتەوەکانی دەوروبەر نەچەوسێنرێتەوە، مافە بنەڕەتیەکانی وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی جوگرافی و مێژوویی و کولتوری، ڕێگەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت.

+ لە پاش دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کورد توانی چەندین ئەمارەتی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ پێك بهێنێ و هەوڵی زۆریدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەوڵەتی میدیا بە شێوازێکی دی زیندوو بکاتەوە، بەڵام پیلانی دوژمنان و دووبەرەکی و شەڕە ئیمارات وایانکرد یەك لە دوای یەك ئەو ئیمارەتانە لە ناو بچن، دەتوانیت چۆن بە شێوازێکی زانستییانە ئەمەمان بۆ شرۆڤە بکەیت؟

دکتۆر حەکیم: دەرکەوتنی ئیسلام و گەیشتنی بۆ کوردستان هەر لە سەردەمی پێغمەبەر ﷺو خیلافەتی ڕاشیدی، لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی جیهان و ناوچەکە هەڵدایەوە، ئەوەبوو زۆر لە پێوەرو هاوکێشە نێودەوڵەتیەکانی سەردەم گۆڕان و ئاوەژووبوونەوە. لەم سەردەمە هێدی هێدی ناوی کوردو ناوچەو شارە کوردییەکان پانتاییەکی باشیان لە سەرچاوەو ژێدەرە مێژوویی و ئایینیەکان پێبڕا، لە سەرەتادا ڕۆڵی کورد بە ڕۆڵی سەربازی دەستیپێکرد بە بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی فتوحات و بزاڤەکانی دژ بە دەوڵەت کە لە

سەرچاوە مێژووییەكاندا بە (دانیشتوانی هەرێمی جەزیرەو هەرێمی چیاكان) ناوبراون، ئینجا ڕۆڵی كاریگەری لەناو دامودەزگاكانی دەوڵەتی عەبباسی كە لە سەرچاوەكاندا ناوی چەندین كەسایەتی كورد هاتووە كە بەرپرسیارێتی ئیداری گەورەیان پێ سپێردراوە بۆ ئەوەی ئینتیما كوردیەكەیان ڕێگر بوو بێت. (بڕوانە : زرار صديق توفيق: الكورد في العصر العباسي، رسالة ماجستير غير منشورة).

دواتر ڕۆڵی سیاسیان زیاتر دەركەوت ئینجا ڕۆڵی زانستی و بەشداریكردن لە گەشەسەندنی شارستانی ئیسلامیی و بەدیاركەوتنی ژمارەیەكی زۆر لە كەسایەتی زانستی بەتایبەتی زانستە ئایینی و زمانەوانی و كۆمەڵایەتیەكان كە لە سەرچاوەكانی تایبەت بە ژیاننامەی ناوداران ناویان هاتووە.

هاوكات و هاوشێوەی میللەتانی تری ناو بازنەی خیلافەتی ئیسلامیدا كوردەكانیش هەر لە سەدەی چوارەمی كۆچییەوە بگرە زووتریش لە ناوچە جیاجیاكانی كوردستانی گەورە بە بەشەكانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو باكورو باشوریەوە چەندین میرنشینی نیمچە سەربەخۆیان دامەزراند كە لە ڕووی ئیداریەوە سەربەخۆییەكی تەواویان پێوە دیاربوو، بەڵام بە شێوەیەكی ڕەسمی و ڕەمزی سەر بە مەڵبەندی خیلافەت بوون هاوشێوەی میرنشینە ناكوردییەكان نموونەی ئەم میرنشینە كوردیانەش: میرنشینەكانی عەیشانی و هەزبانی و ڕەوادی و شاژنجانی و مەروانی.

بەڵام دەركەوتنی ئەم میرنشینانە لە ڕاستیدا گوزارشتێك بوو لە سیستمی سیاسیی و ئیداری سەردەمی ئیسلام كە نامەركەزی بوو، و دانپیانانی ناوەندی دەسەڵات بوو بە شەرعیەتی دروستبوونی قەوارەی ئیداری سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ كە بە ناوی خیلافەتەوە مافی حوكمكردنیان پێدرابوو، پابەندبوونێكی ئایینی و دارایی بە مەڵبەندی خیلافەتەوە هەبوو، لە هەمانكاتیشدا گوزارشتێك بوو لە پیادەكردنی تایبەتمەندی ناوچەو هەرێمەكان لە ڕووی پێكهاتە ڕەگەزی و زمان و ئابووری و بارودۆخی كۆمەڵایەتی...هتد، كەواتە ئەم جۆرە حوكمڕانیانە شەرعیەتی تیۆری و پراكتیكیان پێدرابوو، بە هیچ شێوەیەك دژ بە بنەما شەرعییەكان نەبوون.

دەرکەوتنی ئەم میرنشینانە پەیوەندی بە دەوڵەتی میدیاوە نییە. لەو بڕوایەشدا نیم کە سەرکردەو ڕابەرانی ئەم قەوارە سیاسییە– ئیدارییانە ئەم هۆشیارییە نەتەوەییەیان هەبووبێت، بیریان لەوە کردبێتەوە ئەوانیش درێژبوونەوەی بەردەوامبوونی دەوڵەتی میدیەکان بن، تەنانەت زۆر زەحمەتە زانیبێتیشیان کە سەدان ساڵ پێش ئەوان دەوڵەتێکی بەم شێوەیە هەبووە. لەڕاستیدا فەرمانڕەوایەتی ئەم میرنشینانە بە پێی حوکم و واقیعی سەردەم کەسانی عەشائیری بوون و ئینتیمایان زیاتر بۆ عەشیرەتەکەیان و ئەم سنوورە جوگرافیە بەرتەنگە بووە کە تێیدا نیشتەجێ بووە نەك ئەو سنوورە جوگرافییە– مێژووییەی کە ئێمە ئەمڕۆ بە سنووری کوردستانی گەورەی دەزانین.

کاتێك هەستیان کردووە دەرفەتی دروستکردنی قەوارەی خۆجێیی هەیە، وەك میللەتانی تر ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە، ئەم میرنشینانەیان دامەزراندووە.

هەروەها لە سەردەمی عوسمانیەکانیش چەندین میرنشینی کوردی دەرکەوتن و تاڕاددەیەکی باش تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو، هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی سەر بە مەڵبەندی ئاستانە بوون، پابەندبوونی دارایی و سەربازی خۆیان هە بوو بەرامبەر بە پایتەخت.

میرەکانی ئەم میرنشینانەش کەسانی عەشایەر بوون و لە بری ئەم قۆناغە مێژووییەی کە تێیدا دەژیان کە (ولاء) بۆ ئایین و بۆ عەشیرەت بوو بەر لە هەموو شتێك.

دواتر بە هۆی چەند هۆکارێکی خودی و بابەتی و هەلومەرجی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان ئەم میرنشینانە یەك لە دوای یەك لەناوچوون (کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە)، بەڵام زاڵبوونی گیانی خێڵەکی و ڕکابەری و ململانێ لە نێوان سەرانی کوردو تەنانەت داوای یارمەتی پشتیوانی لە هێزە ئیقلیمی و دەرەکییەکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و مانەوەی دەسەڵاتیان، لە سەرووی هۆکارەکانەوە بوون.

+ مێژووی دوورو درێژی کورد وابووە سەرکردەو دەسەڵاتدارەکانی میرنشین و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کەساتی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانە نەیانتوانییوە

تەنانەت لە ژێر کاریگەری ئایینیشدا بێت بیر لە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بکەنەوە کە میللەتەکەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك ڕزگار بکەن؟

دکتۆر حەکیم: دیارە ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەی مەسیحیەتی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا کە فاکتەرێکی نێگەتیڤ بوو بەسەر واقیع و کۆمەڵگەی ئەو کات و هۆکاری دواکەوتوویی و چەقبەستوویی و داخران و خۆبەدەستەوەدان و حسێب نەکردن بوو بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤ و عەقلانی بوونی، فاکتەرێکی پۆزەتیڤی کۆمەڵگەو واقیعەکەیەتی کە داوای کرانەوەو زانست و پێشکەوتن و گۆڕانکاری و بەکارخستنی عەقڵ و بیرکرنەوەو ڕەتکردنەوەی ستەم و ڕاپەڕین بە ڕووی زۆرداران و سنووربەزێنان دەکات لە پێناو چەسپاندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ و قبووڵنەکردنی کۆیلایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ یان کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێك یان میللەتێك بۆ میللەتێکی تر لەژێر هەر پاساوێکدابێت، مادام پێشێلکردنی مافەکانی تێدایە.

هەر لە کۆنەوە ئایین ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوشی مرۆڤ و کۆمەڵگە و هەرکاتێك ئەم ئایینە ئاسمانی بوویێت و لە ڕێڕەوی خۆی نەترازابێت و نەکرابێتە ئامرازێك بۆ بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و دابینکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی پیاوانی ئایینی (کە خۆیان بە نوێنەرانی ئایینی داناوە) ئەوا ئەم ئایینە ڕۆلێکی کاراو پۆزەتیڤی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگەو عەوام و دەسەڵاتدارانە بینیوە. بەڵام بە پێچەوانەوە هەرکاتێك ئەم ئایینە بە ئاقارێکی تردا برابێت و کەسانێك خۆیان لێکردبێتە خاوەن و وەك تاکە سەرچاوەی بڕیارەکان خۆیان حسێب کردبێت، هەروەها بیروباوەڕو بنەماکانی شێوێندرابێ کە تەنها لە بەرژەوەندی پیاوانی ئایینی ڕاڤەکرابن، ئەوا ئەم ئایینە (شێواو و دەستکردە) ڕۆلێکی نێگەتیڤی لەسەر هەموو ئاستەکان بینیوە.

ئایینی ئیسلامیش کە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگای عەرەبی بەتایبەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی دا هێنا، کە بووە هۆی گۆڕینی یاخود دووبارە کێشانەوەی نەخشەی هزری و ئایینی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانی جیهان کە تاکو ئەمڕۆش شوێنەوارو کاریگەری و کارلێکردنەکانی بەرچاوو دیارە، ئەم ئایینە هەرکاتێك بە دروستی و

تێگەیشتنی ڕاستەقینەوە بەرجەستەکرابێت ئەوا فاکتەری هێزو گۆڕانکاری ئیجابی بووە. میللەتی کورد هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە بە تێگەیشتنێکی (فطري)و سادەییەوە بە ماوەیەکی زۆر کورت هاتە ژێر سایەی ئەم پەیامەو زۆرینەی ڕۆڵەکانی ئەم ئایینەیان قەبوڵکرد، لەم پێناوەشدا مێژووی شارستانێتی ئیسلامیان دەوڵەمەندکردووە. دیارە ڕەنگدانەوەی ئەم ئایینە کەم یا زۆر بەسەر ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە لە هەر ئاست و پلەوپێگەیەك بن دیارە، لەوانەش کەسایەتییە سەرکردەکان و ڕابەرانی میرنشین و شۆڕش و ڕاپەڕینە کوردییەکان.

جێی باسە ئەم سەرکردەو ڕابەرانە جمووجۆڵەکانیان لە سنورێکی جوگرافی بەرتەنگ بووە، ئەوەش بە حوکمی سەختی و دژواری ناوچە شاخاوییەکان و بوونی بەربەستی سروشتی زۆر کە ڕێگربێت لەبەردەم فراوانی ئاسۆی بیرکردنەوەو ئاگاداری دەوروبەرو تەسککردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە کە لە سنوری خێڵەکی دەرنەچێت.

لە لایەکی تریشەوە تێگەیشتنیان بۆ ئایین بە شێوەیەکی قووڵ و زانستیانە نەبووە، بەڵکو زیاتر (فطري)و (عاطفی) بووەو تێکەڵاوی داب‌و نەریت و ویستە خێڵەکییەکان کراوە، یاخود لایەنە خێڵەکییەکە، بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی سەرەك خێڵەکە یا سەرکردە کە بەسەر پابەندبوونە ئایینیەکەدا زاڵبووە، چونکە ئەوان زانای ئایینی نەبوون کە بە تەواوی شارەزای بنەما شەرعیەکان بن، جا زۆرجاران ئەم تێگەیشتنە (سادەو سەرەتاییە) لە ئیسلام لە بری ئەوەی هۆکاری (هێز) بێت و لە بەرژەوەندی کورد بەکارهێنرابێت، بە پێچەوانەوە دوژمنانی کورد لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە، لە ڕێگەی بانگەشەکردنی چەواشەکارانە بۆ ئایین و پارێزگاری لە شەرع و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و (کافران) لە پێناو تەیارکردنی زۆرترین ژمارە بۆ شەڕکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندی نەتەوە (سەردەستەکان) لە عەرەب و تورك. ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانی و سیاسەتی مستەفا کەمالیش ئەوە دەردەخەن کە چۆن کورد بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنراوە و تا چەند زەرەرمەندبووە.

لەلایەکی تریشەوە لە سەرچاوە و بەڵگەنامە بەریتانییەکان لە ماوەی شۆڕشی شێخ مەحمووددا هاتووە کە پابەندبوونی کورد بە ئایینەوە تا ڕاددەیەکی زۆر سادەو سۆزدارانە بووە و ئینگلیزەکان باوەڕیان وابوو کە (تاکە کوردێك نییە پەنجەی خۆی بجوولێنێ بۆ بەرگری کردن لە بەها ئایینیەکان و مەسەلە نەتەوەییەکان)و هەروەها باوەڕیان وابوو کە تاکی کورد خواناس نییە، بەڵام سروشتە ساکارو خورافیەکەی وای لێدەکات کە پۆزەتیڤانە یا نێگەتیڤانە بکەوێتە ژێر کاریگەری شێخەکان). (د.عثمان علي، المرجع السابق، ص٢٨٦).

کەواتە عەقڵیەتی خێڵەکی و ناوچەیی لای سەرانی کورد لە سەرووی بیروباوەڕی ئایینی و هەستی نەتەوایەتییەوە بووە، بۆیە نەیانتوانیوە ئەم سنوورە ببەزێنن و ڕەهەندی ئایینی ئەکتیڤانەو پۆزەتیڤانەو شەرعیانە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەکاربهێنن، کاتێك کە نەتەوەکانی دەوروبەر دروشمی نەتەوەیەتییان بەرزکردەوەو بە ئامانجی دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیی بە پشتیوانی خۆرئاوا کەوتنەخۆ.

+ بۆچوونێك هەیە دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەی ڕاشدیندا گەلی کورد بە زمانی نەتەوایەتی خۆی نامۆکراوە، باشترین وزەی فیکری و کولتوری بۆ خزمەتی فیکرو کولتوری عەرەبی ئیسلام تەرخانکردووە، بۆچوونی زانستییانەی جەنابتان لەم بارەیەوە چییە؟

دکتۆر حەکیم: ئەم بۆچوونەی دەڵێت لە سەردەمی خیلافەی ڕاشیدیندا گەلی کورد بە زمانی نەتەوایەتی خۆی نامۆکراوە و وزەی فیکری و کولتوری بۆ خزمەتی کولتوری عەرەبی ئیسلام تەرخانکردووە دوورە لە بنەما زانستیەکان و لۆژیکی سەردەم، چونکە هەروەك لە سەرەتای پرسیارەکان ئاماژەم پێدا بەپێی دەق و بنەما شەرعییەکان قەدەغەو حەرامە کە هەوڵبدرێت کەسێك یان میللەتێك زمانی دایکی خۆی کە بنەڕەتترین ڕەگەزی بوونی هەر میللەتێکە، پێی نامۆبکرێت و هەوڵ بدرێت زمانێکی تری بەسەردا بسەپێنرێت، ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی ویستی پەروەردگاری داهێنەری ژیان و ئینسانە و لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامیش بە هیچ شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو زمانی

عه‌ره‌بی نه‌سه‌پێنراوه به‌سه‌ر میلله‌تانی تری ژێر چه‌تری ئیسلام، عه‌وامی میلله‌تانیش خاوه‌ن زمانی ڕه‌سه‌نی خۆیان بوون و به‌كاریان هێناوه. به‌ڵام هه‌وڵدانی كه‌سانێكی زانستخوازو فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی عه‌ره‌بی كه قورئانی پیرۆزی پێ دابه‌زیوه‌و به‌درێژایی مێژووی ئیسلام به‌هۆی فراوانی سنووری خیلافه‌ی ئیسلام و له‌ نێوه‌نده جیاجیاكاندا و له‌ نێوان میلله‌تان زمانی شارستانی بووه به‌ هه‌موو ماناكانیه‌وه‌و به‌ پێوه‌ره‌كانی سه‌رده‌م، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه‌ زمانی ڕه‌سمی ده‌وڵه‌ت بوو، زمانی هاوبه‌ش بوو له‌ نێوان نه‌ته‌وه‌كانی تر و ڕۆشنبیران و زانایانی لێك نزیك كردۆته‌وه‌و به‌یه‌كی ناساندووه له‌ ڕێگه‌ی به‌رهه‌مه‌كانیان كه‌ به‌ عه‌ره‌بی نووسراون. هه‌روه‌ك چۆن ئه‌مڕۆ زمانی ئینگلیزی زمانێكی جیهانییه‌و زمانی زانستی مه‌عریفه‌كانه‌و نه‌شاره‌زابوون لێی بۆشاییه‌كی كولتوری و مه‌عریفی گه‌وره‌ لای تاكی ئه‌مڕۆی ڕۆشنبیر دروستده‌كات. جا ئایا دروسته ئه‌گه‌ر به‌ربڵاوی زمانی ئینگلیزی و كۆنترۆڵكردنی واقیعی زانستی و ته‌كنه‌لۆژی ئه‌مڕۆ و په‌لهاوێشتنی بۆ هه‌موو گۆشه‌یه‌كی گۆی زه‌مین به‌ (به‌زۆر به‌ ئینگلیزكردن) ئه‌ژمار بكه‌ین، وه‌ك ئه‌وه‌ی ئامانجی قه‌ڵاچۆكردنی زمانه‌كانی تربێت؟ بێگومان نه‌خێر!، چونكه‌ زیندوویی زمانه‌كه‌و واقیعی حاڵ وای خواستووه.

دیاره‌ هه‌ركاتێك هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌ك له‌ ڕووی ژیارییه‌وه‌ له‌ ڕیزی پێشه‌وه‌ بێت و خاوه‌نی زۆربه‌ی داهێنان و به‌رهه‌مه‌ شارستانییه‌كان بێت، زمانه‌كه‌شی ده‌بێته‌ زمانی سه‌رده‌م و زمانی شارستانی ئه‌و سه‌رده‌مه.

جا له‌م پێودانگه‌وه‌ بۆ ماوه‌ی چه‌ندین سه‌ده‌ شارستانی ئیسلامیی و زمانی عه‌ره‌بی ڕابه‌رایه‌تی شارستانێتی مرۆڤایه‌تییان كردووه، ئه‌وه‌شمان له‌بیر نه‌چێت كه‌ هزرو شارستانی ئیسلامیی به‌هره‌مه‌ند بووه‌ له‌ توخمه‌ شارستانییه‌كان پێش خۆی و كه‌ڵكی زۆری لێوه‌رگرتوون، هه‌رچه‌نده‌ خاوه‌نه‌كانیان بێگانه‌ بوونو بیروباوه‌ڕه‌كانیان جیاواز بووه‌ له‌ ئایینی ئیسلام، به‌ڵام مادام مایه‌ی سوودمه‌ندی بێت، ده‌كرێت بكرێنه‌ سه‌رچاوه‌ به‌ چاوپۆشین له‌ ڕه‌گه‌زو ئایین و زمان، دیاره‌ به‌ گوێره‌ی بنه‌ماو ڕاسپارده‌كانی ئیسلام گه‌ڕانی به‌رده‌وام دانایی و زانست وه‌رگرتن

پیشەی مرۆڤیی باوەڕدارە لە هەر كوێیەك سەرچاوەی گرتبێت. (الحكمة ضالة المؤمن أنى وجدها فهو أولى بها).

جا بەڕاستی ئەگەر بڵێین وزەی فیكری و كولتوری كورد بۆ خزمەتی فیكرو كولتوری عەرەبی تەرخانكراوە، ئەمە وەهمێكەو بەس، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەگەر كورد وزەیەكی هەبووبێت ئەوا لە ڕێگەی ئیسلامەوە ئەم ووزەیەی هەبووەو زیندووبۆتەوەو بەرگی ژیانی كراوەتەوە بەرلە دوای چەندین سەدە لە سڕبوون و متبوون كە هیچ شوێنەوارێكی لە سەرچاوەكاندا نییە.

بە دڵنیاییشەوە تاقە دەقێكی مێژوویی ڕەسەن بەرچاو ناكەوێت كە ئەمەی لێبخوێنرێتەوە، زمانی عەرەبی لەلایەن دەسەڵاتدارێكەوە لە سەردەمی ئیسلامیی، بەسەر كۆمەڵێك یان میللەتێك سەپێنرابێت، یاخود میللەتێك وازیان لە زمانی دایكی خۆیان هێنابێت و لە بری ئەو بە زمانی عەرەبی ئاخاوتبن.

ئەوەتا ناوی ئەو هەموو كەسایەتییە كوردانە كە ڕۆڵی سەربازی و سیاسیی و ئیداری و زانستی و شارستانیان بە گشتی گێراوە بە درێژایی مێژووی ئیسلام وە لە سەرچاوەكاندا باسیانكراوە چۆن لێكدەدرێتەوە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم كە ئەگەر ئیسلام نەگەیشتبا كوردستان و كوردستانیش لە چنگ داگیركارانی فارس و ڕۆمان ڕزگاری نەبووایە، ئەوا مێژووی كورد لە شاردراوی و نادیاری ڕزگاری نەدەبوو و تاكی كوردو كۆمەڵگەی كوردیش بە شێوەیەكی بەرچاو لە مێژوودا دەرنەدەكەوت.

هەروەها گەیشتنی ئیسلام بۆ كوردستان جووڵەی بە بزاڤی شارستانی كورد داو، هانی تاكەكانیدا كە تەنها لە ناوچەكانی جێنشینی خۆیان نەمێننەوە بە شێوەیەكی داخراوو دوور لە دەوروبەرو ڕەوشی شارستانی گشتی ناوچەكە، بەڵكو بەرەو هەرێم و شارو ناوچەكانی تری ژێر حوكمی خیلافەت هەنگاو بنێ بە مەبەستی جیاجیا لە سەرووی هەموویانەوە بۆ جیهادكردن یا بۆ وەدەستهێنانی زانست لە بنكەو مەڵبەندە زانستیەكانی شارە گەورەكانی دەوڵەتی ئیسلامیی بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە. هەر بۆیە زۆربەی خوێندگا و مزگەوتەكانی ئەم شارە (شارستانیانە) شوێنەواری ئەم كەسایەتیانەیان پێوە دیارە، ئەمە جگە لە

بەرپرسیارێتی سیاسیی بە تایبەتی لە سەردەمی ئەیوبی و مەمالیکەکان لە وڵاتی میسرو شام و..تاد.

زۆرێك لەم کەسایەتیانەش بە نازناوی (کورد)ییەوە لە سەرچاوەکاندا ناسراون، واتا حاشایان لە بنەچەو ڕەچەڵەکی خۆیان نەکردووە، لەبەرئەوەی موسڵمانن !

هیچ کامێکیش لەم کەسایەتییە ناودارە کوردانە بە ئامانجی خزمەتکردنی عەرەب و کولتورەکەی کارو کۆششیان نەکردووە بەڵکو بە مەبەستی خزمەتکردنی کۆمەڵگەو بیروباوەڕەکەیان کاریانکردووە و بە جۆرێك لە پەرستش (عبادەت)یان زانیوە.

چونکە ئەو کات تێڕوانین زۆر فراوانتر بووە لە تێروانینی هەندێك لە رۆشنبیران و ناسیونالیستانی ئەمڕۆ کە بە چاویلکەیەکی زۆر کورتبین و بچووکبین دەڕواننە شتەکان، کەچی لەم لاشەوە هەموو شتێکی (گلۆبالیزم) یان قبووڵە بە چاك و خراپییەوە، بەڵکو خراپی لێنابینن و ئامادەن زۆر بە دڵسۆزانە لاسایی بکەنەوە تەنانەت ئەگەر لەسەر حسێبی زمان و کولتوری نەتەوایەتیش بێت، بەڵام چونکە سەرچاوەکەی خۆرئاوایە ئەوا قبووڵکردنی سێ و دووی ناوێت، ئەمەیە فرەپێوەری !

+ تا چەند هێزی ئیسلامیی کە هاتۆتە کوردستان ڕەچاوی ئاستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کورد کردووە بەوەی کە زۆرداریی و دەسەڵاتی موتڵەقگەرایی بە سەردا نەسەپاندبێت و هەوڵی سڕینەوەی کولتورەکەی نەدابێت، تا ئێستا هیچ لە مێژوونووسان شتی لەم شێوەیان درکاندووە کەبەرامبەر بە کورد شتی لەو جۆرە کرابێت؟

دکتۆر حەکیم: یەکێك لەم قەوانە سواوانەی زۆر لێدراوەو لێدەدرێتەوە ئەوەیە کە فتوحاتی ئیسلامیی گەیشتبێتە هەر ناوچەیەك قەتڵ و عامی خەڵکە سڤیلەکەی کردووەو وێران و تاڵانی وڵاتەکەی کردووەو تەڕو وشکی بەیەکەوە سووتاندووە. ئەم قسەیە کردنی زۆر ئاسانە بەتایبەتی لای کەسانێك کە بۆچوونێکی پێشوەختانەیان بۆ مەسەلەکان هەیەو هەر لە سەرەتاوە لە بیری

خۆیان ئەمەیان بڕاندۆتەوە کە ئاینیی ئیسلام و هەڵگرانی پەیامەکەی کەسانی توندو تیژو بکوژو تاڵانچی و خراپەکارو وێرانکار بوون و کاتێك کوردستانیان (داگیرکردووە!) چی خراپە هەیە بەخاك و خەڵکەکەی کردوویانە، وەك بڵێی پێش ئیسلام کوردستان وڵاتێکی ئازادو ئاوەدان و پڕ لە خێرو خۆشی و شارستانی بووبێت، نەك داگیرکراوو مافخوراوو دەست و پێوەندی داگیرکارە فارس و ڕۆمەکان بووبێت کە ئەمەیە واقیعەکە، لە هەمووش سەیرتر بەرگێکی زانستی لەبەردەکەن و هەر کەسێك وا بیربکاتەوەو بنووسێت بەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەوە زانستخوازو ئەکادیمییە و بە پێچەوانەشەوە.

بەڵام لای کەسانی زانستخواز و ئەکادیمی و بەویژدان هەرگیز وا بە ئاسانی ئەم قسەیە ناکرێت، چونکە بەڵگە لۆژیکی و عەقڵی و مێژووییەکان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن، ئەگەر لە چەند سەرچاوەیەکیش کە دەیان هەزار لاپەڕەن و هەزاران گێڕانەوە (ڕیوایە)ی مێژوویان تێدایە، چەند ڕیوایەتێك تۆمارکرابن کە لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێناپەڕن و ئەوانیش لە یەکتر وەرگیراون، کە بە شێوەیەکی زیادەگۆیانە باسیان لە ڕووداوێك کردبێت کە توندوتیژی زۆرو کوشتاری زۆری تێداکرابێت بەرامبەر بە عەوامی خەڵك، ئەوە بە هیچ شێوەیەك، ئەگەر گریمان ڕاستیش بن –ناکرێت بەسەر سەراپای مێژووی ئیسلامدا بگشتێندرێت، چونکە ئەم حاڵەتانە شازو دەگمەن بوون، نەك گشتی.

جا ئەگەر چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی داخ لە دڵ و بێ ویژدان بەدەر لە پێوەرە زانستیەکان ئەم ئاخافتنانەیان کردبێت و بە پێوەری واقیعی خۆرئاوا ڕوانیبێتیانە مەسەلەکان کە پێوەری ماددی و توندوتیژییەو مێژووی ئەورووپای پێناسراوە، هەروەها دەرچووانی قوتابخانەکانیان لە ڕۆڵەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵات هەمان شت دووبارە بکەنەوە بەڵکو بەزیادەوەش (بە تایبەتی لە سەردەمی ناسیۆنالیزم کە هەموو میللەتانی موسڵمان هاندراون و تاودراون بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو) و مێشێك بکەنە گامێشێك و کێچێك بکەنە چیایەك.

ئەوە له هەمانکاتدا چەندین ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووس و نووسەری بوێرو بەویژدان دانیان بەوە داناوە که موسڵمانان له کاتی فەتحکردنی وڵات و ناوچەکان نموونەی لێبوردەیی و نەرمی و دادپەروەری بوون، خۆیان و ئایینەکەیان بەسەر دانیشتوانەکانیان نەسەپاندووە چونکه (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ..)، (فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ...)، (..أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ)، (لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ)، بەڵکو سەرپشك کراوە له نێوان موسڵمان بوون یان سەرانه (جزية)دا، ئەگەر لەسەر بیروباوەڕی ئایینی خۆیان بمێننەوەو مافە ئایینی و مەدەنییەکانیان پارێزراو دەبێت.

دیارە بڕی ئەم جزیەیەش دیاریکراو بووەو بە پێی باری گوزەرانی هەر تاکێکی (أهل الذمة) کە تا ڕادەیەکی زۆر شتێکی (ڕەمزی) بووە کە جۆرێك پابەندبوون بگەیەنێت بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئیسلام، چونکە ئەوان لەسەریان نییە پشکداری سەربازی بکەن و لە پرۆسە سەربازییەکانی ڕۆڵیان هەبێت بە حوکمی ئەوەی موسڵمان نین و باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام نییە، جا چۆن داوایان لێبکرێت کە بەرگری لێبکەن؟! ئەم بڕە پارەیەش هەروەها گوتمان زۆر کەم بووەو بە بەراورد لەگەڵ ئەم باج و سەرانەی پێشتر کوردەکان و غەیری ئەوان دەبووایە بیدەن بە دەسەڵاتدارانی ڕۆم و فارس.

لەلایەکی تریشەوە ئەم جزیەیە تەنها لەو پیاوانە وەردەگیرا کە توانای چەك هەڵگرتن و شەڕکردنیان هەبوو، واتە لە ژنان و منالان و پەککەوتووان و نابینایان و تەنانەت لە پیاوانی ئایینی وەرنەدەگیرا بە مەرجێك خاوەن موڵك و ماڵ نەبووبن. ئەم جزیەیەش جۆرێك نەبووە لەسزا لەبەرئەوەی ئیسلام نەبوون، بەڵکو لە بەرامبەر دابینکردنی ئەو پاراستنەبوو کە موسڵمانەکان بۆیان دابین دەکردن، چونکە وەرگرتنی جزیە لێیان مانای پارێزگاریکردنی سەروماڵیان، هەروەك (ئەبو یوسف) لە کتێبی (الخراج)دا باسی دەکات.

مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیز (توینبی) دەڵێت: (لە وڵاتی ڕۆم و فارسەکان خەڵکان سەرپشك نەکراون لە نێوان ئیسلام و شمشێر، بەڵکو سەرپشك کراون لە نێوان ئیسلام و جزیە، ئەمەش پلانێکە جێگەی

دەستخۆشییە، چونكە ڕۆشنگەری پێوەدیارە، هەر ئەوەش بوو دواتر لە ئینگلتەرا پیادەكرا لە سەردەمی شاژن ئەلیزابێت).

(گۆستاف لۆبۆن) لە كتێبی (حضارة العرب) دەڵێت: (مێژوو كەسانێكی نەدیوە كە شوێنێك فەتح بكەن لە موسڵمانان بە بەزەییتربن)، هەروەها دەڵێت: (هێز فاكتەرێك نەبووە بۆ بڵاوبوونەوەی قورئان و موسڵمانەكان میللەتانیان بە ئازادی لە سەر ئاینیەكانی خۆیان جێهێشت)، هەروەها دەڵێت: (قورئان بە شمشێر بڵاونەبۆوە، بەڵكو تەنها بە بانگەواز بڵاوبۆوەو هەر بە بانگەوازیش میللەتان باوەڕیان پێی هێنا).

(ڕوبرنسون) لە كتێبی (مێژووی شارلكن) دەڵێت: (تەنها موسڵمانەكان جیهادو لێبوردەییان لەیەك كاتدا بەرامبەر شوێنكەوتووانی ئایینەكانی تر پیادەكرد، هەرچەندە بەسەریشیاندا زاڵبوون، بەڵام ئازادییان پێدان كە ڕێوڕەسم و بەندوباوە ئاینییەكانی خۆیان ئەنجام بدەن).

(كۆنت هنری دی كاستری) لە كتێبی (الاسلام خواطر وسوانح)ی وەرگێڕانی (أحمد فتحی زغلول) دەڵێت: (موسڵمانان زۆریان لە كەس نەكرد بە شمشێر یان بە زمان بێنە ناو ئیسلام، بەڵكو ئیسلام خۆی بە خۆشەویستی و ویستی كەسەكە چووە ناو دڵان).

(تۆماس ئارنۆڵد) لە كتێبی (الدعوة إلى الاسلام) دەڵێن: (ئەگەر بڕوانینە ئەم لێبوردەییەی موسڵمانەكان بەرامبەر مەسیحییەكان لە سەرەتای حوكمی ئیسلام پیادەیان دەكرد دەردەكەوێت كە ئەم بیرۆكەیەی بڵاوبۆتەوەو دەڵێت بە هۆی شمشێرەوە خەڵك ڕوویان لە ئیسلام كردووە، ئەو زۆر دوورە لە ڕاستی).

هەروەها دەڵێت: (مەسەلەی زۆر لە خەڵك كردن تاكو بێنە ناو ئیسلام یان چەوساندنەوەیان بەهەر ڕێگەیەك، لە سەرەتاكانی فتوحاتی ئیسلامیی –كە كوردستانیش دەگرێتەوە– لە سەرچاوەكان هیچ بوونێكی نییە).

هەروەها لە شوێنێكی تری ئەم كتێبەدا دوای ئەوەی باس لە چەند هۆكارێكی لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هەرەسهێنانی ئایینی زەردەشت دەكات دوای هاتنی ئیسلام و فتوحات و مامەڵەكردنێكی باش و لێبوردەیی بەرامبەر

زەردەشتیەکان و پەرستگاکانیان، دەڵێت: (مەحاڵە بڵێین کزبوون و پاشەکشەکردنی ئایینی زەردەشتی بە هۆی ئەوەوە بووە کە موسڵمانەکان بە زۆر خەڵکیان کردۆتە ئیسلام، پێدەچێت ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوای وڵاتی فارس هەر لە سەرەتای فتوحات، ئیسلامیان قەبووڵکردبێت، بە ویستی خۆیان و لەکەشێکی هێمنی و ئاشتیدا).

مێژوونووسان شتی لەم جۆرەیان باس نەکردووە کە موسڵمانەکانی بەرایی لە کاتی فتوحات زۆردارانە مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتوانی کوردستان کردبێت یان هەوڵ سڕینەوەی کولتورەکەیان دابێت، ئەمە تەنها (وەهمە)، پاشان کام کولتور؟ ئایا کورد پێش ئیسلام کولتوری دیار بووەو لە سەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە جگە لە هەندێك گریمانەی بێ سەرچاوەو بەڵگەنامەی باوەڕپێنەکراو؟

لەلایەکی تریش ئایینی ئیسلام و موسڵمانان گەیشتبێتە هەر ناوچەیەك بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکیان لەبەرچاو گرتووە، هەوڵیان نەداوە بیانسڕنەوەو لە سفرەوە دەست پێبکەن یان کولتوری ڕەسەنی میللەتەکە فەرامۆش بکەن. بەڵکو هەر لایەنێکی کۆمەڵایەتی لە ئاکارو ڕەوشت، یان داب و نەریت یان بۆ ئەو یادەوەرییەکان بوو یان ئەدەب و هونەر، یان هەر شتێکی تر کە پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەت نەبووبێت، ڕێزیان لێگرتووەو هێشتوویانەتەوە، بەڵکو پەرەی پێدراوەو بۆتە بەشێك لە پێکهاتەی شارستانی ئیسلامیی، یان هەندێك گۆڕانکاریی لەسەرکراوە تاوەکو بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی شەرع.

لەلایەکی تریشەوە موسڵمانان کە دەسەڵاتیان لە کوردستان وەرگرتووە بەرپرسیارانە هەڵسووکەوتیان کردووە، چونکە ئەوان زۆر نزیکبوون لە سەردەمی پێغەمبەرو زۆربەیان لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوون بەتایبەتی سەرکردەکان، واتە تا ڕاددەیەکی زۆر فەرمان و ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکانی پێغەمبەرو خەلیفە ئەبوبەکریان لەبەرچاو بووە کە چۆن مامەڵە بکەن لەگەڵ دانیشتوانی ناوچە فەتحکراوەکان کە تەنانەت هەستیان بە بەرپرسیارێتی لە ئاست درەخت و ئاژەڵ و بێگیانیشدا کردووە چ جای مرۆڤەکان، ئەم ڕاسپاردەیەی ئەبوبەکر کاتێك

یەکەم سوپا بەڕێدەکات دوای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەر لە گوێیان زرینگاوەتەوە کە داوا دەکات: داری تەڕو بەردار نەبڕن، ئاژەڵ نەکوژن بۆ خواردن نەبێت و ژن و منداڵ نەکوژن، تەنها ئەو کەسانەی چەك بەدەستن و شەڕکەرن، و پیاوانی ئاییی (لە هەر ئاینێك بن) نەکوژن و وازیان لێ بێنن لە پەرستگاکانی خۆیان خواپەرستی بکەن بە گوێرەی بیروباوەڕو تێگەیشتنی خۆیان.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە فەتحی کوردستان لەسەردەمی خەلیفەی دادوەر (عومەری کوڕی خەتاب) بووە کە هەمیشە لە خەمی خەڵك و دابینکردنی عەدالەتدا بووە، بۆیە پێشێلکارییەکانی لە سەردەمی ئەو زۆر کەم بوون، سەردەمەکەشی نموونەیی بوو، نەك لە مێژووی ئیسلام و ناوچەکە، بەڵکو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

+ سێ هۆکاری گرنگ بەرمەبنای دواکەوتن وماڵوێرانی بوون بۆ کورد هەندێکیان لە مێژە، هەندێکیان نوێیە کە بریتیین لە: هۆکارە نێو خۆییەکان (شەڕی نێو خۆو خۆ خۆری)، هەروەها هۆکارە ئیقلیمییەکان (نەگونجانی وڵاتانی دراوسێ)، هۆکارە دەرەکییەکان یاخود نێو دەوڵەتییەکان کەئەمەیان نوێترە، هەروەکو م.س لازاریف دەڵێ: مەسەلەی کورد وەکو کێشەیەکی نێو دەوڵەتی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەوە سەریهەڵداو لە سەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی بایەخی زیاتربوو، پێتوایە تاوەکو ئەمڕۆ ئەو سێ هۆکارە ڕۆڵ دەبیینن لە دواکەوتن و وەستانی قەزیەی سیاسی کورددا یاخود بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکانی دنیاوە گۆڕانیش بە سەر ئەمانەدا دێت؟

دکتۆر حەکیم: چەندین هۆکار بوونەتە مایەی دەردەسەری و شکستهێنانی کورد لە وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی، لە پێشەوەی ئەم هۆکارانە: هۆکارە ناوخۆییەکان کە بەرجەستە دەبن، لە عەقڵیەتی خێڵەکی و پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی سەرانی کوردو بنەماڵەکانیان و ململانێکردنی یەکتر و ڕازینەبوون بە حوکم و فەرمانڕەوایی یەکتر و

خۆسه‌پاندن، ته‌نانه‌ت په‌نابردنه به‌ر دوژمنی ئیقلیمی یا ده‌ره‌كی له لایه‌ن سه‌ركردیه‌كه‌وه له دژی سه‌ركرده‌ی هۆزێكی تر یا گرووپێكی تر، كاتێك بزانێت به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی له‌ژێر هه‌ڕه‌شه‌دایه، بۆیه به‌رده‌وام كورد له یه‌ك كاتدا خاوه‌نی چه‌ندین سه‌ركرده بووه كه ڕكابه‌ری یه‌كتربوون و له‌پێناو به‌دیهێنانی حه‌زو ئاره‌زوو تموحه شه‌خسیه‌كاندا هیچیان نه‌خوێندۆته‌وه، نه عورف و نه‌ئایین و نه هه‌ستی نه‌ته‌وه‌یی و نه به‌رژه‌وه‌ندی كه‌س و لایه‌نانی دیكه.

هه‌روه‌ها ولاته ئیقلیمیه‌كان پشت به‌ستوو به زلهێزه خۆرئاواییه‌كان هه‌ر جموجوڵ و بزاڤێكی كوردی به هه‌ڕه‌شه ده‌زانن و قبووڵی ناكه‌ن، چونكه سیستمه‌كانیان سه‌رسه‌خترین سیستمی ناسیۆنالیزمی شۆفینیزمه كه غه‌یری ده‌سه‌لاتی تاك نه‌ته‌وه‌یی و (سه‌رده‌ستی) ڕه‌تده‌كه‌نه‌وه، جا ئه‌م سیستمانه به پیرۆزی ده‌ڕواننه سنووره جوگرافیه‌كانیان و دانیشتوانه‌كانیشیان به‌چاوپۆشی له ڕه‌گه‌زو نه‌ته‌وه به به‌شێكی جیانه‌كراوه له ولاته‌كانیان ده‌زانن هه‌رچه‌نده له ڕووی مامه‌ڵه‌و مافه‌وه به هاوولاتی پله دووش داده‌نێن.

جا ئه‌گه‌ر رۆژێك له ڕۆژان به حوكمی دراوسێیه‌تی جوگراف و په‌یوه‌ندییه مێژوویی و ئاینییه‌كان، نه‌ته‌وه‌و زمانه جیاوازه‌كان له ناوچه‌كه‌دا، له‌ژێر سایه‌ی یه‌ك چه‌ترو یه‌ك سیستم كۆبووبنه‌وه بێ جیاوازی، ئه‌وا ئه‌مڕۆ به حوكمی گۆڕانكارییه‌كانی دوای جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانی و نه‌مانی خیلافه‌ت و دروستبوونی چه‌ندین ده‌وڵه‌ت و قه‌واره‌ی نه‌ته‌وه‌یی، حوكمه‌كانیش گۆڕاون و كوردیش مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه كه چاو له ده‌وروبه‌ری خۆی بكات و ڕازی نه‌بێت به حوكمی سه‌رده‌ستی و خۆسه‌پاندنی نه‌ته‌وه‌یه‌كی دیاریكراو له‌ژێر هه‌ر پاساوێكدا بێت.

سه‌باره‌ت به هۆكاره نێوده‌وڵه‌تیه‌كانیش ئه‌وا ئێجگار كاریگه‌رن و ته‌نانه‌ت ده‌توانن كار له هۆكاره ئیقلیمییه‌كانیش بكه‌ن و لاوازیان بكه‌ن ئه‌گه‌ر بیانه‌وێت، چونكه هه‌ر زلهێزه‌كان بوون كه ئه‌م واقیعه ئیقلیمیه تاڵه‌یان خولقاند له‌سه‌ر حسێبی نه‌ته‌وه‌ی كوردو مافه‌كانی، هه‌ر ئه‌وانیش درێژه‌پێده‌ری سیاسه‌تی پشتگیریكردنی سیستمه ناسیۆنالیستیه‌كانی ناوچه‌كه‌ن و زه‌مانه‌تی مانه‌وه‌یانن

بەهۆی هاوکێشەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان مانەوە لە دەسەڵاتداو بەرامبەر بەبردنی خێرو بێری وڵاتەکان و پابەندبوون بە سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەکەو لێ لانەدانی.

ئەوەی زیاتریش بارەکەی ئاڵۆزکردووەو ناعەدالەتیەکەی چەند جارەکردۆتەوە سیستمی تاك جەمسەری جیهانیە کە تاکە زلهێزێك بڕیار لەسەر مەسەلە جیهانیەکان و چارەنووسی وڵات و نەتەوەکان دەدات، لەمەشدا جگە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی هیچ شتێکی تر لەبەرچاو ناگرێت، ئەگەرچی بە سیستمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافە مەدەنیەکان و بەرگریکردن لە میللەتە چەوساوەکان و وەستان دژی سیستمە دیکتاتۆریەکان خۆی دەناسێنێت. کەچی ئەم ناعەدالەتی و دوورە مافی مرۆڤە لەم سەردەمەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی و پێشتر مرۆڤایەتی حاڵەتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە کە هەرچی ئەو بیکات و بیڵێت ڕاست و دروست و یاسایی بێت و هەرچی غەیری ئەویش بیکات و بیڵێت ئەگەر پێچەوانەی ویست و بڕیاری ئەو بێت، ئەوا ناهەقە و سەرپێچیی یاساو مافی مرۆڤە، هەر ئەم سیاسەتەش وایکردووە کە هەندێك جار لە ڕووانگەی بەرژەوەندییە خۆرئاواییەکان، کوردەکانی پارچەیەکی کوردستان دیموکراسیخوازو لەسەر حەق بن، لە هەمانکاتدا کوردەکانی پارچەیەکی تر تیرۆریست بن و جیاخواز بن.

سەرەڕای گۆڕانکارییە خێراکانی دنیا کەچی لەوەناچێت لە مەودای بینراو مەسەلەی سیاسیی کورد لە ناوچەکە چارەسەرێکی بنەڕەتی و دادپەروەرانە بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە نەتەوەییانەی لە ناوچەکەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و خۆرئاوا دەپارێزن و بە (ئەمانەت) بڕگە بە بڕگەی سیاسەتەکانیان جێبەجێ دەکەن، کوردیش تاکو ئەمڕۆش نەیتوانیوە ببێتە یاریزانێکی سیاسیی شارەزاو چاوکراوە لە گۆڕەپانی جەنجاڵ و ئاڵۆزی هاوکێشە و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان، تەنانەت تاکو ئێستا لە نێو خۆشیان مەسەلە و خاڵە سەرەکیەکانی مەسەلەکەیان بە تەواوی ساغ نەکردۆتەوەو هەر کۆمەڵێکی سیاسیی بە گومانەوە دەڕوانێتە پڕۆژەو بەرنامەو جموجۆڵەکانی ئەویتر،

بێگومان تا ماڵی ناوخۆش ڕێك نەخرێت مەحاڵە بتوانێت پشتیوانی دەرەكی (سیاسیی) ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت، نەك پشتیوانی (مرۆییانەو سۆزدارانە).

لەلایەكی تریشەوە سروشتی پڕ خێرو بێری كوردستان و دەوڵەمەندی لە ڕووی دەرامەتەكانی نەوت و ئاو بە تایبەتی، تاكو ئێستاش هەروەك خۆیەتی و لەبن نەهاتووەو تاكو ئێستا مایەی چاوتێبڕین و كەمەندكێشكردنی وڵاتانی دنیایە، تا ئەم خێروبێرەش بەردەوام بێت ئەوا وا باشە بۆ ئەمریكا و خۆرئاوا كە كێشەی كورد بنەڕەتانە چارەسەرنەكرێت، لە باشترین حاڵەتیشدا كوردەكانی دانیشتووی هەر پارچەیەكی كوردستان لە سنووری وڵاتەكەدا جۆرێك لە حوكمی خۆجێیی پێ بدرێت و لە حاڵەتێكی گریمانەیی (دووری) لەوەش باشتر لە هەر پارچەیەك زۆربەی (نەك هەمووی) ناوچە كوردنشینەكان دابڕدرێت و قەوارەیەكی نەتەوەیی (لاواز)ی لەسەر دابمەزرێت و هەریەكێك لەم قەوارانەش بكەونە ململانێ لەگەڵ یەكتری لەلایەك و لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەی لێیان جیابوونەتەوە لە لایەكی تر. بەڵام دروستبوونی كوردستانێكی گەورەی یەكگرتوو بە پێوەرە ناوخۆیی و دەرەكییەكان و لە مەودایەكی دووریش، بەویست و ڕەزامەندی ئەمریكاو خۆرئاوا مەحاڵە بێتەدی، چونكە سیاسەتی ئەوان لەتلەتكردنە نەك یەكگرتنەوە.

جا چاوەڕێكردنی ئەملاوئەولا بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد تەنها دڵدانەوەو دڵخۆشكردنە، ئەگینا ئەركی سەرەكی ئەم پرۆژەیە دەكەوێتە ئەستۆی هەر تاكێكی كورد لە گشت پارچەكانی كوردستان، لە ڕێگەی بیركردنەوەی واقیعیانە نەك عاتیفیانەو خۆهۆشیاركردنی و ناسینی دۆست و دوژمنو لێك جیاكردنەوەیان و گەڕانەوە بۆ ئەزموونە مێژووییەكان و پەندو سوود لێوەرگرتنیان، ڕوانینە مەسەلەكان و پێشهاتەكان بە شێوەیەكی سەردەمیانە و مامەڵە لەگەڵ یەك كردن بە شێوەیەكی مەدەنیانە، نواندنی خۆنەویستی لەسەر هەموو ئاستەكان، هەروەها كۆبوونەوە لە دەوری كەسایەتیەكی ڕابەری دڵسۆزو بوێرو خۆنەویست و شارەزا كە بەرژەوەندییە باڵاكانی نەتەوە لە سەرووی هەر ئیعتبارێكی تردا دابێت.

بەر لەمانەش هەموو بوونی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەرنامە ڕێژکراوی درێژخایەن و کار لەسەرکردنی وێڕای مامەڵەکردنی سیاسیانەی داناییانە لەگەڵ دەوروبەرو وڵاتانی دیکە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: زۆرجار لە مێژوودا هەندێك گۆڕانکاری لەناکاو، چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدەن کە پێشبینی و گریمانەکان هەڵدەوەشێننەوە کە بە هۆکاری (قەدەر) گۆڕانکاری مرۆیی یان سروشتی گەورە ڕوودەدان.

جا لەم حاڵەتەدا یان لە حاڵەتی پەیدابوونی دوو یا چەند هێزێکی جیهانی ڕکابەر، ئەوا لەوانەیە هاوکێشەکان و مەزەندەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت و بەدیدێکی تر سەیری کێشەو مەسەلەکان بکرێت، بەڵام لەمانە گشتی گرنگتر ویست و کارکردن و خەباتی میللەتە کە ئەگەر هەوڵ و وزەکانیان یەکبخرێن و دروست ئاراستە بکرێن ئەوا زوو یان درەنگ مافە بنەڕەتیەکان دەستەبەر دەبن و ئەوەی تا ئەمڕۆ خەون و ئومێدو خەیاڵە دەبێتە ڕاستیەکی خۆسەپێنەر و واقیعێکی چاوەڕوانکراو.

+ بەشێوەیەکی گشتی تا چەند کورد لە ژێر کاریگەری کولتوری داگیرکەراندا کولتوری خۆی بونیادناوە ؟

دکتۆر حەکیم: دەستی قەدەر وایکردووە کە کوردستان کۆگەی خێر و بێرو سامانە سروشتیەکان بێت، هەر لە سەرچاوەکانی ئاو (ڕووبارەکان و کانی و کانیاو و بیرەکان) و کانەکانی نەوت و کانزاکانی ترو گونجانی ئاووهەواو خاکەکەی بۆ هەموو جۆرە بەرهەمێکی کشتوکاڵی و هتد. دیارە لە قورئانی پیرۆزدا باس لە پیت و بەرەکەتی کوردستان کراوە، لە ڕووداوی لافاوی سەردەمی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لێ بێت)، کاتێك لەناو کەشتیەکە لە پەروەردگار دەپاڕێتەوەو دەڵێت: (خوایە دامبەزێنەو لەنگەر بە کەشتیەکەم بگرە لە جێگەیەکی پیرۆز و بە بەرەکەت)، (ئینجا کەشتیەکە لە ئاقار کێوی جودی لەنگەری گرت).

بەڕاستی زیادە گۆیی نییە ئەگەر بڵێین کوردستان بە سنوورە جوگرافیە مێژووییەکەی دەوڵەمەندترین وڵاتی ناوچەکەیە کە سامانەکانی لە بن نایەن و

کۆنترۆڵکردنی ئەم وڵاتە باڵادەستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، ئەوەتا سەرچاوەی سەرەکی هەردوو سامانی سروشتیە (ئاو و نەوت) کە بوونەتە هۆی ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە سەری کە تا ئایندەیەکی نادیار بەردەوام دەبێت.

دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین کوردستان خاوەن ئابووریەکی تەواوو تێروتەسەلە کە لە هیچ لایەنێکی سەرەکی کەم نییە، بەڵکو بە هۆی داهات و خێروبێرەکانی ئەگەر وەبەربهێنرێن زۆریش زیاد دەکات و تاکی کورد دەبێتە خاوەن بەرزترین ئاستی داهات لە جیهانداو تەنانەت لە ئاستی داهاتی وڵاتانی کەنداویش تێدەپەڕێت، چونکە تاکە سەرچاوەی داهاتی ئەوان نەوتە کەچی هی کوردستان جگە لە نەوتو ئاو و کانزاکان و کشتوکاڵ و گەشت و گوزاریش دەگرێتەوە..

بەڵام بەداخەوە دیارە هەڵکەوتەی جوگرافی سەختی و شاخاوی ناوچەکە کە ڕەنگیانداوەتەوە لەسەر پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی دانیشتوانەکەی کە لە خێڵایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی سنووردارو کورتبینی و هەست نەکردن بە بایەخ و گرنگی وڵاتەکەیان و دەوڵەمەندی خۆی دەبینێتەوە، لەلایەك و دابەشبوونی ناوچەکە بەسەر دەوڵەتە ئیقلیمیەکان دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێگەدان بە سیستمە ناسیۆنالیستە فاشیستەکانی کوردیان بەسەردا دابەشکرا، لە لایەن زلهێزەکانەوە توندترین سیاسەتی تواندنەوەو قڕکردن و کۆچ پێکردن و دەربەدەرکردن و سەرکوتکردن و چەوسانەوە لە دژی کورد پەیڕەو بکەن، بۆ ئەوەی کورد نەك بیر لە قەوارەیەکی نەتەوەیی کە گشت پارچەکان بگرێتەوە نەکاتەوە، بەڵکو کوردی دانیشتوانی هەر بەشێکیان تەنها لە بیرلەخۆکردنەوە دابن و لە هەوڵی ئەوەدابن چۆن بەرپەرچی ئەم داگیرکاریە شۆفێنیزمە ببنەوە کە باڵی بەسەریاندا کێشاوە لە ڕێگەی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین کە هەموویان بە پشتیوانی زلهێزە ئەوروپیەکان کپکراونەتەوەو لە باربراون، هەرچەندە ئەم دەوڵەتانە لە ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتەکانیان داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و مافی میللەتان دەکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان! بەڵام لە ڕاستیدا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی

خۆیان ئامادەن هەموو بەها مرۆڤایەتی و ئەخلاقیەکان بخەنە ژێر پێی خۆیانەوەو بازرگانی بە گیانی ملیۆنەها مرۆڤ بکەن، جا بەڕاستی نەخۆشی و کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان کە لە بەشێکیاندا زلهێزەکان بەرپرسیارن و تاکو ئەمڕۆش ڕەواجیان پێدەدەن و گەرمیان دەکەن، ئەوەندە زۆرن کە بەشێکی زۆری کورد تەنانەت لە ئاستە بەرزەکانیش (کوردستانێکی گەورە) بە خەون و خەیاڵ بزانن کە بەدیهێنانی مەحاڵ بێت بەلایەنی کەمەوە لە مەودای بینراودا. واش پێدەچێت سەرکردایەتی کورد هەست بەوە بکات کە بە پشت بەخۆبەستن ئەستەمە کورد نەك لە کۆی نیشانە دابەشکراوەکەی بەڵکو لە هەر بەشێکیش بگاتە مافەکانی خۆی لە سنووری (دەستکردی ئەوروپی) دەوڵەتە ئیقلیمیە داگیر کەرەکاندا. دیارە ئەوەش ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و پەیوندییە نێودەوڵەتەکانیان سەیری بکەین لەوانەیە جۆرێك لە مەنتیقی تێدابێت، بەلام لە هەمانکاتیشدا فەرامۆشکردنی یاخود پەراوێزکردنی هێزو وزە ناوخۆیی و خودییەکانە لە سەرووی هەموویانەوە بەدەستهێنانی (متمانەی میللیە) کە سەرمایەی بنەڕەتی بەدیهێنانی هەموو ئامانجێکەو سەرکەوتنی ڕاستەقینە مسۆگەر دەکات.

کەواتە بەکورتی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی کە لە قۆناغی سەرەتای پێگەیشتنیدایە، هەروەها سیاسەتی داگیرکاری و داپڵۆسێنەرانەی ولاتانی ئیقیلمی و پێشخستنی بەرژەوەندی کۆمەڵ و گرووپ و خێڵ و بنەماڵەو تاکەکەس بەسەر بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی، سەرەڕای سیاسەتی دەرەکی خۆرئاوا کە تاکو ئەمڕۆ بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت میللەتی کورد بە دابەشکراوی بمێنێتەوەو بەشێك بێت لەم ولاتەی کە پێشتر سنووری بۆکێشراوەو بە زۆری زۆردار کورد کراوەتە بەشێك لە پێکهاتەکەی وە لە باشترین حاڵەتیشدا لەوانەیە خۆرئاوا بە پێی بەرژەوەندییەکانی فشار بخاتە سەر دەسەلاتدارانی ولاتە ئیقلیمیەکان کە پشتگیریان دەکات، چەند مافێکی سەرەتایی کولتوری و سیاسیی بدەن بە کوردەکان، بەلام هەر لە سنووری جوگرافی هەر ولاتێکدا وەك

ئەوەی بیرکردنەوە لە بەزاندنی ئەم سنوورە تاوانێکی گەورە بێت یان دەرچوون بێت لەسەر یاسا نێودەوڵەتیەکان و سەروەری وڵاتان!

جا لە واقیعێکی ئاوادا کورد ناتوانێت خێرو بێرەکانی خۆی بۆ خۆی بەرکابهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك چەکێك لە دژی خۆی بەکاردەبرێن.

+ مەسەلەیەك هەیە دەڵێ: هەرکەس کۆنترۆڵی هەموو کوردستان بکات باڵادەستی لەڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا بۆخۆی دابین دەکات، ئەوەش بووەتە زیان بۆ کورد، ئەی کورد بۆخۆی ئەو سوودەی لێ نەبینی؟ لەلایەکی تر هەستدەکەیت شکستیەك لەدەروونی کورددا هەبێت هەمیشە خۆی بەکەم ومەزڵووم و بێهێزوو دۆڕاو زانیوەو داوای مافی خۆکردنی کەمبووەو بەرگری زۆر بووە.؟

دکتۆر حەکیم: بەداخەوە ئەزموونە مێژووییەکان سەلماندوویانە کە کورد لە رووی سیاسییەوە بە ئاسانی فریودەدرێت و دەخەڵەتێنرێت، تەنها چەند رستەو دەستەواژەو وتەیەکی شیرین و بریسکەداری بێ بنەماو ناوەڕۆك بەسە بۆ ئەوەی قەناعەت بێنێت و رازی بێت بەم پلان و بەرنامەیەی لەسەری دەوروژێنرێت لەلایەن هەر کەس و وڵات و لایەنێکەوە، شکستیە یەك لە دوای یەکەکان میللەتی کوردیش کە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا دووچاری هاتووە لە لایەکەیەوە ئەنجامی ئەو خۆشباوەڕییە بووە، کەچی لە ناوخۆدا بێ متمانەیی لە نێوان سەرانی کورد لە هەر ئاستێکدا بووبن یەکێك لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی کەسایەتی کوردییە.

لە هەمانکاتیشدا، نەبوونی متمانە لە ناو ناخی تاکی کوردو هەستکردنی بە بێ چارەیی و بێ دەسەڵاتی وایکردووە کە هەر مۆدەو گۆڕانکاری و کولتورێك کە سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانی بێت، بە نەرم و شلی وەربگیرێت و بە چاوی گەورەیی و پۆزەتیڤانە سەیربکرێت، تا وای لێدێت شوێنی کولتوری رەسەنی کوردی بگرێتەوە، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکرێت کە تاچەند لەگەڵ واقیعی خۆمان دەگونجێت و زیان بە بنەماو نەگۆڕە کولتورییە رەسەنەکەمان ناگەیەنێت کە بەشێکە لە تایبەتمەندی مێژوویی و کولتوری و ناسنامەی کەسایەتی نەتەوەییمان، هەربۆیە تاکو ئێستاش دەبینین کەسایەتی

کولتوریمان لێڵاوی و تەماوییەو بە هۆی کاریگەری توخمە کولتورییە بیانییەکان سەربەخۆ نییەو شێواوی و هەڵبزڕکاوی پێوەدیارە.

بەڕاستی کاریگەری کولتوری داگیرکەرانی خۆرئاوایی و ئیقلیمی ئەوەندە زۆرە تا ئەو ڕاددەیەی گەیشتۆتە شێوازی بیرکردنەوەو هەنگاونان لە لایەن دەسەلآتداران و ڕۆشنبیران و هەوڵی سەرەکی ڕێژەیەکی بەرچاو لەو چین و دەستانەی لە ڕیزی پێشەوەی بڕیاردان و قەڵەم بە دەستان، خۆنزیککردنەوە بێت لە داگیرکەران و دوژمنانی مێژووی گەلەکەمان لەپێناو ڕازیکردنیان و خۆچوواندن پێیان و لاساییکردنەوەی توتیانەی ئەوان لە زۆربەی بوارەکاندا.

هەروەها ئەم شکستە دەروونیەی بەسەر تاکی کورددا هاتووە چ لە ئاستی بڕیار بە دەستان بێت یان لە ئاستی کەسێکی ئاسایی کە بێگومان ئەوەش کەڵەکەبوو درێژبوونەوەی مێژووییەکی دوورودرێژە لە کۆیلایەتی و پاشکۆیاتی و ژێردەستەیی، کاردانەوەی خراپی لێکەوتۆتەوە کە هەمیشە کورد خۆی بە بێ دەسەلآت و ستەملێکراو دەزانێت و وا قەناعەتی هاتووە کە ئەم حاڵەتە نائاسییە هەر بەردەوام دەبێت و هەمیشە لە هەلۆێستی بەرگریدابێت نەك هێرشبەر و زیندوویی لە بەگژاچوونی داگیرکەران و سەندنی مافەڕەواکانی خۆی، چونکە ماف دەسەنرێت و نابەخشرێت، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کەسێك یا نەتەوەیەك هەرچەندە خاوەن ماف بێت نابێت چاوەڕێی لایەن و هێزی دەرەکی بکات کە بۆی بگەڕێێننەوە، ئەگەر خۆی لە پێگەیەکی بەهێزدا نەبێت و لێبراوانە هەوڵی وەدەستهێنانی نەدات. بەڕاستی ئەم وتەیە کە زۆرجار دووپات دەکرێتەوە لە نێوەندەکان خەڵك کە دەڵێت: (کورد قەت ناگاتە مافی خۆی)، (کورد خۆخۆرن)، (کورد هەردەم ناتەبابوون)، (کورد خاوەنی هیچ نییەو نابێتە هیچ)، (کورد نۆکەرایەتی بێگانەی پێخۆشە)..هتد.

جا ئەمە گوزارشتێکە لەم شکستە دەروونییەو بێمتمانەییەی لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونە مێژووییە تاڵەکان بەسەر تاکی کورددا هاتووە، کە لە حەقیقەتدا (خۆکوشتنە) یا خۆبەدەستەوەدانەو بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کە کورد هەروا دەمێنێتەوەو قابیلی گۆڕان و ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان نییە، کە

ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە زۆر لە میللەتانی تر ڕۆژێك لە ڕۆژان خاوەنی هیچ نەبوونەو گرفت و کێشەی ناوخۆییان ئێجگار زۆر بووە بەلام ئێستا گۆڕاون.

خۆڕزگارکردنیش لەم واقیعە تاڵە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی جددی هەیە لەلایەن دڵسۆزان و لێزانان، هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتی و خاڵە لاوازەکانی ئەزموونە مێژووییەکان و ڕاستکردنەوەیان بە بیرکردنەوەی تازەو تێڕامانی ووردترەوە.

+ بۆچی سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەمەلایەن و بیرمەندێکی گەورەی کورد دروست نەبووە کە دەسەلاتی ناوچەیی تێپەڕێنێ و هەموو لایە یەك بخات و ئاراستەیان بکات ؟

دکتۆرحەکیم: بەڕاستی ئەم حاڵەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ورد هەیە. ئێمە لە مێژووی کوردی سەدەکانی ناوەڕاستدا (لە سەردەمی ئیسلام) نموونەی دەرکەوتنی کەسایەتی کوردی ناوداری زۆرمان هەیە لە بوارە جیاجیاکانی سەربازی و سیاسیی و زانستی...هتد، بەلام ئەوەی جێی سەرنجە پێگەیشتن و گەشەکردنی ئەم بلیمەت و ناودارانە زیاتر لە دەرەوەی کوردستان بووە، واتە کاتێك دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە و قەدەر لە نیشتمانی دایك دووری خستوونەتەوە جا بە هۆکاری زانستی یان سیاسیی یان سەربازی یا کۆمەلایەتی یا ئابووری بووبێت، ئەوا جێ پەنجەو نەخشیان لە مێژوو و شارستانێتی ئیسلامییدا دیاربووە، هەرچەندە ئەوان نکوڵیان لە ڕەچەڵەکی خۆیان نەکردووە، بەلام بە حوکمی پێوەرەکانی سەردەم و (جیهانی)بوونی ئیسلام، ئەوانیش لە سنوورێکی بەرفراوانتر لە جوگرافیاو نەتەوەو زمان..هتد لە بوارەکانی خۆیان کاریانکردووە و بەرهەمیان هەبووە هەروەك هەموو میللەتانی تری سەردەمی خۆیان کە چەتری ئیسلام کۆی کردبوونەوە.

بۆیە زۆرجار واقیعی جوگرافی دەبێتە بەربەست لەبەردەم داهێنان، کاتێك کەسێك دەچێتە واقیعێکی تری (شارستانی)و چاوی بە دەوروبەر دەکەوێت و لە

سنووری تەسکی ناوچەی شاخاوی دەردەچێت و پەیوەندی بە خەڵکانی ترەوە دەکات، ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاسۆیەکی فراوانترو ڕوونتر..

لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچی - دوانزەم و سیانزەمی زایینی کەسایەتیەکی کوردی وەك صەلاحەددینی ئەیوبی کە لە ژینگەیەکی ناکوردی چاوی کردەوەو پێگەیشت، هەرچەندە باوك و باپیرانی لە کوردانی ڕەسەنی ڕەوادی هەزبانیین کە لە (دوینی) ئەرمەنستان دەژیان، دواتر ئەوێیان جێهێشت بەرەو تکریت، موسڵ، شام کۆچیانکرد، ئەم کەسایەتییە کە خاوەن بیرو بەرنامەو پرۆژەیەك بوو کە بۆ سەردەمی ئەو زۆر پێویست بوو، ئەویش یەکخستنی جیهانی ئیسلامیی بوو ڕزگارکردنی لە پەرتەوازەیی و خۆخۆری و خۆکوژی لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و داگیرکاری ئەوروپیە خاچدروشمەکان بوو.

جا لەم قۆناغە هەستیارەدا صەلاحەدین ئەوەی پلانی بۆ دارشتبوو، بە دڵسۆزانەو بوێرانەو لێبڕاوانە کاری بۆ دەکرد هاتەدی و کوردێك و بنەماڵەیەکی کوردی توانیان ڕابەرایەتی جیهانی ئیسلامیی بکەن لە قۆناغێك لە قۆناغە مێژووییە هەرە هەستیارو ترسناکەکاندا، بەڵێ سەلاحەدین توانی لاپەڕەیەکی سەروەری لە مێژووی ئیسلام بۆخۆی تۆمار بکا، هەرچەندە ئەو بیری لە ناوبانگ نەدەکردەوە، بۆیە بە نەمری مایەوە، چونکە بە دڵسۆزی و خۆنەویستی کاری دەکرد، لە هەمانکاتیشدا بوو بە نموونەیەك لە مرۆڤایەتی و لێبوردەیی و دادپەروەری کە لە ئەوروپا دەنگیدایەوەو لە سەردەمی (ئومەمیەتی) ئاینیی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، صەلاحەددین بووە سومبولی مرۆڤایەتی و لە ڕێگەی ئەوەوە ناوی کورد چووە ناو مێژووی ئەوروپاوە کە لە سەرچاوەکانیشدا بە پێشەنگ و سوارچاك و سەرکردەی جەنگ و ئاشتی ناسراوە، کە لە ڕەوشت بەرزیدا هاووێنەی نەبووە.

مەبەستمان ئەوەیە دەکرێت کەسایەتییەکی کوردی سەرکردەو بیرمەند و نەتەوەیی هەڵبکەوێت بە مەرجێك لە مەرجەکانی سەرکردایەتی ڕاستەقینەو پێشەنگی ڕاستەقینەی تێدادێتەدی خاوەن پرۆژەو بەرنامەیەکی دیاریکراو بێت

كه دڵسۆزانه و خۆنەویستانه خەباتی بۆ بكات نەك ببێته بەشێك له پرۆژەو بەرنامەی ناحەزان و نەیاران جا هەستی پێبكات یان نا !

دیاره ئێمه به حوكمی سروشتی جوگرافی و واقیعی كۆمەلایەتی خێڵەكی كەسایەتی سەركردەیی ناوچەیی و عەشایری زۆرمان له نێودا هەڵكەوتووه، بەلام هەر سروشت و واقیع و شێوازی بیركردنەوەیه كه تاوەكو ئێستا وایكردووه ئەم جۆره نموونانەمان لەناودا هەڵنەكەوێت لەوانەیه ئەگەر كەسێكی واش هەڵكەوتبێت یان هەڵكەوێت ئەوا بەرەو ڕووی ناڕەزایی و ئیرەیی كەسایەتییه ناوچەییەكان دەبێتەوه، كه به هیچ شێوەیەك ڕازینابن بەرژەوەندییه تایبەتیەكانیان هەرەس بهێنن، جا هەر زووبەزوو به توانای تایبەتی خۆیان یان به پشتگیری هێزی دەرەكی ئامادەن هەر هەوڵێكی لەم شێوەیه لەباریبەن به بەكارهێنانی هەموو جۆره شێوازێك، ئەمه سەرەڕای هۆكاری دەرەكی كه ئامادەیه ڕاستەوخۆ دەخالەت بكا له حاڵەتێكی لەم شێوەیەدا.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر، سەلام ناوخۆش
پسپۆڕی زانستی زمان و مێژوو له زانکۆی صەلاحەددین ـ هەولێر



دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی له هەر پارچەیەکی کوردستان هەڕەشەیەك بووە له ئینگلیزو دیکتاتۆرە دەستکردەکان دەکرا.

- ١٩٦٦ له دایكبووه.

- قۆناغەكانی خوێندنی له هەولێر تەواو كردووه.

- ١٩٩٦ ماستەری له زمانی ئینگلیزیدا وەرگرتووه.

– له ساڵی ٢٠٠٥ بۆته پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ئێستا قوتابی دكتۆرایه له زانكۆیەكی بەریتانی

- ١٩٨٧ بابەت و نووسینی بڵاوكردووەتەوه.

- له بواری مێژووی سیاسییدا چەندین كتێب و نووسراوی چاپكردووه كه بریتین له:

١- كوردستان چۆن داگیركراو دابەشكرا؟

٢- سێكوچكەی هەرەس.

٣- هۆكارەكانی لكاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبی.

٤- ململانێی تورك و ئینگلیز.

٥- دۆزی كورد له نێوان بەرداشی سۆڤیەت و ئەمریكادا.

٦- احتلال و تقسیم كردستان.

٧- لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٩٠.

٨- مافی مێژوویی غەیره كورد بەسەر كوردستان. ؟

٩– ئایین و ناسیۆنالیزم

١٠– شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەكه

١١–فەشەلی عەلمانیەكان و غیابی ئیسلامیەكان

- له بواری وەرگێڕان:

١٢- قورئان و زانستی نوێ.

١٣- كرۆنۆلۆژیای مەسەلەی موسڵ.

١٤- كوردو كوردستان.

١٥– نۆ چیرۆك له بارەی خەڵكەوه

- لەبواری زمانەوانی:

١٦ـ سارا بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.

١٧ـ زمانناسی و چەند بابەتێکی زمانناسی کوردی.

١٨ـ فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، ئینگلیزی ـ کوردی.

١٩ـ فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد ینگلیزی ـ کوردی.

٢٠ـ ئایین‌و زمانناسی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری.

٢١ـ چەند بابەتێك لە بارەی زمانناسی کوردی بە زمانی ئینگلیزی.

ـ لەبواری ئەدەب:

ـ کۆبەندی چەند بابەتێك لە بارەی رەخنەو رۆمان‌و رۆژنامەگەری ئیسلامیی کوردیی.

ـ ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی صەلاحەددین.

+ کورد له مێژه رووی له فیکری چەپگەرایی کردووه، تا چەند ئەستێرەکانی ئاسمانی دونیای کۆمۆنیستی و پێشڕەوانی ئایدیالیستی رۆژهەڵاتی له ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان روانیوه وەکو نەتەوەیەکی بندەست؟

سەلام ناوخۆش: له بیستەکانی سەدەی بیستەمدا خێوی ئیمپریالیزم، به ناوی شارستانی کردنی گەلانی رۆژهەڵات و رزگارکردنی گەلانی ژێردەست، تەواوی شوێنه ستراتیژییەکانی داگیرکردبوو، دروستبوونی زلهێزێکی جیهانی بۆ بەربەستکردنی ئەو شالاوی داگیرکردن و ئەو ماڵوێرانییه زەرورەتێکی مێژوویی بوو، ئەوه بوو له ئاکامی کۆدێتایەك بەلشەفییەکان فەرمانداری رووسیایان به دەستهێنا. دروستبوونی یەکێتیی سۆڤییەت له دیدگای عەقڵییەتی هێندێك سەرکردەی رۆژهەڵات هێنده گرنگ بووه به جۆرێك لەو بارەیەوه جەواهیر لال نەهرۆی سیاسەتمەدار دەنووسێت: گەر شوورەی –سۆڤییەت– نەبووایه ئەبووایه دروستمان بکردبایه[1]. ئەو بیرو راو بۆچوونانه جیهانێکی فانتازیان له واهیمەی گەلانی رۆژهەڵات به گشتی و کورد به تایبەتی پێکهێنا بوو، به شێوەیەك تاکو سەرهەڵدانی پرێسترۆیکا و گلاسنوستی میخائیل گۆرباتشۆڤ ئەستەم و دژوار بوو، بتوانێت به ئاسانی لەو "خێوەی" نێو تەلیسمی سیحری شیوعییەتدا رزگاری ببێت، چونکه دیماگۆژی دەزگای راگەیاندنی سۆڤییەت له لایەك و رۆڵی مارکسیه عەرەبەکان و تورکەکان و فارسەکان تاکو کوردەکانیش له چەواشەکردنی گەلاندا له لایەکی دییەوه بوو بوون به لەمپەر و دیواری بەرلین لەبەردەم هەر دژه ئایدیایەکی سۆڤییەتی، یاخود کۆمۆنیستی به گشتی! بەڵێ سێ چارەکه سەده به رۆژی رووناك وەك شۆڤینییەکانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران، دەسەڵاتی بێدادی سۆڤییەت نکوڵی له ناسنامەی نەتەوایەتی بەشێکی به زۆرداریێژراوی کوردستان دەکرد و حەملەی به کۆمەڵ کۆچ پێکردن و رەشەکوژی لەگەڵ دەکردن. هەرکاتێکیش له کۆڕو کۆبوونەوەیەك باس هاتبایه سەر کوردی بندەستی سۆڤییەت، ئەوه هێنده قەرزاری عەدالەتیی سۆشیالیزم دەکراین. کورد واتەنی "به حەوت پشتان له ژێری دەرنەدەچووین" بۆ ئەوەی باسەکەمان سنووری لێکۆڵینەوەی زانستی نەبەزێنێت و دوور له دەمارگیری قەومییەوه له مەسەله

بنەڕەیییەکان بکۆڵینەوە وا بە چاك دەزانین شتەکان لە دوو خاڵی بنەڕەتی چڕ بکەینەوە ئەویش، یەکەم: ناسنامەی نەتەوەیی کوردستانی بندەستی سۆڤییەت و دووەمیش: چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستاندا.

خاڵێکی دی بۆ بە زانستیکردنی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەیە هەڵوێستی دژەکان –سۆڤییەت و دارودەستەی لە رۆژهەلات– بەرامبەر بە هەردوو خاڵە بنەڕەتییەکە پێشکەش بکەین ئینجا هەستین بەشیکردنەوەی راستییەکان لە گۆشەنیگای بەڵگەی مێژوویی لە لایەك و راگەیاندنی راستی لە زادەی کوردەکانی ئەوێ لە لایەکی دی.

لە سەردەمی لینین ١٩١٧–١٩٢٤ز یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی سۆشیالیستی سۆڤییەتدا، کوردی سۆڤییەت نەتەوەیەکی بچووکی نیشتەجێ نەبووی یەکێتیی سۆڤییەت دادەنرا.

نیکۆلای بۆگای سەبارەت بە راگواستنی نەتەوە ژێردەستەکانی یەکێتیی سۆڤییەت دەنووسێت: لە ساڵی ١٩٢١دا لە سەردەمی کۆنگرەی دەیەمی پارتی کۆمۆنیستی رووسی (بەلشەفی)، دەستەیەکی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرکردایەتی لینین و ستالین بابەتی ئەرکەکانی پارتیان سەبارەت بە "پرسی نەتەوەیی" ئامادەکرد. ستالین وەکو قۆمیسەری میللی پرسی نەتەوەیی رۆڵی تایبەتی لە ئامادە کردنیاندا هەبوو.

پۆڵۆنی، جوولەکە، یۆنانی، ئەڵمانی، بولگار، کورد، هێمشین و لاز–یان وەکو "گروپی نەتەوەیی نیشیەجێ نەبوو" سەیر دەکران. کە زۆریان نە چەپکەرێکی چینایەتی دیار کراویان هەیە، نە "خاك" دەرەنجامی رێگەو بواری فراوانی بۆ کردبوونەوە، ئەو گروپە نەتەوەییانە "خاکی مێژووییان" نییە، کەوایە بە ئاسانی دەتوانرێت رابگۆزرێن! [٢].

تەمەنی کورتی لینین بواری نەدا ئەم پرۆسە ئیمپریالییە، ئیشتراکییەتە پیادە بکات، دوای لینین جۆزیف ستالینی دیکتاتۆر بوو بە سەرۆکی سۆڤییەت.

ستالین نەك هەر باوەڕی بە ناسنامەی قەومیی و كوردستانی بوونی كوردستانی بندەستی سۆڤییەت نەدەكرد، بەڵكو لە دیدگای ستالیندا "كورد نەتەوە نییە"، چونكە بە پێی تێڕوانینی ستالین بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، هەر گروپێك ئابووری هاوبەشی نەبێت نەتەوە نییە. هەر گروپێكیش دەسەڵاتی ناوەندی نەبێت ناتوانێ ئابووری هاوبەشی هەبێت، هەر لەو روانگەیەوە لە ساڵی ١٩٢٩زدا كوردستانێكی ئویەزدی هەڵوەشاندەوە. بۆ چوونێكی دی دەسەڵاتی سۆڤییەت سەبارەت بە نكوڵی كردنی لە ناسنامەی نەتەوایەتی كوردی بندەستی سۆڤییەت، بۆ چوونی –بوكشبان–ە. بوكشبان لە پەرتووكی "كوردی ئازەربایجان" دبلۆماسییانە دەیەوێت بۆیەی توركی بوون لە كورد و كوردستانی بندەستی سۆڤییەت بدات، هەروەك لە پەرتووكە راپۆرت ئاساكەیدا هاتووە: "شتێكی ئاشكرایە، ئەو بارودۆخە نوێیە، دامەزراندنی كوردستانێكی ئۆزیەزد– بوو بە هۆی ئەوەی لە گەلێ لەو ناوچانەی كە زۆرینەی دانیشتوانیان تورك بوون خۆیان ناوبنێن كوردو ناوی كوردی لە ناوچەكانی خۆیان بنێن[٣] بوشكبان هەڵوەشاندنەوەی كوردستانێكی ئۆیەزدیش بە كارێكی بە جێی رێبازی ماركسیزم و لینینیزم دادەنێت. ئەو تێڕوانینە تەسكەی دەزگای باڵای سۆڤییەت سەبارەت بە كورد و گەلانی دی بە شێوازێكی توند تر لە نێو عەقڵییەت و مەنهەجی فیكری كۆمۆنیستەكانی كوردستاندا رەنگیداوەتەوە. ئەوان ناهەق نین لەمەدا، چونكە لە دیدگای ماتریالیزمی مێژووییەوە دەڕواننە مێژووی مرۆڤایەتی كە جەوهەری فەلسەفەكەی بریتییە" لە گەڕان بە دوای بژێوی و خۆراكدا" بەڵێ لە روانگەی سۆڤییەتییەكانی كوردستاندا جێگیربوونی كورد لە نێو ئیمپراتۆری رووسی و سۆڤییەتی بە گەڕان بە دوای پاوان و لەوەڕی ئالیك بۆ ئاژەڵەكانیان دادەنێن، یاخود ستەمی بێدادی عوسمانییەكان و سەفەوییەكان دەكەنە بەهانەی بوونی كورد لە سۆڤییەتدا. لەو بارەیەوە دكتۆر مارف خەزنەدار لە ژێر كاریگەری زانیاری دەستكردی نێو فەرهەنگی سیاسیی سۆڤییەتدا، بە كوردی زانینی هەرێمی "نەخچەوان" بە هەڵەیەكی گەلێك گەورە دەزانێ.

هەروەك له گۆڤاری توتن– ١٩٦٩ به ناونیشانی "كوردی ئەرمەنستانی بابەت سۆڤییەت" دەنووسێت: به پێویستی ئەزانین كه ئەبێ هەڵەیەكی گەلێك گەورە راست بكەینەوە له بابەت هەرێمی نەخچەوان كه كوردەكان به تایبەتی هی كوردستانی عێراق به كۆمارێكی خۆماڵی كوردی دائەنێن.

له راستیشدا ئەمە وا نییە. بۆ ئەم راستكردنەوەیە ناچارین هەندێك زانیاری له فەرهەنگی سیاسیی رەسمی سۆڤییەت وەربگرین كه ئەڵێ: "كۆماری خۆماڵی نەخچەوان كەوتۆتە ناو خاكی ئەرمەنستان، بەڵام سەر به كۆماری ئازەربایجانە، سنووری لەگەڵ ئێران و توركیادا هەیە، له (٩)ی شوباتی ١٩٢٤ز دا دامەزراوە، گەورەیی خاكەكەی (٥٢) هەزار كیلۆمەتری چوار گۆشەییە، ژمارەی دانیشتوانی (١٢٩) هەزار كەسە (به پێی سەرنووسینی ١٩٥٦) دانیشتوانی بریتین له: ئازەربایجانی و ئەرمەنی، پایتەختی شاری نەخچەوانە[٤]. سەرەڕای ئەوەی سەرانی پارتی كۆمۆنیستی عێراق به حوكمی پەیوەندی "سەید و عەبد" یان لەگەڵ مۆسكۆ به چاوی خۆیان پێچەوانەی راو بۆچوونەكانی خۆیان له سۆڤییەت دەبینی، كەچی كوردەكانی نێو ئەو رێكخراوە ماركسییەش شێڵگێرانە تر له لینین و ستالین دەیانووت و دەیان نووسی "چەند هەزار رۆڵەیەكی –كورد–، له ئەنجامی گەردشی رۆژگارەوە و به هۆی ستەم و چەوساندنەوەی میللییەوە لەم یەك دوو سەدەی دواییدا كەوتوونەتە وڵاتی گەلانی تر. له ناو ئەمانەدا ئەو چەند هەزارەی كەوتوونەتە ئەرمینیا و كۆمارەكانی ئەمڕۆی قەوقازەوە. ئێستا له ژێر سایەی رژێمی سۆشیالیستی و له خۆشترین و پێشكەوتووترین و بەختەوەرترین پلەی ژیاندا دەژین[٥].

مامۆستا كەندال–ی پەیمانگای كوردی له پاریس له نووسینێكیدا به نێوی "كورد له یەكێتیی سۆڤییەتدا" به راشكاوی نكوڵی له ناسنامەی قەومی كوردستانی بندەستی سۆڤییەت دەكا، هەروەك دەبێژێت: "له چوارچێوەی سنووری یەكێتیی سۆڤییەتدا، هیچ ناوچەیەك نییە كه تەواو كوردی بێت و بلكێ به كوردستانەوە". كەندال له شوێنێكی دی نووسینەكەیدا توندتر دەبێت لەسەر بۆچوونەكەی و دەنووسێت: "هەر چەندە هیچ هەرێمێكی كوردی له یەكێتیی

سۆڤییەتدا نییە، بەڵام بروسان (جالیە)ی کوردی لێیە- یاخود راستر چەند کۆلۆنییەکی کوردی تێکچڕا و وێکچووی ئەوانەی ئەنادۆڵی تورکیا- بەسەر قەفقاس و کۆمارەکانی ئاسیادا، لە ئەرمینیا، ئازەربایجان، جۆرجیا، کازاخستان تورکمانستانی یەکێتیی سۆڤییەتدا پەرش و بڵاو بوونەتەوە[٦].

ئەو هەموو بۆ چوونانە بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە ١٩١٧- ١٩٨٩ ز دوگما و دەستووری پیرۆز بوون هەر یەکێك، گروپێك پێی بە جەرگی خۆوە نەبا و لەو "راستە هێڵە" لای دابا، ئەوا هەزاران ناوو ناتۆرەی " فیودال-دەرەبەگ" شۆڤێنیست و و کۆنەپەرست و نۆکەری ئیمپریالیزمی جیهانی لێدەنرا، بەڵام داگیرکردنی شوومی ئەفغانستان و هاتنە سەر حوکمی گۆرباتشۆڤ پەردەی لەسەر جیهانی تیرۆرو گەندەڵی سۆڤییەتی رووگە یەکسانی گەلانی ئەوساوە هەڵماڵی! لەو نێوەندەش زمانی کلیل دراوی کوردی بندەستی سۆڤییەت بۆوە، چەندەها راستی گومکرا و سەبارەت بەو بەشەی کوردستان و گەلە ئەنفال پێکراوەکەی بە دەرکەوتن. ئێمەش جارێك لە زاری شەرعی ئەوان و بەڵگەی مێژووییەوە خاڵی یەکەم، کە سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو بەشەی کوردستانە، شی دەکەینەوە. لە چەرخی فەرمانداری ئیسلامدا کورد چەندەها حکومەتی یاخود میرنشینی فیدراڵی و سەربەخۆی دامەزراندووە. یەکێك لەو حکومەتە هەرێمیانە، حکومەتی شەدادییە. "لە ساڵی ٩٥١ زایینی موحەممەدی کوڕی شەدادی کارتۆ ئارانی شەدادیدا ئاوەدان دەکاتەوە و تاوەکو ساڵی ١٠٧٦ز دەمێنێ" ئەو حکومەتەی بنەماڵەی شەدادی کە قەرەباخ -کوردستانی سوور- نەخچەوانی گرتبۆوە بۆ ماوەی (١٢٥) ساڵ فەرمانداری کوردی لە نەخچەوان دەکات، روحی فراوانخوازی هەر یەك لە ئیمپراتۆری رووسی و عوسمانیی و سەفەوی، شەڕی یەك لە دوای یەکیان لەو بارەیەوە رۆڵی سەرەکی بینیوە لە گۆڕین و بەش بەشکردنی خاکی کوردستاندا. لە پاش شەڕی دوو ساڵەی چاڵدێران ١٥١٤-١٥١٦ز کوردستانی گەورە لە روانگەیەکی نەزەرییەوە لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا دابەشکراوە، بە پێی پەیمانی زەهاو یاخود قەسری شیرین ١٦٣٩ز

بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرمەنستان بە ئێرانەوە لکێندران بەشەکەی دی کوردستان و ئەرمەنستان خزێنرانە نێو قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە.

دکتۆر کەمال سەیدۆ قەرەداغی لە نووسینێکیدا بەنێوی "کورد لە یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو و بار و دۆخی نوێ"دا باس لە دوو پەیمانی شوومی نێوان رووسیا و ئێران دەکات کە بە پێی دەقی رەسمی ئەو پەیمانانە بەشێکی خاکی کوردستان خزێنراونەتە نێو ئیمپراتۆری رووسیای قەیسەری. دکتۆر کەمال قەرەداغی دەنووسێت: "بە گوێرەی دەقی بڕوانامەی گولیستان — ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٨١٣ز ئێران دانی بە دەسەڵاتی سۆڤییەتی هێنا لەسەر ناوچەیەکی فراوان لە نێوان هەردوو وڵات کە ناوچە کوردنشینەکانیشی دەگرێتەوە. ئەم ناوچانەش لە لایەن رووسەکان بە (کوردستانێکی) تا (یەزدا) ناو دەبران-"[(٧)].

لە ساڵی ١٨٢٦دا شەڕێکی دوو ساڵە لە نێوان رووسەکان و ئێرانییەکان هەڵگیرسا، لە ئاکامدا ئەرتەشی ئێران شکا و پەیمانێکی ئاشتی بە ناوی پەیمانی ئاشتی تورکمانچایی لە ١٠ی شوباتی ١٨٢٨ز لەگەڵ رووسیای قەیسەری مۆر کرد. "بە پێی پەیمانی ئاشتی تورکمانچایی ئەرمەنستانی ئێرانی بووە بەشێك لە ئیمپراتۆری رووسیای قەیسەری"، هەر بەگوێرەی ئەو پەیمانە" رووسیای قەیسەری بەشێکی زۆری لە ناوچە کوردییەکان داگیرکرد کە کەوتبووە سەر سنووری هەرێمی (کارەباخ) و (نەخچەوان) و لە ئەنجامی زاڵبوونی رووسیا بەسەر عوسمانییەکان (١٨٧٧–١٨٧٨ز) هەرێمی قارس کە بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردییەکان دەگرتەوە، کەوتە ژێر دەسەڵاتی رووسەکان[(٨)].

لەو پێودانگەوە کورد بە رەسمی لە بەرایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە رووسیادا وەك نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامەی نەتەوایەتی هەیە. ئەو راستییەش ئەکادیمیی کوردی سۆڤییەت نادر نادرۆف لە چاوپێکەوتنێکیدا بە پەیامنێری گۆڤاری "ئاسیا و ئەفریقیا" رادەگەیەنێت: "دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٠١ز دا گورجستان و گانجین و قەرەباغ و شیکین، کە زۆربەی دانیشتوانەکانی کورد بوون بە رووسیاوە لکێندران بەرەسمی لە پیتەربۆرگ راگەیاندرا کە لە ئیمپراتۆری رووسیادا (کوردیش لە ریزی نەتەوەکانیدا هەیە). نادرۆف لە چاوپێکەوتنێکی تردا زێتر بە

قووڵاتی مەسەلەکەدا خلۆر دەبێتەوە و دەڵێت: "لە شەڕەکانی نێوان رووس و عوسمانییدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم (١٨١٣-١٨٢٣) ئیمپراتۆری رووسی توانی بەرەو خوار بکشێت و چەمی ئاراس داگیر بکات کە ئەویش "پارچەیەکی دانەپچڕاوی کوردستانە"، رووسەکان پێی دەڵێن چەمی "ئاراکس" بەڵام ناوەڕاستەکەی "ئاراس"ە. ئەمە کراوە بە سنووری رەسمی نێوان یەکێتیی سۆڤییەت و دەوڵەتی تورکیا. لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧-شەوە شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە بە گشتیی کورد بوون هەتا ئێستاش هەر زۆربەیان کوردن" نادرۆف سەبارەت بە کوردی بوونی" نەخچەوان"یش دەڵێت: "شارە گرنگەکانی ئەو پارچەی کوردستان "لاچین" و "شوشە" و "ناخچەوان"ە گوندو نیمچە شاریشی لێیە، بۆ نموونە "کەلبەجەر" و "دەرەکەند" لە گەرمەی جەنگی ئیمپریالیزمی یەکەمیشدا ١٩١٤-١٩١٨ز رووسیای قەیسەری لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسای هاوپەیمان پەیمانی شوومی سایکس-بیکۆی ١٩١٦ز سەبارە بە داگیرکردن و دابەش کردنی ئیمپراتۆری عوسمانیی مۆرکردو دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ز بەلشەویەکان هاتنە سەر حوکم پەیمانێکیان لەسەر سنووری هەردوولا لەگەڵ عوسمانییەکان مۆر کرد سۆڤییەتییەکان لە ئازاری ١٩١٨دا پەیمانی بریست - لیستۆفیسك-یان لەگەڵ عوسمانییەکان بەست و ئەو پەیمانە کۆتایی بە شەڕی نێوانی هەردوو لا هێنا[٩] و لە ئاکامدا سوپای سۆڤییەت لە ناوچەکە کشایەوە، پاش ئەوەی بە گوێرەی دەقی رەسمی ئەو پەیمانە شوومە سۆڤییەتییەکان پارچەیەکی گەورەی کوردستانیان بەرکەوت کە بریتییە لە ناوچەی ئاران (قەرەباغ -کوردستانی سوور- ئەرمینیای سۆڤییەت، نەخچەوان) لە گۆشەنیگای بەڵگە مێژووییەکانەوە بۆمان ساغ بۆوە کە هەروەك چۆن ئینگلیز و فەرەنسا بە پێی پەیمانی سایکس-بیکۆ ١٩١٦ز، سان ریمۆ ١٩٢٠ز، لۆزان ١٩٢٣ز کوردستانی عوسمانلییان بە گوێرەی بەرژەوەندییە سیاسیی و فیکریی و عەسکەری و ئابوورییەکانەوە بەسەر عێراق و سوریا و تورکیا دابەش کردووە هەر بە هەمان شێوازی کۆلۆنیانە رووسیای قەیسەری دوای یەکێتیی سۆڤییەت بەشێك لە خاکی کوردستانی رۆژهەڵات و باکووری بە گوێرەی پەیمانی گوڵستان ١٨١٣ز،

تورکمانچایی ١٨٢٨ز و بریست- لیتسۆفیسك ١٩١٨ز بۆ خۆی دابڕاندووە. سەبارەت بەو خاکە هێندە بەسە بڵێین کە بەشێکی کوردستان لە بندەستی سۆڤییەتدا هەیە بەڵام هەروەك داگیرکەرانی تورکیا و سوریا بە رەسمی نکوڵی لەو راستییە دەکەن!

چەوساندنەوەی نەتەوایەتی:

هەر کاتێك نەتەوەیەك نکوڵی لە ناسنامەی نەتەوایەتی بکرێت ئەوا بە راشکاوی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو نەتەوەیە مافە سیاسیی و نەتەوەییەکانی پێشێل دەکرێ. لەو گۆشە نیگایەوە با لە خاڵی دووەمی باسەکەمان بکۆڵینەوە. بەڵام بەر لەوەی ئەمە جێبەجێ بکەین وەك خاڵەکەی پێشوو وا چاکە، هەڵوێستی سۆڤییەت و نۆکەرانی سۆڤییەت لەو بارەیەوە بخەینە روو. "شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەو شۆڕشە نەمرەیە کە بۆ یەکەمجار نموونەی یاساو پەیڕەوێکی سۆشیالیزمی وای دانا کە رووتاندنەوە و چەوساندنەوەی مرۆڤی لە شەش یەکی گۆی زەوی تا ناچاری گۆر کرد"[١٠] "کورد لە ژێر سایەی رژێمی سۆشیالیستی لە خۆشترین و پێشکەوتووترین و بەختەوەرترین پلەی ژیاندا دەژین"[١١]. "شارە کوردییەکانی سۆڤییەت دووچاری هیچ سیاسەتێکی جیاوازیکارانە نەبوون، باری ئابووری و نەتەوایەتیشیان هیچی لە نەتەوە هاوسێکانیان کەمتر نییە." لە ژێر سایەی سۆشیالیزم ئەدەب و مێژوو و فۆلکلۆری کوردی لە ئەکادیمیادا بڕوانامەی بەرزیان لەسەر دەبەخشرا بە کورد، کوردستانی ئۆتۆنۆمیداری هەیە، ئێزگەی کوردی هەیە، لە نێو کوردانی سۆڤییەت رۆژهەڵاتناس و ئەکادیمیی و پرۆفیسۆری زانکۆ و نووسەری بەرز وەك کوردوییف، جەلیلی جەلیل، نادری نادرۆف، عەرەب شەمۆ، حاجی جندی هەن. لە کاتێکدا کە ئەوەمان لەگەڵ باری کوردەکانی بندەستی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق بەراوورد دەکرد هەزار و یەك نەفرەتمان لە ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان دەکرد. نیو سەدە زیاتر ئەو راستییە مزەوەرانە، بوو بوون بە مێردەزمەی عەقڵ و هۆشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان" بەڵام داگیرکردنی ئەفغانستان ١٩٧٩-١٩٨٩ز و گۆڕانە بنەڕەتییەکانی سۆڤییەت و

ئەورووپای شەرقی بارودۆخێكی نوێی هێنایە كایەوە هەقیقەتی جیهانی تیرۆری و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی ژێر فشار و كەڵەگای شیوعییەتی ساغ كردەوە. ململانێی شەڕی سارد و بورکانی ئایینی و نەتەوەیی هەرەسی بەو فەرمانداریيە ئیستعمارییە هێنا و راست و دروستی سۆشیالیزمی عیلمی لە رووی تێوری و پراكتیكەوە لە بن و بۆتكەوە هەڵتەكاند. بەڵگە بەدەركەوتن، كورد وەك بەشەكانی دی دەچەوسێنرێتەوە، ئەنفال دەكرێ، بە كۆمەڵ ئاوارە دەكرێ، دەكوژرێ...!

بەڵێ هەر لەسەردەمی زێڕینی سۆڤییەتدا كورد كەوتۆتە ژێر نەشتەری سیاسەتی میكیاڤیللی(پەرتكە زاڵبە). وتەكەی نیكۆلای بۆگای راستییەكی حاشا هەڵنەگرە: "كورد نەتەوەیەكی نیشیەجێ نەبووی سۆڤییەتە، بێ خاك و مێژووە، بۆیە راگوێزانی ئەركی پارتی كۆمۆنیستە!" لێرەدا لەوانەیە یەكێك بپرسێت ئەدی بە دەست پێشخەری لینین لە حەوتی تەمووزی ١٩٢٣ز كوردستانی سوور دانەمەزرا؟ ئەو گرێ ئایدۆلۆژییە ئێستاشی لەگەڵدابێت هەر لە واهیمەی ماركسییەكان دەخولێتەوە و دەیانەوێت هەر چەواشەكردنی راستییەكان بكەن بە ویست و مەرازی خۆیان. مێژووی كۆن و نوێی كورد هەقیقەتێكی رەهای سەبارەت بە عەقلییەتی داگیركەران و هەڵوێستی ناوخۆیان لە ئاست كورد و كوردستاندا تۆمار كردووە. زلهێزەكانیش بە گوێرەی بەرژەوەندی سیاسیی و عەسكەری خۆیان، درێغیان لە دەست تێوەردانی چارەنووسی گەلی كورددا نەكردووە. ئێمە كاتێك لەو بارودۆخە نوێیەی كوَدێتای ئۆكتۆبەر و دوای رووداوەكە دەكۆڵینەوە لەسەر سێ بنەمای سەرەكی دەوڵەتە نوێیەكەی سۆڤییەت جەخت دەكەین، ئەویش ئایدۆلۆژی دەوڵەتەكە و ستراتیژی دەوڵەتەكە و تاكتیكی دەوڵەتەكەیە. لە دیدگای ئایدۆلۆژی لینین-ەوە مەسەلەی نەتەوایەتی، كردەیەكی بورژوازییەتە و هەر لەگەڵ بەسەرچوونی قۆناغی سەرمایەداری بەسەر دەچێت و گەلان بەرەو ئومەمیەت و شیوعییەت دەچن. هەر وەك لینین خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: "مەسەلەی نەتەوایەتی لە چاو مەسەلەی پرۆلیتاریادا بە پلەیەكی كەم گرنكتر دێت"[١٢].

ئامانجی دیاریکراوی دەوڵەتەکەش دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوو. شیوعییەکان لەو خاڵەدا فیکرەی کوردستانی گەورە بە فیتی ئیمپریالیزم دەزانن، هەر تێکۆشانێکی جوداخوازی کورد لە عەرەب و فارس و تورك بە زەرەر و زیانی چینی پرۆلیتاری ئەو گەلانە دادەنێن . کە وابێ ئامانجی ئۆکتۆبەر ئەوە بوو" مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بوو بە بەشێك لە مەسەلەی ئازادیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یا بە واتایەکی روونتر مەسەلەی هەر بەشێکی کوردستان بوو بە بەشێك لە مەسەلەی" ئەو وڵاتەی کە تێیدا ئەژی، زیاتر لەوەی کە هەموو مەسەلەیەك پێکەوە بنێ..."[١٣] هەر لەو پێودانگەوە سۆڤییەت بە پێی پەیمانی بریست – لیستۆفیسك دەستبەرداری حکومەتەکەی عەبدولڕەزاق بەدرخان بوو لە چالدێران. بە پێی لێکدانەوەی لینین ئەتاتۆرك مرۆڤێکی بەلشەویکە و پشتگیری لە هەڕەشەی ئیمپریالیزم دەکات و سنووری خوارووی سوڤیەت لە هێرشی ئیمپریالیزم دەپارێزێت، هەر بۆیە نوێنەری ئەتاتورك لە کۆنگرەی باکۆ ١٩٢٠ز بە نوێنەری بۆرژوای نیشتمانی وەردەگرێت و لە ١٦ی ئاداری ١٩٢١ز لەسەر حیسابی ئامانجی ستراتیژی خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئەرمەن دەستی لە ئەرمەنستانی گەورە و باری ناوخۆی تورکیا هەڵگرت و دانی بە سنووری باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا–کوردستانی باکوور– بۆ تورکیا ناو دەستی لە ویلایەتی قارس و ئەردەهان هەڵگرت"[١٤]. لە ساڵانی ١٩٢٠–١٩٢١ز یەك ملیۆن روبلی زێڕ و "٣٩ هەزار تفەنگ و ٦٣ ملیۆن فیشەك و ٥٤ تۆپ و ٢٠ هەزار ماسکی دژی کیمیایی و زەخیرە و نەفتێکی زۆری کردە خەڵاتی تورکیا". شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیش لە بەرژەوەندی ستراتیژی سۆڤییەت نەبووە، ئەگەر نا لینین وەڵامی یەك لە سێ نامەکەی شێخ مەحموودی دەدایەوە ![١٥] لەمەدا دەردەکەوێت کە ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هیچ کاتێك لەگەڵ ئامانجی ستراتیژی سۆڤییەت نەگونجاوە ئەگەر نا لینین لە دانراوەکانیدا تەنیا ئاماژەیەکی بۆ ئەو جووڵانەوە ئازادیخوازە دەکرد!

جا ئەگەر ئەوە هەڵوێستی لینین بێت سەبارەت بە کوردەکانی دەرەوەی سۆڤییەت، ئەی چۆن ناوچەی ئۆتۆنۆمیداری بۆ کوردەکانی بندەستی سۆڤییەت

دامه‌زراندووه‌؟! هه‌روه‌ك وتمان به‌ ده‌ستپێشخه‌ری لینین له‌ حه‌وتی ته‌موزی ۱۹۲۳ز ناوچه‌یه‌كی ئۆتۆنۆمیدار له‌ به‌شێكی "كوردستانی سۆڤییه‌ت به‌ ناوی كوردستانی سوور دامه‌زراند. دكتۆر كه‌مال مه‌زهه‌ر له‌ پیرسترۆیكا و كورد ده‌قی بڕیاره‌كه‌ و شوێنه‌كانی ناوچه‌كه‌ به‌و شێوه‌یه‌ ده‌نووسێت: "بڕیاری دامه‌زراندنی" كوردستانێكی ئۆیه‌زد– ناوچه‌ی كارگێڕی كوردستان– به‌و شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ ده‌رچوو.

ده‌رباره‌ی كوردستان.

دامه‌زراندنی رژێمێكی ئۆتۆنۆمی كوردستان كه‌ ده‌بێ مه‌ركه‌ز و سنووری له‌گه‌ڵ سنووری رژێمی ئۆتۆنۆمی ناكۆرنه‌ی قه‌ره‌باخدا دیاری بكرێت. "سه‌باره‌ت به‌ شوێنه‌كانی نێو ئۆتۆنۆمییه‌كه‌ ده‌نووسێت: "له‌ پێنج دایه‌ره‌ یا مه‌ڵبه‌ندی سه‌ره‌كی پێكهاتبوو كه‌ ئه‌وسا ناویان كه‌لبه‌جه‌ر و كورد حاجی و موراد خانلی و قه‌ره‌قشلاغ و قوتورلی بوو". تاكتیكی ده‌سه‌ڵاتی سۆڤییه‌تیش سه‌باره‌ت به‌ مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی ئۆتۆنۆمی بووه‌، هه‌روه‌ك لینین ده‌ڵێت: "پیلانی ئێمه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی ئۆتۆنۆمیه‌: "[١٦] له‌و چه‌ند خاڵه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌یسه‌لمێنین كه‌ دامه‌زراندنی "كوردستانێكی ئۆیه‌زد" تاكتیكێكی كاتی سیاسه‌تی سۆڤییه‌ت بووه‌، ده‌قا و ده‌ق وه‌ك "ئۆتۆنۆمییه‌" سه‌قه‌ت و په‌قه‌ته‌كه‌ی (۱۱)ی ئازاری ۱۹۷٤ز بووه‌ له‌ چه‌ند روویه‌كه‌وه‌:

۱– بچووككردنه‌وه‌ی جوگرافیای كوردستان و دابڕانی كورده‌كانی ئه‌وێ له‌ به‌شه‌ كوردستانی باكوور، به‌وه‌ی به‌شێكی ستراتیژی كوردستانی سۆڤییه‌تی وه‌ك نه‌خچه‌وان و كه‌ره‌باخی تێدا نه‌بوو.

۲– لاوازكردنی هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی –كوردایه‌تی– ئه‌ویش له‌ گۆشه‌ نیگای بیرۆچكه‌ی "ئومه‌میه‌ت" و "یۆتۆپیای كۆمۆنیستی".

ئه‌مه‌ش سیاسه‌تێكی دوو سه‌ره‌ بوو: سۆڤییه‌تی له‌ كێشه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی رزگار ده‌كرد و به‌و گه‌مارۆدانه‌ش خزمه‌تێكی زۆری ئاسایشی نێوخۆ و حكومه‌تی توركیای نوێی ده‌كرد. دیرك كینان له‌و باره‌یه‌وه‌ له‌ په‌رتووكی "كورد و كوردستان" دنووسێت: "كورده‌كانی یه‌كێتیی سۆڤییه‌ت له‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و

بارودۆخە پەرەسەندووە و پێشکەوتنە نوێیەی هەڵچوون و هەستی نەتەوایەتی بوون. "ئیگلتۆن"یش لە "کۆماری مەهاباد–١٩٤٦ز" سەبارەت بە لاوازی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی سۆڤییەت دەنووسێت: (لە سەردەمی کۆماری مەهابادا، تەنیا یەك کوردی سۆڤییەتی لە کوردستانی ئێراندا بوو).

٣– دامەزراندنی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدار هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندی حکومەتەکەی شێخ مەحموود ١٩٢٢ز، هەروەها بڕیاری ئینگلیز و حکومەتی عێراق سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان . ئەو بڕیارەش لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ز لە بەیاننامەیەکدا بڵاوکرایەوە.

ئەتاتورك لەگەڵ هاوپەیمانەکان لە ٢٣ی تەمووزی ١٩٢٣ز بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی لە باکوور هەڵوەشاندەوە و لە باشووریش لە جیاتی پیادەکردنی بەیانەکەی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ز لە تەمووزی ١٩٢٣ز حکومەتەکەی کوردیان بە جارێك هەڵوەشاندەوە.

ئۆتۆنۆمییەکەی سۆڤییەتیش کە بە گوێرەی رەوتی رووداوەکانی کوردستان دامەزرا بوو، هەر بۆیە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی باشوور و نسکۆی شۆڕشەکانی سمکۆ، شێخ مەحموود و شێخ سەعیدی پیران، ئەویش هەڵوەشێندرایەوە. ئەو هەڵوەشاندنەوەش لە روانگەیەکی بەرژەوەندی بیرۆکەی مارکسیزم– لینینیزم بووە، هەروەك بوکشبان خۆی ئەو راستییە دەدرکێنێت[١٧].لە سەردەمی فەرمانداری ستالینیش ١٩٢٤–١٩٥٣ز سێ کووچکەی سۆڤییەت سەبارەت بە کورد بە گشتیی و کوردی بندەستی سۆڤییەت بە تایبەتی شێوازێکی دڕندانەیان بە خۆوە گرت. ئەوەی لینین لە کۆنگرەی دەیەمی (پ. ك. س) بەلشەفی بە دەرهەق بە راگوازینی کورد دەستووری لەسەر دابوو، ستالین زۆر بێ رەحمانە پیادەیکردن. لە ساڵی ١٩٢٩ز هەستا بە دروستکردنی "پشتە سنووری سوور" ئەویش بە زۆری هەرێمی نەخچەوان و ناوچە سنوورییەکانی تر. ئەو پرۆسە عەسکەرییەی سۆڤییەت پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە باری شلۆقی حکومەتی ئەنقەرە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و دامەزراندنی حکومەتی ئارارات هەبوو. ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشای فەرماندەی حکومەتی ئارارات لە

یاداشتەکەیدا ئەو هەڵوێستە نامرۆییانەی ستالینی بۆ تۆمار کردووین: "فەرماندەی کورد زانی کە تیپێك لە هێزەکانی سۆڤییەت بۆ یارمەتی هێزە دوژمنکارەکانی تورك لە ئاوی ئاراس پەڕیوەتەوە و دەوروبەری باکووری رۆژهەڵاتی چیای ئاگری بچووکیان داگیرکردووە". لە ئاکامی ئەو پیلانە هاوبەشەدا شۆڕشی کورد ئابلۆقەی دراو لە ئەیلوولی ۱۹۳۰ز حکومەتەکەی ئارارات هەرەسی هێنا، کاتێك "خەتەری کورد" لەسەر تورکیا کپکرا، جۆزێف ستالین تێڕوانینێکی نوێی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی داڕشت، بە شێوازێك بە ناوی ئومەمیەت زمانی رووسی و گەلی رووسی بەسەر گەلانی سۆڤییەتدا زاڵکرد. بە گوێرەی ئەو بۆچوونەی ستالین "دەبێت هەلو مەرجێك بێتە ئاراوە بۆ هەموو یەکبوونی کولتووری نەتەوەیی لە یەك کولتووری ناوکۆ و بە تاکە زمانێکی هاوبەش"(۱۸) لە گۆشە نیگای ئەو بۆ چوونەوە گەلانی بچووکی نێو سۆڤییەت بە زۆری توێندرانەوە، دەربەدەر کران و رێژەی گەلی رووسیش هەر روو لە زیادی کردوو بە جۆرێك ئێستا ٥١٪ رێژەی دانیشتوانی سۆڤییەت پێکدێنن. لە ساڵی ۱۹۳۷ز ەوە کە ساڵی تازەکردنەوەی پەیمانی دۆسیایەتی لینین –ئەتاتورك–ی ساڵی ۱۹۲۱ز بوو، "کوردی خەڵکی نەخچەوان هەموویان ناردرانە ئاسیای ناوەڕاست (ئازیائۆریە) کە دەکاتە وڵاتەکانی تورکمانستان و تاجیکستان و ئۆزبەکستان و قریقیزیا و نیوەی دەوڵەتی کازاخستان" هەرچی کوردەکانی بە نێو کوردەکانی سووریش بوون لە ساڵی ۱۹۲٦–ەوە تاکو ۱۹۷۹ز زۆربەی هەرە زۆری لە بۆتەی ئازەری و گەلانی دی توێندرانەوە. لەسەردەمی باقیرۆف هەموو کوردەکانی ئازەربایجان زیاد لە هەموو شوێنێك لە بۆتەی ئازەری توێندرانەوە، سیمای نەتەوایەتییان شێوێندرا و ئیتر چیتر دان بەبوونی کورددا نەدەنرا. سەبارەت بەو کارە دڕندانەیە هێندە بەسە کە وتەیەکی نیکیتا خرۆشۆف بێنینەوە کە بە کوردەکان دەڵێت: "ئێمە ناتوانین کوردستانی سۆڤییەت دابمەزرێنینەوە، چونکە کورد لەو ناوچانەدا نەماون– یان گوازراونەتەوە یان توێنراونەتەوە". راگوازینەوەی کوردی بندەستی سۆڤییەت بۆ سیبیریاو کۆمارەکانی سۆڤییەت یاخود یۆتۆبیای کۆمۆنیستی دەقاودەق لە راگوازینی بارزانییەکانی کۆمەڵگا زۆرە ملییەکانی هەولێر دەچێت. نادر نادرۆڤ

كوردی سۆڤییەت لە كۆنگرەی مۆسكۆ ٢٥–٢٦ی تەممووزی ١٩٩٠ز بەو شێوەیەی خوارەوە راگوازینەوەكە دەگێڕێتەوە: "وەچەی بە ساڵدا چووی ئەمڕۆ (ئەوانەی لە سەرو بەندی چەوساندنەوەكەدا منداڵ بوون) لە بیریانە چۆن لە شەوێكدا نەهامەتی رووی لەگوندەكەیان كرد، هەرچی پیاو هەبوو هەموویان كۆكرانەوە و بە سواری شەمەندەفەرێك بەڕێكران، تا ئەمڕۆش كەس نازانێ بەرەو كوێیان بردن، چوونیان بوو هاتنەوەیان نەبوو كەسیان نەگەڕانەوە. لە دوای ناردنی پیاوان، ژن و منالّیشیان بە سواری ماشێنی نالەبار بەرە و رووەتێكی تر هەنارد..."[١٩].

لە پاش چاكسازی كوردی سۆڤییەت، ستالین لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩–١٩٤٥ز زەبرێكی كوشندەی لە حكومەتە ساواكەی مەهاباد دا. ئەویش لە رێگای رێكەوتنێكەوە لەگەڵ قەوام سەڵتەنەی ئێرانەوە ناوچەكەی بۆ ئەرتەشی تیرۆرستی فارسی چۆڵكردووە وای بە كوردەكان راگەیاند كە شەڕ كردن لەگەڵ ئێراندا دەبێتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی سێیەمی جیهانی![٢٠] لە ساڵی ١٩٤٧زیش كاتێك ژەنەراڵ بارزانی رازینەبوو رەحیمی قازی، پیاوی باقرۆف، بكا بە كارگێڕی خۆی لە حكومەتە كاتییەكەی كورد لە هەندەران، دەزگای باڵای سۆڤییەت حكومەتەكەی هەڵوەشاندەوە و بارزانی و هاوڕێكانی تاكو كۆچی دوایی ستالین ١٩٥٣ز لە سۆڤییەتدا نەحەسانەوە. ئەو هەڵوێستەی سۆڤییەت هەر لە سەردەمی لینین ١٩١٧–١٩٢٤ز و جۆزیف ستالین ١٩٢٤–١٩٥٣ز نەبووە، بەڵكو تاكو هەڵوەشاندنەوە و پاش هەڵوەشاندنەوەش هیچ گۆڕانێكی ئەوتۆی لە ئاست كورد نەبووە. ئەوەتا حەبیب موحەممەد كەریم لە گۆڤاری "كادیر" پیلانێكی سۆڤییەت – عێراقی لە دژی سەركردەی جووڵانەوەی رزگاریخوازی كورد دەنووسێت: "لە ٩ی نیسانی ١٩٧٢زدا سۆڤییەت پەیمانی دۆستایەتی و هاریكاری لەگەڵ حكومەتی عێراقدا بەست و داوای لە بارزانی نەمریش كرد كە هاریكاری حكومەتی عێراق بكات، بەڵام بارزانی داواكەی سۆڤییەتی رەت كردەوە و هەر لەو كاتەشدا بوو لە لایەن دەزگا ئەمنییەكانی عێراقەوە دوو جار هەوڵی كوشتنی بارزانی نەمر درا. "بەو شێوەیە دوای نسكۆكەی ١٩٧٥ بە جارێك وشەی "كورد" لە میدیای رەسمی سۆڤییەتدا قەدەغە كرا. لە بەهاری ١٩٨٨یشدا كە هەڵەبجە

شەهید كرا، كورد ئەنفال كرا، ئاوارەی ئێران و توركیا و ئەوروپا كرا، جاسمی جەلیلی (شیوعی له سالّی ١٩٣٠)ەوه سكالانامه یەكی لەو بارەیەوه بۆ گۆرباتشۆف نووسی بۆ ئەوەی سۆڤییه ت هەلۆیستێك له هەمبه ر جینۆسایدی كورد وەربگرێت" بەلام رژێمی سۆڤییەت نەك هەر لەم تاوانه بەدەنگ نەهات، بەلكو له شوباتی ١٩٨٩ز نەیهێشت كۆمیتەی مافەكانی مرۆڤ له نەتەوه یەكگرتووەكاندا به بڕیارێك عێراق تاوانبار بكات. "لەمەش زیاتر رۆژنامەی پراصدا"ی زمانحالّی (پ. ك. س) بەلشەفی كارەساتی هەلّەبجەی، به درۆ و دەلەسەی ئیمپریالیزم نێو برد! ئەمەش له لێدوانی پەیامنێرەكەی له واشنتنەوه بلاو كردەوەو "تاوانباركردنی عێراقی به بەكارهێنانی چەكی كیمیایی به درۆ و پڕو پاگەندەی ئیمپریالیستی له قەلّەمدا"[٢١].

دوای هەلّوەشاندنەوەی یەكێتیی سۆڤییه ت و دامەزراندنی "دەولّەتانی كۆمن و یلیس"جارێكی تر كێشەی كورد لەویٚ سەریهەلّدایەوه. ئەمجاره كۆنه شیوعییەكان ئازەری و ئەرمەنی له دیدگای جیاوازی "قەومیەت" و "ئایین" و "مەزهەب"دا ناوچەی كوردستانیان خسته بەر رەحمەتی هێرشی هەردوو لا. ئەمەش له خۆڕا نەبوو، بەلّكو له ترسی دروستبوونی "كیانێكی كوردی" بوو له ئاكامی ئەو بارودۆخه نوێیەی لەگەلٚ هەرەسهێنانی یەكێتیی سۆڤییەت هاتبووه كایەوه. ئاكامی ململانێی ئازەری و ئەرمەنی و داگیركردنی شاری "شوشه"ی له ٨ی ئایاری ١٩٩٢ز لیٚ دەرچوو. ئەو داگیركردنەی ئەرمەنی، هەر خاك داگیركردن نەبوو بەلّكو داگیر كردنی فیكر و ئەخلاق و ئابڕوو بوو. ئەو راستییەش له زاری رزگاربووانی شارەكەدا تۆمار دەكەین: "له شەوی ٨ی مانگی ئاياردا ئەرمەنەكان دەستیان به هێرش كرد، تۆپبارانی هەموو كوچه و قوژبنێكی شار دەستی پێكرد، دەنگی هاوار و قیژەی مندالٚ تێكەلٚ بوو به دەنگی تەقه و تۆپ" زۆر له مندالانیان كوشتین و زۆر له كچان و ژنانیان فڕاندین. به چاوی خۆم دیم دەستدرێژییان دەكردە سەر ئافرەتان له كۆلانەكانی مالوبیلیەدا، ئەو دێیەی بوو بووە فرنێكی گەورە، له (٢٥٠٠) كەس كەمێكیان دەرچووین، ئەوانیتر كوژران یان دیل كران"[٢٢] ئەوەبوو حالّی كورد له ئیمپراتۆرییەتی شیوعییەتی عیلمی و پرۆلیتاریا. بەلّیٚ

هەروەك چۆن ئێمە لە كوردستانی بندەستی بەعسدا جێگری سەرۆك، وەزیر و ئەكادیمی دكتۆرای ناوك و پرۆفیسۆری زانكۆ و كوردستانی ئۆتۆنۆمیمان هەبوو، هەڵەبجەی شەهیدو دوو سەد هەزار گومكرا و وڵاتێكی وێرانیشمان هەبوو، دەقاودەق لە ژێر سایەی ئومەمیەتی شیوعییەتیشدا جیهانێكی تۆقین و گومكردن تیرۆری بە كۆمەڵ و ئاوارە و دەربەدەری بە كۆمەڵمان هەبوو!

+ لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەكاندا كورد پشتی بە رۆژئاوا بەستووە وەكو فریادڕەسێك لێی روانیوە، تا چەند رۆژئاوا لە روانگەی ستراتیجیانەی خۆیەوە دۆزی سیاسیی كوردی هەڵسەنگاندووە؟ بە مانایەكی تر پێتوایە رۆڵی هەبووبێت لە چارەسەری كێشەی سیاسیی كورددا؟

سەلام ناوخۆش: مەسەلەی كورد وەك دۆزێكی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ركابەری رزگاریخوازی كورد لە سەدەی نۆزدەهەمدا شكڵێكی نوێی وەرگرت و بوو بە ماددەیەكی گرنگی ئەجێندای دەوڵەتە ئیمپریالیستەكانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. هەریەك لە دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەوسا وەك ئەڵمانیا، رووسیای قەیسەری، بەریتانیا، هەردەم مۆركی شوێنپێی تووندكردنی خۆیان بوون لە ناوچەكەدا. هەر یەكەو بە بیانوویەك دەیویست "شەرعییەتی" دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەكەدا بچەسپێنێ!!

بەڵێ دەوڵەتانی وەك رووسیا و ئینگلیز هەر لەگەڵ ئاشنابوونیان لەگەڵ میللەتی كورد و دۆزەكەی، لە سەرانی دەوڵەتی عوسمانیی و ئێرانی نزیكبوونەوە و بە كردەوەش بەشداری حكومەتەكەی بەدرخان و شۆڕشەكەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهریان كرد. ئەمە وەنەبێ لەگەڵ سەرانی عوسمانیی و ئێرانی لە بەرنامەی و ستراتیژییەتدا یەك بگرنەوە، بەڵكو ستراتیژییەتی بنەڕەتی رۆژئاوای مەسیحیەت ئاژاوە نانەوەو رووخاندنی بونیادی سیاسیی و عەسكەری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی جیهانی ئیسلامییە. ئەمە و بۆ ئەوەی بەرنامەی رۆژئاوا بە سروشتی پیادە بكرێ، ماسكی شێواندنی راستییەكان و ئیزدیواجیەت لە هەڵوێست و رووداوەكانی سەردەمدا سیاسەتێكی نەگۆڕی رۆژئاوا بوو. دووان لەو سیاسەت و ستراتیژیەتەی رۆژئاوا كتێبێكی تایبەتی دەوێ، بەڵام بۆ ئەوەی لەو بوارە

تەسکەدا رۆشناییەك بخەینە سەر ئەو مەسەلە حەساسە، کورتەیەك لە هەڵوێستەکانی رۆژئاوا دەخەینە روو.

دوای هەرەسی ئیتیحادییە عوسمانییەکان ١٩٠٨-١٩١٨ز لە جەنگی ئیمپریالیزمی یەکەمدا مەسەلەی کورد بوو بە وەرەقەی هەڕەشە و تۆقاندنی سەرانی ئتیحادییەکان بە جۆرێك شوێنێکی گرنگی لە نێو کاری زلهێزەکان داگیرکرد" هەروەك لازاریفی کوردناس لەو بارەیەوە دەنووسێت: مەسەلەی کورد وەکو کێشەیەکی نێو دەوڵەتان لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا و لە سەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەکەمی جیهان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان بایەخی زیاتر بوو[٢٣]، ئەمەو لە بەڵگەنامە رەسمییەکانی ئینگلیزدا هاتووە کە هەر یەك لە رووسیای قەیسەری و ئینگلیز بە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەڵێنی لە نێوبردنی ئەمبراتۆریەتی عوسمانییان دابوو ئەگەر بێتو سەرانی دەوڵەت لە جەنگدا بچنە پاڵ ئەمبراتۆریەتی ئەڵمانیا. لە ئابی ١٩١٤ز ئیتیحادییەکان جاڕی جەنگیاندا ئەو جەنگە دەرفەتێکی لەباری رەخساند بۆ ئەوەی رۆژئاوا نەك وەك "داگیرکەر"ێك بەڵکو وەك "رزگار کەر"ێك رۆژهەڵاتی ئیسلامیی داگیر بکات و شەرعییەتێکیش بە داگیرکردنە شومەکەی بدات!

سیاسەتی دووفاقی دەسەڵاتی مەسیحیەتی رۆژئاوا کە خۆی لەبەرەی هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا دەنواند، هەرلەگەڵ دەست پێکردنی کرداری سەربازی ئەو هەقیقەتەی سەرەوەی پێوە دیار بوو، لە سەرەوە بە گەلانی بچووك و ژێر دەستەی ئیمپراتۆرەکانیان دەوت: مەبەستی ئێمە لەو جەنگە دژوارەدا ئەوەیە کە نەتەوە بچکۆلە و بێ دەسەڵات و بندەستەکان لە ژێر حوکمی بێدادی و ستەمکەری دەوڵەتانی زلهێز رزگار بکەین، بە نهێنیش خەریکی داگیرکردنی عەسکەری و فیکریی و دابەشکردنی وڵات و سەروەت و سامانی نەتەوەیی ئەو گەلانە بوون کە چارەنووسیان کەوتبووە ژێر رەحمەتی ئەو سیاسەتە گڵاوەی هاوپەیمانەکانەوە!

لە گەرمەی ئەو جەنگەدا، سێرمارك سایکس وەزیری دەرەوەی ئینگلیزو جۆرج بیکۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کەوتنە خۆ بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی

نێودەوڵەتی بۆ داگیرکردن و دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی و کوردستانی باکوور و باشوور و رۆژئاوا، بە حوکمی ئەوەی رووسیاش لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی سەربازی بەهێز بوو، هەر بۆیە سایکس و بیکۆ داوایان لە سێرجی سازانۆف وەزیری دەرەوەی رووسیا کرد کە بەشداری ئەو پرۆژە ئیمپریالییە بێت. سازانۆف رەزامەندی حکومەتەکەی بە چەند مەرجێك بەستەوە وەك: دەبێ هاوپەیمانەکان مافی شەرعی داگیرکردنی کوردستانی باکووری پێ بدەن، وە ویلایەتەکانی وان و ترابزۆن و بەتلیس و ئەرزەرۆم-یش لە ژێر دەسەڵاتی رووسیدا بێت. پاش ئەوەی هەرسێ لا لەسەر پرۆژەی داگیرکردنەکە رێککەوتن، نەخشەیەکی نهێنی یان بۆ شوێنی دەسەڵاتی خۆیان دانا: ئەو شوێنەی بەڕەنگی سوور بۆیە کرابوو، ئەوە شوێنی دەسەڵاتی ئینگلیز بوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتیبوو لە دۆڵی رافیدەین و ئەو ناوچەیە لە خانەقینی کوردستانی باشوور بەرەو خوارەوە درێژ دەبێتەوە تاکو باشووری کوێت. ئەو شوێنەی بە رەنگی شین بۆیە کرابوو بۆ دەسەڵاتی فەرەنسی تەرخانکرابوو، کە بریتی بوو لە ویلایەتی موسڵ لە باکووری عێراق و هەرێمی کلکیا و ئەو شوێنانەی ئێستا پێی دەڵێن کوردستانی بندەستی عێراق و سوریا (٢٤). ناوچەیەکیش کە بە ڕەنگی سەوز بۆیە کرابوو، ئەم ناوچانەی دەگرتەوە: باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا - هەرێمەکانی ئەرزەڕۆم و تەرابزۆن و وان بەتلیس و ناوچەی ورمێ. ئەو رێککەوتننامەی هاوپەیمانەکان تاکو ئاگر بەست مۆدرۆس ١٩١٨/١٠/٣٠ز هەر لە چوارچێوەیەکی نهێنی مایەوە، بەجۆرێك دەمێك کە سوپای ئینگلیز لە کۆتایی ١٩١٧ەوە دەستیکرد بە داگیرکردنی خانەقین و دووجار داگیرکردنی کەرکوك- جارێك لە نیسانی ١٩١٨ز وە جاری دووەم لە ١٩١٨/١٠/٢٥ز دوایی هەولێر..و هتد، هەر بانگەشەی رزگاریخوازی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرد. بەڵام کاتێك ئاگر بەست راگەیانرا شاری موسڵ و سلێمانی داگیر نەکرابوون. ئەو شوێنە ستراتیژییەی شاری موسڵ، خاڵێکی تایبەتی مەنهەجی ئیمپریالیانەی ئینگلیز بوو. هەر بۆیە ئینگلیز لە بیانوێك دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەو شوێنە ستراتیژییە داگیر بکات، هەر بۆیە هەر بە پێی بەندی حەوتەمی ئاگر بەستی مۆدرۆس مافی ئەوەیان بە خۆیاندا کە موسڵ داگیر بکەن. ئەمە و بە

كردەوە و هەر هەفتەیەك دوای مۆركردنی ئاگربەست، شاری موسڵیان داگیر كرد[٢٥]. ئەو داگیركردنە شوومە سەرەتایەك بوو لە ئاشكرا بوونی هەقیقەتی رۆژئاوا لە رۆژهەڵات، هەروەها سەرەتای تروكاندنی گەرای داگیركردنی كوردستانی عوسمانلی بوو. سەبارەت بە شاری سلێمانیش بە شێوەیەكی سیاسیی و دبلۆماسییانە حوكمداری ناوچەكەیان بە شێخ مەحموود بەخشی، دواییش بە زەبری چەك حوكمدارییەكەیان هەڵوەشاندەوە.

هاوپەیمانەكان بۆ ئەوەی شەرعیەتێك بە داگیركردنی وڵاتی گەلان بدەن لە ١٩١٩/١/٢٥ز كۆمەڵەی گەلانیان دامەزراند و لە ١٩١٩/١/١٨ز جاڕی كۆنگرەی ئاشتی پاریس یاندا بۆ لێكۆڵینەوە لە مەسەلە گرنگەكانی رۆژهەڵات، مەسەلەی كوردیش بوو بە یەكێك لە مەسەلە گرنگەكانی ئەجێندای ئەو كۆنگرەیە: هەر بۆیە هەندێك لە سەرانی كورد ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و چەندان كۆمەڵەی سیاسیی كوردستانی شەریف سەعید پاشایان بە نوێنەری كورد بۆ كۆنگرەی پاریس رەوانە كرد. هەوڵو تەقەلا دبلۆماسییەكەی شەریف پاشا سێ بەندی پەیمانی سیڤەری لێ دەرچوو، كە بریتی بوون لە بەندەكانی ٦٢، ٦٣، ٦٤. ئەو پەیمانە لە دید و روانگەی كوردە عەلمانییەكانەوە زیاد لە پێویست گرنگی پێدراوە، بەڵام لە راستیدا پەیمانەكە هەر بۆ ئەوە بڕیاری لەسەر درابوو گەمە بە عەقڵیەتی بكرێت و دۆزی كوردان هەر لە نێو گۆماوێكی مەنگدا بهێڵرێتەوە. بۆ راستی قسەكانیشمان هەقیقەتی پەیمانەكە و هەڵوێستی رۆژئاوا لە چەند خاڵێكدا روون دەكەینەوە، سەرەتا هەر بە پێی ناوەڕۆكی بەندی ٦٤ی پەیمانەكە، "سەربەخۆیی" كوردستانی عوسمانلی بە چەند مەرجێكی دژوار و موستەحیل بەسترابۆوە.

یەكەم: دانانی ماوەیساڵێك بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە خەیاڵیەی كورد كە دەكەوێتە رۆژهەڵاتی فورات و خوارووی دەوڵەتی سەر كاغەزی ئەرمینیا، ئەو ماوە زەمەنییە، كورد پێویستی پێ نەبوو، بەڵكو هاوپەیمانەكان هەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەك مەرجێك دایاننابوو بۆ ئەوەی بە گوێرەی رەوتی رووداوەكان هەڵوێستی خۆیان وەربگرن. ئەگەر هاوپەیمانەكان لەگەڵ كورد راست بوونایە، ئەوا هەروەك چۆن رێیان بە عەرەبە سوننەكانی عێراقدا لە ١٢ی ئابی ١٩٢١ز دەوڵەتی

عێراق دابمەزرێنن و رێیان بە ئەتاتورکدا لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ز تورکیای نوێ دابمەزرێنێ و رێیان بە رەزا شا دا لە ١٩٢٥ز دەوڵەتی ئێران دابمەزرێنێ رێیان بە کوردیش دەدا لەگەڵ دەرچوونی پەیمانی سێڤر دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێ.

دووەم: دەبێ دانیشتوانەکانی ئەو ناوچانەی لە خاڵی یەکەم خرانە روو "خۆیان داوای جیابوونەوە لە تورکیا بکەن. ئەو مەرجەش تەواو بیری لێکرابۆوە، چونکە ئەوان چاك شارەزایی پێکهاتی کۆمەڵی کوردەواری و عەقڵییەتی عەشایەری و سیاسیی کورد بوون، ئەوسا سەرانی کورد بوو بوون بە دوو سێ بەرەی دژ بەیەك و هەر یەکە بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی و بەرژەوەندییەکانی دەیڕوانییە مەسەلەکە. کۆمەڵێك کە لە ئاغا و سەرکردە خێڵەکان و هەندێك ئەفسەری کۆنی عوسمانیی پێکهاتبوون، بە جارێك کەوتبوونە ژێر گوشاری دیماگۆژییەتی ئەتاتورکەوە. هەر بەقسەی ئەتاتورك بیری سەربەخۆیی کوردستانیان رەت کردەوە و تەلەگرافیان بۆ ویدرۆ ویلسن نارد و دەیانووت: ئێمە سەربەخۆیی کوردستانمان ناوێ، برایەتی کورد و تورك-مان دەوێ[٢٦] بەشێکی تر کە بریتی بوون لە کۆمەڵەی بەرزێتی کوردستان. ئەوانە بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوون لە بازنەی عوسمانییەت دەربچن و دەوڵەتێکی کوردی لە دەرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانیی دابمەزرێنن. بەشی سێیەمیش کە کۆمەڵێکی بێ دەسەلات بوون داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد. هاوپەیمانەکان ئەو هەقیقەتەیان چاك دیراسە کردبوو، هەر بۆیە جیابوونەوەی کوردیان لە دەسەڵاتی عوسمانیی بە مەرجێك دانابوو!

سێیەم: ئەگەر هەموو کوردەکانیش رازیبوونایە و یەك بڕیاری سیاسییان بدایە، هێشتا دەوڵەتە خەیاڵییەکەی کورد بە پێی پەیمانی سێڤر لە دایك نەدەبوو، چونکە هەر بە گوێرەی دەقی بەندی ٦٤ دەبوو "هاوپەیمانەکان-کۆمەڵەی گەلان" بە بڕیاری سیاسیی کورد رازیبوونایە، ئەوسا دەوڵەتی کوردی دادەمەزرا؟ ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە مەنهەجی هاوپەیمانەکان هەر حسێبیشی بۆ نەکرا بوو، چونکە هەر لە هەمان رۆژی راگەیاندنی پەیمانی سێڤر ١٩٢٠/٨/١١ز هاوپەیمانەکان بڕیاری هاوبەشی داگیرکردنی کوردستانی باکووریاندا کە لە ئاکامی کودێتای سووری

رووسیا و ئاگر بەست ئیتیحادییەکان و رووسیا و بەپێی پەیمانی بریست لیتسۆفیسك لەشکری رووسیا ئەو ناوچەیەی چۆڵ کردبوو. ئەمە و ئینگلیز رێی نەدا وەفدی شێخ مەحموود لە کوردستانی خواروو و وەفدی کوردەکانی کوردستانی رۆژهەلات بەشداری کۆنگرەی ئاشتی بکەن یان هەر هیچ نەبێ یاداشتی ئەو دوو بەشەی کوردستان بە وەفدی کوردی رابگەیەنن. ئەمەش هەر خاڵێکی گرنگتر بوو، هەقیقەتی ئیزدیواجیەتی عەقڵییەتی رۆژئاوا دەخاتە روو. ئەوان بە گوێرەی پەیمانی سێڤر کوردستانی خواروو بە بەشێك لە دەوڵەتی ئاییندەی کورد دادەنێن، بەلام کوردستانی رۆژهەلات بە بەشێك لە ئێران دادەنێن. بە بیانووی ئەوەی ئێران بەشداری شەڕی نەکردبوو، هەر بۆیە کوردەکانی بندەستی ئێران مافی "کورد" بوونیان پێ رەوا نەبینرا. ئەو هەڵوێستە لەلایەن ئینگلیزەوە بە تەواوی شکڵێکی توندتری وەرگرت، چونکە ئەو دوو بەشەی کوردستان بەشێك بوون لە ئامانجی ستراتیژی ئینگلیز لە ناوچەکەدا. کوردستانی رۆژهەلات لە ژێر رەحمەتی رەزا شای پیاوی ئینگلیز بوو، هەرچی کوردستانی خوارووش بوو بە پێی پەیمانی سایکس بیکۆ دەبوو لە ژێر کۆنترۆڵی فەرەنسی بێ، بەلام ئینگلیز لەگەڵ هاوپەیمانەکانیش راست نەبوو، هەر بۆیە لە رێگایەك دەگەڕا ئەو هەرێمە پترۆڵییە لە ژێر کۆنترۆڵی فەرەنسی دەربێنێ، ئەوەبوو جۆرج لۆئیدی سەرۆك وەزیرانی ئینگلیز توانی لە کۆنگرەی سان ریمۆ١٩٢٠ز، کلیمانسۆی سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا رازی بکات بەوەی دەست بەرداری ویلایەتی موسڵ بێ[(٢٧)] بەر لەو کۆنگرەیەش، ئینگلیز سەبارەت بە کورد لەو قەناعەتە دابوو کە شێخ مەحموودی حوکمداری سلێمانی و دەوروبەری نەك هەر بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز ناپارێزێ، بەڵکو خەریکە هەڕەشەش لە دەسەلاتی ناشەرعی دەکات، هەر بۆیە بە زەبری هێز حوکمداریەکەی شێخی لە حوزەیرانی ١٩١٩ز لە نێو برد. لە باشووری عێراقیش شیعە عەرەبەکانی هاو مەزهەبی ئێران لە ساڵی ١٩٢٠ لە دژی دەسەلاتی ئینگلیز راپەڕین و ئەوانیشی سەرکوتکرد، هەر بۆیە ئینگلیز لە سەرکردەیەکی کلاسیکی عەرەبی سوننە دەگەڕا کە حوکمی عێراقی عەرەبی و کوردستانی خواروویان پێ بدات، لە نیسانی ١٩٢١ز بە ئامادەبوونی (٤٠) سەرکردەی عەرەب

لە شاری قاهیرە، میر فەیسەڵێکی –غەیرە عێراقی کردە مەلیکی عێراق[٢٨] بە حوکمی ئەوەی شیعەی باشووری عێراق زۆربەی دانیشتوانی عێراقی عەرەبی پێکدێنن و لەگەڵ فارسەکانی ئێران هاومەزهەب و هاوستراتیژیەتن. لەو نێوە کوردەکانی خوارووی کوردستان خرانە نێو تەرازووی فەیسەڵ بۆ ئەوەی هاوسەنگی و بەرامبەری لە نێوان دەسەڵاتی فەیسەڵ و شیعەکانی باشووری عێراق دامەزرێ. بەم جۆرە سەرکردایەتی کورد (شێخ مەحموود، سمکۆ، کوردەکانی قۆچگیری) لە هەموو لایەکەوە لێیان درا. لەولاوەش ئەتاتورك هەر بە هاوکاری ماددی و مەعنەوی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتالیا و یەکێتیی سۆڤییەت لە ١٩٢٣/١٠/٣٠ تورکیای عەلمانی لەسەر حسێبی بەشێکی خاکی کورد دامەزراند. بەم جۆرە نەك هەر "دەسەڵاتی ئیسلامی" لە ناوچەکەدا نەما، بەڵکو زۆر بە ئاشکرایی سیاسەتی بە رۆژئاواییکردنی دین و ژیار و کولتوری ئیسلامیی پیادە کرا.

ئینگلیز بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا بێ کە عەلمانییەتی عەرەب و تورك و فارس بەرنامەکەی بە تەواوی جێبەجێ دەکەن، هەمووی لەیەك بەرەدا دژ بە کورد کۆکردەوە، ئەوانیش بە حوکمی ئەوەی نۆکەرێکی گوێڕایەڵ و خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش بوون یەکبوونی کورد دەسەڵاتە ناشەرعییەکەی ئەوانی دەتۆقاند، هەر بۆیە بێگوێدانە ئەوەی کە لەگەڵ کورددا هاودین و حەزارەی و مێژوون، دژ بە کورد هەرچی پێیانکرا کردیان. هەر بۆ نموونە هەردوو دەسەڵاتی تورکیا و عێراق لە ژێر کۆنترۆلی ئینگلیزدا لە ئەنقەرە کۆبوونەوە لە ١٩٢٦/٦/٥ز بڕیاریان لەسەر هێڵی برۆکسل–دا. بە رەسمیش لە ١٩٢٦/٦/١٨ز کوردستانی خواروو لە کوردستانی عوسمانلی دابڕاو بە عێراقی عەرەبی لکێنرا و ناونرا "باکووری عێراق" یەکبوون و تەبایی داگیرکەرانی کوردستان لەسەر لێدانی دۆزی کورد، عەقڵییەتی خێڵەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە لایەکی ترەوە بوون بە هۆی هەرەس و کوژاندنەوەی شۆڕشی شێخ مەحموود، شێخ سەعیدی پیران، ئاگری داغ و بارزانی یەکەم، سمکۆی شکاك و دەرسیم و ...هتد، کوردستان تاکو کۆتایی جەنگی

دووەمی جیهان تەواوی لە رووی عەسکەری و فیکرییەوە لەلایەن داگیرکاران کۆنترۆڵکرا، بزووتنەوەیەکی چەکداری دیار لە ناوچەکەدا نەما.

لە کۆتایی سییەکان، بە دروستی لە ساڵی ١٩٣٩ز، بەرژەوەندییە عەسکەری و ئابووری و سیاسییەکانی زلهێزەکانی جیهان جارێکی تر چارەنووسی گەلانی بەرەو چارەنووسێکی نادیار و سامناك راپێچ کرد. ئەگەر چی ئاکامی ئەو جەنگە جیهانخۆرییە "سەرکەوتنی" عەسکەری هاوپەیمانەکان و هەرەسی فاشیەتی ئیتالیا و نازیەتی ئەڵمانی و عەسکەرتارییەتی یابانی لێدەرچوو، بەڵام هەر لە نێو خودی هاوپەیمانەکان دا ململانێیەکی توندتر تەقییەوە. ئەو ململانە ئایدۆلۆژی و عەسکەرییە ئاکامە عەسکەری و سیاسییەکانی جەنگە جیهانییەکە سیناریۆی دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسیی جیهانی لێکەوتەوە. هەروەك بیستەکانی ئەو سەدەیە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ کارو پرۆسەی ئیمپریالی خۆیان بهێننەوە، لە ٢٥ی مایسی ١٩٤٥ز رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند. لەبەر رۆشنایی دەرئەنجامی رووداوەکان، گەلی ئازەری لە کۆتایی ١٩٤٥ز حکومەتێکی ئازەری لە تەبرێز و کوردەکانی رۆژهەڵاتی وڵاتیش لە بەرایی ١٩٤٦ز حکومەتێکی دیموکراتیان لە مەهاباد دامەزراند. دامەزراندنی ئەو دوو حکومەتە دەرکەوتنی خاڵی گۆڕانی بەرژەوەندییەکانی سۆڤییەت و ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، چونکە ئەو دوو حکومەتە لە ژێر چاودێری عەسکەرتارییەتی سۆڤییەت دامەزرابوون، ئەمەش لە دید و بۆ چوونی ئەمریکا و بەریتانیا هەڕەشەیەك بوو لە بەرژەوەندییەکانیان دەکرا. ئەو هەقیقەتەش شتێکی شاراوە نییە، چونکە ئینگلیز نەك هەر بەرپرسی بڕیاری سیاسیی و عەسکەری بەغدا و تەهران و ئەنقەرە بوو، بەڵکو بە کردەوەش بەشداری کرداری سەربازی کرد لە دژی شۆڕشی بارزانی لە ١٩٤٥ز.

هەر بۆیە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان، هەڕەشەیەك بوو لە ئینگلیز و دیکتاتۆرە دەستکردەکانی دەکرا. لەبەر رۆشنایی ئەم راستییە حوکمی لێدان و لەبەینبردنی ئەو ئەزموونەی کورد شتێکی حەتمی بوو، دەبوو بکرێ! لە ئاکامدا هەر یەك لە بەریتانیاو ئەمریکا توانیان لە رێگای

"الأمم المتحدة"ەوە هەرەسی هەردوو حکومەتەکە مسۆگەر بکەن، ئەویش بە کشانەوەی سوپای هەرسیّ لا، سۆڤییەت و ئەمریکا و بەریتانیا، لە ئێران و کەنداو، دەسەڵاتی مەرکەزیش بۆ کوردستان و ئازەربایجان، بەم جۆرە لە (١)ی دیسەمبەری ١٩٤٥ز سوپای ئەمریکی، لە (١)ی ئاداری ١٩٤٦ سوپای بەریتانی، وە لە(١٠)ی ئاداری ١٩٤٦ز لەشکری سووری سۆڤییەت، ناوچەکەیان بۆ ئەرتەشی ڕەگەزپەرستی فارسی چۆڵکرد[٢٩].

ئەو کشانەوە عەسکەرییە لە ناوچەکە دوو سوودی ستراتیژیی بۆ ئەمریکا و ئینگلیز مسۆکەر کرد:

یەکەم: لاوازکردنی دەسەڵاتی سۆڤییەت و بەر بەستکردنی تەوژمی مارکسییەت لە ناوچەکەدا.

دووەم: لاوازکردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و لە بەینبردنی حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان، لەو نێوەش سۆڤییەت ئامادەنەبوو لەبەر خاتری کورد و ئازەری لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکا بچێتە شەڕەوە. ئەمە و سۆڤییەت هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو کاریگەرێکی زۆر سەلبی لە ورەی سەرانی هەردوو حکومەت کرد و پێیان ڕاگەیاندن کە حکومەتی قەوام سەڵتەنە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانە لە سەراپای ئێران– بە کوردستان و ئازەربایجان– ساز دەکا، هەر بۆ ئەوەی بەر بەستی ئەرتەشی ئێران نەکەن!

لە ئاکامدا سەرانی هەر دوو حکومەتی ئازەری و کورد بەبێ بەرگری ئاشبەتاڵیان لێکرد. لێرەدا پێویستە هەقیقەتی هەڵوێستی سۆڤییەت روون بکەینەوە. سۆڤییەت دەستێکی باڵای هەبووە لە رووخاندنی هەردوو حکومەتەکە، ئەو ڕێکەوتننامەیەکی نهێنی لەگەڵ حکومەتی تەهران مۆر کردووە و بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە کۆمپانیایەکی نەوتی هاوبەش لە ئێران دابمەزرێ. ئەو کۆمپانیا نەوتییەش پاڵنەرێکی سەرەکی بوو کە سۆڤییەت ئەو هەڵوێستە وەربگرێ، بەڵام دەمێك ئەرتەشی ئێران هەردوو حکومەتەکەی لە نێو برد، ڕێکەوتننامەکەی بە شتێکی "هەروا بزانە نەبووە"[٣٠] دانا. بەم جۆرە سەرانی (الأمم المتحدة) نەك هەر وەك "کۆمەڵەی گەلان ١٩١٩ز" حکومەتی کوردیان لەنێو برد، بەڵکو سنوورە

ئیمپریالییەكانیان بە پیرۆز زانی و (مافی ڤیتۆ)یان كردە گرێ كوێرەی هەموو مەسەلەكان.

ئەمەو لە ١٩٤٨/١٢/١٠ز جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ درا، بەلاّم لە راستیدا ئەمەش هەر خۆی لە خۆیدا دووچاری كردنەوەی سیاسەتی ئیمپریالیزم بوو. هەروەك لە بەندێكدا هاتووە "هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە دەست بخاتە ناو كاروباری ناوخۆی دەوڵەتێكی دیكەوە، چونكە هەر دەوڵەتە و لە سنووری نێو دەوڵەتی خۆیدا سەربەخۆیە".

كۆمەڵەی گەلان، كوردستانی دابەشكرد و بە عێراقی عەرەبی و سوریاو توركیاو ئێرانیەوە لكاند، مەسەلەی كورد لەو دەوڵەتانە بوو بە مەسەلەیەكی ناوخۆیی. لەو پێودانگەوە كورد بێ دەوڵەتە و ناكرێ بە هیچ جۆرێك دەست بخرێتە كاروباری ناوخۆی عێراق و سوریا و توركیا و ئێران، چونكە هەریەك لەو دەوڵەتانە، دەوڵەتی سەربەخۆن لە دوای جەنگەوە ململانێی نێوان هاوپەیمانەكانی جەنگ بە جارێك توند بوو، جیهان بۆ دوو كامپی دژ بەیەك دابەشكران، هەر بۆیە كێشەكانی جیهانی سێیەم هەر لە نێو تەلیسمدا مانەوە. ئەوەو شەڕی ساردی نێوان سەرانی رۆژهەلاّت و رۆژئاوا لە پەنجاكاندا بوو بە شەڕی ئەمریكا و سۆڤییەت، هەر یەكە دەیویست لە رێگای هاوپەیمان و تۆكەرەكانیەوە شوێن پێی ئەوی تر لە رۆژهەلاّت لەق بكات. "لە پەنجاكاندا دەسەلاّتی ئەمریكا لە ناوچەكەدا دەستی لە دەسەلاّتی فەرەنسی و ئینگلیزی هاوپەیمانیشی سەند بوو. دەسەلاّتی ئەمریكی لە ناوچەكە لەلایەك، وە یەكڕیزكردنی دیكتاتۆرەكانی ناوچەكە و پتەوكردنی پەیوەندی عەسكەری و سیاسیی و ئابووری لەگەڵیان لە لایەكی ترەوە هەڕەشەیەكی ئاشكرا بوو لە سنوورەكانی ـ توركیا، سۆڤییەت ـ ئێران دەكرا"[٣١] بۆ دەمكوتكردنەوەی هەر بزووتنەوەیەكی شۆڕشگێڕی بە گشتی و كورد بە تایبەتی هێزێكی ناوخۆیی لە عێراق، ئێران، توركیا، پاكستان، پێكهات بۆ زیاتر بەرجەستەكردن و قوڵكردنەوە و كارپێكردنی بڕیارەكانی سەعد ئاباد، ١٩٣٧، لە ١٩٥٥/٢/٢٤ پەیمانی بەغدا–سەنتۆ– بە نوێنەرایەتیكردنی ئەو دەوڵەتانەی خوارەوە:

لە عێراقدا نووری سەعید، لە تورکیا عەدنان مەندەریس، لە ئێران حسێن عەلاء لە پاکستان جودری موحەممەد عەلی، لە بەریتانیا هارۆڵد ماکمیلانی مۆر کرا. لازاریف دەنووسێ "ئەمریکا کوردستانی نەکردبووە ئامانجێکی خۆی، بەڵام بەرژەوەندی لەوەدابوو جوڵانەوەی نەتەوەی کورد بە لاوازی بمێنێتەوە، کە نەبێتە هۆی جێ پێ لەقکردنی ئەو رژێمە کۆنەپەرستانەی سەر بە رۆژئاوان لە تورکیاو ئێران و عێراقدا"[٣٢] لە لایەکی تریش ئەمریکا هەر بۆ ئەوەی کاریگەری کۆمۆنیستی لە ناو کورددا لاواز بکا و سەرکردە عەشائیرییەکانی ناوچەکە بە کۆ هەردوو پارتی فیکر کۆمۆنیستی لە کوردستانی باشوور دەبن نێت، پڕوپاگەندەی کوردستانی سەربەخۆی بڵاوکردەوە.

"هەر لەو بارەیەوە سەفارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە بابا عەلی شێخ مەحموودی کۆنە وەزیر کرد، کە ئەگەر بێت و کورد لە سۆڤییەت دوورکەونەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا ببەستن ئەوا حوکمی زاتیان پێدەدرێ"[٣٣] بەڵام دەسەڵاتی هەردوو حیزبە مارکسییەکەی کوردستان لە دەسەڵاتی سەرکردە عەشائیرییەکان بە هێزتر بوو، هەر بۆیە سەرانی کورد هەر لە نێو تەلیسمی سۆڤییەت مانەوە !

مانەوەی سەرانی کورد لە نێو کامپی سۆڤییەت، هەڵوێستی ئەمریکای بەرامبەر بە کورد توند تر کرد، بەجۆرێك ئەمریکا نەیهێشت حیزبەکانی کوردستان سوود لە بڕیاری ١+١٥١٤/٧ز نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٦٠ز دەرچوو ببینن ،کەچی هەرسێ ڕێکخراوی راف و پۆلیساریۆ و سواپۆ لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی رەوایان پێدرا، کە نوێنەرایەتی دۆزەکانی خۆیان بکەن لە (الأمم المتحدة) ئەمە و بۆ ئەوەی رادەیەکیش بۆ دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمی سۆڤییەتی و رەوتی کۆمۆنیستی لە ناوچەکەدا دابنێن، توانیان لە رێگای بەعسییەکانی عێراقەوە ئەو ئامانجە بهێننە دی.

کودێتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣ز بە سەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکرو عەلی ئەلسەعدی و مونزیر لونداوی کودێتایەکی ئەنگلۆ ئەمریکی بوو "هەر وەك (علي صالح السعدي) خۆی دانی پێدادەنێ: "ئێمە بە شەمەندەفەری ئەمریکی

فەرمانڕەوایی عێراقمان وەرگرت" سەرانی كودێتا كەوتنە قڕانی كورد و كۆمۆنیستەكان، هەر بۆیە لە ژێرەوە سۆڤییەت پاڵی وە مەنگۆلیای میللییەوە نا كە نامە یەكی هەڕەشە ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایش بكا بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو رەفتارانەی بەعسییەكان دابنێ، بەڵام لە پاشان سۆڤییەت هەر خۆی زۆری لە مەنگۆلیا كرد داواكەی وەرگرێتەوە، چونكە سۆڤییەت ئامادە نەبوو بەرژەوەندییە ستراتیژیەكانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوربانی "قڕانی كوردە كۆمۆنیستە نۆكەرەكانی بكات! "[٣٤].

ئەمە و دەمێك دەسەڵاتی رۆژئاوا بۆی دەركەوت كە بەوەندە ئامانجە ستراتیژییەكەی نایەتە دی زۆری لە بەعسییەكان كرد كە بە هاوكاری ئێران و توركیا بەجارێك "هەڕەشەی كورد" نەهێڵێت. لە ژێر چاودێری رۆژئاوا هەر چوار داگیركەری كوردستان: عێراق، ئێران، توركیا، سوریا لەسەر (پرۆژەی دیجلەی– Tigers) رێككەوتن.

بە گوێرەی نەخشەی دیجلە دەبوو هێزی ئاسمانی ئینگلیز لە قوبرسەوە هێزی پێشمەرگە بوردومان بكا، هێزی توركیا بەرەو موسڵ بێ و هێزی ئەرتەشی ئێرانیش بەرەو ناوچەی سلێمانی هێرش بەرێت، رژێمی عێراقیش بەرەو چیای پێرس هێرش بەرێت بۆ ئەوەی هەموویان لە یەككاتدا گەمارۆی شۆڕشی كورد بدەن و قڕانی كورد بكەن و بە پێی تەلەگرافی ژمارە (٣٤٧٨/س)ی رۆژی ١٩٦٣/٧/٢ز حكومەتی عێراق دەبێ هێزی ئاسمانی ئەو دەوڵەتانەی سەرەوە كاریان دژی كورد یەك بخەن![٣٥].

لە شەستەكان بەغدا بوو بووە شانۆی كودێتای عەسكەری و سیاسیی، دواجار كە بەعسییەكان جارێكی تر لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ز حوكمی عێراقیان گرتەوە دەست دبلۆماتی سۆڤییەت بریماكۆف، بە نیازی جێ پێ لەقكردنی ئەمریكا و گەشە پێكردنی رەوتی كۆمۆنیستی لە ناوچەكە و "چارەسەركردنی" كێشەی كورد لە چوارچێوەی عێراقدا، بەعسییەكانی رازیكرد گفتووگۆ لەگەڵ مەلا مستەفا بكەن، ئەو هەڵوێستەی سۆڤییەت لە پێناوی كورد نەبوو، بەڵكو هەموو هەوڵی سۆڤییەت ئەوە بوو هەڵوێستی ئەمریكا لە نێو عەرەبان لاواز بێ، دەسەڵاتی

سیاسیی کوردیش ببێتە پاشکۆی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی، هەر بۆیە دەمێك سەرانی کورد رازینەبوون بێنە نێو بەرەی (شیوعی– بەعسی) دووجار هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا درا، لە لایەکی دیش سۆڤییەت شیوعییەکانی لە شۆڕشی کوردستان دابڕی و لەشکری عێراقیشی بە نوێترین چەك و خیبرەی عەسکەری تەیار کرد. لەولاوەش ئەمریکا تەواو دەستی بەسەر (بڕیاری سیاسیی) سەرکردایەتی شۆڕشدا گرتبوو، بەڵێنی بەو سەرکردایەتییە دابوو کە تا دوا ساتی رووخانی رژێمی بەعس درێژە بە هەڵوێستی خۆیان دەدەن[٣٦].

بەڵام بەڵێنی ئەمریکی تەنیا تاکتیکی کاتی بوو، کوردستان لە دەرەوەی بازنەی ستراتیژی ئەمریکادا بوو، ئەو راستییە ئاشکرایەش دەبوو سەرانی کورد هەر لە بەرایی لێی تەواو حاڵی بان و نەکەوتبانە ئەو هەڵە مێژووییەوە، چونکە هەر یەك لە تەهران و ئەنقەرە دوو حکومەتی ئەمریکی بوون، سەرکەوتنی شۆڕشی باشووری کوردستان هەڕەشەیەك بوو لەوان دەکرا، جا ئێمە دەپرسین ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لە دوو حکومەتی ئێران و تورکیا قوربانی شۆڕشی کورد دەکات؟! لێرەدا جارێکی تر چارەنووسی گەلی کورد لە نێو بەرژەوەندی سۆڤییەت و سیاسەتی ناعادیلانەی ئەمریکا و دەست و پێوەندەکانی لە رۆژهەلات وەك ئەنوەر سادات، هاواریان بۆ مەلیك حسێن، موحەممەد رەزا شا، دووچاری هەرەسێکی مەزن بوو! هەر وەك ئاشکرایە ئێرانی ئەمریکا بە گوێرەی، رێکەوتننامەی جەزائیر ٦ی ئازاری ١٩٧٥ز، ناوچەیەکی ستراتیژی لە شەتولعەرەب بەرکەوت، بەڵام کاتێك لە ١٩٧٩ز گەلانی ئێران راپەڕین خومێنی دەسەڵاتی دەوڵەتی وەرگرت و حوکمی (ئیسلامیی) راگەیاند کۆشکی غەرب و شەرقی هەژاند، هەر بۆیە دەوڵەتانی هەردوو کامپی رۆژهەلات و رۆژئاوا حکومەتی عێراقیان هاندا داوای ئەو بەشەی شەتولعەرەب بکاتەوە. بەمجۆرە رێکەوتننامەی جەزائیر بوو بە هەڵگیرسێنەری شەڕی یەکەمی کەنداو، هەر بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك بێ حوکمی (ئیسلامیی) ئێران سەرنەگرێ و جارێکی تر دۆزی کورد وەك کێشەیەکی سیاسیی سەرهەڵنەداتەوە، ئەمریکا دەورێکی گرنگی بینی لە کودێتا عەسکەرییەکەی کەنعان ئیڤرین بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق یەکبگرن دژ بە ئێران و دۆزا کورد، لەو

نێوە هەردوو دەسەڵاتی عەسكەری عێراقی و توركی لە پێناوی راونان و لێدانی بزووتنەوەی كورد ئەو سنوورە نێو دەوڵەتیەشیان بەزاند كە بە زۆر بەسەر كوردیاندا سەپاندووە.

هەرچەندە عێراق بە شێوەیەكی فراوان لە رووی عەسكەریی و ئابوورییەوە لەلایەن ئەمریكا و سۆڤییەت یارمەتی دەدرا، بەڵام هەڵوێستی عەسكەری عێراق لەبەرەی جەنگدا هەر لاواز دەبوو ئەو قەیران و پەشێوییە عەسكەرییەی عێراق ئەمریكای بە تەواوی نیگەرانكردو ترسی ئەوەی لێ نیشت عێراق برووخێ و شیعەكانی باشوور حكومەتێكی ئیسلامیی دابمەزرێنن و تەواو جێ پێی رۆژئاوا لە ناوچەكەدا لەق بێ، هەر بۆیە ئەمریكا لەبەردەم دووڕیانێكدا بوو یان دەبێ بە ئەمری واقیع رازی بێ، هەروەك چۆن بە ناچاری بە ئێران رازیببوو، یان شتێكی وا بكات عێراق لە رووخان رزگار بكات، لەو نێوە لە بەرایی (وەرەقەی كێشەی كورد)ی هەڵبژارد. لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی ئەو فیكرەیە "لە ١٩٨٦/١١/٧ز ویلیەم سافیی سەرۆكی CIA سەردانێكی لە ناكاوی بۆ توركیا كرد، هەرچەندە ئەو سەردانەی ساف لە لایەن ئاژانسی ئەنادۆڵی نیمچە رەسمییەوە بە مەسەلەی پەیوەندی چەكی ناتۆ "لێكدرایەوە بەڵام راستی مەسەلەكە هەر وەك گۆڤاری توركی Lkibnedogpu لە ژمارە (١١)ی ئاداری ١٩٨٨ دەریخست بەم شێوەیە بوو: "گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ لە ژێر چاودێری ئەمریكا[٣٧]" بەڵام كە پیلانە عەسكەرییەكە مەیسەر نەبوو، ئەمریكا بۆ ئەوەی حكومەتی عێراق لە هەرەسی حەتمی رزگار بكات بە كردەوە لایەنگیری عێراقی كرد لە جەنگدا وە زۆری لە ئێران كرد بە بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش رازیبێ ئەمە و گڵۆپی سەوزیشی بۆ حكومەتی عێراق هەڵكرد بۆ ئەوەی بە هەر جۆرێك و بە هەر بەشێوەیەك بێ بزووتنەوەی كورد لە نێو بەرێ بەمجۆرە ئەوانەی لە رووی عەسكەرییەوە چاوەڕێ دەكرا سەركەون، ژێر كەوتن.

ئەوانەی مشوری (عروبە) دەخۆن جەنگی دووەمی كەنداو بە داگیركردنێكی نوێی رۆژهەڵات دادەنێن. گەرچی ئەو بۆ چوونە تەواو لەگەڵ ستراتیژییەتی ئەمریكا و پیلانەكەی پرنارد لویس، لەمەڕ رۆژهەڵات، یەك دەگرنەوە. "هەروەكو

لە داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە دەرکەوت، کە ئەوەی بەلای ئێمە سەرەکی و گرنگە نەهێڵێن دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی تردا زاڵ بێت، یاخود هێزەکانیان یەکبگرن و لە ناوچەکەدا بالاً دەست بن". بەلاّم تەوژمی (عروبە)یش هەر خۆی لە خۆیدا جۆرە داگیرکردنێکی فیکرییە لە ئاقار ئیسلام و داگیرکردنێکی عەسکەریشە لە بەرابەر گەلانی رۆژهەلاّت بە تایبەتی کورد !

دوای هاتنە سەرکاری گۆرباتشۆف، قەیران و تەنگژە سیاسیی و ئابوورییەکانی سۆڤییەت بەدەرکەوتن و ململانێی مۆسکۆ و واشنتن خاو بۆوە، هەر بۆیە ئەو دەسەلاّتە سیاسییەی ئەمریکا لە رۆژهەلاّت هەیبوو (توقع)دەکرا بیّ ململانیّ بیّ بە دەسەلاّتێکی عەسکەری و ئابووری فراوان. لەو روانگەیەوە هاوکات لەگەلّ گەرمەی ڕووداوەکانی کەنداو، یەکێتیی سۆڤییەت وەکو زلهێزێکی هاوشانی ئەمریکا هەرەسی هێنا، بەمەش بڕیاری لێدانی عێراق بیّ ڤیتۆی سۆڤییەت دەرچوو!

دوای ئەو هەرەسە عەسکەرییەی عێراق لە کوێت، ئاوەژۆ دەکرا هاوپەیمانەکان بەغداش بگرن، بەلاّم لە راستیدا ئەمەیان "جاریّ" ستراتیژیەتی ئەمریکا نەبوو، چونکە "کۆماری بە زۆر سەپاوی عێراق" دوو کێشەی زۆر ئاڵۆزی لە خۆوە گرتووە:

یەکەم: کێشەی شیعەکانی باشوور کە زۆربەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن، ئەمە و ئەو شیعانە لەگەلّ ئێران هاومەزهەب و هاو ستراتیژیەتن.

دووەم: مەسەلەی کورد لە "باکووری عێراق"—کوردستانی خواروو— ئەوانیش بەشێك لە خاکەکەیان لە ژێر دەسەلاّتی تورکیای هاوپەیمانی ئەمریکادایە.

هەر لەو پێودانگەوە دەمێك جۆرج بوش لە ١٩٩١/٢/٢٨ز بڕیاری شەڕ ڕاگرتنی لەگەلّ رژێمدا، مەبەستی بوو شەڕێکی نێوخۆی توند لە نێوان گەلانی عێراق و کوردستان هەڵبگیرسێنن، هەروەك چۆن هنری کیسنجەر سوننە و شیعە و کاسۆلیك و ئەرسەدۆکس و دروز و فەلەستینییەکانی لوبنانی بە گژ یەکەوەنا، پاشان ئاکامی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشوورو کوردەکانی "باکوور" تەواو پێچەوانەی خەونەکانی رۆژئاوا بوون، چونکە هەروەك وتمان، ئەمریکا بە هیچ جۆرێك رازی نابیّ شیعەکانی باشوور حوکمی عێراق بکەن و کوردەکانیش ببنە

"مەترسی" بۆ تورکیا، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو هەروەك لە نیسانی ١٩٩١ رادیۆی دەنگی ئەمریکا بڵاویکردەوە "پنتاگۆن داواکاری کۆمەڵە ئەفسەرێکی نێو کۆشکی کۆماری عێراقیشی رەت کردەوە کە دەیانویست بە پاڵپشتی ئەمریکا کودێتایەکی سەربازی لە دژی صەددام بکەن ئەمە هەروەك دوایی دەرکەوت، CIA ئەو پلانەی ئاشکرا کرد و ناوی سەرانی کودێتاکەشی بە رژێمدا! هەروەك لە پێشد وتمان، راپەڕینی شیعەکان و کوردەکان لەگەڵ ستراتیژیەتی ئەمریکا یەکی نەدەگرتەوە هەتا "ئیسرائیل"یش رایگەیاند کە (سەددامێکی لاواز و بێ دەسەڵات) لە حکومەتێکی شیعەی یان کوردی پێ باشترە، هەر بۆیە جۆرج بوش نەك هەر لە قسەکانی خۆی پەشیمان بۆوە، کە دەیوت گەلانی عێراق دەبێ خۆیان مشوری حاڵی خۆیان بخۆن، بەڵکو رێی بە سوپای سەرکوتکەری عێراقدا بە هەر "جۆرێك" بێ راپەڕینەکە دابمرکێنێتەوە.

لە باشوور بە ئاشکرا هێزی هاوپەیمانەکان هاوکاری سوپای عێراقیان کرد، لە کوردستانیش هەلیکۆپتەر و تانکی عێراقی شارەکانی وێران دەکرد و فڕۆکەکانی رۆژئاواش لە سەرەوەی هەلیکۆپتەرەکانەوە "وێنەی" ئەو مەرگەساتەیان دەگرت! لە ماوەی چەند رۆژێك هەر چوار شاری کوردستان، کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك داگیرکرانەوە لە هەندێك ناوچە سوپا گەیشتە سەر سنووریش، لە ئاکامدا نزیکەی دوو ملیۆن کورد بەرەو سنوورە دەستکردەکانی ئێران و تورکیا بەڕێکەوتن. ئاکامی ئەو کۆچڕەوەش خەریکبوو بە زەرەری ئەمریکا تەواو ببێت، چونکە لە لایەك کوردی سێ پارچەی کوردستانی داگیرکراو تێکەڵ بەیەك دەبوون و جۆرە "هاوپەیمانییەکی رۆحی"یان لە لا دروست دەبوو، بە تایبەتی لە کوردستانی باکوور P.K.K. ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و سەرانی تورکیش هەستیان بە نیگەرانی کرد، هەر بۆیە داوایان لە ئەمریکا کرد، سنوورێك بۆ هێرشەکەی سەددام دابنێ. لە لایەکی تریش کۆچڕەوەکە خۆی لە خۆیدا فاشلبوونی کرداری (عاصفه الصحرا)ی ئەمریکا دەگەیاند و لە نێو خودی کۆمەڵگای رۆژئاواش رەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا کرا سەبارەت بە عێراق، هەر بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش لە شەوی ٦/٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری

ژمارە "٦٨٨" دەرکرد[٣٨]. ئەو بڕیارەی ئەنجوومەن دوو خاڵی زۆر گرنگی سەبارەت بە کوردە لە خۆ گرت.

یەکەم: ئەو بڕیارە کە بە واتای "دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دێت"، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەزاندنی بڕگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەڵێ: هەموو دەوڵەتێك لە سنووری نیشتمانی خۆیدا سەربەخۆیە، لێرەدا سنوورە "پیرۆزەکەی" ئیمپریالیزم بەزاندرا و خودی جۆرج بوش لەو بارەیەوە دەڵێت: "لەمەودوا لە هەر شوێنێك دیموکراسییەت– بەرژەوەندی ئەمریکا– بکەوێتە خەتەرەوە دەبێ بە زەبری چەك ئەو قودسییەتە بگەڕێنینەوە شوێنی خۆی" لە دوا بڕگەی ئەو بڕیارەشدا هاتووە کە مەسەلەی پابەندبوونی عێراق بەڕاگرتنی شەڕ لە دژی کوردان و دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش دەبێ هەر لە ژێر چاودێری بێ.

دووەم: کردنەوەی فایلی کورد، دوای پەیمانی سیڤر ١٩٢٠ ئەو بڕیارە یەکەم لا لێکردنەوەی نێو دەوڵەتییە لە دۆزی کورد هەر لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەش بوو هێلی (٣٦) دیاریکراو زۆربەی خەڵکەکەش گەڕایەوە نێو شار و شارۆچکەکان.

دوای ئەوەی کوردەکان جارێکی تر هەرسێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك– یان کەوتەوە بەردەست، ئەمریکا نەیهێشت دەسەڵاتی سەرانی کورد بگاتە ناوچە نەوتییەکانی کوردستان، ئەمە و بڕیاری (٦٨٨)یش داوا لە حکومەتی عێراق و سەرانی کورد دەکات کە کێشەکانیان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەن. ئەمەش بە راشکاوی ئەوە دەگەیەنێت کە "جارێك" ئەمریکا لەگەڵ دامەزراندنی کیانێکی کوردی نییە، چونکە هێشیا تورکیا لە نێو ئامانجی ستراتیژیەتی ئەمریکایە، هەروەك لە ئامۆژگاریەکانی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا بۆ سیاسەتی دەرەوەیان لە کەنداوی فارس و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە: "پەیوەندی بەهێز لەگەڵ تورکیادا بهێڵرێتەوە و چەکی پێشکەوتووی پێ بدرێ و دەرگای بازاڕەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ شمەکی ناردەی تورکیا بکرێتەوە". ئەو هەڵوێستە ئیزدیواجیەتەی رۆژئاوا لە پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان زەقتر

بوو! هەر بۆ بەڵگەش ئەو چەند راستییەی خوارەوە تۆمار دەكەین كە هەموویان دژ بە بڕیاری (٦٨٨) و هێڵی (٣٦)ی ناوچەی ئارامی ئەمریكیە.

ئابلۆقەی رژێم، جینۆسایدی خەڵكی، بڕینی كارەبای بادینان و تیرۆركرنی كارمەندانی U.N. و رێكخراوە خێرخوازەكان و بەزاندنی عەسكەری سنووری هەرێم لەلایەن سوپای عێراق، توركیا، ئێرانەوە! پێشێلكردنی بڕیاری (٦٨٨)و سەروەری حكومەتی هەرێم لەلایەك و بەربەستكردنی تەكنەلۆژیای عەسكەری هەرێم لەلایەكی ترەوە تەواو لەگەڵ پیلانەكەی لویس دەسازێن كە دەیەوێت لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەوڵەتی بەهێز نەمێنن و تەنها چەند مەمالیكێكی بچووكی ئۆتۆنۆمیدارو لاواز لە رووی سیاسییەوە لەسەر بنەمایەكی ئەتنیكی دابمەزرێن بۆ ئەوەی بە بێ دژواری ئەمریكا بتوانێ دەسەلاتی عەسكەری خۆی بەسەریان بسەپێنێ، لە رێنمایی بەرنامەدانانی پێنتاگۆن بۆ ساڵانی ١٩٩٤–١٩٩٩ز ئەو راستییە بە راشكاوی دەربڕاوە: "هەموو ئامانجمان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری رۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری رۆژئاوای ئاسیا ئەوەیە كە وەك هێزێكی دەرەكی بالادەست لە ناوچەكەدا بمێنینەوە و پارێزگاری ئەوەش بكەین كە ئەمریكا و رۆژئاوا بەسەربەستی دەستیان بگاتە نەوتی ناوچەكە هەروەكو لە داگیركردنی كوێت لە لایەن عێراقەوە دەركەوت، ئەوەی بەلای ئێمەوە سەرەكی و گرنگە نەهێڵین دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێكی تر زاڵبێت یاخود هێزەكانیان یەكبگرن و لە ناوچەكەدا بالادەست بن"، لەو چەند دێرە دەفامرێتەوە كە ئەمریكا نایەوێت نە حكومەتی هەرێم دەسەلاتی لەوەندە زێتر بێت نە دەشیەوێ حكومەتی بەغدا بەهێز بێتەوەو هەڕەشە لە كەنداوییەكان بكات.

+ لەوانەیە یەكێك بپرسێ كەی سیاسەتی رۆژئاوا دەگۆڕێ و دۆزی كورد دەبێتە ئامانجی ستراتیژیەتی رۆژئاوا ؟!

سەلام : رەوتی رووداوە سیاسیی و عەسكەرییەكان لە عێراق و توركیا شیمانەی ئەوەیان لێدەكرێ كە دوو گۆڕانكاری زۆر گرنگ روو بدەن و ئەو دوو گۆڕانكارییەش وەرچەرخانێك دەبن لە مێژووی سیاسیی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، چونكە هەردووكیان تەوژمی بە ئەمریكی كردنی ناوچەكە بەربەست دەكەن، لەو

نێوه ئه‌مریكا ناچار ده‌بێ یان ده‌ست له عێراق و توركیا هه‌ڵگرێ هه‌روه‌ك چۆن ده‌ستی له باشووری ڤێتنام و لوبنان و كوردستانی باشوور هه‌ڵگرت یان به زه‌بری چه‌ك به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی بپارێزێ.. له نێو ئه‌و گه‌مه سیاسییه‌دا شیمانه‌ی ئه‌وه ده‌كرێ، ئه‌مریكا به جددی وه‌ره‌قه‌ی كوردی به‌كار بێنێ و ره‌نگه ئه‌مجاره كیانێكی كوردی دابمه‌زرێنێ؟!

ئه‌مریكا، دوای هه‌ره‌سی سۆڤییه‌ت له په‌نای سیستمی نوێی جیهان ده‌یه‌وێت جیهان هیچ هێزێكی به‌ربه‌ره‌كانیكه‌ری ئه‌مریكای تێدا نه‌بێ و ئه‌مه و ئه‌مریكا ناهێڵێ هیچ ده‌وڵه‌تێكی ئیقلیمی له رۆژهه‌ڵات ده‌ست به‌سه‌ر په‌ترۆڵی ناوچه‌كه‌دا بگرێت، لێره‌دا شه‌ڕێكی حه‌تمی له نێوان ئێران و كه‌نداویه‌كان هه‌ڵده‌گیرسێ هه‌ر له ئێستاوه‌ش ئه‌مریكا ئیماراتی عه‌ره‌بی هان ده‌دات كه به هیچ جۆرێك ده‌ستبه‌رداری دورگه‌كانی نه‌بێ بۆ ئێران! به‌ڵێ تاكو سه‌رانی عه‌ره‌ب و فارس به‌و عه‌قڵییه‌ته عه‌سكه‌رییه‌ی ئێستاوه بیر بكه‌نه‌وه، ئه‌وا شه‌ڕێكی (عه‌ره‌بی – فارسی) و شه‌ڕێكی (سوننی – شیعه) حاڵه‌تێكی ئاوه‌ژێكراو ده‌بێ.

دووه‌میش گۆڕانكارییه‌كانی نێو توركیاو ده‌وروبه‌ری: به حوكمی ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌كی زۆر توركیا بنكه‌یه‌كی ئیسلامیی گرنگ بووه و له پاشان هه‌ر له‌گه‌ڵ دامه‌زراندنی كۆماری توركیا ١٩٢٣ به زۆر كراویه‌وه بنكه‌یه‌كی بڵاوكردنه‌وه‌ی عه‌لمانیه‌ت و مه‌ده‌نیه‌تی رۆژئاوا، ئه‌مه و له ئه‌یلوولی ١٩٨٠زوه عه‌قڵییه‌تێكی عه‌سكه‌ری تووندڕه‌و توركیا به‌ڕێوه ده‌به‌ن، له‌و روانگه‌وه شیمعون پێرێز راستی بۆ چووه، كه له ١٠/٤/١٩٩٤ز له ئه‌نقه‌ره به سه‌رانی تورك ده‌ڵێت: له وڵاته‌كه‌یان ٣٥ هه‌زار مزگه‌وت و ملیۆنێك عه‌سكه‌ری و ملیۆنێك مرۆڤی جامعیی هه‌ن، ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌شیان داهاتووی توركیا دیاری ده‌كات[٣٩]، هه‌ڵبژاردنه‌كه‌ی ١٩٩٤ز زۆربه‌ی عه‌لمانییه‌كانی نێوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی توركیای سه‌رسام كرد. ئه‌مه‌و هه‌ر پێنج كۆماری تورك زمان كازاخستان، توركمانستان، ئازه‌ربایجان، قیرقستان و ئۆزبه‌كستان ئه‌وه‌چه‌ندین جاره له دوای هه‌ره‌سی سۆڤییه‌ت له توركیا له‌گه‌ڵ سه‌رانی تورك كۆ ببنه‌وه.

جەنگی یەکەمی جیهانی کە زیاتر بە جەنگی ئیمپریالیزمی نویٚ تیۆرێزە دەکریٚ، شێوازێکی نوێی داگیرکردن بوو هەر داگیرکردنی عەسکەری نەبوو، بەڵکو داگیرکردنی فیکر و حەزارەتیش بوو.

یەکێك لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو داگیرکردنە هەڵوەشاندنەوەی (خیلافەتی ئیسلامیی)و دامەزراندنی چەند حکومەتێکی نەتەوەیی و ئیقلیمی بوو. ئەو حاڵەتەش جۆرە تەنگژەیەکی نوێی لە نێو گەلانی رۆژهەڵاتدا دروستکرد.

ئەو سنوورە دەستکردانەی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩١٩زدا بڕیاری لە سەردان قونبەلەیەکی تەوقیتکراوی لە نێو تەنگژەکەدا دانا بۆ ئەوەی هەردەم ناوچەکە لە نێو ئاشوب و گێژەندا خول بخوات و چاوی لە چارەسەری رۆژئاوا بیٚ. لەم روانگەوە دەمێك کورد وەك نەتەوەیەك و کوردستان وەك نیشتمانی کورد بەسەر عێراقی عەرەبی و تورکیای کەمالی و سوریا و سۆڤییەت[٤٠] دابەشکران، مەسەلەکە هەر لێدانی کورد نەبوو، بەڵکو لێدانی گەلانی ناوچەکەش بوو بۆ ئەوەی هیچ کاتێك ئەو دەوڵەتە نا شەرعیانە پەرە نەسێنن و نەبنە هێزێك هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بکەن! بە واتایەکی تر (کێشەی کورد) کرا بە وەرەقەیەك بۆ ئەوەی شادەماری پەرەسەندنی ئابووری و عەسکەری هەر یەك لەو دەوڵەتانەی خاکی کوردی بەرکەوتووە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری دەسەڵاتی رۆژئاوا بیٚ. بەمجۆرە هیچ (هەستێکی نیشتمانی) لە نێوان کورد و گەلانی سەردەستە دروست نەبووە و هەر دەمێکیش دەرفەت بۆ کورد رێککەوتبیٚ و رێك بکەویٚ بەو ژێر دەستییە رازینەبووە و نابێت.

بە کورتی کۆمەڵەی گەلان (League of Nation) نەخشەیەکی سیاسیی نوێی بۆ رۆژهەڵات داڕشت بەمەش سەرەتایەکی بۆ چەند شەڕێکی ئیقلیمی دانا. دەمێکیش هەر یەك لە ئەڵمانیا ئیتالیا و ژاپۆن بە دەسەڵاتی کۆنە ئیمپریالیزم و سۆڤییەت رازینەبوون ویستیان (بڕیاری سیاسیی) و کارگێڕی دەوڵەتان بەوان رەوا ببینریٚ.

هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی پیادەکردنی ئەو پێشنیارەی عەقڵییەتی عەسکەرتاریەتی ژاپۆن و ئیتالیا و ئەڵمانیا بوو. گەرچی دەرەنجامەکانی جەنگەکە

هەرەسی عەسکەرتاریەتی ژاپۆن و فاشیەتی ئیتالیا و نازیەتی ئەڵمانیا بوو، لە هەمانکاتیشدا سەرەتایەکی نویٚ بوو بۆ تەنگژەی نویٚ که کۆمەڵەی گەلان نەخشەی بۆ داناو نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥ز) شەرعیەتی پیٚ بەخشی!

کۆمەڵەی گەلان بڕیاری دابەشکردنی کوردستانیدا و هەر ئەویش چەند سنوورێکی دەستکردی لە نێوان کوردستانی عێراق و سوریاو تورکیا و سۆڤییەت دانا، نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەك هەر ئەو سنوورانەی بە (پیرۆز) ناسی بەڵگە شەرعیەتیشی بەو دەولەتە ناشەرعیانەی ناوچەکەدا، لەو پێودانگەوە دەتوانین بە راشکاوی بلێین کە نەتەوە یەکگرتووەکان تەنگژەکانی قووڵتر کردەوە و مەسەلەی دامەزراندنی کیانێکی نەتەوەیی کوردی بە بڕیارێکی (نێو دەولەتی) دوورتر کردەوە، دروستبوونی (کامپی رۆژهەلات –سۆڤییەت) و (کامپی رۆژئاوا– ئەمریکا)و دابەشبوونی داگیرکەرانی کوردستانیش لە نێو هەردوو کامپدا بڕیاری نێودەولەتی نەزۆك کرد، چونکە هەر بڕیارێك بۆ کورد بیری لێکرابێتەوە بە ڤیتۆی ئەمریکی یاخود سۆڤییەتی وەلام دەدرایەوە. ئەو هەلوێستە نامرۆڤانەی ئەو دوو دەسەلاتە تەنانەت چاویان لە لێدانی کیمیایی هەلەبجەش پۆشی. ئەگەر ئەو رووداوە لە هەر ولاتێکی تر رووی دابا بە بڕیارێکی عەسکەری ئەنجوومەنی ئاسایش وەلام دەدرایەوە! بەمجۆرە هەر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە تاکو هەلگیرسانی جەنگی دووەمی کەنداو مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی نەتەوەیەك تەواو لە ئەجێندای نەتەوە یەکگرتووەکان فەرامۆشکرابوو، بەلام داگیرکردنی کوێت لە لایەك و هەرەسی سۆڤییەت لە لایەکی ترەوە فایلی مەسەلەی کوردی کردەوە!

هەلوەشاندنەوەی سۆڤییەت و رزگار کردنی کوێت ئەمریکایان کرد بە یەکەم دەسەلات، ئەویش لە پەنای سیستمی نوێی جیهانی ستراتیژیەتێکی نوێی بۆ خۆی دارِشتووە و ئامانجی ئەو ستراتیژیەتەش لەوەبەر ئاماژەمان پێدا لە رێنمایی بەرنامەدانانی بەرگری پێنتاگۆن بۆ سالانی ١٩٩٤–١٩٩٩ز ، بیرنارد لویس باوەڕی وایە کە دەبیٚ فیکرەی عەرەبایەتی(نەتەوەی عەرەب) نەهێلرێت، ئەو هەرِەشەیەش بە قەناعەتی لویس لە شەڕی دووەمی کەنداو لە نێو بردرا، هەر لەو

بارەیەوە پێنتاگۆن هەموو هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی (دەسەلاتێکی ئیسلامیی) لە ناوچەکەدا دروست نەبێ، ئەو راستییەش هەر لە رێنماییەکاندا هاتووە (هەروەکو لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە دەرکەوت، کە ئەوەی بەلای ئێمەوە سەرەکی و گرنگە نەهێلین دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی تردا زاڵ بێت، یاخود هێزەکانیان یەکبگرن و لە ناوچەکەدا بالادەست بن).

ئیدی بە گوێرەی پیلانی برنارد لویس دەبێت هەموو دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست تاکو هیند لەسەر بنەمای رەگەزی و زمانی و تایفەیی لە نێو ببرێن و تەنیا دەسەلاتی هەرێمی لە ناوچەکەدا بێت، ئەویش راستەخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا دابێت. ئەو پیلانەی لویس تەواو لەسەر بنەمای پیلانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دامەزراوە کە دەڵێت: چەند مەمالیکێکی بچووکی ئۆتۆنۆمیدار، لاواز لە رووی سیاسییەوە لەسەر بنەمای ئەتنیکی دابمەزرێن بۆ ئەوەی رۆما (ئەمریکای ئەمڕۆ) بە ئاسانی بتوانێ دەسەلاتی عەسکەری خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ. ئەو هەرێمە ئەتنیکیانە هەندێ ئازادی و سەربەستیان دەبێ تاکو وەلائو گوێڕایەڵ و رێزی رۆما -ئەمریکا-یان لا دەبێ!

هەر وا لویس پێشبینی ئەوە دەکات لە ئایندەدا چەند شەڕێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا هەڵدەگیرسێن و هەر یەك لە تورك و عەرەب و فارس دەیەوێ لەسەر حسێبی ئەویتر دەسەلاتی عەسکەریی و سیاسیی خۆی لە ناوچەکەدا فراوانتر بکات، لە دیدی لویس-ەوە رۆحی فراوانخوازی ئێران دەوڵەتی ئێران دووچاری چەند شەڕێکی هەرێمی و مەزهەبی و قەومی دەکات، لویس دەڵێت دەست بەسەرداگرتنی نەوتی باکووری عێراق لە لایەن تورکیاوە یەکێك لەو بەڵێنانە بووە هاوپەیمانەکان بە تورکیایانداوە بۆ ئەوەی لە دژی عێراق بەشداری شەڕی دووەمی کەنداو بکات، دیارە هەر لە کۆتایی بیستەکانەوە لە عەقڵییەتی عەسکەرتارییەتی کەمالیەکانەوە حسێبی بۆ کراوە بە جۆرێك دەمێك لە هەشتاکان لەشکری عێراق لە شکانێکی حەتمیدا بوو تورکیا هێزێکی تەواوی بۆ ئەو داگیرکردنە ئامادەکردبوو، بەلام ئەگەر ئەمە لە ئایندەیەکی نزیك بێتە دی، ئەوا تورکیا لە دوولاوە -تورکی- عەرەبی، تورکی -ئێرانی- تووشی شەڕێکی حەتمی دەبێ، چونکە هەر یەك لە

ئێران و سوریاش بەشێك لە خاکی کوردستانیان داگیرکردووە. دەمێك (باکوری عێراق)، کوردستانی خواروو بدرێ بە تورکیا، ئەوا تورکیا دەسەلاتێکی عەسکەری و ئابووری بەهێزی دەبێ و دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر سوریا و ئێران.

لەم چەند لاپەرەیەدا دەفامرێتەوە کە بەرایی بە عەلمانیەتکردنی دۆزی کورد، وەرچەرخانێکی سەلبی بووە لە گۆڕانی هەمە رەوتی ململانێی دەسەلاتی کورد لەگەڵ دەسەلاتی داگیرکاران وە هەم ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، لە لایەکی تریش مێژووی ئەو سەدەیەی خەباتی دەسەلاتی کورد و دەست تێوەردانی سەرانی دەوڵەتی کۆمۆنیست و دیموکراتی، بێجگە لەپاشاگەردانی و نسکۆو هەرەس هیچی تریان بۆ کورد وەك نەتەوەیەك نەکردووە.

+ ماوەیەك بە شەپۆل روو لە فیکری چەپگەرایی و مارکسییەت دەکرا، پاشا وردە وردە بیرۆکەی دیموکراسییەت سەریهەڵدا، پێتوایە دیموکراسییەت بۆ کورد ببێتە بەدیلی کەموکوڕییەکانی مارکسەیەت، هەروەکو بینیمان ئەو فیکرەیە هیچ خێرێکی بۆ کورد نەدایەوە لە رابردوودا ؟

سەلام ناوخۆش: پاشهاتی هەر جەنگێك زێتر ماهیەتی ئایدیۆلۆژیا و ئامانجە ستراتیژیەکانی زلهێزەکان دەردەخات. جەنگی یەکەمی جیهان تەواو ماهیەتی ئیمپریالیزم و پلانە گڵاوەکانی لە جیهان بە گشتی و رۆژهەلاتی ئیسلامیی بە تایبەتی دەرخست. هەرچی جەنگی دووەمیش بوو، تەواو ماهیەتی مارکسییەت و دیموکراتیەتی دەرخست و سیناریۆی ململانێی ئیشتراکیەتی سۆڤییەت و دیموکراتیەتی ئەمریکای ئاشکرا کرد.

ئەو دوو زلهێزە، شیوعییەت و دیموکراتیەت لە رێگای دەزگا دیماگۆژییەکانیان هەر یەکەی خۆی بە ئەلتەرناتیفی ئیجابی رزگاری گەلان لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی دەناساند. لە دیدی شیوعییەت، دیموکراتیەت، بیروڕای سەربەخۆ، مافی تاك، پەرلەمانی میللی هەمووی پڕوپاگەندە و فیشاڵی دەزگای سەرمایەداری بوون. لە دیدی دیموکراسییەتیش، شیوعییەت، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و سۆشیالیزم هەر هەمووی سەراب وگومڕابوون و جیهانی ناماقوڵ

بوون. ئەو ململانێ ئایدیۆلۆژیایە تا ئەو دەمە بەرهەمهێن بوو کە لە بەرەی دژ بە یەك بوون، بەڵام دەمێك بەرەی نازیەت و فاشیەت هەڕەشەیان لە شیوعییەت و دیموکراتیەت کرد، هەر یەکە لە شیوعییەت و دیموکراسییەت هاوپەیمانیەتی دژەکانیان پێکهێنا. دەمێك بەرەی دژەکان سەرکەوتن، جارێکی تر ململانێی شیوعییەت و دیموکراتیەت تەقیەوە، نیو سەدە هەموو خەباتی مرۆڤ بە قوربانی شەڕی ساردی بێمانای شیوعییەت و دیموکراسییەت کرا، لەو ململانێیەدا شیوعییەت بەزی، بەڵام وە نەبێ دیموکراسییەت هەرەسی بە شیوعییەت هێنابێ ئەویش بەدیل بێ هەروەك ئەمریکاییەکان بانگەشەی دەکەن. نەخێر، سێ بەشی فاکتەرەکانی هەرەسی شیوعییەت هەر خودی شیوعییەت بوو کە بە هیچ جۆرێك هەروەکو دەرکەوت بە زەبری چەك و تۆقاندنیش لەگەڵ فیکر و دید و سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ ناسازێ. بەڵام بە هەر جۆرێك بێ سەرانی دیموکراسییەت بە نیازی داگیرکردنی عەسکەری و سیاسیی و ئابووری دەوڵەتە شیوعیەکانیش مەسەلەی هەرەسی شیوعییەت زێتر بە قازانجی خۆیان تەفسیر دەکەن بەوەش رەواجی زێتر بۆ دیموکراسییەتی خۆیان پەیدا دەکەن، زمانی هەڕەشەشیان بەسەر ناوچە ستراتیژییەکانی دنیا توندتر دەبێ. هەر لەو بارەیەوە جۆرج بوشی باوك سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە هەڕەشەی نامەیەکدا بۆ دەوڵەتانی (نادیموکراتی) لە دیدی ئەمریکا وتی: لەمەودوا لە هەر شوێنێك دیموکراسییەت لە خەتەردا بێ، دەبێ بە زەبری چەك شکۆی دیموکراسییەت بگەڕێنینەوە و داکۆکی لە دیموکراتیەت بکەین.

لە جەنگی دووەمی کەنداویش، کە ئەمریکا وەك تاکە زلهێزێکی جیهانی لە ژێر ئاڵای سیستمی جیهانی نوێ و گەڕانەوەی شیوعییەت و داکۆکیکردن لە دیموکراسییەت ناوچەی کەنداوی بە شێوەیەکی "شەرعی" داگیرکرد.

ئێستاش پاش چەند ساڵێك لە حوکمی دیموکراسییەتی سیستمی نوێی جیهانی، کاتی ئەوە هاتووە پێش بینی مەرگی ئەو نیزامە چەواشەکارەش بکەین. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەین، کە راستە ئەمریکا تاکە زلهێزی عەسکەری جیهانە بەڵام ئەورووپای رۆژئاواش لە ژێرەوە لە خۆئامادەکردن دایە بۆ

ئەوەی هەر هیچ نەبێ وەك سۆڤییەتی پێشوو جاڕی شەڕێکی سارد بدا لەگەڵ ئەمریکا. لە نێو ئەو ململانێ لاوازەدا، هەرەسی دیموکراسییەتیش سەرەتاتکێ دەکا، بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی تەواو دەرك بە ماهیەتی دیموکراسییەت بکەین، دەبێ پێشتر تەواو دیراسەی بەرژەوەندییە عەسکەری و سیاسیی و ئابوورییەکانی هەردوولا لە ناوچە ستراتیژیەکانی جیهان بکەین. هەر بۆ نموونە لە دیدی فەرەنسا دیموکراسییەت ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لە جەزائیر و تونس و مەغریب پارێزراو بن. ئەگەرنا خۆ ئیسلامییەکانی جەزائیر لە روانگەی دایەلۆگی عەقڵ بە عەقڵ، فیکر بە فیکر روو بە رووی دیموکراسییەت بوونەوە، چۆکیان بە دیموکراسییەتی فەرەنسا دادا. بەڵام ئاکام چیبوو؟! حکومەتی عەسکەرتاریەتی جەزائیر دامەزرا بە تەواوی دیموکراسییەت لە گۆڕ نرا، بێ ئەوەی ئەمریکاش هیچ هەڵوێستێ وەربگرێ؟! لە لایەکی تر چیچانیەکان و بۆسنییەکانیش بە تەواوی ویستی خۆیان بۆ خۆیان و پەرلەمان و حکومەتیان دامەزراند. هەڵوێستی دیموکراسییەتی ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکا چی بوو؟! بە کورتی هەر لەبەر ئەوەی ئەزموونی جەزائیر و چیچان و بۆسنا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەورووپای رۆژئاوا یەکی نەدەگرتەوە، هەر بۆیە هەر خۆیان ماهیەتی دیموکراسییەتیان دەرخست؟!

بە واتای لە یۆتۆپیای دیموکراسییەت، رای ئازاد و بیری سەربەخۆ و مافی مرۆڤێتی هەر بۆ ئەو کەسانەیە کە کڕنوش بۆ دیموکراسییەت دەبەن، ئەمەش تەقلیدێکی دەقاودەقی یۆتۆپیای شیوعییەتە؟! گەر وا نەبێ، ئەی مسوڵمانەکانی جەزائیر و چیچان و بۆسنا بە چەمکی عەقڵ بە عەقڵ، فیکر بە فیکر، لە دەرگای دیموکراسییەتیان نەدا، وەڵامی دیموکراسییەتیش تیرۆر و جینۆساید نەبوو؟! جا ئەگەر ئەمە تێگەیشتنی سەرانی ئەسڵی دیموکراسییەت بێ ئەوا سەرانی دیموکراسییەتی (مزەوەر)ی رۆژهەڵات هەزاران پاساو بۆ (شیوعییەتی) دیموکراسییەتی خۆیان دەهێننەوە. هەر لەو روانگەوە پەتای (دیموکراسییەتی بەرژەوەندی) ئەمریکا و ئەورووپای رۆژئاوا ئەوە بۆ چەند ساڵێك دەچێ سەرانی (دیموکرات) و (سۆشیال دیموکراتی) کوردستانیان تووشی شەڕێکی خوێناوی کرد.

له رێگای رەفتار و گوفتاره "دیموكراسیەكانی" هەردوو هێزەكە، رۆژانه خەڵكی كوردستان رۆژه رەشەكانی تەرحیل و تەبعیسی رژێمی "نادیموكراسی" و سۆسیالیستی عێراقیان لێ زیندوو دەبووەوە! ئەمە و دیموكراسییەت بۆته (بەرژەوەندییەكی هێندە بە سوود) بە جۆرێك ئەو ئوستادە ماركسیانەی دوێنێ كە بە چەكوش و داس روو بە رووی (دیموكراسییەتی گەندەڵی بۆرژوا) دەبوونەوە، ئەمڕۆ دیموكراسییەت بە (قۆناغێكی) گرنگی بەرەو "سۆشیالیزم" دادەنێن! ئەو بازاڕ گەرمییەی دیموكراسییەت گۆڕانێكی رادیكاڵیشی لە دید و بۆچوونی ماركسییەت دروستكردووە، بە جۆرێك ئێستا وا هەندێ كۆنە ماركسی بە موتربەكردنی ماركسییەت بە "دیموكراسیەتی بەرژەوەندی" ماركسییەتەكەی كارل ماركس لە بن و بۆتكەوە هەڵدەتەكێنن و ناوی دەنێن "ماركسییەتی نوێ". ئەمە و وە نەبێ ماركسیەكانی دوێنێ دیموكراستەكانی ئەمڕۆ تەواو دەرك بەوە نەكەن كە دیموكراسییەتیش هەر جمكی "شیوعییەتە" كۆنەكەی خۆیانە و هەر ئەو یۆتۆپیا–سەرابەیە كە تەمەنی چەواشەكاری لە تەمەنی شیوعییەتەكەی خۆیان تێپەڕ نابێ، بەڵام هەروەك چۆن شیوعییەت تووشی جمودی عەقائیدی كردبوون، دیموكراسییەتیش یۆتۆپیایەكی بۆ دروستكردوون، بۆیە بە هیچ جۆرێك دەستبەرداری ئەو فیكرە مردووانە نابن. لەولاوەش، هەندێ حیزبۆكە و كەسانی دۆڕاو و بەكرێگیراو وەك بڵێت بە كردەوە دژە بەشەرتەكانی باڵی دیموكرات و سۆشیال–دیموكرات دڵیان ئاوی نەخواردبێتەوە ئەوا لە روانگەی قەولی: (ئێمەش بەشی خۆمان لە پرۆسەی تێكدانی بونیادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردەواری دەوێ، كەواتە ئێمەش هەین!) خەریكە ئەوەی بە رژێمە ڕووخاوەكە و هەردوو هێزی شەڕكەر نەكرا، ئەوان بیكەن. ئەو بە ئاشكرا ئەتككردنەی ئیسلام لە لایەن ئەو حیزبۆكانە تەنیا بۆ پەیڕەو كردنی ئەو مەقولەی سەرەوەیە، بە حوكمی ئەوەی ئەوە چەندین ساڵە دەچێ چەكوش و داسەكەیان هەر زێتر ژەنگ دەیگرێ و فیكرەكەشیان لە روخاندایە، هەر بۆیە لە دیدی ئەوان، ئەوان هیچیان نییە لە دەستی بدەن، ئەوەشی هیچی پێنەبێ هیچ ون ناكات !. ئەمە و ئەو دیموكراتخوازانەی كورد، نەك هەر رێ بە دژە–باوەڕی خۆیان نادەن، بەڵكو هەر

بەخۆشیان دژی دیموکراسییەت دەوەستن. حکومەتە دیموکراتییەکەی هەرێمیش، دوو حکومەتی دیموکراتی لێ بۆوە کە بڕیارەکانیان زۆر لە بڕیارەکانی حکومەتی مەرکەزی هەولێر بە بڕتر و قەدرتربوو. ئەمە و لە حکومەتی دیموکراتییدا، دەبوو هەموو کێشە نێوخۆییەکانی کوردستان لە پەرلەمان چارەسەر بکرابا یان هەر هیچ نەبێ لە رێگای کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یان میللییەی ئەوە بکرابا، بەڵام لەبەر ئەوەی دیموکراسییەتی هەرێم بەشێکە لە دیموکراسییەتی گێتی، هەر بۆیە هەر یەکە بە گوێرەی بەرژەوەندی حێزبەکەی دەیەوێ چارەنووسی گەلی کورد بەو داگیرکارە ببەخشی کە لەگەڵ حیزبەکەی ئەو رێککەوتن و بەرژەوەندی هاوبەشی هەیە! ئەمە ماهیەتی مارکسییەت و دیموکراسییەتی حیزبەکانی کوردستانە، شەڕ لە پێناوی سەپاندنی مارکسییەت و هاتنەکایەی نیزامی دیموکراسی دەکەن!. لە کۆتایی ئەم هەموو ململانێیەدا گۆڕینەوەی دیکتاتۆر بە دیکتاتۆر بوو، هەر گەلی کوردیش لەو نێوە رەنج بە خەسار دەرچوو، چونکە وێڕای ئەم هەموو ماڵوێرانیەش، دیموکراسییەتی بەرژەوەندی دەیەوێ موسڵمانەکانیش، هەر وەك چۆن مارکسییەکان چەند گۆڕانێکی بنەڕەتیان لە مارکسییەت کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ دیموکراسییەت بسازێ، ئەو یاسایانەی ئیسلام بکوژن کە لەگەڵ دیموکراسییەت ناسازێ و لەمەش زیاتر ئیسلام وەك مەسیحییەت لە پەل و پۆ بخرێ و دەسەڵاتی هەر لە سنووری مزگەوت بێ! کلیلی کردنەوە و داخرانی دەرگەی مزگەوتیش لە باخەڵی ئەواندا بێت! !

هەر وەك چۆن سەرانی دیموکراسییەت دید و بۆ چوونی خۆیان هەیە لەمەڕ ئیسلام، ئەوا ئیسلامییش دید و بۆ چوونی خۆی هەیە لە هەمبەر هەر یەکەیان، لە روانگەی ئیسلامەوە، هەر یەك لە دیموکراسییەتی سەرمایەداری و سۆشیالیستی مارکسییەکان زادەی واقیعی کۆمەڵگای ئیسلامیی نین و بەڵکو هەردوکیان لە منداڵدانێك– کولتوری رۆژئاوای نادینی– لە دایکبوونە، جا ئەو دوو سیستمە، گەر هێزێکی رووخێنەر وەك فاشیەت و نازیەت یان هێزێکی رووخێنەری هەر چوار لا و بەدیلی هەموو سیستمێك –ئیسلام– هەڕەشەیان لێ بکا، ئەوا بێگوێدانە جیاوازییەکانیان، لەبەرەیەك کۆ دەبنەوە، ئەو دیاردەیەش زۆر بە زەقی هەر

لەسەرەتای ململانێیەکەوە تاکو ئەمڕۆ خاسیەتێکی ئەو نیزامانەیە، ئەمە و لەلایەکی تر هەر یەك لە دیموکراسییەت و مارکسییەتیش دوو جەمسەری دژ بە یەکن، مارکسییەکانی بەرایی بە ناوی بە سۆشیالیزم کردنی سیستم و بەرهەمهێنان و کۆمەڵگا.. هتد. لە هیچ زوڵمێکی دینی و قەومی و ئینسانی نەگەڕانەوە، لە روانگەی (لۆژیکی هێزەوە) هەرچییان لە دەست هات کردیان دەرهەق بەوانەی بانگەشەی بە دیموکراتیزەکردنی سیستم و کۆمەڵگایان دەکرد، کەسانی وەك بەرنەشیین، زیجمۆنی بۆمان، ئۆسکار لانج، کۆلاکوفسکی، ئادەم شاف، هنری لۆفیفر، کوسیاس ئاکسیلۆس، بیر فۆر جیرۆلاس، فرانسۆ شاتلیە، رۆجیە گارۆدی، جان دیڤینیۆ.. تەنها کۆمەڵێکن لەو کەسانەی کە ویستیان لە نووسینەکانیان رادەیەك بۆ ئەو رەشەکوژییە رۆحییە جەسەدییەی مارکسییەت دابنێن. ئەمە و لە جیهانی مارکسییەت، دیموکراسییەت تایبەتمەندییەکی سەرمایەدارییە، هیچ کەسێکیش بۆی نییە ئەو هێڵە سوورە ببەزێنێ، بەواتای هەڵوێست وەرگرتن لە دیموکراسییەت، دەستوورە و لادان لێی سزای تێهەڵدان و راگوازین و مەرگە، هەر لەو روانگەوە نووسەرانی جیهانی مارکسییەت لە سێ گەمارۆی کۆنکرتییدا بەند کرابوون:

یەکەم: گەمارۆی زمانەوانی: زمان لە ژیانی رۆژانەی حیزبی کۆمۆنیستیدا ئامرازێکی گەلێك ترسناك و ورد و گرنگە پێویستە وشەکان بە پێی رێنموونی دەستەواژە و زاراوە پەسندکراوەکان بەکار بهێنرێن ئەو وشانەی سەرکردە مەزنەکانی وەك مارکس، لینین، ستالین، بریجنیف، ئەنوەرۆڤ، ماوتسی تونگ یان سەرکردەی نوێی دەوڵەت بە کاری دەهێنێت دەبێت هەموو ئەدیب و نووسەرێك بەکاری بهێنێ. لەو روانگەیەوە ئەو داخراوییەی فیکری مارکسی گرتۆتەوە، زمانی دەربڕینیشی کلیل داوە. ئەگەر بەرهەمی ئەدیبانی پێش کۆدێتای ئۆکتۆبەر و پاش کۆدیتاکە بەراوورد بکەین بۆمان بەدەر دەکەوێت کە ئەو ئەدەبەی کۆکۆڵ و تۆلستۆی و دستۆفسکی دەیاننووسی هەر بۆ بەراوورد ناشێت لەگەڵ ئەو ئەدەبە پڕوپاگەندەییەی پاش کۆدیتاکە، کە خاڵییە لە گیانی داهێنان و جوانکاریدا.

دووەم: گەمارۆی فیکری: بە حوکمی ئەوەی مارکسییەت دەرگای لەسەر هەموو ئایدۆلۆژیایەك و دینێك داخستووە، دەبینین لە دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان نووسەر و فەیلەسوف و ئەدیبان بۆیان نەبوو هیچ بەرخوردێکی رۆشنبیری و فیکرییان هەبێت لەگەڵ فیکر و رۆشنبیری وڵاتانی دەرەوەی جیهانی کۆمۆنیستی. بۆ نموونە فادییێڤ کە چواردە ساڵان دکتاتۆری نووسین و ئەدەبی سۆڤییەتی بوو گوایە سکرتێر و سەرۆکی یەکێتیی نووسەران بوو– دەربارەی نووسەرە رۆژئاواییەکان دەڵێت: "ئەگەر کەمتیارێك بیتوانیبایە لەسەر چاپخانەیەك کار بکا یان رێوییەك توانای بەکارهێنانی قەڵەمی هەبووایە دەیانتوانی ئەو شتانە بنووسن کە تۆنێل و سارتەر و ئەندریێ مارلۆ و ی. س. ئیلیۆی و دۆسی باسۆس دەیاننووسی! !

سێیەم: گەمارۆی سەفەر کردن: ئەم ئابلۆقەیەش ئەگەر لەوانیتر سەخت تر نەبووبێت کەمتر نەبووە، بە درێژایی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستی هەتا هەرەسی شیوعییەت ئەدیبان بۆیان نەبوو سەفەری دەرەوەی وڵاتانی کۆمۆنیستی بکەن. هەر لەو بارەیەوە شاعیرێکی وەك ئەفکین ئەفتۆشنکۆ رەخنە لەو سنوورە داخراوانە دەگرێ و حەز دەکا بۆینس ئایرنس ببینێ و لە شەقامەکانی نیۆیۆرك بسوڕێتەوە و لە لەندەن خەڵك ببینێ..

بیری مردوو کۆمەڵێکی مردووی دەوێ، سیستمێکی ناکامڵ و نادادگەریش، کۆمەڵ بەرە و کۆیلەیی و سەر لێشێوان دەبا. جا بۆ ئەوەی راستەڕێ بگرێتەوە، دەبێ بەر لە هەموو شتێ ماهییەتی ئەو بیرۆچکە و نیزام و مەنهەجانەی بۆ ئاشکرا بکرێ کە کۆمەڵیان بەو قەیرانە فیکری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە بردووە. مارکسییەکان لەو جۆرانەن کە بە هیچ کلۆجێك لێناگەڕێن کۆمەڵ بیرو بۆچوونی دینی و فەلسەفی و بیرۆچکەی غەیرە مارکسی وەربگرێ. ئەوەی حەفتا ساڵ لە ئیمپڕاتۆریەتی کۆمۆنیستی لە سۆڤییەت و ئەورووپای رۆژهەڵات و بەشێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی دەدا تەواو ئەو راستییە دەسەلمێنن. هەر بۆ نموونە پاش ئەوەی گۆرباتشۆڤ لە ساڵی ١٩٩٠ز یاسای "ئازادی ویژدان"ی دەرکرد ئاسیای نێوەند رابوونێکی ئیسلامیی بەهێزی بە خۆیەوە بینی بە جۆرێك ئەو

شوێنە ئیسلامییانە کە ماوەی (١٥٠) ساڵە قەیسەرییەکان و کۆمۆنیستەکان بە زەبر و زەنگ ئیسلامییان لێ قەدەغە کردبوون، پاش هەرەسی شیوعییەت لەو شوێنە ستراتیژیانە رۆژانە دەیان مزگەوت نوێ دەکرێنەوە. ئەمە و گەلانی وەك ئۆزبەك و تاجیك خەریکە زمانی سرلیکی تووڕ هەڵدەدەن و زمانی فارسی و تورکی فێر دەبن. چیچانییەکانیش لە پێشەنگی ئەو گەلانە بوون کە رەفزی شیوعییەت و دیموکراسییەتی رۆژئاوایان کرد و ئیسلامیان هەڵبژارد، وەلامی مارکسییەت و دیموکراسییەتیش بۆ وشیار بوونەوەی کۆمەڵی چیچان و ئۆزبەگی و تاجیکی وقیرقیزی و تورکمانی چی بوو؟! ئەمە و پاش چەندان ساڵ لە دژایەتییکردنی ئیسلام لە جەزائیر و تورکیا. گەلانی جەزائیر و تورکیا چۆکیان بە دیموکراسییەتی رۆژئاوا دادا، زۆربەی کۆمەلانی جەزائیر و تورکیا ئیسلامیان هەڵبژارد. لە بۆسناش موسڵمانەکان ماهییەتی شیوعییەکانی دوێنێ و دیموکراسییەتیەکانی ئەمڕۆیان بە جیهان ناساند. لێرە دەپرسین ئایا ئێمەی ئیسلامیی داهاتووی خۆمان لە وشیار بوونەوەی کۆمەڵ نابینین؟! ئایا "یعقلون" و "یتفکرون" و "یتذکرون"ی خوا بۆ کۆمەڵ ئەنجامی خۆی نەپێکا و دەپێکێ لە هەموو جیهانی ئیسلامییدا؟!

لە دیدی مارکسییەکان دیموکراسییەت تایبەتمەندییەکی قۆناغی سەرمایەدارییە بە نەمانی ئەو قۆناغەش دیموکراسییەتیش لە بەین دەچێ، چونکە سیستم و کۆمەڵ بەرە و سۆشیالیزم دەچێ بە واتای بە سۆشیالیزم کردنی سیستمی دەوڵەت و کۆمەڵ دیموکراسییەت چوارچێوەیەکی تر وەردەگرێ و لە نێو سۆشیالیزم دەتاوێتەوە بەڵام ئەمڕۆکە، بەهۆی ئەوەی شیوعییەت هەرەسی هێناوەو لەو لاوەش دیموکراسییەت لە غیابی مارکسییەت بازاڕی بە هەڕمێن بووە، مارکسییە نوێیەکانی کوردستان دیموکراسییەت بە قۆناغێك بەرەو سۆشیالیزم دادەنێن و هەرەسی شیوعییەتیش بە دوور بوونەوە لە دیموکراسییەت شی دەکەنەوەو لەو بارەیەوە چەندان مارکسی و غەیرە مارکسی نووسینیان نووسیوە و لە کوردستانیش چەند مارکسیەکی کۆن هەر هەمان شتیان کاوێژ کردەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەو هەرەسە حەتمییە بشارنەوە، لە دیدی ئێمەش هیچ قۆناغێکی کۆمەلایەتی سەددا سەد نییە، بەڵکو مەسەلەی قۆناغ ئالۆزە و بە هەرمێن کردنی

مەسەلەی "قۆناغەکۆمەڵایەتییەکان"یش تەنها مەسەلەیەکی سیاسیی لە پاڵ بووە. لەو روانگەوە کە مارکسییە کۆنەکان دیموکراسییەت بە تایبەتمەندی سەرمایەداری بزانن و مارکسییە نوێیەکانیش بە ئازادی ئابووری و ئازادی سیاسیی و تەنانەت "قۆناغێك" بزانن ئەوا گوناهی ئێمە نییە، بەڵکو تەنها بازدانێکی دارویینی رووتە لە رەوتی مارکسییەتدا! !

لە نەزەری مرۆڤی هۆشمەند هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەکی ئادەمی هەر دیکتاتۆریەتە و بەربەستە لەبەردەم باوەڕ و ئازادی و ویستی مرۆڤدا. لە نەزەری مارکسیەکان مەسەلەی هەڵبژاردن و پەرلەمان پڕوپاگەندەی سەرمایەدارە چاو چنۆکەکانە، چونکە لە رێگای ئەو هەڵبژاردنەوە چەند کەسانێکی بازرگان و قسەلووس بە زەبری پارەو پڕوپاگەندەی ئەفسوناوی، خۆیان دەکەن بە دەمڕاستی کۆمەڵ، لەو نێوەش هەرچی رەنجی کرێکار و زەحمەتکێشان هەیە هەر بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەو کاسە لێسانە بەکار دێ، هەر بۆیە بە نەزەری مارکسییەکان: "دیموکراسییەت لە کامڵترین شێوەیدا هێشتا ناتوانێت بە تەواوی ئازادبوونی ئینسان دابین بکات"، لەو پێودانگەوە "دیکتاتۆریەتی بۆرژوا" کە لە رێگای هەڵبژاردن لە وڵاتە سەرمایەدارەکانەوە دروست دەبێ، هەر بۆ چەوساندنەوە و بەخەسارەتبردنی رەنجی کرێکار و زەحمەتکێشان دروست بووە.

هەروەها لە نەزەری مارکسییەکان "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" جگە لە ئیرادەی زۆربە هیچی دیکە نییە! ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیموکراسی راستەقینەیە، دەسەڵاتی زۆربەی کۆمەڵە کە لە رێگای ئیرادەی جەماوەری رێکخراو لە ناو شوراکان حوکم بەڕێوە دەبەن، دەپرسین ئەو (زۆربەیە) چۆن دروستدەبێ ئایا لە رێگای هەڵبژاردنەوە؟! بێگومان نەخێر: ئەو (زۆربەیە) لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە دادەنرێ، قسەی حزبیش دەستوورە دەبێ پەیڕەو بکرێ ئەو (زۆریە)ی حزب دەیکاتە "دیکتاتۆر" بەسەر "کەمینەکە" هەر هەمان دووبارە کردنەوەی پرۆسەکەی سەرمایەدارەکانە، چونکە سەرمایەداران لە وڵاتە سەرمایەدارەکان دەبنە "دیکتاتۆر" و کرێکارە شیوعییەکانیش بە هەمان شێوە لە وڵاتە شیوعییەکان حوکم بەڕێوە دەبەن. هەردوو بەرەی "دیکتاتۆر"یش

جۆرێك له ئازادی سێکسی رەواج پێ دەدەن، هەموو ئازادی مرۆڤیش له ئازادی سێکسی له شیوعییەت و ئازادی سێکسی و ئابووری له سەرمایەداری تەماشا دەکەن، بەڵام هەرچی ئازادی فیکری و دینییە، به تایبەتی دینێکی وەك ئیسلام که داوای حاکمیەت دەکات، ئەوا هیچ کام له "دیکتاتۆرەکان" به ئازادی مرۆڤی نازانن، چونکه هەر کاتێك ئیسلام فەرمانڕەوا بێ هەردوو دیکتاتۆریەتی بۆرژوا و پرۆلیتاری دامەزرا و لەسەر بنچینەی حزبایەتی و بەرژەوەندی دەڕووخێن! !

جیهانبینی مارکسییەت:

مارکسییەکان، ئیسلام وەك دینێك، به تلیاك دەزانن، تاکو موسوڵمانەکان دەستبەرداری نەبن رزگار نابن. ئەمەو دیموکراسییەتیش بۆ ئایندەی مرۆڤ به جیهانێکی داواکرا و نابینن، چونکه "دیموکراسییەت له کاملترین شێوەیدا هێشتا ناتوانێت ئازادبوونی ئینسان دابین بکات"، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ به ئازادی رەها بگا، له نەزەری مارکسییەکان دەبێ مرۆڤ چ بکات؟! ئەوەی له ماهیەتی مارکسییەت بگا بۆی دەردەکەوێ که ئەو "فەلسەفەیە ئەفسانەیە" لەسەر بنەمای ململانێ دروستبووە، به نەزەری ئەنگلز، ئەو ململانێیە له نێو خودی خێزانیشدا هەیە به جۆرێك پیاو به چەوسێنەر و ژن به چەوساوە ناو دەبات، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ ئازادییەکی بێ قەید و شەرتی هەبێ دەبێ خۆی له هەموو قیودێك دابڕێ، به واتای دەبێ مرۆڤ هەم له خەباتێکی سەختدابێ له دژی خێزان– وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتی بچووك– هەروەها له خەباتێکی سەختیشدابێ له دژی خودی مرۆڤ و باوەڕە دینییەکانی مرۆڤ، له لایەکی تریش مارکسییەکان له سەختترین خەباتدان بۆ گۆڕینی حکومەتی دیکتاتۆریەتی بۆرژوا بۆ حکومەتێکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، بەڵام دەپرسین ئاخۆ "حکومەتی کرێکار" ئازادی بێ قەید و شەرتی مرۆڤ دابین دەکات؟ له وەڵامدا هەر خۆیان دەڵێن: "هەر چەندە ئێمە ئەمڕۆ سەخت بین له خەباتدا دژ به حکومەتی بۆرژوازی، له سبەی رۆژیشدا به هەمان شێوە سەر سەختانە خەبات دەکەین بۆ گۆڕینی حکومەتی کرێکاری (که حکومەتی سۆشیالیستییە) بۆ کۆمەڵێك که حکومەت و دەسەڵاتی تێدا نەمێنێ، واته

حکومەتەکە یەکێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆی"، ئەو بۆچوونە "فەلسەفییە" گەر لە سەدەکانی بەر لە زایین لە ئەفسانەکان بۆ مرۆڤە سادەکان باسبکرابا یان لە باسی ئەفسانەکان هاتبا، لەوانە بوو مرۆڤە کۆنەکان باوەڕیان بەو فەلسەفە ئەفسانەییە بهێنایە، بەڵام پێمان سەیر نەبێ، گەر ئەو بۆ چوونە ئەفسانەییە بۆ ئاییندەی مرۆڤ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا وەك مەنهەجێکی فەلسەفی لە کوردستان پێشکەش بە گەلی کوردستان دەکرێ؟!

هەر هێندە دەڵێین: کامەیان تلیاکن، ئیسلام کە مرۆڤی ئازاد کردووەو رێی پێداوە لەوەی هەڵی دەبژێرێ یان مارکسییەت کە دەیەوێ مرۆڤ هەر بە "بەنجی مارکسیزم" لە نێو ئەفسانە و فانتازیا و یۆتۆپیا خەون بە جیهانی بێ سیستم و حوکمەوە ببینێ؟!

لێرەوە هەرەسی شیوعییەت خودی شیوعییەیت بوو، ئەوەی هەرەسیشی پێ هێنا دژەکەی نەبوو، بەڵکو خودی ئەفسانەی مارکسیزم بوو، دیموکراسییەتیش نابێتە بەدیل بۆ گەلانی موسڵمانی بە زۆر بەمارکسی کراو، لە دیدی ئێمە دیموکراسییەتیش هەر بە هەمان چارەنووسی مارکسییەت دەگات، لەوانەیە هەندێك وا زەن ببەن کە ئێمە یاسینی مەرگ بۆ دیموکراسییەت دەخوێنین مەبەستمان سەرجەم جیهانی سەرمایەداری نەبێ، لەو کەسانە دەپرسین گەر جیهانی سەرمایەداری "دیموکراسییەتی" نەمێنێ خەڵکی پێ چەواشە بکا، خۆی لەسەر چ رادەگرێ؟!

ئەمە و ئەوەی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری بەسەر گەلان دەیسەپێنێ هەر لە رێگای دیموکراسییەتەوە نییە؟! جا چۆن شیوعییەکان سۆشیالیزمەکەیان رووخاو بە خۆشیان رووخان و هەر دەسەڵاتیشیان نەما هەر بە هەمان شێوە بە رووخانی دیموکراسییەتیش، ئیمپریالیزمی سەرمایەداریش ئەو دەسەڵاتەی نامێنێ گەلانی پێ چاوترسێن بکا.

پاش ئەو هەموو رووخانانە سەرجەم ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی بە زۆر بە مارکسی و دیموکراسی کراون گەلانیان دەگەڕێنەوە بۆ راستەرێ و ئیسلام بە ئەلتەرناتیف دادەنێن، چونکە ئەو گەلانە تەواو دەرکیان بە ماهیەتی ئیسلام و ئەو

ڕێبازانه كردووه، چاك ده‌زانن كه وێڕای ئه‌وه‌ی ئیسلام دینێكی ڕاست و دروسته ته‌واوی ئازادییه شه‌رعییه‌كانی مرۆڤ دابین ده‌كات و ته‌واو ڕێز له خودی مرۆڤ ده‌گرێ، هه‌روه‌ها هه‌رچی ڕێبازه‌كانی ترن هه‌ر یه‌كه‌ی به جۆرێك مرۆڤ ده‌چه‌وسێنێته‌وه. له لایه‌ك، هه‌ندێك مرۆڤ به كۆیله ده‌كه‌ن و هه‌ندێكی تر ته‌واو مرۆڤ له مرۆڤێتی ده‌خه‌ن و به‌ره و جیهانی گیانه‌وه‌ری په‌لكێشی ده‌كه‌ن.

ئیسلام دینێكه به هیچ جۆرێ مساوه‌مه قه‌بوولناكا و هه‌لۆیستێكی نه‌گۆڕی هه‌یه له‌به‌رده‌م هه‌ر ڕێبازێكی غه‌یره ئیسلامیی، كه‌چی هه‌رچی ماركسییه‌ته ئه‌وه له‌سه‌ر بنه‌مای دووفاقی دامه‌زراوه. له‌لایه‌ك، به‌ناو له خه‌باتێكی سه‌ختدان له دژی ئیمپریالیزم، كه‌چی ده‌مێك ئیمپریالیزم و ماركسیزم كه‌وتنه خه‌ته‌ر، هه‌ردووك بێگوێدانه به‌ناو جیاوازییه‌كان، له‌به‌ره‌یه‌ك كۆبوونه‌وه، له‌وانه‌یه هه‌ندێك بڵێن ئه‌و هاوپه‌یمانێتییه‌ی "ئیمپریالیزم و ماركسیزم" به قازانجی گه‌لانی سۆڤییه‌تی و ئه‌مریكی و به‌ریتانی ته‌واو بوو! هه‌ر لێره‌وه ده‌پرسین: ئایا ڕژێمێكی وه‌ك به‌عس به قه‌ولی ئێستای ماركسییه‌ت فاشی نه‌بوو؟! یان هه‌ر هیچ نه‌بێ ره‌فتار فاشی نه‌بوو؟! له‌و پێودانگه‌وه هاوپه‌یمانێتی ١٩٦٨–١٩٧٠ز ماركسیزم– به‌عسی فاشیزم "و هاوپه‌یمانێتی ١٩٧٢–١٩٧٨ز كۆمۆنیستی– فاشیزمی به‌عس" به قازانجی گه‌لانی عێراق ته‌واو بوو؟!

له دیدی ئێمه پاشهاتی هه‌ر جه‌نگێكی جیهانی زێتر ماهیه‌تی ئایدۆلۆژیا و ئامانجه ستراتیژیه‌كانی زلهێزه‌كان ده‌رده‌خات، له‌و روانگه‌وه تیشكێك ده‌خه‌ینه سه‌ر پاشهاتی هه‌ر سێ جه‌نگی یه‌كه‌م و دووه‌می جیهانی و جه‌نگی دووه‌می كه‌نداو.

پاشهاتی جه‌نگی یه‌كه‌می جیهان ده‌وڵه‌تی ئۆكتۆبه‌ر و دیكتاتۆریه‌تی پرۆلیتاریا بوو.

له‌و نووسینه باس له "سه‌روه‌رییه‌كانی" كۆمۆنیستی ناكه‌ین كه‌چی به‌سه‌ر گه‌لانی یه‌كێتیی سۆڤییه‌ت و گه‌لانی ئه‌ورووپای ڕۆژهه‌ڵات هێنا، به‌ڵكو به كورتی باسی ئه‌و "سه‌روه‌رییانه" ده‌كه‌ین كه بۆ كوردی هێناوه، لینین كه یه‌كه‌م سه‌رۆكی ده‌وڵه‌تی شیوعی بووه ده‌ورێكی گرنگی گێڕا له سه‌پاندنی داگیركردن و

دابەشکردنی کوردستان، له سەردەمی لینین ١٩١٧–١٩٢٤ز به دروستی له ئازاری ١٩١٨ز شیوعییەکان پەیمانی برێست–یستۆفیسك–یان لەگەڵ حکومەتی ئەستەمبوڵ بەست، بەپێی ئەو پەیمانه کۆتایی به شەڕی هەردوو لا هات له ئاکامدا سۆڤییەتییەکان پارچەیەکی کوردستانیان له کوردستان دابڕی که بریتییه له ناوچەی ئاران، هەروەها هەر لەسەردەمی لینین بەردی بناغەی راگواستنی گەلان داندرا، هەروەك نیکۆلای بۆکای دەنووسێ: "له ساڵی ١٩٢١زدا، له سەردەمی کۆنگرەی دەیەمی (ح. ك. ر). (بەلشەفی) دەستەیەکی کۆمیتەی ناوەندی به سەرکردایەتی لینین و ستالین بابەتی ئەرکەکانی پارتیان سەبارەت به پرسی نەتەوەیی ئامادە کرد، پۆلۆنی، جوولەکه، یۆنانی، ئەڵمانی، بولگار، کورد، هێمشین و لاز–یان که وەکو گروپی نەتەوەیی نیشتەجێ نەبوو سەیر دەکران که زۆریان نه پەیکەرێکی چینایەتی دیاریکراویان هەیه، نەخاك دەرەنجامی رێگەو بواری فراوانی بۆ کردبوونەوە. ئەو گروپه نەتەوەییانه خاکی مێژووییان نییه، کەواته به ئاسانی دەتوانرێت رابگوێزرێن" هەر لەو روانگەوە لینین بۆ ئەوەی زەبرێکی کوشندە له خەباتی کوردان بدا و بوارێکی له بار بۆ کەمالییەکان برەخسێنێ جڵەوی حوکم له تورکیا بگرنه دەست له لایەك چەك و تەقەمەنی و پارەیەکی زۆری به کەمالییەکان بەخشی و لینین یەکەم کەسبوو دانی بەو حکومەته شۆڤینییەی ئەتاتورك نا، له لایەکی تریش کوردەکانی سۆڤییەتی له سنوورەکان دوور خستەوە و له ناوچەیەکی بەرتەنگی کوردستانی سووری ئۆتۆنۆمیداری بۆ دروست کردن.

دروستکردنی کوردستانی سوور تاکتیکێکی مەرحەلی بوو، هەر بۆ ئەوەش بوو، کوردەکان له سنوورەکانی دی کوردستان دوور بخاتەوەو نەهێڵێ بکەونه ژێر کاریگەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بەمەش خزمەتێکی زۆری به کەمالیەتدا و هاوپەیمانیەتێکی دوو قۆڵی مۆسکۆ– ئەنقەرەی لێ به ئاکام گەیشت، له لایەکی تریش دامەزراندنی کوردستانی سوور تەواو له هەوڵە ئیمپریالییەکەی ئەحمەد حەسەن بەکر دەچێ، که له ساڵی ١٩٧٤ز بەشێکی بچووکی به کوردستان ناسی، هەندێك شوێنی ستراتیژی لێ دابڕی، بەڵام له پاشان هەروەك چۆن ستالین ئەو

حكومەته ئۆتۆنۆمیدارەی رووخاند، سەددامیش هەر بە هەمان شێوە كەوتە ژێر تەعریب و تەرحیلكردنی كوردستان.

كێ دەڵێ صەددامیش تەواو سوودی لە بیرۆكەی راگواستنی گەلان و سیاسەتی بە سوتماككردنی زەوی لە لینین و ستالین وەرنەگرتبوو؟ لە پاشان ستالین بە هێزی سەربازی بەشداری دامركاندنەوەی شۆڕشی ئاگری داغی كوردستانی باكووری كردووه، یاداشتەكەی ئیحسان نوری پاشا راستییەكی حاشا هەڵنەگرە.

زۆربەی ئەوانەی ئاگاداری مێژوون دەزانن كە ستالین حكومەتی مەهابادی بەو بڕە قازانجە فرۆشت كە بڕیار بوو لەو كۆمپانیا نەوتییە هاوبەشەی سۆڤییەت و ئێران بە دەستی بێ. پاشهاتی جەنگی دووەمی جیهانیش دروستكردنی چەند پارتێكی ماركسی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو، ئەو پارتانەش وا گۆش كرابوون بە ماركسییەت كە هەرچی لە قازانجی ئیمپریالیزم بێ لە زەرەری ماركسییەتە، لەو روانگەوە ماركسییەكانی عێراق بەكورد و عەرەبەوە راسپاردەكانی سۆڤییەتیان كردە دەستوور هەرچی لە راژەی سۆڤییەتدابا جێبەجێیان دەكرد، تەنانەی ئامادەبوون هەڵوێستی دژانەش لەو هێزانە وەربگرن كە دەبنە خەتەر لەسەر بەرژەوەندی سۆڤییەت و ئایندەی ماركسییەت لە ناوچەكەدا، بە جۆرێك دەمێك قاسم لە رەوتە نیشتمانییەكەی لایدا و شەڕی لە دژی كورد راگەیاند، كۆمۆنیستەكان بەرەی میللەتیان هەڵنەبژارد، چونكە ئەو هەڵوێستە لە قازانجی سۆڤییەتدا نەبوو، هەروەها هەر بە پێی راسپاردەكانی سۆڤییەت كۆمۆنیستەكان لە ساڵی ١٩٧٢ تاكو ١٩٧٨ز بەرەی فاشیزمیان هەڵبژارد، لەمەش زیاتر فاشیەتی بەعسیان بە سۆشیالیزم دانا و هەرچی خەباتی گەلی كوردستانە بە دەرەبەگایەتی و "كلكی ئیمپریالیزم" نێوزەد كرد.

پاشهاتی جەنگی دووەمی كەنداویش، رووخانی شیوعییەت و ئاشكرابوونی ماهیەتی دیموكراسییەتی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا بوو.

پاش ئەو هەمووە راستییانە سەیر لەوەدایە نووسەرێك لە ساڵی ١٩٩٥ز ئەو هەموو ماڵوێرانییەی ماركسییەت بەسەر گەلانی هێنا، ئەو بە سەروەرییەكانی كۆمۆنیستی ناوی دەبات؟!

بە حوکمی ئەوەی مارکسییەت "ئوممەمی"یە، هەر بۆیە تەفسیرێکی ئوممەمیش بۆ قەومیەت دەکا، لە دیدگای لینین–ەوە مەسەلەی قەومییەت لە دوای مەسەلەی چینایەتی دێت، ستالین–یش لە سەردەمی حوکمی خۆیدا ١٩٢٤–١٩٥٣ز تێزێکی نوێی بۆ مەسەلەی قەومیەت دارشت، بە پێی ئەو تێروانینەی ستالین بۆ مەسەلەی قەومیەت، کورد "نەتەوە" نییە، چونکە "ئابووری هاوبەشی" نییە، هەر لەو پێودانگەش کاتی خۆی دەستیکرد بە قەلاچۆکردنی کورد لە کوردستانی سوور و ئازەربایجان، ئەمە و ئەو تێروانینەی ستالین بۆ مەسەلەی قەومیەت لە لایەن مارکسیەکان بوو بە دەستوور، مارکسییەکانی عێراق لە کۆتایی سییەکان تاکو کۆتایی چلەکان باوەڕیان وابوو کە کورد "ئوممە" نییە، هەر بۆیە کوردەکان بۆیان نییە حزبێکی کۆمۆنیستی سەربەخۆش دروست بکەن.

ئەمەو پاش ئەوەی حزبێکی تەیار قەومی لە نێو کورددا دروستبوو، هێڵەکانی ئینشیقاق و ململانێ لە نێوان تەیاری مارکسیی و قەومی سەریانهەڵدا، تۆوی ئەو ململانێ و ئینشیقاقەش رۆژ بە رۆژ لە چەکەرە کردندا بوو، لەو نێوەش هەر میللەت باجی ئەو ململانێ ناشەرعییانەی دایەوە، لە لایەکی تریش مارکسییەکان بۆ عێراقی کردنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و بە شەرعیکردنی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان دروشمی "لا مەرکەزی" و "ئۆتۆنۆمی"یان کردە ئامانجی ستراتیژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

بە قەولی مارکسییەت رزگاری کوردستان لە ئیمپریالیزم و دەسەلاتی عەلمانی عەرەب واتای لەت لەت کردنی پرۆلیتاریای عێراق دەگەیەنێت، هەر بۆیە کەوتنە دژایەتی شۆڕشەکانی کورد و ناوزەد کردنیان بە شۆڕشی ئاغا و دەرەبەگ و شێخەکان، هەروەها ناوو ناتۆرە دروستکردن بۆ ئەوانەی دەیانویست کورد لە ئیستعمار و نۆکەرەکانی رزگار بکەن، لە پاشان دەپرسین ئایا ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە کوردستانی بندەستی عێراق خۆی لە خۆیدا بە شەرعیکردنی داگیرکردنی کوردستان ناگەیەنێ؟! ئایا ئەو حزبەی "ئۆتۆنۆمی" بکا بە ئامانجی ستراتیژی لە بەرەی "رزگاریخوازی" دەرناهێنرێ؟!

ئەمە و پاش ئەوەی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و عەبدوڕڕەحمان عارف و بەعسییەکان شەڕیان بەسەر کورددا سەپاند، مارکسییەکانی کوردستان بە جیاوازی حزبەکانیانەوە بەرەی داگیرکاری عێراقیان هەڵبژارد! ئەو ئینشیقاقەی لە شەستەکان لە بزاڤی کوردایەتی روویدا هەر بە نێوی مارکسییەت نەبوو؟ ئایا ئەو هاوپەیمانێتییەی ١٩٧٢ تاکو ١٩٧٨ز هەر مارکسییەت نەبوو سەلماندی کە دەتوانێ لەگەڵ فاشییەتی بەعسیش لە دژی گەلانی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بسازێ؟!

مارکسییەکان بە هەموو گرووپەکانەوە لە سەردەمی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کەوتنە خەباتێکی سەخت لە دژی ئیسلام و بیرۆکەی میللەت، چونکە لە روانگەی مارکسییەکانەوە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول دینی و خێڵەکی و میللی بووە، هەر بۆیە نەیتوانیوە شۆڕشێکی فیکریی و رۆشنبیریی لە کوردستان بەرپا بکا، بە واتایەکی تر هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی داموودەزگای دینی و عەشایەری و میللی بوو، شۆڕشی نوێش وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە رەوتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئەو بۆ چوونە زۆر مۆتیڤی تریشی بۆ تەیار کرا بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵدا رەواج پەیدا بکا و شۆڕشی نوێ گۆڕانێکی رادیکاڵی نەك هەر لە بواری سیاسیی بکا، بەڵکو گۆڕانێکی بنەڕەتیش لە عەقڵییەت و تێڕوانین و تەنانەت باری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووریش بکات، بەڵام پاش چەند ساڵێك لە رەشەکوژی کورد بە دەست رژێمە داگیرکەرەکان و خودی گرووپە مارکسییەکان، دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونە نامۆیە بە خودی ئایدۆلۆژیا و سایکۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیای کورد و کۆمەڵی کوردەواری، جارێکی تر لەو نێوە مارکسییەت تۆوی ئینشقاقی لە نێو بزاڤەکەدا دروستکرد، ئەو بەرەیەی بە نێوی (ی. ن. ك). دروستبوو بوو لەبەریەك هەڵوەشایەوە، جارێك بزووتنەوەی سۆشیالیستیی لە (ی.ن.ك) جیابۆوە، جارێکیش ئاڵای شۆڕش لە (ی.ن.ك). جیا بۆوە، لەو لاوەش کۆمەڵێك بە ناوی پارتی گەل لە سەرکردایەتی کاتیٚ (پ. د. ك) جیابوونەوە، هەروەها کۆمەڵێکیش بە ناوی زەحمەتکێشان لە (ح.س.ك). جیابوونەوە. ئەو هەموو ئینشیقاقەی کە مارکسییەت خولقاندی لە نێو بزاڤی

رزگاریخوازی کوردستاندا هیچ کاتێك بۆ "بەرە و باشتر" نەبووە بەڵکو تەنها بۆ لاوازکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و بەهێز کردنی بەرەی داگیرکاران بووە؟ ئەگەر وا نەبێ ئەو هەموو ئینشیقاقە لەسەر بنەمایەکی فیکری بوو بێ مەبەستی لە چاکسازی بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بوو بێ لە هەندێك تەیاری راسترەو یاخود کۆنەپەرست، ئەدی بۆچی دوایی ئەو هەموو رێکخراوانە زۆربەی چوونەوە نێو یەك؟

لە سەردەمێکدا کە پڕوپاگەندەی "مارکسییەت" بە هەرمێن بوو، یەکێکیان تەواو تەبەنناى مارکسییەتی دەکرد و کردبوویە مەنهەجی فیکریی و تەنزیمی و سیاسیی، تەنانەت رۆشنبیریش، هەرچی باڵەکەی تر بوو هەر چەند نەفی مارکسییەتی نەدەکرد، بەڵام بەقەد باڵەکەی تریش جورئەتی ئەوەی نەدەکرد جاڕی مارکسییەتی خۆی بدا، بەڵام لەسەردەمی پاش رووخانی شیوعییەت مارکسییەت بازاڕی نەما و دیموکراسییەت بە بازاڕ کەوت، بە جۆرێك ئێستا لە هەموو بەیاننامەیەك مەسەلەی دیموکراسییەت و شەرعییەتی دیموکراسییەت زوڕنای بۆ دەژەندرێ.

بە نەزەری هەندێك، شۆڕشی کۆن ١٩٦١–١٩٧٥ز، عەقڵییەتێکی عەسکەری و تاکە حزبی و سەرکردایەتی تاکڕە و بەڕێوەی دەبرد. هەر بۆیە لەو نێوە چارەنووسی کورد جارێکی تر وەکو جارانی سەردەمی شێخ مەحموود و شێخ سەعیدی پیران و قازی روو بە رووی داهاتوویەکی نادیار و واقعێکی تاڵ بۆوە، بە نەزەری من شۆڕشە کۆنەکانی کورد، وێڕای ئەو هەموو کەموو کورتیەی لە رووی رێکخستنی عەسکەری و سیاسییەوە هەیبوو، بەڵام نێوەندێکی رۆحی لە نێوان جەماوەر و سەرکردایەتیدا خەسڵەتێکی پیرۆزی ئەو شۆڕشانە بوو. شتە پیرۆزەکان هەر لە رەوشتی ئیسلامیی گشتییەوە بگرە تاکو سادەترین مافە گشتییەکانی مرۆڤ رەچاو دەکران. ئەو خاکە لە دیدگای ئیسلامەوە گەلێك بە گرنگ وەرگیراوە، چونکە بە راشکاوی دەڵێین هەر شۆڕشگێڕێك وئازادیخوازێك ئەگەر رەوشتی کۆمەڵایەتی نەبێ و رێکخستنەکەی بەو بەها پیرۆزە گۆش نەکا، بێگومان ئەو سەرکردایەتی و رێکخستنە رەوشتی سیاسییشی نابێ و رەوت و

تێڕوانینی حزبەكەش دوو زەبری كوشندە لە جولآنەوەی ئازادیخوازی كوردستان دەدات، لەلایەك جۆرە ناتەباییەك و ناكۆكییەكی ئایدۆلۆژی و سایكۆلۆژی لە نێوان سەركردایەتی و كۆمەڵ دەخولقێنێ، لە لایەكی تریش شۆڕشەكە دەبێتە شۆڕشێكی چەواشە و لە هەردوو باردا تەنیا هێزی داگیركاری كوردستان سوودمەند دەبێ. ئەو خەسڵەتەی سەرەوە تا رادەیەك لە نێو شۆڕشە كۆنەكان كەم دەردەكەوتن، هەر بۆیە لەگەڵ هەموو كەم و كورتییەكان هێشتا جێگای رێزی زۆربەی كۆمەڵانی خەڵكن و لە كایەی و سیاسیی هەڵگیرسانی شۆڕشەكاندا یاد دەكرێنەوە، بە جۆرێك ئەگەر ناوی سەركردەكانی بە سووكی بهێنرێن شەڕی لەسەر دەكرێت!

بە هەرەسی دوا شۆڕشی كلاسیكی كورد وەرچەرخانێكی كۆمەڵایەتی و سیاسییی لە رەوتی جوولآنەوەی ئازادیخوازی كوردستاندا روویدا، لە بریی ئەوەی قامك لەسەر هەڵەو كەموكورتییەكان دابنرێ و چارەسەری ژیرانەی بۆ بدۆزرێتەوە، بە قەولی خودای مەزن بیر بكەنەوە، تێ بفكرن بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دەردی ئەوان نەچن بە بیانووی ئەوەی سەركردایەتی كۆن عەشایەری و دینی بووە، هەرچی شتە پیرۆزەكان هەن لە روانگەی دین و كۆمەڵایەتییەوە نەك هەر رەتكرانەوە، بەڵكو ئەوان شۆڕشێكی نوێیان لە دژدا كردن هەر بۆ ئەوەی لە "رابردوو"داببڕێن تاكو حزبە قەومی و پارێزكارەكانیش بوونە هەڵگری "سۆشیالیزم" و بە دینی سۆشیالیزم زیاد لە دە ساڵی رەبەق رەوت و ئاراستەی تفەنگەكانیان لەبەرەی داگیركارەوە بۆ سنگی یەكترەوە گواستەوە، لەو لاوەش بە ناوی ئەوەی دین تریاكی گەلانە، نەوەیەكی سەر لێشێوا و گومڕا و بەدبینیان ئاوا پەروەردە كرد و لە هەموو خەسڵەتێكی پیرۆزیان داشۆری: لێرەدا بە راشكاوی دەتوانین بڵێین شۆڕشی نوێی كوردی باشوور بناغەی شەڕی نێو خۆی داڕشت لە ڕاابردوودا، بەمەش دەرفەتێكی مێژوویی لە كیس كورد چوو، چونكە لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ١٩٧٦–١٩٨٦ز هەر چوار داگیركاری كوردستان لە شەڕێكی سەختی یەكتر دابوون.

لە ساڵی ١٩٨٨ز دوای ئەوەی ئێران بە بڕیاری (٥٩٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش رازییبوو، شەڕی عێراق و ئێران (کە لە راگەیاندنی رۆژئاوا بە شەڕی کەنداوی یەکەم نێو دەبرێ) کۆتایی پێهات، هێزی داگیرکاران پشت ئەستور بە "هەلوێست"و چەکی کوشندەی کۆکوژی رۆژئاوا کەوتنە قڕانی کورد، لێدانی سەرکردایەتی شۆڕشی نوێی کوردستان، لەو نێوە لە ترسی لە نێو چوون و پووکانەوە "دژەکان" لە (بەرەیەکی نیشتمانیدا) کۆبوونەوە. بەرە هەر هێندەی پێکرا ئاگربەست جاڕبدا، نەك بتوانێ رێککەوتنامەیەکی نیشتمانی مۆر بکاو بە هۆی نەمانی هێزی حزبەکان، لە زۆربەی بەشی باشووری وڵات ئاگر بەسەکەی دژەکان چەند ساڵێکی خایاند. بەمجۆرە هەرەسی ١٩٨٨ز، زۆر لە هەرەسی ١٩٧٥ز گەورەتر بەسەر شانی کۆمەلانی خەڵکی کورددا کەوتەوە، بەلام ئەو ئەزموونەش دەرسێکی تری بە مرۆی هۆشمەند بەخشی کە هۆی پاشاگەردانی و هۆی هەرەسی شۆڕشەکانی کورد پابەند نییە بە دیاردەی تاکە حزبی و فرە حزبی، بەڵکو پابەندە بە ئایدیۆلۆژییەت و ستراتیژییەتی واقیعانە کە لەو ئایدیۆلۆژیەتەدا هەیە، ئەوەتا شۆڕشی نوێ، "مارکسیزم" و هەموو "تێزەکانی" دی بە نەزەری وعەمەلی بەسەر گەلی کورد تاقیکردەوە، بەمەش نەك هەر هیچی باشی بۆ کورد نەکرد، بەڵکو عەقڵییەتێکی دوگمایی و عەسکەرتاری دروستکرد، کە بێجگە لە ئەمنی حزب، نە "ئاسایشی نەتەوەیی" و "نەئاسایشی هەرێمیش لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە" دەپارێزێ. شەڕی کەنداوی دووەم ١٩٩١ز، جارێکی تر دژەکانی بە خەسڵەتە کۆنەکانەوە ژیاندەوە، بەلام هەر بۆ ئەوەی لە پەراوێز دابن و هیچ دەورێکی گرنگ لە هەرێمەکەدا نەگێڕن، جارێکی تر پشت ئەستور بە رۆژئاوا لە پێناوی بەرژەوەندیی عەسکەری و سیاسییەکانی حکومەتێکی "دیفاکتۆی" دامەزراند، بەلام چ حکومەتێك؟ هەموو پۆستەکانی گرنگی: عەسکەری و مەدەنی، ژیاری ...هتد، هەر ئەو عەقڵییەتە رەقەی عەسکەری بەڕێوەی دەبرد کە لە ئەلف و بێی بەڕێوە بردنی دەولەتان بێئاگایە.

لە جیاتی هەموو شتەکان یەك بخرێن و بیر لە ئاییندەی کورد بکرێتەوە، هەموو شتە پیرۆزەکانی گەل بە قوربانی بەرژەوەندی دژەکان کران، بەمەش

بەرەی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات دروستبوو، ئاوا بەرژەوەندی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا بوو بە سنووری پیرۆز و هەر یەك بیبەزێنێ بە قانوونی کۆنی کڵێسا مەحکوم دەکرێ و لە نێو دەبرێ.

ئەمە وەنەبێ "ئاگر بەست"ی دژەکان بووبێ بەرێککەوتننامەو شەڕی نێو خۆی ١٩٧٦–١٩٨٦ز لە بیر کرابێ، لەو نێوەدا حزبە بچووکە –عەلمانییەکان– بەرە بەرە لە دەسەڵات دەکەوتن، کەچی بزووتنەوەی ئیسلامیی کە لە چاو حزبە مارکسییەکانی کوردستان دوێنێ لە دایك ببوو، لە رووی عەسکەرییەوە "نەك رێکخستنەوە" هەر لە گەشە سەندندا بوو بە جۆرێك لە هەڵبژاردندا سێیەمی هێنا و خەریکبوو دەبووە بەدیلی هەردوو حزبی فەرمانڕەوا، ئەمەش بە نەزەری دەسەڵاتی نێوخۆ و هەرێمی و نێونەتەوەیی "خەتەرێکی ترسناك" بوو، دەبوو سنووری بۆ دابنرێ، هەر لەبەر ئەوە لە کۆیایی ١٩٩٣ز بە دەستپێشخەری هێزی عەسکەری یەکێتیی و چەك و تەقەمەنی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی "دی فاکتۆی" هەرێم، شەڕ بە بزووتنەوە فرۆشرا، جارێکی تر شەڕی نێو خۆی دەستکەوتی شۆڕشی نوێی کوردستان بووژایەوە! ئاکامەکانی ئەو خولەی شەڕی نێوخۆش خەریکبوو ناهاوسەنگی هێزی عەسکەری و سیاسیی لە نێوان هەردوو حزبی حکومەت دروست دەکرد، هەر بۆیە لە ئایاری ١٩٩٤، ئاگر بەستەکەی ١٩٨٨ز بەزێندرا و بورکانی رقە کۆنەکان لە بونیادی عەقڵییەتە عەسکەرتارییەتەکەوە، فوارەی بەست و خەریکبوو چارەنووسی حکومەت بە دەردی حکومەتەکانی شێخ مەحموود و قازی موحەممەد بەرێ.

ئەزموونی شۆڕشی نوێی کورد، هاوکێشەیەکی واقیعی لە مێشکی تاکی کوردەوە دروستکرد، ئەویش شۆڕشی نوێ یەکسانە بە شەڕی نێوخۆ. ئەمە و هەروەك لە بەرایی وتمان، دەستکەوتێکی تری شۆڕشی نوێی حزبە عەسکەرییەکانی کورد دروستکردنی نەوەیەکی بێ دین و بەدبین بوو. کاریگەری شەڕی نێو خۆی شاخ لە زۆر لایەنەوە گەمارۆ درابوو، هەر روو بەڕووی حزبەکان دەبۆوە، بەڵام لە شەڕی نێو خۆی شارەکاندا، ئەو پەتا نەگریسە تەواو لە گوفتار و کرداری زۆربەی لایەنگرانی حزبەکانیشەوە، رەنگیدایەوە، ئەوانە تەواو شەڕێکی

شارستانییەت و حەزارەی دەكەن ئەو كردارانەش لە نەزەری مرۆی موسڵمانەوە سەیرو نویٚ نین، چونكە ئەو ئایدیۆلۆژیەت و دەسەڵاتە عەسكەرتارییەت چارەنووسی كورد بەو دەردە دەبات هەر لەو ئایدیۆلۆژیەت و دەسەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە كە ئەمڕۆ لە چیچان و بۆسنە پیادە دەكرێن.

+ ئەمانە تۆ باسیان دەكەی بریتین لە هۆكارە خودی و دەرەكییەكان، بۆچی كورد لە هیچ قۆناغە مێژووییەكاندا نەیتوانیوە سوود لە ئەزموونە تاڵەكان وەرگریٚ و لە بری ئەمانە لەفكری بونیادنانی دۆزێكی سیاسیدا بێت ؟

سەلام ناوخۆش: هۆكارە خودییو بابەتییەكان وەك زنجیرەیەكی لێكدراوو پەیوەست بەیەك كاریگەری نێگەتیڤیان هەبووەو هەیە، بەسەر دەوڵەتی كوردییەوە. هۆكارە خودییەكان، وەك پێكهاتەیی سروشتی كەسایەتی تاكی كوردی هەتا بیركردنەوەی تاكی كورد بنەماو شەنگستی شكستی كورد بوونە، لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی میرییەوە لە سەردەمە یەك لەدوایەكەكانی ئەخمینی، ئەشكانی، ساسانی، ئیسلامیی–یش كورد نەیتوانیوە جارێكی تر ئەو شكۆیە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، سەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن، كە كورد لە دوای ئەو قۆناغەوە جگە لە پەرتەوازەییو ونكردنی ناسنامە، زیاتر خوویداوەتە كۆچەری بە جۆریٚ وەك دكتۆر جەمال نەبەز دەڵیٚ: كورد نەك هەر باوەڕی بە زەردەشتو باوەڕەكەی ـ دینەكەی ـ نەكردووە، بەڵكو لە وڵات دەریانپەڕاندووە، چونكە ئەوەی زەردەشت لەوانی داوا دەكرد وەك دەستبەرداربوون لە ژیانی كۆچەریو خۆخەریككردن بە ژیانی كشتوكاڵی، ژیانی كشتوكاڵیش نیشتەجێبوون و مەدەنییەتو شارستانییەتی دەویٚت، ئەو كۆچەرییەو بیركردنەوە كۆچەرییە، كۆمەڵگایەكی داخراوو دوورە سیاسەتەی كورد، كوردی لە بیرۆكەی "یەكێتی نەتەوەیی"و وڵاتپارێزی هەتا یەك ئایینیش دوورخستەوە.

هۆكارە بابەتییەكانیش، فاكتەری لاوەكی نەبوونە لە مامەڵەكردن لەگەڵ كوردو دۆزی كورد، هەریەك لە ئەخمینییەكان، ئەشكانییەكانو ساسانییەكان لە ژیانی حوكمڕانییاندا لە چەوساندنەوەی كوردو شێواندنی مێژوو و رەگەزو هەتا زمانی كوردیی درێغییان نەكردووە.

لە سەردەمی ئیسلامییەکانیش چ سەردەمی ئومەوی و عەباسی، یان سەردەمی عوسمانی هەتا سوڵتانو خەلیفە هەوڵی ئەوەیانداوە کە رۆڵی کورد بەرکەنار بکەن، هەندێ هەتا هەوڵیانداوە زاراوەی "مەوالی" و "زەندیق" بەسەر کورددا ساغ بکەنەوە، ئەمەو خودی دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردیش بەشێك بووە لە دروستبوونی ئەو هەموو هەڤدژیو ناکۆکییانە.

رەوتی مێژوو زۆر دەرفەتی بۆ کورد رەخساندووە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی کورد لەو ئاستەدا نەبووە بتوانێ دەرفەت بقۆزێتەوەو مەسەلەی کورد لە قاوغی عەشیرەتو هۆز رزگار بکات.

لە سەردەمی عەباسییەکانەوە بگرە هەتا سەردەمی ئێستا بە دەیان جار رەوتی مێژوو بواری ئەوهای بۆ کورد رەخساندووە نەك دەوڵەتێك بەڵکو وەك عەرەبەکان چەند دەوڵەتێك بۆ خۆی دابمەزرێنێ، ئەوە وتمان لە سەردەمی ئیسلامییەکان دەوڵەت لەسەر بنەمای بنەماڵەکان دامەزرا، هەرچەند ئەو بنەماڵانەی ئەوسا هەر خەریکی دامەزراندنی میرنشینی ناوچەگەریی بوون، نەك هەنگاوی نەتەوەیی بهاوێژن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لە قەڵەمڕەوی عەشیرەتو هۆز گەورەتر خۆی لەدوای هەرەسی دەوڵەتی عوسمانییەوە چەندان جار رەوتی مێژوو بواری بۆ کورد رەخساندووە، بەڵام فاکتەرە زاتییەکان بە پلە یەك رێگربوون لەو پێکۆڵو هەوڵانەدا، هەروەها تەبایی هاوسێ هاوئایینەکانی کورد لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان چەندەها ئاستەنگیان دروستکردووە، هەرچی رۆژئاوایە، ئەوە مانەوەی کورد بە بێ دەوڵەت هۆکارێکە بۆ مانەوەی "ئارێشەو کێشە" هەروەها کەناڵێکی هەڕەشەیە لە دژی دەوڵەتی دەوروبەری کورد.

+ زۆرێك لە ناسیۆنالیستە کوردەکان پێیانوایە ئیسلام، رۆحیەتی نەهێشتن و کوشتنی هەستی نەتەوایەتی و فیکریی بووە، بە بەردەوامی لە بەردەم تاکی کورددا کە هەرگیز لە بیری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا نەبێت ؟

سەلام ناوخۆش: ئەوەی پێی دەوترێ "ناسیۆنالیستی کوردیی" زێتر ئەو وردە بۆرژوایانە دەگرێتەوە کە لە مێژووی سیاسیی خۆیاندا نەیانتوانیوە "بەخۆیان" هیچ جۆرە ستەمێك لەسەر تاکی کورد رابکەن، بەشێك لەو "ناسیۆنالیستانە" هیچ

هێزێکی سیاسیی ئاڕاستەی نەکردوون تەنیا وەك لاساییکەرەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی‌و تورکی‌و فارسی "بیریان کردۆتەوە" نەك کاریان کردبێت، بەشێکی تریش پاشخانە سیاسییەکەی مارکسییەتی ستالینی بووە هەتا سەردەمانێك نەتەوەو "مافی نەتەوە" هەتا چەمکی ناسیۆنالیزمی پێ شەرمەزار بووە!

مارکسیزمیش وەك هزر لەگەڵ دین دۆست نییە، هەروەها قەبووڵی ناسیۆنالیزمیش نییە، چونکە پێی وایە ئەمە دیاردەیەکەو دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی سەرمادارییە! ئەوەش لە بیرنەکەین ناسیۆنالیستە لاساییکەرەوەکان ئەوانەی پاشخانێکی مارکسیان هەیە لە ئەرزی واقیعدا نەیانتوانیوە شۆڕش بەو بیرۆکانە بکەن، بۆیە هەر لە بەرایی شۆڕشەکانی کوردەوە لە سەرکردەی "کلاسیکی" گەڕاون بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش بکەن، ئەوانیش هەر بە سیاسەتەوە خەریکبن، هەر لە (کۆمەڵەی ئازادی کوردستان)ەوە بگرە هەتا (حزبی ئازادیی کوردستانی رۆژهەڵات) هەر بەو ئاڕاستەیە کاریانکردووە، ئەو نیفاقە سیاسییە بەشێك لە پاشاگەردانی هزری حزبی کوردی عەلمانی تەنیوە لە ژێرەوە مارکسی بوون یان هەر هیچ نەبێ پەیوەست نەبوونە بە (دین)، بەڵام لە سەرکردەی دین گەڕاون بۆ ئەوەی حزوری لەرزۆکی خۆیان گووم نەبێت، هەر لە بەرایی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئەو مۆرانەیە خەباتی خەڵکی کوردستانی تووشی نسکۆ کرد، بە قەناعەتی خۆم پاشاگەردانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١ ـ ١٩٧٥ز) ئەوەندەی پەیوەست بووە بەو دیاردەوە هێندە فاکتەرە دەرەکییەکان ئەو رۆڵەیان نەبووە، هەر ئەو نیفاقە سیاسییە بەشێك بووە هەتا لە خولقاندنی فاکتەری دەرەکیدا!

مرۆڤ بە سروشتی خۆی کائینێکی پاساوهێنەرە هەتا بۆ دزێوترین کردەوەکانی! زۆرانێك لە مرۆڤان خەسڵەت شەیتانین، بەڵام هەتا گەورە شەیتانەکانی ناو سیاسەت جورئەتی ئەوە ناکەن ئەو شەیتانییەتەی خۆیان ئاشکرا بکەن، بێگومان ناسیۆنالیستی کورد دەبێ لە پاساوێك بگەڕێ بۆ ئەوەی ئەو مێژووە پڕ پاشاگەردانی‌و نسکۆو هەرەسەی خۆی دابپۆشێ! !

ئیسلام لە هەموو دینەکانی تر جودایە، ئیسلام هەم شەریعەتە، عەقیدەیە، هزرە، بە واتای ئیسلام هەموو لایەنە ئەکتیڤەکانی تاك و کۆمەڵگا ئاڕاستە دەکات، نەك شەریعەت بێ، عەقیدە نەبێ یان تەنیا هزرێك بێ یاخوو پێناسەیەکی رووتی ئایدیۆلۆژی بۆ بکرێ.

ئامادەگیی ئیسلام جۆرێك بووە لە هاندان و ئاکتیڤ کردنی بزاڤی سیاسیی و کولتووری لە کوردستاندا، جگە لەوە ئەوە تێنەگەیشتنی خەڵکی ئێمەیە هەم لە ئیسلام و هەم لە ناسیۆنالیزم، خەڵکە عەوامەکەی ئێمە دینی لە (خانەقا)و (تەکیە)و (مزگەوت) وەرگرتووە، ئەو دینەی لەو سێ شوێنە حزووری هەیە زیاتر ڕوحانییە، عیبادەتە، نەك عەقیدەی سیاسیی و هزری سیاسیی (مەلا)و (شێخ)و (سەیید) فیگەرە پیرۆزەکانی زەینی خەڵکی عەوامی کورد بووە، قسەی ئەوانە دین بووە بۆ خەڵکی عەوام!

ئەو لەقەبە دینیانە هێندە "کاریگەر"و "پۆزەتیڤ"ن، بۆیە زۆرانێك لە ناسیۆنالیست و مارکسی کورد ئەو لەقەبانەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە!

ئەو فیگەرە دینیانەی کورد نەیتوانیوە بزاڤێکی ریفۆرمی لە کوردستان دروست بکەن، واتە وەك ئەو فیگەرانەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی، بە واتای لەناو کۆمەڵگای کوردی (عەبدورڕەحمان کەواکبی)، (جەمالەدینی ئەفغانی)، (موحەممەد عەبدە)یەك دروست نەبوون، بە واتای کەسایەتییەکانی کورد ئیشکردنیان لەسەر ئیسلام زیاتر "تەریقەت" بووە، نەك ئیسلامێکی شامل کە لایەنی "سیاسیش" بەشێك بێ لە تێڕوانین و جیهانبینی و کارکردنیان، هەریەکە لەو کەسایەتییە دینیانە بە سەدان هەزاران دەروێش و مورید و پیاوی عەشیرەتی خۆیان هەبووە، هەر بۆیە بەو پاڵپشتە رۆحیی و کەسییەوە ستەمی داگیرکارانیان قەبووڵ نەکردووە، لەم روانگەوە، زۆر بە ڕاشکاوی دەتوانین ئەو وەهمەی ناسیۆنالیزمی کوردی بێدەسەلات هەڵوەشێنینەوە بەوەی حزوری ئیسلام لە ژیانی کورددا نەك نێگەتیڤ نەبووە، بەڵکو هۆکارێکی ئاکتیڤ بووە لە ئاڕاستەکردنی کورد بۆ ئەوەی بە ستەمی داگیرکاران رازی نەبێ و داکۆکی لە بوون و ناسنامە و زمان و کولتووری خۆی بکات، داواکارییەکانی سەرکردە ئاینییەکانی وەك شێخ

عوبێدوڵڵای شەمزینیو شێخ عەبدولسەلام بارزانیو شێخ سەعیدی پیرانو سەیید رەزای دەرسیمی، بەڵگەی كۆنكرێتین لەسەر كاریگەریی ئیسلام لە وەڵامدانەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر موقەدەساتی كورد !

كێ دەوڵەتی كوردی دروست بكات؟! گریمان (مەلا)و (شێخ)ی كورد كاریان بۆ دەوڵەتی كوردی نەكردووە، ئەدی ئەوانەی بانگەشەی ناسیۆنالیزم دەكەن لە مێژووی سیاسیی خۆیان هەتا بە دروشمیش نەك پێكۆڵیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی نەكردووە بەڵكو هەر باسیشیان نەكردووە! ئەوە (مەلا)و (شێخ)ی كورد بەڵگەی كۆنكرێتییان هەیە لەسەر داكۆكیكردن لەسەر مافە نەتەوەییەكانی كورد لەو پێناوەش چەندانی وەك شێخ سەعیدی پیران، سەیید ڕەزای دەرسیمیو قازی موحەممەد سەری خۆیان لە پێناودا دانا، ئەدی ناسیۆنالیزمی كورد لە چ بڕگەیەك لە بڕگەكانی پلاتفۆڕمی حیزبەكاندا باسیان لە دەوڵەتی كوردیی كردووە ؟!

ئەوە جگە لە مێژوو شێواندن، لێڵكردنی مێژوو و ئێستا لە بەردەم نەوەی نوێ هیچی تر نییە، ئەگەرنا ئەوە مێژوو ئەگەر حزوری ئیسلام لە ژیانی كورد نەبوایە، ئێستا كورد هیچ مێژوویێكی ئەوتۆی نەدەبوو كارەكتەرە زانستیو ئاینییەكانی لە دنیای ڕۆژهەڵاتی نەدەناسران! !

+ بۆچی كورد بەر لەوەی ئایینی ئیسلام پەیدا ببێ لە هیچ شوێنەوارێكی مێژووییدا شتێكی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە كە هەوڵی دروستكردنی قەوارەیەكی بۆ خۆی دابێت؟ بەتایبەتی لە پاش رووخانی دەوڵەتی (ماد) تاوەكو هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ كوردستان؟

سەلام ناوخۆش: وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا وتمان، نەك ئیسلام هەر رێگر نەبووە، بەڵكو هاندەر بووەو كەسانی ئایینیش ئیشیان بۆ كردووەو چەندەها شۆڕشیان بەرپا كردووە.

ئیسلام كە خۆی گوتارەكەی گوتارێكی خۆڕسكە، بە واتای ئاڕاستەی گوتارەكەو خودی گوتارەكە لەسەر بنەماو شەنگستی سروشتی مرۆڤەوە داڕێژراوە، جا چۆن دژ بە خۆی دەوەستێتەوە ململانێ لەگەڵ هەستێكی خۆڕسكی

وەك نەتەوەپەروەری نەك نەتەوەپەسەندی دەكات؟! وەك وتمان ئەوە وەهمێكە ناسیۆنالیستی كورد هەر بۆ چەواشەكردن، دەیوروژێنێ.

دەوڵەتی (ماد) له ساڵی (٥٥٠)ی پ. ز رووخا، كوردیش له ساڵی (١٦)ی كۆچی بە واتای ساڵی (٦٣٨ز) ئیسلامی ناسی بە واتای كورد زیاتر له هەزار ساڵ بێدەوڵەت بووە!!

له دوای میدیاكان، ئەخمینی، ساسانییەكان حوكمی ناوچەكەیان كردووە، له كاتی هاتنی ئیسلام كورد زیاتر له هەزار ساڵ بوو دەوڵەتی رووخابوو وڵاتەكەی بەشێكی بەشێكبوو له دەوڵەتی ساسانی بەشەكەی تریشی له ژێر دەستی رۆمەكان (بێزەنتییەكان) بوو، كوردی نێو ئەو دوو قەڵەمڕەوییە هێندە پەرتەوازە ببوون هەتا له دینیش له یەكتر جودا بوون، كوردەكانی ناو دەوڵەتی ساسانی زۆربەی (زەردەشتی)و (ئاگرپەرست) بوون، بەشێكی كەمی چەوساوەش (مەسیحی) بوون، هەرچی كوردەكانی ناو ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بوو ئەوە زۆربەی (مەسیحی) بوون. بە واتای له رووخانی دەوڵەتی ماددەوە كورد نەك "یەكێتیی"یەكی نەتەوەیی نەبوو، بەڵكو "یەكێتیی"یەكی دینیشی نەبووە، هەتا خوانەخواستە ئیسلام رووخاندبێتی، كورد زیاتر له هەزار ساڵ له دەرەوەی مێژوو بووە، زۆربەی له دەزگاكانی دەوڵەتو دەوڵەتكاری دووركەوتنەوە جارێكی تر گەڕاونەتەوە سەر ژیانی كۆچەریو دوور له شارستانییەت، ئەوانەی كە له داموو دەزگای ئەخمینییو ساسانی مابوون ببوونە بەشێكی ملكەچ بە سیاسەتی دەوڵەت، هەتا نەیاندەتوانی داكۆكی له (زمان)و (ناسنامە)و (ئایینی) خۆیان بكەن!

ئەو رەوشەی كورد چاوەڕێی رزگاركەرێكی لێدەكردن راستە بزاڤی "ناسیۆنالیزم" وەك بزاڤێكی عەقڵگەرایی دەبێ ئاڕاستەی گوتارەكەی بەرەو دەسەڵاتو فەرمانڕەوای وڵاتی خۆی بێت، بەڵام هەزار ساڵ كورد نەیتوانی ئەو ئاڕاستەو گوتارە دروست بكاتو دەوڵەتێكی هاوشێوەی دەوڵەتی میدیا بە (هزر)و (عەقیدە)و (تێكۆشان)ی خۆی بنیات بنێتەوە، وەك وتمان كورد لەو هەزار ساڵە، تەواوی ناسنامەی خۆی گوم كردبوو، خۆیشی بەشێك بوو لەو پرۆسەی گومكردنو

خۆشاردنەوە لە دەرکەوتنێکی مێژوویدا عەقڵی رەوەندیو کۆچەری ژیانێکی دوور لە شارستانییەتو لە بەرژەوەندی نەیارانی کورددا بووە، بەزەرەری کوردیش تەواو بووە، لە لایەکی تریش هەتا ئەو کوردانەی ناو دەوڵەتی ساسانی لە ژێر گوشارو کاریگەریی دەوڵەتی ساسانیدا نەك هەر نەیانتوانیوە سوود لە (مەسیحیەت) وەربگرن، بەڵکو لە زۆر شوێن و کاتدا مەسیحییەکان کوردەکانیشیان چەوساندۆتەوە ! !

لەو پێودانگەوە کورد چاورەێی رزگارکەرێکی دەکرد، چونکە (بوون)و (دین)و (زمان)و (کولتووری)ی لە خەتەردا بوو، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش کورد لە عەرەب زووترو بێ کێشەتر موسڵمان بوو، عەرەب لە جەزیرەی عەرەبیدا دەسەڵاتی سیاسییو دینی هەبوو، بە هاتنی ئیسلام ئەو دەسەڵاتە سیاسییو دینییە نەما، چونکە ئەو دوو دەسەڵاتە دوو دەسەڵاتی (نائینسانی) بوو، هەموو وڵات گەندەڵ بوو، سیاسەت هەر بۆ بنەماڵە ناسراوەکان بوو، دینیش بۆ ئەو بنەماڵە دەسەڵاتدارانە ژێدەرێکی ئابووری نەبڕاوە بوو! هەرچی کوردەکان بوون زیاتر لە هەزار ساڵ بوو مومارەسەی دینو زمانو مافی نەتەوەیی خۆیان نەکردبوو!

لێرەش ناسیۆنالیستی کورد درێغی نەکردووە لە شێواندنی مێژووی کورددان هەتا هەندێ باوەڕیان وایەو بانگەشەش بۆ ئەو رایەیان دەکەن کە ساسانییەکان کورد بوون! !

ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەڵێن تا بڵێن ئیسلام هاتووە کوردستانی داگیر کردووەو دینو کولتووری سوتاندووە، هەندێك دەڵێن موسڵمانە عەرەبەکان ئاوێستایان سووتاندووە بۆ ئەوەی جارێکی تر کورد نەگەڕێتەوە سەر دینی خۆی، هەندێکی تر ئێزیدییەکان بە نەوەی میسرانییەکان دادەنێن، بەو واتایەی دەیانەوێ بڵێن مێژووی ئێزیدییەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئیسلام !

ئەو "گریمان و را"یانە، جگە لەوەهم هیچی تر نینو هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە، جارێ هەر خودی "ئاوێستا" بە کوردی نەبووە، بە زمانێك بووە هەر تەنیا زەردەشت خۆی تێیگەیشتووە، هەر زەردەشت ئاوێستای بۆ کوردی ـ فارسی

وەرگێڕاوە، لە مێژوودا ئەو دوو دەقە بە "زەند"و "پازەند" ناسراون، لە پاش ئەوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە شەڕی ئەربێلا لە (٣٣١)ی پێش زایین بەسەر (دارا) زاڵ دەبێ بەرە بەرە بەرەو وڵاتی فارس‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکشێ، لەو هەڵمەتەی جگە لە کوشتن‌و بڕین‌و سوتماککردن هەرچی کولتووری فارسی - کوردی هەیە دەیسووتێنێ، هەر سوپاکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی نزیکەی هەزار ساڵێك پێش هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان ئاوێستا دەسووتێنن! ئەو دەقەی ئاوێستا کە لەسەردەمی ساسانییەکان هەبوو ئەوە دەقێك بوو بە گوێرەی بەرژەوەندیی ساسانییەکان نووسرابووەوە، بە واتای نە دەقی ئاسمانی بوو نە زەندو پازەندەکەی سەردەمی زەردەشت بوو!

بە هیچ شێوەیەك ئێزیدییەکان پاشماوەی میسرانی‌و زەردەشتییەکان نین، بەڵکو ئەوانە لە ئاکامی ململانێکانی ئومەوی‌و عەبباسی پەیدا بوون لە بنەڕەتدا موسڵمان بوون، هەتا رابەری رۆحییان کە (عودی بن مسافر) بوو، یەکێك لە وەلییەکانی سەردەمی خۆی بووە، دەرکەوتنی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەهەمی زایینی، ئەو تەقدیسکردنەی (عودی)و (حەسەنی کوڕی) بەرەو ئاقاری پەرستنی تری بردن، هەرچەندە هەر خۆیان خۆیان بە "خوداپەرست" دادەنێن! ئەمانە "ئێزیدیی" بن یان "یەزیدی" دینێکی نوێیە، ئەگەر هەندێ تقووس‌و داب‌و نەریتی کۆنی گەلانی ئاریش پەیڕەو بکەن، ئەوە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەندێ لەو دیاردانە لەناو کوردانی موسڵمانیش هەر ماوە وەك سوێندخواردن بە "ئاگر" بە "ئاو" بە "خاك" ئەو کوردەی سوێند بە "ئاگر" دەخوات وەك سۆزێك بۆ زەردەشتییەت ئەمە ناکات، بەڵکو تەنیا کولتوورێکە لە باوکانی بۆی ماوەتەوە!

بە کورتی ناسیۆنالیزمی کوردیی لە پێناو ناشیرینکردنی ئیسلام لە هیچ نەگەڕاوەتەوە، ئەوەتە هەر لەبەر ئەوەی سروودی "ئەی رەقیب" بۆنی "کوفر"ی لێدێ بە کورتی‌و زۆرەملێ خەریکە بەسەر کورددا دەیکەنە ماڵ، نووسەری ئەو شیعرە خۆیشی "مارکسی" بووە ئەوسا پارتەکەی دڵدار باوەڕی وابوو کە کورد ئوممە نییە هەروەها دژی دامەزراندنی پارتی بوو ، ئەوساش پارتی واتای

کوردایەتی دەگەیاند، لەو ڕوانگەوە زۆربەی (کۆیی)کان ببوونە پارتی جگە لە دڵدار کە تا مردیش هەر شیوعی بوو، نەك ناسیۆنالیست! ئەوەی پەیوەستە بە مێژووەوە کورد بە هیچ جۆرێ نەوەی "کەیخەسرەو" نین، چونکە کەیخەسرەو کورد نەبووە، هەروەها بە تەنیا نەوەی میدییەکان نین، چونکە ئەگەر کورد هەر تەنیا نەوەی میدیاکان بن، ئەوە بەشێك لە کوردان لە رووی رەگەزەوە کورد نین!! میدییەکان رەگەزێکی پاك نین، بەڵکو لە ئاکامی چەند رەگەزێکەوە پەیدا بوون؟!

ئەمەو بە حوکمی ئەوەی "مەلا مستەفای بارزانی" سۆزێکی دینی هەبووە هەروەها زۆربەی مەلاو شێخە شۆڕشگێڕەکان بە سەرۆکی خۆیانی دەزانن ئەوە هەر کە شۆڕشی ئەیلوول تووشی نسکۆو هەرەس بوو، سیاسەتمەدارەکانی کورد هەموو بوونە مارکسی هەتا "پارتی"یش لە پلاتفۆرمی خۆیدا دانی بە فەلسەفەی "مارکسی و لینین" ناوە!!

بە کورتی لەدوای نەمانی سەرکردە کلاسیکییەکانی ناسیۆنالیستی کورد بەرەیەکی لە "دین" کرئۆتەوە، بە (هزر)و (شەڕ)، جگە لە مزگەوت لە هەندێ شوێنی شۆڕش ئەوەندەشیان بۆ دین نەهێشتووەتەوەو هیچ شوێنێکیان بۆ ئیسلام نەهێشتووەتەوە.

لە قۆناغی ئێستاش بەدوای دروستبوونی حزبی ئیسلامیی کوردستانی لە هەموو تەیارەکانیەوە، دەعەوی، تەربەوی ئیسلامیی یان جیهادیی! بەشێك لە تەیاری عەلمانی کوردی کە خۆی بە ناسیۆنالیست دادەنێ بە جۆرێکی تر دەیەوێ حزوری ئیسلام لە ژیانی سیاسیی و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی کورددا بشێوێنێ، دەڵێن کورد هەمووی موسڵمانە، حزبی ئیسلامیی بۆ چییە؟! بەڵام لە خۆیان ناپرسن ئەگەر کورد هەمووی موسڵمان بێ حزبی عەلمانی، رێکتر، نادینی بۆ چییە؟! ئایا بۆ ئەوەیە لە دین وەریانگێڕنەوە وەك ئێستا هەندێ "جاش دین"ییان دروستکردووە، هەر بۆ ئەوەی ئاژاوەو پەشێوی بخەنە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە.

داوا له كوردان دەكەن كه ئەوانه وەك دیاردەی لێبوردەیی دینی وەربگرن، خۆشیان چاك دەزانن كەس بەقەد كورد لێبوردەی دیینی نییه، ئەوە چواردە سەدەیە (موسڵمان و مەسیحی) له كوردستان پێكەوە دەژین تا ئێستا كوردێكی موسڵمان لەسەر دین مەسیحییەكی نەكوشتووە! كەچی له ئەوروپا بە هەزاران موسڵمان له (كۆسۆڤۆ)و (بۆسنەو هەرسك) لەبەردەم چاوی كامێراكان سەربڕان! ! ئەو ناسیۆنالیستانه وەك نەعامه وان مێژوو له ژێرەوە دەخوێننەوە، ئەگەرنا چاك دەزانن كورد له پاش روخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا هەتا هاتنی ئیسلام تاقەتی ئەوەی نەبووەو دەرفەتی ئەوەشی نەبووە كورد له پەرتەوازەی رزگار بكاو له دەوڵەتێكی تردا كۆی بكاتەوە، ئەوە كورد خۆی! هەروەها ئەوانەی بە هزری بێژمۆتو نەزۆك خەڵك تەلقین دەدەن، هۆكار بوونەو هۆكارن له بەردەم دروستنەبوونی دەوڵەتی كوردیدا نەك ئیسلام! !

+ تا چەند كورد شتێكی هەبووە بە ناوی (كێشەی نەتەوایەتی) له مێژەوە؟ یا ئەم مەسەلەیە لەم دواییانەدا سەریهەڵداوە؟

سەلام ناوخۆش: هەبوونی "كێشەی نەتەوایەتی" له ناو گەلانی هاوئایین بە تایبەتی لەناو گەلانی موسڵماندا مێژوویەكی كۆنی نییه، له كۆندا هەتا سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهانیدا سیستمی وڵات یاخود فەرمانڕەوایی زیاتر له شێوەی "ئیمپراتۆریەت"دا بووە، ئەگەر گەلێكیش هێندە زێدە مافو جیاوكی له گەلێكی تر هەبووبێ، ئەگەرنا حوكم زیاتر دەستەجەمعی بووە.

كێشەی نەتەوایەتی زیاتر دیاردەیەكی رۆژئاواییە، له كۆمەڵگای سەرمایەداری سەریهەڵدا، هەروەها كۆلۆنیالیزم فاكتەری خولقاندنی ئەو ئاریشەیە بووە، ئەو وڵاتانەی له تێڕوانینی ناسیۆنالیزمی كولتووریو رەگەزی مامەڵە لەگەڵ گەلی تر دەكەن، ئامانجی ستراتیژیان له بزاڤەكەیاندا تواندنەوەی نەتەوایەتی ئەو گەلانەیە یان رەتكردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ئەو گەلانەیە، كورد له مێژووی خۆیدا تووشی بەو جۆرە ناسیۆنالیزمە بووە بە تایبەتی له سەدەی (١٩)و (٢٠)ەوە، له سەردەمی میدییەكان بەرەو خوارەوە ناسیۆنالیزمو كێشەی نەتەوایەتی هیچ سنورێكی سیستماتیكی وەرنەگرتبوو، چونكە گردبوونەوەكە لەسەر بنەماو

شەنگستی نەتەوە نەبووە، بەڵکو ئەوسا هەر گردبوونەوەیەكو دەسەلاتێك لەسەر بنەمای هۆزایەتیو ژێدەری ئابووری و دەسەلات بووە، کوردو فارس هێندە لەیەك نزیك بوونە، لە رووی رەگەزیو زمانو جوگرافیاوە، بۆیە ئەستەم بووە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بڕیاری ئەوە بدەن (میدی) کورد بوونە، (ئەخمینی)و (پارس) فارسی ئەمڕۆ بوونە! هەر بۆیە ئەوسا هەر ئیمپراتۆریەتێك دەڕووخا تەواوی (نەتەوە)کە لە هەموو روێکەوە نەدەڕووخا، بەشێکی زۆر لە میدیایەکان لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیادا هەر لە ولاتی خۆیان مانەوە.

بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین، کێشەی نەتەوایەتی هێلکەیەکی تروکاوی ئیستعمار بوو، ئیستیعماری رۆژئاوا کە دەستی بەسەر رۆژهەلاتدا گرت، هەرچی خێرو بێری ئەو ولاتانە هەیە لە تەکنەلۆژیاو مانەوەی خۆی بەکاری دەهێنا، گەر ئەم دەوڵەتانەی ئێستای رۆژئاوا بە ئیستعمار نەبووبن، ئەو هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو فەرەنسا لەم پرۆسەیە بەشی شێریان وەبەردەکەویٚ، بەلام بە حوکمی ئەوەی ئەو رۆژئاواییانە بە قەولی کوردی "غەیرە دین" بوون، هەر بۆیە کاردانەوەی میللەتانی ژێر رکێفی ئیستعمار سەرەتا بە وەلامێکی "دینی" ئەو پرۆسەی داگیرکردنیانداوەتەوە، لێرەش ئیسلام وەك دینێك، کە هیچ جۆرە زوڵمێك قەبوولنا کات، هاندەری رۆحی و سیاسیی و دینی ئەو گەلانە بووە لە دژی داگیرکەر سەبارەت بە عەرەبەکات ئەوانە هەتا قەومییەکانیشیان ئیسلامیان کردبووە پۆشەرێك وەك بلێی داگیرکەر (شەڕی قەومی) لەگەلٚ ئەوانە دەکات نەك (شەڕێکی دینی)، کەچی لە بنەڕەتدا هێندەی داگیرکەر مەبەستی (دین)و (سەروەتو سامان)ی خەلٚکەکە بوو، هێندە لەلای گرنگ نەبوو ئەو ولاتەی داگیری کردووە، ولاتی چ نەتەوەیەکە؟!

دەرئەنجامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی رەوتی ململانێی داگیرکەرو رۆژهەلاتی ئیسلامیی بە ئاقارێکی تردا برد. هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی کە جەماعەتی (ئیتیحاد و تەرەقی) لەدوای کودێتای تەمموزی (١٩٠٨ز)ەوە حوکمی دەوڵەتیان دەکرد، رێخۆشکەرێك بوو بۆ ئەوەی داگیرکەر لەمەودوا شەڕی ناڕاستەوخۆ بکات،

هەروەها حوکمی ناڕاستەوخۆ لەو وڵاتانە بکات، وێڕای هەموو ئەمانەش داگیرکەر بە نەزەر هەندێ قەومەوە لە بری "داگیرکار" بووە "رزگارکەر!".

ئەو شەڕە نەك هەر خولقێنەری "کێشەی نەتەوایەتی" بوو، بەڵکو داڕێژەری نەخشەیەکی سیاسیی نوێ بوو لە رۆژهەڵات، ئەو نەخشە سیاسییە هێندە وردەکاریی تێدا کراوە بە جۆرێ قەت ئەو گەلانەی رۆژهەڵات بەتایبەتی عەرەبو تورك و فارس تەبا نەبن ،چونکە لە کۆندا ئیمپراتۆریەتیان هەبووە سنووری قەلەمڕەوی ئەو سێ ئیمپراتۆریەتە هێندە فراوان بووە، ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپاو رۆژئاوا سەدان حسێبیان بۆ کردوون!!

خەونی تورك و عەرەب و فارس تەواو هەرەسی هێنا، یەك کیانی عەرەبی کرا بەزیاترلە (٢٠) کیانی بەناو قەومیو لە نێوان هەردوو وڵاتێك کێشەیەك چاندرا، کێشەی سنووری عێراق ـ کوێت، سعودیە ـ یەمەن، تونس ـ جەزائیر، لیبیا ـ چاد.. هتد، هەروەها ئەو مەسەلە دینیو مەزهەبیانەی تۆزی مێژوویان لێ نیشتبوو، لە ژێرەوە ژیلەمۆیەکیان گڕدان ئەو ژیلەمۆیە عێراقو لوبنانو سودان باجێکی زۆری بۆ دەدەن، کەچی هەر لە چارەسەر نزیك نابنەوە!!

دوو دەوڵەتی عەرەبی کە لەوانەیە لە ڕووی ئایدۆلۆژیشەوە لەیەك نزیك بووبن وەك (عێراق)و (سوریا) نابنە یەك، جا (٢٠) دەوڵەتی عەرەبی چۆن دەبنە یەك.. ئەو هەموو دەوڵەتەش بانگەشەی عەلمانییەت دەکەن، هەروەها "یەکێتی عەرەبی" یەکێ لە دروشمە سەرەکییەکانیانن.

سەبارەت بە کورد هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان کێشەی نەتەوایەتی لەگەڵ "هاوسێ هاودینەکانی" بۆ دروستکراوە، دەڵێم بۆ دروستکراوە؟ چونکە کورد "دۆزێکی نەتەوایەتیی" هەیە، هەرچی ئەو هاوسێ هاودینانەن ئەوانە کێشەی نەتەوایەتییان لەگەڵ کورد هەیە.

کورد لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا کاری بۆ پان عوسمانیزم دەکرد، ئەمە راستییەکە هەتا زۆربەی ڕووناکبیرو سیاسەتمەدارەکانی کورد ئاوا بیریان دەکردەوە، دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، ئیسحاق سکوتی، ئەمین عالی بەدرخان، شێخ قادری شەمزینی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی حەفید، هەتا

مێژوونووسێکی وەك موحەممەد ئەمین زەکی-یش ئەو راستییە لە "خلاصە"کەی بەیان دەکات.

کەسێکی وەك دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت لە کەسە یەکەمەکانی "ئیتیحادو تەرەقی" بووە، هێندەی عوسمانی بووە، هێندە کوردستانی نەبووە، ئەو ملکەچی مارکسیەتێکی ئومەمی بووە، کەچی هاوڕێ تورکەکانی لە ئیتیحادو تەرەقی کاریان بۆ پان - تورکیزم دەکرد، تورك حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ شێخ مەحموود دەرکردبوو، کەچی ئەو (لە پاش حوکمەکەش!) هەر هاوپەیمانی تورك بوو!

لە دوای توندبوونی پێگەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو تورکیو فارسی هیچ خوێندنەوەیەکی پۆزەتیڤ بۆ (هاودینی)و (هاوسێیی) و (هاومێژوویی) کورد نەکرا، ئەو ناسیۆنالیزمەش وەك ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی بوونە "ناسیۆنالیزمی داگیرکەر"، ئەو سێ هاوسێیە لە ماوەی سەدەی رابردوودا، چەندان نەوەیان لەسەر چەواشەکردنی مێژوو تەلقینداوە، ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریان بە هەموو مەزهەبێکی دینیو سیاسییانەوە لە ئاست کورد وەك یەك بیر دەکەنەوە، وەك یەکیش کار دەکەن!!

لە ماوەی ئەو سەد ساڵەی رابردوودا لەو سێ وڵاتەدا زۆرجار سیستمەکان گۆڕدران - پاشایەتی، کۆماریی، عەلمانی، ئیسلامیی، شیوعیی، کەچی هیچیان جورئەتی ئەوەیان نەکرد، ئەو کێشەیە لەسەر بنەمایەکی "ئینسانی" چارەسەر بکەن، ئەوانە خۆ ئاغا نین ئاگایان لە دنیا نەبێ، زۆربەی ئەو وڵاتانە پەرلەمان، حکومەت، قەزایان هەیە، کەچی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزی نەتەوایەتیی کورد لە هەموو شت بچن لە مرۆڤ ناچن!

+ لە پاش دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کورد توانی چەندین ئەمارەتی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ پێك بهێنێو هەوڵی زۆریدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەوڵەتی میدیا بە شێوازێکی دی زیندوو بکاتەوە، بەڵام پیلانی دوژمنانو دووبەرەکیو شەڕی ئیمارەتەکان وایانکرد یەك لەدوای یەك ئەو ئیمارەتانە لەناو بچن، دەتوانیت چۆن بە شێوازێکی زانستیانە ئەمەمان بۆ شرۆڤە بکەیت؟

سەلام ناوخۆش: كورد له سەردەمی خیلافەتی راشیدی بە ئیسلام ئاشنا بوون، گۆڕینی شێوازی دەسەڵاتو دین هەموو تاكێك بە ئاسانی هەرسی ناكات، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی بەرژەوەندییەكانیان لەگەڵ دەسەڵاتی نوێو دینی نوێ نەسازێ.، كورد ژێردەسەلاتی رۆمی بێزەنتی كە زۆربەی "مەسیحی" بوون، زۆر بێ كێشە بوون، لەگەڵ دەسەڵاتو دینی نوێ، لەناو دەوڵەتی ساسانیش چەندان سەركردی سەربازیی رۆڵی سەرەكییان بینی لە نوشست پێهێنانی دەوڵەتی ساسانیدا، ئەوانە لەژێرەوە موسڵمان ببوون.

لە هەرسێ دەسەلاتو فەرمانڕەوایی "ئومەوی"و "عەبباسی"و "عوسمانی"دا كورد نەك هەر دەسەلاتی لەناو ئەو دامو دەزگایانەی دەوڵەت هەبووە، زۆرێك لە میرانی كوردیش لەناوچەی خۆیان میری ناوچەی خۆیان بوون، هەتا ئەو سێ دەسەڵاتە كاریان بە "ئیسلام" كردووە، كوردو غەیرە كورد لە هەرێمی خۆی حوكمداری خەڵكی دەڤەری خۆی بووە، بوونی ئەو هەموو میرنشینە كوردییە لەو سێ قۆناغەی دەسەڵاتی "ئیسلامیی"دا ئەوە دەرخەن كە هیچ ناكۆكیو هەڤدژییەكی نەتەوایەتی لە نێوان دەسەڵاتی "خەلیفە"و میرنشینی كوردیی نەبووە، ئەوەتە لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبباسیدا كورد نەك هەر میرنشینی هەبووە، بەڵكو دەسەڵاتی بەسەر شام و میسرو ئەرمەنیا.. هەبووە، حكومەتەكەی سەلاحەددینی ئەیوبی لە زۆر ژێدەر هەر بەناوی "حكومەتی ئەیوبی كوردیی" هاتووە، حوكمی دەسەڵاتی سەلاحەددین هێندە دادگەر بووە بە جۆرێ هەتا "عەرەب"و "تورك"ی ئەوسا بە دەسەڵاتی ئەو رازیبوون، كەچی عەرەبو توركی ئێستا بە ناسنامەی قەومی كوردیش رازی نین! !

ئەو كوردانەی ئێستا لە میسرو ئوردن و فەلەستین هەن ئەوە پاشماوەی ئەو كوردانەن كە لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی چوونەتە ئەو شوێنانە، عەرەبی ئەوساش بوونی كورد لە ئوردن و میسرو فەلەستین بە پرۆسەی بەكوردی كردنی وڵاتی عەرەبی تێنەگەیشتوون، هۆكاری سەرەكیش ئەوەیە ئەوسا عەرەبو تورك تووشی پەتای نەتەوە پەسەندی ناسیۆنالیزم نەبووبوون!

بە کورتی هەتا خیلافەت خیلافەتی ئیسلامیی بوو هیچ کێشەیەکی نەتەوەیی‌و ئەتنیکی لەناو خیلافەت نەبووە ئەگەر هەر هەڵگەڕانەوەیەك‌و یاخیبوونێك لە دژی ئەو دەسەڵاتە کرابێ، هۆکارەکەی نەتەوایەتی نەبووە، کێشەکە کێشەی دەسەڵات‌و ستەمی هەندێ والی‌و هەندێ کێشەی ئابووریی بووە.

سروشتی مرۆڤ وایە، کە ناکرێ دنیا هەر ئارامیی‌و تەهی بێ، ئەمە فەلسەفەی مێژووی مرۆڤە، هەبوونی ململانێ‌و یەکتر قەبووڵ نەکردن‌و شەڕ بەیەکتر کردن، راڤەی دەروونی مرۆڤ دەکەن، لەولاش دوژمنانی ئیسلام ئەمەیان پێ هەزم ناکرێ، هەربۆیە ئەوەیان پێیان کرا لە رێگای شەڕی خاچپەرستی کردیان، هەرچەندە لەو شەڕانە نەیانتوانی تەواو ئاکامە ستراتیژییەکانی خۆیان بپێکن، لە پاشان تاکتیکی وروژاندنی نەتەوایەتی، ئایینی‌و مەزهەبی کاریگەریی خۆی کرد، شتەکان هێندە ئاڵۆزبوون هەتا برایەکانیش یەکتریان نەخوێندەوە، شەڕی "مەئمون"و "ئەمین" لەسەر چی بوو؟! ئەو هەموو بنەماڵە میرانەی کورد لەسەر چی یەکتریان تیرۆر دەکرد؟! رووخانی هەر میرنشینێکی کوردی هێندە زاتی بووە، فاکتەری دەرەکی ئەو کاریگەرییەی لەسەر رووخانی نەبووە.

لەناو خودی یەك بنەماڵەدا چەندەها کێشە لەسەر دەسەڵات‌و سەروەت‌و سامانی میرنشینەکە هەبووە! هەر لە ناو خودی میرنشینەکەش چەندەها کێشەی جەرگبڕی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی هەبووە، هەروەها هیچ تاکێکی کورد جگە لە ئەندامانی بنەماڵە بۆیان نەبووە ببنە "میر"! میرو میرزادەکانی کورد زۆربەی هەرە زۆری دەرەبەگ‌و موڵکدار بوونە، ئەو دەسەڵاتە سیاسیی‌و مادییە وایلێکردوون خەڵکی عەوام تەنها مافی رەعیەتی هەبێ نەك دەسەڵاتی سیاسیی!! لەناو عەوامی خەڵکدا رێژەی خوێندەواری هێندە کەم بووە، وێنا ناکرێت، کەچی میرزادەکان وەك خەڵکی عەوامی خۆیان نەبوون، چ لە رێگای مەلاو شێخی خۆیان چ لەو مەدرەسانەی لە بەغداو ئەستەمبوڵ‌و تەبرێزو تەهران هەبوون خوێندوویانە، لەناو کورددا چەند میری رووناکبیری وەك میر شەرەفخانی بەدلیسی هەبووە دەسبەرداری میرایەتی بێت وخەریکی نووسینەوەی مێژووی کوردو کوردستان بە گشتی‌و میرانی کورد بێت؟! ئەو کێشەی ناو ئەندامانی بنەماڵەی میر، میرو

خەڵكی عەوامو میر لەگەڵ میری دی ، فاكتەری لاوازیو روخاندنی ئەو میرنشینانەی هەر سێ سەردەمی ئومەوی و عەبباسی و عوسمانی بوونه . هۆكارێكی تر خیانەتی ئەندامانی بنەماڵەیەك (باوك)و (كوڕ)، (مام) یان (ئامۆزا) له دەسەڵاتی كوردیو پەیوەندیكردن به دەسەڵاتی بەغدا یان ئەستەمبوڵ وایكردووه ئەو میرنشینه بڕوخێ! لەولاوەش به حوكمی ئەوەی ناوچەی كوردی به بەرهەمتر بووه له هەندێ ناوچەی دی دەوڵەت كورد ئەوەندەی ئەركی لەسەر بووه، هێنده مافی نەبووه ،به شێوازێكی تر، تاكی كور بەدەست (ئاغا)و (دەرەبەگ)و (میر)ی كورد دەچەوسایەوه، چونكه دەبوو سەرانه بدات، لەولاشەوه دەسەڵاتی بەغدا یان ئەستەمبوڵ باجی دەوڵەتی دەویست، ئەو باجەش هەر خەڵك دەیدا ! !

لەو پێودانگەوه عەقڵی میری كورد هێنده گەوره نەبوو بیر لەوه بكاتەوه كه ئەویش "دەوڵەتی" هەبێ و لەسەر بنەمای دابی كۆچەری هەر خەریكی فراوانكردنی قەلەمڕەوییەكەی بوو، نەك لەگەڵ میرێكی تر یەكبگرێ و ببێته هێزێكو دەسەڵاتی بەغدا یان ئەستەمبوڵ حسێبێكی بۆ بكەن، هەتا له سەردەمی ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتی سەدەی نۆزدەهەم هەرسێ میرنشینی (سۆران)، (بابان)، (بادینان) ئەوەنده مژۆڵی ململانێو شەڕی یەكتر بوون، هەرگیز كاریان بۆ ئەوه نەكردووه دەوڵەتێكی كوردی دابمەزرێنن، میری سۆران میر موحەممەدی رەواندزی هەر كه هاته سەر حوكم كوشتاری لەناو بنەماڵەی خۆی دەستپێكردو ململانێو شەڕی میری بادینانی دەكرد، كەوته قڕانی ئێزیدییەكان، هەرچەنده ئەمه له ئاكامی ستەمی میری بەزیدیان له بنەماڵەكەی مەلا یەحیای مزوری بوو، میر عەقڵی دامو دەزگای نەبوو، لۆژیكی میر لۆژیكی هێزی چەكداریی بوو، ئەو لۆژیكەش لەگەڵ لۆژیكی دەوڵەتكاریی و سوپای نیزامی جگه له هەڕەشەو نوشست هیچی تری لێ پەیدا نابێت ! كارەساتەكه لەوەدایه رووخانی هەر میرنشینێكی كوردی دەروازەیەك بووه بۆ رووخانی ئەویتر !

+مێژووی دوورو درێژی كورد وابووه سەركرده و دەسەڵاتدارەكانی میرنشین و شۆڕش و راپەڕینەكان كەسایەتی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانه نەیانتوانیوه

تەنانەت لە ژێر کاریگەریی ئایینیشدا بێت، بیر لە پرۆژەیەکی سەربەخۆ خوازیی بۆ نەتەوەکەیان بکەنەوە؟

سەلام ناوخۆش: کەمێك لە میرانی کورد کەسانی ئایینی بوون، بەڵام زۆربەی زۆری سەرکردەکانی شۆڕش‌و راپەڕینەکان شێخ و مەلاو سەیید بوون.

زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەی ئەو شۆڕشانە تەنیا لە چوارچێوەیەك‌و رەهەندێکی ئایینەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئایین کردووە، کەمێك لەو سەرکردانە خاوەنی حزب یان کۆمەڵە بوونە، ئەوانەی رووی دەرەوەی شۆڕشەکە بوون‌و ناسراوی‌و کاریگەرو باکگراوندی بنەماڵەیی‌و هەبوونی موریدو سۆفی‌و پیاوانی عەشیرەت هۆکاری دروستبوونی ئەو جۆرە سەرکردانە بوون!

هیچ یەکێك لە عوبێدوڵڵای نەهری، مەلا سەلیم، شێخ سەعیدی پیران، سەید رەزای دەرسیمی، عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ مەحموودی حەفیدو قازی موحەممەد، جگە لە تێگەیشتنێکی تەریقەتی بۆ ئیسلام تێگەیشتنێکی تریان بۆی نەبووە، بەواتای ئەوانە بە مەنهەجی ئیسلامیی، ئیسلام نەبۆتە پلاتفۆرم بۆیان! ئیسلام وەك هاندەرێکی رۆحی بۆ هاندان‌و وروژاندنی خەڵك بۆ شۆڕش بەکار هاتووە، لە لایەکی تریش ئەوانە دەسەڵاتێکی دینی سەد لەسەدیشیان نەبووە، ئیسلام هیچ تێکەڵ بە سیاسەت نەکراوە، دین هێندە کاریگەری لێکردوون کە شەڕی (ئینگلیز)و (رووس)ی پێ بکەن، یان هەر کە دەسەڵاتی دەوڵەت لە دین هەڵگەرابێتەوە وەك ئەوەی مستەفا کەمال لە تورکیا کردی!

لەوەدا دەردەکەوێ کە ئیسلام تەوزیف نەکراوە وەك "دینێکی سیاسیی، کۆمەڵایەتی"، هەروەها ئەو حاڵەتە نەخوێندەوارییەی کە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی گرتبووە، فاکتەرێکی تر بوو بۆ ئەوەی دین هەر ئەوەندەبێ کە لە لای مەلایەك، شێخێك، یان کۆلکە مەلایەکی گوند بێت، خۆم بەدووری نازانم کە دووری رووناکبیری دینداری کورد لە شارەکان‌و پایتەختەکانی بەغدا، ئەستەمبووڵ، تەهران، هۆکاری تر بێت، دین هەڵنەقۆزرێتەوە بۆ ئاراستەکردنی خەڵك‌و کۆکردنەوەی خەڵك لە کیانێکی کوردیدا.

کورد هەموو شتی لە قەیراندا بووە، ناسیۆنالیزمی کوردیش هەر لە قەیراندا بووە، هەروەك چۆن دەسەڵاتی دینی کوردو کەسایەتییە ئاینییەکان وەك تورك و عەرەب و فارس کاریان لەسەر دین نەکردووە، ناسیۆنالیزمەکەش هەر ئەوها هەژار بووە بە جۆرێ ئەگەر فاکتەری دین نەبووایە، ئەوانە نەیاندەتوانی هەر ئەو چوارچێوەیەش وەربگرن، هەروەك چۆن میرانی کورد، هەرگیز یەککگرتوو نەبوون، بەڵکو هەوڵیشیانداوە دەسەڵاتی یەکتر لاواز بکەن، کام لەو شێخ و مەلایانەی سەرکردایەتی شۆڕشیان کردووە هاوکاری یەکترییان کردووە؟!

ئەدگارێکی بنەڕەتی ئەو شۆڕشانەی کورد بێ مەنهەجی بووە، ئەوەی رێکخستن بووە کورد نەیبووە لایەنە عەسکەرییەکە زۆربەی بە دەست (ئاغا)و (دەرەبەگ)ەکان بووە، ئەوانەشی بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆیان هێندەی بیریان لە بەرژەوەندیی بنەماڵەو عەشیرەتی خۆیان کردووە، هێندە پەرۆش نەبوونە بە دۆزی کوردەوە، کاریگەریی شێخ و مەلا شۆڕشگێڕەکان بەسەر ئەو عەسکەریانە سنووردار بووە ، بە واتای هیچ یەکێ لەو سەرکردانە نەیتوانیوە هەتا ئاغایەك یان دەرەبەگێك بگۆڕی! ئەمەو دەسەڵاتی ئەو شێخ و مەلایانە بەقەد دەسەڵاتی ئاغاو دەرەبەگو سەرۆك عەشیرەتەکانەوە نەبووە، هەر بۆیە ئەو سەرکردە دیینیانە هەر ئەوەندەیان پێکراوە، هەڵگیرسێنەری شۆڕش بن و بەشێك لە خەڵکی دەوروبەریان ئاڕاستە بکەن! هەر کە شۆڕش بەرەو لاوازی چووە زۆرێك لەو سەرکردە عەسکەرییانە کە بە زۆری سەرۆك عەشیرەت و هۆز بوونە، لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان خیانەتیان لە شۆڕش کردووە، شۆڕشەکەیان بە هەرەس بردووە.

لە لایەکی تریش هەندێ لەو شێخ و مەلایانە لەکاتی دەسەڵاتی مەدەنی وڵاتیشدا بە هیچ جۆرێ هێندە تەکنۆکرات نەبوونە کەسانی شایەن لە دام و دەزگاکان دابنێن، نزیکترین شۆڕشی کورد، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودە، کە کەسانێکی زۆر لە بنەماڵەکەی شێخ دەسەڵاتدار بوون، هەتا حکومەتەکەی، حکومەتی شێخ مەحموود نەبووە، بەڵکو حکومەتی شێخ قادری برای بووە !

+ بۆچی كورد لە مێژوویدا نەیتوانی ئاین بكاتە هۆكارێك بۆ دروستكردنی كیانێكی ئایینی مەزهەبی كوردی وەك عەرەب و فارس و تورك كردیان؟

سەلام ناوخۆش: ئاین لە كن كورد زیاتر شەریعەتو دینداریی بوو، نەك مەزهەبێكی سیاسیی، فارسەكان هەر لەگەڵ ئیسلامبوونیشیان بۆ پاراستنی كولتووری خۆیان شێوازێكیان لە دین لەناو یسلام داهێنا بۆ ئەوەی لە غەیری خۆیان جودا بن، سەفەوییەكان لە ژێر سایەی ئەو دینەیان كەوتنە قەلاچۆكردنی سوننی مەزهەبەكانی ئێران و قاجاریو بنەماڵەی شاو هەتا دەسەڵاتی ئێستا داكۆكی لەو دینە دەكەن، دینەكەشیان تەواو لەگەڵ بیركردنەوەو هزری كۆنی فارس سازاندووە، مەزهەبگەری لە لای فارس بۆتە (دین)و (نەتەوە)، لەو پرۆسەیەدا توانیویانە خۆیان لە غەیری خۆیان جودا بكەنەوە، ئەو مەزهەبگەراییە ئینتیمای ئایدۆلۆژیشی بەزاندووە، عەرەبەكانیش خۆیان بە میراتگری ئیسلام دەزانن، لە مێژووی سیاسیی خۆیاندا زۆر سوودیان لە ئیسلام وەرگرتووە، بەڵام لە زۆربەی قۆناغەكانی مێژووی سیاسیان زەرەریان بە ئیسلام گەیاندووە، بە تایبەتی لە سەردەمی "ئومەوی"و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، لە نەزەر سیاسەتمەدارو بیریاری عەرەبیدا عەرەبایەتیو ئیسلام هاڤدژ نین خەڵكیان وا تەڵقین داوە كە عەرەب لە خەتەر بێ، ئیسلام لە خەتەرە! ئەمەو بە حوكمی ئەوەی پێغەمبەری ئیسلام (ص) لەناو نەتەوەی عەرەبدا سەریهەڵداوە، ئەوانە باشو خراپیان خۆیان بە (سەیید)و (ئەولادی رەسوڵ) دادەناوە، ئەو تێڕوانینە قەومییە بۆ دین لە ئاست كوردو گەلانی دی هەر بە بەرژەوەندیی ئەوان بووە! ئەوان نازانن، خەڵك دەزانێ نە پێغەمبەری ئیسلام خۆی عەرەب بووە نە لە پاش خۆیشی هیچ كوڕی لە پاش بەجێماوە تاكو نەوەی لەدوا بەجی بمێنێ، لە نەزەر منەوە ئەو نەزەرییە بۆ دین وامان لێدەكات كە ئەو جۆرە ناسیۆنالیستانە بەنەوەی (أبو جهل)و (ابو لهب) دابنێین!

توركیش لە رێگای ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە توانی بە شێوازیك بێتە ناو مێژووەوە ئەوان دوور لە دین كەسێكی دڕەندەی ئاسیایی بوون، زۆرێك لە خەلیفەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی كاریان بۆ ئیسلام كرد، توانییان ئیسلام

بگەیەننە ئەوروپا، ئەو شکۆیەی هەندێ لە خەلیفەکان بووە کولتوورێکی پڕ دەوڵەمەند بۆ تورکەکان.

کورد بەشی هەرە زۆری سوننە مەزهەبن، ئەوانیتر شیعە، کاکەیی، سابیئە، یەزیدی، مەسیحی، هەتا جوولەکەن، کورد لەدوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدی نەیتوانیوە جارێکی تر دەوڵەت دروست بکاتەوە، ئەوە لەسەردەمی پێش ئیسلام دەرفەتی مێژوویی بۆ نەڕەخساوە، خۆ لە سەردەمی ئیسلامیدا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە بە هۆی ئەو فاکتەرانەی باسمانکرد نەیتوانیوە میرنشینەکە بکاتە دەوڵەت!

کورد لە خیلافەتی (ئومەوی و عەباسی)و (سەفەوی‌و قاجاری)و (عوسمانی) بەشداربووە لە دەسەلات، بەلام، دەسەلاتدار نەبووە! هەردوو خیلافەتی ئومەوی‌و عەباسی سوننە مەزهەب بوون، هیچ چەوسانەوەیەکی ئایینی‌و نەتەوەیی لە ئارا نەبوو، ئەو ستەم‌و ململانێیەی هەبووە لە سەر بنەمای تر بووە، لەو دوو دەسەلاتە کورد خۆی بە بەشێك لە دەسەلاتی دینی‌و سیاسیی دەوڵەت دەزانی، ئاریشەی دەوڵەت‌و هەندێ میر زیاتر لەسەر دەسەلات بووە نەك دین‌و نەتەوە، لە هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی‌و قاجاریدا کورد باجی مەزهەبیداوە، چونکە بەشێکی زۆری کوردی ناو ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە سوننە بوون، دەوڵەتیش شیعە مەزهەب بوو! لە ئاکامی ئەو ململانێیەدا بەشێکی کوردی ئەو دەڤەرە لە پێناو مانەوەی خۆیان بوونە شیعە!

لەسەدەی نۆزدەو بیست دەرفەتی زۆر هەبوو کورد بتوانێ سوود لە دین وەربگرێ‌و بیکاتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کیانێك، بەلام لە لایەك کورد کێشەی لەگەڵ سێ نەتەوە هەبوو، هەرسێکیشیان موسڵمان بوون! ئەو سێ نەتەوەیەش مێژوویەکی پڕ سەروەری ئاینییان هەبوو، جگە لەو باکگراوندەی دەوڵەتکاری ئەو سێ نەتەوەیە، هەرسێك لە رووی ژمارەوەش لە کورد زیاتر بوون، سەرانی کوردیش زیاتر لەگەل هاوژیانیدا بوونە، لەگەڵ ئەو نەتەوانە ئەو کاتە کورد لەسەر دین کاریکردووە کە ئەو دەسەلاتانە لە دین هەڵگەراونەتەوە، شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران ئەوەندەی لە دژی هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت بووە هێندە لە

نەزەر ئەوو موریدەکانی هێندە لە دژی ستەمی نەتەوەیی نەبووە، هەروەها هەتا شێخ مەحمود کە ئینگلیز کردبوویە حوکمداری سلێمانی، کەچی نەیتوانی دەستبەرداری کەمالیەکان بێ یان شەڕی ئەوان بکات!

ئەو فاکتەرە مێژووییانەی لە لای تورك و عەرەب و فارس هەبووەو هەیە لە لای کورد نییە! ئەو داگیرکارانە کە شەڕی کورد دەکەن شەڕێکی قەومیی دەکەن، نەك شەڕێکی دینی، هەروەها ئەوە سەد ساڵە حزبی کوردیی حزبی عەلمانییە نەك دینی ـ بە واتای کاردانەوەی کورد بەرامبەر داگیرکاران قەومیی بووە، چونکە دەسەڵاتەکە قەومیی بووەو بەشێك لە پیاوانی دینی لە (مەلا) و (شێخ) لە دواوەی شۆڕشەکەوە بوون نەك دەسەڵاتدار بن لەو روانگەوە، فیگەری ئیسلامیی کوردی دروست نەبووە، بە واتای هەم داگیرکاران (کە موسڵمان) بوون، هەم حزبی کوردیی کە عەلمانی بوون رێگربوون لە بەرامبەر ئیستغلال نەکردنی دین لە لایەن کوردەوە وەك عەرەب و تورك و فارس.

+لە چ قۆناغێکدا رۆحی کوردایەتی و نەتەوەیی لای کورد بووەتە ئایدۆلۆژیا تاوەکو سوودی لێوەرگرتبێ بۆ هەستانەوە؟

سەلام ناوخۆش: لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا چەند دەوڵەتێك لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی میدیاکان دروست بوون، وەك هەخامەنشینی (ئەخمینی)، ئەشکانییەکان، ساسانی، بوونی ئەو هەموو دەوڵەتە بەو هەموو هێزە شارستانیی و عەسکەرییەوە کوردەکانی بەرەو ئاقارێك برد کە بە ئاسانی بە ئاگا نەیەنەوە، ئەو وشیارنەبوونەوە یاخود قەیرانی وشیاری نەتەوەیی کورد، لە رووێکەوە پەیوەستە بە خودی کورد خۆیەوە، چونکە کورد خۆی کۆچەری و رەوەندی بووە هەتا لە بەراییدا قەبووڵی ئایینی زەردەشتی نەکردووە، خۆی دین دیاردەیەکی حەزاری دەخولقێنێ و خەڵکانی بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئاراستە دەکات.

غیابی دین و ژیانی کۆچەریی و رەوەندی کوردیی فاکتەرێك بووە لەو قۆناغەی پێش ئیسلام کورد نەیتوانی کیانێکی تر وەك ئەوەی میدیا دابمەزرێنێتەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامییدا میرانی کورد چەندەها میرنشینی کوردیان دامەزراندووە، هەندێ لەو میرنشینانە ناوچەگەریی بوون تەنها تایبەت بوون بە

ناوچەیەكی جوگرافی وەك میرنشینی سۆران، بۆتان، بادینان.. هەندێكی تر،هەروەها هەندێكیان

بنەماڵەیی بوونه وەك شەدادی، مەروانی، دۆستەكی، ئەو گیانی "ناوچەگەریی"و "بنەماڵەیی"ە بەشێك بووە لە سیستمی ژیانی حوكمداریی كورد، بە نەزەری خۆم لە سەردەمی میرانی كوردیش رۆحی كوردایەتیو نەتەوەیی نەبۆتە ئایدیۆلۆژیاو بیركردنەوەو بەرنامە، هەر شاعیرێكی وەك ئەحمەدی خانی لە "مەمو زین"دا ئەو راستییە ئاشكرا دەكات كە دەسەلاتی حوكمداریی كورد - میرانی كورد - هێندە بە پەرۆشی خەمی كوردیی "دۆزی كوردی" نەبوون، ئەوەندە عەشایەرو ناوچەگەر بوونە، نیو هەندە بە ئاقاری مەسەلە نەتەوەییەكاندا نەچوونە، هەتا لە سەردەمی بەرەو هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی (ئیتیحادوتەرەقی) ئەو رۆحە كوردییو كوردەوارییە وەك دۆزی نەتەوەیەك لە ئەدەبیاتی رووناكبیرانی كورددا نەبووە، ئەوەتە كەسێكی وەك موحەممەد ئەمین زەكی مێژوونووس دەنووسێ"هەتا توركو عەرەب نەیانگوت توركو عەرەبین، ئێمە هەر دەمانوت "عوسمانین"! بەواتای رۆحە كوردایەتییەكە وەك "كاردانەوەیەك" دروست بووە! نەك وەك پێویستییەكی مێژوو، رۆحە توركایەتییەكەی تورك توركەكانی بە ئاقارێكدا برد كە دەستبەرداری بەشێكی زۆری دەوڵەتی عوسمانی بین، ئەو دەستبەردارییە راستە وای لە تورك كرد تەنیا لە وڵاتی خۆی و بەشێك لە خاكی كورد بگیرسێتەوە، رۆحە عەرەبایەتییەكەی عەرەب هەتا "شۆڕشی گەورەی عەرەبی" لە ژێر ئالای ئینگلیز لە دژی دەسەلاتی خەلیفە بەرپا كرد، بەڵام عەرەب بەو شۆڕشە لە وڵاتی خۆی و بەشێك لە خاكی كورد لە سوریا و عێراق كیانی عروبەی خۆی دامەزراند! !

لەو روانگەوە، بەرای من تەنها ئەو كاتە دەسەلاتی حوكمداریی كوردو رووناكبیری كورد كوردایەتی كردە ئایدۆلۆژیا بۆ هەستانەوە كە هەموو برا هاودینەكانی بە پاڵپشتی رۆژئاوا فێڵیان لێكردو خۆیشیان وەك "یەكەیەكی یەكگرتوو" لە حزبو رێكخراوێكدا كۆ نەبوونەوە بۆ ئەوەی وەك توركو عەرەب بتوانن بەو گیانە پارێزی لەو گیانە كوردەوارییە بەرنامەیەك بۆ داگیركارو دژەكانی

خۆیان دابڕێژن، ئەوەتە ئەو هەموو شۆڕش و راپەڕینەی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەرپا بوو، هەست بەو وجودە مەعنەوییەی کوردایەتی ناکرێ!

ئەو شۆڕشانە بە "شۆڕشێکی میللی" و "هاکەزایی" دەچن، ئەو پەرتەوازەییە هەر لەسەر جۆری بیرکردنەوەی تاکی کوردو دەسەلاتی حوکمڕانی کورد لە میرو ئاغاو دەرەبەگ سەرچاوەی گرتبوو، گومانی تێدا نییە کە ئەو راپەڕین و شۆڕشانە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە قەدەغەکردنی زمانی کوردیی و ناسنامەی کوردیی و خوێندنی کوردیی هەتا "قڕانی" کوردیی بووە، بەڵام هەر هەستانەوەیەك مەحکوم بووە بە نسکۆیەك و پاشاگەردانییەك، چونکە نە هەستانەوە قەومییەکە خەتی یەکلاکەرەوەی کورد لەگەڵ غەیری کورد بووە، نە ئەو شۆڕشانەش رێکخراوو ئامانجی دیار بوون، لە هەمووشی کارەساتتر ئەوە بوو دەسەلاتی حوکمڕانی کورد لە ناوچەگەریی و ڤیگەری عەشایەری ڕزگاری نەببوو. هەرئەو دوو فاکتەرەش وایکردبوو شۆڕشەکان هەر بەناوی کەسەکان یان ناوچەکان بێت وەك شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئاگری داغ، سەید ڕەزای دەرسیمی، شێخ مەحموود، مەلا مستەفای بارزانی ...هتد.

لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی

ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگای بزاڤی شیوعیەت لەئێران و عێراق کەوتە ناو کوردەوە. دەرکەوتنی شیوعیەت لەناو کورد لایەنێکی نێگەتیڤ و لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبوو. هەر بۆ نموونە، بەحوکمی ئەوەی شیوعیەت ئومەمییە لەسەر "ململانێی چینەکان" دامەزراوە و ناسیۆنالیزم بەجۆرێك لەپاشکەوتوویی دادەنێ، ئەو بزاڤە وایکرد دابەشکردنی کوردستان حەتمی بێت، ئەوان لەسەر یەکێتی خاکی عێراق کاریان دەکردو لەمەلیکی مەلیکی عێراقی مەلیك تربوون. مەلیك سیاسەتی دەکرد و هەرچی شیوعیەت بوو وەك عەقیدەو تەنزیرکردن بۆ فەلسەفەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی شتی بۆ عێراق دەکرد، ئەوان هەتا لەسەر ئەو باوەڕە کاریان دەکرد کە لە عێراقدا یەك گەل و یەك وڵات هەیە، هەر بۆیە "بلد حر، شعب سعيد" شیعاری مەرکەزی ئەو فیکرەیە بوو، زۆرێك لە کوردانیش کەوتنە ناو ئەو گەمەوە هەتا ناویان بە "عێراقچی" چوو بوو، ئەو عێراقچییەتییە لە هەشتاکان

گەورەترین ئینشیقاقی لەناو بزاڤی ماركسیەت لە كوردستان دروستكرد لایەنی پۆزەتیڤی شیوعییەت بوو، كوردی فێری رێكخستنی حزبی دەكرد، ئەوە جۆرە رێكخستنە پێشتر لەناو كورددا هەرگیز بەو جۆرە نەبووە، لەناو ئەو شیوعیانەی كورد كەسانێ دروست بوون كە رۆحی كوردایەتی بكەنە فاكتەری هەستانەوە، ئەمەو كە شیوعییەكان بینییان ئەوە خەریكە شیوعییەت لەناو كورددا رەوتێكی تر وەردەگرێ، كەوتنە هەزار ناوو ناتۆرە لە بزاڤی كوردایەتی، ئەو بزاڤە كوردایەتییەی ناو پارتیو هەستانی شۆڕشی ئەیلوول ئەوەی ساغ كردەوە كە كورد كێشەیەكی قەومی لەگەڵ دەسەلاتی بەغدا هەیە نەك كێشەیەكی دینی، فیكریی، یاخود تەبەقی، هەر بۆیە لە شۆڕشی ئەیلوول خەڵك ئەوەندەی كوردایەتی دەكرد حزبایەتی نەدەكرد، ئەمەو هەبوونی دوو گروپی هاڤدژ لەناو هەناوی پارتیو (شۆڕش)دا چارەنووسی كوردایەتیی شۆڕشی بە چارەنووسی شۆڕشەكانی دی كورد برد.

وەك تیۆریزەكردنو تەنزیكردن بۆ كوردایەتیی، بە قەناعەتی (كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد)و (كاژیك)و لە پاشان (پاسۆك) توانییان كوردایەتی بكەنە ئایدۆلۆژیا، بەلام ئەو ئایدۆلۆژیایە، چونكە هەڵگرانی لەناو كۆمەڵگەی كوردەواریدا جێگەیان نەبووەوە سەركردایەتیی كلاسیكی كوردیش رابەرایەتی رەوتەكەی نەكردن، بۆیە نەیانتوانی ببنە رابەری هەستانەوە، ئەمەو پاشان لەدوای هەرەسی ١٩٧٥ز لە ژێر كاریگەری بەرنامەی "كاژیك"دا لە هەموو حزبێكی تر زووتر هەستانەوە، بەلام نەیانتوانی ببنە بەدیلی ئەو كوردایەتیەی (پارتی)و (كۆمەڵە)و (سۆشیالیست) كاریان لەسەر دەكرد.

+ بە وردبوونەوە لە ئەزموونی مێژوویی و بەپێی دەركەوتە سیاسییە نوێیەكان هەریەك لە دەوڵەتە سەردەستەكانی ئەمڕۆو دوێنێ لە (عەرەب، تورك، فارس) كامیان بە شێوەیەكی رێژەیی ئامادەیی تیایە لە هاتنە پێشەوە بۆ چارەسەری قەزیەی سیاسیی كورد؟

سەلام ناوخۆش: پەیوەندیی (كوردو عەرەب) و (كوردو فارس) ئەدگارێكی تایبەتی هەیە، لەگەڵ عەرەب مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە، پەیوەندییەكی

دینیو مەزهەبی بە عەرەبی دەبەستێتەوە، لەگەڵ فارس، پەیوەندییەکی (خزمایەتی)و (زمان)یی بەیەکیەوە دەبەستێتەوە، هەرچی لەگەڵ تورکە ئاکامی دەوڵەتکاری دروست بووە، هەروەها دەسەڵاتی بەرایی دەوڵەتی عوسمانی هۆکارێکی تر بووە لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییەدا، رێککەوتننامەی سوڵتان سەلیمو مەولانا ئیدریسی بەدلیسیو میرانی کورد سەرەتایەکی باش بوو بۆ تەناهی دەوڵەتی عوسمانیو لابردنی هەڕەشەی شیعەگەریی!

کورد لە (عێراق!) ژمارەی زۆر کەمترە لە تورکیاو ئێران، کەچی کوردی ئەو بەشەی وڵات توانیویەتی رێژەیەك لە مافەکانی زیاتر بەدەست بێنێ.

عەرەبی عێراق ئامادەگی زیاتری تێدایە، ئەمەش پەیوەست نییە بە نیازپاکی دەسەڵاتی عەرەبی بەرانبەر کورد، بەڵکو پەیوەستە بەو کێشە مەزهەبییەی لەناو عەرەبی عێراقدا هەیە، هەروەها بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق کورد بەشدارییەکی سیاسیی لەو کیانەی بەغدا کردووە، هەتا لە سییەکانو چلەکانی سەدەی بیستەم کوردی دەرەوەی دەسەڵاتی بزاڤی رزگاریخوازی کورد رۆڵی بەرچاویان لە سیاسەتی عێراقیدا هەبووە، هەتا (بەکر سدقی) توانی بۆ ماوەیەك ببێتە کەسی یەکەمی عێراق لە رووی عەسکەرییەوە، هەتا توانی حکومەتی عێراقی دابمەزرێنێ، ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی چلەکانیش لەناو سوپای عێراقدا کاریگەریی خۆیان هەبووە، هەر ئەمەش وایکرد عەبدولکەریم قاسم لە بەرایی شۆڕشدا دان بە مافی نەتەوەی کورد لە عێراقدا بنێو کورد بە برابەش لەگەڵ عەرەب دابنێ!

لەلایەکی تریش هەر لە بیستەکانەوە کورد لە شۆڕشکردن سارد نەبۆتەوە بە جۆرێ هەندێ شوێنی کوردستان هەیە لە مێژووی سیاسیی دەوڵەتی عێراقیدا سەربازی عێراق نەیگەیشتۆتێ لە شەستەکان بەسەرەوە، کوردی بەشەکانی دی کوردستانیش هاوکاریی بزاڤی سیاسیی کوردستانیان کردووە، بۆیە عەرەب لە رووی عەسکەرییەوە دەرەقەتی کورد نەهاتووە، حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق هەموو هۆکارێکیان بەکارهێناوە بۆ دەمکوتکردنی شۆڕشی کوردییو

سڕینەوەی ناسنامەی قەومی كورد، سێكوچكەی "بەعسی كردن، عەرەبكردن، كۆچ پێكردن" نەیتوانی ستراتیژیەتی عروبە جێبەجێ بكات.

وێڕای ئەمانەش عێراق لە رواڵەتدا هەر دژی ئیسرائیل بووەو هەروەها ناوەندی ململانێی هەردوو كامپی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی بووە، كێشەی فارس و عەرەبیش لە عێراقدا، رەگێكی قووڵی هەیە، عەرەبی سوننە هەر بە گومانەوە لە عەرەبی شیعەی روانیوە، بە جۆرێ لە ساڵی ١٩٢١ ـ ٢٠٠٣ز سەرۆك حكومەتێكی شیعە لە عێراقدا حكومەتی دانەمەزراندووە كە ببێتە سەروەرییەك بۆ شیعەكان ! !

لە بیستەكان بەریتانیا باشووری كوردستانی كردە بەشێك لە عێراقی عەرەبی هەر بۆ ئەوەی رێژەی شیعە لە عێراقدا نەبێتە خەتەرێك لەسەر بەرژەوەندییەكانی بەریتانیا !

ئەو هۆكارانە وای لە عەرەبی عێراق كردووە (چ سوننە بە ناچاریی، چ شیعە لە رقی سوننەكان) دان بە بەشێكی مافی كورددا بنێن و چارەسەرێكی سیاسیی مامناوەند بۆ دۆزی كورد بكەن.. هەرچی فارسە چونكە لەگەڵ بەشێكی زۆری كورد دژ مەزهەبە، ئەوە خوێندنەویەكی مەزهەبی بۆ كورد دەكەن، نەك خوێندنەوەیەكی نەتەوەیی، هەرچی توركەكانن ئەوە لە ئایندەیەكی نزیكدا چاوەڕێی ئەوەیان لێناكرێ ئەو ئامادەگییەیان تێدابێ بۆ چارەسەری سیاسیی دۆزی كورد.

+ كورد لەم قۆناغەی ئێستایدا دەتوانێت لە كام لە رووكانی (ئایین، نەتەوایەتی، عەلمانییەت) بە چارەسەری دۆزی رەوای بگات؟ لەلایەكی دیكەوە ئایا ئەم سیانە كامیان زۆرترینی بەشدارییان هەبووە لە نەهامەتییەكانی كورددا؟

سەلام ناوخۆش: ئەم سێ چەمكە، هەرسێ فرە رەهەندن، هەر سێ بە هەندێ تارمایی و لێڵییەوە دەورە دراون، ئایین چی دەگەیەنێ؟ ئایین لە لایەن بابایەكی عەوام پەیوەندییەكی رۆحی نێوان خالق و مەخلوقە ! ئەو پەیوەندییە زاتییە لەوەی بابەتی و هەمەلایەن بێت، ئەو تێڕوانینەی شێخ و سەیید و سۆفی و دەروێش بۆ ئایین زۆر جودایە لە بیریار یان لێكۆڵیارێكی ئیسلامیی لەناو كورد، هەتا هەشتاكان كۆمەڵێكی زۆر كەم نەبێ هەر وەك شێخێك یان مەلایەكی كلاسیكی لە ئایین

گەیشتبوو، لە کوردستان ئایین ئەوەندەی تەریقەت بووە ئایدۆلۆژیای سیاسیی یان هزری سیاسیی نەبووە، ئەم دیاردەیە هەتا لە نێوان بزاڤی رزگاریخوازی کوردیشدا هەر وابووە، کورد ئەوەندەی خاوەن تەریقەتی هەبووە هزرڤانێکی ئیسلامیی نەبووە! ئەو خاوەن تەریقەتانە چ قادریی یان نەقشبەندیی یان "رەفاعی"، "قەول"، یان دین بووە، موریدو دەروێشەکانیان ئەوەندەی پابەندی "قەولی"ی ئەوانە بوونە ئەوەندە پابەندی بنەماو شەنگستەکانی دین نەبوون ! ئەو جۆرە "دین"ە خێوێکی لەزەینی تاکی گوندیی کورد دروستکردووە، بۆیە بە پێچەوانەی چەندان ئایەتی "یتفکرون، یعلمون، یدبرون.."، بیرکردنەوەیان لە دەرەوەی ئەو بازنە پڕ تەلیسمەی دینی شێخ یان سەیید بڕی نەکردووە !

ئەو جۆرە "دین"ە شۆڕشی کردووەو تاقەتی شۆڕشیشی هەبووە، بەڵام بەو میکانیزم و عەقڵیەتەوە بەشی هەر نشوستی بووە، چونکە ئەوی بەرامبەر (دین)و (چەمك)و (هێز)و (تاکتیك)ی لەو بەهێزتر بووە، ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ دین هەر "دینداریيەکی تەقلیدیی" پێدەکرێ و چارەسەری دۆزێکی نەتەوەیی پێناکرێ، ئێستا زەمەن زەمەنی ئەو شێوازەی دین نییە، دین ئێستا وەك بەراییەکەی شەریعەت، دینداریی، دەوڵەت، فیکری سیاسییە، بەهاو بنەما رەسەنەکانی دینی شامیل راڤەو تەئویلی زۆری بۆ کراوە لەمەش زیاتر، هەر تەنیا تەیاری عەلمانی تاوانبار نییە، بەڵکو ئەوانەی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵدا بە "ئیسلامیی"یش ناسراون، بەشێکن لەو ئاریشتەو قەیرانەی بۆ "دین"یان دروستکردووە ! ! جا ئەگەر دین لەو قەیرانەی بۆی دروستکراوە بە دەست عەلمانیی و ئیسلامییەکانەوە ناتوانێ بە ئاسانی چارەسەری دۆزێکی وەك دۆزی رەوای کورد بکات، ئەوەتە حزبی ئیسلامیی عێراقی لە پێناو پاراستنی رێژەی لایەنگرانیان هەموو بنەما ئینسانییەکانی ئیسلام پێشێل دەکەن، بڕیار لەسەر ماددەی (٢٤)ی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەدەن!

ئەوان چۆن دەتوانن چارەسەری دۆزی رەوای کورد بکەن؟! لێرە کێشەکە لە "دین"دا نییە، بەڵکو راڤەو تەئویلی ناسیۆنالیستانەی ئەو حیزبانەیە !

نه‌ته‌وایه‌تی یاخود بیری نه‌ته‌وایه‌تی یان كورد واته‌نی كوردایه‌تی ئه‌وه‌نده‌ی دروشمه‌، ئه‌وه‌نده‌ ئامانجێكی ستراتیژی بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی و عه‌لمانی كورد نییه‌، هه‌موو شۆڕشه‌كانی كورد به‌ ناوی "كوردایه‌تی" ده‌كران، هیچ شۆڕشێكیش سه‌رنه‌كه‌وت! ده‌بێ كێشه‌كه‌ له‌چیدا بێ؟! كوردایه‌تی له‌ لایه‌ن عه‌لمانییه‌ك یاخود ناسیۆنالیستێك شتێكه‌ زۆر جودایه‌ له‌و كوردایه‌تییه‌ی له‌ زه‌ینی خه‌ڵكی عه‌وامی كورددایه‌!

نه‌ته‌وایه‌تیی له‌ رۆژئاوا وه‌ك ئه‌لته‌رناتیڤێك بۆ (دین)و (كه‌نیسه‌) دروست بوو! هه‌ر كه‌ نه‌ته‌وایه‌تیی هه‌بوو ئه‌وا (نه‌ته‌وه‌ی بالا ده‌ست)و (نه‌ته‌وه‌ی ژێر ده‌سته‌) بوونی هه‌یه‌! كورد خۆی له‌ هه‌موو به‌شه‌ داگیركراوه‌كانی وڵاته‌كه‌یدا تووشی به‌ تووشی ناسیۆنالیزمێكی مه‌ده‌نی نه‌بووه‌ هه‌تا بتوانن به‌ كه‌مترین كێشه‌ له‌گه‌ڵ یه‌كتر بژین، به‌ڵكو به‌ نه‌ته‌وه‌ی بالاده‌ست هه‌رده‌م هه‌ڵگری ناسیۆنالیزمی كولتووریی و ره‌گه‌زی بووه‌، كه‌ كوردی له‌سه‌ر كوردستان پێ قه‌بووڵ نه‌بووه‌و نییه‌!

له‌ جیهانی عه‌ره‌بیدا نه‌ته‌وایه‌تیی هێنده‌ی فاكته‌ری ئاڵۆزكردنی "یه‌كێتیی عه‌ره‌بی" بووه‌، هێنده‌ هۆكاری ته‌بایی و ته‌ناهی تاكی عه‌ره‌ب نه‌بووه‌، ناسیۆنالیسته‌كانی وه‌ك (جه‌مال عه‌بدولناسر، حافز ئه‌سه‌د، صه‌ددام.. هتد) جگه‌ له‌ غافڵكوژی رۆحی تاكی عه‌ره‌ب چی تریان بۆ عه‌ره‌ب كردووه‌؟!

عه‌ره‌بایه‌تی له‌ جیهانی عه‌ره‌بیدا چه‌نده‌ها ته‌ئویلی بۆ كراوه‌، به‌ جۆرێ ماركسییه‌ك، دیموكراسیخوازێك‌و ئیسلامییه‌ك له‌ به‌رامبه‌ر كه‌مایه‌تییه‌ دینیی و قه‌ومییه‌كانی ناو وڵاته‌ زۆره‌ ملێكانی جیهانی عه‌ره‌ب خاوه‌ن یه‌ك بۆچوونن، به‌ڵام بۆ خۆیان هه‌ریه‌كێ به‌ جۆرێ ته‌ئویلی بۆ ده‌كات، له‌مه‌دا زۆر ئاسایی بوو میشیل عه‌فله‌ق و خه‌یروڵڵا توفاح وه‌ك یه‌ك بیر بكه‌نه‌وه‌!

توركه‌كان زیاتر له‌ سه‌د ساڵ مژۆڵی ناسیۆنالیزمی ره‌ش بوون له‌ ئاكام به‌ خۆیان و تیۆره‌كانیانه‌وه‌ كه‌وتنه‌ ناو زبڵدانی مێژوو!

عه‌لمانییه‌ت، كام عه‌لمانییه‌ت؟! عه‌لمانییه‌ت هه‌تا له‌ ئه‌مریكاو به‌ریتانیا وه‌ك یه‌ك ناخوێنرێته‌وه‌، ئه‌دی ده‌بێ له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ی به‌ زۆره‌ملێ به‌سه‌ر

هاوولاتییەکانیانەوە سەپێندراون چۆن بێت؟ لە رۆژئاوا کە دین جەوهەرو ئەرك و بوونی خۆی لەدەستداوە بووە بە ئالیەتێك بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤەکان لە بەرامبەردا سیاسیی و رووناکبیرانیان بیریان لە سیستمێك کردەوە کە هیچ پەیوەندیی بە "دین"ەوە نەبێت، ئەو خۆبەریکردنە لە دین لە هەردوو ئەوروپادا تەئویلی جودای بۆ کرا، ئەو دەوڵەتانەی کە ناسرابوون بە ئەوروپای رۆوژهەلات وەك ولاتانی یەکێتیی سۆڤیەت تەواو لە دین جودا بوونەوە، تەواو بە پێچەوانەی فیترەتی ئینسانیی خۆیان خودایەکی وەهمییان بۆ خۆیان دروستکرد، ئەو ولاتانە لە بەرامبەر ئیستیعماری رۆژئاوای سەرمایەدار وەك گەلای پاییز یەك لەدوای یەك رووخان!

لە غیابی دین و ئیلحادی شیوعییەتدا عەلمانییەت لە ئەوروپای رۆژئاوادا جۆرە تەناهیەکی سیاسیی و مالّی لەو ولاتانە بەرپا کردووە، بەلام ئەو "تەناهییە رۆحی"یەی مرۆڤ هەر کات پێویستی پێیەتی لەوێ بەدەست ناکەوێ!!

بە تێروانینی من ئیسلامی راست و دروست دەتوانێ چارەسسەری هەر کێشەو دۆزێکی سیاسیی و کۆمەلایەتی و ئابووریی بکات، بەلام ئەوەی گرنگە کێ ئەو ئیسلامە هەلّدەگرێ، ئەو "ئیسلامە" عیملاقە بە قەزەم هەلّناگیرێ ئەوەی گرنگە هەیبەت و قودسیەتی مرۆڤ پارێزراو بێت وەك چۆن خودا مرۆڤی ئازاد کردووە لەوەی چ بیروباوەرێك هەلّدەبژێرێ، ئەوەهاش هەلّگرانی ئیسلام مرۆڤ ئازاد بکەن جیهانێکی پڕ رەفاهیەت و تەناهی رۆحی بەرپا دەبێ!

هەرسێك لەوانەی تۆ دەیلێیت بەدەست هەلّگرانی نەهامەتیی بوونە بۆ کورد، بەلام عەلمانییەت زۆرترین بەشداریی هەبووە لە نەهامەتییەکانی کورد لێرەش هەر تەنها عەلمانییەتی داگیرکار بەشدار نییە لەو نەهامەتییە، بەلّکو عەلمانییەتی کوردیش بەشێك لەو نەهامەتیانەی بەردەکەوێ!

سەرچاوەکان

أ- پەرتووکەکان:

١- ئازاد مستەفا، نەتەوە و نەتەوایەتی. چاپخانەی شەهید ئازاد، ج٢، ١٩٩٢ز.

٢- ئیحسان نوری پاشا، راپەڕینی ئاگری داغ، کوردستان، ١٩٩١ز، چاپی یەکەم.

٣- حیکمەت محمد کریم، شۆڕشی نەگۆڕو جیهانی گۆڕاو، ١٩٩٠ز.

٤- د. عبد الرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووەم، ١٩٨٠.

٥- درك کینانی کورد و کوردستان، لەندەن، ١٩٧٠ز چاپی ئینگلیزی.

٦- سەلام، دۆزی کورد لە نێوان داچوون و هەڵچوونێکی ناکۆك دا ١٩٢٣-١٩٩٠ز.

ب- گۆڤار و رۆژنامەکان

١- گۆڤاری پەیامی راستی، ژ-٨- سلێمانی ، ١٩٩٢ز.

٢- گۆڤاری رابوون، ژ-٢-سوید، ١٩٩١ز.

٣- گۆڤاری کادیر، ژ-٢٧- کوردستان، ١٩٩٢ز.

٤- گۆڤاری شەفەق، ژ-١٠- بەرگی یەك، کەرکووك-١٩٥٨ز.

٥- رۆژنامەی خەبات، پ. د. ك.

٦- رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ی. ن. ك.

٧- رۆژنامەی ئالای ئازادی، ح. ز. ك. ع.

٨- رۆژنامەی بیری نوێ، ژ-١٠-٦، ساڵی ١٩٧٢ز.

٩- رۆژنامەی هاوکاری.

سەرچاوەکان

١- جۆرج بالۆش هۆرقای کێشەی ئەدەب و سیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان. هەولێر، ١٩٩٣ز ئەو کتێبە خۆی ناوی (الأديب و مفوضي

الشرطة)، محمد حريري، له ١٩٩٣ تەرجومەی کردووه و چەند دانەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوه.

٢- گۆڤاری المنار، ژ:٦٣، ئازاری ١٩٩٠، ئەو ژمارەیە زۆر بابەتی گرنگی له خۆ گرتووه وەك: نهايه اللينينيه، المشكله الديمقراگيه فى الدول الّشيراكيه .

٣- گۆڤاری التوحيد، ژ:٧٦، حزيران ١٩٩٥، - الأسلام و الديمقراگيه و الغرب روبن رايى ٧٨-٩٢.

- صراع الليبراليه مع الأسلام، ص ٣٦-٤٣.

٤- سەلام، دۆزی کورد له نێوان داچوون و هەڵچوونێکی ناکۆکدا، هەولێر ١٩٩٢ز.

٥- ئەنکلز: أصل العائله .

٦- لينين : دەوڵەت.

٧- رۆژنامەی رێگای کوردستان، ژ: ١٨٥، رۆژی ١٩٩٥/١٢/١٢ز.

پەراوێزەکان

١- رۆژنامەی هاوکاری، د.کمال مەزهەر، پيريسترويکا و کورد.

٢- گۆڤاری رابوون، ژماره ٢، لا١١١.

٣- پەراوێزی ژماره -١-.

٤- لێرەدا ئەوه دێنێت بەراوردێکی ئەو بۆچوونه لەگەڵ هەڵوێستی بەعسييەکان سەبارەت بە کوردستانی بوونی شاری کەرکووك بکەین، لە دەفتەری بەعسییەکان کەرکووك شارێکی عێراقییه یاخود روونتر بڵێین عەرەبییه، بەڵام له راستیدا کوردی نییه؟!، بە کوردی زانینیشی سەبارەت بە بەعس تاوانێکی گەوره نییه؟ به هەمانشێوه نەخچەوان له راسیتدا شارێکی کوردییه با هەر سۆڤییەت و سۆڤییەتییەکان بە کوردی بوونی بە تاوان بزانن.

٥- رۆژنامەی بیری نوێ، ساڵی ١٩٧٢ز.

٦- کورد له یەکێتیی سۆڤییەتدا، نووسینی کەنداڵ، وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوه سەلام عەبدوڵڵا.

٧- رۆژنامەی خەبات، نووسینەکەی د. کەمال سەیدۆ قەرەداغی.

٨- سه‌رچاوه‌ی پێشوو.

٩- درك کینان، کورد و کوردستان ،چاپی ئینگلیزی، لا٤٥.

١٠- گۆڤاری شه‌فه‌ق ، ژ—١٠— به‌رگی یه‌ك، لا:١.

١١- رۆژنامه‌ی بیری نوێ.

١٢- ئازاد مسته‌فا نه‌ته‌وه و نه‌ته‌وایه‌تی.

١٣- گۆڤاری شه‌فه‌ق، ژ—١٠—لا:٤.

١٤- شۆڕشی نه‌گۆڕ و جیهانی گۆڕاو.

١٥- شێخ مه‌حموود له ٢٠ی کانوونی دووه‌می ١٩٢٣ و "٧"ی حوزه‌یرانی ١٩٢٣ و ٢٧ی ته‌موزی ١٩٢٣ز سێ نامه بۆ لینین ده‌نێرێت سه‌باره‌ت به باری کورد و هه‌ڵوێستی کورد سه‌باره‌ت به یه‌کێتیی سۆڤییه‌ت.

١٦- گۆڤاری (کادیر)ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

١٧- ته‌ماشای هه‌ڵوێستی بوکشبان بکه سه‌باره‌ت به‌وانه‌ی دوو قسه‌ی خێریان بۆ کورد کردووه له سۆڤییه‌ت "پیرۆسترویکه و کورد".

١٨- له‌وانه‌یه هه‌ندێك بڵێن جۆزیف ستالین جۆرجی بووه، چۆن ده‌بێت ئه‌مه‌ی کردبێت. ئێمه‌ش هه‌ر هێنده ده‌ڵێین زیا ئالب کوك کورد بوو، دژی ئه‌وه بوو پێی بڵێن کورد، هه‌روه‌ها کوردیشی به تورك ده‌زانی یاخود ئایا ته‌ها یاسین ره‌مه‌زان و ته‌ها محێدین مه‌عروف کورد نین و کورد به عه‌ره‌ب ده‌که‌ن!.

١٩- رۆژنامه‌ی ئاڵای ئازادی، زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان.

٢٠- سۆڤییه‌ت به مه‌رج سوپای سووری له کوردستانی ئێراندا کشانده‌وه. ئه‌و مه‌رجه‌ش ئه‌و رێکه‌وتنه‌س ستالین/ قه‌وام سه‌ڵته‌نه بوو. هه‌روه‌ك له ده‌قی رێکه‌وتنامه‌که‌دا هاتووه:

١- له‌شکری سووری سۆڤییه‌ت له رۆژی ١٩٤٦/٣/٢٣ز تا مانگ و نیوێك خاکی ئێران به جێ ده‌هێڵێت.

٢- شیرکه‌تێکی تێکه‌ڵی نه‌وتی ئێران و سۆڤییه‌ت پێکدێ له ١٩٤٦/٣/٢٣ز هه‌تا ١٩٤٦/١٠/٢٣ز.

ڕێکەوتنامەکە لەسەر ئەم شیرکەتە بۆ پەسەندکردنی دەدرێ بە مەجلیسی پازدە. بە پێی ئەم ڕێککەوتنامەیە دانرا بوو شیرکەتێکی تێکەڵ بۆ ئەم مەبەستە پێك بێ کە ماوەی (٥٠) ساڵ لە ناوچەکانی شیمالی ئێران نەوت دەربێنێ. لە ٢٥ ساڵی یەکەمدا بەشی ئێران ٤٩٪ قازانج و بەشی دەوڵەتی سۆڤییەت (٥١٪) بوو. لە پاش (٢٥) ساڵ قازانجی هەردوو لا دەبوو بە (٥٠٪). بە دوای تەواو بوونی (٥٠) ساڵەکە ئێران دەیتوانی بەشی سۆڤیەت بکڕێ و هەموو شیرکەتەکە بکا بە هی خۆی. "لە ئاکامدا لە (١١)ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٦ز) حکومەتی ئازەری ئاشبەتاڵی لێکرد و حکومەتەکەی کوردستانیش لە ١٢ی هەمان مانگدا بڕیاری شەڕنەکردنی ڕاگەیاند. دوای ئەوەی ئەرتەشی شۆڤێنی ئێران هەردوو کۆمارەکەی ڕووخاند. ئێران لە (٢٣)ی ئۆکتۆبەری (١٩٤٧ز) ڕێکەوتنامەکەی پێشووی، ستالین–قەوام سەڵتەنە،"بەشتێکی هەروا بزانە نەبووە"دانا.

٢١ـ گۆڤاری ڕابوون، ژ–٢–لا:٣٢.

٢٢ـ گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ–٨–لا ٣٨،٣٦.

٢٣ـ لازاریف، وەرگێڕانی سەعد عەبدوڵڵا، ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن، هەولێر، ١٩٩٢ز.

٢٤ـ دکتۆر جرجیس حسن، ترکیا في الأستراتجیة الأمریکیة بعد سقوط الشاه، ١٩٩٠.

٢٥ـ کرۆنۆلۆجی مەسەلەی مووسڵ، نووسنی کمال ئۆقە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە سەلام ، هەولێر ١٩٩٣ز.

٢٦ـ جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنال کورد، سوید، ١٩٨٥.

٢٧ـ Kurdistan News No ٨Nov. ١٩٩٣.

٢٨ـ ڕابوون، ژمارە –٦–.

٢٩ـ د.عبدالرحمن قاسملوا، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، ج٢–١٩٨٨ز.

٣٠ـ سەرچاوەی پێشوو.

٣١ـ سەلام، دۆزی کورد لە نێوان داچوون و هەڵچوونێکی ناکۆکدا، هەولێر، ١٩٩٢ز.

٣٢- لازاریف ئەو هۆکارانەی.

٣٣- د.جرجیس حسن، ترکیا فی...

٣٤- گۆڤاری رابوون، ژمارە -٢-.

٣٥- کتێبی العراق دولە منقمە السریە.

٣٦- Kurdistan News No. ٢ May ١٩٩٢

٣٧- کتێبەکەی ئاسمی رەباتی.

٣٨- ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش زێتر تایبەتە بە لایەنی مرۆڤایەتی نەك سیاسیی، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە هەر بڕیارێکی لەو بابەتە دەکرێ لە داهاتوودا مەسەلەی سیاسییش بگرێتەوە. ئەگەر بێتو سۆڤییەت نەرووخابا، ئەو بڕیارە بێ ڤیتۆی سۆڤییەت نەدەبوو! ئەوەی شایەنی باس بێ، لە پازدە ئەندامی ئەنجوومەن دە دەنگ رازیبوونی خۆیان دەربڕی، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمریکا، سۆڤییەت، سێ دەنگیش دژی بوون: کوبا، یەمەن، زمبابۆی، هەردوو دەوڵەتی چین و هیندیش هیچ دەنگێکیان نەدا.

٣٩- هاوکات لەگەڵ بڕیاری (٦٨٨) سەرانی بەرەی کوردستانی عێراق بەرەو بەغدا کەوتنە رێ بەو نیازەی ئەمجارە سەددام چەندی وەرگرتبێ و چۆنە حوکمی زاتی بە کورد بدات.. لە پاشان هەندێك لە سەرانی رۆژئاوا کەوتنە نەقدکردنی سەرانی کورد، دەیانووت ئەگەر ئێوە نەچوونایەتە بەغدا ئەوا لەوانە بوو هەڵوێستی رۆژئاوا سەبارەت بە کورد باشتر بووایە، بەڵام لە راستیدا ئەمە هەر وەك ئەحمەد بەگی جاف واتەنی هەر "قسەت رووت" بوو ئەگەر نا مەسەلەئ گفتووگۆ کردن یەکێك لە خاڵەکانی بڕیاری (٦٨٨) بوو.

٤٠- کوردستانی بندەستی ئێران لە پەیمانی زەهاوی (١٦٣٩ز)ەوە لە ژێر دەستی ئێراندایە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تەنیا کوردستانی عوسمانلی: کوردستانی باکوور و باشوور و رۆژئاوا دابەشکرا!

٤١- لەبەرایی راپەڕینی ١٩٩١ز سەرانی شیعەی باشوور بە ئاشکرا دەیانووت دەبێ حوکمی ئایندەی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی شیعەکانی باشوور بێ، چونکە ئەوان زۆربەی دانیشتوان پێکدێنن. بە دیدی من هەر ئەو هۆیە بوو عەرەبە

سوننەكانی عێراق، كە لە ساڵی (١٩٢١)ەوە حوكمی عێراق دەكەن دژ بە زوڵمی سەددام رانەپەڕین، چونكە چاك دەیانزانی دەسەڵاتی ئایندەی عێراق لە دەست شیعەكان دەبێ لەوانەیە، ئەوانیش لە سەددام خراپتر بن و دووچاری ململانێی مەزهەبیش ببن.

نووسەرو لێکۆڵەری ئێرانی ـ عەبدوڵڵا ئەبریشەمی



ئایین و نەتەوەخوازی بۆ گەلی کورد دوو ئامرازی بەهێزی ڕزگارین، بەڵام کورد لە بنەماکانی ڕەوتی یەکگرتوویی دوور کەوتۆتەوە، ئەم باسانەش ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخەن، ئەگەر نەتەوەخواز لەسەر وەلانانی ئایین (ئیسلام) پێ دابگرێ، دیارە ڕزگاری گەلەکەی ناوێ. بەڵکو دەیەوێ بە چەشنێکی دی مافی گەلەکەی پێشێل بکات.

بەڕێز کاك ئارام عەلی سەعید/ سلێمانی

لەسەر پرسیارەکانی بەڕێزتان، وەڵامەکانم ئامادە کردووەو بە ئیمەیل دەینێرمە خزمەتتان

هیوادارم لەم بارەوە مافی هەر دوولا لە بەرچاو بگیرێ، هەر چۆن بۆ خۆتان بە سەلاح دەزانن، دەست بەکاربن، ئارەزووی سەرکەوتنتان دەکەم

چاوخشاندنێك بە نووسراوەکە زۆر پێویستە تا هەڵەی شێوازی نووسین ڕاست بکرێنەوە، ئەگەر دوای ئەوکارە وێنەیەکم بە ئیمەیل بۆ بەڕێکەنەوە زۆر جێی سوپاسە دیسان بە ڕێزەوە، ئەگەر توانیم بەسەر وەڵامەکاندا بێمەوەو هەڵەیەکم وەبەر چاو هات، سەر لە نوێ تەواوی بابەتەکە دەنێرمەوە.

عەبدوڵڵا ئەبریشەمی ـ تاران
٢٥ جولای ٢٠٠٨

ئەبریشەمی لە چەند دێڕێکدا

ـ عەبدوڵڵا ئەبریشەمی لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٢ز لە شاری مەهاباد (سابڵاغ) لە بنەماڵەیەکی ناوەندی دانیشتووی شار لە دایکبووە.

ـ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد و ئامادەیی لە تاران و کۆلێژی دەرمانسازی لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ز لە تەورێز تەواو کردووە، (ماوەی ٣٥ ساڵ لەم ڕشتەیەدا کاری کردووە، کە هەشت ساڵی لە کارخانەی دەرمانسازی لە تاران بووە).

ـ لە مێرد منداڵییەوە لەگەڵ گرفتە دڵتەزێنەکانی دەستبەسەری گەلی کورد ئاشنا بووە، هەر بۆیەش لەسەرەتای خوێندن لە زانکۆ لێ وردبوونەوەی لەسەر ئەو بابەتە دەستپێکرد. ئەگەرچی لە سەردەمی ڕژیمی شایەتیدا بە دەگمەن دەیتوانی بابەتێك لەمەر کورد بنووسێ، بەلام لە سەرەتای دەستپێکی شۆرشی گەلانی ئێرانەوە بێ وچان دەستی لە نووسین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی پێوەندیان بە کێشەی کوردەوە هەیە نەکێشاوەتەوەو تا ئێستا چوار کتێبی بە زمانی فارسی نووسیوە:

١– مبانی فرهنگی دولت، ١٣٧٠، بنەمای کولتوری دەوڵەت، (چاپی تاران)، ١٩٩١.

٢– نقد و بررسی ناسیونالیسم، ١٣٧٤، نەتەوەخوازیی (چاپی تاران)، ١٩٩٤ (ئەو کتێبە لەلایەن کاك سەلاحی ئاشتی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی)/

٣– مسألەی کرد درخاورمیانە. نشر توکلی ١٣٧٨، تاران، پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەرگێرانی عەبدوڵڵا ئۆجالان، چاپی تاران، ١٩٩٩.

٤– هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد، تاران، ١٣٨٥ نشر آنا، هەویەتی(ناسنامەی) مێژوویی و گرفتەکانی ئێستای گەلی کورد، (چاپی تاران)، ٢٠٠٦ (ئەو کتیبە لە ڕەدی نووسراوە هەڵخەڵەتێنەکانی نووسەرانی ئێرانی سەبارەت بە کورد دایە).

ـ پتر لە (٣٠٠) وتاریشی بە زمانی فارسی هەیە و پتریان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان دا بڵاو بوونەوە. لە چەند ساڵی دواییدا وتارگەلێکی بە زمانی کوردی لە سایت، رۆژنامە و بڵاڤۆکە کوردییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

+ بە بۆچوونی تۆ دروستکردنی دەوڵەت لە سەر کام لەم بنەمایانە: نەتەوەیی یان ئایینی یان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی کۆمەڵێك نەتەوە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دروستە بونیاد بنرێت؟

ئەبریشەمی: بەشی دوایی پرسیارە کە دروستە کە بنەمای دیموکراسی بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەگرێتەوە. لە وڵاتە دواکەوتۆکان، بە پێکهاتنی دروشم و سەمبولی دیموکراسی وەك دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای دەنگدان و پارلەمان، وا نیشان دەدرێ کە لەم وڵاتانە دیموکراسی وەگەڕ کەوتووە. بەڵام بەکردەوە دەردەکەوێ کە سەمبولەکانی دیموکراسی وەك عەبایەك بەسەر ڕەوتی نادیموکراتیك کێشراون. دەنگدان و پارلەمان، هۆکارێکن بۆ شەرعییەتدان بە کردەوەی نادیموکراتیك و داگیرکردنی دەوڵەت و سامانی وڵات. ئەو ڕەوتە بۆتە هۆی بێباوەڕی زۆرتری چین و توێژەکانی خەڵك بە شێوازی دیموکراسی. ئەنجامی ئەو بێباوەڕییە، ڕێگای بۆ ڕاستبوونەوەی دیکتاتۆرانی بە نێو "ڕزگاریدەر" خۆشکردووە، لەم وڵاتانە کە خەڵك باوەڕو ناساوێکی ئەوتۆیان لە چەمکی دیمۆکراسی نییە، کێشەو مشت و مڕ لە سەر چلۆنایەتی پێکهاتەی دەوڵەت ڕەوتێکی ئاسایی دەژمێردرێ. ڕوانگەیەك لەسەر بابەتگەلی باسەکە:

دەوڵەت دەسەڵاتی گشتی و سەربەخۆی وڵات بە دەوڵەت دەناسرێ. لە چەمکی دیموکراتیکی هاوچەرخدا، گشت خەڵکی وڵات (هاونیشتمان، شاروەند) مافی دنگدان و هاوبەشی لە پێکهاتن و دەستگۆڕی کەسایەتێکانی دەوڵەتیان هەیە بۆ پاراستنی ئەو پێکهاتەیە لە گەندەڵی و سەرەڕۆیی کاربەدەستان، چەند هۆکار لە گەڕدان وەك بەرپرسی بەڕێوەبەرانی دەسەڵات، ماوەی دیاریکراو بۆ تەمەنی دەوڵەت، ئازادی لێکۆڵینەوە لە کردەوەی کاربەدەستان و ئاراستەکردنی ڕەخنەو تاوان سەبارەت بە ئەوان. بەڵام لە وڵاتە وە دواکەوتۆکان دەوڵەت وەك دەسەڵاتێکی داسەپاو خۆدەنوێنیّو بەویستی خەڵك گۆڕانی بەسەر دانایە. ئەو دەوڵەتانە سەرەڕۆن و لە گەندەڵی ئاخندراون. ڕەخنەگرتن و تاوانبارکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکان، مەترسیدارە.

ولات (Country)، مەڵبەندی دەسەلاتی دەوڵەت ولاتە. قەوارەی ولات لە ئەساسدا دەبێ بە ویست و بەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکە پێکبێ. لە حاڵێکدا قەوارەی بەشێك لە ولاتان، لە ڕابردوو دا بە ملهۆڕی پێکهاتووە، قەوارەی داتاشراوی ئەم ولاتانە، کێشەگەلی زۆر ئالۆزو خوێناوی لێکەوتۆتەوە. بەلام بەوحالەش ئەگەر لەم ولاتانەدا بنەمای پێکهاتەی دەوڵەت بە هاوبەشی دێموکراتیکی گشت خەڵکی ولات پێکبێ، دانیشتوانی ئەم ولاتانە دەتوانن بەیەکەوە بژین و پێکەوە سازگار بن. ڕەوتێکی ئەوتۆ دەتوانێ بەرژەوەندی سیاسیی، کولتوری و ئابووری گشت دانیشتوانی ولات (هاونیشتمانان) دابین بکات.

ئایین، ئایین وەك دیاردەیەکی "مێژوویی– کۆمەلایەتی" پیرۆزو نەگۆڕ، بریتییە لە چەشنێك بیروباوەڕ سەبارەت بە ناسیاوی مرۆڤ لە خۆی و کۆمەڵگە، گەردوون و بوونەوەر. ئایین بە پێچەوانەی دەوڵەت و سیاسەت، سنوور بەزێنە، بەلام دەوڵەت لە جەغزی سنووردا قەتیس کراوە. ئایین لە گۆڕان، ڕەخنەو تاوان، پارێزراوە. بەلام دەوڵەتی هاوچەرخ هەڵگری گۆڕان و ڕەخنەو تاوانە. هەڵبەت ئایین هاوکات لەگەل سەرهەڵدانی وەك دەسەلاتێك لەسەر تاك و کۆ خۆی نواندووە. لایەنی هەرەبەرزی ئایین لەسەر چلۆنایەتی ڕەفتارو هەڵسووکەوتی بەرەی مرۆڤ سەبارەت بە یەك وەك نەریت و یاسای کۆمەلایەتی و مافی هەر مرۆڤێك خۆ دەنوینێ، لەو ڕوانگەوە دەکرێ بڵێین زۆرتری ئایینەکان بە پەیڕەوانی خۆیان دەڵێن: "چیان بۆ خۆیان دەوێ، ئەوەشیان بۆ خەڵکی تر بوێ"، یان هەرکەس پێی خۆشە خەڵك چۆن لەگەڵ وی ڕەفتار بکەن، ئەویش بەو شێوازە لەگەڵ خەڵك ببزوێتەوە، لە دەمارگرژی ئایینی و ڕەدکردنەوەی ئەوانی دی خۆ بپارێزێ. باوەڕو تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لە ئایین، باشترین نەریتی کۆمەلایەتی و ئەخلاقییە. دیارە بڕوای ئایینی بە ئاشکرایی و بە نەهێنی، بەرەی مرۆڤ لە کردەوەی دژ بە یەك دەپارێزێ. بەلام ئەو چەمکە بەدەگمەن لە ئایینداراەکان دیتراوەو دەبیندرێ. پێویستە ئەوەش بڵێین: بەشێك لە بەرەی مرۆڤ بە پێی پەروەردەبوون، بەبێ بڕوایەکی ئەوتۆ بە شەرع و ئایین، بە نهێنی و بە ئاشکرایی خۆیان لە کردەوەی دژ بە مرۆڤایەتی دەپارێزن[1].

ئایین جیا لەوەی وەك دەسەڵاتێكی نەدیار لەسەر تاك و كۆ خۆ دەنوێنێ، لە گەڵ نەریت، ئەخلاق و مرۆڤایەتی تێكەڵاوی هەیە. "تێگەیشتن و لێكدانەوەی مەبەستەكانی ئایینی" بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووەو بەسەری دێ. دیارە دەوڵەتی هاوچەخ دەبێ ئازادی بیرو ئایین بۆ تاك و كۆ پێك بێنێ. دەسەڵاتی دەوڵەت پێرۆز نییەو بە ویستی خەڵك گرێدراوە، بەڵام دەسەڵاتی ئایین پیرۆزەو لە دەرەوەی ویست و دەسەڵاتی خەڵكە.

بەشێك لە ئایینەكان (وەك سێ ئایینی تەوحیدی ـ مووسایی، عیسایی و ئیسلام)، خودا بە تاكە دانەرو تاكە خاوەنی بوونەوەری دنیاو گەردوون دەناسن، بەڵام بڕوایەكی ئەوتۆ بە خودا لە بازنەی ئایینەكانی ناوبراو تێدەپەڕێ. مێژوو نیشان دەدا لە سەرەتاوە دەوڵەت و دەسەڵاتدارەكان خۆیان بە ئایینەوە گرێداوە، تا لە پێناوی پیرۆز بوونی ئاییندا دەسەڵاتی خۆیان بە پیرۆز دابنێن (تا بەو چەشنە لە ڕەخنەو تاوانباركردنی خۆیان بەرگری بكەن).

نەتەوە، بە دیاردەیەكی "سیاسیی– كۆمەڵایەتی" دەناسرێ، نەتەوە وەك شاروەند، بە خەڵكی وڵاتێك دەگوترێ كە خاوەنی تایبەتمەندی هاوبەش بن، دەسەڵاتی وڵاتی خۆیان بە دەستەوە بێ، یان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات، بەیەكەوە هەوڵبدەن. ئەو بابەتانە: نەتەوایەتی، نەتەوەیی، نەتەوەگەری و نەتەوەخوازی، كەڵكی سیاسیان لێ وەردەگیرێ.

(دەوڵەت– نەتەوە)، لەو چەمكەدا، نەتەوە، لەسەر تایبەتمەندێكانی خۆی بە چەشنێك پێدادەگرێ كە دەیەوێ تەواوی دانیشتوانی وڵات (هاونیشتمانان) خاوەنی ئەو "پێناسە"یە بن كە بناغەی (دەوڵەت– نەتەوە)ی لەسەر دامەزراوە، بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتێكدا، گشت هاونیشتمانان، ناتوانن خاوەنی ئەو پێناسەو تایبەتمەندیانە بن كە دەكرێتە بنەمای "دەوڵەت– نەتەوە". مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئەو شێوازە (لە دەوڵەت) نیشانیداوە لە پێكهاتەی (دەوڵەت– نەتەوە)، هاوبەشێكی ئەوتۆی گشت دانیشتوانی وڵات نەدیتراوە، زۆرجار مافی گەلانی جیاواز پێشێلكراوە، هەر بۆیەش زۆرتری (دەوڵەت– نەتەوەكان)، كێشەی خوێناویان لێكەوتۆتەوە. (هانا ئارنێت)، ئەو چەمكەی لە ناوەڕۆكی بیری فەلسەفی خۆیدا

جێکردۆتەوە کە دەڵێ " رابطە دولت- ملت، بدیل غاصب دولت- شهروند شدەاست"[٢]، لە دەوڵەت- نەتەوەدا مەبەست لە بابەتگەلی وەك هەستی نەتەوایەتی، نەتەوەیی، نەتەوەگەری و نەتەوەخوازی، تایبەت بە پێناسەی نەتەوەی بالادەستە. ڕژێمێکی ئەوتۆ گشت هاونیشتمانانی ولات لە ڕێزی نەتەوەی بالادەست دانانێ، هاوبەشی تەواوی هاونیشتمانان لە دەسەلات وەرناگرێ. بەلام (دەوڵەت- شاروەند)، گشت هاونیشتمانان لە ڕێزی نەتەوەی بالادەست وەردەگرێ.

(دەوڵەت- شاروەند، یان دەوڵەتی نیشتمانی)، زۆرتری دەوڵەتانی دێموکراتی هاوچەرخ داکۆکی لەسەر ڕەگەزو نەتەوەی تایبەت ناکەن. تەواوی هاونیشتمانان بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو ڕەچەڵەك، بەیەك نەتەوە دەناسرێن و لە پێکهاتەی دەوڵەتدا بەشدارن، دەسەلاتی بەشێك لە ئەو چەشنە دەوڵەتانە لە کۆمەڵێك دەسەلاتی ناوچەیی پێکدێ (فیدرالی). ولات بەویستی دانیشتوان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندێکانی هاوبەش بە ناوچەگەلی تا ڕادەیەك لێك جیا دابەشکراوە، یان دەوڵەتی ناوەندی لە یەککگرتنی چەند دەوڵەتی ناوچەیی لێك جیا پێکهاتووە.

دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژیك، دەوڵەتی کۆمۆنیستی، بەرچاوترین وێنەی ئەو چەمکەیە، کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێبازی ئابووری- کۆمەلایەتی بۆ گشت دانیشتوانی ولات دەیەوێ نالەباری و ناکۆکێکانی کۆمەڵگە لەناو بەرێ، ئەو بیرە لە ناوەڕۆکی خۆیدا زۆر عادلانەو یۆتۆپیایی دەنوێنێ، بەلام کۆمۆنیستەکان و بەشێك لە ڕێکخراوەکانی ترو لایەنگرانیان لە مەودای هەڵسووڕاندا خۆیان و ڕێکخراوەکانیان بە باوکی خەڵك و تەنیا ڕێنوێنی جەماوەر دادەنێن، ئەوان مافی بیرکردنەوە لە ڕێبازی جوولانەوەو بنەمای پێکهاتەی دەوڵەت و بەڕێوەبەری کۆمەڵگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەپاوانی خۆیان دەگرن، مێژووی یەکێتی سۆڤێتی ڕابردوو(هەروەها دەوروبەرەکەی) ئەو ڕووانگەیە دەسەلمێنێ، ئەو ڕەوتە لە ئازادی بیرو بۆچوون بەرگری دەکات، ڕێزو بەرژەوەندی تاك و کۆ لەبەرچاو ناگرێ، دژ بە دێموکراسی و چەمکی هاوچەرخی دەوڵەت و کۆمەڵگە خۆ دەنوێنێ.

دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەر ویست و بەرژەوەندی خەڵك بەڕێوە دەچێ، دەسەڵاتی کاربەدەستان کاتی و دەسەڵاتدارەکان لە ڕەخنەو تاوان ناپارێزرێن، دەسەڵاتدارەکان بە ویستی خەڵك دەگۆڕدرێن. بەڵام ڕابردوو نیشانیداوە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوە پاوانخوازەکان کاتێك دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت بە ویستی خەڵك ناگۆڕدرێن، لە پەلاماری ڕەخنەو تاوان دوور دەخرێنەوە، (وەك ئایین، خۆ بە پیرۆز دادەنێن.)

وەك ئاماژەی پێکرا دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای (ئایینی، نەتەوەگەری و ئیدیۆلۆژیك) ناتوانێ تایبەتمەندێکانی دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای دێموکراسی هاوچەرخی هەبێ. لە دەوڵەتی نیشتمانی دا گشت دانیشتوان لە یەك ڕێز دان، کەس بە پێی ڕەگەز و ئایین وەلاناندرێ، مەگەر بیروڕای دژ بە ئازادی و لایەنگری ڕەگەزپەرستی بێ. مێژووی هاوچەرخ نیشانیداوە: دەوڵەتی دامەزراو لە سەر بنەمای تایبەت بە ویستی خەڵك دەسەڵاتداەرکان ناگۆڕدرێن و بە ئاسانییش ڕەخنەیان لێناگیرێ وتاوانبار ناکرێن، ڕێزو بەرژەوەندی گشت گەلان و دانیشتوانی وڵات لەبەرچاو ناگیرێ.

دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای تایبەت ئەگەر خۆی بە دێموکراتیش دابنێ، ناتوانێ تەواو دێموکرات بێ. زۆرتری ئەو دەوڵەتانە (بەتایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان)، بەرەو پاوانخوازی دەسەڵات دەڕۆن. ئەوان لە دوو کۆڵانەوە دەڕواننە خەڵکی وڵات: ئەوانەی کە خاوەنی پێناسەی تایبەت بە بنەمای دەوڵەتن و ئەوانی دی.

جیاوازێکانی پێکهاتەیی دەوڵەت لە قەوارەی دێموکراتیك و پێشکەوتووی هاوچەرخدا پیرۆز و ئاسمانی نییە، بەڵکو دنیایی و دەستگۆڕە، هەڵگری ڕەخنەو تاوانە، ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی ئایین و پێکهاتەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەر لێك جیابوونیان پێدادەگرێ. سیاسەت و سیاسەتمەدار لە بازنەی کات و دەستگۆڕدان. لەحاڵێکدا ئایین درێژخایەن و نەگۆڕە. بەشێك لەو جیاوازیانە دەوڵەتانی دامەزراو لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی و کۆمۆنیسم-یش دەگرنەوە. هەڵبەت جیابوونی بنەماو پێکهاتەی دەوڵەت و ئایین، نەتەوەگەری و کۆمۆنیسم

بەو مانایە نییە کە دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای دێموکراتیکی هاوچەرخ دژ بە ئایین، نەتەوەخوازی و کۆمۆنیسم بێ، بەڵام ناکرێ ئەو جیاوازیانە لەبەرچاو نەگیرێن.

دیارە دەوڵەت وەك دانراوەیەکی (سیاسیی– کۆمەڵایەتی) (پێویست بۆ پێشکەوتن و ڕاگرتنی دەسەڵات و بەرژەوەندی گشت هاونیشتمانان) دەبێ ماف و ڕێزی ئایین بەرژەوەندی نەتەوەکان و جیابیران ڕابگرێ، بەڵام ئەگەر دەوڵەت لەسەر بنەمای تایبەت دابمەزرێ، پرۆسەی ڕەخنەو تاوان و کاتی بوون و دەستگۆڕی دەزگای بەڕێوەبەری دەوڵەت، تووشی کۆسپ و تێگیراوی دەبێ. ئەوەش حاشای لێناکرێ ئایین وەك بەشێکی جیا نەکراوە وە لە "بیرو باوەڕ"ی بەرەی مرۆڤ، بە تەواوی لە بنەمای دەوڵەت دەرناهاوێژرێ، بەڵام گشت خەڵکی وڵاتێك هاوئایین نین، یان تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیاوازیان لە بابەتگەلی ئایینی هەیە، بۆیە ناکرێ بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەر ئایین بێ. بەکورتی:

١– ئایین لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە (پیرۆزو ئاسمانییەو پارێزراو لە گۆڕان، ڕەخنەو تاوانە)، تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراو جۆر لەسەر بابەتگەلی ئایینی لە ئارادایە.

٢– نەتەوە، گشت دانیشتوانێ وڵاتێك ناتوانن خاوەنی ئەو پێناسە نەتەوایەتیە بن کە دەکرێتە بنەمای دروستکردنی "دەوڵەت– نەتەوە"، هەر بۆیەش دەوڵەتێکی ئەوتۆ ناتوانێ ویست و بەرژەوەندی گشت هاونیشتمانان دابین بکات. بۆ نموونە دەوڵەتی تورکیا وێنەیەك لە دەوڵەت– نەتەوەی "تایبەت" بە گەلی تورکە، ئەو دەوڵەتە تا ئەو دواییانە حاشای لە بوونی گەلی کورد لەو ناوچەیە دەکرد کە نیشتمانی مێژوویی گەلی کوردە، ئاسیای بچووك بەناهەق ناوی تورکیای لەسەر داندراوە وەك دەبینین دەوڵەتی تایبەت بە گەلی تورك کورد بە تورکی کوێستانی دەناسێنێ و مافێك بۆ گەلی کورد قایل نابێ.

٣– ئیدیۆلۆژی، ئەو دەوڵەتانە تەنیا ڕێبازو تێگەیشتنی خۆیان لە بابەتەکان بە خاوەن هەق دادەنێن، خەڵك وەك هۆکارێك بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی دەسەڵات

بەکار دەبەن. دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژیك، جیا لە بەرەی دەسەلاتدار، ماف و کەرامەتی تاك و کۆ ناپارێزێ.

خۆکوژی شێوازێك لە تێگەیشتنی بابەتگەلی زۆرتر ئاینییە. بەلام بابزانین خۆکوژی و ڕەشەکوژی بۆ کام ئامانج وەگەڕ کەوتووە؟ توندوو تیژی و پێداگرتن لەسەر لێکدانەوەی بابەتە ئیدیۆلۆژێکان بە تایبەت ئاینینێکان، مرۆڤ بەم ئاستە دەگەیەنێ کە هەق تەنیا ئەو چەمکەیە مورشیدەکانی وی باوەڕیان پێی هەیە، ئەو ڕەوتە لە بیروباوەڕ ئەو شێوازە دزێوەی وەگەڕ خستووە کە بە ڕەشەکوژی دەیانەوێ بە دەسەلات بگەن، بەلام ئەوانەی بۆ داگیرکردنی دەوڵەت و دەسەلات و سامانی کۆمەڵگە، ڕەوتی ڕەشەکوژیان ڕەچاو کردووە، لەسەرەتاوە نیشانی دەدەن ئەگەر بە دەسەلات بگەن چۆن دەوڵەتێك بونیاد دەنێن.

دیموکراسی ڕەوتی باوو پەسەندکراو لە ناو زۆرینەی گەلانی جیهانە، دەوڵەتانێکی زۆریش لە نێوخۆدا بە ڕەوتی دیموکراسی هەڵدەسوڕێن و لەم ڕەوتە پشتیوانی دەکەن، ئەوەش حاشای لێناکرێ کە زلهێزەکان لە دەرەوەی ولاتی خۆیان ڕەوتی دیموکراسی بە پێوانی " سوودو سەرمایە " بەڕێوە دەبەن، بەلام بۆ گەلێکی بندەسەلاتی وەك کورد پێویستە ڕەوتی دیموکراسی بکرێتە ستراتیژی جوولانەوەکان، خەڵك بە ڕەوتی دیموکراسی پەروەردە بکرێن، چونکە لە دنیای هاوچەرخدا زۆرینەی گەلانی جیهان ڕەوتی دیموکراسیان پەسەندکردووە، هەر بۆیە زلهێزەکانیش ناچارن لە دەرەوەی ولاتی خۆشیاندا ئەو ڕەوتە " هەرچەندە وەك دەمامکێکیش بێ " لە بەرچاو بگرن!

سەرەتای پێکهاتنی دەوڵەت ئاسەوارە بەر لە مێژوویەکانی دۆزراوە لە مێزۆپۆتامیا نیشان دەدەن دەسەلاتێکی کۆمەلاەتی– ئابوری بونیادنراو لە سەر بیری ئایینی، یەکەم جار لە شارەکانی ئەو ناوچەیە پێکهاتووە، ئەو دەسەلاتە سەر بە مزگەوت (مەعبەد)ی شاربووە. وێدەچێ مامۆستایانی ئایینی (کاهن) بەسەر ئەو دەسەلات و سامانە کە بەئی "خودا" دەناسرا، ڕاگەیشتبن. ئەو دەسەلات و سامانە بەپێی داب و نەریتی تایبەت بە شێوازێك لە چەشنی سۆسیالیستی لە خزمەت خەڵکی ولات دابووە[٣]. لەو بارەوە گوردن چایلد، دەڵێ:

" ئه‌و نیزامه‌ ئابوورییه‌ كه‌ خودا به‌ گه‌وره‌ترین سه‌رمایه‌دارو زه‌میندار ده‌ناسراو مه‌عبه‌ده‌كه‌شی ببوو به‌ بانكی شار به‌ ڕووناكی سه‌ر وه‌ ده‌ورانی به‌ر له‌ مێژوو ده‌دا"(٤).

داگیركردنی ده‌وڵه‌تی سه‌ره‌تایی، كاهینه‌كان وه‌ك مامۆستای ئایینی له‌ڕووی "فێربوون و زانست" و بڕوای خه‌ڵك ده‌سه‌ڵات و سامانی شاره‌كه‌یان به‌ڕێوه‌ ده‌برد. به‌ڵام ورده‌ورده‌ ئه‌و ده‌سه‌ڵات و سامانه‌، له‌لایه‌ن كه‌سانێك ده‌ستی به‌سه‌رداگیرا كه‌ خۆیان به‌ پادشا داده‌نا. پادشا پێویستی به‌ زانست و فێربوونی چه‌مكی ئایین نه‌بوو، به‌ڵام خۆی به‌ نوێنه‌ری خودا ده‌ناساند. به‌و شێوازه‌ پادشا ئایینی كرد به‌ پشتیوان و پاشكۆی ده‌زگای ده‌سه‌ڵاتی داگیركراو، چایلد ده‌ڵێ: " تا ساڵی (٣٠٠٠پ.ز) هێزێكی دنیایی له‌ په‌نا ده‌زگای خودایی په‌ره‌یگرت كه‌ له‌لایه‌ك به‌ سه‌رشۆڕی خۆی به‌ نوێنه‌ری خوداو له‌لایه‌كه‌ی دی به‌ ملهۆری خۆی به‌ پادشا داده‌نا... پادشا به‌شی زۆری له‌ ده‌سه‌ڵاتی دنیایی خودا به‌سه‌ر خه‌ڵكدا، زه‌وتكرد"(٥)، ئه‌و بۆچوونه‌ (له‌مه‌ڕ ده‌وڵه‌تی سه‌ره‌تایی) به‌رهه‌می زانستیانه‌ی توێژه‌ران و لێكدانه‌وه‌یان له‌ ئاسه‌واره‌ به‌ر له‌ مێژووییه‌كانن(٦).

دیاره‌ ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یه‌ی كه‌ توانیبووی ده‌سه‌ڵاتێكی "كۆمه‌ڵایه‌تی– ئابووری" ڕێك و پێك دروست بكات، ئه‌و كاره‌ی بۆ به‌رژه‌وه‌ندی كۆمه‌ڵگه‌ی خۆی كردبوو (بۆ پێشكه‌وتن، هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی، یارمه‌تی لێقه‌وماوان، چاودێری و به‌رگریكردن له‌ ده‌ستكه‌وته‌كانی گشت كۆمه‌ڵگه‌ی سه‌ر به‌ وڵات). ئه‌و ڕاستییه‌ش حاشای لێناكرێ، كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی ئه‌وتۆ مه‌به‌ستی له‌ دامه‌زراندنی ده‌زگای ده‌وڵه‌ت ئه‌وه‌ نه‌بووه‌ چه‌مكێك پێك بێنی به‌رژه‌وه‌ندی خۆی پێشێل بكات، به‌ڵام دواتر ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ داگیركراوه‌، دیاره‌ داگیركراوی ده‌زگای ده‌وڵه‌ت له‌ بنه‌مای خۆڕستی پێكهاته‌ی ده‌وڵه‌ت جیایه‌، ئه‌و گوته‌ دره‌وشاوه‌ی ماركس: "ده‌وڵه‌ت ده‌زگای سه‌ركوتگه‌ری چینایه‌تییه‌" كرده‌وه‌و ڕه‌وتی داگیركراوی ده‌زگای ده‌وڵه‌ت نیشان ده‌دا، نه‌ك ناوه‌ڕۆكی پێكهاته‌یی ده‌وڵه‌ت.

له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست پتر له‌ (٥٠٠٠) ساڵه‌ ده‌وڵه‌ت داگیركراوه‌، له‌و ماوه‌ درێژه‌شدا داگیركه‌رانی ده‌وڵه‌ت خۆیان به‌ ئایینه‌وه‌ هه‌ڵپه‌ساردووه‌، ئه‌و ڕه‌وته‌

ئێستاش هەر درێژەی هەیەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتووە بۆ نموونە: با داگیرکردنی دەزگای دەوڵەت لە لایەن حیزبی بەعس لە بەر چاو بگرین، سەدام بەدەستی خۆی لە سەر ئالآی عێراق دروشمی ئیسلامیی (الله اکبر)ی نووسی، ئەنفالیشی وەك ڕەوتێکی ئیسلامیی بۆ داپۆشینی جینۆسایدی گەلی موسوڵمانی کورد بەکاربرد، نزیك بە (٤٠٠٠) ساڵ لە مەوبەر هەر لەم ناوچەیە "حەمورابی" بە شێوازێکی دی ئەو کارەی دەکرد.

پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لە سەدەکانی ڕابردوو لە ڕۆژئاوا دەوڵەتی نوێ لەسەر بەرژەوەندی دانیشتوانی وڵات، وەك "نەتەوە" پێکهات. ئەو ڕەوتە "دەوڵەت– نەتەوە"ی لێکەوتەوە. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتۆکان، لە سێبەری دێموکراسیدا وردە وردە بەرچاوتەنگی دەوڵەت– نەتەوە لە کزێی دا. لەحالێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی ڕابردوو دەوڵەتی نوێ لە مەودای بەرتەسکی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو گەلە– کە پێشتر خاوەن دەسەڵات بوو– پێکهات و لە سەرەتاوە ڕەوتی بەرچاوتەنگ ڕەگەزپەرست و پاوانخوازی لێکەوتەوە، پێویستە ئەوەش بگوترێ: ڕێبازی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ ئەو هەلەی ڕەخساند کە داگیرکەران بە هاسانی بتوانن دەزگای دەوڵەت داگیر بکەن، کۆمۆنیستەکان هەوەڵ هەنگاویان بۆ ئەو چەمکە هەڵێنا. لێنین پاش زاڵبوون بەسەر دەزگای دەوڵەتی روسیای تەزاری بە پێی تێگەیشتنی خۆی و هاوبیرانی لە تیۆری مارکسیستی، چەشنێکی نوێی لە دەوڵەتی سۆسیالیستی دامەزراند، زۆری نەخایاند ڕەگەزپەرستی نازی و فاشیست لە ناوەڕاستی ئەوروپا وەخۆکەوتن. هەڵبەت شکستی ئەو دوو دەوڵەتە لە شەڕی یەکەمی جیهانی، زەمینەی بۆ گۆڕانی ئەو بیرانە خۆشکردبوو. نازێکان و فاشیستەکان، بە فریودانی خەڵك بەدەسەڵات گەیشتن و دەوڵەتیان لەژێر ڕکێفی خۆیان نا، ئەوان بەو ڕەوتە زۆرتری وڵاتانی جیهانیان تووشی شەڕکرد. بەڵام دواتر لە یاسای بنەڕەتی وڵاتانی پێشکەوتوو لە داگیرکردنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەت لەلایەن ڕەگەز پەرست و پاوانخوازان بەرگری دەکرێ. ئەو ڕەوتە نیشانی دەدا چەمکی دەوڵەتی نوێ لە ناوەڕۆکەوە دژ بە پاوانخوازی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بونیاد نراوە.

له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست له سەدەی ڕابردووە: ئایینداری، نەتەوەخوازو كۆمۆنیستەكان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای بڕوای خۆیان تێدەكۆشن، هەركامیان وانیشان دەدەن كه بڕواو قسەكانیان پیرۆزەو له بەرژەوەندی گەلدایە، له وڵاته وه دوا كەوتۆكان، چاند (كولتور)ی دیموكراسی باونییە، هەر بۆیەش دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای تایبەت وەك ئایین، ناسیۆنالیسم و كۆمۆنیسم، درێژه پێدانی ڕەوتی نادیموكراتیكی ڕابردوویە، بەڵام ئەگەر بنەمای دەوڵەت لەسەر نەریتی ئەوڕۆیی و دیموكراسی بێ دەكرێ پێشی داگیركردنەوەی دەوڵەت بگیرێ. ئەوڕۆ دەزگای دەوڵەت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو به دەست تاقمێك له باوەڕپێكراوان و كەسایەتی لێهاتوو دەسپێردرێ.

ئەگەر دەوڵەت له وڵاتانی پێشكەوتوو ئامرازی پێشكەوتنە، بەڵام له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەڵك داماوی دەستی دەوڵەتانی تایبەتن، له حاڵێكدا ئەو ناوچەیە ئاڵاهەڵگری شارستانیەت له جیهاندایە، به گوتەی چایلد، "بریتانی و بێلژیك ٣٠٠٠ ساڵ دوای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتنه قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت. وڵاتانی ئیسكاندیناوی دواتر لەوانیش بەو قۆناغه گەیشتن، وادیاره ئێمەی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست له پێناو چاندی نادیموكراتیكی چەند هەزار ساڵه ئەوڕۆ چاوەڕوانی هێرشی زلهێزەكانین تا بێن و خەڵكی ئەم وڵاته له دەست داگیركەرانی ناوخۆیی دەوڵەت ڕزگار بكەن!

كولتور و دەوڵەت، هەر گەلەی شایەنی ئەو دەوڵەتەیە كه هەیەتی. چاند (كولتور)، نەخشێكی بەرزی له پێكهات و ساختاری دەوڵەت هەیە. گەلانی ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی به پێكهێنەری سەرەتایی دەوڵەت دەناسرێن، بەڵام نەیانتوانیوه خاوەنی دەسەڵاتی دەوڵەت بن، لەكاتێكدا گەلانی پێشكەوتوو نەتەنیا له بەدەستەوه گرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت سەركەوتوو بوون، بەڵكو توانیویانه دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ پێشكەوتن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی وڵات و گەل وەگەڕخەن.

ڕۆژئاواییەكان سەدان ساڵه له ڕەوتی دروستكردنی دەوڵەت دەكۆڵنەوه تابەو ڕاددەیه گەیشتوون، بەڵام له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پتر له پێنج هەزار ساڵه

دەوڵەت وەك دەسەڵاتێكی خودایی (نەك هی خەڵك) چاوی لێ دەكرێ، لەو ماوە درێژەشدا كەسانێك یان تاقمێك دەستیان بەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتی گەلداگرتووە كە خۆیان بە ئایین و خودا هەڵپەساردووە، ئەو چەمكە نادروستە وە دواكەوتوویی ئەو ناوچەیەی پێكهێناوە.

ڕەكێشی سامان و دەسەڵات، سەروەت و دەسەڵات ئەوەندە ڕەكێشن، هەر تاك یان كۆمەڵێك دەستی پێڕاگەیشت، دەیەوێ ئەو بەرهەمە لە پاوانی خۆی بگرێ، لە ڕۆژهەڵات لەسەرەتاوە چاندی كۆمەڵگە چەشنێك گۆڕاوە كە خەڵك نەیانتوانیوە لە داگیركردنی دەوڵەت بەرگری بكەن، بەڵام لە ڕۆژئاوا (وەك یۆنانی بەر لە مەسیح) تا ڕاددەیەك بەرگری لە داگیركردنی دەوڵەت كراوە، بیر و لێكۆڵینەوە لەمەر بونیادنانی دەوڵەت بە وردی لە بەرچاو گیراوە. ڕۆژئاوا لە سەدەكانی ڕابردوودا دروشمی گۆڕانكاری، چاكسازی و لێكۆڵینەوەی لەسەر "دەوڵەت" بەدەستەوەگرت، ئەورۆ لە وڵاتە پێشكەوتوكان سیستمی نوێی دەوڵەت وەك دەسەڵاتی گشتی كۆمەڵگە بۆ پێشكەوتنی وڵات چاوی لێدەكرێ. بەڵام لە وڵاتە دواكەوتۆكان دەوڵەت دەسەڵاتێكی داگیركراوە كە بە ویستی داگیركەران هەڵدەسووڕێ.

لەم وڵاتانە خەڵك ماوەی سەدەیەكە بە چاولێكەری لە ڕۆژئاوا بۆ گۆڕانكاری دەوڵەت هەوڵدەدەن، بەڵام دیسان داگیركەرانی دەسەڵات ئەو هەوڵانە بەلای خۆیاندا دەشكێننەوە، داگیركەرانی ناوخۆیی لە بن عەبای نوێخوازی دەست بەكار بوونەوە لەزۆرینەی ئەم وڵاتانە، بنەمای دەوڵەتی نوێ لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەستی پێشوو دامەزراوەتەوە.

بنەماكانی دەوڵەتی نوێ: ١- دەسەڵاتی سەر وڵات ((Sovereignty ٢- حكومەت، (State)، كە كۆڵەكەی سەربەخۆیی وڵاتە. ٣- دەوڵەت (Government)، وەك دەزگای دەستگۆڕی بەڕێوەبەری حكومەت بۆ ماوەیەكی دیاریكراو. بنەمای پێكهاتەی لێژنەی دەوڵەت بە دەنگدانی نوێنەرانی خەڵك بە كەسایەتی لێهاتووی باوەڕپێكراو پێك دێ.

بەڵام شێوازی دەنگدان بۆ پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ ئەو هەلەی پێکهێناوە کە دەکرێ بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵك، یان بە فێڵ و تەڵەکە، یان نمایشێك لە هەڵبژاردن دەوڵەت داگیر بکرێ. دیارە ئەو ڕەوتە لەوڵاتە وە دواکەوتۆکان هاسانتر سەردەگرێ، لەبەر ئەوەی داگیرکەرانی دەسەڵات نایەڵن چاندو هۆکارەکانی دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا پەرەبگرێ، نایەڵن زانست و ئاگایی خەڵك پەل داکوتێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی ڕابردووەوە، نەتەوەخوازەکان هەستی نەتەوەگەری تین دەدەن، ئایینێکان بیروبۆچوونی خۆیان (بۆ دامەزراندنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەت) بە پیرۆز دادەنێن، مارکسیستەکان، دروشمی لابردنی چەوسانەوەو پێشکەوتوویی هەڵدەسووڕێنن. بەڵام هەرکام کاتێك بە دەسەڵات بگەن، دەوڵەت لە پاوانی خۆیان دەگرن، ئەو ڕەوتەش دژ بە بنەمای دەوڵەتی هاوچەرخە، دەوڵەتی هاوچەرخ نابێ دەستی بەسەردابگیرێ.

بەڵام گەلی کورد لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارەکانی ناوچەو زلهێزەکانی جیهانی لە وڵاتە داتاشراوەکاندا کوردیان بە کەمایەتی و بێ دەسەڵاتی هەڵپەساردووە، ئەو گەلە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی لێ زەوتکراو پێویستە یەکبگرێ: نەتەوەخواز، ئایینی و کۆمۆنیست بە یەکەوە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات هەوڵبدەن. دیارە تێکۆشان بۆ ڕزگاربوون پێویستی بە چاندنی تۆوی دێموکراسی لە نێو تێکۆشەران و گشت گەلی کورد هەیە.

لە چەند سەدەی ڕابردوودا تا ئەوڕۆ جەماوەری هاوبەش لە بەرژەوەندی و پێناسەدا، خۆ بە "نەتەوە" دادەنێن، ئەگەر دەوڵەت – نەتەوەی تایبەت بەخۆیان دانەمەزراندبێ، داوای دروستکردنی دەکەن، لێرەدایە کە ئەوانەی زۆردارن دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان دادەنێن، ئەوان بنەماکانی دێموکراسی ڕاستەقینە لە بەرچاو ناگرن، تەنیا بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەست لە بەرچاو دەگرن و کارەکەی خۆیان بە دروست دادەنێن، گەلانی تری وڵات وەك بندەست چاو لێدەکەن، ئەگەر زۆر توندو تیژیش بن بە ڕاشکاوی جینۆساید دەستپێدەکەن: دەیانەوێ گەلە جیاوازەکان واز لە پێناسەی خۆیان بێنن و لە ناویاندەبەن، دەربەدەریان دەکەن و لە نیشتمان دووریان دەکەنەوە.

بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتانی جیهان چ بە ڕەچەڵەك چ لە بارەی: زمان، ئایین، داب و نەریت و داخوازێکان وەك یەك نین، هەر بۆیەش دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای تایبەت، بەرژەوەندی بەشێك لە هاونیشتمانان پێشێل دەکات.

دیارە زەوتکردنی دەسەڵات و نیشتمانی گەلانی دی، چەمکێکی نویٚ نییە تا ئەو کاتە مێژوو نیشان دەدات ئەو دەستدرێژیانە هەر دیتراون، ئاسەوارە کۆنەکان نیشان دەدەن ئاشورییەکان چ بەڵایەکیان بەسەر میدیاکان دەهێنا، کۆلۆنیالیستەکان لە سەدەکانی ڕابردوودا چیان بەسەر گەلانی جیهان بە تایبەت سوورو ڕەش پێستەکان هێنا...

+ ئەگەر دەوڵەت لە سەر بنەمای ئایین بونیاد بنرێ ، ئایا چۆن دەتوانیٚ ماف هەموو نەتەوەکانی تر و ئایینەکانی تر دابین بکات بەبیٚ جیاوازی (بەتایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتە دەوڵەتێکی ئیسلامیی بێت) ؟ لەکاتێکدا تۆ لە نووسینێکتدا دەڵێیت: "لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێکهاتنی دەوڵەت– نەتەوە، دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانەی لێکەوتۆتەوە ؟! ".

ئەبریشەمی: لەو پرسیارەدا بیری بونیادنانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایین زۆر بەرچاوە، لە وەڵامی پێشوو ئاماژە بە ڕەوتی دەستپێکی دیاریکراوی دەوڵەت کرا، دیتمان دەوڵەتی سەرەتایی لەسەر بنەمای ئایین دامەزراوە، دواتریش کە دەوڵەت داگیرکرا زۆرتری پادشاکان بۆ پیرۆزکردنی دەسەڵات پادشایەتیان بە ئایینەوە گریٚ دەدا، مەسیحیەت لە سەرەتادا بیٚ دەسەڵاتترین ئایین بوو، بەڵام چەند سەدە دواتر بوو بە ئامرازی دەوڵەتانی داگیرکەر(بۆ بەرینکردنەوەی سنووری دەسەڵات، تاڵان و بەدیلگرتنی خەڵکی وڵاتانی دی). لەحاڵێکدا مێژوو نیشان دەدا، ئیسلام لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای دەسەڵات و حکومەت خۆی نواندووە، ئیسلام لە بوارەکانی سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بە ڕێبەری بەرەی مرۆڤ دادەنیٚ، هەر بۆیەش لە سەرەتاوە کاتێك وڵاتێك دەکەوتە دەست موسوڵمانان حاکم و دەسەڵاتدارەکان بە نێوی ئایین و"ئیسلام" حوکمیانکردووە، بەڵام ئیسلام لەو ماوە درێژەدا نەیتوانیوە ڕەوتێکی وەپێشکەوتووانە بۆ دەوڵەت و دەسەڵات بدۆزێتەوە، لە حاڵێکدا دەوڵەتی هاوچەرخ (کە لە وڵاتە

ناموسولمانه‌كان پێكهات) له‌ سه‌ر ڕه‌وتی جیابوونی ئایین له‌ ده‌وڵه‌ت دامه‌زراوه‌، سیاسه‌ت، ئابووری و كێشه‌ كۆمه‌لایه‌تێكان ناتوانن له‌ بازنه‌ی ئاییندا چاره‌سه‌ر بن.

مێژوو نیشان ده‌دا ده‌وڵه‌ت و حكومه‌تی ئیسلامیی (١٤٠٠) ساڵی خایاند (له‌ سه‌ره‌تاوه‌ تا سه‌ده‌ی بیست). پرسیار ئه‌وه‌یه‌: له‌و ماوه‌ درێژه‌دا ئه‌زموون و ده‌ستكه‌وتی ئیسلام له‌ ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌ت چۆن بووه‌؟ كه‌سایه‌تییه‌ خاوه‌ن بیره‌كانی یه‌ك دوو سه‌ده‌ی ڕابردووی ئیسلامیی وه‌ك سه‌ید جه‌ماڵه‌دین و...هتد، دوای ده‌ستكه‌وتی ڕۆژئاوا له‌ پێكهێنانی ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخ هاتنه‌ سه‌ر ئه‌و بیره‌ی كه‌ موسولمانه‌كانیش به‌ چاولێكه‌ری له‌ ڕۆژئاوا ده‌وڵه‌ت بكه‌نه‌ ئامرازی پێشكه‌وتنی وڵاته‌ ئیسلامێكان. به‌ڵام له‌ ڕۆژئاوا زۆرتری ده‌وڵه‌ته‌ نوێیه‌كان له‌سه‌ر بنه‌مای جیا له‌ ئایین دامه‌زران، ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ی گرێدراویان به‌ ئایینه‌وه‌ هه‌ر ماوه‌ به‌ چه‌شنێك لایه‌نی دێموكراسی له‌ ناو ئه‌واندا به‌هێزه‌، كه‌ جوغزه‌كانی ئایین به‌رگری له‌ ڕه‌وت و یاسای نێونه‌ته‌وه‌یی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ناكات. ئایا ده‌وڵه‌تی دامه‌زراو له‌ سه‌ر بنه‌مای ئیسلام ده‌توانێ ئه‌و ڕه‌وته‌ له‌به‌رچاو بگرێ؟ یان به‌ بیانووی ناكۆكی له‌گه‌ڵ بنه‌ماكانی ئایین وه‌لا ده‌ندرێ؟

به‌شێك له‌ ئیسلامێكان له‌ ڕه‌وتی ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخ بۆ جیابوون له‌ ئایین تووڕه‌ن، دیاره‌ ئیسلام و ده‌سه‌ڵات له‌ سه‌ره‌تاوه‌ لێك جیا نه‌بوون، به‌ڵام له‌م باره‌وه‌ پرسیار زۆرن وه‌ك: ده‌ستكه‌وتی ئیسلام له‌ سیستمی ده‌سه‌ڵاتی ئایینی چ بووه‌؟ له‌و ماوه‌ درێژه‌دا موسولمانان چ هه‌ولێكیان بۆ چاكسازی و گۆڕانكاری له‌ چلۆنایه‌تی ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌تداوه‌ جگه‌ له‌ چه‌ند كه‌سێك وه‌ك ئیبنی خه‌لدون، چ وردبوونه‌وه‌و لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ك له‌ مه‌ڕ چه‌مكی ده‌وڵه‌ت و ده‌سه‌ڵات له‌ ئارادایه‌؟

ئه‌وه‌ دوای پێكهاتنی ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخ له‌ ڕۆژئاوایه‌ كه‌ به‌شێك له‌ موسولمانان وه‌خۆ كه‌وتوون تا سه‌ر له‌ نوێ ده‌وڵه‌تی ئیسلامیی دابمه‌زرێننه‌وه‌. موسولمانان بۆ به‌ر له‌ ئه‌وروپاییان له‌ فیكری پێشخستنی شێوازی ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌تدا نه‌بوون؟ ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕۆ ده‌یانه‌وێ به‌ شێوازی هاوچه‌رخ ده‌وڵه‌ت دابمه‌زرێنن، پێویسته‌ ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ له‌سه‌ر بنه‌مای هاوچه‌رخ و له‌ ئایین جیا بێت.

وێده‌چێ ناهومێد بوونی خه‌ڵكی وڵاتانی ئیسلامیی له‌و ته‌رحه‌ی كه‌ به‌ نێوی دێموكراسی خۆی نواندووه‌، بیر دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت له‌ سه‌ر بنه‌مای ئایین كه‌وتبنه‌وه‌ تا ده‌وڵه‌ت و ده‌سه‌ڵات و كۆمه‌ڵگا له‌ گه‌نده‌ڵی و ناپاكی ڕزگار بكه‌ن، به‌ڵام ئه‌و بیره‌ له‌ ناوه‌ڕۆكی خۆیدا دووپاتكردنه‌وه‌ی ئه‌زموونی ڕابردوویه‌كی سه‌دان ساڵه‌یه‌.

له‌ سیستمی هاوچه‌رخدا بیری دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت له‌سه‌ر بنه‌مای ئایین ناكۆكی پێكهاته‌یی لێ ده‌كه‌وێته‌وه‌، ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخ ده‌بێ به‌ پێی به‌رژه‌وه‌ندی وڵات و یاساگه‌لی ڕێكخراوه‌ نێو نه‌ته‌وه‌ییه‌كان هه‌ڵبسوڕێ، نه‌ له‌ بازنه‌ی ئایینداا قه‌تیس بكرێ به‌ له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و چه‌مكانه‌، ئه‌و پرسیاره‌ خۆ ده‌نوێنێ دانراوه‌یه‌كی پیرۆز، به‌ستراوه‌ نه‌گۆرو ئاسمانی، چۆن ده‌شێ بكرێته‌ بنه‌مای پێكهاته‌یه‌كی به‌ربڵاوی دنیایی و هه‌ڵگری گۆڕانكاریی؟

له‌ چه‌مكی هاوچه‌رخدا ئه‌گه‌ر بیرو داخوازی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ت له‌سه‌ر بنه‌مای ئایین به‌ پاوانخوازی دانه‌ندرێ، ناشاره‌زایی و بێ بڕوایی به‌ دێموكراسی ده‌سه‌لمێنێ، ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌ت له‌سه‌ر بنه‌مای ئایین دابمه‌زرێ به‌ڕێوه‌به‌ری چاوه‌ڕوانكراوی ئه‌ركی ده‌وڵه‌ت و ئایین ده‌شێوێ، خه‌ڵك له‌ هه‌ردوولا ده‌تۆرێن، ئایین و ده‌وڵه‌ت له‌ ئه‌رك و تایبه‌تمه‌ندێكانی خۆیان داده‌ماڵدرێن.

سه‌ره‌كیترین ئه‌ركی ده‌وڵه‌ت بریتییه‌ له‌ به‌ڕێوه‌به‌ری كاروباری وڵات و كۆمه‌ڵگه‌، دابینكردنی هێمنایه‌تی و ئاسایش له‌ وڵات و ڕاگرتنی سه‌ربه‌خۆیی و په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ وڵاتانی تر، دیاره‌ ئه‌و ئه‌ركانه‌ به‌ لێهاتوویی و زانستی تایبه‌ت (كه‌ له‌ مه‌ودای زانستی ئایینیدانین) به‌ ئه‌نجام ده‌گه‌ن.

سه‌ره‌كیترین ئه‌ركی ئایین، بریتییه‌ له‌ ئامۆژگاری و به‌ڕێوه‌به‌ری ئه‌رك و شێوازی ژینی په‌یره‌وان و ناساندنی ئایین، ئه‌وكاره‌ش پێویستی به‌ زۆره‌ملێ و پاڵپشتی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌ت نییه‌، به‌ڵكو به‌ ویستی په‌یڕه‌وانی ئایین، له‌ مزگه‌وت و بنكه‌كانی ئایینی (ناده‌وڵه‌تی N G O) پێكدێ.

له‌ وڵاتێكی ئازاددا هه‌ر ئایینێك ده‌توانێ شه‌رعییه‌تی تایبه‌ت به‌ خۆی به‌ڕێوه‌به‌رێ (سه‌باره‌ت به‌ په‌یره‌وانی نه‌ك ته‌واوه‌تی هاونیشتمانان)، ئه‌و ڕه‌وته‌ش

به لەبەرچاوگرتنی مافەكانی تایبەت به مرۆڤ ئەنجام دەدریٚ. دیاره ئایین و دەوڵەت دەتوانن هاوكار بن، بەڵام پێویست به بەستنەوەی بنەمای دەوڵەت به ئایینەوه نییه، ئەو كاره ئیستیبدادی ئایینی لیٚ دەكەوێتەوه. هەر ئایینێك، تایبەت به بەشێك له هاونیشتمانانه، بەڵام دەوڵەت تایبەت به گشت هاونیشتمانانه.

وەك ئاماژەی پێكرا ئەو قسەیه به مانای وەلانانی ئایین و ئاییندارەكان له بازنەی دەوڵەت نین، له وڵاته ئازادەكاندا، ئاییندارە لێهاتۆكان به هێنانەوەی دەنگ دەتوانن دەوڵەت بەدەستەوه بگرن، بەڵام لەو قۆناغەدا ئەركی دەوڵەتیان پیٚ دەسپێردریٚ (نه ئەركی ئایینی). بەو چەشنه ئاییندارە لێهاتۆكان دەتوانن شارەزاییو لێهاتوویی و دڵپاكی خۆیان به خەڵكی وڵات بسەلمێنن. له چەمكێكی ئەوتۆدا پێویست نییه ئایین بكرێته بنەمای پێكهاتەی دەوڵەت.

وەك ئاماژەی پێكرا ئەگەر ئایین بكرێته بنەمای پێكهاتەی دەوڵەت، خەڵك له ئایین دەكشێنەوه. دەوڵەتیش لێهاتوویی خۆی بۆ ڕێبەری كاروباری وڵات لەدەست دەدا. له ئەنجامدا خەڵك بۆ ڕزگار بوون لەو پێكهاته نارێكه، له دەوڵەت دادەبڕێن، ڕوو له شۆرش و تێكدانی دەوڵەت دەكەن.

له وڵاته پێشكەوتۆكان دەوڵەت و ئایین لێك جیان. ڕێكخراوەی ئایینی و سێكۆلار بۆ بەڕێوەبەری دەستگۆڕی دەوڵەت به شێوازێكی شارستانیانه ململانی دەكەن، بەڵام كاتێك دەوڵەت دەكەوێته بندەستی هەر لایەك پێویسته بەرژەوەندی گشت لایەنەكان ڕابگرن و جوغزی بەرژەوەندی گشت هاونیشتمانان له بەرچاوبگرن، باشتر ئەوەیه ئەركی ئایین و ڕێكخراوەكان له بنكەكانی تایبەت بەخۆیان چاوەدێری پەیڕەوان بكەن، دەوڵەتیش كاری به كاری ئایین و ڕێكخراوەكان و (N G O)كان نەبیٚ، ئایین و بنكەكانی دی نابیٚ به زۆرەملی ویستی خۆیان بەسەر گشت هاونیشتماناندا بسەپێنن. دیاره پەیڕەوانی هەر ئایینو ڕێكخراوەو... داب و نەریتی خۆیان ڕادەگرن. له چەمكێكی ئەوتۆدا جیاوازی كاروباری ئایین و دەوڵەت لەبەر چاو دەگیریٚ، دەوڵەت به پێی هەلومەرجەكان ئاڵوگۆڕی بەسەردادیٚ، بەڵام ئایین وەك خۆی دەمێنێتەوه. بڕوانه دەوڵەت–

نه‌ته‌وه (كه ئێستاش له زۆر ولاَتان وه‌ك پێكهاته‌یه‌كی پیرۆز و نه‌گۆڕ خۆ ده‌نوێنیَ)، ورده ورده چه‌مكی "تایبه‌ت بوون" وه‌لاده‌نیَ و به‌ره‌و دانراوه‌یه‌كی كۆمه‌لاَیه‌تی بۆ گشت "هاونیشتمانان" هه‌نگاو هه‌لَدێنیَ له زۆر ولاَتان شاروه‌ند (Citizen) جێگای نه‌ته‌وه‌ی تایبه‌تی گرتۆته‌وه.

ده‌ولَه‌ت به ئیراده‌ی خه‌لَك، به‌رده‌وام له ده‌ستگۆڕدایه، به‌لاَم ئایین به ئیراده‌ی خه‌لَك گۆڕانی به‌سه‌ر دانایه، ده‌ولَه‌ت و ئایین ده‌توانن به‌یه‌كه‌وه هاوكاریَ بكه‌ن، به‌لاَم ناتوانن جێگری یه‌كبن.

ئه‌و تایبه‌تمه‌ندیانه‌ی ئه‌وڕۆ بۆ ده‌ولَه‌ت له‌به‌ر چاو گیراون له ڕابردوو له ئارادا نه‌بوون. ئه‌و یاساو داب و نه‌ریتانه‌– كه ده‌ستگۆڕن– بۆ ده‌ولَه‌تی هاوچه‌رخ پێكهاتوون، به‌لاَم ده‌ولَه‌تی دامه‌زراو له‌سه‌ر ئایین به‌هۆی به‌ستراوه بوونی بنه‌ماكانی ده‌ست و بالَی وه‌ك ده‌ولَه‌تی ئازاد نابیَ.

وه‌ك ئاماژه‌ی پێكرا له ڕۆژهه‌لاَتی ناوه‌ڕاست بیری دامه‌زراندنی ده‌ولَه‌ت له‌سه‌ر بنه‌مای ئایین مه‌به‌ستێكی نویَ نییه، به درێژایی مێژووی ئه‌و ناوچه‌یه ده‌ولَه‌ت له‌سه‌ر بنه‌مای ئایین بووه، زۆرتری ولاَته موسولَمانه‌كان له‌سه‌ره‌تاوه له‌سه‌ر بنه‌مای ئایینی ئیسلام به‌ڕێوه چوون، به‌لاَم مێژوو وێنه‌یه‌كی به‌رچاوی له ده‌ولَه‌تی ئایینی چ به‌ر له ئیسلام و چ دوای ئیسلام نیشان نه‌داوه. له‌و ماوه درێژه‌دا له ولاَتانی ئیسلامیی لێكۆلَینه‌وه‌یه‌كی به‌رچاو له‌سه‌ر ده‌ولَه‌ت و كێشه كۆمه‌لاَیه‌تێكان نه‌دیتراوه، ئه‌و بابه‌تانه‌ی ئه‌وڕۆ له ولاَته ئیسلامێكان بۆ دامه‌زراندنی ده‌ولَه‌ت باسیان له‌سه‌ر ده‌كریَ، به ته‌واوه‌تی ده‌ستكه‌وتی ڕۆژئاواییین، ئه‌و ده‌ستكه‌وتانه‌ش بۆ وه‌ده‌ستهێنانی ده‌سه‌لاَت له ولاَتانی ئیسلامیش كه‌لَكیان لیَ وه‌رده‌گیریَ، له نێو موسولَماناندا چ ئه‌زموون و ده‌ستكه‌وتێكی پێشكه‌وتوو بۆ دامه‌زراندنی ده‌ولَه‌ت له ئارادا نییه، به‌لاَم له ڕۆژئاوا لێكۆلَینه‌وه بۆ چاكسازی ده‌ولَه‌ت به‌رده‌وامه، پتر له سه‌ده‌یه‌كه (ده‌ولَه‌ت– نه‌ته‌وه) وه‌ك به‌رچاوترین ده‌ستكه‌وتی ده‌ولَه‌تی هاوچه‌رخ خۆی ده‌نوێنیَ، به‌لاَم ماوه‌یه‌كه به‌ره‌و لێژی ده‌ڕواو ورده ورده سه‌رده‌می به‌سه‌ر ده‌چیَ.

دووپاتی دەکەمەوە مەبەست لەو باسە وەلانانی ئایین و نەتەوەگەری لە دەسەڵات نییە، بەڵکو مەبەست لە بنەمای دەوڵەتی هاوچەرخە کە نابێ بە ویستی تایبەت بە لایەنێك لە هاونیشتمانان ببەسترێتەوە.

وەك دەبینین دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی تایبەت دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانەی لێ کەوتۆتەوە، دیارە ئایین، نەتەوەگەری یان ئیدیۆلۆژی (وەك کۆمۆنیسم)، بە پێی تێگەیشتن تەفسیرو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بابەتەکان ناتوانن گشت بەرەی تایبەت بە خۆیان قانع بکەن، چ دەگا بە لایەنەکانی دی، ئەو بابەتانە وەك دۆگما خۆ دەنوێنن، ناتوانن جوغزە پیرۆزکراوەکانی خۆیان ببەزێنن.

ئەگەر دەسەڵاتی ئایینی لە ڕووی ئایین ڕایەك دەربڕێ، کەس توانای دەنگ هەڵبڕینی نییە. ئەوەش دژ بە ڕەوتی پێکهاتەی هاوچەرخی دەوڵەتە، دەوڵەتی دامەزراو لەسەر بنەمای تایبەت، دەبێتە هۆی لێکترازانی خەڵك و دەوڵەت. سەرئەنجامی ئەو لێکترازانە وەپاشکەوتوویی وڵاتە.

لەجیاتی ئەوەی ئایین ببێتە دەسەڵاتی سیاسیی باشترە ببێتە بەڕێوەبەری شەریعەت و پەروەردەکردنی کەسایەتیی پاك، زاناو لێهاتوو، ئایین پێویستە بەکردەوە خۆی بە خەڵك بناسێنێ نەك بەهۆی دەسەلاتی سیاسیی.

بیری دامەزراندنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایین (بە تایبەت لە وڵاتە دواکەوتۆکان) لەو کاتەوە سەریهەڵداوە کە داگیرکەرانی دەسەڵات بە ناوی نوێخوازی دەوڵەتیان لە ژێر ڕکێفی خۆیانناوە، خەڵك توانایی ئەوەیان نییە لە پاکی و ناپاکی کاربەدەست و بەڕێوەبەران بکۆڵنەوە، ئایینێکان بۆ لابردنی ناپاکان قۆڵیان هەڵماڵیوە، دەیان هەوێ دەوڵەت بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان بەبێ ئەوەی نموونەیەکی باشی دەوڵەتی ئایینی لە ڕابردوو دەستنیشان بکرێ. بەڵام لە وڵاتە وە پێشکەوتوکان خەڵك لە مەودای دێموکراسیدا دەتوانن لە پاکی و لێهاتوویی و ناپاکی و ناشایستی کاربەدەستان بکۆڵنەوە، ناپاکان وەلابنێن. هەر بۆیەش ئەوان گەڕانەوە بۆ سەر بنەمای ئایین بە پێویست نازانن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بورۆکراسی ساغ و لێهاتوو، کارو باری وڵات بەڕێوە دەبا. بەڵام لە

ولاّتانى وە دواكەوتوو بورۆكراسى گەندەڵ بەسەر ولاّت ڕادەگا، وەك دەبینین ئەگەر بنەماى دەوڵەت و دەسەلاّت لە سەر داب و نەریتى سوننەتیش بێ دەكرێ بورۆكراسى و بەڕێوەبەرى ولاّت لەسەر بنەماى پێشكەوتووانە دابمەزرێ (وەك ئەماراتى یەككگرتوى عەرەبى)، لە ولاّتێكى ئەوتۆدا بنەماى دامەزراندنى دەوڵەت زۆر بەرچاو نییە، بەڵكو شێوازى هاوچەرخى بورۆكراسى بۆ بەڕێوەبەرى كاروبارى ولاّت زۆر بەرچاوە. هەر بۆیەش لە ولاّتانى سعودى و ئەمارات باسى دامەزراندنى دەوڵەت لەسەر بنەماى تایبەت بەرچاو نییە.

لە ولاّتە پێشكەوتۆكان خەڵك دەتوانن بەرگرى لە دەستدرێژى و ناپاكى كاربەدەستان و گەندەڵى كاروبار بكەن، بەلاّم لە ولاّتانى دواكەوتوو خەڵك توانایی ئەوەیان نییە لە پاكى و ناپاكى لێهاتوویى و ناشارەزایى كاربەدەستان و گەندەڵى كارەكان بكۆڵنەوە، بۆیە پەنا بۆ ئایین و ئیدیۆلۆژى تایبەت دەبەن، خەڵكى بێزار لە دەسەلاّت و بورۆكراسى گەندەڵ جگە لە وێنەى دەسەلاّتى ڕابردووى ئایینى یان پادشایەتى، یان دروشمى كۆمۆنیستەكان چ شێوازێكى تریان لە دەوڵەت لەبەر چاو نییە.

لە لایەكى دى بڕواى ئایینى لە ڕووى هەڵبژاردن و تێگەیشتن پێكنایە، ئەوەى كە هەنووكە لە جیهاندا باوە ئایین زۆرتر لە باوكەوە بە ئێرس دەگات، گرفتى گەورەى بەشێك لە ئایینەكان ئەوەیە: مافى هەڵبژاردنى ئایینى لە مرۆڤ داگیر كردووە. لە حاڵێكدا ماددەى (١٨) بڕیارى نێونەتەوەیى، ئازادى هەڵبژاردنى ئایین دەستنیشان دەكات، هەڵبەت بەشێك لە ولاّتە پێشكەوتۆكانیش گرێدراوێكیان بە ئایینى تایبەتەوە هەیە، بەلاّم ئەو گرێدراوییە زۆر بەرچاو نییە، لە ڕەوتى دێموكراسى و دەوڵەتى نیشتمانیدا مرۆڤ دەتوانێ سەبارەت بە هەرمەبەستێك ڕاى خۆى دەربڕێ، قسە بكاو دەنگ هەڵبڕێ، بەلاّم لە مەوداى ئایین دا ئەوكارە ناكرێ: مامۆستایان و خاوەن ڕایانى ئایین بە هۆى تێگەیشتن یان قامك دانان لەسەر ئەوبابەتانە (كە دەگەڵ ویستى وان یەك دەگرنەوە) ڕاى خۆیان بە پیرۆز و ئاسمانى دادەنێن و بەسەر خەڵكیدا دەسەپێنن، كەسیش تواناى ئەوەى نییە ڕاى پیرۆزكراو ڕەت بكاتەوە یان دژ بەو ڕایە دەنگ هەڵبڕێ. بەپێچەوانەى بەر لە

ئیسلام دەکرێ بڵێین دەوڵەتی سەردەمی چوار خەلیفەی ڕاشدین چەشنێکی نوێ لە دەسەلات و دەوڵەت بوو: ئەمیری موسوڵمانان لەلایەن موهاجیر و ئەنسار، هەڵدەبژێردرا، خەڵك بەیعەتیان لەگەڵ ئەمیری داندراو دەکرد. چوار خەڵیفەی ئاماژە پێکراو لە نێو خەڵکدابوون، وەك خەڵك دەژیان. بەڕێچوونی خەڵك بە چەشنێك لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامیی چاوەدێری دەکرا، ئەو ڕەوتەش لە شەڕایتی سەردەمی خۆیدا ئینقلابێك لە سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبەری ولات و پێکهاتەی دەوڵەت بوو، بەلام مێژوو نیشان دەدا ئەو چەمکە پێشکەوتووە زۆری نەخایاند، موعاویە سەرلە نوێ ڕەوتی کۆنی دەوڵەتی (وەك سەردەمی پادشایەتی) گرێدراو بە ئایینی دامەزراندەوە، سیستمی دەسەلاتی موعاویە داسەپاو بوو، ئەو ئایینی ئیسلامیی کرد بە دروشمی دەسەلات و دەوڵەت، وەك سەردەمی حەموڕابی (نزیك بە ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە موعاویە) کە ئەویش خۆی بە راسپاردەی خودا دادەنا، یاسای لەسەر بڕوای ئایینی سەردەم دەردەخست. لە ڕوانگەی پەیوەندی "ئایین و دەسەلات"ەوە چ جیاوازێك بەینی موعاویەو حەموڕابی نابیندرێ. هەڵبەت لە سەردەمی حەمورابی ئایینی ئیسلام لە ئارادا نەبوو، موعاویە موسوڵمان بوو، دەسەلاتی خۆیشی بە دەوڵەتی ئیسلامیی ناساند. دەسەلاتە پادشایەتێکانی دواتریش ئیسلامیان وەك دروشمێك بۆ بێ دەنگکردنی خەڵکی موسوڵمان و تالان و داگیرکردنی ولاتانی ناموسوڵمان بەکار دەبرد. سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، وێنەیەك لەو کەسانە بوو کە بە بیانووی ئیسلام هێرشی بردە سەر هیندوستان، کوشتارو تالانێکی وەڕێخست کە ئێستاش دڵڕەشی هیندی و موسوڵمانی لێدەتکێتەوە.

دیارە لە دەوڵەتی نیشتمانی هاوچەرخدا گشت دانیشتوانی ولات هاوبەشن، بەرژەوەندی نەتەوایەتی و ئایینی گشت هاونیشتمانان لەبەرچاو دەگیرێ. لە چەمکێکی ئەوتۆدا هاونیشتمانان (کە زۆرینەیان پەیرەوی ئایینێك یان خاوەنی پێناسەی نەتەوایەتی تایبەت، یان هۆگری بیروباوەڕێك بن) دەتوانن بە دەنگدان بەڕێوەبەری دەوڵەت بەدەستەوە بگرن. هەر بۆیەش چ نیازێك بە بەستنەوەی دەوڵەت بە ئایین، نەتەوەگەری یان ئیدئۆلۆژێکی تایبەت لە ئارادا نییە.کاتێك

بنەمای دەوڵەت لەسەر ڕێزگرتن لە مافی گشت هاونیشتمانان دابمەزرێ، یاسای بنەڕەتی بەرگری لە دەستدرێژی دەوڵەت دەكا. بەڵام ئەگەر بنەمای دەوڵەت لەسەر مەبەستی تایبەت دابندرێ، بەرگری لە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ ناكرێ، وەك دەبینین لە وڵاتە پێشكەوتۆكانیش بە بیانوی یاسای بنەڕەتی دەوڵەت، نایەڵن ژنە موسوڵمانەكان لە بنكە دەوڵەتێكان بە سەرپۆشەوە بن. ئەو ڕەوتە، نیشان دەدا كە بنەمای دەوڵەت لە وڵاتە پێشكەوتۆكانیش بە تەواوی لەسەر ڕێزگرتن لە گشت ئایینەكان (وەك مافی مرۆڤ) لەبەرچاو نەگیراوە. ئەوەش حاشای لێناكرێ كە لە زۆر وڵاتان، (دەوڵەت– نەتەوە)، دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانەی لێكەوتۆتەوە، بڕوانە ڕەگەز پەرستەكان لە توركیا بەر لە شەڕی یەكەمی جیهانی، زۆرتری دەزگای دەوڵەتی عوسمانیان بەدەستەوە بوو، ڕەگەزكوشی گەلی ئەرمەنیان دەستپێكرد. هەرچەند ئەوەش حاشای لێناكرێ نەتەوەگەری ئەرمەنی بە پشتیوانی ڕوسیای تەزاری پەلاماری دانیشتوانی ناوچەگەلی ڕۆژهەلات و نزیك بە سنوری ڕوسیایان دەدا. ئەوانیش زۆر بێبەزەیانە خەڵكی موسوڵمانی ناوچەكانیان دەكوشت، تالانیان دەكردن و هەڵیان دەبڕین.

لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانی ڕەگەز پەرستانی تورك هاونیشتمانانی بە رەچەڵەك یۆنانیان دەر پەراند، دواتر دەستیان بە ڕەگەزكوژی كوردان كرد. ئەوان تەواوەتی مەڵبەندی ئاسیای بچووكیان بە وڵاتی تایبەت بە گەلی تورك قەبڵاند، لە حاڵێكدا ئاسیای بچووك نیشتمانی كورد و ئەرمەنی و گەلانی تریشە، لە هەزار ساڵی ڕابردوودا، توركەكان وردە وردە دەستیان بەسەر ئاسیای بچووك داگرت و دەسەڵاتە كوردەكانیان لەناوبرد، لە توركیا لە سەرەتای سەدەی بیست ڕەگەزكوژی نەتەوەكانی نا تورك دەستیپێكرد.

ئەگەر بنەمای دەوڵەت لەم وڵاتە لە سەر بەرژەوەندی گشت هاونیشتمانان دامەزرابا، دەوڵەتێكی زۆر بە هێزتر پێك دەهات. بەڵام "دەوڵەت– نەتەوە"ی ڕەگەز پەرستی تورك حاشا لە بوونی گەلی كورد لە وڵاتێك دەكا كە بەشێكی ئەم وڵاتە نیشتمانی مێژوویی گەلی كوردە، بە پێی یاسای كۆماری توركیا هەركەس بڵێ لە وڵاتی ناو لێنراو بە توركیا كورد هەیە كەمترین تاوانی ئەشكەنجەو زیندانە،

ئهوان بهوهش ڕازی نین كوردان وهك توركێكی ڕهسهن بناسن! بهڵكو پێیان دهڵێن" توركی كێوی! ئهو چهواشهكاریانه بهرههمی دهوڵهتێكن كه لهسهر بنهمای نهتهوهی تایبهت به تورك دامهزراوه، له زۆر ولاتان دهوڵهت– نهتهوه مافی هاونیشتمانان پێشێل دهكات. بهلام دهوڵهتی هاوچهرخی دامهزراو لهسهر بنهمای دێموكراسی بهرگری له پێشێلكردنی مافی هاونیشتمانان دهكات.

وهك ئامارهی پێكرا، بنهمای دهوڵهتی هاوچهرخ دژ به ئاین یان نهتهوهگهری نییه، له دهوڵهتی نیشتمانی هاوچهرخدا به هێنانهوهی بێ فێل و فهرهجی دهنگ ههر لایهنێك دهتوانێ بۆ ماوهیهكی دیاریكراو دهسهلاتی دهوڵهت بهدهستهوه بگرێ. بهلام ناتوانی مافی ئهوانیدی پێشێل بكات. ئهگهر ئاین مهندهكان یان نهتهوهخوازهكان بتوانن دهنگ بهێننهوه، چ پێویسته بنهمای دهوڵهت به ئاین یان نهتهوهگهری تایبهت گرێ بدرێ؟ به شێوازی دێموكراسی دهوڵهت (كه بۆ ماوهیهكی دیاریكراو پێكدێ) دهتوانێ بهبێ جیاوازی "مافی هاونیشتمانان (چ ئایینی چ نهتهوهخوازن) دابین بكات. له دهوڵهتێكی ئهوتۆ دا ئیسلام گهراكان دهتوانن له دهنگداندا ڕای گشتی وهدهست بێنن و بۆ ماوهیهكی دیاریكراو دهوڵهت بهڕێوهبهرن.

وهك باسكرا ئیسلام له ماوهی پتر له سیازده سهده –جگه له سهردهمی خولهفای راشدین– وێنهیهكی وێچووی له دهوڵهتی ئیسلامیی نیشان نهداوه تا ئهوڕۆ بۆ دامهزراندنی دهوڵهت لهسهر بنهمای ئهو ئایینه پێ دابگرین، ئاستی سهردهمی خولهفای ڕاشدین–یش، له ئارادا نهماوه، جگه لهوهی ئهو سهردهمیش چاندو بیری دهسهلاتخوازی ملهۆڕانهی ههزاران ساڵه سێ ئهمیری موسوڵمانانیان یهك له دوای یهك له ناو برد، (١٣٠٠) ساڵ دهسهلاتداری ئیسلامیی نهیتوانیوه ڕهوتێكی بهرچاو له دهوڵهتی ئیسلامیی نیشان بدات، ئهوڕۆ به چ هیوایهك دهیانهوێ سهر له نوێ ڕهوتی ڕابردوو دووپات بكهنهوه؟

له شێوازی دهوڵهتی هاوچهرخدا چ نیازێك به بهستنهوهی "دهوڵهت" به ئاین یان نهتهوهگهری یان ئیدئۆلۆژێكی تایبهت ههیه؟ بۆ له سهردهمی پێشوو له ولاته ئیسلامێكان چ لێكۆڵینهوهیهكی به پێز بۆ دامهزراندنی دهوڵهتی ئیسلامیی

نەدیتراوە؟ دەوڵەتە پادشایەکانی وڵاتانی ئیسلامیی لە سەردەمی موعاویەوە تا ئەوڕۆ خۆیان بە دەوڵەتی ئیسلامیی داناوە، بەرهەمی (١٤٠٠) ساڵەی ئەو دەوڵەتانەش جگە لە داگیرکەری وڵاتانی دی و دواکەوتوویی گەلانی موسوڵمان چی تر نەبووە. زۆرتری وڵاتە ئیسلامێکان پاش تێکچوونی دەسەڵاتی کۆن هەوڵیان بۆ ڕەخسا تا داوای دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامیی بکەنەوە. ئەگەر ئەوانە ڕەوتی (١٤٠٠) ساڵە بە ئیسلامیی ناناسن بۆ لەو ماوە درێژەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی هەوڵیاننەداوە؟ بەشێك لەئەوانەی خۆ بە موسوڵمان دەناسێنن بۆ داگیرکردنەوەی سەر لە نوێی دەوڵەت و دەسەڵات شێوازی دژ بە مرۆڤایەتی یان (خۆکوژی بۆ کۆکوژی و ڕەشەکوژی) وەگەڕ خستووە. ئەو ڕەوتە درێوە بۆ بەر لە سەردەم لە ئارادا نە بووە؟ بۆ ئەو ڕەوتە دژ بە حاکمەکانی پێشوو کە ئەوە هەموو زوڵمەیان دەکرد بەکار نەدەبردرا؟ ئایا ئەو بیرو لێکدانەوەیە لە دینی ئیسلامیش تازە دۆزراوەتەوە؟

ئەگەر دەوڵەت لە سەر بنەمای تایبەت (ئایین یان نەتەوەگەری) دابمەزرێت بیرو ڕای خەڵك و نوێنەرانیان لە سەر زۆر بابەتان ناتوانێ لە بازنەی بیروڕای مامۆستایانی ئایینی یان نەتەوەخوازەکان بچێتەدەر. ئەو ڕەوتەش دژ بە چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخە.

بێگومان ئەو بیرە ئایینیانە کە داکۆکی لەسەر چاکسازی کۆمەڵگەو سیستمی دەوڵەت دەکەن زۆر جێی ڕێزن، بەڵام باشترە ئاییندارەکان لە دەستگۆریی و یاسایی دەوڵەتدا هاوبەش بن، کەسایەتی شارەزاو لێهاتوو بۆ بەڕێوەبەری دەوڵەت دەستنیشان بکەن و بەو چەشنە ئاستی خۆیان و ئایین لە کۆمەڵگەدا بەرزتر کەنەوە.

+ تا چەند کورد شتێکی هەبووە بەناوی (کێشەی نەتەوایەتی) لە مێژەوە؟ یاخود ئەم مەسەلەیە لەم دواییانەدا سەریهەڵداوە؟

ئەبریشەمی: کاتێك باس لە کێشەی نەتەوایەتی دەکرێ گەلێك مەبەستی نوێ خۆ دەنوێنن، جگە لە پێناسە کولتورێکان کە ڕیشەیان لە درێژایی مێژوودایە، نەتەوە دیاردەیەکی نوێیە لە چەمکی هاوچەرخدا نەتەوە بە گەلێك دەگوترێ کە

خاوەنی مافی چارەی خۆنووس بێ، سەروەری وڵاتی خۆی بەدەستەوە بێ، ئەگەر گەلێك دەسەڵاتی وڵات و چارەی خۆنووسی نەبێ، كاتێك بە نەتەوە دادەندرێ كە بۆ گەیشتن بە ئەم ئامانجە بە گشتی خەبات بكات، كورد پتر لە یەك سەدەیە بۆ ئەو مەبەستە خەبات دەكات و بەم شێوازە خۆی بە گەورەترین گەلی بێ دەوڵەت ناساندووە، بەڵام لە زۆرتری جووڵانەوەكانی كورداندا "ستراتیژێكی ڕوون و یەكگرتووی نەتەوەیی" لە ئارادا نەبووە، هەڵبەت پێشتریش هۆزە كوردەكان جیاجیا لە هەوڵی ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیاندا بوون، بەڵام لە ڕابردووشدا هەوڵ و پلانێكی "ڕوون" بۆ پێكهێنانی قەوارەیەكی دیاریكراوی كورد لە ئارادا نەبووە، لە ڕابردوودا كورد بەرلەوەی خۆی وەك گەلێك (نەتەوەیەك) بناسێ لە ژێر ناوی ناوچەو هۆزدا خۆی ناساندووە. هەر بۆیەش بەر لە سەدەی بیستەم كێشەی كورد زۆرتر ناوچەیی بوو. ڕاپەڕینی گشتی لە ئارادا نەبوو. ئەو كات، سیستمی حكومەتی ئێران و عوسمانی تەواو لە سەر بنەمای نەتەوەیی نەبوو، بەڵام ئەو سەردەمیش داگیركەرانی دەسەڵاتی كورد بزووتنەوە ناوچەییەكانیان بە سەربزێوی "كورد" ناو دەبرد بۆ داگیركەران هەموو ناوچەو هۆزەكان كە خاوەنی ناوی جیا بوون بە كورد دەناسران. دەكرێ بڵێین بەر لەوەی كورد بۆ خۆی قەوارەیەكی سیاسیی لەبەرچاو بگرێ، دەسەڵاتە زاڵەكان و دەرەكێكان قەوارەیەك بۆ كورد قایل بوون.

لە سەدەی بیستەم بناغەی دەوڵەتی نوێی ئێران لەسەر بیری نەتەوایەتی دامەزرا، دەوڵەتی عوسمانیش وردە وردە كەوتبۆ دەست توركە نەتەوەخوازەكان، پاش شەڕی یەكەمی جیهانی دەوڵەتی عوسمانی دابەشكرا، كێشەی كورد گەیشتە لوتكەی خۆی، هۆیەكەشی ئەوە بوو كە بەپێی بەرژەوەندی داگیركەر (بە تایبەت بەریتانیا) لە بەرینایی ئەمپراتوری عوسمانی دەوڵەتگەلێك پێكهاتن كە كوردستانی بندەستی عوسمانی بە قەرارەی چەند دەوڵەتی تازە پێكهاتوو بوو، هەر یەك لەو دەوڵەتە تازە پێكهاتووانەش– وەك عێراق و سوریا– لەسەر بنەمای نەتەوەی تایبەت (عەرەب) دروستكران، لەو نێوەدا گەلی كورد كەوتە ژێردەستی ئەو (دەوڵەت– نەتەوە) تازە پێكهاتووانە، كێشەی كورد لە عێراق بەرهەمی ئەو

پرۆژەیە بوو کە بەریتانیا دایبەزاند، لەو بەینەدا گەلی کورد بە ویستی داگیرکەر لە نێو ئەو دەوڵەتە داتاشراوانەدا بە کەمایەتی دەرهێندرا.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی کورد لە هەر وڵاتەی ڕاپەڕینی خۆی دەستپێکرد، دیارە بەر لەسەردەمی پێکهاتنی (دەوڵەت– نەتەوە)ی تایبەت بە تورك، عەرەب و فارس (کە بەسەر کورددا زاڵن و مافی چارەی خۆنووسیان لە گەلی کورد زەوتکردووە) کێشەی کورد لە ئاستی ئەوڕۆدا نەبوو، هەڵبەت ناکرێ بڵێین چ کێشەیەکیش لە ئارادا نەبوو. بەڵام کێشەی نەتەوایەتی بە مانای هاوچەرخ لە ئارادا نەبوو، بەڵام کێشەی کوردو تورك، کوردو عەجەم لە ئارادا بوو (لە سەردەمی عوسمانیدا کێشەی کوردو عەرەب بەرچاو نەبوو).

یەکێك لە تایبەتمەندێکانی (دەوڵەت– نەتەوە) پاوانی دەسەڵات و سامانی وڵاتە لە بندەستی نەتەوەی باڵادەستدا، گەلی بندەست بە خاوەن خاك ناناسرێ، وەك پەنابەرو بیانە چاوی لێ دەکرێ. ئەگەر نەتەوەی بندەست سەبارەت بەو بێ عەداڵەتییە دەنگهەڵبڕێ، دەسەڵاتدارەکان دەڵێن ئەوە داوای بەشداری لە خاك و زێدی مەدا دەکات، هەر بۆیەش بە بیانوی دابەشکەر سەرکوتی دەکەن. لە حاڵێکدا بنەمای سنووری ئەم وڵاتانە لەسەر ویستی دانیشتوان (کوردان) پێکنەهاتووە، بەڵکو بەزۆر بەسەریاندا داسەپاوە.

ئەوەی مێژوو نیشانی دەدا ناوی کورد لە دوای هێرشی موسوڵمانان گەشەیساند لە سەردەمی هێرشی عەرەباندا کوردان لە بەرامبەر هێرشەکاندا راوەستان، دوای باوەڕ هێنان بە ئیسلام کورد خزمەتێکی زۆری بە ئیسلام و زانستی ئایینی دەستپێکرد، بەڵام ئەو سەردەمیش کوردان بە گشتی بیریکیان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ گەلی خۆیان نەبوو(بۆ نموونە، لە هەڵسەنگاندن لە تەك فارس و تورکدا). دەڵێن ئەبوموسلیمی خۆراسانی کورد بووە، ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ، بێ سیاسەتی و بێ ستراتیژی کورد نیشان دەدا، کورد خۆی بەکوشتداوە تا ئیدی بە دەسەڵات بگەن خۆ بەکوشتدان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی بیانە، لە دوای ئیسلامەوە تا سەردەمی هاوچەرخ ڕەوتی سیاسیی کورد بووە.

(ترکان خاتون) خێزانی مەلیکشا دوای نەمانی مێردەکەی بۆ وەدەستهێنانەوەی دەسەڵات ڕووی لە کرماشان کرد، کوردان لە فریای هاتن و (٤٠) هەزار کەس وەدوای کەوتن چوونە ئیسفەهان، دوایی بۆ لای قەزوێن و قەڵای هەڵەمووت هەڵکشان، زۆرتری ئەو کوردانە هەڵوەدا بوون، ئەوان بۆ ئەوەی (ترکان خاتون) لە دەسەڵات نەکەوێ، خۆیان بەکوشتدا! بەڵام ئەو سەردەم ئەگەر هەست و بیری کوردبوون و کوردایەتی لە ئارادا با، دەکرا بە (٤٠) هەزار سوپایی دەسەڵاتێك لە چەشنی سەلجوقێکان دابمەزرابا مێژوو هەست و بیرێکی ئەوتۆ لە ناو کورداندا نیشاندنادا.

هاتنی ئیسلام بۆ کوردان وەك ڕاپەڕینێکی زۆر گەورە بوو، کوردی نەدیار هاتە ڕوو، وردە ردە دەسەڵاتی ناوچەیی کورد دامەزرا، بەڵام ئەو سەردەم ئەگەر نەڵێین بیری کوردایەتی لە ئارادا نەبووە، دەکرێ بڵێین بەرچاو نەبووە، لەحاڵێکدا فارسەکان دوای هێرشی موسوڵمانان لە بنەوە هەستی زیندوڕاگرتنی دەسەڵاتی پێشوویان لە بیر بوو. فیردەوسی وێنەی زیندوو ڕاگرتنی ئەو بیرەیە، تورکانیش بە هاتنی ئیسلام ڕێگایان بۆ دامەزراندنی گەورەترین دەسەڵاتی مێژوویی کرایەوە. پرسیار ئەوەیە بۆ لە نێو کورداندا بیرێکی ئەوتۆ بۆ پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ کورد لە ئارادا نەبوو؟

هۆزە تورکەکان، کە بە هێرشی موسوڵمانان دەرگای ئێرانیان بەرەو ڕوو کرایەوە، بە لێشاو خۆیان لە ناوچەکان ئاخنی، لە سەرەتا وەك غوڵام جێی خۆیان کردەوە، دواتر توانیان لە 'غولام"ی ڕا خۆ بگەیەننە سەر تەختی پادشایەتی و گەورەترین ئەمپراتوریان لە جیهاندا بونیادنا کە ئێستاش ئاسەواری هەر ماوە، بەڵام کورد قەت ئەو توانایەی لەخۆ دەرنەبڕی کە تەنانەت قەوارەیەك لە کوردستان دروستبکات. ئەو سەردەم کوردیش دەستی هەر بەئەو چەکانە ڕادەگەیشت کە تورك و عەرەب هەیانبوو. بەڵام "بیر"ی دامەزراندنی دەسەڵات و قەوارەیەك بۆ کورد، لە ئارادا نەبوو.

له ڕوانگه‌ی مێژووییه‌وه‌، تا ئه‌و دواییانه‌ کورد خۆی به‌نه‌ته‌وه‌ دانه‌ناوه‌. له‌و نێوه‌دا نه‌ته‌نیا ئیسلام تاوانبار نییه‌، به‌ڵکو ئه‌گه‌ر کورد بیری نه‌ته‌وه‌گه‌ری ببایه‌، ئیسلام وه‌ك هۆکارێك له‌ فریای ده‌هات، وه‌ك له‌ فریای تورکان هات.

ئه‌گه‌رچی له‌و ماوه‌یه‌دا کوردیش پێناسه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی خۆی پاراست، به‌ڵام وه‌ك تورك ئایینی ئیسلامیی نه‌کرد به‌ ئامرازی دامه‌زراندنی ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌ت، سه‌رکرده‌کانی تورك له‌سه‌ره‌تاوه‌ ئیسلامیان کرده‌ ئامرازی ڕاوو ڕووت و داگیرکه‌ری و تالآن و کوشتار به‌ نێوی په‌ره‌پێدان به‌ ئیسلام.

سوڵتان مه‌حموود (غه‌زنه‌وی) له‌ ڕۆژهه‌ڵات و هیند به‌ ناوی ئیسلام ئه‌وه‌نده‌ی تالآن و کوشتار کرد که‌ ئێستاش ئاسه‌واری هه‌رماوه‌، دوای سوڵتان مه‌حموود تورکانی غه‌ز ڕوویان له‌ تالآن و کوشتاری خه‌ڵکی موسوڵمان نا. دواتر تورکی به‌ناو سه‌لجووقی هێرشی خۆیان ده‌ستپێکرد، به‌ڵام ئه‌وان ڕوویان له‌ ڕۆژئاوا کرد به‌سه‌ر کوردستاندا تێپه‌ڕین و هێرشیان بۆ ڕۆم برد، تورکان به‌ مه‌به‌ستی "دوا ڕۆژ" هێرشیان ده‌برده‌ سه‌ر وڵاتی بنده‌ستی یونانێکان (ڕۆمی ڕۆژهه‌ڵات)، به‌ڵام کوردان له‌ "کات"دا ده‌ژیان و گوێله‌مستی سه‌رکرده‌ تورکه‌کان بوون بیری دواڕۆژیان نه‌بوو، له‌ به‌رامبه‌ر کورداندا تورکان له‌سه‌ر ڕێکخستن بوون، ده‌سه‌ڵاتی گه‌لی خۆیان له‌به‌ر چاو بوو. سه‌رکرده‌و هێزه‌کانی تورك به‌ زمانی گه‌لانی بنده‌ست نه‌ده‌دوان به‌ڵکو گه‌لانی بنده‌ستیان وادار ده‌کرد به‌ تورکی بدوێن، کاتێك کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك له‌ بیری دواڕۆژی خۆیدا نه‌بێ دره‌نگ په‌ی به‌ کێشه‌ی خۆی و داگیرکه‌رو زۆرداران ده‌با. کورد تا دروستبوونی ده‌وڵه‌تی سه‌فه‌وی له‌ ماوه‌ی (٥٠٠) ساڵدا بیری له‌ خۆی نه‌ده‌کرده‌وه‌، ده‌نا هیچ نه‌بێ ده‌یتوانی له‌ به‌رامبه‌ر په‌لاماری تورکمانانی قه‌ره‌ قۆینلو و ئاق قۆینلو بوه‌ستێ. به‌ڵام نه‌بوونی بیرێکی هاوبه‌ش بۆ یه‌کگرتوویی له‌ کورده‌واریدا چاره‌ ڕه‌شی دواتری به‌دواوه‌ بوو که‌ ئێستاش هه‌ر درێژه‌ی هه‌یه‌، ئه‌و سه‌رده‌م کورد له‌وه‌ حاڵی نه‌بوو که‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، ده‌سه‌ڵاتی بچووك وه‌ك ئه‌ماره‌ته‌کانی کورد نه‌یده‌توانی سه‌روه‌ری خۆی بپارێزێ. پێویست بوو ده‌سه‌ڵاتی به‌رین و یه‌کگرتوو پێکبێ، نه‌ك ئه‌وه‌ی له‌به‌ر بێده‌سه‌ڵاتی

پەنا بۆ تورکان بەرن، خۆیان وەبن باڵی وان بدەن و بە ویستی تورکان پەلاماری یەکتر بدەن.

بەداخەوە، کورد لە مەودای بیری سیاسییدا لاوازە، کورد بیری لەوە نەکردۆتەوە دەسەڵاتی بەرەی مرۆڤ گرێدراوی سیاسەتە. ئەمارەتە کوردەکان لەو ڕوانگەی سیاسیی نەگەیشتە ئەو ئاستە کە چۆن دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان ڕابگرن. ئەمیرە کوردەکانیش بیریان لە قەوارەیەك بە نێوی "کورد" نەدەکردەوە! وێدەچێ هەر بۆیەش لە فیکری یەکگرتووییدا نەبوون. بە واتای ئەوڕۆ کورد ستراتێژی یەکگرتوویی ناسیۆنالیستی نەبووە، کورد ئەو سەردەم وشیارو ئاگادار لە ئەوزاع نەبووە، دۆست و دوژمنی وڵات و گەلی خۆی نەناسیوە. ئیستاش لەو بارەوە لاوازە.

هەزار ساڵ لەمەوبەر کاتێك تورکمانەکان هێرشیان دەهێنا، ئەگەر دەسەڵاتە میرنشینەکانی کورد بیرێکی ڕوونی سیاسییان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەك هەبا، پشتی یەکتریان دەگرت. لە بیری دواڕۆژدا دەبوون، بەڵام کوردان لێکدا فریوی تورکانیان دەخوارد، یان دەکرێ بڵێین خزمەتیان بە وان دەکردو خیانەت بە خۆیان، لە واقیعدا کێشەی کورد زۆر کۆنە، بەڵام ئەو کێشەیە بەر لەوەی دەرەکی بووبێ ناوەکی بووە. کورد لە فیکری دامەزراندنی دەسەڵاتی تایبەت بە وڵات و گەلی خۆی نەبووە. ئەوە عەرەب و تورك بوون کە پەیان بە بوونی قەوارەیەك بە نێوی "کورد" بردووە. عەرەبان وشەی کوردیان وە سەر زارو ڕاوێژی مێژوونووسان خست و کردیانن بە (ئەکراد)!

تورکانیش زۆر زوو کوردیان ناسی، هەوەڵجار سوڵتان سەنجەری سەلجوقی بوو کە نێوی کوردستانی هێنایە ناو جوغرافیای سیاسیی وخستییە بەر دەستی مێژوونووسان، ئەوە تورك بوون کە پەیان بە مەترسی قەوارەیەك بە نێوی کورد بردو تێگەیشتن ئەو گەلە (کە لە هەر ناوچەیەك خۆی بە نێویك دەناسێنێ)، مەخابن هەموو کوردن، سوڵتان سەنجەری سەلجوقی بوو کە لە مەودای جوغرافیای سیاسییدا وڵاتێکی زۆر بەرچاوی ئەو گەلەی بە "کوردستان" دەستنیشان کرد، هەڵبەت ئەو نێوە پێش تریش هەبووە، بەڵام کوردان بە تێکڕایی

جەختیان لەسەر ناساندنی کوردستان وەك نیشتمانی گەلی کورد نەکردووە، ناوچەی میرنشینە کوردییەکان باری سیاسییان هەبوو، بەڵام کوردستان باری سیاسیی نەبوو کوردان بیرێکی سیاسییان بۆ ناساندن و دامەزراندنی دەسەڵاتێك لە وڵاتەکەیان نەبووە، دواتر کاتێك کوردان کەمێك پەیان بە ناسینی خۆیان برد، کار لەکار ترازابوو، تازە ئەو کاتیش میرە کوردەکان، بەرژەوەندی بنەماڵەی خۆیان بەرزتر لە بەرژەوەندی وڵاتێك بە نێوی کوردستان و گەلی کورد بە تێکڕایی دادەنا.

ئەو سەردەم ئەمارەتەکان بە ئەو نێوانە دەناسران: ئامێد (دیاربەکر)، ئەردەڵان، بابان، بتلیس، بۆتان، حەکاری، موکری و... ئەو ئەمارەتانەش هەریەکە لە فیکری ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیاندا بوون. شارەزایەکی باشی سیاسییان لە چەمك و ئاستی کورد لە ناوچەدا نەبوو. کێشەی کورد بەر لە ئەوەی دەرەکی بێ ناوەکی بوو، هەر ئەمارەتێك ئەگەر بۆخۆشی نەیویستبا، لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی بە گژ هاوسێکەیدا دەکرا! بەڵام زۆرجار ئەمیری کورد بۆ تێکشکاندنی ڕەقیب یان هاوسێ کوردەکەی یاریدەی دەسەڵاتە زاڵەکانی دەدا.

+ هەروەکو خۆیشت لە نووسینەکانتدا باسی دەکەی کورد نیشتمانەکەی لەلایەن هەردوو زلهێزی عوسمانی و سەفەویەوە دابەشکراوەو سەربەخۆییان لە دەستداوە، بەبۆچوونی تۆ چی ئەم دوو دەوڵەتەی هانداوە کە بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کورد بکەن؟ لە کاتێکدا ئەم دوو زلهێزە بە ناوی ئایینەوە حوکمیان کردووە؟

ئەبریشەمی: لەمەڕ ئەو پرسیارە: "ئەم دوو زلهێزە (عوسمانی و سەفەوی) بە ناوی ئایینەوە حوکمیان کردووە" لە وەڵامەکانی پێشوو نیشان درا، دەوڵەتانی ئیسلامیی لە سەردەمی موعاویەوەوە تا ئەوڕۆ سەلماندویانە کە ئەوان لە سیاسەت و حکومەتدا ئیسلامیان وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن، ڕاگرتن، پەرەپێدان و مەشروعیەتدان بە دەسەڵات (دەوڵەت) بەکار بردووە.

دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی (شا ئیسماعیلی سەفەوی)، خۆی بە جێگرو درێژەی ڕەوتی خیلافەتی ئیسلام دادەنا،(وەك ئەبوبەکری موسەنیف له ئاخرێکانی سەدەی ١٦ له مەڕ کردەوەی سوپای ئەو دوو زلهێزه له گوندەکەی خۆی به ناوی (چۆڕ)، له نزیك هەورامان له ٩٨٩ ك.م. دەڵێ:

گهی از ڤالمان اهل اسلام به غارت می شدی هر صبح و هر شام

گهی از جور مأمور قزلباش، نهان می گشتم اند شعب هر تاش).

سەفەوێکانیش له ڕوانگەی مەزهەبی شیعەوە ئاستێکی ئەوتۆیان بۆ خۆیان لەبەر چاو گرتبوو بەڵام هەردوو لا ئاینیان وەك "ئامراز" بۆ مەشروعیەتدان بە کارە نامەشروعەکانیان بەکار دەبرد.

+ له مەڕ وەڵامی ئەو پرسە بەبۆچوونی تۆ چی ئەم دوو دەوڵەتەی هانداوە کە بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کورد بکەن؟

ئەبریشەمی : بە کورتی دەکرێ بڵێین فرەخوازی وان و بێ فیکری خۆمان! جیاوازێکی بەرچاو له نێوان کوردو هاوسێکانی بە تایبەت تورك و عەجەم له گۆڕەپانی بیرو کردەوەی سیاسییدا دەبیندرێ (له کوردەواریدا بە ئێرانیانی نە کوردی شیعه دەڵێن عەجەم). له وەڵامەکانی پێشوو ئاماژە بەوەکرا تورکان خوازیاری دامەزراندنی دەسەڵاتی گەورەو بەرینن، له حاڵێکدا کوردان له سەرەتاوە بە دەسەڵاتی ناوچەیی قەناعەتیان کردووە، ئێستاش ناوچەگەری باو له ناو کوردان، پاشماوی ئەو ڕەوتەیە، بەڵام بەو حاڵەشەوە کوردان له مەودای بیری سیاسیی (بۆ ڕاگرتنی ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانە) لاواز بوون، ئەوان نەیانتوانیوە پێویست بوونی یەکگرتوویی و هاودەنگی ئەمارەتەکان بەخۆیان بسەلمێنن، کوردان لەوەتەی لەم بەشەی جیهاندا ناسراون تا ئەو دواییانە بیرێکی بەرچاویان له دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ کورد نەکردۆتەوە، دەسەڵاتی بچووك بە تایبەت له رابردوودا (کە دەوروبەری پڕبێ له دەستدرێژکەر) نەیدەتوانی دەسەڵاتی خۆی ڕابگرێ، ئەوڕۆ سیستمی ناو نەتەوەیی تا ڕاددەیەك بەرگری له دەستدرێژی دەکات، بەڵام ئەگەر کورد له دوای ئیسلامەوە بیری له خۆی و گەلێك

بە نێوی کوردو وڵاتێك تایبەت بەو گەلە کردباوە ئەوڕۆ لە ڕێژەی وڵاتە سەر بەخۆییەکان بوو.

وەك ئاماژەی پێکرا، لە ڕۆژهەڵات لە سەرەتاوە دەسەڵاتی دەوڵەت بە نێوی ئایین بووە، لەو ماوە درێژەدا ئایین هەر بۆ مەشروعیەتدان بەدەسەڵات بەکار بردراوە، لەسەدەی بیستەم تورکە نوێخوازەکان دەوڵەتی بە نێو خیلافەتی ئیسلامیی عوسمانیان وەلانا، لەم ناوچەیە دەوڵەت چ بە نێوی ئایین، چ بە نێوی نەتەوەگەری و سێکۆلار لە سەرەتاوە لە بەرژەوەندی گشت هاونیشتماناندا نەبووە.

لە لایەکی دی نیشتمانی کورد کەوتۆتە مەودای تێکبەزینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەو دوو لایەنە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) بە درێژایی مێژوو ڕقەبڕکێی و شەڕو شوڕیانە (وەك دەڵێن ٩٠٪ شەڕەکانی مێژوو لەم ناوچەیە ڕوویانداوە).

لەو نێوەدا کوردستان بۆتە مەیدانگەی ئەو شەڕو ڕقە بڕکێیە: شەڕ خۆی لەماڵی کورد ئاخنیوە، نیشتمانی لێ دابەشکراوە، ماڵی بە تاڵان چووە، بە تۆبزی لە زێدو نیشتمانی خۆی وەدەرندراوەو ڕەوانەی تاراوگە کراوە.

دەکرێ هێرشی خەشایار شای ئێرانی بۆسەر یۆنان (کە ڕقە برکێی وەرزشی ناو نەتەوەیی ماراتۆنی لێکەوتۆتەوە)، وەك سەرەتای مێژوویی دیاریکراوی شەڕو پێکهەڵپڕژانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا دابندرێ (ئەو ڕەوتە ئێستاش هەر درێژەی هەیە)، ماوەیەك دوای هێرشی ئێران بۆ سەر یۆنان ئەوجار ئەسکەندەری مەقدونی لە باکووری یۆنانەوە هێرشی بۆ ڕۆژهەڵات هێناو دەسەڵاتی ئێرانی تێك و پێکدا. ماوەیەکی درێژ یۆنانێکان بەسەر ئێران و کوردستاندا زاڵبوون، بەڵام دیسان ئێران خۆی ڕاستکردەوە، شەڕو شۆڕ لە بەرینایی نیشتمانی کورد هەڵایساوە، بە دەرکەوتنی ئیسلام دەسەڵاتی ئێران لەناوچوو، بەڵام ڕۆم (بیزانس) خۆی ڕاگرت و شەڕی بەینی موسوڵمانان (ڕۆژهەڵات) و ڕۆم (ڕۆژئاوا) هەر نەپساوە، بە هروژمی تورکان بۆ سەر ئێران و کوردستان ئەوجار هێرشی ڕۆژهەڵات بە نێوی ئیسلام بۆ سەر ڕۆژئاوا دەستیپێکرد. چوار سەدەی نەخایاند ئەوجار ڕۆژئاوا (ئەورووپا) ئاڵای شەڕی خاچی بەرز کردەوە، بە لێشاو بەرەو ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست (وەك بنکەی ئایینی ئیسلام) وەڕێ کەوت، ئەوروپاییەکان بۆ ماوەی (٨٠) ساڵ قودسیان داگیرکرد، خەڵکێکی زۆریان کوشت. صەلاحەدینی ئەیوبی ئەوروپاییەکانی لە قودس دەرپەڕاند. زۆری نەخایاند ئەوجار هێرشی مەغۆل لە باکوری چینەوە بۆ سەرڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیپێکرد، باوەڕ لەسەر ئەوەیە کە ئەو هێرشەش بە تیندانی لایەنگرانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا بەرین بۆتەوە: (دۆقوزخان)، ژنە مەسیحێکەی هۆلاکۆ مێردەکەی بە لایەنگری لە مەسیحێکان و ئەوروپا هاندەدا، لەبارەگای هۆلاکۆدا کاری گەورە بە مەسیحێکان دەسپێردرا، لە دوای هۆلاکۆ (ئەبا ئاقاخان) پەیوەندی لە گەڵ پاپ پێکهینا(٧)، لەو بەینەدا کوردستان کاولکرا دواتر نۆبەی هاندانی حاکمانی تورکمان لە ئێران (ئاق قۆینلو)، دژ بە عوسمانی هاتە گۆڕێ، ئەو شەڕانەش لە نیشتمانی کورددا ڕوویاندا، ئەوجار دژایەتی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جێگای دژایەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتەوە، ئەو شەڕە لە بن نەهاتووانە نیشتمانی گەلی کوردیان کاولکرد، بەڵام شەڕی دوو بەرەی ڕۆژهەڵاتی (کە بوو بە هۆی وەدواکەوتوویی و کاولکردنی کوردستان)، لە بەرژەوەندی ڕۆژئاوادابوو، بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندی بەرژەوەندی ئەوروپاو شەڕی ناوخۆیی وڵاتە ئیسلامێکان چاوێك لە مێژوو دەکەین:

لە ئاخری سەدەی سێزدەدا دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا، دیسان هێرشی درێژخایەنی ئاسیا بۆ سەر ئەوروپا دەستیپێکرد، بەڵام بە دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران لە سەرەتای سەدەی (١٦) شەڕی ناوخۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هروژمی تورکان بۆ سەر ئەوروپا لە کزییدا، دوای ماوەیەك، ئەوروپاییەکان وەك نەخۆشێك چاویان لە دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، لە سەدەی نۆزدەدا بەریتانیا کە زۆر بەهێز بوو، بن پێلی ئەو نەخۆشەی (عوسمانی) گرتبوو نەیدەویست وە ئەرزی بکەوێ، لەبەر ئەوەی بەری هێرشی ڕوسیاو هێزەکانی دی لە ئەوروپای پێبگرێ.

بەریتانیا بە بیانووی بەرگری لە توندوتیژی بەدرخانێکان سەبارەت بە مەسیحێکان (کە ئەوانیش لە لایەن ڕۆژئاواوە دنە دەدران و پشتیوانیان لێ دەکرا)

له دامرکاندنی بزووتنەوەی میره لێکەوتۆکانی کورد بە نهێنی یارمەتی دەوڵەتە نەخۆشەکەی دەدا!

بەڵام دەوڵەتی سەفەوی لە (١٥٠١ز) بە ڕاسانی مێردمنداڵێك لە بنەماڵەی شێخ سەفیەدینی ئاردەویڵی بە نێوی ئیسماعیل پێکهات، شا ئیسماعیل لە دایکەوە نەوەی شازادەی مەسیحی (ژنی ئوزون حەسەنی ئاق قۆیلو) بوو، بەو چەشنە دەوڵەتی شیعەی سەفەوی دژ بە دەوڵەتانی سوننی (کە هەرە بەهێزەکەیان عوسمانی بوو) ڕاست بۆوە، شەڕو هەڵلا لە نێوان دوو لقی ئاینی ئیسلام هەلایسا. بەلام بەشێکی زۆر لە کوردەکان لە ئەسەر هێرش و کوشتاری شائیسماعیل کەوتنە داوێنی دەوڵەتی عوسمانی (ڕێکەوتننامەی بەدلیسی – سوڵتان ١٥١٤ز حەکیم ئیدریس بەدلیسی وەك گوتەبێژو نوێنەری میرنشینەکانی کورد لەلایەك و سوڵتان سەلیمی عوسمانی لە لایەکەی دی).

کاتێك دەوڵەتی سەفەوی لە ڕۆژهەلاتی عوسمانی قوت بۆوە، عوسمانی یەکێك لە زلهێزەکانی مێژوو دەژمێردراو بەسەر بەشێك لە سێ قارەی ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا زاڵبوو. ئەوروپاییەکان لە دوای شکستیان لە شەڕەکانی خاچی بە دوای ئەو پرۆسەیەوە بوون هۆیەك بێتە پێش و وڵاتە ئیسلامێکان لە جیات ئەوەی هێرش بەرنە سەر ئەوروپا خۆ بە خۆ بە شەڕ بێن و هێرشی ئاسیا دژ بە ئەوڕوپا لە ئارادا نەمێنێ، ئەو ئاواتە سەریگرت و کوردستان کرا بە مەیدانی شەڕی وڵاتە ئیسلامێکان و کوردستان کاولکران و ئەوروپاییەکان دەرفەتیان پێدرا کە بەخۆیاندا بێنەوە.

لەوکێشە درێژخایەنەدا کەس کاری بەوە نەبوو شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانی، "نیشتمانی کورد" کاول دەکات. لە کتێبی (سفرنامەهای ونیزیان در ایران(٨). گەڕۆڵێکی ونیزی بە ناوی (ویلچنتۆ دالساندری)، (کە لە سەردەمی شا تەهماسب چاودێری کاروباری ئێران بە تایبەت وڵاتی ئازربایجان بووە)، دەنووسێ: "توانایی شا تەهماسب کاتێك وە دیاردەکەوێ کە بە فەرمانی شاتەهماسب ئەو ئاوەدانیانەی لە دوو بەری سنووری ئێران و عوسمانین (واتە کوردستان) بە پێوانی شەش ڕۆژ ڕێگا کاولکران و سووتێندران، قەلاکان لەناو بردران...". لە درێژەی

باسەکەدا دەردەکەوێ کە ئەو شەڕانە لە بەرژەوەندی ئەوروپادا بوون، ئەوان لەم دەرفەتانە کەڵکیان وەرگرت و شارستانیەتیان وەپێشخست، بەڵام ئەو چەمکە مێژووی ونکراوی شارستانییەتە، ئەگەر کوردان بتوانن ئەو ڕاستییە بۆ گەلانی جیهان ڕوون بکەنەوە، شارستانییەت بە کوردان قەرزدار دەبێت.

ناسیاوێك لە نیشتمانی کورد ئەوە حاشای لێناکرێ کە کورد لەسەرەتاوە خاوەن نیشمان بووە. خەڵکی هەر ناوچەیەش مەڵبەندی خۆی پاراستووە، بەڵام بەر لە دابەشبوونی نیشتمانی کورد لە مابەینی دوو زلهێزی سەفەوی و عوسمانی کوردان بیرێکی بەرچاویان لە وڵاتێك بە نێوی کوردستان نەکردۆتەوە، ئەگینا دەبوو بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی تایبەت بە کوردستان تێکۆشابان، دەکرێ بڵێین: ماوەیەکی زۆر درێژ نییە کە کورد نیشتمانی خۆی وەك قەوارەیەکی دابەشکراو لەبەرچاو دەگرێ، شەرەفخانی بەتلیسی کە (لە سەرەتای سەدەی ١٧)دا کتێبی میژووی کوردستانی نووسی، پەیدابوونی بیرو ڕوانگەیەکی ئەوتۆ نیشان دەدا. ئەحمەدی خانی لە ئاخرێکانی سەدەی (١٧) زۆر بە ڕوونی بیری دامەزراندنی دەوڵەتی یەکپارچەی کوردی لە (٣٥) هەڵبەستدا لە سەرەتای شاکارەکەی "مەم و زین" خستە ڕوو.

ئەگەر لەوانە بگوزەرێین، بەرگەیەك لە ئارادانییە کە بڵێین کوردان خوازیاری قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان بووبن، لە کوردستان هەر ناوچەیەك میرێکی هەبووە، ئەو میرانە هەر لە فیکری ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوچەی خۆیاندا بوون، وادیارە میرەکان نەیانتوانیوە بەسەر وەزعی داسەپاودا زاڵبن، ئەوەش لە سەرەتاوە لاوازی بیری سیاسیی میرە کوردەکان دەگەیەنێ.

لە واقیعدا کوردان بەر لەوەی خۆیان بە گەلێکی "یەکپارچە" و خاوەنی وڵاتێکی "لێکدانەبڕاو" دانابێ، خۆیان بە نێوی ئێل و عەشیرەت و دەسەڵاتی لێکدابڕاو ناساندووە، وا دیارە کوردان لە فیکری دامەزراندنی دەسەڵاتی وڵات (Sovereignty)ێك وەك نیشتمانی گەلی کورد نەبوون.

بۆیەش مێژوونووسەکانی ئیسلامیی تا سەردەمی سەلجوقێکان ئاماژەیەکی ڕوونیان بە وڵاتێك بە نێوی "کوردستان" نەکردووە، دیارە باو نەبوونی نێوی

کوردستان وەك سوژەیەکی سیاسیی لە بیری مێژوونووساندا، بە نەبوونی وڵاتێك وەك نیشتمانی گەلی کورد دانانرێ، ئەو مەبەستەش حاشای لێ ناکرێ، گەلی کورد زۆر درەنگ بە ئەو بیرە سیاسییە گەیشت کە دەبوو نیشتمانەکەی وەك وڵاتیکی خاوەن دەسەڵات، لە دەست خودی کورددابایە، بەڵام کاتێك گەلی کورد بە ئەو بیرە گەیشت، ئەوانەی بەسەر کوردستاندا زاڵبوون لە بەرامبەر ئەو بیرەدا ڕاوەستان، ئەورۆ نەتەنیا تورکی فرەخواز بەڵکو شۆڤێنیستی عەرەب و ئێرانیش بە بیستنی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی تێکدەچن و هەڵدەبەزنەوە، دیارە ئەگەر کوردان لە سەردەمی هێرشی تورکمانەکان یان دواتر خاوەنی دەسەڵاتێکی یەکپارچە بووبان، یان میرنشینەکانی کورد تاڕاددەیەك گوێ لەمستی دەسەڵاتێکی ناوەندی خۆیان بووبان، ئەودەم وڵاتی کوردستان وەك قەوارەیەك خۆی دەنواند. بەڵام لە سەرەتاوە بیرو بابەتێکی ئەوتۆ لە نێو کورداندا نەبووە.

لە واقیعدا بەر لە ئەوەی کوردان خۆیان وەك سوژەیەکی سیاسیی (گەلێکی خاوەن دەسەڵات) لەبەر چاو بگرن، ناکوردەکان (وەك سەلجوقێکان) بوون کە گەلی کوردو نیشتمانەکەیان وەك قەوارەیەك دۆزیوەتەوە. دیارە ئەو باسە زۆر بەرینەو ناکرێ بە ساکاری قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام وادیارە ناسینی کورد وەك قەوارەیەك لە ناو هاوسێکان زووتر خۆی نواندووە. ئەرێ دەکرێ بڵێین کوردان لە سەرەتادا خۆیان لە بازنەی سیاسیی و فەرهەنگی وڵات و گەلانێك بە نێوی ئێران و ئێرانی دۆزیبێتەوە؟ یان خۆیان دامەزرێنەری قەوارەیەك بە م ناوە بووبن؟

بەڵام دوای ئیسلام تا قوتبوونەوەی شائیسماعیل (١٥٠١ز)، دەسەڵاتێك بە ناوی ئێران لە ئارادا نەبوو، لەو ماوە درێژەدا دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتی بەناو ئێران لە دەست شیعەکاندا نەبوو کە لەڕوانگەی مەزهەبەوە جیا لە هاوسێکانی بێ، میرنشینە کوردەکانیش هەر دەسەڵاتیك لە دەوروبەریان دا زۆردارتر ببا، بە چەشنێك بە لای ویدا دەشکان، تەنانەت بە ویستی ئەوانیش هەڵدەسوڕان.

هەروەها لەو ماوە درێژەیەدا کوردستان نە یەکپارچە بوو نە وڵاتی جیا لە نیشتمانی کورد، بەڵام بەدامەزراندنی دەوڵەتی شیعە لە ئێران، کورد دابەشبوونی بەسەردا سەپا، بەشی زۆری میرنشینەکانی کورد بەلای عوسمانیدا شکان،

بەشێکی کەم بە بەری ئێرانەوە ما، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەچەڵەکناسی مەبەستەکە لە هاتنی ئیسلامەوە دەستپێدەکەین کە لە سەدەی حەوتەمی زایینی، عەرەبان بەسەر کوردستاندا زاڵبوون، لە سەدەی تۆدا کوردان لە ناوچەکاندا بوونە خاوەن دەسەلات، بەلام ئەو دەسەلاتانە بە نێوی کورد نە بوون، بەڵکو بە نێوی بنەماڵەکان یان ناوچەکان بوون، هەڵبەت ئەو سەردەم ئەو ڕەوتە لە دەرەوەی کوردستانیش هەر وابوو، لە سەدەی یازدە هێرشی تورکان دەستی پێکرد، بەلام کوردان لە دوای ئەو هێرشە، تا ڕادەیەك دەسەلاتیان هەر بە دەستەوە ما.

کاتێك دەسەلاتە تورکەکان بێ هێز دەبوون، میرنشینە کوردەکان بەهێز دەبوون. چەمکی سیاسیی ولات وای لێهات کە گەلانی ناتورکی ئەو ناوچانە لایان وابوو دەسەلات و پادشایەتی تایبەت بە تورك و تورکمانە!

لە سەدەی سیازدە هێرشی مەغۆل دەستپێکرد، کوردستان کاولکرا (جاناتان رندێل) دەڵێ:"مەغۆلان کشتوکاڵی کوردستانیان وا لەناوبرد کە بەرهەمی کشتوکاڵ سەد ساڵ دواتر، دە لە سەدی بەر لە هێرش بوو"٨

لێرەدا نابێ لەوەش چاو داپۆشین کوردان ئەگەر بەری کشتوکاڵیان لێ دەگیرا، لە پڕبەرەکەتی ولاتەکەیان کەڵکیان وەردەگرت و بژێوی خۆیان لێ وەدەست دەهێنا، لە سەردەمێکی ئەوتۆدا زۆرتر ڕوویان لە ئاژەڵداری و کۆچەری دەکرد وەدوای مەڕوماڵات دەکەوتن، هەر بۆیەش لە مەودای کۆمەلایەتی، شارستانیەت، شێوازی ژین و پێکهێنانی بژێو بۆ دواوە دەگەڕاندرانەوە.

بەلام دیسانیش کوردان توانیان دەسەلاتە ناوچەییەکانیان دامەزرێننەوە، لە ئەوانەی کە هەوەڵ جار توانیان مەغۆلان تێکبشکێنن کورد بوون، "لەساڵی ١٢٩٢ز./ ٦٧١ك.م. (الملك القاهر بيبرس)، کە لە بنەماڵەی صەلاحەدینی ئەیوبی بوو، مەغۆلەکانی تێکشکاند"٩. کاتێك لە سەرەتای سەدەی شازدە بنەماڵەی سەفەوی دەسەلاتی شیعەیان لە بەرامبەر عوسمانی سوونی دانا، دەسەلاتەکە بەنێوی "ئێران" ناسرا، ئەگەرچی مەبەستی شا ئیسماعیلی مێردمنداڵ دامەزراندنەوەی دەسەلاتی ولاتێك بە نێوی ئێران نەبوو. بەلام دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتاوە بە ناو "تورك" حوکمی کردووە.

بەکورتی:

١- کوردان له دوای هێرشی موسوڵمانان وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی، سیاسیی ناویان کەوتە سەر لاپەرەکانی مێژوو.٢- دەسەڵاتی ناوچەیی کورد دامەزرا.٣- کوردان له بیری دامەزراندنی قەوارەیەك کە زۆرتری ناوچە کوردییەکان بگریتەوە نەبوون. ٤- سولتان سەلاحەدیین ئەیوبی کە کوردبوو له دەرەوەی کوردستان دەسەڵاتێکی گەورەی پێکهێنا، ئەو دەوڵەتەی بنەماڵەی صەلاحەدین دایانمەزراند بە ناوی کورد نەبوو. جیاوازی کوردو هاوسێکان لە ڕووانگەی چاندو سیاسەتوانی تورکان له سەرەتاوە له بیری قەوارەی گەورەی سیاسییدا بوون، ئەوە ڕەوتی جیاوازی سایکۆلۆژی، چاند و بیری سیاسیی لە نێو کورد و تورك نیشان دەدا. ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە کوردەکانیش لەو سەردەمدا هەر ئەو چەکانەیان بەدەستەوە بوو کە تورکان هەیانبوو، ئەو پرسە لە ئارادایە بۆ کوردان لە دوای هاتنی ئیسلام وەك تورکان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی گەورە (کە تەواوی کوردستان دابپۆشی) هەوڵیان نەداوە؟

هەڵبەت ئەو پرسیارە بۆ ئەوە نییە کە کوردیش دەبوو وەك دەسەڵاتی هاوسێکانی داگیرکەر ببا، بەڵکو دەبوو بیانزانیبا کە بە دەسەڵاتی بچووك نەدەکرا لە بەرامبەر دەسەڵاتی گەورەتر رابوێستن. ئەوەش کورتبوونی بیری سیاسیی کورد نیشان دەدا، دەنا کوردیش هیچ نەبا باشتر دەیتوانی قەوارەی خۆی لە ناوچەکاندا بپارێزێ.

پاش هێرشی تەیموری شەل بۆ سەر کوردستان و کاولکردنی سەر لە نوێی ئەم وڵاتە، دیسانیش کوردان دەسەڵاتە ناوچەییەکانیان ساز دایەوە. بەڵام ماوەیەکی نەخایاند دوو هۆزی تورکمانی (ئاق قۆینلو و قەرەقۆینلو) دەستیان بە داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان کرد، هۆزی یەکەم نەیتوانی تەواوەتی کوردستانی باکور داگیر بکات، بەڵام حەسەن بەگ (ئوزون حەسەن) (لە بەرەی ئاق قۆینلو)، بە زۆرو فێڵ و تەڵەکە دەسەڵاتە کوردییەکانی هەڵچنی.

(والتێر هینتس)، لەو بارەوە دەڵێ: "کاری دەست بەسەرکردنی کوردان کە قەرە قۆینلۆکان دەستیان پێکردبوو، لە ساڵی (٨٧٤ك.م) بە دەستی ئوزون

حەسەنی ئاق قۆینلو بە ئەنجامگەیشت"(١١). بە گوتەی (هینتس) لەهەمان سەرچاوە، ماوەیەك دواتر، کوردان دیسان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هیناوە، بەڵام دواتر بەدەستی شا ئیسماعیلی یەکەم، نەوەی جونەید (سەفەوی ن.) و ئوزون حەسەن، سەرکوتکرانەوە. (مارتا دایکی شا ئیسماعیل، کچی ژنە شازادە مەسیحێکەی ئوزون حەسەن بوو کە بە ویستی خۆی لە دەربارد‌ا هەر مەسیحی مابۆوە، ن.)، هینتس لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ: ئەوجار هەر دوو قەبیلەی (ئاق و قەرە). بەیەکەوە پەلاماری کوردانیاندا.

(هینتس) لە بارەی چەمکی ئەخلاقی، سیاسیی و کۆمەلایەتی کورداندا دەڵێ: ئوزون حەسەن، قەلای بەناوبانگی "حسن کێف"ی گەمارۆدا. (ملك خلف) لە بنەماڵەی ئەیوبی مەشهور بە جەف سوور بە سەرسەختی لەبەرامبەر گەمارۆی قەلاکەی راوەستا، بەڵام یەکێك لە برازاکانی مەلیك فریوی تورکمانانی خواردو مامی خۆی لە نێو حەمامدا کوشت، قەلا لە (٨٦٦ / ١٤٦٢)وە دەست تورکمانان کەوت، یەکێك لە براکانی مەلیك و تەواوی ئەمیرانی "حسن کێف" کوژران، لەشکری کوردان بە دیل گیراو بۆلای دیاربەکر (کە پێشتر داگیرکرابوو) ناردرا، (هەمان سەرچاوە).

لە گەمارۆی بەتلیس، ئەمیر ئیبراهیم کە سێ ساڵی خۆی ڕاگرت لە ئەسەر نەخۆشی و قاتی و قڕی، بەڵێنی بۆ دەست هەڵگرتن لە بەرگری راگەیاند. هەر لەو سەردەمدا ئەمارەتی حەکاریش وەبەر هێرش کەوت. بەڵام بە گوتەی شەرەفنامە، مەلیك عیزەددین کە زۆر ئازا بوو شەری نەکرد، ئەو گوتبووی: چۆن تورکان لە ڕۆژی چوارشەمە هێرشیان هێناوە، ئەو نایەوێ شەر بکا ! تورکمانەکان گرتیان و کوشتیان.

نیشتمانی کوردان دابەشبوونی بەسەردا سەپا (وەك هەڵبژاردن لە ڕووی ناچارییەوە). پرۆفیسۆر ئیسماعیل حەقی ئوزون چارشلی(١٢). مێژوونووسی بەناوبانگی تورك، دان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە ڕۆژهەلاتی ئاناتۆلی لە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوو. ئەو ناوچە کوردستانیانە بە شەڕ وەبەر عوسمانی نەکەوتن، بەڵکو لەسەر ڕێکەوتننامەی بەینی ئەمارەتە کوردییەکان بە چاودێری

حەکیم ئیدریس بدلیسی و دەوڵەتی عوسمانی بوونە هاوپەیمانی عوسمانی، لەو بەینەدا حەکیم ئیدریسی بەدلیسی پێکهێنەری ڕێکەوتننامەکە لەگەڵ سوڵتان سەلیمی عوسمانی بوو(١٥١٤ز)، لەو بڕیارەدا کوردان مافی دامەزراندنی دەسەلاتی ناوچەیی و هەڵبژاردنی میری ئەمارەتیان هەبو بەلام چ ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان گورگ و مەڕدا بەردەوامە؟! وەك عوبەیدی زاکانی دەڵێ" گربە شد عابدو مسلمانا" (ئەو کتێبەی عوبەیدی زاکانی لەلایەن کاك ئەحمەدی قازی بە ناوی (کتك و مشك وەرگێڕاوە). دەوڵەتی عوسمانی وردە وردە ئەو دەسەلاتەی لە کوردەکان بڕی، لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت– نەتەوەی تایبەت بە تورك لە سەدەی بیست، حاشا لە بوونی وڵاتێك بە نێوی کوردستان و گەلی کورد کرا.

بەو چەشنە نە تەنیا کوردستان دابەشکرا، بەلکو بوو بە مەیدانی شەڕی لە بن نەهاتووی دوو زلهێزی بە ناو موسوڵمان و هاوسێی کورد (لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان) دیارە نزیك سەدەیەکە سیستمی دوو دەوڵەتی ئێران و تورك گۆڕدراون و بەیەکەوە شەڕ ناکەن (لە شەڕی یەکەمی جیهانی لەشکری تورکان هاتە ناوچە کوردییەکانی سەر بە ئێران، ئەو هاتنە بوو بە هۆی کوشتارێکی لە ڕادە بەدەر بە دەست دوو لایەنی شەڕەکەوە (ڕووسیای تەزاری و عوسمانی)، بەلام پڕیشکەکانی ئەو شەڕانەی کە لە سەرەتای سەدەی شازدە دەستی پێکردهەر ماون و کوردو هاوسێکان ئازار دەدەن (نموونەیەکیان شەری عێراق و ئێران) بوو.

ئەو شەڕانەی ناوخۆی موسوڵمانان لە سەرەتاوە وەك کردنەوەی جەبهەی ڕۆژهەلات بۆ بەرگری لە توندووتیژی هێرشی عوسمانی لە ئەوروپا (ڕۆژئاوا) بوون، ئەو شەڕانە دەرفەتێکی مێژوویی بوون کە بۆ پێشکەوتنی ڕۆژئاوا ڕەخسان، هەر بۆیەش بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین: ڕۆژئاواو دنیای پێشکەوتوو بە کەڵك وەرگرتن لەو شەڕانە (کە بوون بە هۆی کاولکردنی کوردستان) قەرزداری گەلی کوردن، ئەو شەڕانە کە سەدان ساڵیان خایاند نیشتمانی کوردیان کرد بە مەیدانگەی شەڕی دوو لایەنی جیا لە کورد، ئەو ڕاستییە حاشای لێناکرێ کە ئەو شەڕانە لە بەرژەوەندی ئەوروپا بوون، هەلی سەرلە نوێ ژیانەوەیان (Renaissance) بۆ ئەوروپا ڕەخساند، ئەوەش حاشای لێناکرێ دەستکەوتی ڕێنێانس، بە گشت

جیهان گەیشت و بەشی هەرە زۆری خەرج و خەسارەکەشی وەبەر کوردو نیشتمانەکەی کەوت.

ڕۆژئاوا ئەو هەلەی چۆن بۆ ڕەخسا؟ ئەمارەتە کوردییەکان کەوتبوونە مابەینی عوسمانی و ئەو تورکمانانەی بەسەر ئێراندا زاڵبوون، بەڵام فرەخوازی تورکان لە فریای ڕۆژئاوا هات، تورکمانەکان پەلاماری ئەمارەتە لێکدابڕاوەکانی کوردانیانداو یەك یەك لە ناویانبردن، دەنا زلهێزی عوسمانی بە بوونی ئەو ئەمارەتانە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی خۆی (کوردستان) ئەرخەیان بوو، مەترسییەکی نەبوو، بەڵام ئوزون حەسەنی تورکمان ئەمارەتە کوردییەکانی هەڵچنی و بە هیوای یارمەتی ڕۆژئاوا پەلاماری بردە سەر وڵاتی بندەستی سوڵتان محەممەدی فاتیح، کە ئەستەمبوڵی گرتبوو. لێرەدا دەکرێ بڵێین فرەخوازی تورکان لە ڕۆژهەڵات لە فریای ئەوروپا هاتو شەڕ هەڵایسا، دواتر کێشەی ئایینی هاتە سەر فرەخوازی و ئاواتی ئەوروپا لە پێکهەڵپرژانی موسوڵمانان پێکهات. لە دوای پەیدابوونی شا ئیسماعیل زۆرینەی ئەمارەتە کوردییەکان پاڵیان بە عوسمانییەوەدا. بەوچەشنە میرنشینە کوردییەکان نەك تەنیا لێك دابڕان و قەوارەی کورد لەبەر یەکچوو، بەڵکوو میرە کوردەکان وادارەکران پێکهەڵپرژێن، بە تایبەت ئەو ئەمارەتانەی لەو بەری سنوور بوون. زۆرتری کوشتارو تاڵانەکان بەسەرخۆی کورددا دەسەپا!

ئەگەر گەورەترین هۆی لاوازی ئەمارەتە کوردییەکان، فرەخوازی تورکان و بێ سیاسەتی کوردان بووبێ، هاندانی ئوزون حەسەن (تەنانەت لە لای ژنە مەسیحێکەشیەوە) بۆ هێرشبردنە سەر وڵاتی بندەستی عوسمانی بوو بە هۆی بادانەوەی هێرشی بێ بەزەییانەی ئەو زلهێزە بۆ لای ڕۆژهەڵات، عوسمانی دوای پەلامار لە ڕۆژهەڵاتی خۆی ناچار بوو بەشێکی هەرەزۆری هێزەکانی بگەڕێننەوە بۆ لای ڕۆژهەڵات.

لەو بارەوە کە ئوزون حەسەن(وەك پادشای ئێران) لە دژی عوسمانی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا گرت، ئەگەرچی ئەوە دواتر بوو کە ئەو پەیوەندییە بەرهەمی لێکەوتەوە، بەڵام سەرەتای شەڕی نێوان ئێران و عوسمانی لە سەردەمی ئوزون حەسەنی سوننی مەزهەب دامەزرا.

(هینتس)، لە ژێر عینوانی "پەیوەندی نافەرجامی ئێران و ڕۆژئاوا" دەڵێ: "بەشێك لە مێژووی ئاق قۆینلو کە بەتایبەت لە باری مێژووی کولتور و شارستانییەت شێرن و ڕەکێشە و پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەشەوە هەیە لەو ئاستەدا جێگای ووردبوونەوەی پترە..."(١٣)، ئەو باسە کە بۆ ئەوروپاییەکان لە باری مێژوویی و شارستانیەت شیرین و ڕەکێشە، بۆ کوردان هۆی لە قەوارە چوون و (٥٠٠) ساڵ کوشتارو وە دواکەوتوویی و کاولبوونی وڵاتە.

تورکی گەورەو تورکی گچکە! سوڵتان موحەممەدی فاتیح، لە (١٤٥٣ز) قوستەنتەنیە (ئەستەمبوڵ) پێتەختی ڕۆمی شەرقی داگیرکرد و کردی بە ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، سوڵتان موحەممەد لە ئەوروپا بە نێوی "تورکی گەورە" نێوبانگی دەرکرد، ئوزون حەسەنیش (لە ئەوروپا) لەقەبی تورکی گچکەی پێدرا، دوای ئەوەی ئوزون حەسەن دیاربەکری لە ژێردەستی کوردان دەرهێنا کردی بە پێتەختی خۆی. (هینتس) کە ئاماژە بە کەسایەتی و مەملەکەتداری ئوزون حەسەن دەکات، دەڵێ: بەرهەمی داسەپاوی داگیرکەری ئوزون حەسەن ئەوە بوو کە ئەو بوو بە یەکێك لە بەهێزترین فەرمانڕەوایانی ڕۆژهەڵاتی نزیك. شێوەی مەملەکەتداری ئوزون حەسەن بەهێز و مەحکەم بوو، بەڵام ئەو مەملەکەتدارییە جگە لە قودرەت تەڵەبی لەسەر چ بنەمایەکی بیروڕا (بەشێوەیەکی شارستانیانە) نەبوو(١٣). ئوزون حەسەن کە دەگەڵ بنکە دەسەڵاتەکانی مەسیحی گورجی و ترابۆزانی (کە ژنەکەی کچی شازادەی وێ بوو) پەیوەندی هەبوو سەفیری بۆ ئیتالیا نارد.

(هینتس) لەوبارەوە دەڵێ: "پاش داگیرکردنی قستەنتەنییە لە ١٤٥٣ دیسان لە ئەوروپا خەونی سەردەمی شەڕی خاچی ژیایەوە. لەساڵی ١٤٥٦ پاپا کالیکستی سێیەم یەکێك لە راهیبانی فرانسیسکانی بە نێوی "لۆدۆیکۆ داپۆلۆنیا"ی ناردە ترابۆزان و گورجستان، ئەو راهیبە تێکۆشەر و کارزانە کاتی گەڕانەوە چاوی بە ئوزون حەسەن کەوت و ئەوی لە نەخشەو بیری داود شا ئاگادار کرد کە لە ترابۆزان جێگری شازادەی ساوا بوو.

(هینتس) له درێژەی باسەکەدا دەڵێ: "دەسپینا خاتون (ژنه مەسیحیەکەی ئوزون حەسەن) مێردەکەی بۆ یارمەتی هاونیشتمانانی هان دەدا، ئەگەرچی ئوزون حەسەن هیوایەکی به توانایی مەسیحێکانی ناوچه نەبوو، بەڵام کاتێك ئەوان نوێنەریان بەرەو ئەوروپا بەڕێکرد ئەویش نوێنەری لەگەڵ خستن..."

ئوزون حەسەن بۆ ئەوەی که ڕەنگه بتوانێ دەسەلاتی خۆی بەرینتر بکاتەوە، له ساڵی (١٤٧٢ز) سەفیرێکی به ناوی حاجی موحەممەد بۆ ئەوروپا بەڕێکرد که له ئیتالیا پێیان دەگوت "ئازیمائۆمەت" مەبەستی حەسەن بەگ (ئوزون حەسەن) ئەوە بوو بەڵکو له شەڕی خۆی و ئەوروپاییەکان دژ به عوسمانی یاریدەی یەکتر بدەن، له "ونیز" تۆپچی و تۆپخانه وەر بگرێ، سەنای "ونیز"یش نوێنەرێکی به نێوی "کاترینۆزۆنۆ"، که خوارزای کاترینا دسپینا (خێزانی حەسەن بەگ) بوو به مەنزووری یارمەتی دنیای مەسیحیەت وەڕێخست، ئەو نوێنەره له حەسەن بەگی خواست ئیزن بدات چاوی به پووری بکەوێ، دسپینا خاتون بەو کاره(هاوکاری حەسەن بەگ له تەك ئەوروپاو مەسیحێکان، بۆ هێرشبردنه سەر عوسمانی زۆر دڵنیا بوو(١٤).

دەسەلاتدارانی ئیسلامیی و شەڕی ناوخۆ وەك ئاماژەی پێکرا، دەسەلات و دەوڵەتی دامەزراو له وڵاتانی ئیسلامیی له دوای خولەفای راشدین، ئیسلامیان وەك ئامرازێك بۆ مەشروعییەتدان به حکومەت به کار بردووە، ئەو شەڕانەی ئوزون حەسەن لەگەڵ میرنشینەکانی کورد و دواتر لەگەڵ عوسمانی (که هەموویان سوننی بوون) هەڵی ئاساند، له بەرژەوەندی ئیسلامدا نەبوون. بەڵکو له بەرژەوەندی ڕۆژئاواو مەسیحییەتدا بوون، به خوێندنەوەی ئەو بابەتانه دەکرێ بپرسین حوکمکردن به نێوی ئایین چ مانایەك دەدا؟ کام یەك لەو دەوڵەتانەی له سەرەتای ئیسلامەوە حوکمیانکردووە خۆیان به ناموسوڵمان داناوە؟ ئەگەر ناموسوڵمان بوون بۆ موسوڵمانان ئیعترازیان نەکردووە؟ بۆ دوای پتر له سیازده سەده تازه وەخەبەر هاتوون؟ چ دەلیلێك هەیه ئەوانەی ئەوڕۆ داوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکەن له دەسەلاتدارانی سەردەمی موعاویه موسوڵمان تر بن؟

ئەوەی ڕوونە ئەو شەڕانەی لەسەدەی پازدە ڕا لە نێوخۆی موسوڵمانان دامەزراو پتر لە (٥٠٠) ساڵی خایاند، لە دژی بەرژەوەندی وڵاتە ئیسلامییەکان بوون، هێرشی سەدام بۆ سەر ئێران و کوێتیش درێژەی ڕەوتی پێشوو بوو، بۆ لە نێو موسوڵمانان چ دەنگهەڵبڕینێك سەبارەت بەو شەڕانە —تەنانەت سەبارەت بە سەددام—یش لە ئارادا نەبوو؟

لە دەستپێکی شەڕەکان لە (٥٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە گەلی کورد بە چەکی دەستکردی وڵاتە دژ بە ئیسلامەکان کوژراون وماڵیان کاولکراوە، دەکرێ بپرسین دەوڵەتانی ئیسلامیی (لە سەردەمی موعاویەوە تا ئەوڕۆ).

١– چ بەرهەمێکیان بۆ گەلانی موسوڵمان هەبووە؟

٢– ئەگەر دەوڵەتانی ڕابردوو بە شەرعیان ڕەفتار نەکردووە، بۆ دەنگهەڵبڕینێك بە شێوازی ئەوڕۆ لە ئارادا نەبووە؟

٣– ئەوانەی ئەوڕۆ بۆ داگیرکردنی دەوڵەت خۆ بەکوشت دەدەن و خەڵکی بێتاوان دەکوژن، چ دەلیلێك هەیە ئیسلامخوازانی ئەوڕۆ لە ڕابردۆکان موسوڵمانتر بن؟

٤– ئەرێ بڵێی ئەوانەی ئەوڕۆ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و دامەزراندنی دەوڵەت لە سەر بیری ئیسلام، ڕێبازی خۆکوژیان هەڵبژاردووە یان بە شێوازی جۆراو جۆر ڕەشەکوژی و کۆکوژی دەکەن لە دەسەڵاتدارانی سەردەمی زووتر موسوڵمانتر بن؟

+ زۆرێك لە کوردە ناسیۆنالیستەکان ئیسلام بەوە تاوانبار دەکەن کە هۆکارێك بووە بۆ نەهامەتییەکانی گەلی کوردو ئەم ئایینە بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەت، تا چەند ئەمە ڕاستەو واقیعیە؟

ئەبریشەمی: ئیسلام ئایینێکی جیهانییەو هیچ جیاوازییەکی لە نێوان ڕەش و سپی و تورك و فارس و..هتد دانەناوە. ئەو قسانە بزرکردنی عەیب و ئیرادی خۆمانن چۆن ئیسلام تەنیا بۆ گەلی کورد بۆتە هۆکاری نەهامەتی و هۆی نەبوون بە خاوەن دەوڵەت؟ لەحاڵێك دا ئیسلام لەسەرەتاوە بۆ تورکان بۆتە هۆکاری دامەزراندنی بەرزترین دەسەڵات و دەوڵەت وەك سوڵتان مەحموودی غەزنەوی

سەلجوقێكان، خوارەزمشایەكان، عوسمانی، تەیموری شەل، توركمانەكان، قاجار و...هتد؟

له وەڵامی پێشوو ئاماژەی پێكرا گەلی كورد بۆخۆی پتر تاوانبارە، كوردانیش وەك فارسەكان نزیك (٢٠٠) ساڵ دوای ئیسلام بنەمای دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان دامەزراندەوە، بەڵام ئەوان له چەمكی سیاسییدا زۆر له كورد خاوەن ئەزموونتر بوون، ئێستاش هەر وان. بۆ ئەوان توانیان پشت ڕاستكەنەوەو سەر له نوێ ببنەوە دەوڵەتێكی بەهێز و توانا كه ئەوڕۆ كایه بەزلهێزەكانی جیهانی دەكەن؟!

بۆ كورد له سەرەتاوه هەروا داماو ماوەتەوە؟ بۆ تاوانی كەمبیری خۆمان بەسەر ئایین دادێنین؟ ئەگەر ئیسلام بووبێته هۆی وەپاشكەوتوویی، ئەوەش كێشەیەكی تەواوی موسوڵمانانی جیهانه نەك كورد به تەنیایی. له حاڵێكدا به هاتنی ئیسلام گەورەترین ڕاپەڕینی كۆمەڵایەتی له مێژوویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت گەلی كورد پێكهات. ئەگەر گەلانی ناوچه نەیانتوانی خۆیان لەدەست داگیركەرانی دەسەڵات ڕزگار بكەن، داگیركەرانی دەسەڵات توانیان وەك پێشوو له ئایینی تازه بۆ حكومەت بەسەر جەماوەردا كەڵك وەربگرن. خەڵك كه بەهۆی هاتنی ئیسلام ڕزگاری و ڕێزیان (ایاك نعبد: مرۆڤ تەنیا بەندەی خودایه) وەدەست هێنابوو، كاتێك دەیاندی (له سەردەمی خولەفای راشدین) دەتوانن به هاسانی میری تەواوی موسوڵمانان ببینن و قسەی دەگەڵ بكەن سكاڵاو ڕەخنەی لێ بگرن، هەڵیانكوتا سەر میری بەیعەت پێكراو، یەك به دوای یەك كوشتیانن و ڕێگایان بۆ دامەزراندنەوەی پادشایەتی ئەوجار له ژێر دروشمی ئایینی ئیسلام خۆشكرد، موعاویه كه یەكێك له بلیمەتانی سیاسەت بوو، ڕاست بۆوەو به دامەزراندنی پۆلیسی نهێنی، دەستی به ناسینی تەواوی ئەوكەسانه كرد كه وێدەچوو ڕەخنەو كۆسپ بخەنه سەر شێوازی دەوڵەت و دەسەڵاتی وی (هەڵبەت به نێوی ئیسلام)، دەستبەسەركردنی حەزرەتی عائیشه، (كه لەقەبی دایكی ئیماندارانی پێدرابوو)، یەكێك لەو كاره سیاسیانەی موعاویه بوو.

دیاره كه له سەرەتاوه ئایینی ئیسلامیش كرا به ئامرازی داگیركەرانی دەسەڵات و دەوڵەت، ئەو چەمكەش تەنیا بۆ گەلی كورد دانەمەزرا، گشت گەلانی

ناوچە بەو دەردە گرفتار بوون، بەڵام ئەو گەلانەی خاوەن بیری سیاسیی و دیتنی پاشەڕۆژ بوون، توانیان گەلی خۆیان وە سەرووی گەلانی دیکە بخەن و بیانکەنە خاوەن وڵاتو دەوڵەت و دەسەلات، ئەگەر کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەن دەوڵەت، بۆ ئیسلام تاوانبارە؟ گەلی کورد خۆی تاوانبارە، بەداخەوە کورد چ بۆخۆی چ حاکمەکانی، بیری سیاسییان تەسکبووە، ئاگایان لە ئەوزاعی وڵاتی خۆیان و دەورووبەر نەبوو، هەر دەسەڵاتدارێك هاتباو بیگوتبایە وەرن دەچین بۆ شەڕو تالان، وەدوای دەکەوتن.

کورد دەسەڵاتی میرە کوردەکانی بەو جۆرە نەدەپاراست کە دەسەڵاتی بێگانەی دەپاراست، کورد هەر لە کاتدا دەژیا. ئاگای لە عومری ئەم دنیایە نەبوو. ئەگەر بڵێین ئیسلام وای لە کورد کرد کە لە گوێی گادا بنوێ، ئەدی بۆ ئەو ئایینە ئەو نەهامەتیانەی بەسەر گەلانی تر (وەك تورك) نەهێنا ؟

پێویستە ئەوەش بڵێین: کوردان لە زانستی ئایینی ئیسلامدا زۆر بەرچاو بوون: (جابان)، سەحابە بوو، کوڕەکەی یەکێك لە بێژەرانی ئەحادیسە، لە ئیمام موحەممەدی غەزالی دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی: فەرهەنگی ئیسلامیی لەسەر موتالای چوار بەرە لە زانایان راوەستاوە" کە سێ بەرە لەوانە کە ناوی بردوون، لە هۆزە کوردەکانن، وەك زانایانی دیاربەکرو ئامێدیو شارەزوورو هەڵەبجەو دەینەوەرو کرماشان(١٦).

وەرن ئەوڕۆش لە کوردەوارییدا تێگەیشتنێك لە ئایین وەگەڕ خەین کە لە سەر پەروەردەکردنی مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستی خول بخوا، هەوڵ بۆ زانست (لە هەموو بوارەکانی) ئامانجی گەلی کورد بێ وەك خودا دەفەرموێ: (هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)، هەرچی خدەی باشی گەلانی جیهانە ڕەچاوی کەین و هەرچی پیس و نەگبەتە لە ناو گەلی خۆمانی دوور بخەینەوە. پێشەوای نەمر لە نوتقەکانی خۆیدا بۆ خوێندکارەکان دەیگوت: "ئێمە بە تفەنگ لە بەرامبەر هێزی دەسەڵاتە زاڵەکان چمان پێناکرێ، بەڵام لە ڕێگای هەوڵدان بۆ خوێندن و زانستەوە دەتوانین خۆمان لەو بێ دەسەڵاتییە ڕزگار بکەین".

لە لایەکی دیش لە مێژوودا چ شارستانییەتێك بە بێ ئایین نەدیتراوە، ڕۆژئاواش کە لەو دوایانەدا بۆتە هەڵگری پێشکەوتوویی و شارستانییەت خۆی بە ئایینی مەسیح هەڵواسیوە، بەڵام هەر گەلێکی مەسیحیش هەڵگری دروشمی پێشکەوتوویی و شارستانییەت نییە. ئەو گەلانەی پێشکەوتوون بەشێك لە هۆکانی چاندو خدەی خۆیانە کە بۆتە هۆی سەرکەوتنیان.

وەك ئاماژەی پێکرا ئاسەوارە بەر لە مێژووییەکان نیشان دەدەن بناغەی شارستانییەت و پێشکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە، بەڵام پاش داگیرکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەلایەن پادشاوە، نەهامەتی داوێنی بەسەر هەموو گەلانی ناوچەدا کێشا. پرس ئەوەیە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نزیك بە گشتیان موسوڵمانن، لەو نێوەدا ئیسلام بۆ تەنیا بۆ کورد بۆتە هۆی نەهامەتی؟! ئەو ڕێکخراوانەی بۆ ڕزگاری گەلی کورد خەبات دەکەن، بەشێك لە ئەندامەکانیان پشتیان لە ئایین کردووە، بەڵام زۆر لە ڕابردوو نارێکترو دابڕاوترن، لەو بەینەدا ئایینی ئیسلام چ نەخشێکی لەم نەهامەتیانەدا هەیە؟ لە نێو کورداندا، نارێکی، ناکۆکی، زۆر بەرچاوە، ستراتیژێکی هاوبەشی نەتەوایەتی لە ئارادا نییە، ئەو ڕەوتە دژێوانە چ پەیوەندییەکیان بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە؟

ئێمەی کورد شانازی بە مێدیا دەکەین، بەڵام با ئەو ڕاستیانە لەبەر چاو بگرین:

١- ئەو دەوڵەتەی مێدیاکان بونیادیاننا، بە نێوی کورد نەبوو.

٢- مێدیاکان بە هۆی تێگەیشتن و یەکگرتوویی توانیان لە ژێر ستەمی ئاشورێکان ڕزگار بن.

٣- ئەگەر کورد بە مێدیا دەنازێ بۆ لە دوای تێکچوونی میدیاوە تا ئەوڕۆ نەیتوانیوە یەکگرتوویی نەتەوەیی پێکبێنێتەوە؟

٤- بۆ ئێستاش پلان و ستراتیژێکی یەکگرتوو بۆ گشت گەلی کورد لە ئارادا نییە؟

ئەوەی کە دەڵێن: ئیسلام هۆکارێك بووە بۆ نەهامەتییەکانی گەلی کوردو ئەم ئایینە بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەت،" لەسەر کام بنەمای لۆژیکی، ئەو قسانە دەکرێن؟!

ئهوه حاشای لێناكرێ ئیسلام بوو به هۆی ئهوهی كه توركمانهكان له غولامی ڕا به گهورهترین دهسهڵات و دهوڵهت بگهن، گهلانی موسوڵمانی تریش ههروا بهدهسهڵات و دهوڵهت گهیشتوون، له هیندوستانیش موسوڵمانان سهدان ساڵ حوكمیان كرد و خاوهن دهسهڵات و دهوڵهت بوون، ئێستاش خاوهن دهوڵهتن، له ئاسیای باشووریش (بهنگلادش، مالزیا، ئهندۆنزیا) كه بۆ خۆیان ئایینی ئیسلامیان ههڵبژاردووه (به شهڕ بهسهریان دانهسهپاوه) خاون دهوڵهتن. ئێمهی كورد جگه لهوهی دهسهڵاته زاڵه بهرچاوتهنگهكان به ههموو شێوهیهك سهركوتمان دهكهن بهڵام نابێ تاوانی چهوتكارێكانی خۆمان بهسهر ئایین و دهوروبهردا بێنین.

ئهوهی كه دهڵێن ئیسلام "هۆكارێك بووه بۆ نههامهتییهكانی گهلی كورد،" ههوڵیكن بۆ داپۆشینی لاوازێكانی بیری سیاسیی، كۆمهڵایهتی و خدهكانمان.

با له ئهو ئامۆژگارییهی قورئان دهرس وهربگرین: (ان اللة لا یغیر ما بقوم حتي یغیروا ما بانفسهم).

ئهوهش حاشای لێناكرێ: ئایین بهشێكی جیانهكراوه له چاند(فهرههنگ)ی بهرهی مرۆڤه. وهك مێژوو نیشانیداوه، جهماوهر ئهگهر پشت له ئایین–یش بكات، دیسان به چهشنێكی دی بۆشایی ئایین له ناو جهماوهردا پڕدهبێتهوه. ڕاستییهكی دیش ئهوهیه: ئیسلام مهگهر لهلایهن تاكه كهسهوه تا ڕادهیهك ڕاگیرابێ، دهنا وهك زۆرتری ئایینهكان ههر به ڕواڵهت ڕاگیراوه، له بنهوهو له نهێنی وهلانراوه.

لهحاڵێكدا ئیسلام به ڕوونترین شێواز به خهڵكی ناساندووه خودا له ههموو جێگایهك حازرو نازری كردارو گوتاری ئێمهیه. ناكرێ خۆمان له خودا بشارینهوه.

به بڕوای زۆرتری ئایینهكان ئایین (بۆ نموونه ئیسلام) وهك پۆلیسی نهێنی ئاگای له كردهوهی خهڵكه، ئهو بڕوایه له گشت كاتێكدا باشترین شێوازی پاراستنی مافی تاك و كۆیه. ههر بۆیهش خهڵك نایانهوێ كۆمهڵگا پشت له ئایین بكات. ئهو ترسهی ئایین سهبارهت به لێپرسینهوهی دواڕۆژ له دڵی جهماوهردا چاندوویهتی، هێمنایهتی و متمانهیهكی زۆری له نێو خهڵك پێكهێناوه، زۆر دیتراوه كهسانێك كه سهردهمی ژیندا خودایان له بیر نهبووه، له كاتی مردندا له كردهوهی

خۆیان سه بارەت به خەڵك پەشیمانبوونەوەو داوای لێبووردنیان کردووه، زۆرتری ئەو باوەڕه له بیری ئایینی هەڵدەقولێ.

بەکورتی بەشی زۆری تاوانی بێ دەسەڵاتی و بێ دەوڵەتی کورد، له ئەستۆی خودی کوردە، دەکرێ بڵێێن: ناسیۆنالیستی کوردیش تاوانبارە، بەشێکی بەرچاو له نەتەوەخوازەکان نه ناسیاوێکی ئەوتۆیان له ئاستی نەتەوایەتی کورد هەیه، نه پلان و ستراتیژێکی یەکگرتوویان بۆ ڕزگاری له بەرنامەدایه. هەر تاك و گرووپ و ڕێکخراوەیەك دەهۆڵی خۆی دەکوتێ، به بێئەوەی هەموو بەیەکەوه هەوڵبدەن ڕێگای چارەسەری بێدەسەڵاتی گەلی کورد بدۆزنەوه.

+ ئایا ئایین دەتوانێ چارەسەری قەزیەی سیاسیی کورد بکات یان وەکو تۆ دەڵێی: بۆ نەتەوەیەك که زوڵمی نەتەوەیی لێکراوه خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی شتێکی ڕەوایه؟

ئەبریشەمی: قەزیەی کورد، له سەرەتاوه هەرچۆنێك پێکهاتبێ ئەوڕۆ کێشەیەکه لەگەڵ داگیرکەرانی ماف خۆ چارەنووسی گەلی کورد. داگیرکەرانی ئەوڕۆی ماف گەلی کوردیش ئەو دەسەڵاتەیان له داگیرکەرانی پێشوو پێگەیوه، داگیرکەرانێك که له سەرەتاوه هەر خۆیان به ئایینی و موسوڵمان داناوه. ئەگەر ئەو کێشەیه به یارمەتی ئایین چارەسەر کرابا، دەبوو کێشەیەکی ئەوتۆ ساز نەبووبا، ئێستاش ئەو کێشەیه لەلایەن داگیرکەرانی ماف خۆچارەنووسی گەلی کورد پێکهاتووه که لەسەرەتاوه ئایینی و موسوڵمان بوون. ئەگەر ئایین توانیبای چارەسەری قەزیەی سیاسیی کوردی کردبا تا ئێستا دەیکرد، له لایەکی دیش با کورد تەواو ئایینی بێ، قەزیەی سیاسیی کوردی چۆن پێ چارەسەر دەکرێ؟

قەزیەی سیاسیی کورد، کێشەیەکی هاوچەرخه. ئایین ناتوانێ چارەسەری ئەو قەزیه بکات. لەلایەکی دی بەشێك له جەمسەرەکانی "قەزیەی سیاسیی کورد" به دەست ئەو هێزانەوەیه که له دەرەوەی دەسەڵاتی ئایینن، به (تایبەت ئایینی ئیسلام).

دیاره ئەو کێشەیه لەسەرەتاوه بەو چەشنه نەبووه، ئەوڕۆ کێشەی کورد ئەوەندەی که به دەسەڵاتدارانی ناوچەوه پەیوەندی هەیه، به ڕوانگەی زلهێزەکان

و هەڵسوكەوتی جیهانیشەوە گرێدراوە. بەڵام بڕوای ئایینی دەتوانێ یاریدەدەری گەلی كورد بێ، ئیسلام نەیگوتووە گەلی كورد دەبێ بندەست و دیلی دەسەڵاتی غەیری خۆی بێت. لە ئیسلامدا ئیتاعەی لە خاوەن دەسەڵاتی ناوخۆ (اولی الامری منكم) جایزە، نەك خاوەن دەسەڵاتی دەرەكی، ئەوانەی دەسەڵاتی خۆچارەنووسیان لە كورد زەوتكردووە گەلی كوردیان لە خۆیان جیا كردۆتەوە، بروانە دەوڵەتی تورك ئەگەر كورد خۆی بە تورك دانەنێ، وەك دوژمن یان بێگانە چاوی لێ دەكرێ. لێرەدا ناتوانین بڵێین هەمووما‌ن موسوڵمانین و یەك ئۆممەتین، تاوانی ئەو جیاكردنەوەیە وەباڵی ملی داگیركەرانە نەك گەلی كورد. لەو ڕوانگەوە بروا ناكەم ئایین بە تەنیایی كارێكی لە دەست بێ. بەڵام ئایین دەتوانێ لە چاكسازی نەفسانیەت و بڕوا بەخۆبوونی گەلی كورددا كاریگەر بێ.

ئەوەش حاشای لێناكرێ كە گەلی كورد وێڕای هاوسێكانی موسوڵمانە، بەڵام كام یەك لە داگیركەرانی مافی نیشتمانی و خۆچارەنووسی گەلی كورد– چ ئەوڕۆ چ لەسەدەكانی ڕابردوو– بە پێی ئوسوڵی ئایین و ئیسلام لەگەڵ كورد هەڵسووڕاون؟ ئەگەر ئەتاتورك نكوولی ئایینی دەكرد، لایەنگرانی ئێستاش نكولی ئایین دەكەن، سەددام نكولی ئیسلامیی نەدەكرد بە خەتی خۆی دروشمی ئیسلامیی لەسەر ئاڵای عێراق دانا، بەڵام دیتمان ئەویش وەك دەوڵەتی لائیكی توركیا، چی دەرهەق بە گەلی كوردو نیشتمانەكەی كرد، ڕۆژێ دوای شیمیابارانی حەڵەبجە لە كۆبوونەوەی وڵاتە ئیسلامێكان لە كوێ هیچ كام لەو دەوڵەتە موسوڵمانانە ئاماژەیان بە ئەو كارە دژ بە ئایینەی سەددام نەكرد، مەگەر لەم جیهانەدا چ كەسی موسوڵمان نەبوو كە دژ بەو جینایەتە دەنگ هەڵبڕێ؟ مەگەر دەنگ هەڵبڕین سەبارەت بە جینایەت دژی بەشەرییەت تەنیا ئەركی بڕیارەكانی ناو نەتەوەییە؟ مەگەر ئەو بێدەنگییە پشتكردن لە ئایینی خودا نییە؟ هەر ئەو بێدەنگیە مەودای بە دەزگای حكومەتی سەددام دا كە ئەوجار جینایەتەكانی خۆیان دژ بە گەلی كورد بە نێوی ئەنفال بە ئایینی ئیسلامەوە گرێبدەن. ئەو بنكە ئایینیانەی جیهانی ئیسلام سەبارەت بەو جینایەتانەو نێوەكەی چ دەنگێكیان هەڵبڕی؟ لەو نێوەدا ئایین و ئاییندار لە كوێبوون؟

وادیارە بۆ ڕزگاری گەلی کورد پێویستبێ ئایین و نەتەوەگەری هاودەنگ بن. گەلی کورد ئەوەندەی نەتەوەخوازە ئەوەندەش ئاینییە. ئەوەش دەتوانێ ببێتە هۆی یەکگرتوویەکی بەرینترو بەهێزتر.

ئەوانەی ماف نیشتمانی و پێناسەی خودادادی گەلی کورد پێشێل دەکەن، فریان بە ئایینەوە نییە، ئەوان لەسەر بنەمای فرەخوازی و باڵادەستی نەتەوەی تایبەت بە خۆیان، ماف گەلی کورد پێشێل دەکەن، بۆیەش کورد پێویستە ماف و پێناسەی خوداپێداوی خۆی بپارێزێ، پێویستە لە ئایین-یش کەلك وەربگرێ. پتری گەلی کورد پابەندی ئایینن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین خەباتی گەلی کورد سەرکەوتوو نابێ لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا ئایین دەتوانێ زۆر کارساز بێ، ئەگەر خەڵك و سەرکردەکان خاوەن بیروبڕوای ئایینی و پاك وخاوێن بن، باوەڕ بە خۆبوون پتر دەبێ، گرفتی کارەکان کەمتر دەبێتەوە.

وەك دەزانین یەکێك لە خاڵەکانی سەرکەوتنی هەر دەوڵەت و دەسەڵات و ڕێکخراوەیەك ئەسپاردنی کاروبار بە کەسایەتی پاك، لێزان و لێهاتووی باوەڕ پیکراوە، خاڵی هەرە گرنگی ئایین، پەروەردەکردنی کەسایەتی پاك، لێزان و لێهاتووی باوەڕپێکراوە.

کاتێك دەگوترێ بۆ نەتەوەیەك کە زوڵمی نەتەوەیی لێکراوە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی شتێکی ڕەوایە، مەبەست لە ئەوە نییە کە نەتەوەخوازی بە تەنیایی کارەکان دەباتە پێش، بەڵکو پێشێل کەرانی ئەو مافەی گەلی کورد، بە سەروەر دانانی گەلی خۆیان و بندەست دانانی گەلی کورد ئێمە وادار دەکەن ڕێبازی نەتەوەخوازی پتر لە بەر چاو بگرین.

ئەوەش حاشای لێناکرێ کە ئایین بەشێکی هەرە گرنگی پێناسەی نەتەوەگەرییە، دیارە زۆرتری ئایینەکان (وەك مەسیحیەت و ئیسلام) تایبەت بە گەلێك نین، بەڵکو جیهانین، بەڵام نەتەوەگەری تایبەت بە گەلێکی دیاریکراوە. کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد تایبەت بە گەلی کوردە نە هەموو موسوڵمانان. بەداخەوە، زۆرتری وڵاتە ئیسلامێکان لەڕەگەزکوژی کوردەکاندا خۆیان مەڵۆسکردووە، تەنانەت لە جینۆساید وشیمیاییکردن، لەسەر کورد وەجواب

نەهاتن. كورد وەك گەلێكی هاوچەرخی بێ دەوڵەت ناتوانێ تەنیا پشت بە ئایین ببەستێ. پێویستە هەم لە مەودای ئایین، هەم لە ڕێبازی نەتەوەگەری و سیاسیی و جیهانی بۆ ڕزگاربوون تێ بكۆشێ.

بۆ ڕزگاری ئەو گەلە، ئایین و نەتەوەگەری (تەنانەت كۆمۆنیستەكان–یش) بەیەكەوە باشتر دەتوانن كاربكەن دژایەتی نێوان لایەنگرانی ئەو چەمكانە لە بەرژەوەندی داگیركەرانی مافی گەلی كورددایە. ئایین بەتایبەت ئیسلام بۆ ڕزگاری گەلێكی داماو هۆكارێكی زۆر بەنرخە، ئایین دەتوانێ بەشێكی زۆری خەڵكی ئاییندار لە دەوری خۆی كۆ بكاتەوە، باوەڕ بە خۆبوون بە هێز بكات، لە ئیسلامدا ڕەگەزو ڕەچەڵەك مایەی فەخرنین، بەرەی مرۆڤ نابێ بەندەی یەكتر بن، بەندەگی بەرەی مرۆڤ تەنیا بۆ خودا هاتووە، ئەو بابەتانە ڕەوتی ڕزگاری گەلی بندەست نیشان دەدەن...

كاتێك ئایین، بە تایبەت ئیسلام ئەو توانایانەی هەیە، هەڵەیە ئایین لە چەمكی خەبات دوور بخرێتەوە. نەتەوەخوازیش بندەستی نەتەوایەتی هەڵناگرێ. ئایین و نەتەوەخوازی بۆ گەلی كورد دوو ئامرازی بەهێزی ڕزگارین. بەڵام كورد لە بنەماكانی ڕەوتی یەكگرتوویی دوور كەوتۆتەوە. ئەم باسانەش ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخەن، ئەگەر نەتەوەخواز لەسەر ڕوەلانانی ئایین (ئیسلام) پێ دابگرێ، دیارە ڕزگاری گەلەكەی ناوێ. بەڵكو دەیەوێ بە چەشنێكی دی مافی گەلەكەی پێشێل بكات. لەو نێوەدا كۆمۆنیستەكان ئەو ڕاستیەیان بزر كردووە كە بۆ بەجێهێنانی بیری كۆمۆنیستی لە ناو هەر گەلێكدا پێویستە ئەو گەلە خاوەن دەسەڵات بێ، گەلی كوردیش تا نەبێتە خاوەن دەسەڵات، ناتوانێ ڕێبازی كۆمۆنیستی ڕەچاو بكات. ئەوانەی خۆ بە كۆمۆنیست دادەنێن، باشترە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات بۆ گەلی كورد هاوكاری نەتەوەخواز و ئاییندارەكان بن.

ئەمن بۆ ڕزگاری گەلێكی بندەست وەك كورد، دژایەتێك لە نێوان ئایین و نەتەوەگەری (تەنانەت كۆمۆنیسم–یش) نابینم. بەتایبەت ئایینی ئیسلام كە دژ بە عەبدایەتی بەرەی مرۆڤ لە یەكترە.

ئیسلام نەی گوتووە کورد دەبێ بندەستی تورك عەرەب و فارس بێ. نەشی گوتووە کورد دەبێ دەسەڵاتی خۆچارەنووسی نەبێ، یان کەمتر لە گەلانی دیکە بێ. بەڵام ئەگەر گەلی کورد بۆ خۆی ئیرادە نەکات و بە شێوازی هەڵسەنگێندراو تێنەکۆشێ، ئایین ناتوانێ لە بندەستی فرەخوازانی بەرچاو تەنگ و پاوانخوازانی دەسەڵات ڕزگاری بکات.

+ لە پاش دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کورد توانی چەندین ئەمارەتی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ پێك بهێنێ و هەوڵی زۆریدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەوڵەتی میدیا بە شێوازێکی دی زیندوو بکاتەوە، بەڵام پیلانی دوژمنان و دووبەرەکی و شەڕە ئیمارات وایانکرد یەك لە دوای یەك ئەو ئیمارەتانە لە ناو بچن، دەتوانیت چۆن بە شێوازێکی زانستییانە ئەمەمان بۆ باس بکەیت؟

ئەبریشەمی: ئەمن لە چەمکێکی ئەوتۆ کە کورد لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا هەوڵی زۆری دابێ دەوڵەتی مێدیا بە شێوازیکی دی زیندوو بکاتەوە، ئاگادار نیم.

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی پرسیارەکە پێویستە ئاماژەیەك بە شێوازی پێکهاتنی ئیمارەتە کوردییەکان بکرێ. ئیمارەتە کوردییەکان پێکهاتەیەکی ناوچەیی سیاسیی- ئابووری بوون. بەرلەوەی وەك دەسەڵاتێکی قەبیلەیی Tribal State بناسرێن، زۆرتریان لە دەورانی خۆیاندا دەوڵەتیکی ناوچەیی سەربەخۆ بوون، وێنەیەکی بچووك لە دەوڵەتە زلەکانی دەوروبەر، مێژوو نیشان دەدا زۆرتری دامەزرێنەرانی دەوڵەتە زلەکانی سەردەمی "ئیسلامیی" تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەڕەچەڵەك قەبیلەیی بوون (وەك سەلجووقی، عوسمانی، قاجار و...تاد). بەڵام ئەو دەوڵەتانەی بنەماڵە قەبیلەییەکان بونیادیان نا، دەوڵەتی قەبیلەیی نەبوون، ئەماراتی کوردیش دەوڵەتی قەبیلەیی نەبوون.

بەڵام سایکۆلۆژی سیاسیی کوردو هاوسێکانی- بە تایبەت تورکەکان- زۆر لێك جیایە. دەسەڵاتداری تورك فرەخوازو داگیرکەرە لەحالێکدا دەسەڵاتداری کورد لە جوغزی ناوچەیی ناچێتە دەر.

لە کوردستاندا دەسەلاَت و دەوڵەت بۆ پاراستنی ئاسایشی ولاَت و خەڵك بووە، بەلاَم دەسەلاَت لە لای تورکان ئامرازێك بووە بۆ بەرینکردنەوەی سنوورو داگیرکردنی ولاَتانی دەوروبەر. (ڕەنگە بڵێن کورد هەر کۆچەر بوون، بەلاَم ئەو ڕەوتە لە نێو تورکاندا بەهێزتر بوو.)

بنەمای ئابووری ئیماراتی کورد لەسەر داهاتی ناوچەکانی بندەستیان بوو، هەموو لایەك (ئاژەڵدارو کۆچەر، خاوەن کشتوکاڵ، پیشەساز، بازرگانی و کڕین و فرۆش)، داهاتی ئیمارەتیان دابین دەکرد، خەڵکی ئیمارەتیش لە عەشیرەت و غەیرە عەشیرەت پێکدەهات. ئەو ئیمارەتانە لە سەرەتادا تایبەت بە ولاَتێکی دیاریکراو نەبوون، بەلاَم کاتێك ئەو ڕەوتە جێکەوت، سنووری ئەمارەت تاڕادەیەك دیاریکرا، میری ئەمارەت (بە یارمەتی دانیشتوان) ئەو سنوورانەی دەپاراست. دانیشتوانی ئیمارەت پەیوەندی کۆمەلاَیەتی– ئابووری و تێکەلاَوی بنەماڵەییان زۆر بەرچاو بوو، لەبەر ئەوەی لێك نزیك بوون، بەلاَم لە دەوڵەتە زلەکاندا (دەوڵەت سەرزەمینی ـ Territorial State) تێکەلاَوێکی ئەوتۆ ئێستاش نابیندرێ (دەوڵەت سەرزەمینی وەك عوسمانی و ئێران). دەوڵەتە زلەکان، خاوەنی ولاَتێك بوون یەکجار بەرین، کە دانیشتوانی ناوچەکان پەیوەندێکیان بە یەکەوە نەبوو، چ لە باری ئابووری، چ لە مەودای کۆمەلاَیەتی، تەنیا هاوبەشی ئەوان لە پێکهێنانی لەشکرو دانی باج بە دەوڵەت بوو!

ئینجا با بێینە سەر ئێل و ئاشیرەتی کورد :

زاراوەی (ئیل، ایل و عەشیرەت)، لە زمانی تورکی و عەرەبی وەرگیراون، بەڵام ئەو ساختارەی "ئێل" و "ئاشیرەت"ی کورد هەیانبووە لە نێو عەرەب و تورک نەبووە. بەشێك لە عەشیرەتی کورد ساختاری قەبیلەییان هەبوو، بەڵام زۆرتریان وەك چینێکی "خاوەن زەوی" دیاری دەکران لە هەردوو حاڵدا قەبیلەو عەشیرەت وەك "نهاد"ێکی کۆمەڵایەتی– سیاسی خۆدەنوێنن، ئاغا کە خاوەن گوندو زەوی و زار بوو لە کوردستانی بێ دەوڵەت لە بازنەی ئاشیرەتدا دەیتوانی موڵکی خۆی ڕابگرێ، کەسێك کە پەیوەندی ئاشیرەتی نەبووبا، نەیدەتوانی لە دەرەوەی شار خاوەنی دێ و زەوی بێ، بەڵام ئاغایەك کە سەروە ئاشیرەت با دەیتوانی موڵکەکەی ڕابگرێ. (ئەو ڕەوتە بەرگری لە پەرەگرتنی زەمیندار بوونی خەڵکی شار و نائاشیرەت و پشکووتنی سەرمایەداری دەکرد.

ئەگەرچی زۆرینەی گەلی کورد لە بنەماڵەی ئاشیرەت نەبوون، بەڵام لە ڕابردوودا گەلی کورد بە ئێل و عەشیرە ـ ئاشیرەت، دیاری دەکرا، ئاشیرەت پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی زۆرتر هاو ڕەچەڵەك لەسەر بنەمای سیاسیی– ئابووری و خاوەن ناوچەیەکی تایبەت بوون، بەڵام گشت دانیشتوانی ناوچە لە بنەماڵەو ڕەچەڵەکی ئاشیرەت نەبوون. ئاشیرەتەکان وەك ئاغاوەت، چینی خاوەن زەمین بوون، دانیشتوانی ناوچە بندەستی ئاشیرەتیش وەك هێزی ئاشیرەت لە ئەژمار دەهاتن. بۆیەش دەرەکێکان گەلی کوردیان بە ئێل و ئاشیرەت دادەنا. هێزی ئیمارەتەکانیش پتر لە عەشیرەتەکانی سەروە ئیمارەت پێکدەهات، لەبەر ئەو هۆیە ناوی عەشیرەتەکان بەرز دەبۆوەو بەسەر ناوچەی بندەستی عەشیرەتدا دەبرا. ئەو چەمکە ئاڵۆزیکی زۆری لە ناسیاوی گەلی کوردو دانیشتوانی ناوچەکان پێکهێناوە، لە لایەك ئاژەڵداری و ئاژەڵگێڕی (رمەگردانی) وەك کۆچەر چاوی لێدەکرا. هەر بۆیەش زۆرتری نووسەرانی نەکورد نەیان توانیوە جیاوازی کۆچەرو عەشیرەت و گشت دانیشتوانی ناوچەکان لێك جیا بکەنەوە، لەلایەك هەموو دانیشتوانی ناوچەیان بە بنەچەکەی عەشیرەت داناوە، لەلایەکیش هەموو

عەشیرەتێکیان بەکۆچەر ناسیوە. ئەوەش هەڵەیەکی کۆمەڵناسی و پێکهاتەی کۆمەڵگەی لێکەوتۆتەوە.

ئەو ئاڵۆزییەش بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلی کورد بەکاربردراوە، بە تایبەت لەلایەن نووسەرانی سەر وە ئەو دەوڵەتانە کە بەسەر کوردستاندا زاڵن، ئەوان ئێستاش کەلکی سیاسیی لەو مەبەستە وەردەگرن.

بەشێکیان بۆ ئەوەی بنەمای پێکهاتەی ئەمارەتە کوردییەکان ئاڵۆز بکەن، بۆ نموونە پاراگرافێك لە نووسراوی مامۆستایەکی توێژەری زانکۆ لە ئێران دەخەمە بەرچاو، کە چۆن بنەمای سیاسی– کۆمەلایەتی و شارستانیەتی کوردیان بە ئێل و ئاشیرەتەوە گرێداوە، لە حالێکدا تاریفێکی دروستیان لە ئاشیرەتی کورد نەکردووە: "شکست صفویان در جنگ چالدران،نقگە عگفی در تاریخ کردها بود، زیرا ٢٣ امیر نشین کرد، یك پیمان دولتی با عیمانی ها امچا کردند که به موجب یٚن حکومت محلی رۆسای ایلات کرد در مناگق ایلی خود به رسمیت شناخته شد و یٚنان در مقابل تعهد کردند که نسبت به سلگان عیمانی وفادار باشند"(١٥). بە بڕوای ئەو نووسەرە ئەمارەتی وەك دیاربەکرو بەتلیس–یش بە "مناگق ایلی" داندراوە، تاریفێکیش لە "ایل" نەکراوە! ئەگەر میرە کوردەکان لە بنەماڵەی ئێل و ئاشرەت–یش بووبن، دەکرێ وەك بنەماڵەکانی تورك (سەلجووقی، عوسمانی، قاجار و...تاد) لە ئەژمار بێن، بەلام ئەو جیاوازیانە لە ئارادا بوون: دەسەلاتدارانی کورد ڕەوتی داگیرکەری و فرەخوازیان وەك دەسەلاتدارانی تورك نەبووە. ئەو نووسەرە ناوی ناوچە کوردییەکان بە ناوی ئێل و ئاشیرەت دادەنێ، بەلام ئەگەر ناوی قەبیلەیەك لەسەر وڵاتێکیش دابندرێ، دیسان ئەو ڕەوتە لە دەرەوەی کوردستان باوتر بووە، عوسمانی، سعودی و...تاد.

بنەمای سیاسی– ئابووری عەشیرەتی کورد، لە کوردەواریدا بە پێجەوانەی ڕەوتی سیاسی– ئابووری باو لە دەوڵەتە زلەکاندا، کە پادشا زەوی و ناوچەی بە ئەوکەسانە دەئەسپارد(اقگاع) کە بەشێك لە ئەرکی ڕاگرتن و تەیارکردنی سوپایان وەخۆ دەگرت، عەشیرەتی کورد بۆ خۆیان خاوەن زەوی و لەوەڕگای ناوچەیەك بوون، ئەوان موڵکی خۆیان لە دەستدرێژی دەپاراست، ئەو چەمکە پێشی ڕەوتی

ئیقتاعی دەگرت کە لە وڵاتە زلەکاندا (وەك عوسمانی و ئێران) باو بوو. ئەو ڕەوتە چەشنێکی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری بۆ ئاشیرەتی کورد پێکهێنابوو.

ئەگەر ناوچەی عەشیرەتێك بە نێوی عەشیرەتەکە دەناسرا، ئەو ناوە بەو مانایە نەبوو کە گشت دانیشتوانی ناوچەکە لە ڕەچەڵەکی چینی ئاغاو عەشیرەتن (عەشیرەت چینی بنەماڵەکانی زەمیندار بوون). ئاغا، بە خاوەن دێ دەگوترا، خەڵکی دێ بەهەر شێوەیەك لەسەر زەوی بان بە دەگمەن لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئاغا بوون، هەر بۆیەش زۆرینەی خەڵکی دێ جیا لە بنەماڵەو چینی ئاغا بوون. ئاغاو عەشیرەت لە ناوچەی تایبەت بە خۆیان تەواو خاوەن دەسەڵات بوون. بەڵام نەیاندەتوانی لە بەرامبەر دەستدرێژی عەشیرەتی بەهێزتر یان دەسەڵاتی پادشایەتی خۆڕاگرن.

ئەو بازنە تەنگەی دەسەڵاتی عەشیرەتی، هەلی سیاسیی– ئابووری بۆ پێکهاتنی میرنشینەکوردییەکان پێکەوەنا کە بە ئیمارەت ناو بردراون(١٦). میرنشینەکان دەسەڵاتێکی زۆر پتریان لە دەسەڵاتی عەشیرەتی هەبوو، وەك باسکرا دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان وێنەیەکی بچووکی دەوڵەتە زلەکان بوون.

عەشیرەت هەموو کۆچەر نەبوون، کۆچەری چەشنێك لە شێوازی ژینەو لەسەر بەرهەمی ئاژەڵگێڕی و ئاژەڵداری داندراوە، بەڵام ئاژەڵداری لە لەوەرگاکانی کوردستان کارێکی بەرهەمهێنەر بوو، ئەو کارەش تایبەت بە ئەو کۆمەڵگەیە نەبوو کە کۆچەرییان وەك چەشنێك لە ژین ڕەچاو کردبوو، بەڵکو ئاژەڵداری و ئاژەڵگێڕی (لە لەوەڕگاکان) وەك ڕەوتێکی بەرهەم هێنەر(تولید)، بەشێك لە پێکهاتەی ئابووری بە شێوازی بەر لە سەرمایەداری بوو.

خەڵکی کوردستان بە تایبەت دانیشتوانی گوندەکان و ئاشیرەتەکان وێڕای کاری کشتوکاڵ، ئاژەڵداریشیان هەبووە ئەوان کۆچەر نەبوون، بەڵام بەشێك لە بنەماڵە (یان کرێکار، نیوەکار و...)، ڕەوتی هەوارچوونیان بەڕێوە دەبرد، ئەو چەمکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کوردستان، لەلایەن دەرەکێکانەوە وا لەنەزەر گیراوە کە کورد هەمووی کۆچەر بوون. لە زمانی فارسیدا کاتێك دەڵێن "عشایر"

مەبەستیان لە ڕەوتی ژینی کۆچەرییە، خەڵکی ئاسایی-ش کاتێك دەبیسن گەلی کورد لە عەشایر پێکهاتووە، لایانوایە کورد هەموو کۆچەر بوون (دیارە کۆچەریش ناتوانێ خاوەن وڵات و دەوڵەت بێ!).

بەڵام ڕەوتی بەرهەمهێنانی ئاژەڵداری لە پەنا کشتوکاڵ و کاری دەستکرددا، لە زۆرتری ناوچەکانی کوردستان باوبووە. دیارە لە کوردستان کۆمەڵگەی واش هەبوون کە کۆچەریان وەك چەشنێك لە ژین ڕەچاو دەکرد، بەڵام چەمکی ژینی کۆچەری لە کوردستان ناتوانێ ڕەوتێکی گشتی یان زۆرینەی خەڵك بووبێ.

ڕەوتی پێکهاتنی ئیمارەت وەك باسکرا عەشیرەتەکان خاوەن زەوی و ناوچەی تایبەت بە خۆیان بوون، ئەوان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات بەسەر ناوچەی خۆیان دا پێویستیان بە دەسەڵاتێکی بەرزتر لە دەسەڵاتی ئاشیرەتی بووە تا بەرژەوەندی ئاشیرەتەکان لە بەرچاو بگرێ و پیوەندێکان و پێویستێکانی ئابوری- سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەی پێوەندێکی خۆڕستیان بەیەکەوە هەبوو دابین بکات.

ئەو پێویستیانە بنەمای پێکهاتە و پێوەندی شارەکانی ناوچە و گوندنشینەکان و ئاشیرەتەکانیان پتر قایم کردووە. ڕاگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی، بەرژەوەندی و ئاسایشی ناوچەیەك (کە بریتی بووە لە چەند شارو شارۆچکەو کۆمەڵێك عەشیرەت و سەدان گوندو لەوەرگە، ڕێگایان بۆ دامەزراندن و ڕاگرتنی ئیمارەتەکان خۆشکردووە. هەر بۆیەش میرنشینەکانی کورد سەدان ساڵ بەردەوام بوون. دیارە لەو ماوە درێژەدا شێوازی ئابووری کۆمەڵگەو پێکهێنانی بژیوی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەردا نەهاتبوو. ئەو چەمکە بەدوای دامەزرانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان پێکهات تا ئەو دواییانە هەر وەك خۆی مابۆوە. بەڵام لە سەرەتای هاتنی ئیسلامدا کە سیستمی سیاسیی- ئابووری پێشوو لە ئارادا نەمابوو، ئەو کەسایەتیانەی بۆیان دەلوا دەستیان بە داگیرکردنی ناوچەیەك دەکرد، بۆ وێنە لەسەرەتای سەدەی (٣م.ك.) سەدەقە ناوێك لە کوردەکانی مووسل، کە بە "زریق" ناوی دەرکردبوو، هێرشی بردە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ و شاری ورمێی گرت و کردی بە پێتەختی دەسەڵات و دەوڵەتی خۆی. خەلیفەی عەباسی کە دەسەڵاتێکی نمادینی هەبوو، لەساڵی (٢٠٩) زریقی کردی بە والی ئازربایجان(١٦).

به‌لاَم كاتێك سیستمی نوێی ئابووری – سیاسی دوای زاڵبوونی ئیسلام جێكه‌وت، ڕێگا بۆ دامه‌زراندنی ئه‌ماره‌ته (میرنشینه‌كان)ی كورد خۆشكرا. میرنشینه كوردییه‌كان له‌سه‌ر پێویستی سیاسی و ئابووری كوردستان دامه‌زران. له‌هه‌ر ئه‌میرنشینه‌یدا نیشته‌جێكان (خه‌ڵكی گوندو شاره‌كان ـ ناكۆچه‌ره‌كان) زۆر پتر له‌ كۆچه‌ران بوون. به‌لاَم كاتێك كشتوكاڵ له‌ناو ده‌چوو، گوندو شاره‌كان خاپوور ده‌كران (وه‌ك هێرشی مه‌غۆل و شه‌ڕه‌كانی سه‌فه‌وی و عوسمانی)، خه‌ڵك پتر ڕوویان له‌ ئاژه‌ڵداری وكۆچه‌ری ده‌كرده‌وه‌. به‌واتایه‌كی دی چه‌شنی ژین له‌ كوردستان له‌ هه‌ر هێرشێكی داگیركه‌رانه‌دا ده‌گه‌ڕاوه‌ بۆ دواوه‌، به‌لاَم وه‌ك پێشه‌وای نه‌مر ده‌یگوت: كورد وه‌ك فریزوی وایه‌، سه‌دان ساڵه‌ داگیركه‌ران خه‌ریكن كورد له‌ ڕه‌گو ڕیشه‌ ده‌ردێنن، تۆڕی هه‌ڵده‌دن (ده‌ڵێن ئۆخه‌ی كوردمان له‌ناوبرد)، به‌لاَم دوای ماوه‌یه‌ك پنچكه‌ فریزوی فڕێدراو سه‌ر له‌ نوێ شین ده‌بێته‌وه‌!

كاتێك ده‌سه‌لاَتی ئیماره‌ت له‌ كزێی ده‌دا، ده‌سه‌لاَتی ئاشیره‌ت به‌رز ده‌بۆوه‌. به‌لاَم دوای ماوه‌یه‌ك ئاشیره‌ته‌كان بۆ به‌رگری له‌ پێكهه‌ڵپرژان و ده‌ستدرێژی بۆ سه‌ر ناوچه‌كانیان وه‌خۆ ده‌كه‌وتن تا ده‌سه‌لاَتی میر (وه‌ك چاوه‌دێری ئاشتی و ئاسایشی گشتی له‌ ناوچه‌) دابمه‌زرێننه‌وه‌، ئه‌و ڕه‌وته‌ تا سه‌رده‌می بلاَوبوونه‌وه‌ی تفه‌نگ له‌ نێو عه‌شیره‌ته‌كان باو بوو. به‌لاَم دواتر هێزی ئاشیره‌ت وه‌ك هێزی ده‌ره‌به‌گ وه‌گه‌ڕ كه‌وت، ئه‌و ڕه‌وته‌ش تا دوای دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی نوێی ناوه‌ندی له‌ ئێران و عوسمانی به‌رده‌وام بوو.

له‌ كورده‌واریدا هه‌ڵبژاردنی میرو كرده‌وه‌ی میر ئاسۆیه‌كی میتۆلۆژیكی هه‌یه‌. میر میرێن، وێنه‌یه‌ك له‌و چه‌مكه‌یه‌. له‌ كورده‌واریدا میرایه‌تی وه‌ك میرات به‌ كوڕی گه‌وره‌ی میر یان بنه‌ماڵه‌ی وی ده‌بڕا یان هه‌ڵده‌بژێردرا. له‌ میر میرێنیشدا میر هه‌ڵده‌بژێردرێ میرده‌ستی ده‌ڕوا، له‌ كاتی دانیشتن له‌ قۆناغی دیاریكراو، نابێ پێبكه‌نێ و گاڵته‌ بكات. (ئه‌و ڕه‌وته‌ نیشان ده‌دات كه‌ میرایه‌تی كارێكی سیاسی و جیدی یه‌، نابێ وه‌ك گاڵته‌ چاوی لێ بكرێ). ده‌ڵێن دیاكۆی پادشای مێدیا له‌ كاتی كۆبوونه‌وی ڕه‌سمیدا ڕوخسه‌تی به‌ كه‌س نه‌ده‌دا پێبكه‌نی و گاڵته‌ بكات.

تێکچوونی میرنشینەکان، دەسەڵاتە زلەکانی ئێران و عوسمانی، بە ڕادەیەك بەرچاو تەنگ و پاوانخواز بوون، کە چاویان بڕوای دیتنی میرنشینە کوردییەکانیان نەبوو بەرەبەرە و دوای پێکهێنانی سیستەمی دەسەڵاتی بەهێزی ناوەندی کەوتن. بەرلەویش سیستەمێکی ڕێك و دیاریکراو (مدون) لە نێوان میرنشینەکان و دەسەڵاتی ناوەندی لە ئارادا نەبوو، پێوەندێکان بە پێی دەسەڵاتی پادشاو میر چاوی لێدەکرا. میرە کوردەکان وەك میری وڵاتانی دی لەلایەن پادشا (دەوڵەتی ناوەندی) دیارینەدەکران، بۆیە پادشا زۆر بە ئاسانی دەیتوانی دەسەڵاتە ناوچەییەکان لابەرێ، بەڵام لە مەڕ دەسەڵاتی ناوچەیی کوردان ئەو تواناییەیان نەبوو، هەر بۆیەش لە دەرفەت دەگەڕان تا ئەو ڕەوتە تێکبدەن و کورد لە دەسەڵات بخەن، بەداخەوە ئاشیرەتەکان– کە وەك هێزێکی بەرچاوی ئەماڕەت بوون– لەسەردەمێك کە هەڵگری گۆڕانکاری چەمکی دەسەڵاتی سیاسی بوو، پشتی میرنشینە کوردییەکانیان بەردا. ئەوان بیری سیاسیی نەتەوەگەریان نەبوو، تەنیا لە فیکری ڕاگرتنی دەسەڵاتی ناوچەی بندەستی خۆیاندابوون، لە دوای ئەوەی دەستیان بە تفەنگ ڕاگەیشت، هەستی دەرەبەگایەتی لە ویستی ڕاگرتنی دەسەڵاتی میرایەتی زۆر بە هێزتر بوو. ئەوجار بۆ لە ناوبردنی دەسەڵاتی میرایەتی پاڵیان وە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران و عوسمانیدا.

بەڵام دوای ڕمانی میرنشینەکانی کورد دیسان دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی نەیاندەتوانی بە بێ هاوکاری و یارمەتی عەشیرەت و ئاغاکان بەسەر کوردستاندا زاڵبن. هەر بۆیەش سەرۆك ئێلەکان و ئاغاکان حاکمی تۆکمەی ناوچەی بندەستی خۆیان بوون، ئەو ماوەیە دەورانی پشکووتنی دەرەبەگی لە کوردستانە.

دوای لە ناوچوونی ئیمارەتە کوردییەکان دوو دەوڵەتی زاڵ (بەسەر کوردستان) دەسەڵاتیان لە کوردستان بە یارمەتی ئاغاو ئاشیرەت پێکدەهات، دەسەڵاتە زلەکان ئەوجار دیتیان لە جێگای هەر ئیمارەتێك دەیان دەرەبەگ قوت بۆتەوە، بەڵام دەسەڵاتە زلەکان لە سیاسەتدا زۆر بە توانا بوون، ئەوان بۆ ناسینی سایکۆلۆژی ئاشیرەت و ئاغاکانی کورد دەست بەکار بوون، (١٨).

دەوڵەتە زاڵەکان لە ڕقە بەری و ناکۆکی نێوان دەرەبەگەکان کەڵکیان وەردەگرت، کاتێك لە جێگای هەر میرێك، دەیان دەرەبەگ قوت ببۆوە، سیاسەتی ئیستیعماری (تفرقە بیندازو حکومت کن: پەرتکە زاڵ دەبی) پتر لە جاران وەگەڕ کەوت. ئەو ڕەوتە تا دامەزران و بەهێز بوونی دەوڵەتی نوێ لە جێگای دەسەلاتی سوننەتی دوو زلهێزی پیرو بێهێزی ئێران و عوسمانی بەردەوام بوو، هەڵبەت وردە وردە، دەوڵەتی ناوەندی بەهێز دەبوو ئاغاو ئاشیرەت بێ هێز دەبوون لەو ماوەیەشدا کاربەدەستانی دەوڵەت بە تێکبەردانی سەرۆك ئێلەکان، ئێلی سەر بزێویان ڕام دەکرد، ئەو سەرۆك ئێلانەی گوێ لەمستی دەوڵەت بان خەلات و میداڵ و ئافەرینیان وەردەگرت، ئەوانەی دەمڕاستیان کردبا بە دەستی ئێلە گوێ لەمستەکان تەمبێ دەکران، هەڵبەت لە سەردەمی میرنشینەکانیشدا کاتێك دەسەلاتی میرەکان لە کزی دەدا دەسەلاتی سەرۆك ئێلەکان بە هێز دەبوو. ئەوەش حاشای لێناکرێ عەشیرەتی کورد وەك چینی زەمیندار، بە بێ دەسەلاتی سیاسیی (دەوڵەت) خۆڕاناگرێ، وادیارە بە هاتنی ئیسلام و لاچوونی دەسەلاتی ساسانی، دەوڵەتێك کە بتوانێ موناسەباتی چینایەتی و کۆمەلایەتی لە هەر کەلێن و قوژبنێکی کوردستان ڕابگرێ لە ئارادا نەبووە. ئەو چەمکە هەلێکی کۆمەلایەتی– سیاسیی بۆ دروستبوونی دەسەلاتی ناوچەیی لە نێو کوردان پێکهینا، دیارە تەواوی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان "ئاشیرەت" نەبوون، یانی هەموویان چینی زەمیندار نەبوون، جەماوەری یەك قەبیلەش نەبوون. خەڵکی گوندەکانیش بەڕەچەڵەك زۆر کەم پێوەندی عەشیرەتیان هەبوو. زۆرتری دانیشتوانی گوندەکان پاکار بوون. کاری کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، دەستکرد (سنعەت) و خزمەتکاریان دەکرد.

دیارە خەڵکی ئاسایی زۆر پتر لە جەماوەری ئاشیرەت (وەك چینی خاوەن زەوی) بوون. بەلام نووسەرانی سەر وەدەوڵەتە زاڵەکان بە سەر کوردستان و زۆرتری خەڵکی دیش لایان وایە کورد هەموویان ئاشیرەت بوون و ئاشیرەتیش کۆچەر بوون. بڵاوکردنەوەی ئەو ڕوانگەیە لەلایەن دەوڵەتە زاڵەکان بۆ ئەو مەبەستەیە: گەلی کۆچەر، نە وڵاتی گەرەکە نە دەوڵەت! !

جیاوازی بەرچاوی کۆمەڵگای کورد لەگەڵ گەلانی هاوسێ لە چەمکی چینی زەمیندار (ئاشیرەت) لە کوردستاندابوو. زۆرینەی عەشیرەتی کورد بە نێوی ئاغاوەت، چینێکی هاو ڕەچەڵەك و خاوەن زەوی و لەوەڕگەو دێهات بوون، چینی خاوەن زەوی وێڕای دەست و پێوەندو گوند نشینەکان لە بەرامبەر پەلاماری دەرەکی و ناوەکی، دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیی خۆیان دەپاراست. بۆ ڕاوەستانی ئەو چەمکەش ئیمارەت پێکهاتەیەکی پێویست بوو.

بە کورتی ساختاری عەشیرەت لە کوردستان لە ماوەی پتر لە (١٠٠٠) ساڵی ڕابردوودا چەمکی سیاسیی و کولتوری و کۆمەڵایەتی کوردانی نیشان دەداو تا دەورانی هاوچەرخ ئەو چەمکە بەردەوام بووە، بەڵام بەو حاڵەش دەسەڵاتی عەشیرەتی وەك دەرەبەگ مەودایەکی کورت و بەرتەسکی هەبووە، دەسەڵات و ڕوانگەی بیری سیاسیی عەشیرەت لە بازنەی سنوری زەوی و زاری بندەستی تێنەدەپەڕی. ئەو فۆرماسیۆنە ئابووری– سیاسییە (ئەمارەت) لە کوردستان، لەسەر دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوچەیی (ئیماڕەت) ساغ ببۆوە. بەڵام گشت دانیشتوانی ئیمارەت لە چینی زەویدار(عەشیرەت) نەبوون. بەڵکو هەر میرنشینێك، لە کۆمەڵێك عەشیرەتی یەکگرتوو (وەك چەشنێك کۆنفدراسیون)(١٩) و جەماوەرێکی زۆری نائاشیرەتی (دانیشتوی ناوچەی بندەستی ئێل) پێکدەهات. بەڵام پێکهاتەی ئەو میرنشینانە هەڵگری بیری سازدانی دەسەڵاتێك بۆ گشت کوردستان نەبووە. ئەمیرێك کە بۆ سەرۆکایەتی ئیمارەت هەڵدەبژێردرا لە بنەماڵەیەکی تایبەت بوو کە زورجار بە عەشیرەت دانەدەندرا (بۆ نموونە ئەردەڵانێکان بە عەشیرەت نەدەناسران).

ئەگەر ئیمارەتێك لە بەرامبەر دەوڵەتە پادشاییەکانی دەوروبەر توانایی ڕاگرتنی سەربەخۆیی خۆی نەبا لە نێو خۆدا سەربەخۆ دەماوە، بەڵام خۆی بە دەسەڵاتی پادشایەتی (وەك دەسەڵاتی ناوەندی) هەڵدەپەسارد، ئەو چەمکە لەلایەن ئێران و عوسمانی دژ بە ئیمارەتە سەربەخۆکان کەڵکیان لێ وەردەگیرا، لێرەدایە کە دەبینین دەسەڵاتە کوردییەکان، تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەییدا

بیریان کردۆتەوە، بیری گشت کوردو کوردستانیان نەبووە، لە فیکری دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ وڵاتێك بە نێوی کوردستان نەبوون.

عەشیرەتەکان ئەوەندەی لە توانایان دابا بەرگریان لە دەست درێژی پادشا بۆ ناوچەی بندەست خۆیان دەکرد. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە لە نێو کوردان عەشیرەتەکان خاوەن زەوی بوون، خۆیان لە ڕەوتی داسەپاوی سیستمی پادشایەتی دەوڵەتی سەرزەمینی دەپاراست. هەر بۆیەش خوازیاری دامەزرانی میرنشین بوون. میرنشین لە کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆ بوو، ڕەوتی ئیقتاعی سیستمی پادشایەتی ڕەچاو نەدەکرت. ئەگەر دەوڵەتە زلەکان زۆر بەدەسەڵات بان ئەمیری ناوچەیان لادەبرد، بەڵام دیسانیش میری ناوچە لەنێو دەستڕۆیشتوانی ئیمارەت و بنەماڵەی میری لێکەوتوو هەڵدەبژێردرایەوە. (بڕوانە سەفەرنامەی ئەولیای چەلەبی لە مەڕ ئەمارەتی بەتلیس). لە دەرەوەی کوردستان داب ئەوە بوو کە وڵات بە موڵکی پادشا دەناسرا، لەلایەن پادشاوە بۆ هەر ناوچەیەك ئەمیرێك دەناردرا، کەسانێك کە ئەو قۆناغەیان پێدەدرا لە خزمەت پادشاو دەوڵەتدابوون، لەشکریان بۆ شا پێکەوە دەنا. شا دەیتوانی ناوچەکە وەربگرێتەوەو بیدا بە کەسانی تر.

بەڵام چەمکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عەشیرەتی کورد(وەك چینی خاوەن زەوی لە ناوچەیەکی دیاریکراو) دژ بە ڕەوتی دەوڵەتی سەرزەمینی بوو، بنەماڵەکانی ئێل و ئاشیرەت بۆخۆیان خاوەن زەوی و دێهات بوون، ئەوان دانراوی دەوڵەت و پادشا نەبوون. پادشاو دەوڵەت نەیاندەتوانی بەهاسانی ناوچەی بندەستی بنەماڵەی ئاشیرەتی کورد داگیر بکەن. زۆرجار عەشیرەت بە تۆبزی لە ناوچەکانی خۆیان دوور دەخرانەوە، زۆربەی ئەو کاروانە عەشیرەتانە لەو ڕێیەدا دەمردن، بەڵام بەشێك لە ئەوانەی دوورخراونەوە ئێستاش هەر ماون، نموونەیەك لە ئەوانە، کوردانی نیشتەجێ لە خۆراسانن. تایبەتمەندی ئیمارەتی کورد ئەوە بوو کە هەموو ئاشیرەتەکانی سەر بە ئیمارەتێك مەسڵەحەتیان لە ڕاگرتنی دەسەڵاتی ئیمارەتەکەدابوو. ئەگەر چی ساختاری عەشیرەتی کورد لە چەشنی تۆڕێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و کولتوری گشت کوردستانی

دەگرتەوە، بەڵام بیری هەر عەشیرەتەی لە مەودای تەسكی ناوچەی بندەستی تێنەدەپەڕی، بۆ عەشیرەتی كورد، كوردستان وەك قەوارەیەكی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆ مانایەكی نەبوو. عەشیرەتەكان تەنیا سەرەڕۆیی و بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو بوو. ناسیاوێكیان لە مەسڵەحەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی كورد وەك قەوارەیەكی یەكپارچە نەبوو، هەر نێوی خۆیان لەسەر زار بوو.

نووسەرو گەڕۆڵە دەرەكێكانیش ناسیاوێكی دروستیان لە ئەو تۆرە عەشیرەتییە (كە گشت كوردستانی دادەپۆشی) نەبوو. ئەوان گشت جەماوەری كوردیان بە رەچەلەكی ئێل و عەشیرەت دادەنا، لە حاڵێكدا ئاغاو عەشیرەت چینێكی خاوەن زەوی بوون، هەر بۆیەش لە مەودای كۆمەڵناسی بەشیكی زۆر كەم لە كۆمەڵگەی كورد ئاشیرەت بوون. بەڵام خەڵك و جەماوەری پاكار لە ناوچە ئاشیرەتێكاندا هەر بە نێوی ئەو ئاشیرەتە دەناسران، كە خاوەنی وڵاتەكە بوو. لەبەرچاوگرتنی تەواوەتی یان زۆرینەی گەلی كورد لە ساختاری ئاشیرەتیدا هەڵەیەكی گەورەیە، كە لەلایەن بەشێك لە نووسەران دەبیندرێ، زۆرتری ئەو ڕوانگانەش سەبارەت بە گەلی كورد لە دژی بەرژەوەندی كورد بەكار بردراون.

ئاشیرەتەكان هەتا سەر لایەنگری دەسەڵاتی ناوچەیی (ئیمارەت) نەبوون. كاتێك دەستیان بە تفەنگ ڕاگەیشت سەربزێویان دەستپێكرد بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیمارەت هاوكاری دەوڵەتی ناوەندیان دەكرد، دیارە كاتێك دەسەڵاتی ئەمارەت نەیدەتوانی بەرگری لە سەربزێوی دەستدرێژی و راووڕووتی ئاشیرەتەكان بكات مەشروعییەتی بوونی خۆی لەدەستدەدا.

دەوڵەتانی ناوەندی بەلایەنگری ئاشیرەتەكان توانیان ئیمارەتەكان بنەبڕ بكەن، ئەوكات بە هاودەستی ئاشیرەتەكان لە كوردستان حكومەتیان دەست پێكرد، بۆ ئەو بەرنامەیەش پێویستیان بە قشوون نەبوو. بە لایەنگری و پێهەڵكوتن بەلایەنێك و تووڕەیی لە بەرەیەكی دی، ڕقەبركێ بۆ خۆ لە دەوڵەت نزیككردنەوە لە ئاغاو ئاشیرەتەكان پەرەی گرتبوو. دەوڵەتیش لەو چەمكە بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی لە كوردستان كەڵكی وەردەگرت و پێویستی بە

قشوونی دەوڵەتی بۆ دابینکردنی کوردستان نەبوو، بۆ نموونە کاتێك شازادەی قاجار حاکمی ناردراو بۆ ئەمارەتی موکری لە ساڵی ١٨٨٠ز بە هروژمی خەڵك بە ڕێبەری شێخ عوبەیدیللا ناچار کرا شاری مەهاباد (سابڵاغ) بەجێ بهێڵێ، پێشتر شازادە لە دەوڵەتی ویستبوو کە هێزی هیمدادی بۆ بنێرن، نادر میرزای نایب سەلتەنەی قاجار(٢٠)، دەنووسێ ئەو حاکمە ناشارەزایە نازانێ کوردستان تەنیا وڵاتێکە بۆ دابینکردنی پێویستی بە قشوونی دەوڵەت نییە، حاکمی وریاو لێهاتوو ئەو کەسەیە بتوانێ لە رقەبەرایەتی ئاشیروت و ئاغاکانی کورد بۆ حکومەت کەڵك وەربگرێ! (هەمان سەرچاوە)

وەك ئاماژەی پێکرا کاتێك ئاشیرەتەکان ڕاوو ڕووتیان دەکرت دەسەڵاتی ئیمارەت مەشروعییەتی خۆی لە دەست دەدا، لە سەدەی ١٨ و ١٩ ئیمارەتی موکری بە ئەو گرفتە دوچار ببوو، تاکوو لە (١٢٥٦ ك.م. ١٨٤٠ز) زۆرتری ئاشیرەتەکانی سەربە ئیمارەتی موکری شاری سابڵاغیان گەمارۆداو دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی ئیمارەتی موکری لە ناوبردرا. دواتر تا هاتنە سەرکاری ڕەزاشا، ئاشیرەتەکان دەرەبەگایەتیان دەکرد، چون دەوڵەت توانای بەرگری لە دەستدرێژی ئاغاوەت نەبوو، لەسەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی رەزاشا خەڵك لەدەست دەرەبەگان ڕزگاربوون، بەڵام دواتر کە دیتیان ئەو دەوڵەت– نەتەوەیە، هەویەتی کورد لە ناودەباو کورد لە دەسەڵات بەلاوە دەنێ، ئەوجار زۆرینەی خەڵك کەوتنە ئەو بیرە کە کوردیش دەبی دەوڵەت– نەتەوەی خۆی هەبێ.

ئاشیرەتەکان و بیری کوردایەتی:

کوردایەتی بە ڕواڵەت ئاماژە بە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕاگرتن و ڕێزگرتن لە بەرژەوەندی و پێناسەی گەلی کورد دەکات، دیارە ترۆپکی ئەو چەمکەش بەخاوەن دەسەڵاتبوونی گەلی کوردی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام زاراوەی کوردایەتی زۆرجار وەك دروشمێك بۆ خۆ نواندن و داپۆشینی گشت کردەوەی دوور لە بەرژەوەندی گەلی کورد بەکار دەبردرێ، وادیارە ئەو ڕەوتە لە نێو هەلپەرستان جێکەوتووە، هەرکارێك دەکەی بیکە، بەڵام خۆت بە کوردایەتییەوە هەڵواسە، بەو چەشنە خۆت دەپەرێنییەوە!

کاتێك دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ لە کزیی دەدا، بیری کورد بوون (بە زاراوەی ئەوڕۆ کوردایەتی) سەرۆك ئاشیرەتەکان دەگەشاوە، ئەوجار دەرەبەگەکان بە نێوی ڕاگرتنی دەسەڵاتی کورد لە دەوڵەتی ناوەندی ڕادەسان و جەماوەر وەدوویان دەکەوتن، بیری کوردایەتی تا دامەزران و بەهێز بوونی دەوڵەت– نەتەوە لە تورکیاو ئێران– بە ڕێبەری دەرەبەگەکان وەگەڕدەکەوت . کەسایەتی ئایینی و کوردایەتی، بە لە ناوچوونی دەوڵەتە ناوچەییەکانی کورد، دانیشتوانی کوردستان زۆر بێپەنا مابوونەوە، دەرەبەگەکان تەنیا چاودێری ناوچەی بندەستی خۆیان دەکرد. لەو سەردەمەدابوو کە شێخەکان وەك نوێنەرانی ئایینی بە چەشنێك بۆشایی نەبوونی دەسەڵاتی میرەکانیان پڕکردەوە. شێخەکان ببوونە جێی هیواو ئومێدی زۆرینەی گەلی کورد، دەستڕۆیوی شێخەکان هۆی پاراستنی خەڵکی بێ دەوڵەت بوو، دوای لاچوونی میرە کوردەکان، یەکەمین ڕاسانی کوردان (لە دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا) بە ڕێبەری شێخ عوبەیدیڵڵای شەمزینان بوو (١٨٨٠ز.) دواتر وردە وردە ئێل و ئاشیرەت بە تەواوی لە باوکەوتن، بە دوای واندا ئەوجار کوردایەتی بوو بە دروشمی ڕووناکبیران، ڕێکخراوە سازدران، کوردایەتی ڕەوتێکی نوێی بە خۆی گرت تا ئەو دواییانە کەسایەتی ئایینی لە بزووتنەوەی کورداندا بەشدارێکی بەرچاویان هەبوو. بەڵام لە ڕابردوودا جووڵانەوەکان وەك ئەوڕۆ بە بەرەی ئایینی و غەیری ئایینی دابەش نەکرابوون.

ئەوەی کە دەڵێی: کورد" هەوڵی زۆریدا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامدا دەوڵەتی میدیا بە شێوازێکی دی زیندوو بکاتەوە"، وەك لە سەرەتای ئەو پرسیارە ئاماژەم پێکرد، ئەگەر مەبەستێکی وا لە ئارادا بووبێ، ئەمن زانیارێکم لە ئەم هەوڵانە نییە، بڕوا ناکەم کورد لە ئەو سەردەمەدا لە مێژووی مێدیا ئاگادار بووبێ و هەوڵی زیندووکردنەوەی چەشنێك دەسەڵاتی ئەوتۆی دابێ، ئەگەر ئاگاداری لە مێژووی میدیا لە ئارادابا، دەیانزانی هۆی پێکهاتنی دەوڵەتی میدیا، یەکگرتوویی بووە، لەحاڵێکدا ئێمەی کورد کە شانازی بە میدیا دەکەین ئێستاش لە کردەوە و بیردا، بنەمایەك بۆ یەکگرتوویی نابیندرێ، ئەوەش هۆی بێ

دەسەڵات مانەوەی نەتەوەی ئێمەیە كە گەورەترین گەلی بێ وڵات و دەسەڵاتی جیهانین.

وڵاتی میدیا، لەلایەن ئاشورێكانەوە، تاڵان دەكرا، دانیشتوان بە تۆبزی ڕادەگوێزران و بە دیل دەگیران، لە ئاخریداسەرۆكانی میدیا بەو ئاستە گەیشتن كە دەبێ یەكبگرن، ئەو كارەیان كردوو سەركەوتن، بەڵام لە سەردەمی سازدانی ئیمارەتەكاندا تا لەناو چوونیان (كە پتر لە یەك هەزارساڵی خایاند) هەوڵێك بۆ یەكگرتوویی لە ئارادا نەبووە.

له خوێندنەوەی مێژووی میرنشینە كوردییەكان نەبوونی بیری یەكگرتوویی و پێكهێنانی قەوارەیەكی سیاسیی بۆ كوردستان زۆر بەرچاوە، لە ڕەوتێكی ئەوتۆدا كوا دەكرێ بڕوا بكەین لە سەدەكانی پێشوودا بیری یەكگرتوویی و پێكهێنانی دەسەڵاتێك بۆ گشت گەلی كورد لە ئارادا بووبێ؟

+ مێژووی دوورو درێژی كورد وابووە سەركردەو دەسەڵاتدارەكانی میرنشین و شۆڕش و ڕاپەڕینەكان كەسانی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانە نەیانتوانیوە لە ژێر كاریگەری ئایینیشدا بێت بیر لە پرۆژەیەكی لەو شێوەیە بكەنەوە و میللەتەكەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك ڕزگار بكەن؟

ئەبریشەمی: دەسەڵاتدارانی میرنشینەكانی كورد، موسوڵمان بوون. زۆریشیان لە ڕێزەی كەسایەتی ئایینی بوون. دوای لە ناوچوونی میرنشینەكان زۆرتری سەركردەی شۆڕش و ڕاپەڕینە گشتێكان كەسایەتی ئایینی بوون (وەك ڕاست بوونەوەی شێخ عوبەیدیڵلا، شێخ مەحموود، شێخ سەعید و...تاد)، ئەوانە گشتیان بیریان لە پرۆژەیەكی ئەوتۆ كردۆتەوە "كە میللەتەكەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك ڕزگار بكەن". بەڵام كوا ئایین دەتوانێ هەموو گرفتەكانی كۆمەڵگە چارەسەر بكات؟ ئەگەر وابا تا ئێستا وێنەیەك دەدیترا.

لەوەڵامەكانی پێشوو ئاماژە كرا كە كورد زۆر درەنگ بەم قۆناغە گەیشت كە پێویستە گەلەكەی خاوەنی قەوارەی سیاسیی دیاریكراو بێت، كاتێكیش بەوئاستە گەیشت، دەسەڵاتەكانی زاڵ بەسەر كوردان دا زۆر بەهێز بوون و بەرگریان لە سەركەوتنی پرۆژەیەكی ئەوتۆ دەكرد و ئێستاش دەیكەن. ئەو سنوورانە بە تۆبزی

لە نێو خاکی کوردان کێشراون و نیشتمانی گەلی کوردیان لەت و کوت کردووە. ئەو سنوورانە بە پیرۆزو ئاسمانی دادەنێن تا کورد باس لە گۆڕینیان نەکات.

لە بەرامبەر کورداندا تورکان لە هەزار سال لە مەوبەرەوە کە ڕوویان لە ئێران، کوردستان و ئاسیای بچووك کرد لە بیری دامەزراندنی دەسەلات و قەوارەی تایبەت بە خۆیان بوون و ئەو کارەشیان لە سەرەتاوە بە ئەنجام گەیاندووە، دەسەلاتدارانی تورك بە دوای دامەزراندنی دەسەلاتی بەرفراوان و گەورە بوون، بەلام دەسەلاتدارانی کورد بە دەولەتی ناوچەیی ڕازیبوون، هەرچەند دەیانزانی ناتوانن لە بەرامبەر دەسەلاتە زلەکاندا لە دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان بەرگری بکەن (بڕوانە ئەو مەسەلەی کوردی: ئەگەر زۆرهات، قەبالە بەتالە) بەلام بۆ دۆزینەوەی شێوازێك بۆ یەکگرتوویی و بەهێزکردنی توانایی پاراستنی میرنشینەکان سەرکەوتوونە بوون. وردە وردە کوردان دەسەلاتە ناوچەییەکانیشیان لەدەستدا، دوای لەدەستدانی دەسەلاتە میرنشینەکان ڕاپەڕینەکان بە ڕێنوێنی کەسایەتی ئایینداردەستی پێکرد، ئەو ڕەوتە هاوبەشێکی بەربلاوی جەماوەری بەجوولانەوەکاندا، تۆوی کوردایەتی داچاند. بەلام وەپاشکەوتوویی بیری جەماوەرو شێوازی وەدواکەوتووانەی جوولانەوەکان لە بەرامبەر هێزی تەیارو ڕێنوێنی سەرۆکە پڕ لە فڕوفێڵی دوو زلهێزە بە نێو موسولمانەکان تێکدەشکان. لەو جوولانەوانەدا بیری ئایینی بۆ تیندانی هەستی ڕاپەڕین و ڕزگاری وێڕای هەست و بیری نەتەوایەتی لە گەڕدابوون. جوولانەوەکان لێکدابڕاو نەبوون.

(٢٠٠) سال بەرلەوەی هێرشی بەربلاوی تورکان بۆ ئێران و کوردستان و ئاسیای بچووك دەست پێبکات کوردان خاوەن دەسەلات و دەولەتی ناوچەیی بوون، وەك ئاماژەی پێکرا، لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچی "سەدەقە"نێوێك (لە کوردانی موسل کە بە "زریق" ناوبانگی دەرکردبوو)، بەرەو ڕۆژهەلات هات و شاری ورمێی گرت و کردی بە پێتەختی خۆی و بالی بەسەر ئەم ناوچەیە کێشا (کە ئەوڕۆ ناوی ئازربایجانی ڕۆژئاوایان بەسەردابڕیوە)، سەدەقە بۆخۆی و براکەی لە ورمێ قەسرو بارەگایان سازکرد. لە سالی (٢٠٩ ك.م). مەئموون خەلیفەی عەباسی فەرمانی والی ئازربایجان و ئەرمەنستانی بۆ دەرکرد.

لە کوردستانی باکووریش کوردان لە ساڵی (٣٥٦ ك. م). دیاربەکریان کردە پێتەختی خۆیان. ئەحمەد کوڕی مەروان کە لە ساڵی (٤٠١) پادشای وێ بوو، لەلایەن خەلیفەی عەباسی لەقەبی"ملك عادل ناصرالدولة"ی پێدرا. ئەو سەردەم کە تورکانی سەلجوقی خەریکی پەرەپێدانی دەسەلاتی خۆیان بوون و توانیان گەورەترین ئیمپراتوری درێژخایەن لە جیهان دروستبکەن، مەلك عادل لە دەربارەکەیدا ٣٦٦ ژنی کۆکردبۆوە(٢١) وەك دەبینی سەردارەکانی کورد لە فیکری پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ کورد نەبوون. ئاییندارەکانی کوردیش کاتێك دەیانتوانی قەوارەیەك لە دەسەلات دابمەزرێنن کە سەرکردەکان بیرێکی ئەوتۆیان هەبا، موعاویە بیرێکی ئەوتۆی بۆ دەسەلاتی بنەماڵە عەرەبەکان هەبووە، بنەماڵەکانی عەشیرەتی دیکەی عەرەبیش بیرێکی وایان هەبووە.

عەباسێکان بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو بیرەیان لە ژێر دروشمی بنکەی دەسەلاتی ئیسلامیی پاراست. بەلام سەرکردە کوردەکان بیرێکی ئەوتۆیان سەبارەت بە پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ گەلی کورد نەبووە. کوردان بە پێچەوانەی گەلانی دی زۆرتر لە خزمەت دەسەلاتی غەیری کورددا کۆدەبوونەوە. بیرتەسکی سیاسیی و کۆمەلایەتی پەیوەندێکی ئەوتۆی بەئایینەوە نییە.

بۆ لە خۆمان ناپرسین کوردان بەر لە ئیسلام چ بوون؟ کام قەوارەی سیاسیی دیاریکراویان هەبووە؟ بۆ بەر لە ئیسلام خۆیان نیشاننەداوە؟ گەلی کورد (وەك گەلانی ناوچە) بەر لە ئیسلامیش ئایینی بوو، بەلام ئایین و کەسانی ئایینی (چ بەر لە ئیسلام و چ دواتر) نەیانتوانیوە "میللەتەکەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك ڕزگار"بکەن. ئیسلام دەڵێ: هەر گەلێك تا گۆڕانکاری لە دەروونی خۆیدا پێك نەهێنی، ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایە.

گەلی کورد بە هاتنی ئیسلام نێوی هاتە نێو نێوان، ئاستێکی سیاسیی پەیدا کرد، بەلام قەوارەی جوگرافیای کورد زۆر بەربلاو بوو، کوردان لە بەرامبەر عەرەبەاندا لە خۆزستان و ناوچەی فارس (شیراز) شەڕیان دەکرد، دەڵێن ئەو سەردەم (٥٠٠) هەزار ماڵی کورد لە فارس و باشووری ئێران بوون. ئەوڕۆ لەو مەڵبەندە بەرینە، قەوارەیەکی جوگرافیایی لە کورد نابیندرێ، ئەوسەردەم بە

وڵاته کوردنشینه‌کان (اقلیم الجبال) ده‌گوترا. به‌ڵام ئه‌رمه‌نستان له سه‌ره‌تاوه قه‌واره‌ی تایبه‌تی هه‌بووه، مه‌ئمون خه‌لیفه‌ی عه‌باسی زریقی کورد ده‌کاته فه‌رمانڕه‌وای ئه‌رمه‌نستان و ئازربایجان، له حاڵێکدا زۆرتری وڵاتی بنده‌ستی زریق کوردنشین بووه، به‌ڵام قه‌واره‌یه‌کی سیاسیی– جوگرافیایی به نێوی کوردستان له نێو نێوان نه‌بووه.

قه‌یرانی نه‌بوونی قه‌واره‌یه‌ك بۆ کورد له‌قه‌یرانی بیرته‌سکی سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی ساز بووه. بیرته‌سکی سیاسیی، پتر له هه‌موو هۆکارێك بۆته هۆی بێ قه‌واره‌یی کورد. تۆوی پرۆژه‌یه‌کی سیاسیی و کۆمه‌ڵایه‌تی کاتێك له نێو کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك ده‌چێندرێ (ده‌گۆڕێ و ده‌پشکوێ)، که زۆرینه‌ی جه‌ماوه‌ر به‌تایبه‌ت ده‌سه‌ڵاتداره‌کان هه‌وڵی بۆ بده‌ن و بڕوایان به پێویستی پرۆژه‌یه‌کی ئه‌وتۆ هه‌بێ بۆ ئه‌وه‌ی له نه‌بوونی قه‌واره‌یه‌کی ئه‌وتۆ ڕزگارمان بێ، پێویستمان به ته‌کاندن و خاوێنکردنه‌وه‌ی خده‌و بیروڕامان هه‌یه. بنه‌مای بیری سیاسیی– کۆمه‌ڵایه‌تی کورد پێویستی به گۆڕانکاری هه‌یه، ئه‌و گۆڕانکارییه وه‌ك پێویست پێکنه‌هاتووه، ده‌رفه‌ته‌کانی مێژوویی له‌ده‌ست چوون، به‌ڵام نابێ هیوا له‌ده‌ست بده‌ین، ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ ده‌توانین گۆرانکارییه‌کی قووڵ و به‌رین له خده‌و ڕه‌فتاری خۆماندا پێك بێنین.

تا ئه‌و دواییانه سه‌رکرده‌کان بیریان له‌وه نه‌کردۆته‌وه که خه‌ڵکی خۆیان وه‌ك گه‌لێکی تایبه‌ت چاو لێبکه‌ن و به پێویسی بزانن که ئه‌و گه‌له ده‌بێ خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات و قه‌واره‌یه‌کی دیاریکراو بێ. سه‌رکرده‌ی کورد وه‌ك سه‌رکرده‌ی تورك یان گه‌لانی تر له سه‌ره‌تاوه هه‌ستیان به ئه‌و ڕاستییه نه‌کردبوو که له دنیایه‌کی ئاخندراو له فێڵ و ملهوڕی نه‌ده‌کرا پشت به ده‌سه‌ڵاتێکی بچووکی وه‌ك ئه‌مارەت ببه‌سترابا. به‌ڵکو ده‌بوو له فیکری یه‌کگرتوویی ئه‌و ئه‌ماره‌تانه‌و په‌ره‌پێدانی ده‌سه‌ڵاتی هاوبه‌شدابان.

بڕوانه له سه‌ره‌تای ئیسلامه‌وه له کورده‌واریدا جگه له بنه‌ماڵه‌ی صه‌لاحه‌دینی ئه‌یوبی– ئه‌ویش له ده‌ره‌وه‌ی کوردستان– پادشایه‌تی گه‌وره‌و به‌رده‌وام یان که‌سایه‌تی خاوه‌ن بیری پێکهێنانی قه‌واره‌یه‌ك بۆ کوردستان هه‌ڵنه‌که‌وتووه، کورد

کەسێکی وەك فیردەوسی نەبووە، یان لە نێو کورداندا کەسایەتی دەنگهەڵبڕی وەك حەسەنی سەباح نەدیتراوە. فیردەوسی پتر لە یەك هەزار ساڵ لەمەوبەر لە ڕوانگەی بیری قەوارەو دەسەڵاتێکی ئەفسانەیی بۆ ئێران هەستی پێکهێنانەوەی قەوارەیەکی سیاسی– فەرهەنگی لە نێو فارسەکاندا داڕشتووە. حەسەنی سەباح بەخۆی و جەماوەریك لە شێوازی کۆمەڵەیەك بۆ بەرەو پێشبردنی بیری خۆیان زۆریان کارکرد و دەسەڵاتە گەورەکانیان تۆقاند. ئەو کۆمەڵە نەدیارە بۆ بەجێهێنانی مەبەستێك وا تەعلیم دراو بوون کە دەسەڵاتە زلەکان لێیان دەترسان، ئەوان توانیان لە دژ سەلجوقیان و گشت دەسەڵاتدارنی سەردەم ڕۆبێن.

بە کورتی لە نێو کورداندا پادشایەتی بەهێزو بەردەوام پێك نەهاتووە، خاوەن بیری وەك فیردەوسی نەدیتراوەو پێکهاتەی وەك جەماعەتی حەسەنی سەباح هەڵنەکەوتووە...

مەبەست ئەوە نییە کە شێوازی بیرو کردەوەی دامەزراندنی پادشایەتی فرەخوازی تالآنکەرو داگیرکەر ڕەوتێکی پەسندکراو بووە، بەڵام تا ئەو جیگایەی بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی خۆی کورد پێویست بووە، دەبوو بیر لەو چەمکە کراباوە، تێکۆشان بۆ پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ کورد لە ئارادا با!

کورد لە چ سەردەمێك پەی بە ئەوە برد کە ئەویش نەتەوەیەکەو دەبێ خاوەن دەسەڵات و قەوارەیەکی تایبەت بە خۆی بێت؟ کەی لێی حاڵی بوو کە وڵاتەکەی دابەشکراوەو بێ قەوارە ماوەتەوە؟

کەی بۆی دەرکەوت دوو زلهێز کە خۆیان لە بن عەبای ئایینذا حەشار داوە، وڵاتی گەلی کوردیان کردۆتە مەیدانی شەرانخێوی خۆیان و شەڕیان بە سەر ئەو خەڵکە بێدەرەتانەدا سەپاندووە؟ ئەو دوو زلهێزە بە نێو موسوڵمانە، بەکرێگیراوی نەفسی فرەخوازی خۆیان بوون نەك ئایین. ئەوانە لەهەر لایەك میرنشینە کوردەکانیان دژ بە یەك هاندەدا و بە زۆرەملی واداریان دەکردن پەلاماری ئەو ناوچە کوردنشینانە بدەن و کاولیان بکەن، کە گوێ لە مستی ئەوان نین یان لە بەرەی زلهێزەکەی تر!

دیارە ئەورۆ کورد دەتوانێ هیوای بە ڕزگاری گەلی خۆی بێ، کوردیش دەتوانێ هەوڵ بدا وەك گەلانی تورك و عەرەب و فارس خاوەن دەسەڵات و قەوارەی تایبەت بە خۆی بێ، لە ئاییني ئیسلامدا نەهاتووە کە کورد دەبێ بندەستی گەلانی هاوسێ بێ، وڵاتەکەی لە بندەستی هاوسێکانیدا بێ و بۆخۆی بێ قەوارە بمێنێتەوە.

سنوورە داتاشراوەکان لەسەر شێوازی ئایین یان ویستی گەلی کورد پێکنەهاتوون تا پیرۆز و نەگۆڕ بن، ئەو قەوارانە کاتێك پیرۆزن کە دانیشتوانی وڵاتەکە لە تەواوی مەودای دەسەڵاتدا هاوسان و هاوبەش بن. ئەگەر هاتوو لەم قەوارەیەدا گەلێك وەك بندەست چاوی لێکرا، پێکهاتەی ئەو قەوارەو دەسەڵاتە، پیرۆزی و مەشروعیەتی خۆی لەدەستدەدا.

بەڵام لەمەر سەرکردەو دەسەڵاتدارەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کە جووڵانەوەی هاوچەرخی گەلی کورد دەگرێتەوە قسە زۆرە، جووڵانەوەی ڕێنوێنی کراو پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی گەلێك چەمك و ئەوزاع هەیە. بەڵام نەگونجاو نییە، پلان و پرۆژەو ستراتیژی لێکدراوەوە بنەمای جووڵانەوەی ڕێنوێنی کراون. پلان بۆ قەوارەیەك تایبەت بە کورد چەمکی گشتی دەگرێتەوە، هەر بۆیەش پلان بۆ جووڵانەوەی ناوچەیی نابێ دژ بە پلانی گشتی بێت.

ئێمەی کورد نابێ هیوای ڕزگاری لەدەست بدەین، ئەگەر پادشایەتی تالانکەرو مرۆڤکوژو داگیرکەرمان نەبووە، ئەوە جێی شانازییە، بەڵام باشترە ئەو شانازییەی گەلی خۆمان بە جیهانیان رابگەیەنین، خۆمان بە دەروجیران بناسێنین.

دەسەڵاتە زاڵەکان پێناسەی گەلی کوردیان لە لای گەلانی دەرەکی و ناوخۆی وڵات ناحەز کردووە. لە جیهانیشدا وێناچێ ئاگایان لە مێژووی گەلی کورد هەبێ، ئەو ڕاستییە داپۆشراوە کە گەلی کورد گەلێکی داگیرکەر نەبووە، گەلی کورد لە (٥٠٠) ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگای سەرکەوتنی ڕۆژئاوا (لە ئەنجامدا گشت جیهان) چ خەسارێکی لە بن نەهاتووی لێکەوتووە. ئەو گەلە بۆ بەرژەوەندی ڕۆژئاوا لە (٥٠٠) ساڵی ڕابردوودا نیشتمانەکەی کاولکراوە.

جیهان ئاگای لەوە نییە کە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بە داتاشینی دەوڵەتە نوێیەکان و بەکەمایەتی دەرهێنانی گەلی کورد لەو دەوڵەتە داتاشراوانەدا چ زوڵمێکیان لەگەلی کورد کردووە؟

ئەم وڵاتە داتاشراوە تازە پێکهاتووانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت بەریتانیا قەوارەیان بۆ پێکهات، ئەو قەوارە داتاشراوانە بەسەر گەلی کورددا سەپان، لەم قەوارە دەستکردانە گەلی کوردیان کرد بە کەمایەتی و ناکوردەکانیان کرد بە زۆرینەی داگیرکەرو فەرمانڕەوا. بەداخەوە ئەم وڵاتە داتاشراوانە لە بەر زۆر هۆیان کەوتۆتە مەودای بەرژەوەندی دەسەڵاتە زلەکانی ناوچەو جیهان.

لە لایەکی دیش جێگای سەرسوڕمانە کە ئەو گەلانەی لە مێژوودا خاوەنی دەوڵەتانی داگیرکەرو تالانکەر بوون ئەوڕۆ ئاستێکی بەرزیان لە نێو وڵاتانی جیهاندا هەیە، لە چاندێکی ئەوتۆی سیاسیدا گەلی کورد وەبەرچاو نایەت! پێویستە ڕواڵەتی مرۆڤدۆستانەی مێژوویی خۆمان بە جیهانیان بناسێنین. وەك مەولەوی دەڵێ:

قوت از حق خواهم و توفیق و لاف تا به سوزن برکنم این کوه قاف

پەراوێزەکان:

١- ئەوەش حاشای لێناکرێ لایەنێك لە بیروباوەڕی بەرەی مرۆڤ (چ ئایینی و چ غەیری ئایینی) لەسەرەتاوە تا ئەوڕۆ، تێکەڵاوی خورافە بووە.

٢- ئەبریشەمی عەبدوڵا، کتێبی "هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد" نشر ئانا، تاران، ١٣٨٥ لاپەڕەی ٢٣٥، قادری، حاتم، فصلنامه مگالعات ملی، ش. ١١ ص. ١٣٣.

٣-وەرگیراو لە کتێبی نووسەر: "مبانی فرهنگی دولت"، چاپی تاران، ١٣٧٠ - ١٩٩١ز.

٤- سەرجاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٥٦.

٥- سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی ٦٢ و ٦٣.

٦- بروانه كتێبی توسعه و تچاد، نووسراوی رفیع پور، فرامرز، تاران، شركت سهامی انتشار، ص ٤٨١

٧- عقلمند پرویز، مشاهر یٔدربایجان غربی، مؤسسه قصیده سرا، مقدمه ص ٢٩، وه‌رگیراو له كتێبی سفرنامه‌های ونیزیان، انتشارات خوارزمی، تاران، لاپه‌ڕه‌ی ٤٧٨)

٧- رندل یوناتان، "با این رسوایی چه بخشایشی"، وه‌رگێر بۆ فارسی ئیبراهیم یونسی، لاپه‌ڕه‌ی ٣٠ (ئه‌و كتێبه له‌لایه‌ن كاك سه‌لاحی ئاشتی وه‌رگێرراوه‌ته سه‌ر كوردی).

٨- اسلامی ندوشن، محمد علی، رۆژنامه‌ی ئیتلاعات، ٢٨/ ٨ / ١٣٧٧.

٩- هینتس والتێر، كتێبی "تشكیل دولت ملی در ایران" ١٣٦٢، نشر خوارزمی تاران.

١٠- تاریخ عپمانی، ج. ٢ ترجمه دكتر وه‌هاب ولی، ص ٣٠٧ الحاق اناتۆلی سرقی به عپمانی (له سه‌ره‌تای ج ٢ی مێژووی كوردستان، نووسینی مردۆخ، ئه‌و رێككه‌وتننامه‌یه نووسراوه).

١١- فارسی بابه‌ته‌كه له لاپه‌ره‌ی ٧٢ (هینتس): فصلی از تاریخ ئق قوینلو كه بخصوص از نڤر تاریخ فرهنگ و مدنیت شیرین و جژاب است و به بحپ ما نیز ارتباگ دارد در این مقام مستحق امعان نڤر بیشتری است...

١٢- هتد. لاپه‌ڕه‌ی ٧١.

١٣- هتد، لاپه‌ره‌ی (٤٤ و ٤٥).

١٤- لاپه‌ره‌ی (٨٥) كتێبی نووسه‌ر: هویت تاریخی و مشكلات كنونی مردم كرد، وه‌رگیراو له د. م. سالح ئیبراهیمی.

١٥- احمدی حمید، قومیت و قوم گرایی در ایران از افسانه تا واقعیت، چاپ تهران، نشر نی، ص ١٩٢ (له كتێبی هویت تاریخی و مشكلات كنونی مردم كرد، نووسه‌ر، به درێژایی (٨١) لاپه‌ڕه وه‌ڵامی ئاڵۆزكارێكانی ئه‌و مامۆستایه‌م داوه‌ته‌وه.

١٦– بۆ زانیاری پتر، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو فەسڵی ٢. ئەو بابەتانە لە کتێبی نووسەر (هویت تاریخی، پێشوو) بە ووردی کەوتوونە بەر باس. لاپەڕە ١٠٤

١٧– بڕوانە کتێبی جغرافیا و تاریخ کردستان/ وقایع نگار کردستانی، عەلی ئەکبەر، انتشارات توکلی، تاران.

١٨– وان برۆیین سێن مارتین، کتێبی شیخ ئ‌غا دولت، وەرگێر ئیبراهیم یونسی

١٩– نادر میرزا، نایب السلگە قاجار "تأریح و جغرافیای دار السلگنە تبریز"، چاپ سنگی اقبال

٢٠– (هویت تاریخی... پێشوو، لاپەڕەی (١٠٤).

٢١– سەرچاوەی پێشوو.

نووسەرو لێکۆڵەری زانستی ژیۆپۆلۆتیکی حوسێنی مەدەنی



نکولی ناکرێ تا ئەم سەردەمەش نەخشی رێبەرانی دینی لە بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا زۆر زەق و بەرچاو بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خوێندنی ئەو زانستانەی کە لە حوجرەکان فێریان دەبوون.

- 1938 لە سابلاخ لە دایکبووە.

- 1975 لە زانستگای تاران ماستەری لە زانستی جیۆپۆلۆتیکدا وەرگرتووە.

- لە ئامادەییەکانی شاری مەهابادو زانکۆی ورمێ بابەتەکانی جوگرافیاو کۆمەڵناسی وتووەتەوە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە:

1 ـ منابع أب وانرژی سد مهاباد.

2 ـ شرکتهایی سهامی زراعی سنندج.

3 ـ وچع معیشت در روستای "بەلەبان" پیرانشهر.

4 ـ جنبشهای آزادیبخش ملی در کردستان.

5 ـ ترافیك شهر تهران.

6 ـ کارتۆگرافی شهرستان مهابادو پیرانشهر.

7 ـ أزسوما تا آشنویة.

8 ـ دینامیزم مبارزاتی خلق کرد در کردستان ایران.

9 ـ کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ـ دووبەرگ.

- ئێستا بەهۆی دۆخی سیاسییەوە دانیشتووی سنووری قەزای کۆیەیە لە کوردستانی عێراق.

+ بە بۆچوونی تۆ وەكو پسپۆڕێكی بواری جیۆپۆلیتیكی سیاسیی، بۆچی كورد كیانو قەوارەیەكی سەربەخۆی خۆی نییە؟ لە كاتێكدا لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیاتر لە (40) ملیۆن كەسە؟

حوسێنی مەدەنی: نەتەوەی كوردو كوردستانیش وەك نیشتمانی نەتەوەی كورد دوو ئەكتەری خولیای مێژینەی سروشت و كۆمەڵمرۆی بەستنی جوگرافیی ئەم گۆی زەوییەن كەتێیدا گووراونەتەوە، وارە تایبەتییەكانیان لە رووی مورفولۆجیو مرۆییەوە سەرنجڕاكێشن لە ئاوێتەبوونی ساختارە سروشتی مرۆیی و سیستمە سیاسییو ئابورییەكاندا پانۆڕامای مێژووی سیاسیی كورد نەخشێندراوە، لەو نەخش و نیگارەدا خاڵە نێگەتیڤو پوزەتیوەكان راگرو پاڵنەری پێناسەكردنی مافە نەتەوەییەكانی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستانن لە فۆرمە جۆراو جۆرەكانی مافی دیاریكردنی چارەنووس داخۆی دەردەخات و هەتا بەرەو هەڵكشانی لوتكەی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردیی لە ئافراندندایە، بە گشتیی هۆكارەكان بە تاكو بە كۆمەڵ شوێندانەربوون.

وەك نموونەیەك لەم بابەتە دەكرێ ئاماژە بە نەبوونی كەناراوی دەریایی لە كوردستاندا بكەین، دەتوانین وەك لاوازترین خاڵیش توێژینەوەیەكی چڕو پڕیشی لەسەر بكەین، كوردستان لەبەر نەبوونی رێگای بە دەریا ئازادەكانی جیهان تووشی گەمارۆی سەرزەمینیو قەیرانی جیۆپۆلیتیكی بووە، لە نێو بازنەی هێڵی سنووری وشكانیی وڵاتە دراوسێكاندا قەفی خواردۆتەوە، كە هەركام لەوانە شانازی بە هەڵكەوتی شازی جوگرافیاییو مێژووی ئوستوورەییو جسناتی رەگەزییان دەكەنو لە دەربڕینی سۆزی ئایینی و خۆپەرستییاندا كەم وێنەن لەسەر یەك چاخی ئیمپراتۆریەتی سێگانەی ئێرانو عەرەب و عوسمانی شوێندانەربوون لەسەر دامركاندنی مەشخەڵی پڕ هیوای كوردەكان لەم ئاقارە ئیقلیمییەدا، ناسیۆنالیزمو ئایین دوو چەمكی بەهێزی ئەم چاخە نوێیەن، كە خاكو نەتەوەی كوردیان كردۆتە پاشكۆی شكۆداریی ئیمپراتۆریەتی وڵاتەكانیان لە دوو

هەزارەی رابردوودا.

له بەكگراوندێكدا ئەگەر سەیری مێژینەی كوردستانیش بكەین به دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی مادو پاشەكشەی مادەكان بۆ ناوچه شاخاوییەكانی زاگرۆس، كوردستانو كوردەكان به یەكپارچەیی لەناو كیانی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆیاندا نەماونەتەوه، ئەو (40) ملیۆن حەشیمەته كوردەی كه ئێوه ئاماژەی پێ دەكەن، مخابن ناكرێ وەك نەتەوەیەكی یەكگرتووی (40) ملیۆن كەسی له حاڵی ئێستادا سەیری بكەین؟ نەتەوەیەكی به ئانقەست پارچه پارچه كراوه، لەناو تەوژمی لافاوی ناسیۆنالیزمی فەرمانڕەواكاندا پەلەقاژەی خۆدەرباز كردنێتیو ئێستا له ئاستانەی خۆبووژاندنەوەیدایه، جارێ مەودای گەیشتنی به ستراتیژییەكی یەكگرتووی نەتەوەیی نەبڕیوه، پرۆسەكه هێشتا دەڵەمەیەو نەیتوانیوه ببێته پۆتانسێلێكی(جهد ،قدره) بەوزەی نەتەوەیەكی (40) ملیۆن كەسی، ئەگەر واخەلەستی له قەوارەی نەتەوەیەكی پڕ چەشیمەتدا رەوڕەوەی مێژووی ژیارەكەی ڕەتێكی دیكەی دەبرد، ئەو تانو پۆ كۆمەڵایەتیی سیاسییەی كه ئێستا بۆته وارشەی ژیانی سیاسیی كوردو له مافه نەتەوەییەكانی دووری خستۆتەوه دەبێ وەك دیاردەیەكی نائاساییو سەیرو سەمەرەی ئەم سەردەمه سەیری بكەین.

+ ڕووبەری جوگرافی كوردستان له (500) هەزار كیلۆمەتر دووجا زیاتره كه له ڕووبەری هەر یەك له وڵاتەكانی (بەریتانیا ، هۆڵەندا، بەلجیكا، سویسرا، دانیمارك) زیاتره، بۆچی ئەم ڕووبەره فراوانه دەوری نەبینیوه له بونیادی كیانێكی سیاسییدا بۆ كورد؟

حوسێنی مەدەنی: حەشیمەتو رووبەر دوو ماكی رەسەنن بۆ دامەزراندنی قەوارەی هەركیانێكی سیاسییو دەوڵەتێكی سەربەخۆ لەم جیهانەدا، چەندیو چۆنییەكەیان لەسەر هێزو دەسەڵاتی وڵاتان راستەوخۆ شوێندانەرن، ئەو فاكته نەرێتییانەی له بارەی حەشیمەتەوه سوڕی نالەبار له كوردستاندا دەگێڕن بۆ دانیشتوانی كوردستانیش هەمان رێسا پێڕەو دەكەن، له حاڵەتێكدا كه نەتەوەی

کورد لێك دابڕاوەو هەر کوتەی لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا دەچەوسێنرێتەوە، ئەتۆپیایەك بە جەستەی یەکگرتووی نیشتمانی لە ئارادا نامێنێ، کەواتە ئەم کوردستانە بە خەیال یەکگرتوو ناکرێ و بە پێوانەی (500) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەش فەرمییەتی سیاسیی و دیپلۆماتیکی نێونەتەوەیی پێ نابەخشرێ، لە ئەمری واقیعدا سنوورێکی دەستکردو ناسروشتی خاکەکەی لێك دابڕ دابڕ کردووەو لە روانگەی ریئاڵ پۆلیتیکییەوە یاسای نێودەوڵەتیش فەرمییەتی سیاسیی و نێونەتەوەیی بەم سنوورە دەستکردانە بەخشیوەو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێو دەوڵەتە میللیەکانی ناوچەکەدا بە پارچە پارچە کراوی پێناسە کراوە. هەر پارچەیەکیش لە ژێر کارتێکردی نیزامێکی نادیموکراتیکی دژی گەلی چەوساوەتەوە، میکانیزمی جۆشدارانەوەی ئالقە لێکترازاوەکان و وەرێخستنی فەرمانی تاك حکومی لەسەریان وێنای کیانێکی سیاسیی لە ناو ئەو گێژاوە سیاسییانەدا لێ دەربازبوونی نەك کردێکی ساناهی نییە ، بەڵکو زۆریش زەحمەتە، بێتوو سنووری ولاتانی ناوچەکە گۆڕانی تێدا نەخولقێ و بە شێوەیەکی لۆژیکی و لەسەر بنەمای ئیتنیکییەوە دانەڕێژرێتەوە بەو پێودانگە دەوڵەتە میللییەکان بنیات نەنرێنەوە، قەوارەی یەکپارچەیی کوردستان هەروا لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە، بەر لەوەش کوردستان لە رووی حەشیمەت و رووبەرەوە بەیەکێك لە ولاتە گەورەکانی جیهان دەژمێردرێت، بەلام لە بارەی کولتووری و ئابورییەوە جێی رامان و وردبوونەوەیە - باوبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و جووتسایدبوونی پیتی لاتینی - عەرەبی لە کوردستانی باکوورو کوردستانی باشوور لە خۆیدا رێگای بۆ جۆرە سیستمێکی دێستانترالیستی فۆرمێکی کۆنفیدرالی کردۆتەوە، دەبێ لە تێزی ستراتیژیەتی یەکگرتووی نەتەوەییدا ئەم تایبەتمەندییەی کە لە نێو پارچەکانی کوردستاندا هەیە وەبەرچاو بگرین، تەنانەت تا ئێستاش ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەسەر ستانداردکردنی خوێندنی زمانی کوردی، جۆری بۆچوونەکان نالێکن، سیستمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان هەروا بە سەقەتی

ماوەتەوە لەسەر یەکگرتوویی زمانو ئەدەبی کوردیو بە فەرمی کردنی یەکێك لە دیالێکتەکانی سۆرانی یان بادینی کێشەی کولتووری هەیە، ئەمەش بۆتە کۆسپێکی ناوازە کە کورد وەکوو خۆی خستوویەتە سەر رێگای سەقامگیربوونی ماددە چواری دەستووری عێراق کە زمانی کوردیو عەرەبی کردۆتە هاوتای یەکتریو بە رەسمییەتی ناسیون.

+ پێتوایە هۆکارەکان زیاتر پێوەندییان بە سەردەم و قۆناغە جیاوازە مێژووییەکانەوە هەیە کە دەرفەتەکان نارەخسێت هەر لە هۆکارە خودییەکانەوە تاوەکو بابەتییەکان یان ڕەوتی مێژوو بواری گۆڕانی بۆ نەڕەخساندووە ؟

حوسێنی مەدەنی: هۆکارە ئەکتیوەکان دوو بەشن: سروشتیو مرۆیی، هۆکارە سروشتییەکەکان نەگۆڕن، هەروا نەگۆڕیش دەمێننەوە، هۆکارە مرۆییەکانیش بە پێچەوانەوە بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندان، قۆناخ بە قۆناخ ریز دەبەستنو دێنە مەیدان، بە دوای رووداانیشیان فۆڕمێك بەرهەم دێننو رێسایەك بە دووی خۆیاندا رادەکێشن، دەبنە پاژنێی خولدانەوە لە مێژوودا، رووداوەکان لە خولەکاندا وێستگەی وچاندانیان هەیە، لە وچانەکاندا دەرفەت دەرەخسێنن، دەرفەتەکان دوو رەهەندین، هێندێکیان خودئاسایین، بەشەکەی تریشیان لاوەکینو لە لاوەڕا خۆدەگرن، کەشو هەوا دەخولقێنن، لەو بوارە گرینگ ئەوەیە تاکی کورد لە پلەی کەسایەتی سیاسییداو کۆمەڵی هۆشمەندیش لە حەزی پەرەستێنییدا بتوانن دەرفەتەکان بقۆزنەوەو لە کیسی نەدەن، ئەگەر راستیمان گەرەکە، زۆرجار لە قۆناخەکانی مێژوودا دەرفەت بۆ کورد هەڵخراوە، بەڵام کوردەکان لە توانایاندا نەبووە لەو دەرفەتانە کەڵك وەرگرن نموونە زۆرن، دوای شەڕی چاڵدێران سوڵتان سەلیم دەستی میرە کوردەکانی ئاوەڵە هێشتەوە لە نێو خۆیاندا میری میران هەڵبژێرنو ئەمارەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنن، بەڵام نەخشی نەباوی مەلا ئیدریس بەتلیسی نەیهێشت ئەمارەتە کوردەکان یەك بگرنەوەو لە بەرامبەر دوو ئیمپراتووری عوسمانیو سەفەویدا ببنە جەمسەرێکی یەکگرتووی سەربەخۆ!!

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی جامیعەی میلەل بە بەستنی قەراردادی سێور، بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دا، ئەو کاتیش دەمارگریی ئایینی شێخ عەبدولقادری نەهری لاگیری لە سیاسەتەکانی کەماڵ ئەتاتورك کرد، کە لە هیچ بارێکەوە لەگەل بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد نەدەهاتەوەو هەلە زێڕینەکەی لە کیس کورددا و پەیماننامەی سێوری زیندەبەچاڵ کرد، بەو پێودانگە دروست نییە لە روانگەی عاتفییەوە بیر لە رەوتی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد بکەینەوە. رەوتی مێژوو پرۆسەیەکی بێگیانو نەزۆكو خۆڕسك نییە لە خۆوە هەڵقوڵابێ‌و بەسەر چارەنووسی کورددا داسەپابێ، هەر هێزو دەسەڵاتدارێکی توانیبێتی لە راستای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان چالاکترو دەقیقتر خۆیان نیشان بدەنو هەلومەرجەکە بخوێننەوە بەرگی براوەشیان لە ئامێز گرتووە، ئەوانەی ئامانجەکانیان نەپێکابێ بە دۆڕاوی مێژوو دادەنرێنو بەرپرسایەتییەکەیان دەکەوێتە ئەستۆی سیاسەتە غەڵەتەکانیان، کەوابوو رەوتی مێژوو لە ئاستی تێشکانیان هیچ تاوانێکی لە ئەستۆ نییە، ئەوە سەرکردەکانن دەبێ باجی بۆچوونی غەڵەتو هەڵوێستە سیاسییەکانیان بدەنەوە.

+ کە ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە دەرفەتەکان وەرگرین، کەواتە کێشەی نەتەوایەتییمان بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە ؟

حوسێنی مەدەنی: هەروەك کە باسکرا پرسی نەتەوەیی لە کوردستان بە گشتیی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دامەزرانی دەوڵەتە میللیەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتە ئاراوە، پێشتر چەوسانەوەی نەتەوەیی بە میعیارەکانی سەردەم لە نێو وڵاتانی ناوچەکە لە گۆڕێدا نەبووە، کێشەی نەتەوەییش کە پاساودانەوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی بێ لە گۆڕێدا نەبووە، لە ناوکی دەوڵەتە میلییەکاندا چەوساندنەوەی نەتەوەیی وەك ئامانجو هزرێکی فرەخوازی کە نەتەوەیەك بکاتە سەروەرو باڵادەستی نەتەوەکانی تر، هاتە ناو شەقامی حاکمییەتو فەرهەنگی

سیاسیی حکومەتەکان لە ناوچەکەدا، کاتێك سیستمی ئیداریی و پەروەردەیی نەتەوە باڵادەستەکان سەقامگرتوو دەبێ. کێشەی نەتەوەیەیش قوڵترو زەقتر خۆی دەردەخاو لە پێناو داکۆکی لە پێناسەی نەتەوەییدا بە تەوژمترو رادیکاڵتر هاتۆتە ناو کۆڕی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی.

لەسەریەك لە ئاوێنەی مێژوودا ئەگەر سەیری کوردو کوردستان بکەین بە گشتیی تووشی دوو جۆر کێشە بوون، یەکیان ئەوەیە، هەر لەشکرێکی بێگانە پەلاماری خاکی کوردستانی دابێت، کوردەکان زۆر بەتووندیی بەگژیاندا چوونەتەوە. بە واتەیەك هیچ بێگانەیەك لە خاکەکەیدا نەحەساوەتەوەو سەرنجام چۆڵی کردووە یان پاشەکشەی پێکراوە، هێندێك جاریش دەسەڵاتداران بە ئەرکی ئایینی بەرەنگارییان بوونەوەو بێدەسەڵاتیی کردوون، لە قۆناخی گەشەسەندنی سەرمایەداریی جیهانیی و سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم و سانترالیزەکردنی دەوڵەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین ئەمارەتە کوردییەکان سەریان تێداچوو، بەڵام شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەییش لە کوردستاندا سەریهەڵدا، دەتوانین خاڵی سەرنجڕاکێش لەو بزاڤەدا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ساڵی 1880ز ناوبێنین کە بۆ یەکەم جار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ شۆڕشی کرد.

+ ئەوەش هەیە لە پاش دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کورد توانی چەندین ئەمارەتی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ پێك بهێنێ، بەڵام پیلانی دوژمنان و دووبەرەکی و شەڕە ئیمارات وایانکرد یەك لە دوای یەك ئەو ئیمارەتانە لە ناو بچن؟

حوسێنی مەدەنی: دوای هەرەسهێنانی خیلافەتی ئومەوییەکان، عەباسییەکان شاری بەغدایان کردە ناوەندی جیهانی ئیسلام، وڵاتی کوردستانیش بوو بە شاڕێی ئەو کۆمەڵە خەڵکە موسڵمانەی کە لە چوارقوڕنەی ئەم جیهانەدا دەچوونە زیارەتی مەککەو مەدینە، شاڕێگاکانی بوونە هۆکاری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەشەسەندنی شارو شارستانییەتو بەهێزکردنی هەستی وڵاتپارێزی لە

کوردستان‌و پێشوەچوونی زانست و هونەر، هاتنە سەرکاری حکوومەتی شەددادەکان، حەسنەویە، مەڕوانییەکان لە نێوان سێ دەسەڵاتداری بەهێزی وەکو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی شەرقی، خولەفای عەبباسی، حکومەتی ئالبوویە(بوەیهییەکان) کە حوکمڕانانی بەهێزی ناوچەکە بوون، دامودەزگای بەهێزی حکومڕانیان دامەزراندبوو، بەڵام هێرشی تورکە سەلجوقییەکان بۆ ئاسیای ڕۆژئاوا (سەدەی پێنجی کۆچی) وەزعی دیموگرافیاو شارستانییەتی ناوچەکەی بە تەواوی تێکدا، کوردستان لەو نێوەدا زیانێکی گەورەی بەرکەوت، نەیتوانی پشتی خۆی ڕاست بکاتەوەو خۆ بگرێتەوە، کاتێك ئالی عوسمانیش لە ئاسیای بچووك بوونە ئیمپراتۆریەتی بەهێزی عوسمانی، کوردستان چەند قاتی تریش نوشوستی هێنا، ئەمارەتە کوردییەکانیش مەخابن هەتا بڵێی ناتەباو لەگەڵ یەکتریی نەگونجاو بوون، لە ڕکەبەریی ئایینی نێوان شیعەی سەفەوی‌و عوسمانییە سوننەکاندا نەیانتوانی کەڵك وەرگرن‌و تێدا چوون، میرە کوردەکان بە حوکمی ئەوەی سوننی بوون، دەبوا پشتی عوسمانییەکانیان گرتبان لە حاڵێکدا بێ ئەوە ئامانجێکی ڕوونی سیاسییان هەبێ، لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرەدا ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد بێجگە لە ڕەنج بەخەسارببوونیان هیچ دەستکەوتێکیان تۆمار نەکرد.

+ مێژووی دوورو درێژی کوردیش وابووە سەرکردەو دەسەڵاتدارەکانی میرنشین‌و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کەسایەتی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانە نەیانتوانییوە تەنانەت لە ژێر کاریگەری ئایینیشدا بێت بیر لە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بکەنەوە کە میللەتەکەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەك ڕزگار بکەن؟

حوسێنی مەدەنی: میرە کوردەکان خۆیان گیرۆدەی سۆزی ئایینی نەدەکرد، زۆرتری سەرقاڵی حکومڕانی میرنشینەکەی خۆیان بوون، نزیکەی (٥٠) میرنشین لە کوردستاندا بوون هیچ کامیان پێوەندییەکی سیاسیی، ستراتیژێکیان بۆ پارێزگاری لێکتر لە نێوخۆیان دانەمەزراندبوو، جیهانبینیەکەیان لە سنووری

جوگرافیای میرایەتییەکەیان تێنەدەپەڕی، ئەو بیرتەسکیە قەت نەیدەتوانی ئامانجێکی بەرزی نەتەوەیی کە هەموو کوردستان دابگرێ وەبەر خۆی بدات. پرسی ئایینی بۆ میرە کوردەکان کە بتوانێ یەکگرتوویی نەتەوەیی دەستەبەر بکات، هیچ رۆڵێکی نەدەبینی.

هەرچەند لەوەش نکولی ناکرێ تا ئەم سەردەمەش نەخشی رێبەرانی دینی لە بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا زۆر زەق و بەرچاو بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خوێندنی ئەو زانستانەی کە لە حوجرەکان فێریان دەبوون و دەوریان بۆ دەکردەوەو پێی رادەهاتن و شعووری نەتەوەپەرستی و ولاتپارێزییان تێدا دەگۆرا، بەلام ئەوانیش لە ژێر فەرمانی ئەو ترادسیۆنە کۆمەلایەتییەی بەسەر کوردستاندا زالبوو، نەیدەتوانی سنووری فەرمانڕەواکەی بەرفراوانتر بکات، لەم بەشەدا حەزدەکەم ئاماژەیەکی کورت بە دیاردەی شێخایەتی و نفوزی رووحی شێخ لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بکەم:

شێخەکان لە نێو خەڵکدا مەعنەوییەتێکی بەرزیان هەبوو، بێجگە لە توێژی ئاغاوەت بەفەقیرو دەوڵەمەندەوە رێزیان دەگرتن، شێخەکان ببوونە پەناگای لێقەوماوان، بێجگە لەمەش شێخەکان لە بەرامبەر تەشەنەکردنی ئایینی مەسیحییەت لە کوردستاندا ببوونە لەمپەر لە ئاستی مسیۆنێرەکاندا بەرهەڵستکارێکی بەهێزبوون، هەر لەبەر ئەوەشبوو دەوڵەتە ئۆروپاییە مەسیحییەکان زۆر بە توندی موخالیفی نەخشی شێخەکان لە کوردستان بوون و بەردەوام لە دژیان دەخوێندن.

حکومەتەکانیان لە شێخەکان هاندەدا، هەرکاتێکیش شێخەکان شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییان وەڕێخستبا بەرەنگارییان دەبوونەوە، وەکو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شۆڕشی شێخ رەزای دەرسیمی، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، حکومەتی شێخ مەحموودی حەفید، شێخانی بارزان، سەرباری ئەمانەش پێویستە بلێم، پرسی نەتەوایەتی و راپەڕین و شۆڕشی رزگاریخوازی

نەتەوەیی پرۆسەیەکی مۆدێرنە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی پێی هەڵگرتووەو خۆی ناسیوە، کوردستان لە چاو گەلانی زوڵملێکراوی ناوچەکە، لە بواری رەهەندی زەمانیو شوێنگەوە خۆڕاگرو بەوزەو پێشەنگی کاروانی خەباتی نەتەوەیی بووە، بەو حاڵەتە پۆزەتیوەش لەناو رێگاکەدا چەقبەستوو ماوەتەوە.

+ سێ هۆکاری گرنگ بنەمای دواکەوتن و ماڵوێرانی بوون بۆ کورد هەندێکیان لە مێژەو هەندێکیان نوێیە کە بریتیین لە هۆکارە نێو خۆییەکان (شەڕی نێو خۆو خۆ خۆری)، هەروەها هۆکارە ئیقلیمییەکان (نەگونجانی وڵاتانی دراوسێ)، هۆکارە دەرەکییەکان یاخود نێو دەوڵەتییەکان کەئەمەیان نوێترە، هەروەکو م.س لازاریف دەڵێ: مەسەلەی کورد وەکو کێشەیەکی نێو دەوڵەتی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەوە سەریهەڵداو لە سەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی بایەخی زیاتربوو، پێتوایە تاوەکو ئەمڕۆ ئەو سێ هۆکارە ڕۆڵ دەبینن لە دواکەوتن و وەستانی قەزیەی سیاسیی کورددا یاخود بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنە خێراکانی دنیاوە گۆڕانیش بە سەر ئەمانەدا دێت؟

حوسێنی مەدەنی: ئەو سێ هۆکارە گرینگەی ئێوە ناوی دەبەن، هەتا ئێستاش بە هێندێك تێبینییەوە هەر لە سەر جێی خۆیان ماونەتەوە، رۆڵی نالەباریش دەگێڕن ناتەبابوونی کوردو کێشەو شەڕی ناوخۆیی نەریتێکی نەرێنی نێوخۆیین، زادەی دەسەڵاتە خۆجێیییەکانی میرەکانن لە کوردستاندا کە لە پاوانی بنەماڵە ـ هۆزدا قەتیسیان کردبوو ـ ئەهلی وێکهەڵکردنو یەکگرتووییو سەرەنجام بەرفراوانترکردنی دەسەڵاتە خۆجێیییەکانی کوردی نەبوون، هەروا لەناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتدارەتییاندا خۆیان حەشار دەداو گیانی لێبوردەییان لەگەڵ یەکتر زۆر لاوازبووە، ئەو کولتوورە ئێستاش هەر لەناو رێبەرانی کلاسیکی کوردیدا کاردانەوەی هەیە بەرژەوەندیی تاكو رێکخراوەیی لە بان بەرژەوەندیی نەتەوەییدا خۆیان فەرز دەکەن، زۆرجار سنووری بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئاڵۆز دەکەن، حزبایەتی لە ئامرازەوە دەبێتە ئامانج، لە جێگۆڕکێی ئەو ساختارەدا بەرژەوەندیی

رێکخراوەیی ئەوەندە پیرۆز رادەگیرێت، کە بەتەواوی جێ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لێژ دەکات، ئەو دیالێکتیکەش جەوهەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکەمان لێ بزر دەکات، لە حاڵێکدا بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێ ببێتە ئەستوونگێك لەژێر سێبەری رەشەماڵەکەیدا خۆمان بدۆزینەوە، با خاوەن ئیدەو بۆچوونی رێکخراوەیەکیش بین نابێ دەمارگرژیی رێکخراوەیی لێمان ببێتە ملە، کێڵگەی بەرژەوەندیی نیشتمانیمان لەسەر خاکی کوردستان بنکۆڵ بکات، پێویستە لە ئەرکی رێکخراوەییدا هونەری سیاسەت لە راستای دەستەبەرکردن و داکۆکی لە بەرژەوەندیی نەتەوەییمان مسۆگەر بکردرێت، مەخابن ئەو شێوازە هونەرە سیاسییە لە نێو ئەحزابی کوردیدا دەگمەن و لاوازە، بێجگە لە نێگەتیڤبوونی هۆکارە نێوخۆییەکان، هۆکارە دەرەکییەکانیش تا ئێستا لە بەلاڕێدا بردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا پراکتیزە کراون، رەوتەکە لە سەدەی (19)ڕا بە دەخالەتی دەوڵەتە ئۆروپییەکان دەستی پێکرد بەتایبەتی ئاڵمانییەکان بە هانای سوڵتان مەحموودی عوسمانییەوە هاتن و بە گەلەکۆمەگیی رووسیای قەیسەری و قاجارەکان هێرشیان بردە سەر میرنشینی رەواندزو تێکیان شکاندو رووخاندیان، بە گشتیی دەخالەتی کولونیالیە ئۆروپییەکان و هاوکاریی وڵاتە دراوسێکان و راوێژکاری مەلا ئیدریسی بەدلیسی و فتوای مەلای خەتێ وەك هۆکاری نێوخۆیی دەستیانداوەتە دەستی یەکتری، میرنشینە کوردەکانیان تووشی هەرەسهێنان و فەوتانی هەمیشەیی کرد، بە تایبەتی سیاسەتی کولونیالیستی ئینگلیس دوای برانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی بەرامبەر بە کوردستان لە هەمووان بەژانترە، شێخ مەحمودی حەفید لە 1923زدا لە شاری سلێمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزراندبوو، بەڵام چونکە شێخ مەحموود نەبۆتە داردەستی ئینگلیسەکان، حکومەتەکەیان لێ تێکدا، هاوچەرخ لە کوردستانی ئێرانیش ئەو سناریۆیەیان لە دژی شۆڕشی سمکۆ دووپات کردۆتەوە، بە یارمەتیدانی ماڵی و نیزامی پشتی رەزا خانیان گرت و رێگای تێکشکاندنی

شۆڕشی سمکۆیان خۆش کرد، لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانیش بە ڕێبەری پێشەوا قازی موحەممەد کۆماری کوردستان دامەزرا، ئەو کۆمارەش هەر بە فیکی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان و زلهێزی جیهانی ئەوکات لەناو بردرا، لەو کۆبەندەشدا وڵاتە دراوسێکان و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان تا ئێستاش لە شوێن دانەمەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کۆدەنگو موخالفی بوون، هەنووکە پرسەکە بەنیسبەت عێراق و هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی بەسەردا هاتووە کە جێی رامانی زیاترە.

سەرهەڵدانی دوو دیاردەی ئیسلامی سیاسیی و تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوین و ڕووداوی (١١)ی سێبتامبر لە نیۆیۆرك، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوای ئەغیار کردەوە بە دیپلۆماسییەت و سیاسەتی ستراتیجێکی ناوچەکەدا چوونەوە، عێراقی دوای سەددام حوسێن و هاتنە ئارای هەرێمی کوردستان و ئەزموونی سەرکەوتووانەی ئەم هەرێمە لەسەر دابینکردنی ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەی ئەم هەرێمە کێشی کوردیی کردۆتە فاکتێکی گرنگ لەسەر بونیاتنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی دیپلۆماسییەتی ڕێبەرایەتیی کورد لە هێڵی کلاسیکی ترازاوەو خەریکە بەرەو جیهانبینییەکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسەتدا خۆی دەبینێتەوە.

ئێستا پارامێترێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەرخستنی سیاسەتەکانی (پرێزیدنت بۆش) لە ناوچەکەدا، کەواتە رەوتی موناسەباتە دیپلۆماسییەکان خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی گەرەکە، پێویستە لەوە ئاگابین بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو ئاڵۆگۆڕەکان خێراتر هاتوونەتە گۆڕی و لەداهاتووشدا شاهیدی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە دەبین، بۆ وێنە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن لە ئاستی پلەی ژیانی سیاسییدا دەستکەوتی زۆر لەوە بەبایەختر تۆمار بکەن، ئیتر بە وەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینییەکان پێویستە بەرپرسان و سیاسەتوانانی کورد لە هەرێمی کوردستان پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەسەر بنەمای سات و

سەوداکانی رابردوو تەنیا راگرتنی سەری خۆیان تۆمار نەکەن، هەقوایە بەرژەوەندیی نەتەوەیی بخەنە بان هەموو بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسیو رێکخراوەیی، ئەمەش بزانن تەنیاو بە پلەی یەکەم دەبێ پشت بە نەتەوەی کورد ببەستنو لە هزری نەتەوەییاندا کۆمەڵگای کورد لێك هەڵناوێرنو فەرقو جیاوازییان لەنێو دانەنێن.

+ پێتوایە کولتوری داگیرکەران کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر کولتورو فەرهەنگی کوردی بەجێ هێشتبێ ؟

حوسێنی مەدەنی: لەوە حاشا ناکرێ بە تایبەتی لە درێژایی یەك سەدەدا، کولتورو نیزامی داگیرکەریو زەبری نەتەوەی حاکمو سەروەریی نەتەوەیی بەسەر دەروونو گیانو هزری کورددا خۆی سەپاندووە، بەم کارتێکردنەش خەسارێکی فرەی بەشیرازەی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد گەیاندووە، کورد لە خۆی نامۆ کراوە، زمانو نووسینیان لێ شێواندووە، بڕوا بەخۆبوونیان لێ بزر کردووە، زۆریان بە گوێیدا خوێندووە، کە کورد قەت نابێ بەهیچ!! کوردستانی بوونی کوردو کوردی بوونی کوردستان دارکاریی کراوە، کوردەکان لە باتی ئەوە بە کوردستانی بوونیان پێناسە بکرێن، بە من ئێرانی، تۆ عێراقی، ئەو سورییایی ناو دێرکراوین، ئەمەش نەخۆشییەکی بەژانو کوشندەیە، کە هەموو ئەندامەکانی لەشی کوردی گرتۆتەوە، عیلاج و دەرمان و ویرۆسی ئەم ئارێشەیە تەنیا بە خودی کورد دەکرێت، ئەگەر من و تۆو ئەو لەنێو خۆماندا یەکدەنگ بین و بە خشڵی نەتەوەیی خۆمان ئاراستە بکەینو لە بوارەکانی هونەری، مێژوویی و ئەدەبییەوە بەخۆماندا بچینەوە، وێدەچێ لە دەیەکانی داهاتوودا نەوەکانمان رەنگی تەواو کوردستانی بوونی هەڵێنن، لە خۆمانەوە دەست پێ بکەینو بۆ خۆمانی بکەینو لە ناو کوردستاندا گشتگیری بکەین.

+ مەسەیەك هەیە دەڵێ: هەرکەس کۆنترۆڵی هەموو کوردستان بکات باڵادەستی

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆخۆی دابین دەکات، ئەوەش بووەتە زیان بۆ کورد، ئەی کورد بۆخۆی ئەو سوودەی لێ نەبینی؟

حوسێنی مەدەنی: دەڵێن هەرکەس کۆنترۆڵی هەموو کوردستان بکات باڵادەستی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ خۆی دەستبەر دەکات، ئەم مەعریفەیە هەڵگری خاڵێکی زۆر بەهێزە، سەنگو قورسایی کوردستان لە حەستەمترین شوێنی ئەم جیهانە بە ترازووی زلهێزە جیهانییەکان هەڵدەسەنگێنێ.

ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بە فاکتی ئێستانداردی جیۆپولیتیکیو ستراتیجێکی ببێتە پاڵنەر لەو حاڵەتەدا دەستی رێبەرانی کورد ئاواڵە دێڵێتەوە، دەتوانن بە ژیریی‌و وریایی مانۆڕی سیاسیێ بدەن‌و سەرنجی زلهێزەکانی پێ راکێشن‌و ئیمتیازی پێ وەرگرن‌و لە ئاستی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا کەڵکی لێ وەرگرن، کوردستان لە ئاوو پێترۆڵدا دەوڵەمەندو سەرنجڕاکێشە، لە ستراتیجیەتی وشکانی لە ناوچەکەدا بێ رەقیبە تەجروبەی شەڕی ئەفغانستان‌و عێراق بە ئەمریکاو ئوروپای سەلماند تێکنۆلۆجیای نیزامی هەموو شتێك نییە، لە تیۆریی زاڵ بەسەر وشکانیدا هۆکاری دیکەش هەن دەبنە شوێنەواری سەرەکیو ئاکامی شەڕەکە بە لای خۆیاندا دەشکێننەوە بۆ وێنە تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی ئامریکا توانی لە چەند رۆژێکدا دوو حکومەتی تالیبان‌و سەددام حوسێن لە ئەفغانستان‌و عێراق بڕوخێنیو هەردوو وڵاتەکە داگیر بکات، بەڵام کێشەکانی پاش داگیرکردن نەیهێشتووە ئاسایش بگەڕێتەوە ناو ئەو دوو وڵاتە. ئەوە راستە هێزی ئاسمانیو دەریایی ئەمریکا لە جیهاندا بێ رەقیبە، بەڵام کە دێتە سەر وشکانی تووشی تەنگو چەڵەمەیەکی بێ ئەژمار دەبێ، بە وەرگرتنی ئەم تێزەی باسم کرد دەتوانین لەسەر دینامیزمی کوردستان خوێندنەوەیەکی ئاکادیمیانەو هاوچەرخمان هەبێ، بواری ستراتیجێکیو جیۆپۆلۆتیکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناویندا قورسایی خۆی هەیە، زلهێزێکی وەك ئامریکاش نیازی بەو شوێنە گرینگانە هەیە، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا بکات، بە کورتی ئەمریکا پێویستی بە

كوردستانه، كوردیش پێویستی به پشتیوانی سیاسیی ئەمریكا لەناوچەكەدا هەیە، ئەو پێوەندییه دوولایەنی به فۆرمۆلی سیاسیی خۆی هەیه به "دان" و "ستان"ەوه سەردەگرێ لەو "دان"و "ستان"ەشدا جۆره هاوكێشەیەك بۆ راگرتنی لەنگەری بەرژەوەندییه سیاسییو ئابوورییەكان پێویسته له نێوان هاوپەیمانێتی دابمەزرێ، ئەم فورمۆله له بەشێكی خاكی كوردستان كه هەرێمی كوردستانه بۆته ئەمرێكی واقیع كه ئێستا هەمووما‌ن به چاوی خۆمان دەیبینین، له پاڵ ئەم باسەدا پێویسته سەركردایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان به شرۆڤه كردنی زانستو ئەزموونی سیاسیی بارودۆخی ناوچەكه هەڵسەنگێنێ، ئەوەش بزانێ مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا له ناوچەكه درێژخایەنه كوردستانیش لەناو بازنەی سیاسەتی ستراتیجێكی ئەمریكا له حاڵی خولدانەوەیەو لەناو هێلكەدا دەمێنێتەوه بەو پێودانگه نابێ رێبەرانی كورد له ئاست ئەمریكادا لاوازی بنوێننو دەست به گۆچان بڕۆنو پێیان وابێ ئەمریكای خێرەومەند له بواری مرۆییەوه دەیانپارێزێت، لەو شێوه خوێندنەوەیەدا به نەتیجەیەك دەگەین، یەكەمیان: لەوەدا كه رێبەرانی هەرێمی كوردستان ئەمریكایان لەم قۆناغەدا به دۆستی خۆیان هەڵبژاردووه نەك هەڵەیان نەكردووه هەڵوێستێكی دروستیشیان له پێناو پێكاندنی ئامانجی نەتەوەییدا رەچاو كردووه، ئەو دەستكەوتانەی تا ئێستاش وەچنگ هەرێمی كوردستان كەوتوون لەو رێبازەوه بەرهەمدار بووه، مەرجیش ئەوەیه كورد له هەرێمی كوردستاندا نەخۆی بەكەم بگرێ و نه بێ منەت لەخۆدەرچوونیشی پێوه دیاربێ، هێمنانەو ژیرانه لەگەڵ رووداوەكان هەڵسووكەوت بكاتو مەنتیق نەدۆڕێنێو سۆزەكانیش ئاوێتەی كاری سیاسییو دیپلۆماسییەت نەكات.

دووهەم: به سوودی هەرێمی كوردستان نییه له ئاستی دراوسێكاندا رەوشتی پەسیووبوون له سیاسەتدا رەچاو بكاتو ئیمتیاز به لایەنەكانی تر بدات، ئەوەش راسته حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیختیاری هەڵبژاردنی وڵاته دراوسێكانی نییه

تەنیا دەبێ بە سیاسەتی حەکیمانە لەگەڵ دراوسێکانی هەستان و دانیشتن بکات و سنوورەکان ئەمن و ئارام رابگرێ و بیانوو نەداتە دەستیان، ئەو بەرپرسارەتییەش هەر لە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نابێ، هەموو لایەنە دراوسێکان لە مبارەوە بە قەد یەکتری ئەو بەرپرسیاریەتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆوەی هەرێمی کوردستان خۆی لە قەیدی بەسترانەوەی ئابووری بە ولاتانی دراوسێ بێنێتەدەر، پلانرێژیی بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی نیشتمانیی ئەرکی هەنووکەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەتا پلانەکە بەرەو پێشتر بڕوات لە رادەی بەسترانەوەی بازاڕی کوردستان بە ولاتە دراوسێکان کەمتر دەکاتەوە، ئەم پرۆژەیەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆیی نەتەوەیی یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤە کە ئیرادەی نەتەوەییمان بەهێزتر دەکات، بێ لەمانەش ئەوەندەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەرگای ئاوەڵەی سنوورەکانەوە هەیە، ئەوەندەش زیاتر ولاتە دراوسێکان موحتاجی کرانەوەی سنوور بۆ ئاڵوێری بازرگانی و سەرمایەگوزاریی و ناردنی هێزی کار بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستانن، حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزەری ئاسایشی سنوورەکانێتی لەچاو رژێمەکانی پێشووی عێراق، قەت سنوورەکان ئەوەندی ئێستا ئاسایشی بەخۆیەوە نەبینیوە ئێران و تورکیاش زیاتر نێگەرانیی خۆیان لە بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەشاردۆتەوە، بە بیانووی دزەکردنی گەریلاکانی پەکەکە بۆ نێو خاکی ولاتەکانیان بەردەوام سنووری هەرێم دەبەزێنن و بە بوردومانکردنی ناوچە سنوورییەکان ئاسایشی دانیشتوانی سنوورەکانیان تێکداوەو ئاڵۆزییان خستۆتە ناو هەرێمی کوردستان و سنووربەزێنی تورکیا و ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکانی خاکی هەرێم، بەرهەڵستێکی ئاشکرای ئەو دوو دەوڵەتە لە دژی حزووری نیزامی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نیشان دەدات.

تێبینی: لەسەریەك بارودۆخی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین و سیاسەتی زلهێزە

جیهانییەکان لە چاو دەیەکانی رابردوو بۆ کورد زۆر لەبارتر هاتۆتە ئارا، گرینگ سیاسەتوانانی کوردستانن چۆن ئەم درەفەتە زێڕینە دەقۆزنەوە، بەر لە هەر کارێك دەبێ گیانی کوردایەتی دەمەزەرد بکەینەوە، تیژترو وریاتر کوردستان بهزرێنین، لەناو سنووری بەرتەسکی هەرێمایەتیدا ئۆمانیزمی کورد قەتیس نەهێڵینەوە، ئەمڕۆ تاکی کورد دەبێ بە چەکی کوردایەتیو عەقڵی سەردەم تەیار بکرێتو بەرەو لوتکەی ستراتیجییەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی شەقاو بەرز بکاتەوە.

+ هەستدەکەیت شکستیەك لە دەروونی کورددا هەبێت، هەمیشە خۆی بەکەم ومەزڵووم و بێهێزوو دۆڕاو زانیوەو داوای مافی خۆکردنی کەمبووەو بەرگری زۆر بووە؟

حوسێنی مەدەنی: دەبێ پێ لەو راستییە بنێین، باری دەروونی کورد بە هۆی جەربەزەی رۆژگاری ناسازگارە، شادەمارەکانی لەشی تێك بەزیون، پشووی سوارەو تووشی دڵەراوکێ بووە، پێی دەوێ خۆی لەو گێرۆدە نەفس نزمییە رەها بکات، کەسایەتییەکەی تا بڵێی دارکاری کراوەو مەینەتو ئازاری چێشتووە، زەمانی دەوێ ببووژێتەوەو خۆی دابڕێژێتەوە لەسەر جەستەی رەسەنایەتی خۆی، لە خۆڕا نییە کوردەکان لە ئاستی نەتەوە باڵا دەستەکانی فارسو تورکو عەرەبان خۆی بەکەم دەگرێو سەروەریی ئەو نەتەوانە بەسەرخۆیدا بەشتێکی فەرزکراوی هەمیشەیی دەبینێ، لە کارو کردەوەی رۆژانەشدا مۆرکی نزمبوونەکەی پێوە دیارە، بەتایبەتی تاکی کورد زەبوونیو ژێردەستەیی لە روخساریی ناشاردرێتەوە، بە راستی لە ئاستی لایەنی بەرابەردا گێلو مەنگە لە بەرامبەر ئەو دوشداماویەو دەروونڕووخاوییەدا تەنیا توانیومانە لە ماندوو بوونی خۆمان داکۆکی بکەین، بەڵام لە داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی نەتەوەییمان دوور کەوتووینەتەوە، ئەمەش تراژیدییایەکی ترسناکە لە ئاستی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی بۆ نەتەوەی کورد. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ ماکەی خەللاقییەتو داهێنەرمان جارێ

هەروا بە کاڵو کرچی ماوەتەوەو خۆی نەگرتووەو پێی هەڵنەگرتووە، زۆرجار بە ئانقەست "تەجزیە تەلەبی"یان لێ کردووینەتە مۆتەکە. بۆ وە مۆرکی تەجزیەتەلەبیمان پێوە نەنووسێ، ئێرانچێتی، تورکچێتی، عێراقچێتی، ئەوەندە پێ تۆخکردوین، شەرم دامان دەگرێو لە داخوازییە رەواکانی نەتەوەییمان بە سوودی نەیاران پاشەکشە دەکەین، ئەوەندەشمان بۆ داشکاندوون کە زۆرجار دەبێ خۆمان لە جسناتی رەگەزیی داگیرکەراندا بە عەسڵ و نەسەبتر دادەبنێین، بەو حاڵو باڵەش لەو تۆبەکارییەشمان نابوورنو حازر نابن دەستەونەزەر لە خزمەتیاندا راوەستین و وەکو خۆیان بمانخەملێنن، هەر بەچاوی ئاغاو نۆکەری سەیرمان دەکەن، دڵیان بەرایی نادا وەك نەتەوەیەك بمانخوێننەوەو دەرگای برایەتیو دۆستایەتییان لەسەر گاڵەداوین، لەوەش نزمتر ئامادەنین لە ریزی کەمایەتیدا مافەکانمان دابین بکەن.

+ بۆ چی سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەمەلایەن و بیرمەندێکی گەورەی کورد دروست نەبووە کە دەسەڵاتی ناوچەیی تێپەڕێنێ و هەموو لایە یەك بخات و ئاراستەیان بکات؟

حوسێنی مەدەنی: سەرکردەی نەتەوەیی ئەگەر پێویستیش بێ تەنیا بە ئارەزوو دروست نابێت، ئێلێتی تایبەت بە خۆی گەرەکە، لەسەرەتاوە دەبێ زەروورەتی سیاسیی، کۆمەڵایەتی نەتەوەیی کوردستان هەڵگریی ئەم پەیامە بێ، دواتریش هێندێك بنەماو خەسڵەتی سەرنجڕاکێش کەسایەتیی وەکوو پێگەی جەماوەری، نرخی کەسایەتیی سیاسیی، گیانی لێبوردەییو ئەخلاقی شۆڕشگێڕی تێدا بەهێز بێت، لەسەر یەكو بە واتەیەك سەرکردەیەکی کارێزما بۆ ئێستای کوردستان بە پێویست دەزانم، چونکە ئەو پەیامە دوو دەستکەوتی سەرەکیمان دەتوانی بۆ دەستەبەر بکات، یەکگرتوویی نەتەوەیی، یەکدەنگی سیاسیی، رێبەری کارێزما دەتوانێ هەموو ویستو داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بخاتە سەریەكو پرسی کورد لە قەوارەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی(40) ملیۆن کەسی

موتوربە بکات، لە پاڵ ئەم ئیدە سۆزدارەدا نابێ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر دۆزی کوردو حاکمییەتی چەند لایەنی کوردی پارچەکانی کوردستاندا زاڵە لەبیری بکەین، زەمان و خۆماندووکردنی دەوێت، بەدوور لە هەر چەشنە پاوانخوازییەك و خۆ فەرزکردنێك دەبێ زەمینەکانی بۆ بڕەخسێندرێت.

+ بۆچی کورد لەمێژویدا نەیتوانیوە ئایین بکاتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کیانێکی ئایینی مەزهەبی کوردی وەك عەرەب و فارس و تورك کردیان؟

حوسێنی مەدەنی: لە هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر کوردستان کوردەکان نەیانتوانی ئایینی زەردەشتی خۆیان بپارێزن و لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە، زۆربەی خەڵکەکە ملیان بۆ ئایینی ئیسلام راکێشا، سامی رەگەزکان کە عەرەبن لە هەموو گەلانی ناوچەکە زیاتر لە ئایینی ئیسلام کەڵکیان وەرگرت، لە دەروازەی دینییەوە زمان و رەگەزو کولتووری خۆیان لە سەرتاسەری نیمچە دورگەی عەرەبستان و باکووری ئەفریقادا جێگیر دەکردو گەشاندیانەوە، صەلاحەددینی ئەیوبیش هەر لە خزمەتی دینی ئیسلام و کولتووری عەرەبدا خەباتی کردو لە شەڕی سەلیبییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکردو بۆ شکۆمەندیی ئیمپراتۆریەتی ئیسلام جوامێرانە لەگەڵ ریشاردی شێردڵ هەڵسووکەوتی کرد، کوردەکان بە خاتری دوو فاکتی سەرەکی وەکو "سروشت و ژیان" کوێستانەکان ـ ئاژەڵداری) ببوونە ئەستوندەکی ژێرخانی فەلسەفەی ژیانی کوردەکان، ئەم ژێرخانە ئابوورییە کوردەکانی ناچارکردبوو بەمانەوە لەزێدو نیشتمانی خۆیان و بەرگریکردن لە خۆیان، نەیاندەتوانی هێڵی شێوازی ژیانەکەیان بگوازنەوە، بۆیە لەوەی کە هەبوو زیاتر بڕیان نەدەکرد، لە حاڵێکدا ئیسلام کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان سەریهەڵدا لە هەر چوارلا ڕا ببوو بە مەیدانی تەراتێنی لەشکری ئیسلام و پێشڕەوییان دەکردو بە تەواوی بەریان ئاوەڵەبوو، خەڵکی حیجازیش سەرقاڵی بازرگانی بوون، هەوڵیان دەدا بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە کاڵا بازرگانییەکان، شوێن و وڵاتی تازەو بازاڕەکانیان بدۆزنەوە، سەردارانی عەرەب هەڵگری پەیامی تازەی

دینی بۆ گەلانی جیهانو دونیای مەسیحییەت بوون، بەردەوام هاندەدران بۆ برەوپێدانی ئایینی ئیسلام شەڕی ناموسڵمانەکان بکەنو وڵاتەکانیان داگیر بکەنو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان دەستیان بگاتە بازاڕەکانیان، نیازەکانی ژیانو بژێوی، چەمکێکی بزوێنەرو هاندەر بووە بۆ عەرەبەکان لە رێگای برەوپێدانی دینی ئیسلام وڵاتانی دیکە داگیر بکەنو کەڵك لە بەروبوومیان وەربگرن.

دوای شکستی ساسانییەکان، عەرەبەکان تاقی کیسرایان داگیرکرد، بەڵام ئێرانییەکان هەرچەند ئایینی ئیسلامییان قبووڵکردبوو، لە ئاستی کولتووری عەرەبدا حازرنەبوون خۆیان قال بکەنەوەو ملکەچیان بن، بۆیە هاتن لەناو ئایینی ئیسلامدا لقێکیان کردەوەو شیعەگەرییان کردە باو کوردەکان لە نێوان دوو بەرداشی شیعەو سوننەدا تەراتێنیان دەکرد، لە بەرامبەریاندا نە دەبوونە دەمارگرژیی هیچ کامیانو تەنیا سەری خۆیان پێ رادەگرتنو لەناو ئەو موزماسیۆنەی کە سروشتو ژیان پێکیان هێنابوو، قەتیس مابوونەوەو خۆیان بە ژیانی خودکەفابوون راهێنابوو، سروشت هۆکاری سەرەکیی شێوەی ژیانی کوردەکان بوو، بە واتەیەك کوردەکان گیرۆدەی سروشتی کوردستان بوون، بۆیە کوردەکان لە درێژایی مێژوودا شاخو داخەکانی کوردستانیان بەرنەداو لەبەر ئەو خاڵە لاوازە هەلە رەخساوەکانیان لە مێژووی ژیانیاندا نەقۆستەوە، بۆ وێنە: عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان کاتێك لەسەر داوای فەتح عەلی شای قاجار هێرشی بردە سەر بەغداو گرتی، حازر نەبوو تکاو رەجای خەڵکی شارەکەش بۆ والییەتی بەغدا قبول بکاتو تێیدا بمێنێتەوە! کوت "قومەئاوێکی کانیاوەکانی کوردستان بە هەموو بەغدا ناگۆڕمەوە."!!

میر موحەممەدی رەواندزیش هەر ئەو بەزمەی گێڕا، خەڵکی ناوچەکانی (بين النهرين)یش ئامادە بوونی خۆیان بۆ فەرمانبەریی لە میر موحەممەدی رادەگەیەنن، میر موحەممەد لە وەڵامیاندا دەڵێ: "ئەمن دەخلی مەنتەقەی

حکومەتی پاشای ئیسلامیی ناکەم، خودا تۆفیقم بدات ئەو حکومەتانەی لەدەست دەرەبەگی کوردستاندان زەبتو تەسخیریان دەکەم".

ئەمە گیروگرفتی کورد لە مێژوودا، نەك هەر نەیتوانی ئیمپراتۆرییەك لەناوچەکەدا دابمەزرێنێ، بەڵکو ئەوە ئیمپراتۆرەکان بوون ببوونە ملۆزمێك بەسەر کوردەکاندا فەرمانیان دەداو باجو پێتاکیان لە پشتی کوردەکان قایم دەکرد، شەڕی مەقاوەمەتو خۆڕاگریی کوردەکان لە عورفی نیزامیدا سەرەنجامەکەی هەر شکستو سەرتێداچوونە، قەتیش نەیدەتوانی بۆ کورد ببێتە نانو ئاوو خێر بداتەوە

.

+ لە چ قۆناخێکدا ڕوحی کوردایەتی و نەتەوەیی لای کورد بووەتە ئایدۆلۆژیا تا سوودی لێوەر گرتبێ بۆ هەڵسانەوە؟

حوسێنی مەدەنی: ئەزموونی دوو سەدە خەباتی رزگاریخوازیی لە کوردستان کە بێ پسانەوەو بە دوی یەکدا رێچکەیان بەست هەر لە خۆڕا و خود ئاسا لەسەر خاکی کوردستان هەڵنەقوڵیون، گشتیان پێوەندیی دیالێکتییان بەیەکەوە هەیە لەسەرچاوەی کوردایەتی ئاویان خواردۆتەوە، بەڵام بە زۆر هۆ ئەو گیانە کوردایەتیی و نەتەوەییە نەیتوانیوە یەك جێ هەموو کوردستانو نەتەوەی کورد لە خۆیەوە بگرێت سنوورە جوگرافییەکە لە ناوچەی مەڵبەندێکی کوردستانو ئەوپەڕەکەی پارچەیەکی کوردستان بەولاوەتر نەترازاوە، وێنەی زیندوو شۆڕشی ئەیلول لە کوردستانی باشوورە، کاتێك بەدوای پەیمانی ئەلجەزائیر، شۆڕش بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەرەسی هێنا، هەرچەند ویژدانی هەموو کوردێکی برینداروو بە پەرۆش کرد، ناهومێدیی و بێ هیوایی کوردستانی گرتەوە، کەچی دیسانیشو سەرلەنوێ رۆحی کوردایەتی و نەتەوەیی هەر لە کوردستانی عێراق وەجۆشو خرۆش هاتووەو بە برشتترو بە وزەتر لە جاران لە هەمان هەرێم هەڵپەی

سەندووەو یەکیەتیی نیشتمانی لە دایك بووەو شۆڕشەکەی هەڵگیرساندۆتەوە، ئەم قۆناخە لە بزافی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا هەرچەند حاڵەتی لۆکاڵی هەبوو بە خاڵێکی بە پێزو سەمبولی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی دەتوانین مەزندەی بۆ بکەین، خاڵی درەوشاوە دوای هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هاتە دی، دەستپێکی ئەم سیناریۆیە پێکهێنانی بەرەی کوردستانیو سەرەنجام هەڵسانەوەو راپەڕینی جەماوەریی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بوو، کە دامودەزگای رژێمی بەعسی لە هەرێمی کوردستاندا تەفروتونا کرد، بەرهەمەکەشی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵکردنی ئالآی سێ رەنگی کوردستانە. لەسەر یەك لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستاندا رووحی کوردایەتیو نەتەوەیی هەتا ئێستاش هەر لەناو سنووری لۆکاڵیدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە گشتگیر بێتو هەموو بەشەکانی کوردستان دابگرێت. پانو بەرینی خاکی کوردستان، نایەکگرتوویی گیانی نەتەوەییو نیشتمانیی، هەلومەرجە نایەکسانییەکان، بەربەستی سەرەکی بوون لەسەر پێنەگەیشتنی ئایدۆلۆژیایەکی خۆماڵی، بە ئامانجی راچڵەکاندنو هەڵسانەوە، قۆناخێکی ئەوتۆ تا ئێستاش لە کوردستان لەدایك نەبووە.

بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

ژ	ناوی كتێب	نووسەر
١	بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟	ن: فازل قەرەداغی
٢	نـەزانیی و بێـشەرمیی، بەشـێك لـە چەواشـەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا	ن: عومەر كەمال دەروێش
٣	ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی	ن: ئامینە صدیق
٤	فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
٥	صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئا: ئارام عەلی سەعید
٦	بەرەو بەختیاری ئافرەت (بەرگی یەكەم)	جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
٧	ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئـاوا، لـە سـەلمان روشـدییەوە بـۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
٨	بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەكەریم عەبدوڵڵا
٩	كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم
١٠	بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی دووەم)	ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
١١	مێژووی دێرینی كوردستان (كتێبی سێیەم)	ن: فازل قەرەداغی
١٢	سـەدەیەك تەمـەنی نـوورین، مامۆسـتا عەبدولكـەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە	ئـا: عەبدولـدائیم مـەعروف هەورامانی
١٣	دەوڵەتی خیلافـەت، بوژاندنـەوەی كۆمەڵگەو گەشەسـەندنی شارستانییەت	ن: ئیكرام كەریم
١٤	لـە سەرگوزشـتەكانی ژیـان، ئـەدەبی گاڵتەوگـەپ، روداوی مێژوویی، بیرەوەریی	ن: شێخ موحەممەد خاڵ
١٥	پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان رامان و سەرنج و پێشنیار	ئا: پرۆژەی تیشك

١٦	بیستو سێ ساڵ سەروەریی	ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە
١٧	قورئـان وەحـی ئاسمانـە، نـەك ڕەنگدانـەوەی سـەردەمی خۆی	ن: بەکر حەمەصدیق
١٨	ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێـوان ئیسلامو سیاسەت	ن: ئارام قادر
١٩	سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریـایی‌و شـەڕو جەنگە گرنگەکانی	ن: پرۆفیـسۆر دکتـۆر موحـسین موحەممەد حسێن و: عوسمان عەلی قادر
٢٠	پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو	ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین
٢١	ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا	ن: د. کاوە فەرەج سەعدون
٢٢	یەکـــەمین دەســـتووری نووســـراو لـــە جیهانـــدا، بـەڵـگەنامەیەکی گـرنگی سـەردەمـی پێغەمبـەر (صـلی الله علیه وسلم)	ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا و: شوان هەورامی
٢٣	ئیـسلامناسیی یـان ئیـسلامنەناسیی، وەڵامێـك بـۆ کتێبـی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس	ن: ئیکرام کەریم
٢٤	بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی سێیەم)	ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
٢٥	ئیشکردن نەك تەمەڵی	عەبدولعەزیز پاڕەزانی
٢٦	دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بـۆ گـەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە	نووســـینی: د. عەبدولحەمیـــد ئەحمەد ئەبو سلێمان وەرگێڕانـــی: ئامینـــە صـــدیق عەبدولعەزیز
٢٧	زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵــە دیدارێکــە لەســەر شــیعر، فەرهــەنگ، زمــان، تەســەووف، ڕۆژهەڵاتناســی، ژن، ڕەخنــەی ئــەدەبی،	فەرهاد شاکەلی

	ڕووناكبیر و ده‌سه‌ڵات	
٢٨	هه‌ڵه‌بجه ١٨٨٩ ـ ١٩٣٠، لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی مێژوویی سیاسییه	ن: عادل صديق
٢٩	به‌رگری له قورئان دژی ڕه‌خنه‌گرانی	ن: عه‌بدوڕڕه‌حمان به‌ده‌وی و: وه‌رزێر حه‌مه‌سه‌لیم
٣٠	فه‌رمووده هاوبه‌شه‌كانی بوخاری و موسلیم	ئاماده‌كردن و وه‌رگێڕانی: حه‌مه‌كه‌ریم عه‌بدوڵڵا
٣١	مه‌لا ئیدریسی به‌دلیسی، ڕۆڵی له یه‌كخستنی میرنشینه كوردییه‌كاندا	ن: حه‌سه‌ن مه‌حمود حه‌مه‌كه‌ریم
٣٢	شێخ مه‌حمودی حه‌فید (١٩٢٢ — ١٩٢٥)	ن: ئومێد حه‌مه‌ئه‌مین
٣٣	ئیسلام له‌به‌رده‌م دوڕیاندا	ن: لیوبو لدڤایس و: عه‌بدول حسێن
٣٤	ڕامیاری له ئیسلامدا	ن: ئه‌حمه‌د كاكه مه‌حمود
٣٥	وه‌ڵامی پرسیاره‌كان، ڕه‌واندنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵێك گومان سه‌باره‌ت به ڕاستییه‌كانی ئیسلام	ن: دكتۆر كه‌ریم ئه‌حمه‌د
٣٦	مرۆڤ و په‌یامداری	ن: قانع خورشید
٣٧	سه‌ید قوتب، له هاتنه‌دنیاوه تا شه‌هیدبوون	ن: د. سه‌لاح عه‌بدولفه‌تاح ئه‌لخالیدی و: تارق نه‌جیب ڕه‌شید
٣٨	عوسمانی كوڕی عه‌ففان، كه‌سایه‌تی و سه‌رده‌مه‌كه‌ی	ن عه‌لی موحه‌ممه‌د سه‌للابی و: حه‌مید موحه‌ممه‌د عه‌بدوڵڵا
٣٩	خوانی ڕووح، توێژینه‌وه‌یه‌كه ده‌رباره‌ی گه‌وره‌یی و پیرۆزیی نوێژ	ن: مه‌لا ئه‌حمه‌دی شه‌ریعه
٤٠	ئه‌لفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد	ئاماده‌كردنی: ڕه‌وشت محه‌مه‌د
٤١	بنه‌ماكانی فیقهی ئیسلامیی(به‌رگی یه‌كه‌م)	نووسینی: د. صباح به‌رزنجی

٤٢	پوختەیەك دەربارەی راگەیاندن و راگەیاندنی ئیسلامیی	ن: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی
٤٣	دەروازەیەك بۆ زانستەكانی قورئان	ن: ئیكرام كەریم
٤٤	بیرەوەرییەكان دەبنە گرنگ، دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید	ئا: ئەحمەد حسین ئەحمەد
٤٥	گەنجینەكانی دوورگەی بیناسازان	ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبوسلێمان و: بوشرا صدیق عەبدولعەزیز
٤٦	فڕی فڕی قەل فڕی	نووسینی: مەلا موحەممەدی جەلی كۆیی (مەلای گەورە) قانع خورشید پێشەكی بۆ نووسیوەو رێكیخستووەتەوەو پەراوێزی بۆ داناوە
٤٧	كۆچ كۆمەڵە چیرۆكێكی واقیعیی كۆمەڵایەتییە	نووسینی:یوسف حاج ئەحمەد وەرگێڕانی: كاوە محەمەد شارباژێڕی
٤٨	پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا (بەرگی یەكەم)	نووسینی: د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان وەرگێڕانی:ناصح ئیبراهیم سازانی
٤٩	ئیمام حەسەن بەننا ١٩٠٦ - ١٩٤٩	نووسینی: مصطفی محمد الطحان وەرگێڕانی:محمد عبدول رحیم
٥٠	مێژووی كوردەكانی جەزیرە ٤٤٧-٦٥٦ ك	نووسینی: ئومێد بەهرامی نیا وەرگێڕانی: عبدالرحیم معرفتی

٥١	ئایا خوا كچی هەیە ؟ وەڵامێك بۆ كتێبی (كچانی خوا)	نووسینی: ڕوقیە صدیق عبدالعزیز
٥٢	گەشتی قیامەت	نووسینی: ناصح ئیبراهیم سازانی
٥٣	بیری ئوسوولّیی ئیسلامی (لەنێوان خوێندنەوەو نەخوێندەواریدا	فاضل قەرەداغی
٥٤	دەروازەیەك لەمەڕ كێشەی ڕۆچوون هۆكار.. كاریگەرێتی .. چارەسەر	ئامادەكردنی : یاسین ئەحمەد زەنگەنە
٥٥	ئاین له فیكری مەسعود محەمەد دا	نووسینی: عومەر عەلی غفور
٥٦	ئیسلام له نێوان نەزانی عالمەكانی و بێ توانایی نەوەكانی	نووسینی: جەمال حەبیبوڵا
٥٧	تاك و حكومەت له شەریعەتی ئیسلامدا	نووسینی: دكتور عبدالكریم زیدان وەرگێڕانی:هێمن ڕێنوار
٥٨	جوگرافیای ئاو و هەوا	نووسینی: د.عەلی ئەحمەد غانم وەرگێڕانی : گۆران ڕەشید ئیمامی
٥٩	كۆزارا	نووسینی: حمە ڕەشید نادر هەورامی

٦٠	ڕۆژمێری تیشك	ئامادەكردنی : ئیكرام كەریم
٦١	سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە	نووسینی: دكتۆر ئەكرەم زیائولعومەیری وەرگێڕانی : ئیحسان بورهانەدین
٦٢	دۆزی كورد	ئامادەكردنی: ئارام عەلی سەعید